# هێڵە گشتییەکانی میتۆدی ئیسلامی

# هێڵە گشتییەکانی میتۆدی ئیسلامی

نووسینی : د. محەمەد عەمارە

وەرگێڕانی : کۆسار بەرزنجی

# هێڵە گشتییەکانی میتۆدی ئیسلامی

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٧٧ )

- نووسینی: د. محەمەد عەمارە
- وەرگێڕانی: کۆسار بەرزنجی
- بابەت: هزری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- هەڵەچن: ئیحسان محەمەد
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٩. ناوەندی ڕینوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٦٦٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ........................................ ٧
پێشەکیی نووسەر........................................ ٩
قەیران و تەڵەزگەی هزری ئیسلامی و ئوممەتی ئیسلامی .................. ١٧
تەنهایی ئەو خودایەی کە شایستەی پەرستنە............................ ٣٦
مرۆڤ: جێنشینی خودا........................................ ٤٥
ئەو گەردوونەی هۆکارە بەدیهێنراوەکان بەڕێوەی دەبەن.................. ٥١
میانڕەوی کۆکەرەوە........................................ ١٠٤
بیرۆکە و ماددە........................................ ١١٠
جەبر و ئیختیار........................................ ١١٧
کامڵبوونی ئایین و نوێکردنەوەی........................................ ١٢٤
دەق و ئیجتیهاد........................................ ١٢٩
ئایین و دەوڵەت........................................ ١٦٧
ڕاوێژی مرۆیی و شەریعەتی خودایی........................................ ١٩٦
پیاو و ئافرەت........................................ ٢٠٩
تاك، چین، گەل........................................ ٢٢٠
نیشتمانپەروەری، نەتەوەپەروەری و کۆمکاری ئیسلامی .................. ٢٣٦
پەروەردەی جوانیگەرایی........................................ ٢٧٢
جوانییەکانی بیستن........................................ ٢٩٨
جوانییەکانی وێنە........................................ ٣١٢
لە کۆتاییدا........................................ ٣٤٣
جیهاد (تێکۆشان) لە ڕێی خوادا........................................ ٣٤٦
سەرچاوەکان........................................ ٣٥٤

# پێشەکیی وەرگێڕ

## بە ناوی خودای میهرەبان

سوپاسی بێپایان بۆ پەروەردگاری جیهان، دروود و ڕەحمەتی نەبڕاوە بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەرمان: موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێت) هەروەها بۆ سەر گیانی ئال و یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی.

لەسەر پێشنیاری برایانی دڵسۆز و ماندوونەناسی (*سەنتەری زەهاوی*)، دەمەوێت ئەم پەرتووکە بەنرخەی (د. موحەممەد عەمارە) بە زمانی شیرینی کوردی پێشکەشی پەرتووکخانەی کوردی بکەم. دیارە کە بەرهەمەکانی ئەم سەنتەرە بەڕێزەش تا ئێستا توانیویانە گوڕێکی باش بە کاروانی بڵاوکردنەوەی کوردی و هزری میانڕەوی ئیسلامی ببەخشن، بۆیە شایستەی سوپاس و هاوکاری و ڕێزی تایبەتن. نووسەر کەسایەتییەکی دیاری هزری ئیسلامییە و گەلێك پەرتووکی کاریگەری بەخشیوەتە بواری هزر، گرنگی ئەم پەرتووکەش لە پێشەکی نووسەردا تیشکی خراوەتە سەر، بۆیە تەنها کورتە ئاماژەیەك بە میتۆدی وەرگێڕانەکەم دەکەم. هەوڵی سەرەکیم بریتی بووە لە گەیاندنی ئامانجی نووسەر، بە پشتبەستن بە واتای ئەو وشە و ڕستانەی نووسەر بەمەبەستەوە بەکاری هێناون و مامەڵەی هاوچەرخانەی لەگەڵ کردوون، بۆیە تا ڕادەیەك هەست بە بۆن وبەرامەی وەرگێڕان دەکرێت لە نووسینەکەمدا و نەمویستووە لە پێناوی ڕازاندنەوەی زمانەوانیدا ستەم لە مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر بکەم. لە ڕاستیدا ئەم پەرتووکە ژمارەیەکی زۆر خاڵبەندیی تێدا بەکار هێنراوە و زۆربەشی هیچ گرنگی و تایبەتمەندییەکی بە نووسینەکە نەبەخشیوە و بە پێچەوانەشەوە خوێنەر بێزار دەکات، تەنانەت لە هەندێك جێگەشدا واتاکان ئاڵۆز و ناجێگیر دەکات، هەر بۆیە ئەوەی پێویست نەبێت

له وەرگێڕانەکەدا دووبارەم نەکردووەتەوە. سەردێڕ و ناونیشانەکانم دەستکاری نەکردووە، چونکە نووسەر بەمەبەستەوە ئەو ناونیشانانەی بەکار هێناوە.

پێم باش بوو لەبەرانبەر وشەی (معالم) کە لەناونیشانی کتێبەکەدا هاتووە، (هێڵەگشتییەکان) بەکار بهێنم، ئەگەر چی پڕبەپێستی وشەکەش نییە بەڵام راستەوخۆ گوزارشت لە مەبەستی سەرەکی ناوەرۆکی کتێبەکە دەکات. هەروەها وشەی میتۆد لە بری مەنهەج بەکار بهێنم و چەند جارێکیش وشەی پەیڕەوم لە تەنیشتیدا هێناوە، وشەی (فیترەت)یشم لە بری (فطرة) بەکار هێناوە و چەند جارێکیش وشەی(ماك)م وەك وشە کوردییە ڕەسەنەکە بەکار هێناوە، وشەی (ئوممەت)م وەك خۆی بەکار هێناوەتەوە، هەندێك وشەی تریشم بە هەمان ڕێکار بەکار هێناوە، هۆکاریش ئەوەیە ئەم وشانە ئێستا زۆرتر بەکار دەهێنرێت و پێم وایە لەم قۆناغەی زمانی کوردیدا بەکارهێنانیان زیان بە زمانی کوردی ناگەیەنێت و یارمەتیی خوێنەری کوردیش دەدات زووتر لە پەیامەکە بگات. گەلێك وشەی کوردییشمان بۆ هەندێك لە وشە عەرەبییەکان هەیە و بەندەش یەکێك لەو وشانەم پێ باش بووە و دەکرێت وشەی گونجاوتریش هەبێت بۆیان. جگە لە پەراوێزەکانی نووسەریش، هەندێك پەراوێزم بۆ وەرگێڕانەکە داناوە و پەیوەندیی بە هەندێك فەرموودەوە هەیە، یان پێناسە و تێبینیی پێویستن لەسەر دەقی سەرەکی. واتای ئایەت و فەرموودەکانیشم زۆر بە کورتی کردووە و نەمویستووە وەرگێڕانی وتاربێژانەی بۆ بکەم.

هیوادارم خودای گەورە ئەم کارەمان لە تەرازووی کارە باشەکاندا بۆ بنووسێت و خوێنەری هێژاش لە نزای خێر بێبەشمان نەکات و لە کەموکوڕییەکانم ببوورێت.

**کۆسار بەرزنجی ـ سلێمانی**

**ڕەمەزانی ١٤٤٠ك ـ ئایاری ٢٠١٩ز**

# پێشەکیی نووسەر

ئەم پەرتووکەی بەردەستتان (پرۆژەیەکی هزری)ە و هەوڵی پێشکەشکردنی وێنایەکی سەرەتاییە دەربارەی ڕێنوێنەکان و هێڵە گشتییەکان(معالم)ی میتۆدی ئیسلامی، ئامانجی نوێکردنەوەی هزر و هەڵنانی عەقڵی موسوڵمانە، تا دەوڵەمەندی بکات و هاوکات خۆی ڕەخنە و ڕاستکردنەوەشی لەسەری هەبێت، تا لەوێوە بگاتە دیدگەیەکی ڕوونتر و داڕشتنێکی فراوانتر، وێنەیەکی وردتری بۆ بکێشێت... لاف ئەوەش لێ نادەین بەم چەند لاپەڕەیە قسەی یەکلاکەرەوەمان کردبێت، یان باشترین وێنامان لەم بابەتەدا پێشکەش کردبێت، چونکە ڕوونکردنەوەی ئەم دۆزە تەنها لە ڕێگەی کاری دەستەجەمعییەوە دەکرێت و ئەم چەند لاپەڕەیەش هەنگاوێکە لەو ڕێگە درێژەدا، گەلێك کەسیش پێشتر بوونەتە ڕێبواری ئەم ڕێگەیە و چاوەڕوانی گەلێکی تریش دەکات.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوەش پێم باشە لە چەند بڕگەیەکی تایبەت و زنجیرەییدا بۆچوونەکانمان پێشکەش بکەین و هەر بڕگەیەکیش تایبەت دەکەین بە ڕێنوێن و هێڵێکی ئەم میتۆدە ئیسلامییەوە، تا هەر بڕگەیەکی وەك بەندێك یان شێوە بەندێك دەربکەوێت، ئامانجیشمان ئەوەیە دڵسۆزان بتوانن ڕای خۆیان لە سەر ئەم وێنا تایبەتەمان دەرببڕن، بە هەموو ڕێنیشان و بەش و بیرێکیەوە، تا لە ڕێگەی ڕەخنە و ئیزافات و ڕاسکردنەوەکانەوە دەوڵەمەندی بکەن.

دەمەوێت لەم پێشەکییەدا ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە هزرە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە گفتوگۆیەکی باڵا و پڕبەری لەسەر کراوە، چونکە لە ڕێگەی برایانی بەڕێزی (پەیمانگەی جیهانیی هزری ئیسلامیی واشنتۆن)ەوە وەك پەیپەرێك بەسەر کۆمەڵێك نوخبەی زانا و بیرمەندی ئوممەتی ئیسلامیدا پەخش کرا، تا ڕای خۆیان

لـەو بـارەوە دەربـڕن، گرنگییەکـەش لەوەدایـە کـە پسـپۆڕیی ئـەو زانایانـە زۆر پەیوەندیی بە مژاری (میتۆد)ەوە هەیە لە ڕووی وێنا و هزرەوە.

پێشـتریش لـە پەیمانگـەی هـزری ئیسـلامی دوو دوانگـەی تایبەتمەندانـەی ئـەم بوارەی ڕێك خستبوو تا لەسەر ئەم توێژینەوەیە گفتوگۆ بکـەن، نزیکـەی ۳۰ زانـا و بیرمەنـد و توێـژەر بەشـدار بـوون تێیـدا[١]. ئەوانـەش کـە بۆیـان ڕێـك نەکـەوت لـەو دوانگانەدا بەشدار بن، بۆچوونەکانی خۆیان لە لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی خۆیانـدا نووسـیوە. هەنـدێك لـە زانـا و توێـژەرانیش بـە شـێوەیەکی زارەکـی دەربـارەی بۆچوونەکانی لەسەر ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەربڕی.

بـە ڕاسـتگۆیی و شـانازییەوە دان بـەوەدا دەنـێم کـە تەنانـەت سوودیشـم لـەو بۆچـوونانە وەرگرتـووە کـە قەناعـەتم بـە لۆژیـك و سەرچـاوەکانی و پێـوەری ئاراستەکانی و ڕۆحی تێبینییەکانیشی نـەبووە! ئیـدی بەدڵنییاییـەوە سـوودم لـەو بۆچـوونە جـوان و پەسـەندانە وەرگرتـووە کـە لـە هەنـدێك شـت ئاگادریـان کردوومەتەوە، یان ئیزافاتیان هەبووە، یان هۆشـدارییان پـێ داوم لەسـەر هەنـدێك هەڵەتێگەشـتن و داوای تۆکمـەترکردنی هەنـدێك دەسـتەواژەیان لـێ کـردووم، یـان پێشنیاری گۆڕینی سازدانەوەی ڕێکخستنی هەندێك بابەت و بڕگەیان بۆ کردووم.

ئەوەی کە کارێکم پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی بخرێتە بەر دیدی هەڵسـەنگێنەری نوخبەیەکی زانا و بیرمەند، بۆ من ئەزموونێکی نوێ بـوو، دانیشـی پێـدا دەنـێم کـە ئـەزمونێکی دەوڵەمەنـد و ئـەرێنی بـوو، هاوکـاتیش بـۆ بابـەتێکی لـەم شـێوەیەش پێویست بوو. چونکە ئەم بابەتە لە پێشەوەی ئەو کێشە هزرییانەدایە کە پێویستی

---

[١] هەردووکیان لە بنکەی پەیمانگەی هـزری ئیسـلامی لـە قـاهیرە بەسـتران، یەکـەمیان لـە ١٩ی جومـادی ئـەلئاخیرە /١٤٠٠کۆچـی، بەرانبـەر ١٩٨٨/٢/٣. دووەمیـان لـە ٢٤ی شـەعبان/ ١٤٠٨کۆچـی، بەرانبەر١٣/٤/١٩٨٨ز.

به هەوڵێکی دەستەجەمعی هەیە تا بتوانرێت (نزیکترین وێناکان) لەسەر (حەقیقەتی هەڵوێستی ئیسلام) ڕوون بکاتەوە و بەجوانی پێشکەشی بکات.

ئەگەر لەم پێشەکییەدا ئاماژەیەکی ئاسایی بکەم بۆ هەموو ئەو جۆرە(هزر) و نموونەی هەڵسەنگاندن و کاردانەوانە کە لەگەڵ ئەم کارەماندا کرا لەم دوانگەیەدا، هەروەها ئەو توێژینەوە و پەیپەرانەی لەو بارەوە نووسراوە... ئەوا بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەیەکی وەهای پێ دەکەم کە ئەو هزر و هەڵسەنگاندن و کاردانەوە جیاوازانە لەخۆ بگرێت.

مژاری: (دەق و ئیجتیهاد) زۆرترین گفتوگۆ و تاوتوێی لەسەر کرا، هەموو بێلایەنی و ڕەخنەکان سەرچاوەیان لە (ترس) و (هەستە دەروونییەکان)ەوە گرتبوو، چەند هەوڵی خوێندنەوەی دووبارە بۆ توێژینەوەکە هەبوو، ئەوەندەش پەلەکردن هەبوو لە دروستکردنی هاوڕایی لەگەڵ بابەتی (دەق) و (ئیجتیهاد)دا، نموونەیەکی ئەم ڕاستییەش یەکێك لەو کۆمێنتانە بوو کە دەربارەی ئەم بابەتە نووسرابوو، دەڵێت:

"بۆ جاری دووەم توێژینەوەکەم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت ئەوەی بە هەڵەم زانیبوو دەکرێت قبووڵ بکرێت، بەڵام وردەکاری بکرێت لە دەربڕینیدا، بۆ نموونە: هەڵوێستی لەسەر زەروورەتی ئیجتیهادکردن لەگەڵ هەبوونی دەقی(قطعي الدلالة[1]) و دەقی (قطعي الثبوت[2])دا، دیارە مەبەستی ئەوەیە کە ئیجتیهادکردن لەم حاڵەدا بەشێکە لە مەرجی بەکارخستنی دەق، بۆیە ئەگەر بەوردی دەستەواژەکە بنووسیت بیرۆکەکە ڕاستە.."[3]

---

[1] ئەو دەقەیە کە مەبەستەکەی بە ڕوونی و بێ گومان و گرێ دەگەیەنێت.(وەرگێڕ).

[2] ئەو دەقەیە کە دڵنیاین لە ڕاستی و دروستی ئەو ڕێگە و شێوازەی دەقەکەی پێمان گەیاندووە.(وەرگێڕ).

[3] لە کۆمێنتە نووسراوەکانی دکتۆر: یوسف ئیبراهیم ـ مامۆستای ئابووری لە شاری قەتەر.

_ یەکێك لە بانگخوازان[1] _ بە سوپاسەوە _ لە نووسینی توێژینەوەیەکیدا زۆربەی تێبینییەکانی لەسەر ڕەتکردنەوەی بابەتی (دەق...ئیجتیهاد)ی نێو توێژینەوەکەی بەندە بوو... توێژینەوەکەش لە یەکەم دوانگەدا خوێندرایەوە کە گفتوگۆی لەسەر (پەیپەر)ەکە کرد، بۆ نموونە یەکێك لەو کۆمێنتانەی لەسەر ئەو ڕەدکردنەوەیە درا، دەڵێت: "گەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین راجیاییەك لەئارادا نییە... رەنگە بە گۆڕینی شێوازی دەربڕیینەکان بگەینە هاوڕایی، بەڵام لە زۆرێك لەو خاڵانەی ئاماژەی پێ درا و ورووژێندرا راجیاییەکی زۆر نییە, ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکەش ڕاستە[2]، تەنانەت هەندێك کەس ئەو تێبینییانەی بابەتەکەی بەندەیان ڕەت کردەوە و بە مورافەعەیان لەقەڵەم دا، پێیان وا بوو سنووربەزاندنی زۆری تێدایە !"[3]

کۆمێنێکی تر وتی: "دەستەواژەی: (ئیجتیهاد لە بەرانبەر دەقدا ناکرێت) بە شێوەیەکی تەسك و وشك لێك دراوەتەوە و بۆتە هۆی دواکەوتنی موسوڵمانان، ئەمەش مەسەلەیەکی بناغەییە و هیوادارم گەلێك توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەو هیوایەی لەم دۆخە چەقبەستووە دەربچین و سیستمی شارستانی کۆمەڵگەکەمان بەرەو پێش بەرین."[4]

_ هەندێك بۆچوونیش هەڵسەنگاندنەکانیان لەنێوان پیاهەڵدان و ترس بوو لەو وەهمانەی پێیان وا بوو کە ((ڕیسك))ە ! نموونەی ئەم جۆرە لە یەکێك لە توێژینەوەکاندا بەم شێوەی دەنووسێت: "توێژینەوەکە سەرنجی ورد و زیرەکانە و

---

[1] مامۆستای دکتۆر: یوسف قەرزاوی بوو، کە ڕاگری کۆلێژی شەریعەی زانکۆی قەتەر بوو.

[2] ئەم کۆمێنتە لەلایەن مامۆستا عبدالحلیم محمد أحمدەوە بوو، کە توێژەرێکی بابەتە ئیسلامییەکانە و خاوەنی (دار القلم)ە.

[3] کۆمێنتی مامۆستای دوکتۆر محمد عبدالهادی ابو ریدە بوو لە میسرەوە.

[4] کۆمێنتی م.د. محمود سفر ـ بەڕێوەبەری زانکۆی خلیج.

گرنگ دەخاتە ڕوو، دەكرێت ئیزافەی ڕاستەقینەی پێ بێت لەم بابەتەدا، بەڵام هەندێك ڕیسكی تێدایە، ئەمەش وا دەخوازێت ڕوونكردنەوەیەكی وامان پێشكەش بكات كە گومانی خراپ لەسەر بابەتەكەی بڕەوێنێتەوە."[1]

_ كەملوتفی _ناڵێم كەمعەقڵی_ هەندێك كەس گەشتە ئەو ئەندازەی هزری نێو توێژینەوەكەم بەو ئەندازەیە وەسف بكات كە "پێویستە مامۆستاكانی مزگەوت لە وتاری هەینیدا قسەی لەسەر بكەن، یان لە باشترین دۆخیشیدا ببێتە بابەتگەلێكی ڕۆشنبیریی ئیسلامی بۆ قوتابییە تەمبەڵەكان. ئەم قسەیەش زیانی زۆرترە لە سوود و بەهەدەردانی ماندووبوون و سامانە و شكاندنی ئیسلام و موسوڵمانانە."[2]

ـ كەسی وەهاش هەیە دەبارەی ئەم توێژینەوە نووسیویەتی: (ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی نوێ و دەوڵەمەندە دەربارەی میتۆدی ئیسلامی، چونكە هەموو لایەن و ڕەهەندە كولتووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی خستۆتە ڕوو، ئەمەش كێشەی دواكەوتنی ئوممەتی ئیسلامی و ڕێكاری پێشكەوتنی بە شێوەیەكی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆ خستووەتە ڕوو.)[3]

هەشبوو هزر و داڕشتنی توێژینەوەكەی وەك نموونەیەك دەبینی كە بابەتی بوون و قووڵی و سادەیی سەردەمی سەرەتای ئیسلاممان وەبیر دێنێتەوە، دەڵێت: "توێژینەوەكە دیاردەكانی ناجێگیری عەقڵی موسوڵمان باس دەكات لەبارەی چەمكی هۆكارناسی و شێوازی تێگەشتن لێی.. ناجێگیری لە نێوان قەدەر بە واتای جەبری قەدەر لە قورئان و سوننەدا، لەگەڵ تەوەككول (پشتبەستن بەخودا) و تەوەزەلی و تەمبەڵی و بەكارهێنانی هۆكاری گۆڕانكاری و كاریگەرییەكانی

---

[1] لە كۆمێنتە نووسراوەكانی م.د عمر عبید حسنه ـ قەتەر.

[2] نامەوێت ناوی ئەو مامۆستایە بهێنم كە خاوەنی ئەم كۆمێنتەیە، نەبادا كەسێك بە ناشیرینی بەرانبەری بجووڵێتەوە.

[3] ئەمەش كۆمێنتی نووسراوی م. د. محمد عبداللاوی ـ لە مەغریبەوە.

هۆکارەکان.. نووسەر توانیویەتی زۆر بە روونی و ئاسانی ئەو مەبەستانەی روون بکاتەوە و هاوشێوەش بێت لەگەڵ تێگەشتنی موسوڵمانانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام."[1]

– سەرەڕای هەندێك تێبینیی جوزئی و بابەتی، مامۆستایەکی تر لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکەدا دەڵێت: "توێژینەوەکە ڕەهەندێکی نوێ و گرنگی خستۆتە سەر دیراساتە میتۆدییەکان، کە ڕەهەندی مێژووییە و موسوڵمان لەو رێگەیەوە مامەڵە دەکات لەگەڵ ڕەگوڕیشەی ئەو بابەتانەدا و بە هەمان ئەندازەش کێشە میتۆدییەکانی ئەم سەردەمەش ڕوون دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هێزی موسوڵمانان بەرەو دۆزی میتۆدە کۆنەکان و پەرتگە و کۆڵانە تەسکەکانی بەرێت."[2].

– دەربارەی ئەو تێبینییەی پەیوەندیی بە بنەمادۆزیی میتۆدگەرایی ئیسلامییەوە هەیە، کۆمێنێکی تر دەڵێت: "ئەم توێژینەوەیە شتێکی نوێی خستۆتە سەر ئەو رێگایەی هیوادارین کەناڵی هەوڵی زانایان و بیرمەندانی لەسەر بێت. یەکێك لە لایەنە ئەرێنییە گەورەکانی ئەم میتۆدە پەیوەستکرنی میتۆدە پێشنیارکراوەکەی (یان پێوانە وێناکراوەکەی) بۆ میتۆدی ئیسلامییە بە کولتوورەوە و یارمەتیی وەرگرتنیشی لەم پرۆسەدا لە دەقەکان، ئەمەش بەو مەبەستەیە کە توێژینەوەکە لە ڕووی ئایینی و شەرعییەوە بێبناغە نەبێت."[3]

---

[1] ئەمەش ڕای م.د. تەها جابر العلوانی بوو ـ سەرۆکی پەیمانگەی جیهانیی هزری ئیسلامی، کە لە دوانگەی یەکەمدا خستییە ڕوو، کە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم توێژینەوەیە بەسترا لە قاهیرە لە ١٩٨٨/٢/٣ز.

[2] کۆمێنتی م.د. عبدالحمید ابوسلیمان ـ پەیمانگەی جیهانیی هزری ئیسلامی ـ واشنتۆن ـ یەکەمین دوانگەی قاهیرە.

[3] کۆمێنتی م.د. جمال الدین عەتییە ـ ڕاوێژکاری ئەکادیمیی پەیمانگەی جیهانیی هزری ئیسلامی و مامۆستا لە زانکۆی قەتەر ـ لە یەکەم دوانگەدا.

ـ توێژەرێکیش پاش چەند تێبینییەکی (جوزئی و زیرەکانە) وتی:

"لە ڕووی میتۆد و داڕشتن و ئامانجەوە توێژینەوەیەکی نایابە، نووسەرەکەی تێڕوانینێکی شیکارییانە و زیرەکانەی هەیە، بەڕاستگۆییش بەرهەمی تێڕوانینەکانی خۆی پێشکەش کردووین، ڕاستییەکانی بەویژدانەوە و بەبێ هیچ لادان و توندڕەوییەك پێشکەش کردووە، پایە بناغەییەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەك هاوئاهەنگ و پەیوەندیدارن، کە یەکەیەکی بابەتییانەیان دروست کردووە، تەنها ئەو توێژەرە دەتوانێت بەسەر بابەتەکەی خۆیدا زاڵ بێت و توانای لێکۆڵینەوە و وردەکاریی هەبێت و بە وردبینییەوە سەرنجی قووڵایی بابەتەکەی خۆی بدات، خوای گەورە لەسەر ئەم توێژینەوەی باشترین پاداشتی بداتەوە."[1]

ـ بەڵام یەکێك لە دیارترین نوێکەرەوەکانی هزری هاوچەرخی ئیسلامی، کە لە بواری میتۆدی ئیسلامیدا کار دەکات، دەبارەی ئەم توێژینەوەمان دەڵێت: "ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی (میتۆدی ئیسلامی) کراوە، پێویستە سوپاسی ئەوەی بکەین کە بە خەستی و تۆکمەیی بابەتەکەی پێشکەش کردووە، چونکە بە وردی و کۆنکرێتی ئەو وێنا و عەقیدانەی باس کردووە کە لە پێشترن، هەروەها سەرکەوتوو بووە لە وردبینییە مێژووییە بەراوردکارییەکانیدا، بەسەر بنەما تیۆری و پراکتیکییەکانیدا جێبەجێی کردووە. پێش ئەوەش دڵسۆزییەکی ئاشکرای هەیە بۆ مانەوەی لە بازنەی حەقیقەتە ئیسلامییەکەدا، بەبێ ئەوەی کاریگەریی دەرەکیی نائیسلامیی قبووڵ بکات، یان لەسەر ئاستی بابەتەکەی کاری تێ بکات، یان لەسەر ئاستی میتۆدەکەی، ئەمەش گرنگییەکی زۆر دەبەخشێتە توێژینەوەکە. بەراستی ئەم توێژینەوەیە بە یەکێك لە توێژینەوە تۆکمەکانی هزری هاوچەرخ دادەنرێت."[2]

---

[1] لە کۆمێنتەکانی م.د. محمد نصار ـ کۆلێژی اصول الدین لە زانکۆی الازهر.

[2] کۆمێنتی م.د. عمادالدین خلیل ـ لە عیراق.

ئـەوەش ئامـاژە بـوو بـۆ چـەند نموونەیـەك لـەو بیروبۆچـوون و کاردانەوانـەی دەربارەی ناوەرۆکی (پەیپەرەکە) پێشکەش کران و گفتوگۆیان لەسەر کرا.

لە کاتێکدا ـ وەك پێشتر باسم کرد ــ هـەموو ئـەو بۆچـوونانە دڵخۆشـیان کـردم، تەنانەت ئەوانەش کە لەگەڵیدا نەبووم و نیم، سوودم لە هەموو تێبینی و ئیزافـات و پێشــنیارەکان و (ترســەکان) و (ئاگادارکردنــەوەکان) وەرگــرت، ئەمــەش پــاش پێداچوونەوەی (پەیپەرەکە)، بوونی بەم پەرتووکەی دەیخەمە بەر دیـدی زانایـان و بیرمەندان و توێژەران و خوێنەران، گرنگیی ئەم دۆزە و مەرکەزیەتی تەوەرەیی لەو پرۆژە شارستانییەی دەمانەوێت ڕەنگ بگرێت وەك ڕێبـەرێك بـۆ کـاری بووژانـەوەی ئوممەتی ئیسلامی، وام لێ دەکـات داوای ئـەوە بکـەم لـە هەرکـەس کـە دەتوانێـت ڕەخنە بگرێت یـان دژ بێـت یـان کـۆمێنتی هـەبێت یـان بتوانێـت لارییـەکان ڕاسـت بکاتەوە یان شتێك بخاتە سەر پرۆژەکە، لەو بارەوە بە نووسین ئاگادارم بکاتەوە.

ئـەم بابەتــە دۆزی عــەقڵی موسـوڵمانە، هــەر کەسـێکیش بـەپێی توانـای خـۆی پێویستە بەشێك لە ڕێگەی بووژانەوەی ئوممەتی ئیسلامی ڕووناك بکاتەوە، چـونکە بە ئاستەنگ دەورە دراوە، کەواتە با هەوڵە کۆمەڵکارییەکانمان بۆ داڕشتنی میتۆدی ئیسلامی ببێتە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکان.

لە خوای گەورە داواکارین لەسەر ئـەم ڕێگەیـە سـەرکەوتوومان بکـات، دڵنیاشـم خوای گەورە باشترین خاوەن و پشتیوانە.

**دوکتۆر: محەمەد عەمارە**

# پێشەکییەك دەربارەی
# قەیران و تەڵەزگەی هزری ئیسلامی و ئوممەتی ئیسلامی

سەرەتا یەکەمین هۆکاری بەدیهێنەری ئەم پەرتووکە هزرییە دەخەینە بەردەم بیرمەندان و توێژەران و خوێنەران، دیارە گەلێك لە بیرمەندانیش لەم (پرۆژە هزرییە)دا ئەسپی خۆیان تاو داوە. ئەم هۆکارەش بووەتە هەستێکی چڕ و داکۆکیکار لای زۆرێك لە زانایان و بیرمەندان دەربارەی هەبوونی (قەیرانێك) لە هزری ئیسلامیدا، کە بۆتە هۆی لەدەستدانی ئەو ڕێبەری کارەی ناتوانێت دەسبەرداری بێت لە هەوڵی هەستانەوەیدا، دیارە قەیرانی هزری و نەبوونی ڕێبەرێکی لەو شێوەیە بووەتە هۆی ئەوەی ئوممەتی ئیسلامییش تووشی ((قەیران)) بێت!

لە کاتێکدا هەستکردنی زۆربەی موسوڵمانان بە هەبوونی ئەو قەیرانە بەڵگە بێت لەسەر هاوڕاییان لەسەر هەبوونی قەیرانەکە، ئەوا بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر مێژوو و دەرکەوتەکان و پتریش لەسەر هۆکار و ڕێگەی خۆدەربازکردن لە قەیرانەکە..

بۆ ڕزگاربوون لە کێشەی هەریەك لەم بوارانەش، ئەوپەڕی هەوڵی دەوێت لە سنووری تواناکانماندا.

کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە هزری ئیسلامی، چ بەهۆی لاوازیی خۆی و چ بە زۆرملێ بێت پلەی بالای خۆی لەدەست دا، بەتایبەت لە زۆربەی پانتاییەکانی دەسەلات و دەوڵەت و ڕێکخستن و سەردەمداریی واقیعی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و مەعریفیی کۆمەڵگەی ئیسلامی، هەروەها پانتاییەکی کەمیشی هەبوو لە وێنا و کردارەکانی جەماوەری ئاساییدا، ئەو پانتاییە چۆڵانەش بە هزرێکی نامۆ بە سروشت و پێوەر و چوارچێوە ئیسلامییەکان پڕ کرایەوە، ئەو هزرە نامۆیەش

هەنـدێکی هـاوردەکراوێکی زیانبـەخش بـوو لـە هـزری شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا و هەندێکیشی پاشماوەی دواکەوتوویی هـزری سـەردەمی کشـانەوە و چەقبەسـتوویی خۆمانە.

ئوممەتی ئیسلامی بەهۆی ئەم هزرەوە تووشی قەیرانێکی وا بووە، کە ئاراستەی سروشـتیی خـۆی لـێ تێـك داوە و لـە وێنـا ئیسـلامییە سـەرەکییەکانیدا تووشـی تاریکبینیی کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی تێکـەڵکردنی کـاری بـاش و خـراپ! ئەگـەر جیاوازیی بۆچـوون هـەبێت لـە مێـژووی سـەرهەڵدانی ئـەم قەیرانـە هزرییـەدا، ئـەوا باوەڕم وایە هەموو یەکدەنگین لەسەر ئەوەی زۆر دەمێکـە تووشـی بـووین، چـونکە چـەند سـەدەیەکە هاتۆتـە ئـارا، ئـەوەش لـە ڕێگـەی پەرەسـەندن و کۆبوونـەوەی هۆکارەکـانی قـەیران بەهێواشـی، سروشـتی دروسـتبوون و کـردەی فاکتـەر و دیاردەکانی هزر لە ژیانی گەلان و شارستانییەتەکانیشدا هەر وایە.

دەربـارەی هۆکارەکـانی ئـەم (قەیرانـە)ی ئوممـەتی ئیسـلامی گەیاندۆتـە ئـەم تەلەزگەیـە، هەنـدێك لـە توێـژەران پێیـان وایـە بەرهـەمێکی سروشـتیی بونیـادی هزرگەرایی ئیسلامییە، چونکە لە ناخی خۆیدا ناتەواویی تێدایە و ئەم ناتەواوییـەش کاتێك لەم سەردەمەدا دێتەوە ئـارا وەك ئیفلاسـێکی سروشـتیی خـۆی دەنوێنێـت! دیارە ئەمەش لە دیدگەی ئەوانەوە.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانەوە هەندێکی تر پێیان وایە کە ئەم کێشەیە کاریگەریی چەند فاکتەرێکی نامۆ و ناڕەسەنە لەسـەر هزرگـەرایی ئیسـلامی، کـە لـە دەرەوەی خود و سنوورەکانەوە سەپێنراوە.

لە کاتێکدا بۆچوونی یەکەم بە هەڵە دەزانم و ناشتوانم بەڵێ بۆ دووەمیش بکەم، ئەوا پێم وایە ئەو کێشەیە بۆ چەندین فاکتەر دەگەڕێتەوە، هەندێکی بە خۆشی بێت یـان ناخۆشـی بەسـەرماندا سـەپێنراوە و هەندێکیشـی لـە خۆمانەوەیـە، بـەڵام لـە ناتەواویی سروشتی خۆمانەوە نییە، بـەڵکو کەمترخەمیکردنمانـە لـە وەگەڕخسـتنی

یاسای نوێخوازی و ڕێوشوێنە پێویستەکانی نوێخوازی. هەندێکیشی هزرییە و هەندێکی تری ماددییە: ئابووری و کۆمەڵایەتی...هتد گەلێك ڕێگر و بەربەستی کوتوپڕی و فاکتەر تووشی سەرچاوە جەوهەری و خاوێنەکانی هزری ئیسلامی بووە و ئەو ڕێگرانەش لە هەردوو سەرچاوەی دەرەکی و ناوخۆیی تێدایە... ئیدی هەموو ئەم فاکتەرانە بوونەتە هۆی دروستبوونی (قەیرانی) هزریی نێو عەقڵی موسوڵمان و ئوممەتی ئیسلامی.

***

ئەوەی شایانی باسە کە هەستکردن بەم قەیرانە و پرسیارکردن لەسەر هۆکارەکانی و ڕاجیایی لە وەڵامەکاندا شتێکی نوێ نییە، ئەوەتا هەر لەگەڵ بێداربوونەوەی ئیجتیهادی ئیسلامی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن هەندێك زانای گەورەوە سەری هەڵداوە، وەك: پێشەوا غەزالی(٤٥٠ ـ ٥٥٠ک، ١٥٨ ـ ١١١١ز)، العز بن عبدالسلام (٥٧٧ ـ ٦٦٠ک، ١١٨١ ـ ١٢٦٢ز)، القرافی احمد بن ادریس (٦٨٤هـ ـ ١٢٨٥ز)، ولی الله دهلوی (١٦٩٩ ـ ١٧٦٢ز)، الشوکانی محمد بن علی (١١٧٣ ـ ١٢٥٠ک، ١٧٦٠ ـ ١٨٣٤ز)، هەروەها لەو کاتەوە کە ئەو بانگەواز و بزووتنەوانە لەلایەن زاناگەلێکی نوێکەرەوەی ئایینەوە ڕووی داوە وەك: محمد بن عبدالوهاب (١١١٥ ـ ١٢٠٦هـ، ١٧٠٣ ـ ١٧٩٢ز)، السنوسی محمد بن علی (١٢٠٢ ـ ١٢٧٦ك، ١٧٨٧ ـ ١٨٥٩ز)، المهدی محمد أحمد (١٢٠٦ ـ ١٣٠٢ك، ١٨٤٤ ـ ١٨٨٥ز)، جمال الدين ئەفغانی (١٢٥٤ ـ١٣١٤ك، ١٨٣٨ ـ ١٨٩٧ز)...هتد هەر لەو کاتانەوە پرسیار لەسەر ئەم قەیرانە بەردەوامە و ڕاجیایی هەیە لەسەر هۆکارەکانی. لەوێشەوە ڕاجیایی هەیە لەسەر ڕێگەی تێپەڕاندنی و نەهێشتنی فاکتەر و هۆکارەکانی بە بووژاندنەوەی ئەم ئوممەتە. هاوکات هەموو یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەم قەیرانە

هۆكاری سەرەكیی قەیران و تەلەزگەی ئوممەتی ئیسلامە و نیشانەی ئاشكرای چەقبەستوویی و دواكەوتنیەتی.

ئەگەر مێژوو و هەڵوێستی بێداریی ئیسلامی و ئیجتیهادی ئیسلامی بەرامبەر قەیرانی هزری ئیسلامی و تەلەزگەی ئوممەتی ئیسلامی بەو شێوە بێت كە باسمان كرد، ئەوا پێویستە یەكدەنگ بین لەسەر زەروورەت و گرنگی ـ بەڵكو واجببوونی ـ ئەوەی كۆمەڵێك لە بیرمەندانی ئوممەتی ئیسلامی ئەم سەردەمە هەستن بە دارشتنی ئیسلام بە شێوەیەك كە ببێتە جێگرەوەیەكی شارستانییانەی نموونە ڕۆژئاواییەكە، بەرانبەر هێرشی نموونە تازەهاتووەكان و ئەو نموونانەش بوەستێتەوە كە زاڵ بوون بەسەر بەشێكی زۆری كەرتی گرنگیی واقیع و هزری ئەم ئوممەتەدا، هەروەها ببێتە جێگرەوەی بیری ئەو دواكەوتنەی كە بووەتە میراتییەك بۆمان و تواناكانی ئوممەتی ئیسلامی لاواز دەكات و ڕێگەی داهێنان و بەرەوپێشچوونی لێ دەگرێت. پێویستیشە بیرمەندانی موسوڵمان ڕێنیشانەكانی ئەو جێگرەوە شارستانییە ئیسلامییە بەروونی دیاری بكەن وەك ڕێبەرێكی كاركردن لە چوارچێوەی ڕێنیسانسێكی ئیسلامیدا و لە بوارە جیاوازەكاندا. ئەمەش لەسەر هەموو بیرمەندان پێویستە، چ ئەوانەی پێیان وایە قەیرانەكە بە پلەی یەكەم هزرییە و باوەڕیان وایە تەنها ئەم بوارەش شایستەی تێكۆشان و خۆماندووكردنە، یان ئەو بیرمەندانەی گرنگی و لەپێشتربوونیان بە بوارەكانی تر داوە، چ ڕامیاری بووبێ یان ئاكاری. كەواتە بەنیسبەت هەموو لایەنەكانەوە ناتوانین دەسبەرداری ئەم (ڕێبەری كاركردن)ە ببین.

گرنگی و ڕوونی ئەم (ڕێبەر ـ جێگرەوە) چوارچێوەی پێویستییەكانی بووژانەوەی جیهان و نیشتمان و ئوممەتی ئیسلام تێدەپەڕێنێت بۆ بواری (بژاردەی شارستانی) كە هەموو ئەوانەی سروشت و توندیی ئەو تەلەزگەیە پێدەزانن كە تەنگی بە ڕۆژئاواش هەڵچنیوە. دیارە ئەوان مەبەستیان ئەوە نییە لە وڵاتەكانیاندا

نموونەیەکی ئیسلامی بکەنە جێگرەوەی شارستانییەتەکەیان، چونکە بەم نزیکانە پێناچێت ئەو خەونە یۆتۆپیایی و نموونە خەیاڵییە بێتە دی، بەڵام لانی کەم ئومێد هەیە ببێتە پاڵنەر و کاریگەرییەك بۆ بەهێزکردنی شارستانێتیی ڕۆژئاوا تا بەرەو هاوسەنگی و ڕاستبینیی ببات و نەهێڵێت خۆی و هەموو ئەوانەی بەو شارستانییە کاریگەرن لە مرۆڤایەتی دابڕنرێت.

ئاشکرایە کە یەکبوون و لێکنزیکبوونەوە لەنێوان ئەو دیدگە هزرییانەی سەیری سروشتی ئەم قەیرانە و ڕێگای تێپەڕاندنی دەکەن ـکە هۆکارەکانیمان باس کرد ـ هەروەها ڕێنیشانەکانی بێداریی ئیسلامی _واتە پرۆژەی شارستانیی ئیسلامی_ کە هیوای بەدیهاتنی دەخوازین، گەلێك سوودی هەیە... گرنگترین سوودیشی کۆکردنەوەی هەوڵەکان و یەکخستنی ئەو وزە هزرییانەیە پێشەوایەتی بزووتنەوەی ڕێنیسانسی ئیسلامی دەکات، چونکە ئەو دابەشبوون و پەرتەوازەییەی ئەمڕۆ تووشی وزە و کردارەکان بووە چ لەنێو ئیسلامییەکاندا و چ لەنێوان ئیسلامی و عەلمانییەکاندا بوویە هۆی ئەوەی وزەی ئوممەتی ئیسلامی سفر بکاتەوە، چونکە هەریەکە و لە ئاراستەی پێچەوانەی ئەوی ترەوە ڕای دەکێشێت.

هەروەها لێکۆڵینەوە لەو قەیرانە بە مەبەستی وانە و پەندوەرگرتن لەو سەرنەکەوتن و بێئومێدییەی تووشی چەندین بانگەواز و بزووتنەوە و چەندین نەوە بووە لە کاروانی هەوڵەکانی بووژاندنەوەی ئیسلامیدا، لە کاتێکدا دڵگەرمیش بوون بۆ گۆڕانکاری، بەڵام کێشەکەیان ئەوە بووە ئیجتیهاد و نوێگەرییان لە هزری خۆیاندا نەکردووە، بە شێوەیەك شارەزای واقیع بێت و بە شێوەیەکی ئیسلامی دابڕێژێتەوە و جووڵەی واقیعییش بخاتە نێو چوارچێوەی پێوەرەکانییەوە، واتە دیدگەیەکی ڕوونی نەبووە. لێکۆڵینەوە لەو هەوڵانەی لەپێناو بووژانەوەی نوێ لە مێژووی ئوممەتەکەماندا دراوە، هەر لە (وەهابییەکان)ەوە بۆ (سنووسییەکان) و (مەهدییەکان) و بانگەوازی جەمالەدینی ئەفغانی و بزووتنەوەکەی _کۆمکاری

ئیسلامی_ تا دەگاتە (برایانی موسـولْمان) و لێکەوتـە و بەرهەمـەکانیان. هـەروەها لێکۆڵینــەوەش لــەو کــەوتن و نوشوســت و بێئومێدییــەی لــەم مێژووەمانـدا هەیــە _سەرەڕای دەسکەوتە ئەرێنییە گەورەکانی_ ئەم توێژینەوەیە ئەو ڕاستییە یـەکلا دەکاتــەوە کــە پێکهــاتن و ڕەنگگــرتنی ئیســلام وەك جێگرەوەیــەکی شارســتانی و ڕوونی ڕێنیشانەکانیشـی وەك ڕێبــەری کــارکردن بـەو ئیعتیبــارەی کــە پێشـڕەوێکە شوێنکەوتەکانی درۆ ناکەن و تەنها ڕێگەیەکیشە بۆ ئەوەی گەڕانـەوەی جـەماوەری هاوچــەرخ بــەرەو ئیســلام لــە شکســتێکی نــوێ و ڕەنجبەخســاربوونێکی حــەتمی بپارێزێت!

***

یــەکێك لــەو لوتــف و میهرەبانییانــەی خــوای گــەورە لەگــەڵ ئــەم ئوممەتــەدا کردوویەتی، ئەوەیە کە پاراستوویەتی لەوەی هەموو تاکەکانی لەسەر گومڕایی کۆ بنەوە و یەکدەنگ بن، جا بۆیە تەنانەت لـە خـراپترین دۆخـەکانی چەقبەسـتوویی و پاشەکشە و دواکەوتندا، هەر کۆمەڵێك هەبوون لەسەر ڕێگـە و بەرنامـەی پێغەمبـەر (دروودی خــودای لەســەر بێــت) لایــان نــەداوە، بــەڵێ زۆر جــار ڕوونــاکیی ڕێگــەی موسوڵمان کز بووە، بەڵام نەکوژاوەتەوە، بێگومان پێغەمبـەرمان (دروودی خـودای لەسەر بێت) دەبارەی ئەم تایبەتمەندییەی ئوممەتی ئیسلامی فەرموویەتی: "تا ئەو ڕۆژەی قیامەت دێت بەردەوام کۆمەڵێك لەم ئوممەتەی من لەسەر حەق دەمێننـەوە و دوژمنایەتیی دوژمنان زیانیان پێ ناگەیەنێت."[١]

ئێمـەش باوەڕمـان وایـە کـە ئـەم تایەتمەندییـە پەیوەنـدیی بـەوەوە هەیـە کـە شەریعەتەکەمان و پێغەمبەرەکەمان (دروودی خودای لەسەر بێت) کۆتا شەریعەت و

---

[١] رواه الإمام مسلم.

کۆتا پێغەمبەرن، هەر بۆیەش خوای گەورە لادانی سەرتاپایی لەم ئوممەتە دوور خستووەتەوە، چونکە ئەگەر شتی وا ڕوو بدات، پێویستی بە پێغەمبەری نوێ دەبێت، بەڵام مانەوەی کۆمەڵێکی وەها، هەڵاوردنێکە لە ڕێسای هەمەگیری گرفتاربوونەکە! واتە ئەوە ناگەیەنێت کە بەرنامەی ئیسلام لە دەسەڵاتدا بێت و ئوممەتی ئیسلامی پەیامی جێنشینی خودای گەورە بەجێ بێنێت و ئەرکی شایەتبوونی بەسەر خەڵکەوە بەو شێوە بەجێ بهێنێت کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ البقره١٤٣. واتە: "بەم شێوەیە ئێوەمان کردووەتە ئوممەتێکی میانڕەو، تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە و پێغەمبەریش ببێتە شایەت بەسەرتانەوە."

ئا لێرەوە گرنگیی دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیە دەست پێ دەکات کە ئەو گرووپە هەڵاواردراوەی بەڵگەیە لەسەر وازهێنانی زۆربەی خەڵکی لە ئیسلام بگۆڕێت بۆ ئەو ڕێسایەی ئەم پرۆگرامەی ئیسلام دەکاتە ڕێبەر و چرای پرشنگداری ئەم ئوممەتە لەسەر ڕێگەی ڕاستی پەروەردگار.

ئەگەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێ دان بەس بێت بۆ بەدیهێنانی هاوڕاییمان لەسەر گرنگی و زەروورەتی چارەسەری (قەیرانی هزری ئیسلامی)، ئەوا پێویستە ئەم هاوڕاییە بگوێزرێتەوە بۆ هاودەنگی لەسەر زەروورەتی گرنگیدان بە (میتۆد). میتۆد واتە ڕێگەی کارکردن، بەڵکو لە زاراوەی زمانی عەرەبیدا بە واتای (ڕێگەی ڕاست) نەك ڕێگە بە واتا ڕەهاکەی یان هەر ڕێگەیەك!

لەم بابەتەی ئێمەشدا مەبەستمان لێی: ڕێگا و سیستم و چوارچێوەی فەرمانڕەوا و کۆکەرەوە و پەیوەستدار و ڕێکخەری ئەو ڕێنیشانانەی شوێن و پێگەی مرۆڤ لەم گەردوونەدا دیاری دەکات. پەیامی هەبوونی پەیوەندییەکانیەتی بە بێگانەکانەوە، چارەنووسی ڕۆژی قیامەتیەتی. لێرەوە گرنگیی دیاریکردنی

ڕێنیشـانەکانی دەسـت پـێ دەکـات، وەك دەروازەیـەکی زەرووری بـۆ داڕشـتنەوەی ئیسلام، وەك نموونەیەکی شارستانی بۆ مرۆڤـی موسـوڵمان و ئوممـەتی ئیسـلامی، واتە بۆ چارەسـەری قـەیرانی هـزری بـە ڕوونکردنـەوەی ڕێنیشـانەکانی ئـەو پـرۆژە شارستانییەی ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی بیگرێتە خـۆی و بیخاتـە ئەسـتۆی خـۆی و دڵسۆز بێت بۆی و بیخاتە بواری کردارەوە، ئەوا لەو ڕێگایەوە لە دواکەوتنی بۆماوە و ژێردەستەیی سەپێنراوەی دەرەوە ڕزگاری دەبێت، ئیدی هەردوو کاروباری ژیانی دونیا و قیامەتی بەباشی بۆ بەڕێوە دەچێت.

ئاشکراشـە کـە ئـەم ئەرکـە - واتـە ئـەرکی دیـاریکردنی ڕێنیشـانەکانی میتـۆدی ئیسلامیـ بەتەواوی جیاوازە لە ئەرکی ئەوانەی باس لە (پرۆگرامی ئیسلامی)دەکەن و داوای دەکـەن لـەو بانگخوازانـەی هـەوڵ بـۆ بەئیسـلامیکردنی ژیـان ئـەدەن لـەو ژینگەیـەدا موسـوڵمانانی تێـدا دەژیـن، هـەروەها جیـاوازە لـە ئـەرکی دیـاریکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە لە لقەکانی مەعریفە و زانستە جیاوازەکاندا، چونکە ناسینی قەیرانی هـزری ئیسـلامی و دەسـتوپەنجەنەرمکردن لەگـەڵ ڕێنیشـانەکانی میتـۆدی ئیسلامیدا _لەچاو پرۆگرامە ئیسلامییەکان و میتۆدەکانی توێژینەوە، چ پسپۆڕ و چ تایبەتـــەکان_ وەك پیشەســـازییە قورســـەکان و پیشەســـازیی گـــۆڕینی مـــادە ســەرەکییەکان و پیشەسـازیی کەرەسـتەکانی بەرهـەمهێنان وەهایـە لـە بەرانبـەر پیشــەی پیشەسـازییە سـووکەکان و پیشەسـازیی کەرەسـتەکانی ژیـانی ڕۆژانـە. ئەمەش لە کاتێکدا هـزر وەك یـەکێك لـە پیشەسازییەکان سـەیر بکـەین - ئەمـەش کـارێکی دروستەـ هەوڵـەکانمان بـۆ دەسـتوپەنجەنەرمکرن لەگـەڵ ڕێنیشـانەکانی میتۆدی ئیسلامیدا ئەو دەروازەیە کە دەمانگەیەنێت بـە ئەگـەری داڕشـتنی ئیسـلام وەك ئەلتەرناتیڤێکی شارستانی، ئەمەش یارمەتیی ئەو کەسانە دەدات کە لە کـاری ئیسلامیدا سەرگەرمن پرۆگرامی ئیسلامی لـە کایـە جیاوازەکانـدا دابنـێن و میتـۆدی

توێژینــەوەی جـوزئی و پسـپۆڕ دابنـێن، کاتێـك مـەرج و ئیمکانـاتی گونجاویـان بـۆ دەرەخسێت، هەوڵی ئێمە بۆ داڕشتنی میتۆدی ژیانی ئیسلامییە، (میتۆدی دایك)

ـ گەر دروست بێت ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنین_ کە ئەوەش دەمانگەیەنێتـە داڕشتنی ئیسلام وەك پرۆژەیەکی شارستانی، لەگەڵ (پرۆگرامە قۆناغییەکان)ی بـۆ گۆڕینی واقیع و (میتۆدی توێژینەوەی) لە مەعریفە و زانستەکاندا.

لە کاتێکدا کە ئەرکی ئەم پەرتووکەمان دیاری دەکـەین، پێویسـتە وەڵامـی ئـەم پرسیارە بدەینەوە:

ـ ئایا ئەم کارەی ئێمە، کە توێژینەوە لەسەر ڕێنیشانەکانی دەکەین، میتۆدێکە بۆ هزر یان میتۆدێکە بۆ ژیان؟

بەم پرسیارە وەڵام دەدەینەوە! ئایا جیاوازیی لە نێوان هزری ئیسلامی و ژیانی ئیسلامیدا هەیە؟ تا جیاوازیی هەبێت لە نێوان میتۆدی هەریەك لەم دووانەدا؟

هەرکات هزری ئیسـلامی ناتــەبا بـوو یـان دابـڕاو بـوو لـە ژیـانی ئیسـلامی، ئـەوا چالاکیی خۆی لەدەست ئەدات و ژیـان بـەجێی دەهێڵێـت و پـاش دەسـبەرداربوونی بەشوێن هزرێکی نوێدا دەگەڕێت. بە هەمان شێوەش ئەگەر ژیـانی ئیسـلامی ناتـەبا بوو لەگەڵ هـزری ئیسـلامیدا، ئـەوا ڕێگـەی ئیسـلامیبوونی ون دەکـات و دەکەوێتـە چاڵی پێوەر و چوارچێوە و وێنا نائیسلامییەکانەوە لە ڕووی عەقیدە و شـەریعەت و شارسـتانی و ڕەوشـتەوە، کەواتــە پێویسـتە هـزر و ژیـان لـە پرۆگرامـی ئیسـلامدا دەستلەملان بن و پەیوەندیی میتۆدیشیان نەپساوە بێت، بەڵام ئەو جیاوازییە ئەوە ناگەیەنێت کە تایبەتمەندی و پسپۆڕیی هەبێت لە پرۆگرامی هـزری ئیسـلامی و ئـەو ژیانەدا کە ئیسلام بۆ موسوڵمانانی پێشنیار دەکات.

کاتێك باسی هزری ئیسلامی دەکەین، دەبێ ئەوە بزانین کە یەك پرۆگرامی نییە، بەڵکو چەندین پرۆگرامە و هەمووی لە ئیسلامێتییەکەیدا هاوبەشە، بەڵام هەریەکە و تایبتمەندیی خۆیشی دەپارێزێت و ناتەبایی و دژایـەتیی لەگـەڵ ئـەوانی تـردا نییـە،

هەر وەك چۆن زانست و هونەر و ئادابە ئیسلامییەکان ڕەنگی ئیسلامیان گرتـووە و تایبەتمەنـدیی خۆشـیان مـاوە، هـەموو زانایـان و پسـپۆڕانیش لەسـەر ئـەم بابەتـە هـاودەنگن. کەواتــە ئێمــە پێویســتمان بــە دروســتکردن و دیــاریکردن و داڕشــتنی پرۆگرامــەکانی هــزری ئیســلام هەیــە، بــۆ نموونــە لــە زانســتی بنــەماکانی ئــایین و فەلسەفەی ئایینـدا، لە زانستی بنەماکانی فیقهـدا و لـە یاسـاکانیدا، لـە زانسـتەکانی قورئـانی پــیرۆز و سـوننەتی پێغەمبـەردا (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) بـەڵکو لـە زانستەکانی زمانی عەرەبیدا، کە زمانی ئیسلام و دەفر و کەرەستەی زانستەکانیەتی ـ هەم لە ئایینەکەیدا و هەم لە شارستانییەکەیدا ـ هەروەها پێویسـتمان بـەوە هەیـە دروسـتکردن و دیـاریکردن و داڕشـتنی میتـۆدی ئیسـلامی تایبـەت بـە زانسـتەکانی پەیوەست بە داد و سرووشتەوە، کە بابەتەکانی بـە ئامانجـە ئیسـلامی و حیکمەتـە خواوەندییەکانەوە دەبەستێتەوە، کە ئەرك و پراکتیزەکردنەکانی بە بەها و ئاکـارە ئیسلامییەکان بەڕێوە دەبات.

ئێمە لەم بوارەدا پێویستیمان بە چەند میتۆدێـك هەیـە، نـەك یـەك میتـۆد. ئـەو میتۆدانەش میتۆدەکانی هزرن و تایبەتن بە ڕێساکانی لێوردبوونەوە و توێژینـەوە و هەڵێنجانی تایبەت بە زانست و هونەرەکان.

بەڵام پێویستە ئەم میتۆدانە _بەو پێیەی ئیسلام بواری هزر و هەموو بوارەکانی ژیانیش دەگرێتـەوە_ پەیوەنـدییان بـە میتـۆدی ژیـانی ئیسـلامییەوە هـەبێت، کـە ئامانجی هەموو زانست و ئاداب و هونەرەکانـە، چـونکە دروسـتکردن و بـەرپاکردنی ژیانێکی ئیسلامی کە هزری ئیسلامی ڕۆح و جەستەی بێـت، ئامـانجی ڕاسـتەقینەی هەموو زانستەکانە و ئامانجی هزری ئیسلامییش بەرپاکردنی ژیانێکی ئیسلامییە لەم جیهانەدا، تا لەوێوە بگەینە مەنزڵی نەمری.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان میتۆدی گشـتیی هـزری ئیسـلامی و میتـۆدی گشـتیی ژیانی ئیسلامیمان بۆ دەردەکەوێت. هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان میتـۆی ژیـانی

ئیسلامی و میتۆده تایبەتمەندەکانی زانسته جیاواز لە ئیسلامی و ئایینییەکان و هونەرەکانی واقیع و ژیانی ئیسلامی.

لەم ئاماژانەوە کە دۆزەکەمان بۆ دیاری دەکەن، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە میتۆدی هزری ئیسلامی گەرەنتیی ژیانێکی ئیسلامییانە دەکات بۆ ئەوانەی ئەم میتۆده دەخەنە بواری پراکتیکەوە و کاری پێ دەکەن، ئێمەش نامانەوێت بەو شێوەی میتۆدی ئیسلام دەیەوێت یاسا و ڕێساکانی میتۆده جوزئییەکانی زانسته جیاوازەکان دیاری و ڕوون بکەینەوە. بەڵکو باس لە میتۆدی گشتگیر دەکەین، کە لە هزر و پراکتیکدا داینەمۆی ژیانی ئیسلامییە، گەرچی کاری سەرەکییشی ڕێساکانی لێوردبوونەوە و هەڵێنجان و توێژینەوە لە زانسته جیاوازەکاندا نییە، بەڵام ئەو ڕێنیشانانەی لە چەند لاپەڕەی داهاتوودا باسی دەکەین، کلیلی ڕوونکردنەوەیە و دەروازەی گەشتن و پێوەری بناغەیی و گشتی و سەرەکییە لە بواره جیاوازەکانی ئەم میتۆده جوزئی و خاوەن تایبەتمەندییانەی ئەم زانست و ئاداب و هونەرانە.

بێگومان میتۆدی هزری ژیانی ئیسلامی کە سەرچاوەکەی خوداییە و بابەتەکەی مرۆییە، ئەوەش پێوەری ئیسلامیبوونی ژیانە، بە هەموو زانست و ئاداب و هونەرەکانییەوە. ئەگەرچی کاری داهێنان و دارِشتنی یاساکانی لێوردبوونەوەی تایبەت بە هەموو زانستەکانی ئیسلام و موسوڵمانان نییە، بەڵام دەیەوێت ببێتە دەروازەیەك بۆ دارِشتنی ئەم میتۆده جیاواز و خاوەن تایبەتمەندییانە لە ڕێگەی نوخبەی زانا و پسپۆڕی بیرمەندی موسوڵمان لە هەریەك لەم زانستانەدا، ئەوەش دیاریکردنی ماهییەت و ئەرك و پێگەی ئەم میتۆدەیە لەنێو میتۆده جوزئی و پسپۆڕییەکانی زانسته ئیسلامییەکاندا، کەواتە میتۆدێکی جێگرەوەی میتۆده جوزئی و پسپۆڕەکانی زانسته ئیسلامییەکان و شارستانییەتەکەی نییە، بەڵکو

میتۆدی هـزری ژیـانی ئیسـلامییه کـه لـه داڕشـتن و دروسـتبوونی میتـۆدی ئـهم زانستانەدا ناتوانین دەستبەرداری بین.

بەڵام... لەم پێشەکییەدا و پێش ئەوەی بچینە نێو ناسـینی ڕێنیشـانەکانی ئـەم میتۆدە ئیسلامییەدا، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

ـ ئایـا ئوممـەتی ئیسـلامی میتـۆدێکی تایبەتمەنـدی هەیـە کـە جیـاواز بێـت لـە میتۆدی ئوممەتەکانی تری خاوەن شارستانی؟ ئێمە دەڵێین (بەڵێ) گەرچی لەگـەڵ بەڵگەکانی وەڵامەکەماندا ئاماژە دەکەین بۆ دیارترین ڕاستییە بابەتییەکانی.

سەرنجی وردی واقیعی میتۆدی زانست و هونەرەکان فرەیی ئەم میتۆدانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ فرەیی ئـەم زانسـت و هونەرانـەدا. ئـەوەتا میتـۆدی زانسـتە سروشتییەکان کە باس لە ماددە و دیاردە گەردوونییە نەگۆڕەکان دەکات، جیاوازە لە میتۆدی زانستە مرۆییەکان کە بـاس لـە دەروونـی مـرۆڤ و دیـاردە کۆمەڵایەتییـە ئاڵۆز و جیاوازەکان دەکـات، بـە پێـی گـۆڕانی پێکهاتـەکانی دەروون، ناکرێـت ئـەو میتۆدانەی یارمەتیی وێناکردنی (جیهانی غەیب) دەدات هەمان ئەو میتۆدە بێت کە لە ڕێگەیەوە وێنا و لێکۆڵینەوەی پـێ دەکـەین لەسـەر جیهـانی بینـراو (شـەهادە). میتۆدەکـانی زانسـتە عەقڵییـەکان جیـاوازن لـە میتـۆدی هونـەر و ئادابـە دەنگـی و بیسراو و بینراوەکان.

ڕاستی و زەروورەتی ئەم واتایـە کاتێـك ڕوون دەبێتـەوە کـە لێـرەدا باسـی ئـەم میتــۆدە دەکــەین کــە هــەرکات پــەیڕەومان کــرد، (مرڤێکـی ڕێکوپێك)مـان پـێ دەبەخشـێت ـ بـە واتـا شارسـتانی و کۆمەڵایەتییـە سەرتاپاگیرەکەیـ گەرچـی سەرچاوەکەی لای پەروەردگارەوەیـە، بـەڵام هـەر میتـۆدە و بابەتەکەشـی مرۆڤـە، بابەتەکەی: هزر و زانست و هونەر و مەعریفـەکانی مرۆڤـی موسـوڵمانە، بـە هـەمان شێوەش پراکتیزەکردن و چوارچێوە و بابەتە ڕەوشـتییە تایبتمەندیـدارەکانی ئـەم مرۆڤـە موسـوڵمانەیە لـە گۆڕەپـانی پراکتیزەکردنـی زانسـتە سروشـتییەکاندا، کـە

حەقیقـەتی گشـتییان هەیـە لـە جیهانـدا. هـەر بۆیـە میتـۆدێکی جیـاواز و خـاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە ئەم مرۆڤـە موسـوڵمانە جیـا دەکاتـەوە، عەقیدەکەشـی هەر وایە و شەریعەتێکی تایبەتیشی هەیە کە شارستانێتێکی خـاوەن تایبەتمەنـدیی سەربەخۆیان بەدی هێناوە کە شارستانێتیی ئیسلامە.

لە کاتێکدا ئایینی خودای گـەورە هەمیشـە و لـە سـەردەمی ئادەمـەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) تا پێغەمبەرمان محمد (دروودی خودای لەسەر بێت) هـەر یـەك ئـایین بـووە، بـەڵام شــەریعەت و میتۆدەکـان بـەپێی ئوممـەتی پەیامـەکان و شارسـتانێتییەکان گـۆڕاوە. ئـەوەی ئـەم ڕاسـتییەمان پـتر بـۆ ڕوون دەکاتـەوە و داکۆکیی لەسەر دەکات، جیاوازی و تایبەتمەندیی عەقیدەی ئیسلامییە پاش ئەوەی جەوهەری یەکتاپەرستی لای گەلانی پێش ئیسلام تووشی لێڵی و شێواندن بوو، ئیتر تایبەتمەنـدی و جیابوونـەوەی عەقیـدە و شـەریعەتی ئیسـلام لـەلای ئوممـەت و شارستانیی ئێمە هەم عەقیدە و هەم شەریعەت دەگرێتەوە.

کەواتە ئەو یەك ئاینییەی بنەما جەوهەرییەکانی نەماوە، کە قورئان لەم ئایەتەدا بـۆی بـاس کـردووین: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ ۖ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ (١٣) ﴾ الشورى ١٣. واتـە: "خودا ئایینێکی بۆ داناون کە پێشتر بـۆ نـووحی دانـاوە و ئـەوەش کـە لـە ڕێگـەی وەحییەوە پێمان ڕاگەیاندوویت، هەروەها ئەوەش کە پێشتر بۆ ئیـبراهیم و موسـا و عیسامان ناردووە، مەبەستەکەشیان ئەوە بووە کە ئایین بەرپا بکـەن و لەسـەر ئـەو ئایینەش یەککگرتوو بن. ئەم ڕێگە ڕاسـتەش بـەلای موشـریکەکانەوە زۆر سـەختە، بەڵام خودا خۆی هەرکەسی بوێت هەڵی دەبژێرێت و ڕێنمونی ئەوانەش دەکات کـە دەگەڕێنـەوە بـۆ لای خـودا " ئەمـەش پـاش ئـەوەی عەقیـدەی یەکتاپەرسـتی لـە لاهووتی پەیامە پێشووەکاندا شێوێنراوە و هەڵەی تێکەوتووە. لە ئەنجامـدا فرەیـی

بـيروڕا و جیاكـاری لـه شـه‌ریعه‌ت و میتۆده‌كانـدا دروسـت بـووه‌، هـه‌ر وه‌ك قورئـان بۆمان باس ده‌كات و ده‌فه‌رمێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (٤٨)﴾ المائده ٤٨. واته‌: "ئێمه‌ قورئانمان بۆ دابه‌زاندوویت، كه‌ هه‌موو ڕاستییه‌كی تێدایـه‌ و باوه‌ڕی به‌ په‌رتووكه‌ ئاسمانییـه‌كانی پـێش خـۆی هه‌یـه‌ و چاودێرییشـی ده‌كـات، تۆش ئه‌ی موحه‌ممه‌د به‌پێی ئه‌وه‌ی خودا ناردوویه‌تیه‌ خواره‌وه‌ داوه‌ری له‌ نێویاندا بكه‌ و شوێن ئاره‌زووه‌كانیان مه‌كه‌وه‌ و شوێن ئه‌و ڕاستییه‌ بكه‌وه‌ كه‌ بۆت هـاتووه‌، بـۆ هه‌ریـه‌ك لـه‌ ئێـوه‌ و خـاوه‌ن په‌رتووكـه‌كانی تـر ڕێگـه‌ و به‌رنامـه‌ و پرۆگرامـی جیاوازمان داناوه‌، گه‌ر خودا بیویستایه‌، هه‌مووتانی ده‌كـرده‌ یـه‌ك ئوممـه‌ت، بـه‌ڵام ده‌یه‌وێت له‌و شته‌دا تاقیتان بكاته‌وه‌ كه‌ پێی به‌خشیون، پێشبڕكێ بكـه‌ن لـه‌ كـاره‌ خێره‌كاندا، هـه‌مووتان هـه‌ر بـۆ لای خـودا ده‌گه‌ڕێنـه‌وه‌ و ڕاسـتی و دروسـتیی ئـه‌و شتانه‌تان پێ ده‌ڵێت كه‌ ڕاجیاییتان له‌سه‌ری هه‌بوو له‌ دونیـاداز" لـه‌ كاتێكـدا ئـیبن عــه‌بباس (ڕه‌زای خــودای لــێ بێــت) وه‌ســفی میتــۆدی ئیســلامی، میتــۆدی پێغه‌مبه‌رایه‌تی ده‌كات و ده‌ڵێت: :بریتییه‌ له‌ ڕێگه‌ و به‌رنامه‌ی ژیانی پێغه‌مبه‌رێتی)[1] ئه‌وا هه‌موو ئه‌مانه‌ شایه‌تی ئه‌وه‌ ئـه‌ده‌ن كـه‌ جیابوونـه‌وه‌ و تایبه‌تمه‌نـدیی میتـۆدی ئیسـلامی بــه‌پێی تێبــینی و ســه‌رنجی ورد لــه‌ واقیعـدا بـوونی هه‌یـه‌ و ویسـتی خوداوه‌ندیشی له‌سه‌ره‌ و ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆزیش باسیان لێوه‌ كردووه‌.

كه‌واتـه‌ ئیسـلام میتـۆدی تایبه‌تمه‌نـدی خـۆی هه‌یـه‌، كـه‌ میتـۆدی شـه‌ریعه‌ته‌ و سه‌رچـاوه‌كه‌ی پــه‌روه‌ردگاره‌ و بابه‌ته‌كــه‌ی مرۆڤــه‌، له‌بـه‌ر ئـه‌وه‌ی ئیسـلامیش

---

[1] رواه البخاري.

ئایینێکی کۆگیره، توانیویەتی لە واقیع و ژیانی مرۆڤایەتیدا کاریگەرییەکی کۆگیرانە و تەواوکارییانە دابنێت، هەر بۆیە عەقیدە و شەریعەتەکەی -واتە ئەوەی کە خوداوەند دایناوە لە بونیادەکەیدا- وەك ئەو بەردە وەهایە کە فڕێ دەدرێتە نێو ئاوێکەوە و چەندین بازنە دروست دەکات و بەرەو فراوانییش دەچن، کە لە ڕاستیدا ئەو بازنانە خودی بەردەکە نین، بەڵکو دەرئەنجام و بەرهەمی بەردەکەن و لێی جیا نابنەوە، ئیسلامیش بە هەمان شێوە - وەك دانراوێك لەلایەن خوداوەندەوە- کاتێك لە دڵدا ئارامی گرت و بوویە کردار بەدەوری عەقیدە و شەریعەتەکەیدا بازنە و خشتی دروستبوونی کۆشکی شارستانیی ئیسلامیی بەردەوام و گەورە دەبێت وەك هەوڵێك و داهێنانێکی مرۆیی - نەك دانانێکی خودایی - بەڵام لە ڕۆح و ئاراستەیدا پەیوەندیی پتەوی بە دانراوی خوداییەوە هەیە و بەپێی پێوەرەکانی وەحی و ڕەنگی خوداپەسەندانەیە. لە ڕەوتی شارستانییشدا پەیڕەوی میتۆدی ئیسلام (ئایین)ە.

میتۆدی پێغەمبەرایەتی، کە بۆتە میتۆدی شارستانی، شارستانێتییەکەمان لە شارستانێتیی تر جیا دەکاتەوە، چونکە خۆی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەم ڕێنیشانییانەش کە جیای دەکاتەوە لەوانی دی، هەمان پێوەرەکانی نوێبوونەوەی ئەم شارستانێتییەن، بۆیە کاتێك کارەساتی دواکەوتن ڕووی تێ دەکات، ئەوا چوارچێوە و پەیکەری بێداربوونەوەش چەقبەستوویی ڕووی تێ دەکات، لێرەوە گرنگیی پەیبردن و چاودێریکردن و دارِشتنی دەردەکەوێت کە دەزانین گەورەترین ئەرك بریتییە لە دەرهێنانی ئوممەتی ئیسلامی لەو قەیران و تەلەزگەی تێیدایە.

ئەم تایبەتمەندی و جوداییەی شارستانێتی ئیسلامی هەیەتی لە میتۆدەکەیدا، وامان لێ دەکات نموونەی شارستانیی ڕۆژئاوایی و میتۆدە دەستکردەکەی ڕەد بکەینەوە - بە هەردوو بەشی لیبراڵی و شموولی - وەك هەڵوێستێکی سرووشتیمان، ئەمەش لەو یاسا خوداییەوە سەر هەڵ ئەدات، کە شەریعەت و میتۆدەکان جیاوازن،

سەرەڕای ئەوەش کە نموونە ڕۆژئاواییەکە لـە دژایـەتیی ڕێبـاز و پـەیڕەوی بـاوەڕی ئایینییەوە هەڵقوڵاوە، تەنانەت لە شێوە مەسیحییەکەشیدا کە لـە هەنـدێك بەشـیدا شـێوێنراوە، پاشـان شـێوە ڕۆژئاواییەکەشـی بـە شـێوەیەك شـێوێنراوە کـە لەگـەڵ یەکـەمین شـێوەی ڕاسـتەقینەی خۆیـدا ناگونجێـت، لێـرەوە ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکەوێت کە پەسەندکردنی ڕێبازی ڕۆژئاوایی و نموونە شارستانییەکەی بریتییە لە: کۆیلایەتی... ژێردەستی... کۆنتڕۆڵ و پاشکۆیی شارستانییە و لادانە لە ڕێبازی باوەڕدار... نە بووژانەوەیە و نە پێشکەوتنە و نە ڕزگاربوونە.

***

ئێستاش... پێش چاودێری و بینینی بەشێك لەو ڕێنیشانانەی میتۆدی ئیسلامی، کـە دەتـوانین چـاودێری بکـەین، پێویسـتە خوێنـەر ئاگـادار بکەینـەوە کـە مـاوەی خەلافـەتی خەلیفـەی ڕاشـید: عومـەری کـوڕی خـەتتاب (ڕەزای خـودای لـێ بێـت) هەڵدەبـژێرین، تـا وەك قۆنـاغێکی مێـژوویی و ژینگەیـەکی واقیعـی ڕێنیشـانەکانی پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدە وەرگرین، هاوکات سوودوەرگرتن لـە درێژبوونـەوەکانی کـە دەکەوێتـە نێـوان (١٣ــ ٢٣ك ـ ٦٣٤ ـ ٦٤٤ز) ئـەم قۆناغـەشمان لەبـەر ئـەوە هەڵنەبــژاردووە کــە بەدیهێنــەری ئــەم میتــۆدە بێــت، بــەڵکو وەك نموونەیــەکی پراکتیزەیی داهێنەرانە و سەرسوڕهێنەر و پێشکەوتوو. بـەڵام هۆکـاری هەڵبـژاردنی ئەم قۆناغە تا ببێتە سەرچاوەی چاودێریکردنی پراکتیزەکردنی میتۆدی ئیسلامی و پێش سەرنجدان لە هێڵـی پلـەنوێنی (الخـط البيـاني) کـاروانی پراکتیزەکردنـی ئـەو میتۆدە بە بەرزونزمیکردنیەوە، لە پێشەوەی ئەو هۆکارانەدا کۆمەڵێك تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە هەیە:

أ ـ پراكتیزەكردنی میتۆدی ئیسلامی - میتۆدی پێغەمبەرایەت - لەژێر سەركردایەتی بێهەڵە (مەعصوم)[1]، پێغەمبەردا نەبووە (دروودی خوای لەسەر بێت)، تا كەسێك بتوانێت بڵێت: ناكرێت پێوانەی لەسەر بكەین و كەسانێك بێگوناھ و مەعصوم نین چۆن شوێن میتۆدێك بكەوین كە مەعصوومێك سەرپەرشتیی كردووە و هەر كات ئیجتیهادێكی كردبێت و نەیپێكابێت، ئەوا وەحی هاتۆتە خوارەوە و بۆی ڕاست كردووەتەوە، بەڵام لە سەردەمی پێشەوا عومەردا نە عیصمەت ماوە و نە مەعصوم كە سەرپەرشتیی پیادەكردنی میتۆدی ئیسلام لەخۆ بگرێت.

ب - تایبەتمەندیی پابەندبوون بە میتۆدی پێغەمبەرەوە و جێبەجێكردنی، ئەوەش پێش ئەوەی هیچ دۆخێكی چاوەڕواننەكراوی بەسەردا بێت، بەتایبەت ئەو دۆخەی بەشوێن یەكەم (فیتنەی گەورەدا) هات و سەرەتاكەی لە ساڵانی كۆتایی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی كوڕی عەفاندا (ڕەزای خودای لەسەر بێت) سەری هەڵدا.

ج - لەگەڵ تایبەتمەندیی كامڵبوونی بونیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی و دەرچوونی لە سادەیی واقیعی دەوڵەتی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و ئەبوبەكری صددیق (ڕەزای خودای لەسەر بێت) بۆ ئاڵۆزی و پێكهاتەكانی واقیعی وڵاتە ئازادكراوەكان كە پاشماوەی شارستانییە كۆنەكانی فارس و ڕۆمەكانیان تێدا بوو، ئەم واقیعە نوێیە وای لە عەقڵی كۆشای موسوڵمان كرد پتر چالاك بێت و لە ئامانجەكانی شەریعەت و گشتگیرییەكانی ئەحكامی نوێ هەڵێنجێت بۆ ئەو واقیعە نوێیە.

دەقەكان بە كۆتاییهاتنی پێغەمبەرایەتی و كامڵبوونی ئایین كۆتاییان هات، واقیع و دەوڵەتەكەش ئاڵۆز بوون و گۆڕان، ئیدی عەقڵی موسوڵمانیش كەوتە ئیجتیهاد لە

[1] وشەی (معصوم) بە واتای كەسێك دێت بە هیچ شێوەیەك تووشی گوناهی گەورە و بچووك نەبێت. ئەمەش لای ئەهلی سوونەت و جەماعەت تەنها پێغەمبەران دەگرێتەوە (دروودی خوایان لەسەر).

پراکتیزەکردن و داهێناندا، بە شێوەیەك کە وای لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب کرد کە ببێتە نموونەیەکی باش و بەڵگەیەکی ڕاستگۆیانە لەسەر ئەوەی کە میتۆدی ئیسلامی بەکەڵکی ئەوە بێت هاوشانی پەرەسەندنی کات و شوێن دەر بچێت، بە شێوەیەکیش بەرهەمەکانی ئەم داهێنانە وەك لقوپۆپی گەشەدار لە درەختی میتۆدی ئیسلامی ڕووبەڕووی پێشهاتەکان ببێتەوە، ئەو درەختە بەهێزەش ئاو لە عەقیدە ئیسلامییەکان دەخواتەوە و دەبێتە ئەو پێکهاتە و ئاکارەی دیارترین ڕێنیشانەکانی ئەم میتۆدە ئیسلامییە دەنوێنێت کە لەم پەرتووکەدا پێی بگەین و چاودێریی بکەین، هەڵبژاردنیشمان بۆ ئەو قۆناغە بۆ ئەوە نییە کێشە و مژارەکانی ئەو سەردەمە بگوێزینەوە بۆ ئێستامان و واقیعی خۆمان بخەینە ناو قاڵبی ئەزموونەکانی ئەو سەردەمە، بەڵکو مەبەستمان دەرهێنان و دۆزینەوەی ڕێنیشانەکانی میتۆدی ئیسلامییە لەنێو قۆناغێکی تایبەتمەندی پێش قۆناغی لێڵبوونە، ئەو کاتەیە کە بەڵگەمان دەست کەوتووە لەسەر گونجانی بۆ پیادەکردنی پەرەسەندنی کردەیی بەپێی کات و شوێن.

***

ئەگەر پێش وردکردنەوەی باسی ڕێنیشانەکانی ئەم میتۆدە بۆمان هەبێت بەچڕوپڕی باسی تەوەرەکانی نێو چوارچێوەی ئەم میتۆدە بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: تەوەری میتۆدێکن کە لە سەرچاوەدا خوداییـن و لە بابەتدا مرۆیین، بە حوکمی کاروباری ئەو مرۆڤەی کە دروستکراوی خودایەکی تاك و تەنهایە، لە جیهانێکیشدا دەژی کە هەمان ئەو خودا تاك و تەنهایە دروستی کردووە، مرۆڤیش ئەرکی جێنشینیی خودا و ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوییە بەپێی بەندەکانی گرێبەست و پەیمانی جێنشینی، تا خۆی ئامادە بکات بۆ دیداری پەروەردگارەکەی لە دواڕۆژدا.

دەتـوانین دەبـارەی ئـەرکی ئـەم میتـۆدەش ئـەوە بڵـێین کـە ڕوونیـی دیدگـەی ئیسلامی دەردەخات، کە بەئاسانی وەڵامە ئیسـلامییەکان دەخاتـە پێشچـاومان بـۆ پرسیارەکانی: مرۆڤ لە کوێوە هاتووە؟ چۆن دەژی؟ چارەنووسی بەرەو کوێیە؟

کەواتــە میتــۆدێکی ســەرتاپاگیر و کــۆگیرە، وەك خــودی پــەیامی ئیســلام، تایبەتمەندیی خۆی هەیە هەر وەك تایبەتمەندیی ئیسلام.

***

الله... مرۆڤ... جیهان...

(دەسپێکردن، بەردوامیی ڕۆشتن، چارەنووس)

ـ تاکوتەنهایی ئەو خودایەی شایستەی پەرستنە.

ـ مرۆڤـ: جێنشین.

ـ گەردوونێکی ژێر باری هۆکارە بەدیهێنراوەکان.

ـ ڕێگاکانی هۆش و مەعریفە.

# تەنهایی ئەو خودایەی کە شایستەی پەرستنە

لە وێنای ئیسلامیدا یەکتاپەرستی ئەوەندە پلەی بێگەردی و تەجریدیی بەرزە، کە نە وشەکانمان و نە خەیاڵەکانی مێشکی مرۆڤ ناتوانن حەقیقەت و ماهییەت و زاتی خوداوەند دیاری بکەن، هەر بۆیە جگە لەوەی بڵێین هیچ شتێك لە خودا ناچێت و هاوشێوەی نییە، هیچ ڕێگایەکی ترمان نییە بۆ نزیکبوونەوە لە وردترین وێنای تاکوتەنهایی خودا و دووریی لە هەر لێکچوونێك کە لە دروستکراو و بەدیهێنراوەکان بچێت! هەر بۆیە بەرزترین پلەی عەقڵی موسوڵمان لە پلەبەندیی وێناکردنی زاتی خودادا ئەو پلەیە کە ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئانی تێدا دەخوێنێتەوە: ﴿ فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) ﴾ **الشورى١١**. واتە: "**هیچ شتێك وەك ئەو نییە و هەموو شتێك دەبیسێت و دەبینێت.**" ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (١) اللَّهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (٣) وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ (٤) ﴾ **الاخلاص١-٤**. واتە: "ئەی موحەممەد بڵێ: ئەو خودایە تاك و تەنهایە، پێویستی بە هیچ شتێکی تر نییە جگە لە خۆی، لە کەس نەبووە و کەسی لێ نابێت، هیچکەسیش هاوشانی ئەو نییە." بەڵام داڕشتنی وردی مرۆڤ کە بتوانێت ئەم ڕاستییە بگەیەنێت، بریتییە لەو وشانەی سەلەف کە فەرموویانە: "ئەوەی بە خەیاڵی تۆدا بێت، ئەوە خودا وەها نییە!" لەژێر تیشکی ئەم ڕاستییەدا دەگەینە ئەوەی باوەڕمان بەو صیفەتانە هەبێت کە خودا بۆ خۆی بەکاری هێناوە و تەسبیحات بە ناوە جوانەکانی خوداش بە عیبادەت دەزانین و چاودێری و گرنگیدان و ڕۆزیبەخشی حەقیقی بە جیهان و پەروەردگارێتی تەنها بە خودا دەبەخشین. ئەمەش ڕزگاربوونی مرۆڤە لە بەندایەتی بۆ جگە لە خودا لە هەر دەسەڵتدارێکی ملهوڕ و هێزی ماددی و ئەفسانە و وەهمەکان. کرۆك و لووتکەی ڕزگاری لێرەدایە کە هەموو کۆتەکانی مرۆڤ

دەپسێنێت، شەریعەتەکەشی مرۆڤ ئازاد دەکات لە کۆت و بەندی عـەقڵی و لاوازیـی هەنگاوەکانی!

وێناکردنی ئیسـلامی زۆر بـەوردی و قـووڵی کـاری لەسـەر یەکتاپەرسـتیی زاتـی خودادا کردووە، لە عەقڵی موسوڵماندا هەموو جۆرە لێکچوون و لێکچواندن و شێوە و هاوشێوەبوونێکی بەربەسـت کـردووە لەگـەڵ خـودای گـەورەدا، چـونکە جگـە لـە خودای تاکوتەنها، هەموو شـتەکانی تـر لەسـەر دوانـەیی و جـووتی و کۆبوونـەوە و هاوبەشی وەستاون، مانەوە و بەردەوامیی هەر زیندوویـەك بـە واتایـەك لـە واتاکـان لەسەر ڕێسا و فەلسەفەی جـووتگیری وەسـتاوە: ﴿ وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ﴾ ـ الذاريات ٤٩. واتە: "لە هەموو شتێك نێر و مێ ـمان دروست کـردووە." ﴿ سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ یـس ٣٦. واتـە: "پاکوبێگەردی بۆ ئـەو خودایـەی جـووتیی لـە هـەموو ڕووەك و درەخـت و خـودی مرۆڤەکان و لەو شتانەش دروست کردووە کە نایزانن و نایناسن." هـەروەها لەسـەر کۆبوون و سوود بە یەکدی گەیاندن و هاوکاریکردنی دەستەجەمعی وەستاوە: ﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ الانعـام ٣٨. واتـە: "هەرچـی بەسـەر زەویـدا دەڕوات و هـەر باڵندەیـەکیش کـە بـە باڵـەکانی دەفڕێـت، کۆمـەڵێکن وەك ئێـوە، بـەڵام خـودای بەدیهێنەر تەنهایـە و پێویسـتی بـە جـووت و هاوبەشـی و هاووێنـەیی و لێکچـوون و کۆبوونەوەی لەگەڵ شتێکی تر نییە."

میتۆدی ئیسلامی بەم یەکتاپەرستییە خۆی جیا دەکاتەوە لە میتۆد و شەریعەت و ئایین و فەلسـەفە نائیسـلامییەکان، تێگەشـتنی هۆشـیارانەی ئیسـلامییەکان لـەم تایبەتمەندییـە و بەگەڕخسـتنی دەبێتـە هـۆی نەهێشـتنی ئـەو لێڵـی و ناڕوونییـەی لەئارادایە و خاوێنی و بێگەردیی یەکتاپەرستی دەپارێزێت، تا ئەم ئاکارەی میتۆدی ئیسلامی بەردەوام بمێنێتەوە بە هەموو وزە و توانـا و کاریگەرییەکەیـەوە مـرۆڤ لـە

کۆیلایەتی بۆ غەیری خودا ڕزگار دەکات، کەواتە سیفەتی میتۆدێکی شارستانییە و بە پلەی یەکەم هەوڵ ئەدات بۆ داڕشتن لەپێناو مرۆڤێکی ئازاددا، هەروەها مژارێکی تیۆری نییە کە تەنها مرۆڤ فێری وێناکردنی زاتی خودا بکات.

ئەو لێڵی و شێواندنەی تووشی عەقیدەی تەوحید بووە لە مەسیحییەتدا، چ ئەوەی لە (غەنوصییەکان ـ باتنییەکان)ی ڕۆژهەڵاتەوە چ ئەوەی لە (ماددییەتی ـ بتپەرستی) ڕۆمانی ـ گریکییەوە هاتووە، سەرەتایەك بوو بۆ نەمانی یەکتاپەرستیی خاوێن لە وێناکردنی عەقیدەی مەسیحییەتدا، ئەمەش وای لە مەسیحییەتی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی کردووە کە لە یەکتاپەرستیی خاوێن و بێگەرد دوور بکەوێتەوە، دیارە ئەم دابڕانەش کاتێك دروست بوو کە لایەنگرانی عەقیدەی ئاریۆس (٣٣٦م کۆچی دوایی کردووە) کە بە ئاریۆسی[١] ناسرابوون، لە کۆڕی (کۆنستانتینۆ)ی ساڵی٣٨١ز ئیدانە کران. لاوازبوونی تەوحید، لاهووت و کەنیسە و مرۆڤی مەسیحیی نەرم کرد تا بەرەو پەرستنی مادده و سامان و پەرستنی کەسانی تر و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی مەسیحی و ڕاهیبەکانیان و بوویە گۆشەیەك لە

[١]ئاریۆسی: ئەو ئاراستەیەی ئایینی مەسیحییەتە کە باوەڕیان بە تاکوتەنهایی خودا هەیە، ئاریۆس بە دامەزرێنەری دەزانرێت، ڕاجیایی لەسەر ساڵی لەدایکبوونی هەیە و دەوترێت: ٢٥٦ یان ٢٧٠ یان ٢٨٠ز لەدایك بووە و لە ٣٣٦ز کۆچی دوایی کردووە، سوودی لە زانیارییەکانی هەردوو قوتابخانەی ئەنتاکییە و ئەسکەندەرییە وەرگرتووە، تایبەتمەندیی باوەڕی ئاریۆس ئەوە بووە کە باوەڕی بەوە نەبووە عیسا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) خواوەندێتیی تێدا بێت و پێی وا بووە کە خودا تاکوتەنهایە و لە کەس نەبووە و کەسیشی لێ نابێت و هەموو گەردوونی دروست کردووە، تەنانەت وشەی (عیسا)ش بەشێك نییە لە جەوهەری خودایی. کۆڕی(نیقیە ـ نیکییە) کە لەسەر داوای کۆنستانتینی ئیمپراتۆر لە ساڵی ٣٢٥ ز دا بەسترا و دژایەتییان بۆ ئاریۆسی و بیر و شوێنکەوتووانی دەبڕی، بەڵام لە کۆڕی (قودس) پاش دە ساڵ پشتیوانیی لێ کرا، بەڵام پاش کۆڕی کۆنستانتینۆ لە ٣٨١ز دا بەهۆی مردنی نەوەی یەکەمی لایەنگرانی و چەوساندنەوەی بانگخوازانی لەلایەن دەوڵەتی ڕۆمانیەوە لاواز بوو، لە (یاسای باوەڕ)دا کە کۆڕی نیقییە لە ساڵی ٣٢٥ز دا دایانابوو، باوەڕی ئاریۆسییەکانی بە کوفر و بیدعە دانابوو. بڕوانە(دائرة المعارف) ـ بە سەرپەرشتیی افرام البستانی ـ چاپی بەیرووت ـ ١٩٥٦ز.

شارستانێتی ڕۆژئاوای ماددی و پاشماوەی بتپەرستیی یۆنانییە کۆنەکان تێکەڵی دەمارەکانی بوو. عبدالجبار بن أحمد (٤١٥ك ـ ١٠٢٤ز) کە گەورەی قازییەکانی سەردەمی خۆی بووە، ڕاستی کردووە کە هەستی بەوە کردووە مەسیحییەتی ڕۆژهەڵاتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەڵێت: "کاتێك مەسیحییەت چووە ڕۆما، ڕۆما سەر نەکەوت، بەڵکو نەصرانیەت بوویە ڕۆمانی!)

گەورەترین و یەکەمین و پشتیوانی هەمیشەیی مرۆڤ بۆ پاراستنی مرۆڤ لە لاوازی و تەسلیمبوون بە هێزەکانی غەریزە و ئارەزووە ناوەکییەکانی و هێزەکانی ماددە و دیکتاتۆری دەوروبەری، ئەم پشتیوانە پارێزەرە و پەناگە دڵنیاییبەخشە و فریاگوزارە هاوکارە، بریتییە لە باوەڕبوون بە خودای تاك و تەنها، هێزی سەرووی هێزەکان، بەڵکو بەدیهێنەر و زاڵە بەسەر هەموو هێزەکانی گەردووندا. لێرەوە و بەم شێوەی یەکتاپەرستی لە خوداوەنێتیدا و شایەتیدان بە (لا اله الا الله) و بانگی: (الله أکبر) دەبێتە گەورەترین وزەی بەردەوام و کرداری بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ و ڕەهاکردنی وزە کاراکانی لە بەندی غەریزە و ئارەزوو و ماددە و شتی نامۆ و تاغووتەکان.

بەم شێوەیە یەکتاپەرستیی خوداوەنێتی و پەروەردگارێتی (توحید الالوهیة والربوبیة) دەبێتە وزەیەکی بەدیهێنەری پڕکار و کاریگەر، هەرکات ئوممەتی ئیسلامی بەباشی لێی تێگەشتن، یارمەتییان دەدات دژی خۆسەپێنیی هێزە دەرەکییەکان بوەستنەوە کە هزر و ئابووریی داگیر کردوون و لە ڕووی سەربازییەوە داگیری کردوون و کردوونی بە پاشکۆی سیاسیی خۆی، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاغووتانەی سەر شانۆی جیهانی ئیسلامی، کە دەیانەوێت لەگەڵ خودا یان هەر بەتەنها خەڵکی بیانپەرستێت! چ دیکتاتۆری سیاسی بن یان ساماندار یان دەمارگیری ستەمکارانەی تیرەگەری و نیشتمانگەری و نەتەوەگەری و ڕەگەزپەرستی، تاغووتی خود و غەریزە و ئارەزووبازی...هتد.

یەکتاپەرستیی ئیسلامی وشەیەکی زارەکی نییە و وێنایەکی ڕووتی فەلسەفی نییە بۆ پەیوەندیی مرۆڤ بە خوداوە، بەڵکو شۆڕشێکی ڕزگارییەبەخشە و مرۆڤ بە هەموو وزەکانییەوە لە پەرستنی جگە لە خودا دوور دەخاتەوە و هاوکات عیبادەتی پوخت و بێ کەموکووڕی بۆ خودا ئەنجام دەدا، واتە مرۆڤ بەتەواوی خۆی دەخاتە ژێر چەتری خوداوەندییەوە، ئەو سایەی کە مرۆڤ لە هەموو جۆرە لاوازییەك دەپارێزێت کە تووشی چاڵی نامۆبوونی دەکات، یەکتاپەرستیی خوداوەندێتی و پەروەردگارێتی باوەڕهێنان بە خودا دەکاتە ڕۆحێکی نەوەستاو و هێزێکی ڕێنماییبەخش بۆ هەموو کردەوەکانی مرۆڤ، ئیدی داهێنانە چاکەخوازییەکانی مرۆڤ لە هەر بوارێکدا بێت، دەبێتە نوێژێکی پڕ لە خشووع لە میحرابی گەردووندا بۆ ئەو خودایەی دروستی کردووە و بەخێوی دەکات.

هەرکات بەم تێگەشتنە سەیری یەکتاپەرستیمان نەکرد، یان شێوەیەکی شێوێنراومان پێ بەخشی، ئەوا مرۆڤ پارێزراو نابێت لە پەرستنی گوێرەکەکەی سامری ـ پەرستنی زێڕ ـ وە لای نەوە کۆنەکانی بەنوئیسرائیل هەبوو، یان پەرستنی چێژ و ئارەزوو و خود و سامان و شتەکان، وەك ئەوەی لە شارستانێتی ڕۆژئاوایی (مەسیحی)دا هەیە ئێستا، ئەو شارستانێتییەی یەکێك لە ڕۆڵەکانی دەربارەی دەڵێت: "خەڵکی ئەو شارستانێتییە لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ (بانك) دەپەرستن و پاشان لە ڕۆژی حەوتەمدا دەچێت بۆ کەنیسە و لە کاتی نزا و نوێژەکەشیدا هەر وێنەی بانکی لە مێشکدایە!

یەکتاپەرستیی ئیسلامی فەلسەفەیەکی تایبەتمەند و پەیوەندییەکی تایبەتمەندە، کە مرۆڤ بە بەدیهێنەر و بەدیهێنراوەکانەوە دەبەستێتەوە، چونکە مرۆڤ دروستکراوی خودایە و خودا کردوویەتی بە جێنشینی خۆی بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان بەپێی مەبەستەکانی شەریعەت ـ گرێبەست و پەیمانی جێنشینی ـ و لەگەڵ سروشتدا ـ بە هەموو هێز و دیاردەکانی ئەو دروستکراوانەن کە

پشتیوانی یەکتر دەکەن و سوود لە یەکدی وەردەگرن، هەموو دروستکراوەکانیش گەل و کۆمەڵەکانن و لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە ئاسمان و زەوییەکاندا هەن بەندایەتی و تەسبیحاتی خودای گەورە کۆیان دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش جەستە و ڕۆح، خود و بابەت، ئایین و دونیا و زانست و ڕەوشت و دوارۆژ و ئەستێرە و تەنە ئاسمانییەکان و کەشکەشانەکان و جیهانی غەیب و بینراو، هۆکار و ئەمانجەکان، ڕەهەندی خودی و کۆمەڵایەتیی باوەڕ، هەموو ئەمانە یەکتاپەرستی پێکەوەی بەستوون، بە شێوەیەك کە هەموو بوون دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی سیستم و ڕێکخستنەوە کە لەلایەن خوداوەندی تاك و تواناداراەوە، سەرەتا و ڕێبڕین لەوەوە دەبێت و ئەنجامیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، هەموو شتێکی دروست کردووە و شایستەی بوون و کات و شوێنی بۆ تەقدیر کردووە.

یەکتاپەرستیی ئیسلامی ئەوسا و ئێستاش ناسنامەی ئوممەتی ئیسلامییە، بەرنامەی یەکخستنی هەڵوێستی ئوممەتە لە عەقیدە و شەریعەتەکاندا، لە نەگۆڕ و بنەما و پایەکاندا، لێرەشەوە دەگاتە ئەنجامی ڕێگای یەکخستنی هەڵوێستی فەلسەفی و مەعریفی لە بگرەوبەردەی ئەو ململانێ و ئاستەنگانەی ئەوسا و ئێستاش دەوری داوە، هەروەها تەنها ڕێگەیە بۆ یەکخستنی هەڵوێستی کردەیی ئوممەتی ئیسلامی لەو جەنگە شارستانییەی ڕزگاری دەکات لە دواکەوتنە بۆماوەییەی کە ڕۆژاواپەرستی گۆڕین و سڕینەوە و شێواندنی ناسنامەی ئیسلامی قووڵتر دەکاتەوە، یەکتاپەرستی توانی لەو موسوڵمانە سەرەتاییانەی کە لە سەردەمی جاهیلیدا بووبوونە سووتەمەنییەکی ئاسانی جەهالەت و پاش باوەڕهێنان و سوودوەرگرتن لە وێنا یەکتاپەرستییەکە بوونە ئەو شۆڕشەی واقیعیان گۆڕی بۆ زیندووکردنەوە و یەکتاپەرستی و پێشکەوتن و شارستانێتی ئیسلامی، پاش ئەوەی لە بێبەرهەمی و پەرتەوازەیی و دواکەوتن و جاهیلییەتدا دەژیان، هەمان ئەو یەکتاپەرستییەش دەتوانێت ئێمەش بە هەمان پلە و پایە بگەیەنێت، بە مەرجێك بە هەمان چاوی

سەلەف ساڵحی سەردەمی یەکەمی مێـژووی موسـوڵمانێتی سـەیری ئیسـلام بکـەین: گەوهەری ئایین، فەلسەفەی وێناکردنی گەردوون، یەکـەمین بەدیهێنـەری یەکیـەتیی ئوممەت، لە ناوخۆدا: ﴿ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ﴾ الفتح ٢٩ واتە: "بـەرەحمن لەگـەڵ یەکدی، لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمناندان" ﴿ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ﴾ الفـتح ٢٩، واتـە: "تونـدن بەرانبەر بێباوەڕان." ﴿ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾ المائـدة ٥٤، واتـە: "نـەرمی دەنـوێنن لەگـەڵ باوەڕدارانـدا و بەعیززەت و ئازایەتییەوە بەرانبەر بێباوەڕان دەوەستنەوە و جیهاد لە ڕێگەی خوادا دەکەن و ترسی لۆمەکارانیان نییە." کەواتە ئـەو کەسـەی بەڕاسـتی یەکتاپەرستە، زەلیلیی ئایینی و دونیایی قبووڵ ناکات!

ـ نموونەیەکە لەو لاوانەی بەندایەتییان بۆ غەیری خودا قبووڵ نـەکرد، بۆیـە: ﴿ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا (١٤) هَٰؤُلَاءِ قَوْمُنَا اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً ۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ الکهـف:١٤ـ١٥. واتـە: هەسـتان و وتیـان: "پەروەردگاری ئێمە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە، هاوار تەنها لەو دەکـەین، گەر هاوار لە خودا ناڕاستەکان بکەین، ئەوا قسەیەکی هەڵە و لادەرانـەمان کـردووە، ئەو کەسوکارەی ئێمە، هاوتایان بۆ خودای تاکوتەنها داناوە، ئەگەر ڕاسـت دەکـەن با بەڵگەیەکی ڕاسـت و ڕەوان لەسـەر ئـەو بیروباوەڕشـەیان بهێننـەوە! (دیـارە کـە ناتوانن) ئیتر کێ ستەمکارترە لەو کەسەی درۆ بەدەم خوداوە دروست دەکات."

ـ نموونەی موغیرەی کوڕی شوعبەیە، کاتێك ڕۆژی شەڕی قادسیە چـوو بـۆ لای (ڕۆستەم)ی سەرۆکی فارسەکان، سەری سوڕما لە پەرستنی پاشاکان و چینایەتی و نازناوەکانیـان، بۆیـە پێـی وتـن: "ئێمـەی عـەرەب هـەموومان یەکسـانین، یەکـدی ناکەینە کۆیلە، خودای گەورە بەهۆی ئیسلامەوە ژیانی پێ بەخشیوین، بەڵام ئێـوە هەندێکتان بوونەتە خودای هەندێکی ترتان! بۆیە من دڵنیام ئەم دەسەڵاتەی ئێـوە

دەڕمێت! چونکە دەسەڵاتداری لەسەر ئەم ڕێگا و عەقڵییەتە بونیاد نانرێت و نامێنێتەوە!"

ـ نموونەی ئەو موسوڵمانەیە کە ئیسلام ئەوەندە عیززەتی پێ دەبەخشێت کە قورئان دەربارەی دەفەرمێت: ﴿ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ المنافقون ٨، واتە: "تەنها خودا و پێغەمبەرەکەی و باوەڕداران خاوەن عیززەتن." نهێنیی ئەم عیززەتەش ڕزگاربوونیەتی لە پەرستنی هەر شتێکی تر جگە لە خودا لە ڕێگەی یەکتاپەرستییەوە، لەو فەرموودەی خودا تێدەگات کە دەفەرمێت: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ ۚ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَمَكْرُ أُولَٰئِكَ هُوَ يَبُورُ﴾ فاطر ١٠. واتە: ئەوەی سەربڵندی دەوێت، ئەوا هەموو سربڵندییەك لای خودایەن قسەی باش و جوان، بۆلای ئەو بەرز دەبێتەوە و کرداری باشیش بەرز دەکاتەوەن ئەوانەش کە پیلانی خراپ دەگێڕن، سزای توندیان دەدرێت، پیلانی ئەوجۆرە کەسانەش پووچ و بێبەرهەمە. کەواتە ئەوە یەکتاپەرستییە باوەڕدار لە پەرستنی تاغووتەکان و هەر شتێکی تر جگە لە خودا ڕزگار دەکات و لەگەڵ خودای گەورە و پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) دەبێتە عیززەت.

ـ نموونەی(مرۆڤی _ ڕەببانی)یيە، کە هەر شتێك لە خودا داوا بکات خودای گەورە بۆی ئەنجام ئەدات، چونکە یەکتاپەرستی ڕزگاری کردووە لە بەندایەتی بۆ هەر شتێك جگە لە خودا و ئیخلاصی بەندایەتییەکەشی گەشتۆتە ئەو ڕادەیە لە ئازادی و چالاکی، کە بیستن و بینین و دەست و پێی بەهۆی ڕێنموونیی تایبەتی خوداوە کار دەکەن، ئیتر کام هێزی تر دەتوانێت ئەم عەزم و کارە خودایيە لە مرۆڤدا بەدی بهێنێت؟

ـــ ئەو نموونەیە کە یەکتاپەرستی تا ئەو ڕادەیە پلەی ڕزگارکردنی بەرز دەکاتەوە کە خودای گەورە موژدەی ئەوەی پێ ئەدات کە بەهۆی ملکەچبوونی

تەواوی بۆ خوای گەورە دەبێتە کەسێکی ڕەببانی و هەر وەك لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: "ئەی بەندەکەم، گوێڕایەڵیی من بکە، دەبیتە کەسێکی ڕەببانی، وەهات لێ دێت بە هەر شتێك بڵێیت: ببە، یەکسەر دەبێت."

ئەوەی باس کرا، هەندێك لە ئاکار و ئەرکەکانی یەکتاپەرستی بوون لە میتۆدی ئیسلامیدا.

***

# مرۆڤ: جێنشینی خودا

ئەگەر پێگـەی زاتـی خوداوەنـدی بـەو شـێوەیە بێـت کـە باسمـان کـرد و پـاك و بێگەرد ڕاگرتنی خودا لە وێنای میتۆدی ئیسلامیدا لەو ئاستەدا بێت، ئایا جێگـە و پێگەی مرۆڤ لەم میتۆدەدا لە کوێدایە؟

لێرەشدا میتۆدی ئیسلامی تایبەتمەندیی خـۆی دەنوێنێـت، چـونکە لـە کاتێکـدا هەندێك ڕێچکە و فەلسەفە پێیان وایە کە نهێنی و حەقیقەتی ڕزگاربوونی مـرۆڤ وەك بوونـەوەرێکی (بێنـرخ ـ فـانی) تـەنها بە(فـەنا)بوونی تـەواو و ڕەهـا_ هـەر وەك لـە (نێرڤانا ـ Nirvana )ی هیندیدا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ئەشکەنجەدانی جەسـتە و بێنرخکردنی ماددە و پشتکردن لە خۆشییەکانی ژیان بە پلەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ دەزانێــت لــە ڕێگــەی ڕزگــاری و بەرزبوونــەوەی نەفســی مــرۆڤ بــەهۆی فــەنا و خۆسڕینەوەوە!

لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەم ڕێچکەیە لەو بۆچوونە ماددییەدا خۆی دەبینێتەوە کە مرۆڤ دەکاتە خودا، چ لە ڕێگەی (بەخوداکردنی مرۆڤەوە) یان وێناکردنی مرۆڤ وەك گەورەی گەردوون، یان (بەمرۆڤکردنی خودا) کە وەك پاڵەوانێك وێنای دەکات، یـان کاتێك باوەڕی بەوە هەبێت ڕۆحی خودا دەچێتە جستەی کەسێکەوە (حلـول)، یـان خـودا لـە قـاڵبێکی مـاددیی وەك جەسـتەی مرۆڤـدا دەردەکـەوێت (تجسـد)، یـان یەکگرتنی خودا و مرۆڤ (اتحاد).

لە کاتێکدا ئەو ڕێچکانە سەبارەت بـە شـوێنی مـرۆڤ لـەم جیهانـەدا و وێنـاکردنی پێگـەی لـەم بوونـەدا لەگـەڵ خوداوەنـددا پـەڕگیر بـوون، ئـەوا میتـۆدی ئیسـلامی هەڵوێستێکی (مینانەڕەو ـ دادگەرانە ـ ڕاست)ی لەم بابەتەدا هەیە.

خودای گـەورە بـەدیهێنی تاكوتـەنها و حەقـە. مرۆڤیشـی وەك جێنشـینی خـۆی هەڵبژاردووە بۆ ئاوەدانكردنـەوەی ئـەم گەردوونـە. مـرۆڤ ئـەو بوونـەوەرە نییـە كـە ڕزگاربوونی لە (فـەنا و سـڕینەوەدا) بێـت، چـونكە گـەورەی نێـو گەوردوونـە (نـەك گەورەی گـەردوون) و خـوای گـەورە دیـاردە و هێزەكـانی گـەردوونی خسـتۆتە ژێـر ڕكێفیەوە، ئـەوەش نیعمـەتێكی خوداییـە و وەك ڕێزێـك لێـی گـیراوە، هـەروەها بـۆ ئەوەی یارمەتیی بدات لەو جێنشینییەیدا بۆ بەرزبوونەوەی پلەی بەپێی پەیمانەكانی جێنشـــینییەكە، ئـــەم (گەورەییـــە _ مرۆییە)بـــەپێی تـــەكلیفی خوداوەندییـــە، سەرپشـــككردنێكە لەلایـــەن خوداوەندەوەیـــە كـــە گـــەورەی ڕەهـــا و بـــەدیهێن و چـاودێریكاری گەردوونـە، ئـەم پلـەی مرۆڤـەش مەحكوومـە بـە ڕۆحـی پـەیمانی جێنشینی و چوارچێوەی جێگری و ئەو وەكالەتەی خودا خستوویەتە سەرشانی بـۆ هەلگرتنی ئـەو ئەمانەتـەی دروسـتكراوەكانی تـر نـەیانتوانی بیگرنـە ئەسـتۆ، مـرۆڤ جێنشینی خودایە لە ئاوەدانكردنەوەی سەر زەوی، بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەوە میتۆدی ئیسلامی جیا دەكاتەوە لەو میتۆدانەی میتۆدی ئایین و فەلسەفەكانی جگە لە ئیسلامیان كردۆتە پەیڕەوی خۆیان،

مرۆڤ جێنشینی خوداوەنـدە: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ البقـرة ٣٠. واتـە: "كاتێـك پـەروەردگاری تـۆ فـەرمووی بـە فریشتەكان: من جێنشینێك لەسەر زەوی بۆ خۆم دادەنێم، فریشتەكان وتیـان: ئایـا كەسێك دادەنێیت كە خراپەكاری لەسەر زەویدا دەكات و خوێنڕێژیی تێدا دەكـات؟ لە كاتێكدا ئێمە هەین و بە سوپاسگوزاریی تۆ تەسبیحات دەكـەین و باوەڕمـان بـە پاكی و بێگەردیی تۆ هەیە، خودا فەرمووی: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن."

مرۆڤیش تاكە جێنشینێكە ئەم ئەمانەتەی هـەڵگرتووە: ﴿ إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا

جَهُولًا ﴾ الأحزاب٧٢. واته: "ئێمه ئەم ئەمانەتەمان پێشنیار کرد بۆ ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان، بەڵام وەریان نەگرت و ترسان لە هەڵگرتنی، کەچی مرۆڤ هەڵی گرت، بەراستی مرۆڤ زۆر ستەمکار و نەزان بوو."

ئەوەی لەدەست مرۆڤ بێت دەتوانێت و دەبێت بیکات، بەڵام لە ئاستی دەسەڵاتی خودای گەورەدا نییە، بەڵکو وەك جێنشین و جێگرێکه و لە بازنەی ئەو پەیمان و گرێبەستی جێنشینییەدایه: ﴿ آمِنُوا بِاللَّـهِ وَرَسُولِهِ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَأَنفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾ الحديد٧.واته: "باوەڕ بە خودا و پێغەمبەرەکەی بهێنن و لەو سامانەش ببەخشن کە خودا ئێوەی کردووە بە جێنشین تێیدا، ئەوانەتان باوەڕدارن و دەبەخشن پاداشتێکی گەورەیان پێ دەبەخشرێت." هەموو هەوڵەکانی مرۆڤیش لەم پێناو و چوارچێوەیەدا بە خوداپەرستی و بەندایەتی بۆی دادەنرێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات٥٦، واته: "جنۆکە و مرۆڤم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتیی من بکەن."

***

ئەگەر لە میتۆدی ئیسلامیدا پێگەی مرۆڤ لای خودا بریتی بێت لەوەی کە جێنشینە و هەڵگری ئەمانەتە و چوارچێوەی ئەرکەکەشی پەیمانی جێنشینی بێت، کە گەوهەر و بنەماکەی میتۆدی ئیسلامییە! ئەوا پێگەی مرۆڤ ـ لەنێو سرووشت و هێزەکانی و دیاردەکانی و خێروبێرە خوداییەکانیدا، پێگەی جێگەدار(وەکیل)ێکی هەیە، کە خوای گەورە ئەم سرووشتەی لەسەر بناغەیەکی بایسدار و حیکمەتی ئیلاهی بۆ ڕام کردووە، ئەوەتا مرۆڤ وەك هاوڕێی سرووست وەهایە لە بەدیهاتنیدا، دوژمنی سروشت نییە، ڕامکرانی سرووشتیش بۆ مرۆڤ لەپێناوی ئەوەدایە کە ئەمانەتەکەی بۆ هەڵبگیرێت: ﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ

الْأَنْهَـارَ (٣٢) وَسَـخَّرَ لَكُـمُ الشَّـمْسَ وَالْقَمَـرَ دَائِبَـيْنِ  وَسَـخَّرَ لَكُـمُ اللَّيْـلَ وَالنَّهَـارَ﴾ ابراهيم٣٢-٣٣ . واتـه: :ئـەو خودایـەی ئاسمانـەکان و زەویـی دروسـت کـردووە و لـە ئاسمانەوە بارانی بارانـدووە و بـەروبوومی کردۆتـە ڕۆزیـی ئێـوە و کەشـتیی بـۆ ڕام کردوون تا بە فەرمانی خـودا بـەناو دەریـادا بـڕوات و ڕۆژگاریشـی بـۆ ڕام کـردوون. بەردەوامییشی بە خۆر و مانگیش بەخشیوە و شەو و ڕۆژی بۆ ڕام کردوون."

﴿ أَلَمْ تَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً  وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِى ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَٰبٍ مُّنِيرٍ﴾ لقمان ٢٠. واتـە: "ئایا نابینن کە چۆن خـودا هـەموو ئـەوەی لـە ئاسمانـەکان و زەویـدا هەیـە ڕامـی کردووە بۆتان؟ هەروەها بەلێشـاو نیعمـەتی دیـار و نادیـاری بەسـەرتاندا ڕژانـدووە، هەندێك مرۆڤ هەن چەلەحانێ دەکەن دەربارەی خودا، لە کاتێکدا قسەکانیان دوورە لە زانیاری و ڕێنومایی و پەرتووکێکی ڕوونکەرەوە."

بێگومان ئەو ڕامکردنەش بۆ سوودلێوەرگرتن و ڕێکوپێکییە و نابێت تێـك بـدرێ وێران بکرێت!

کەواتە پێگەی مرۆڤ لە گەردووندا و لای خودا[1] بەپێی میتۆدی ئیسلامی پێگـەی (میانە، دادگەری،  ڕاستی)یە، مرۆڤ گەورەی ڕەها و چـەقی گـەردوون نییـە، بـەڵکو جێنشینی خودای گەورەیە لە گەردووندا و بەپێی چوارچێوە و بەنـدەکانی پـەیمانی جێنشینی حـوکمی دەکـات، ئیـدی لێـرەوە جێگـە و پێگـەی میانـەڕەویی میتـۆدی ئیسلامی دەست پێ دەکات، بۆیە ئێمەش بەو عەدەسەی دەزانین کە دیمەنەکان کۆ

---

[1] پاش ئەوەی باسی وێناکردنی ئیسلامیمان کرد کە چۆن زاتی خودا بەدوور دەگرێت لـە هـەر پێچـواندنێك بـە شـتە دروسـتکراوەکان و جەسـتەدار کـردن و بـوونی لـە نـاو شـوێندا، ئـیتر کـە هەنـدێك وشـەی وەك(شوێنی)ی مەعنەوی و(مەجازی) بەکار بهێنین، هیچ پەیوەندی بـە جەسـتەدارکردن و پێچـواندنەوە نییە.

دەكاتەوە و گۆشەنیگایەكیشە كە تا ڕادەیەكی زۆر میتۆد لە شتەكانی تر جیا دەكاتەوە.

ئەگەر وێنای مرۆڤ وەك جێنشینێكی خودا لەم جیهانەدا نەكرێت، ئەوا مرۆڤ دەكرێتە خودا یان خودا لە قاڵبی پاڵەوانێكدا دەكرێتە مرۆڤ ـ هەر وەك پاڵەوانی یۆنانییەكان ـ یان وەك مەسیحییەكان كە یەكتاپەرستییان شێواندووە و خودایان خستۆتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، جا ئەگەر كاریگەریی نەبوونی دیدگەی میانەڕەوی بێت بۆ ڕێگەی مرۆڤ لە گەردووندا كاتێك لادانی ماددی ڕوو ئەدات، ئەوا كاریگەریی ئەم فەلسەفە میانڕەوییە لەسەر بەرەی (غەننووسییەكان[1] ـ باتینییەكان ـ باطنیة ـ) و تەنانەت درێژبوونەوەی لە (تەصەوفی فەلسەفیدا) هیچ مەترسی و هەڵەی كەمتر نییە!

ئەوەتا تەصەوفی فەلسەفی كە ڕەگ و سەرچاوەی غەننوصی هەیە، هیچ باوەڕێكی بە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ نییە، كاتێك بوونی ڕاستەقینە تەنها بە خودا

---

[1] **غەننوصییەكان**: لە وشەی(غنوصیص)ەوە وەرگیراوە، كە واتای مەعریفە دەگەیەنێت، دیدگەیەكی فەلسەفی و ئایینییە كە لەسەر تێكەڵكردنی فەلسەفە و ئایین وەستاوە، لە كەشی شارستانیی هیلینیدا و لە ڕۆژهەڵاتی كۆندا گەشەی كردووە، بەتایبەت لە وڵاتی ئێران. بیرۆكەی سەرەكیی بریتییە لەوەی كە ڕێگەی مرۆڤ لە مەعریفەدایە نەك باوەڕی ئایینی، چ دەقەكان یان عەقڵ یان پێكەوە ڕێگەی ئەم باوەڕە بن، لە سەرەتادا تێكەڵەیەك بوو لە هیلینی یۆنانی و كابالای عیبرانی ــ ئایینی میللیی ئیسرائیلییەكان ــ و مەزدەكی و مانەوی ـ ڕێچكەی فارسیی كۆن ـ ڕێگەی ئەزموونی ڕۆحیی خودی دەگرێتە بەر بۆ ڕزگاربوون. ڕۆڵی سەرەكیی هەبووە لە شێواندنی عەقیدەی خاوێنیی یەكتاپەرستیی مەسیحییەتدا، ئەو هەوڵەشی لەگەڵ ئیسلامدا تاقی كردۆتەوە و سەركەوتووش بووە لە دروستكردنی ئاراستەی تەصەوفی فەلسەفیدا، بەتایبەت كەسایەتییە سەرەكییەكانی یەكێتیی بوون(وحدة الوجود)، ئەم ڕێبازەی غەنوصی گەرچی سەركەوتوو بوو لە كارتێكردنی هەندێك كەسی تایبەتدا، بەڵام لە ڕاستیدا لایەنی كۆمەڵایەتیی مرۆڤ ویران دەكات و عەقیدەی جەماوەر تێك دەدات، چونكە ئەستەمە جەماوەری ئاسایی بتوانێت ئەو ڕێگەیە پەیڕەو بكات كە غەننوصییەكان بە ڕێگەی ڕزگاریی دەزانن!

دەبەخشێت! غەننوصییەکان دەڵێن: "بوونی خودا هەمان بوونی جیهانە، ئیدی بوونێکی سەربەخۆ بۆ جیهان و لەگەڵیشیدا مرۆڤ!"

ئەوانەشیان کە باوەڕیان بە هەبوونی دوانەیی خودا و جیهان هەیە دەڵێن: "بوونی ڕاستەقینە تەنها خودایە و شتەکانی تر بوونێکی وەهمی و سێبەرئاسای هەیە! لێرەوە لە هەردوو بۆچوونەکاندا مرۆڤیان پەراوێز خستووە و بێنرخیان کردووە، ئەمەش لەوێوە سەر هەڵ دەدات کە باوەڕیان بەوە نییە کە مرۆڤ جێنشینی خودا بێت.

***

# ئەو گەردوونەی هۆکارە بەدیهێنراوەکان بەرێوەی دەبەن

لە دیدگەی ئیسلامییەوە مرۆڤ باشترینی دروستکراوەکانە، بەڵام یەکێکە لەو دروستکراوانەی کە گەلێك لە مرۆڤ زۆرترن... لە چیرۆکی دروستکردندا کە لە قورئاندا هاتووە، قۆناغ و پەرەسەندنەکانی دەخاتە ڕوو، لەوێوە تێدەگەین کە گەردوون بوونێکی سەربەخۆی هەیە و جیاوازە لە مرۆڤ... ئیسلامیش باوەڕی بە هەبوونی ڕاستەقینەی جیهان هەیە و پێش مرۆڤیش هەبووە... خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ (١٠) ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ(١١) فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (١٢)﴾ **فصلت٩-١٢**. واتە: "ئایا ئێوە بێباوەڕن بەو خودایەی کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا زەویی دروست کردووە و ئێوەش هاوبەش بۆ ئەو خودا دادەنێن، ئەو خودایەی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە، ئەو خودایەی چیاکانی لەسەر زەوی داناوە و پیت و بەرەکەتی لە زەویدا داناوە و لە ماوەی چوار ڕۆژیشدا ڕزق و ڕۆزییەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕێك خستووە بۆ ئەوانەی خوازیاری ڕۆزین لە خودا، پاشان خودا ویستی ئاسمان دروست بکات کە لە دۆخی هەڵمدا بوو، فەرمووی بە ئاسمان و زەوی پێویستە ملکەچی من بن بە خواستی خۆتان بێت یان ملکەچکردنتان، ئەوانیش وتیان: ملکەچی فەرمانەکانی تۆین. خوداش لە ماوەی دوو ڕۆژدا حەوت ئاسمانی دروست کرد و کاروباری هەر ئاسمانێکیشی ناردە ئاسمانەکە و ئاسمانی دونیای بە ئەستێرەکان ڕازاندەوە لە کاتێکدا پاراستنی، ئەمەش هەمووی تەقدیری خودای خاوەن توانستی بێسنوور و زانیاری بێسنوور." هەروەها خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ (٧١) فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي

فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ(٧٢)﴾ ص ٧١ ـ٧٢. واته: "کاتێك خودا بە فریشتەکانی وت: من مرۆڤ لە خاك دروست دەکەم، هەرکات شێوەی تەواوی مرۆڤم پـێ بەخشی و ڕۆحم بەبەردا کرد، ئێوەش کڕنۆشی بۆ بەرن."

ئەم جیهانە ـ کە دروستکراوی خودایەکی تاك و تەنها و دانایە و هیچ کارێکی پووچ و بێهوودە ناکات ـ هەر لە سەرەتاوە و بەردەوامیش لە هەموو لایەنەکانیدا سیستەم و یاساکانی خودا بەڕێوەی دەبات کە ئەوانیش دروستکراوی خودان و لە خودی سروشت و دیاردە و هێزە سروشتییەکاندا داینـاوە. کەواتە ڕۆژ بە ڕۆژ هەرچیی سیستەم و هاوئاهەنگییەك لەم جیهانەدا هەست پێ دەکەین، مرۆڤ پتر پێی سەرسام دەبێت.

خودا ئەم جیهانەی بە دانایی و مەبەستداریی(عیللەت)ەوە دروست کردووە[1]، بەو شێوەیەی تەقدیری کردووە و ویستی لەسەر بووە، فێری کردووین و ئاگاداری کردووین کە ئەم جیهانە هەر لە سەرەتاوە بەپێی بەرنامە و یاسا (سوننەت[2]) دەچێت بەڕێوە، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ

---

[1] لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا دەمانەوێت ئاگارتان بکەینەوە کە مەبەستمان لە(عیللەت)ئەو شتەیە کە بوونی شتێك لەسەری وەستاوە و لە دەرەوەی شتەکەیە و کاری لەو شتەدا کردووە، ئەم واتایەش هەمان واتای (هۆکار ـ سەبەب)ە، بەڵام دانایی(حیکمەت) بە واتای ئامانجە، واتە ئەو شتەی کە ئامانجی کردارێك یان شتێکی دیکەیە. بۆیە کاتێك دەڵێین: (عیللەتی ئامانجدار)، مەبەستمان ئامانجی بوونی هەر شتێکە، تا جیا بکرێتەوە لە (ئامانجی بکەر) کە بریتییە لە بایس و هۆی ڕاستەخۆ لە دروستکردنی کاریگەری یان مەعلوولێك. بڕوانە: الجرجاني(التعريفات)طبعة القاهرة ١٣٥٧هـ ـ ١٩٣٨م. و(المعجم الفلسفي) وضع مجمع اللغة العربية ـ القاهرة ـ طبعة القاهرة سنة ١٣٩٩هـ ، ١٩٧٩م.

[2] لێرەدا وشەی سوننەت کە بە(سنن)دەکرێتە کۆ، بە واتا قورئانییەکەی بەکار دەهێنین، سوننەتی خودا: بریتییە لەو سیستەمەی بۆ دروستکراوەکانی دایناوە. بڕوانە: معجم الفاظ القرأن، وضع مجمع اللغة العربية، القاهرة، طبيعة القاهرة، سنة ١٣٩٠هـ ـ ١٩٧٠م.

لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥)﴾ **یـونس٥. واتــە: "ئــەوە خودایــە کــە خــۆری بــۆ کــردوون بــە سەرچـاوەی ڕوونـاکیی سـەرەکی و مـانگیش بـە ڕوونـاکیی وەرگـیراو لـە خـۆرەوە، مانگیشــی بــەهۆی کــەمورۆریی ڕووناکییەکەیــەوە کــردووە بــە هۆکارێــك تــا وەك ڕۆژژمێرێك سوودی لێ وەربگرن بۆ ژماردنی ساڵ و مانگ، ئـەم دروسـتکراوانەی بـە حـەق دروسـت کـردووە و بەڵگـە و نیشـانەکان بـەوردی بـاس دەکـات بۆتـان و ئـەو کەسانەی لێی ورد ئەبنەوە فێر دەبن و دەیزانن."**

**هەروەها دەفەرمێت:** ﴿ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا (٢)﴾ **الفرقـان٢. واتـە: "خـودا هـەموو شتێکی دروست کردووە و لەسەر بەرنامە و ڕێساش هەموو شتێکی ڕێك خستووە."**

**هەروەها دەفـەرمێت:** ﴿ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى (١) الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ (٢) وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ (٣) ﴾ **الأعلى١ـ٣. واتە: "ناوی خودای خـۆی بـە پـاکی و بێگـەردی نـاو ببە، ئەو خودایەی شتەکانی دروست کـردووە و بـەڕێکوپێکییش دروسـتی کـردوون، ڕێسا و یاسای بۆ شتەکان دروست کردووە و هیدایەتیشی داون بۆ ئەوەی سوود لەو یاسایانە وەربگرن."**

**هەروەها دەفـەرمێت:** ﴿ وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ (٣٨) مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ **الـدخان ٣٨ـ٣٩. واتـە: "ئاسمانـەکان و زەویمان بە گاڵتە دروست نەکردووە، تەنها لەسەر بناغەی حەق دروستمان کردوون، بەڵام زۆربەیان ئەو ڕاستییە نازانن."**

**وە دەفەرمێت:** ﴿ وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ (٢٧) ﴾ **ص٢٧. واتــە: "ئاسمــان و زەوی و ئــەوەی لــە نێوانیاندایە بە بێهوودەیی دروستمان نەکردوون، ئەوە گومانی هەڵەی بێباوەڕانە کە بە بێهوودەی دەزانن، وەیلی ئاگری دۆزەخ بۆ بێباوەڕان."**

کەواتــە ســوننەتی خــودا بــە واتــای نــاوەرۆکی سیســتمی خوداوەندییــە کــە دروستکردن و بوونی جیهان بەڕێوە دەبات لەو کاتەوەی دروستی کردووە..

خودا ئەم سوننەت و سیستم و یاسایانەی لە هەموو بەشەکانی بووندا چاندووە، لـە ئاسمـان و زەوی و کەشکەشـانەکاندا. ئـەم یاسـایانە ڕەوتـی جووڵـەی جیهـانی بەپێی ئەو حیکمەتە ئیلاهییە بەڕێوە دەبات کـە خـۆی تەقـدیری کـردووە، کەواتـە مێژووی هەر شتێك لەم بوونەدا لەژێر کۆنترۆڵی ئـەو یاسـا و سیسـتمەدایە، خـودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا (٧٧) ﴾ الأسـراء٧٧. واتـە: ئەمـە هـەمان ڕێگـە و سیسـتمی پێغەمبـەرانی پـێش خۆتـە کـە ناردوومانن، هەرگیزیش نابینیت کە گۆڕانکاری بەسەر ئەو ڕێگە و سیستمانەدا بێت. وە دەفەرمێت: ﴿ مَّا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا(٣٨)﴾ الاحـزاب٣٨. واتـە: "ئـەوە یاسـا و ڕێسـای خوداوەندییە لە ژیانی ئەو کەسانەدا پێش ئێـوە بـوون، فـەرمان و کارەکـانی خـودا ئەو حوکمەیە کە بەدڵنیاییەوە دێتە جێ." هەروەها دەفەرمێت: ﴿ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا (٦٢) ﴾ الاحـزاب ٦٢. واتـە: "ئـەوە یاسـا و ڕێسای خوداوەندییە لە ژیانی ئەو کەسانەدا پێش ئێوە بوون، هـەرگیزیش نابینیـت کـە گۆڕانکـاری بەسـەر ئـەو ڕێگـە و سیسـتمانەدا بێـت." هـەروەها دەفـەرمێت: ﴿ اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا (٤٣) ﴾ فـاطر ٤٣. واتـە: "ئایا ئەو بێباوەڕانەی قورەیش دەیانەوێت بـە هـەمان شـێوەی گـەلانی پێشـوو لـە ئەنجامی یاخیبوونیان لە پێغەمبەران سزایان بدەین لەم جیهانـەدا، یاسـا و ڕێسـای خودایی ناگۆڕرێـت و لەسـەر کەسـێکی شاییسـتەی ئـەو سـزایە لا نابرێـت بـۆ سـەر کەسێکی تر کە شایستەی ئـەو سـزایە نـەبێت." وە دەفـەرمێت: ﴿ سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا (٢٣) ﴾ الفتح ٢٣.

تەنانەت ئەو گۆڕین و گۆڕانکارییەی خودای گەورە لەم بوونەدا بەدی دەهێنێت، هەر بەپێی حیکمەتی خودایی و بەپێی سوننەت و یاسا سیستەمە و دوورە لە ڕێکەوت و بێبەرنامەیی و پووچی، بەڵام ئەو کرداری گۆڕینەی باس کرا بە واتای ئەوە نییە کە جەبر و زۆرکاری بەسەر هەموو کردارەکانی مرۆڤدا بسەپێت لەو شتانەدا کە خۆی بتوانێت بیکات، بەڵکو خودی ئازادیی مرۆڤیش بەشێکە لە سوننەت و سیستەمی پڕ لە حیکمەتی خودا، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ ۗ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ (١١) ﴾ **الرعد ١١**. واتە: "بێگومان هەتا مرۆڤەکان ئەوەی لە خۆیاندایە نەیگۆڕن خوداش گۆڕاکاری لە ژیانیاندا ناکات." وە دەفەرمێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٥٣)﴾ **الانفال٥٣**. واتە: "چونکە خودا ئەو ڕۆزییەی بە خەڵکی داوە نایگۆڕێت، تا ئەو کاتەی خاوەن ڕۆزییەکان خۆیان بەرەو خراپە دەگۆڕن."

ناردنی پێغەمبەران و پەیامە خوداییەکانیش کە نوێنەری ڕێگەی هیدایەت و دوورکەوتنەوەیە لە سەرگەردانی و گۆڕینی خوداوەندی بۆ ئەو ستەم و تاریکییەی تووشی مرۆڤەکان بووە، ئەویش لەژێر هەژموونی بەرنامە و یاساکان (سوننەتی خودایی)دایە وەك هەڵبژاردنی کۆمەڵێك کەس و ناردنی وەحی بە زمانی ئەو گەلەی بانگ دەکرێت و لادانی عیللەت و نەهێشتنی زەحمەتیی قورس لە بە ئاسانکاری گەشتنی بانگەواز و تەکلیفی ئاستی توانای مرۆڤ و دانانی مەرجی تەکلیف و چەندین ئاسانکاریی تریش کە ئوممەتی ئیسلامی داهێنانی تێدا کردووە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ ۗ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۗ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَوْا ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٠٩)﴾ **یوسف١٠٩**. واتە: "هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کە

پێش تۆ ناردوومانن هەر پیاو بوون." وە دەفەرمێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٤)﴾ ابراهیم٤. واتە: "هەموو ئەو پێغەمبەرانەی ناردوومانن، هەموویان بە زمانی ئەو گەلە قسەیان کردووە کە بۆیان نێرراون." وە دەفەرمێت: ﴿ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ (٢٤) ﴾ فاطر ٢٤. واتە: "هیچ گەلێك نییە کە پێغەمبەرێکی بۆ نەنێررابێت." وە دەفەرمێت: ﴿ مَّنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا (١٥) ﴾ الاسرا ء١٥. واتە: "سزای هیچ گەلێکمان نەداوە تا پێشتر پێغەمبەرێکمان بۆ ڕەوانە نەکردبێت." وە دەفەرمێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ (٣٤) ﴾ سبأ ٣٤. واتە: "لە هەر نشینگەیەکی ئاوەداندا پێغەمبەرێکمان ناردبێت، ئەو کەسانەی ڕابواردن و چێژ و خۆشییان بە بناغەی ژیان زانیوە وتوویانە ئێمە باوەڕ بە پەیامەکەتان ناکەین."

تەنانەت پێغەمبەرایەتی و پەیام و پەرجووەکانیش کە لە دەرەوەی سنووری تواناکانی مرۆڤ و دۆخە ئاساییەکانی سرووشتدان لە کاروانی مرۆڤ و مێژوویدا لە ڕێگەی گۆڕاندا، هەمووی مەحکوومە بە سیستەمە خوداییەکەوە لە هەڵبژاردنی خودایی و پەرجوو و کردار ـ بانگەواز ـ هەروەها ئەو کاردانەوانەی بانگکراوەکان دەینوێنن... گەلێك شتی تریش.

هەر وەك چۆن سوننەت و یاسا خوداییەکان هەژموونیان لەسەر جیهان هەبووە لە دروستکران و کاروانی بووندا، هەر واش لە چارەنووسیشیدا ڕۆڵیان هەیە، چونکە بەدیهێنان و خستنەکار پاداشت ئامانج و حیکمەتی تێدایە و پووچگەرایی لە ژیان و کردارەکانمان دوور دەخاتەوە. خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ (١١٥) ﴾ المؤمنون١١٥. واتە: "ئایا ئێوە وا دەزانن کە پووچ و بێهوودە دروستمان کردوون و ناگەڕێنەوە بۆ لامان؟." وە دەفەرمێت: ﴿

وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِ وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ (٤٠)﴾ يونس٤٠. واته: "بێگومان خودا هەر شتێك دروست دەكات و پاش لەناوبردنیشی دروستی دەكاتەوە تـا دادگەرانـە پاداشـتی بـاوەڕداران و خـاوەن كـردەوە باشـەكان بدەینـەوە و بێباوەڕانیش بەهۆی بێباوەڕییەكەیانەوە بەشیان خواردنەوەی ئاوی كوڵاو و سـزای پڕئازار دەبێت." وە دەفەرمێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ (٦) ﴾ الانشقاق ٦. واته: "ئەی ئادەمیزاد بێگومان تۆ خۆت ماندوو دەكەیت و كـار دەكەیت لە بـاش و خـراپ، لـە ئەنجامیشـدا هـەر دەگـەیت بـە پـەروەردگارت." وە دەفەرمێت: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (٧) وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ (٨)﴾ الزلزلة٧ـ٨. واته: "هەركەس بچووكترین كاری بـاش بكـات لای خـودا پاداشـتەكەی وەر دەگرێـت، هـەر كەسـێكیش بچـووكترین كـاری خـراپ بكـات، هـەر لای خـودا پاداشتەكەی وەردەگرێت."

كەواتـە حیكمـەت و سـوننەت و یاسـا و بـایس و ئامانجگـەرایی: ئـەو بەسـتەر و كۆكەرەوانەن كە سیستم و ڕێكخستن بەم جیهانە دەبەخشن، چ لە دروستكردن یـان بـەردەوامبوون یـان چارەنووسـدا، ئەمـەش بـە ویسـتی خودایـە و هاوكـات لـەنێو گـەردوونی ماددیـدا دروسـتی كـردووە بـە جیهانـە جیاوازەكـان و دیـاردە و هێـزە جۆربەجۆرەكانیەوە، بە هەمان شێوەش لە جیهانی مرۆڤدا هەستی پێ دەكەین:

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَآيَةٌ لَّهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ (٣٧) وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٣٨)﴾ یس٣٧ـ٤٠. واتـە: "یـەكێك لە بەڵگەكانی دەسەڵاتی خودا بریتییە لە شەو، كاتێك ڕۆژی لـێ دادەمـاڵین و ئیـدی شەویان بەسەردا دێت، خۆریش بەردەوام دەبێت لە جووڵە تـا ئـەو كاتـەی دەگاتـە شوێنی ئۆقرەگرتن، مانگیشمان وەها دروست كردووە كە ڕووناكییەكەی كـەم و زۆر بكات تا ئەو ڕادەیەی وەك پەلكی كۆنی خورمای لێ دێت، بەرنامەی جووڵـەی خـۆر

تێکەڵی بەرنامەی مانگ نابێت و شەویش بەرنامەی تێکـەڵی بەرنامـەی ڕۆژ نابێـت و هەریەك لە مانگ و ڕۆژیش لە هێڵی خۆیاندا دەسـووڕێنەوە." وە دەفـەرمێت: ﴿ مَّا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا (٣٨)﴾ الاحزاب ٣٨. واتە: "هەر شتێك خودا بیەوێت هـەر دەبێـت بێتـە دی و ڕوو بدات."

***

ئـەم ڕاسـتییە بابەتییـەی کـە قورئـان داکـۆکی لەسـەر دەکاتـەوە لـە عـەقڵی موسوڵماندا و لە ڕێگەی ئەو میتۆدە ئیسلامییەوە وای لە موسوڵمان کردووە کە هیچ دوودڵییەکی نەبێت لـە حەقیقـەتی هـەبوونی هـەژموونی بـایس و هۆکـار (عیللـەت و سەبەب)ی ماددی و مرۆیی لەم بوونەدا، ئەگەر هۆکـار (سـەبەب) ئـەنجامێکی لێـوە بێتە دی، چ لە ڕووی عەقڵی و چ لە ڕووی واقیعەوە، ئەوا عەقڵ ئامادەیی تێدایە کـە باوەڕی بە هەژموونی هۆکارگەرایی هەبێت لەسـەر جیهـانی مـاددە و زینـدەوەران و هزرەکان، ئەم باوەڕەش بە یارمەتیی وردبوونەوەیەتی لە هەردوو پـەرتووکی ئـایین (قورئان) و پەرتووکی گەردوون (سرووشت و دیاردەکانی)، کەواتـە وردبوونـەوە لـە ئەنجامی هۆکارەکان _ بەدیهێنراو و دروسـتکراوەکان _ ڕێگەیـەکی ئیسـلامییە بـۆ زانینی هۆکاری بەدیهێنی ئەو شتانە کە خوای گەورەیە، ئەمەش گەواهییەکە لەسەر بـاوەڕبوون بـە هۆکارگـەرایی و گرنگیپێـدانی لـە بەڵگەسـازییە ئیسـلامییەکاندا، دۆزینـەوە و پـەیبردن بـە هۆکـاریش ڕێگایـەکی بێزیانـە بـۆ گەشـتن بـە ئامـانج و ئەنجامـەکانی هۆکـار. خـودای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ قُلْ سَأَتْلُو عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا(٨٣) إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا (٨٤) فَأَتْبَعَ سَبَبًا (٨٥)﴾ الكهف٨٣-٨٥. واتە: "پرسـیارت لـێ دەکـەن دەربـارەی (ذوالقـرنین)، پێیان بڵێ: باسێکتان دەربارەی ئـەو بـۆ دەکـەم، ئێمـە لەسـەر زەویـدا پلەوپایـە و

دەسەڵاتێکمان پێ بەخشی و بۆ پێداویستییەکانی سەردەمی خۆی هۆکارێکمان پێ بەخشیبوو، ئەویش سوودی لەو هۆکارانە وەرگرت، گەیاندییە بەدیهێنانی ئامانج و بەرهەمی هۆکارەکان.

***

لێرەوە مرۆڤ مافی خۆیەتی بپرسێت: ئەگەر پلەی ڕوونی و یەکلابوونەوەی بایسگەرایی و هۆکارگەرایی لە دروستکراوەکاندا ئەوەندە ڕوون بێت لە میتۆدی ئیسلامیدا، ئەی بۆچی ئەو ڕاجیاییە بەناوبانگە هەیە لە کەلەپووری ئیسلامیماندا دەربارەی لایەنگرانی هۆکارگەرایی و نکوولێکارانی؟

چۆنە وا بڵاو بووەتەوە کە پێشەوا غەزالی (٤٥٠ ـ ٥٠٥ك، ١٠٥٨ ـ ١١١١ز) دژایەتیی هۆکارگەرایی کردبێت و نکوولّی لە زەروورەتی پەیوەندیی نێوان هۆکار (السبب) و بەرهەمی هۆکار (المسببات) کردبێت لە پەرتووکی (تهافت الفلاسفة)دا و ناوی ناوە: پەیوەندیی پێکەوەبوون، باوەڕیشی وەها بووە کە پەیوەندییەکە ئاساییە و یاسایەکی حەتمی و زەرووری نییە؟

چۆنە وا ئیبن ڕوشدی حەفید (٥٢٠ ـ ٥٩٥ك، ١١٢٦ ـ ١١٩٨ز) دژ بەم بۆچوونەی غەزالی وەستاوە و بە پەرتووکی (تهافت التهافت) وەڵامی غەزالیی داوەتەوە؟

ئێمەش پێمان وایە کە لێشێوان و لێتێکچوونێك لەم بابەتەدا هەیە، چونکە هەڵوێست لەمەڕ هۆکارگەرایی و پەیوەندیی هۆکار و بەرهەمی هۆکار بەم شێوەیە دابەش بووە:

أ‌ـ هەڵوێستی ئەوانەی هەموو جۆرە هۆکارێك و پەیوەندی لەگەڵ ئەنجامی هۆکار ڕەت دەکەنەوە، تەنانەت هۆکاری یەکەمی بوونیش، هەموو شتێك دەگەڕێننەوە بۆ ڕێکەوت و ڕێککەوتن، هیچ موسوڵمانێك خاوەنی ئەم هەڵوێستە نییە، چونکە خاوەنی ئەم هەڵوێستە و ئیسلام یەك ناگرنەوە!

ب ـ هەڵوێستی ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی هۆکار و پەیوەندیی کردەیی حەتمی و زەروورییی نێوان هۆکار و بەرهەمی هۆکار هەیە، پێیان وایە ئەو هۆکارانەی نێو ماددە و هێز و دیاردەکانی ماددە و لە مرۆڤیشدا، لە خودی شتەکاندا هەیە و خودا دروستی نەکردوون، ئەمەش یان لەبەر ئەوەیە کە باوەڕیان بە خودا نییە یان وەك ئەرستۆ (٣٨٤ ـ ٣٢٢ پ.ز) پێیان وایە کە خودا بزوێنەری یەکەمە و پاش جووڵاندنی ڕادەستی هێز و هۆکارە خودییە کاراکانی کردووە و هەقی بەسەریەوە نییە، هیچ موسوڵمانێکیش خاوەنی ئەم هەڵوێستە نییە و ئەوەش کە لە کەلەپوورماندا هەیە، لێکدانەوەی هەندێك لە فەیلەسووفەکانمانە لەسەر ئەو بۆچوونەی یۆنانییەکان، وەك وتراویشە لێکدانەوەی کوفریش نابێتە خودی کوفرەکە!

ج ـ هەڵوێستی سێهەم بریتییە لە هەڵوێستی ئیسلام و هەموو بیرمەندەکانی لەگەڵ هەندێك جیاوازی لە دەربڕینەکاندا، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی لایەنی تەرکیز و گرنگیدانە بە یەکێك لەو لایەنانەی بەپێی ئەوەی کە بیرمەند پێی وایە مەترسییە لە سەر خاوێنیی عەقیدەی ئیسلامی!

ئەم هەڵوێستە ئیسلامییە دەربارەی هۆکارگەرایی، هەموو بیرمەندانی ئیسلامی هاودەنگن لەسەر تەوەر و گەوهەری ئەو بیرە، باوەڕیان بەوەیە کە پەیوەندیی هۆکار و ئەنجامی هۆکار لەلایەن خوداوە بەدیهێنراوە، کە دروستکەری هەموو شتەکانە و دەشتوانێت کاریگەریی هۆکار بوەستێنێت ئەگەر بیەوێت دۆخی ئاسایی بگۆڕێت بۆ دەرچوون لە سنووری ئاسایی (خارق العادة) بەهۆی حیکمەتێکەوە کە خۆی مەبەستییەتی.

کەواتە هیچ موسوڵمانێك نکووڵی لە پێکهاتن و کاری هۆکارەکان و دروستکرانی لەلایەن ئەو خودایەی لە دەرەوەی ماددە و جیهانی هۆکارەکانە و تواناشی هەیە سیستمی کار و پەیوەندیی نێوان هۆکار و بەرهەمی هۆکار بوەستێنێت کاتێك

بیــەوێت لــە بەرانبــەردا مــوعجیزە یــان بەڵگــە بنوێنێــت وەك گەواهییــەك لەســەر موعجیزە.

لــە کاتێکــدا بیرمەنــد بــە قــووڵی و چــڕی ســڵ دەکاتــەوە لــە هــزری نکــووڵ لــە هۆکارگەرایی، تەرکیزی دەبڕینەکانی لەسەر دەرخستنی هۆکارگەرایی و پەیوەندیی هۆکار و ئەنجامی هۆکار دەبێت، کاتێکیش باس لەو هــزرە قەدەغەیــە دەکرێــت کــە کاری هۆکار بە خودی و ســەربەخۆ دەزانرێــت لــە خــودا، ئــەوا تــەرکیز لەســەر ئــەو دەربڕینە دەکات کــە نیســبەتی خەقیقــەتی کارەکــە بدرێتــە لای خــودا نــەك بدرێتــە دەست هۆکارەکان!

ئەمەیە مژارەکــە، ئەمەیــە ئــەو سەرلێشــێواندنانەی وەهمــی نــاکۆکی و ڕاجیــایی ئیسلامی بڵاو کردۆتەوە لەمەڕ بابەتێك کە ئیسلام هیچ بوارێکی تێدا نەهێشــتۆتەوە بۆ ڕاجیایی.

ڕەنگە بۆ پشتیوانیی ئەم بۆچوونەمان لەسەر هەبوونی ڕاجیاییەکی هەڵبەستراو، ئەم سێ قسەیە وەك دڵگەرمییەك بە نموونە بهێنینەوە، نموونەی هەردوو لایەنی ئەو ڕاجیاییە هەڵبەسراوە کە غەزالی و ئیبن ڕوشدن، نموونەی سێهەمیش هــی (جاحظ ١٦٣ ـ ٢٥٥ك _ ٧٨٠ ـ ٨٦٩ز) کە پێش ئــەوان بــووە، لــەو نموونانــەدا یەکدەنگیی زانایانی کــەلام و فەلســەفەی کۆمــەڵ و ئاراســتە جیاوازەکــان دەبیــنین لەســەر ئــەم هەڵوێستەی کە ئیسلام بەڕوونی باسی کردووە لەبارەی ئەو بابەتەوە.

ـ ئەوەتا غەزالی _ کە وا بڵاوە نکووڵی لە هۆکارگەرایی و پەیوەندیی حــەتمی و زەرووریی نێوان هۆکــار و ئــەنجامی هۆکــار دەکــات _ تــەنها ئاگــاداری کردوویــنــەوە لەوەی پەیوەندیی نێوان هۆکار و ئەنجامەکەی نەمانگەیەنێتە ئــەوەی ڕۆڵــی خــودا، کە هۆکــاری یەکــەمینی هۆکارەکانــە لــەبیر بکــەین و خۆهۆکــاری (السببیة الذاتیــة) بدەینە پاڵ دروستکراوەکان، یان نکووڵی لەوە بکەین کە خودا دەتوانێت سیســتمی ئاسایی کاری هۆکارەکان بەهۆی هۆکاری ترەوە پێچەوانە بکاتەوە، کــە هــەر خــۆی

دروستی کردوون! کەواتە غەزالی نکووڵی هۆکارگەرایی ناکات، بەڵکو لە هۆکارگەراییەك ئاگادارمان دەکاتەوە کە بێباوەڕان نایسەلمێنن!

ئەم قسەی غەزالی گەواهیمان بۆ دەدات لەسەر ئەو هەڵوێستەی غەزالی کە دەڵێت: "ئێمە ئەوە دەسەلمێنین کە سروشتی ئاگر وەهایە کە هەرکات دوو پارچە لۆکەی هاوشێوە بەری بکەون هەردووکیان دەسووتێن، بەڵام باوەڕیشمان وایە کە دەکرێت مرۆڤێك بخرێتە ئاگر و نەشسووتێت، بەهۆی گۆڕینی سروشتی ئاگرەکەوە بێت یان گۆڕینی سروشتی مرۆڤەکە، ئەمەش کاتێك خوای گەورە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی فریشتەیەکەوە بەرگری لە بڵاوبوونەوەی گەرمای ئاگرەکە دەکات و هاوکات ئاگرەکەش دەمێنێتەوە، یان جەستەی مرۆڤەکە وەها لێ بکات لەگەڵ مانەوەی گۆشت و ئێسقانی جەستەی لە ئاگرەکەدا، ئاگرەکە نەیسووتێنێت، ئەوەتا دەبینین کە مرۆڤ هەیە خۆی بە پێکهاتەیەکی ڕووەکی چەور دەکات (کە پێی دەوترێت طلق)، پاشان لە تەنوورێکی داگیرساودا دادەنیشێت و ناشسووتێت، دیارە ئەو کەسەی ئەم کارە نەبینێت نکوولیی لێ دەکات، ئەو کەسەش نکووڵی لەو دەسەڵاتە بکات کە سیفەتێك لە ئاگردا دروست بکات یان لە جەستەدا کە ڕێگا لە سووتان بگرن، وەك ئینکاریی نەسووتانی ئەو کەسە وەهایە کە دەچێتە ناو تەنوورەکە لەلایەن کەسێکەوە کە خۆچەورکردنەکە و کاریگەرییەکەی نەبینیبێت، دیارە لە بازنەی تواناکانی خودای گەورەدا گەلێك شتی نامۆ و سەیر هەیە کە هەموویمان نەبینیوە، بۆیە نابێت نکووڵی لە ئەگەری ڕوودانی بکەین و بە ئەستەم (مستحيل)ی بزانین."[1]

وەك دەبینین غەزالی لێرەدا نکووڵی لە هۆکارگەرایی ناکات و پەیوەندیی حەتمیی نێوان هۆکار و ئەنجامەکەی دەسەلمێنێت، بەڵام بڕوای بە ڕەهایی ئەو

---

[1] ابو حامد الغزالي(تهافت الفلاسفة) ص٦٧ـ٦٨، ط القاهرة، ١٩٠٣م.

پەیوەندییە نییە و پێی وایە کە ئەگەر خودا بیەوێت دەتوانێت لە ڕێگەی هۆکارێکی ترەوە ئەو پەیوەندییە نەهێڵێت، وا دیارە دژی مەسەلەکە نییە، بەڵکو ئیزافەیەکی هەیە بۆی و پێی وایە دەکرێت هۆکارگەراییەك بە یەکێکی دی دەگۆڕێت.

ـ ئیبن ڕوشدیش لە ڕاستیدا هاوڕای غەزالییە لەم پەیوەندی هۆکار و ئەنجامی هۆکارەدا، پێی وایە کە کرداری خودا مەرجی بناغەیی پەیوەندیی هۆکار و ئەنجامی هۆکارەکانە، بۆیە دەڵێت: "...نابێت گومانمان هەبێت لەوەی کە دروستکراوەکان کار لەسەر یەك دەکەن و ئەوەی کە بکەرە هێزی بکەرییەکەی لە خودی خۆیەوە نییە، بەڵکو لە دەرەوەی بکەرەکەیەوە و بەبێ ئەویش کارێکی بۆ ناکرێت، تەنانەت ئەو بکەرە سەرەکییە مەرجی بوونی خودی بکەرەکەیە."[1]

جاحیظیش ڕای لەسەر هەمان ڕاستییە، کاتێك دەڵێت یەکتاپەرستی لە خواوەندییەتیدا (التوحید في الالوهية) کە بریتییە لەوەی باوەڕت بەوە هەبێت بە دروستکرانی بوونەوەر، واتای ئەوە نییە کە هۆکاری کاریگەر نەبێت لەناو خودی شتەکاندا کە بریتییە لە سروشتی شتەکان، دەکرێت وێناکردنی ئەم مەسەلەیە لای هەندێك قورس بێت، بەڵام دەتوانرێت وێنا بکرێت! "...ئەو کەسەی هەم باوەڕی بە یەکتاپەرستی هەیە و هەم باوەڕیشی بە کاریگەریی سروشتی شتەکان هەیە لە کرداری شتەکاندا ڕاستی پێکاوە، ئەو کەسەش پێی وایە یەکتاپەرستی تەنها کاتێك دێتە دی کە باوەڕت بە کاریگەریی سرووشتی شتەکان نەبێت، ئەوا لە یەکتاپەرستی تێنەگەشتووە، بە هەمان شێوەش ئەگەر کەسێك باوەڕی وەها بێت کە سرووشتی شتەکان ڕۆڵی نییە ئەگەر باوەڕمان بە یەکتاپەرستی هەبێت، ئەوا ئەو کەسەش لە سرووشتی شتەکان تێنەگەشتووە، مولحیدیش ئەو کاتە لێت نائومێد دەبێت کە لەگەڵ یەکتاپەرستیدا ڕۆڵی سرووشتی شتەکانیش ڕەت نەکەیتەوە، چونکە ئەو

---

[1] ابوالوليد بن رشد(تهافت التهافت)ص١٢٤، ط القاهرة ١٩٠٣م.

کەسەی باوەڕی بە کرداری سرووشتی شتەکان نەبێت باوەڕیشی بە خودی سروشتەکانیش نییە، جا ئەگەر خودی شتەکان نیشادەری خودا بن و تۆش نیشاندەرەکە لابەریت، ئەوا باوەڕبوونت بە خوداش هەڵوەشاندۆتەوە."[1].

***

کەواتە هیچ ڕاجیاییەك لە ئیسلامدا و لە حەقیقەتی هەڵوێستی ئیسلامییەکاندا نییە لەسەر بوونی ئەو هۆکار و بایسانەی حوکمی ئەم گەردوونە ئەکەن لە سەرەتای دروستکردنیەوە تا مێژووی بەردەوامی و کۆتایی چارەنووس... ئیسلام تەنها ئەم بابەتە چوارچێوەدار دەکات بەوەی هەم هۆکار و هەم بوونەوەرەکان دروستکراوی خودای تاك و تەنهان، کەواتە ئەم جیهانە دروستکراوە لەژێر هەژموونی تەواوی سوننەتی خودایی و یاسا و هۆکارەکانن، کە ئەوانیش دروستکراوی خودای تاك و تەنهان.

***

ئەگەر هەڵوێستی ئیسلام لەسەر بوونی بابەتی جیهان و بوونی هۆکاری کاریگەر لەسەر سرووشت و مرۆڤ و کۆمەڵگەکان لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت کە جیهان و مرۆڤ و کۆمەڵگەکان و هۆکارەکانی نێو ئەمانە دروستکراوی خودان، ئەوا ئەم هەڵوێستە ئیسلامییە تەعبیر لە میانەڕەویی ئیسلام دەکات.

دیدگەی ماددی دۆزی هۆکارگەرایی لە کاتێکدا باوەڕی بە بوونی بابەتیبوونی جیهان و هۆکارەکانی ناو سرووشت و دیاردە و هێزەکانی هەیە، هاوکات نکوولیی لەوە دەکات جیهان و مرۆڤ و کۆمەڵگەکان و هۆکارەکان دروستکراوی خودا بن... واتە هەم بوون و هەم هۆکارەکارەکان لە خودی خۆیانەوە هەن.

---

[1] الجاحظ (كتاب الحيوان)ج٢ ص١٣٤-١٣٥. تحقيق الاستاذ عبدالسلام هاروون، ط القاهرة.

به پێچەوانەی ئەم بۆچوونە مادديیەوە، غەننوصییەکان (الباطنية) ـ هەر وەك لە تەصەوفی فەلسەفیشدا دیارە و بەدیاریکراوییش لای هەڵگرانی بیری یەکیەتیی بوون (وحدة الوجود) و نکووڵیکارانی بوونی جگە لە خودا، پێیان وایە جگە لـە خـودا نـە هۆکار و نە ئەنجامی هۆکار هەیە و نە بوونێکیش لەئارادایە.

أ ـ باوەڕیـان بـە کـردار نییـە _وەك هۆکـارێکی بکـەر و بەرهەمـدار_ کاتێـك کارێکیش دەکەن، هیچ باوەڕێکیان بـە پەیوەنـدیی زەرووری و حـەتمیی نێـوان ئـەو کارە و ئەنجامەکانی نییە.

ب ـ کەسـانێکی (جـەبری)ن ویسـتی مـرۆڤ ڕەت دەکەنـەوە، هـەر وەك (نەففەری(النفری) ـ ٣٥٤ك ـ ٩٦٥ز)دەڵێت: "بەندەکان _ئەوانەی ئازادی و ویستیان نییە_ لە بەهەشتان، ئازادەکانیش _خاوەن ویستەکان_ لە دۆزەخدان."[١].

ج ـ نکووڵی لە بوونی ڕاستەقینەی هەر شتێکی جگە لە خودا دەکەن، هەندێکیان دەڵێن جگە لە خودا سێبەر و وەهمە، هەندێکیشیان دەڵێن: بوونێـك نییـە جگـە لـە خودا، دونیا هیچە!

د ـ بۆیە پشت بە بێگانە نابەستن ـ هۆکاریش یەکێکە لە بێگانەکان و متمانـەیان پێی نییە، چونکە بە وەهم و نەبووی دەزانن!

هـ ـ نکووڵی لەوەش دەکەن کـە ناسـینی دروسـتکراو ڕێگەیـەك بێـت بـۆ ناسـینی دروستکار(خودا)، چونکە دروستکراوێك لە ئارادا نییە.

و ـ بێوەیی لە دۆزەخ لای ئەوان دیارییەکە و دەبەخشرێت و هیچ پەیوەندیی بـە کردار و کەسب و هۆکارەوە نییە، تەنانەت خواپەرسـتییش _ئەگـەر بیکـەن_ هـیچ ڕۆڵی کاریگەریی هۆکار و ئەنجامی هۆکار نییە.

---

[١] النفري (المواقف والمخاطبات) ـ موقـف الحجـاب ـ تحقيـق ارثـر اربـري، تقـديم د. عبـدالقادر محمـود. ط القاهرة ١٩٨٥م.

ز ـ هـەروەها زانیارییـەکانیش بـە دیارییـەك دەزانـن و هـیچ پەیوەندییـەکی بـە پەیداکردن و هۆکارەکانەوە نییە.

ح ـ بە ڕاشکاوییش نکووڵی لە هۆکارگەرایی ـ واتە تویشوو ـ دەکەن و پێیان وایە کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوە بۆ ئامانج ـمەقامی وەقفەـ نییە، هـەر وەك نەففـەری دەڵێت: "پێی وتم ـ (واتە خودای گەورە): هەموو کەس توێشـووی هەیـە، جگـە لـە وەستاو، هەموو خاوەن توێشووەکانیش شکستخواردوون."[1].

ی ـ ئەمانجی هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە ئەوە نییە کە مرۆڤ لە ڕێگەی بەدەسهێنان و هۆکارەوە وەك جێنشینی خودا سـەر زەوی ئـاوەدان بکاتـەوە، بـەڵکو ئامانجیـان (فەنابوونی مرۆڤە لە خودادا)، ئەویش لە ڕێگـەی سڕینەوەی (خـود)ەوە، ئـەوەش ئامانجێکـەوە خـودا بـە فـەزل و دیـاری بـە مرۆڤـی دەبەخشـێت، نـەك لـە ڕێگـەی بەدەسـهێنان و هۆکـارەوە ! هـەروەها بـە دەبـڕینی نەففـەری، کـە دەربـارەی ئـەم ئامانجە دەڵێت: گەیشتنە بە مەقامی (وەقفە، کە لەوێدا مرۆڤ جگە لە خـودا هیچـی تر نابینێت. (پێی وتم ـ(واتە خوای گەورە): وەقفە پەیوەندیی بە هۆکارەوە نییـە و هۆکاریش پەیوەست نییە پێوەی[2].

***

بـەم شـێوەیە ئەگـەر پرۆگرامـی میـانڕەوی ئیسـلامی لەدەسـت بـدەین، ئـەوا هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئیسلامی لەدەست ئەدەین لە بارەی دۆزی هۆکارگەراییەوە، ئـەوکات هاوسـەنگییەکە یـان بـەلای بـیری ماددیگەراییـدا دەشـکێتەوە، کـە تـەنها هۆکارەکانی نێو مادده و سروشت بە بکەر دەزانێت، یان بـەلای بـیری غەنوصـی ـ باطینیدا کە جگە لە خودا، دان بە بوونی بابەتی هیچ شتێکدا نانێت.

---

[1] وەقفە: بەرزترین پلەیە کە لە ڕێگەی ڕزگاری و فەنابوون لـە خـودادا ئـەهلی تەصـەوف پێـی دەگـەن، خاوەنەکەی جگە لە خودا هەست بە هیچ شتێکی تر ناکات.

[2] المصدر السابق ـ موقف (الوقفة).

لەو نێوەندەدا بیری میانڕەوی هەیە و لە هیچکامیان دانەبڕاوە و هەم باوەڕی بە بوون بابەتی شتەکان هەیە و هەم باوەڕی بە بوونی بابەتی هۆکاری بکەر و بوونی خودای گەورەش هەیە.

لە کۆتایی باسەکەماندا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەو موسوڵمانەی هەڵگری هزری میانڕەوییە بەو شێوەی باسمان کرد، ئەوە بزانێت کە ئەمڕۆ پاش تەواوبوونی سەردەمی پێغەمبەرێتی و پەیامی ئیسلام و پێچرانەوەی ئالاّ و سوننەتە دەراساکانی جگە لە قورئانی پیرۆز، کە چارە و گۆڕەپانی کاری سەرەکی و گەورەترینی ئەو بریتییە لە دۆزینەوەی (سیستمە کاراکانی) و بەدەستهێنانی چەکی گۆڕینی دەروون و واقیعی ژیانی، قورئانی پیرۆزیش وەك موعجیزەیەکی دەراسا مرۆڤ بۆ ئەم کارەی هەڵدەنێت و قورئانیش ئەم ئەرکە بە کەم نازانێت و ململانێشی بەرانبەر ناکات.

***

**ڕێگاکانی هۆشیاری و مەعریفە:**

میتۆدەکانی هزری ئیسلامی و ئاراستەکانی ئاشنا و زانا بوون بە چەندین ڕێچکەی جیاواز لە ڕێگە و کەرەستە و دەریچەکانی هۆشیاری مرۆیی و بەدەسهێنانی مەعریفەکانی مرۆڤ و دەستخستنی حەقیقەتی زانست و وێناکردنە زیهنییەکان دەربارەی شتەکان.

یەکێك لە دیارترین ئەو میتۆدانەش، میتۆدی خاوەن (هزری باطینی) ڕووت و خاوەن (هزری ماددی)ن.

ـ بۆچوونی باطینی لە بەدەستهێنانی هۆش و مەعریفەکاندا میتۆدێکی کۆنە و مێژووی هزری ڕۆژهەلاّتی کۆن بە غەنوصی (Gnosticism)... کە میتۆدێکە بۆ بەدەسهێنانی هۆشیاری و مەعریفە پشت بە هەستەکان نابەستێت،

هەروەها پشت بە عەقڵیش نابەستێت کە هێزێکی دامەزراوە لەسەر هەستەکان، بە هەمان شێوەش پشت بە گێڕانەوەی دەقەکان و بیستراوەکان نابەسێت لەم بوارەدا و تەنها ڕێگەی باطینی بەکار دەهێنێت، ڕێگەی (عیرفان) و ڕاهێنانی ڕۆحی و سەختگیری و زەحمەتدان بە خود وەك ڕێگەی رزگاری دەبینێت[1].

ئەم غەنوصییەتە باتینییە لە هزری ڕۆژهەڵاتی کۆندا بۆتە نوێنەری بەرۆژئاواییکردنی ئەو قۆناغەی مێژوو، چونکە تێکەڵ بوو لەگەڵ (هیلینییەت)ی گریکی، کە پاش سەرکەوتنی ئەسکەندەری گەورە (٣٥٦_٣٢٣ز) بەسەر دەوڵەتی فارسی کۆندا لە (٣٢٣ز) و دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتەکانی گریکی و ڕۆمانی کە تا سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتیان گرتبووەوە[2].

غەنوصییەت تێکەڵەیەك بوو لە (هیلینییەت)ی گریکی و ڕێچکە هزرییەکانی فارس و ئایینەکانی مەزدەکی و مانەوی و ئایینە شەعبییەکانی ئیسرائیلی کۆن (قبالییەت)، کە لەسەر قووڵبوونەوە لە ڕەمزە شاراوەکان و نهێنییەکانی ژمارە و پیتەکان.

ئەم بۆچوونە (باگینییە - غەننوصییە - عیرفانییە) بوویە هۆی شێواندنی یەکتاپەرستیی خاوێنی مەسیحی لە سەرەتاکانیدا. پاشان کەوتە جەنگین دژی یەکتاپەرستیی ئیسلامی و توانی لە ژینگەی ئیسلامدا جێگەپێی خۆی قایم بکات، کە لە مەزهەبەکانی باطینی و ئیمامی و تەصەوفی ئیسلامی و فەلسەفیدا

---

[1] وشەی مەعریفە لە زاراوەی صۆفیدا بریتییە لەو حاڵەی لە ئەنجامی شهوودەوە بەدەست دەهێنرێت، (عارف)یش ئەو کەسەیە خودا خۆی و صیفات و ناو و کرداری خۆی نیشان داوە. بڕوانە: القشاني(اصطلاحات الصوفية)، تحقيق: محمد كمال جعفر، ط القاهرة ١٩٨١م.

[2] نووسەر لێرەدا کەوتۆتە هەڵەیەکی مێژوویی، چونکە پاش ماوەیەك لە سەرکەوتنی ئەسکەندەر، ئەشکانییەکان سەریان هەڵدا و پاشان ساسانییەکان... تا کاتی فتوحاتی ئیسلام ئێرانی ئێستا و هەندێك ناوچەی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لەژێر دەستدا بوو (وەگێڕ).

دەرکەوتووە، بەتایبەت ئەوەی لـە مەزهـەبی یەکیـەتیی بـوون (وحـدة الوجـود)دا و ...هتد.

گەرچی ئەم بۆچوونە باتینیەش لەرێگەکانی هوش و مەعریفەدا سەرکەوتوو بووە لە دەرخستنی هەندێك نهێنی رۆح ـ بەپێی بۆچوونی خۆیـان ـ بـەڵام هـەڵگرانی ئـەم بیرە نوقمی دەریاکانی ئەو نهێنییانە بوون و شتێکی تر لە جیهانی هۆش و مەعریفە و زانستەکان ئاشکرا ناکەن بۆمان، هەروەها بە حوکمی _مەرج و پێداویسـتییەکانی دەروونشـەکەتکردن و ڕاهێنـانی ڕۆحـی_ تـەنها بـۆ کۆمـەڵێك کەسـی تایبـەتی نێـو تایبەتەکان بەکار دێت و دەبێتە ئەزموونێکی خودی و تاکەکەسی، ناتوانرێت بابەتی بێت و بۆ هەمووان بێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە شەریعەت و پەیامە ئاسمانییەکان بۆ هەموو گەلان و هەموو خەڵکی دێت.

ـ بۆچوونی دووەم لە ڕێگەی بەدەسهێنانی هـۆش و مەعریفـەدا ماددیگەرایيـە و دژ و پێچەوانەی باتینییەکانە و تەنها پشت بە هەستەکان دەبەستێت لەم ڕێگەیەدا، پێی وایە جگە لـەوەی بـە هەسـتەکان پێـی دەگـەین هیچـی تـر بـوونی نییـە، هـەر شتێکیش عەقڵی پشتبەستوو بە هەستەکان قبووڵی نەکات ئەستەمە ببێتـە بابـەتی زانست و مەعریفەی بابەتی.

دیارە ئەم بۆچوونی ماددییەش دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، بریتییە لـەو هـزر و ئاراستە ماددییەی یۆنانی هزری ماددی فەلسەفی سەردەمی (دیمۆکریتۆسی ئەبدیری لـە نزیکـەی ٤٦٠ ـ ٣٧٠پ .ز) تـا سـەردەمی فەیلەسـووفە ماددییـەکانی سـەردەمی بووژانەوە (ڕێنیسانس)ی ئەورووپی، کەواتە ئـەمیش وەك غەننوصـیی باتینییـەکان نوێنەرێکی هزری ڕۆژئاوایە چ کۆن و چ تازە!

ئـەم بۆچـوونە مادییـەش ڕەنگـە سـەرکەوتوو بێـت _سـەرکەوتووش بووە_ لـە پەیبردن بەو شتانەی لە بازنـەی هەسـتەکانماندایە لـە بابەتـەکانی جیهـانی بەرچـاو (عـالم الشـهادة)، بـەڵام نـەیتوانیوە پـەی بـەو شـتانە ببـات کـە لـە دەرەوەی ئـەو

هەستانەدان و یان هەر شتێك لە جیهانی غەیب و تەنانەت هەر شتێکی جیهانی بینراویش کە هەستەکان بە سەربەخۆیی پێی ناگەن لە بابەت و ئەحکامەکانی ئەو جیهانە. کەواتە ئەم بیرە ماددیە ڕەنگە لای ئەوانەی تەنها باوەڕیان بەم جیهانەی ئێستا هەیە بەکەڵك بێت - بە تیۆری یان لافوگەزاف ـ بەڵام بەدڵنیاییەوە پێویستییەکانی هەردوو دونیای باوەڕدار جێبەجێ ناکات!

ئەوەش هەردوو بۆچوونی گەشتن بە هۆشیاری بوو کە لەنێو میتۆدەکانی هزری مرۆییدان و کەوتوونە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەوە.

***

لە دیدگەی ئیسلامییەوە ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێگاکانی هۆش و مەعریفەوە هەیە لە میتۆدی ئیسلامدا، بڕوای وایە کە ڕێگاکان فرەیی تێدایە و خودی ئیسلامیش لایەنەکانی مەعریفە و کایەکانی ژیانی دونیا و دواڕۆژیش، دیار و نادیار و واقیعی و ئایدیالیە ماددی و مەعنەوی و دونیا و ئایینی و عەقڵی و نەقڵی و خودایی و مرۆیی.

لەبەر ئەوەی کە باوەڕی ئیسلامی ئەو مەرجەی لەسەر باوەڕدار داناوە کە باوەڕی بە هەموو ئەو کایانە هەبێت، کەواتە پێویستە هەموو ئەو ڕێگە و کەرەستانە ئامادە بکات بۆ هۆشیاری و مەعریفە کە زامنی ئەم گشتگیرییە دەکات. کەواتە دوورە لە هەردوو بۆچوونی باتینی و ماددی، چونکە هیچکامیان ئامانجەکانی ئیمانی ئیسلامی بەدی ناهێنن لەم بوارەدا. ئەستەم بووە بۆ میتۆدی ئیسلامی لە ئەشکەوتی غەننوصی باطنی و ماددیگەراییدا بمێنێتەوە ئەگەر بیەوێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت.

بە گەڕانەوە بۆ ئەم ڕاستییە و بەدییهێنانی ئەم ئامانجانە، دەبینین کە میتۆدی ئیسلامی:

أ ـ عەقڵی موسوڵمان لەپێناو بەدەسهێنانی هۆشیاری و مەعریفەدا هەموو ڕێگە و کەرەستەکانی: لێوردبوونەوە، بیرلێکردنەوە، ئەقڵ بەکارهێنان، بەڵگەی ڕوون، بەڵگەی یەکلاکەرەوە و جەدەل و هتد... دەخاتە کار لە فیقهی واقیعی دونیایی و وەحیی خوداوەندی و دەروونی مرۆڤدا، تا هۆشیاری بە خودی خۆی و ژینگەکەی و سەرەتا و ڕۆشتن و ئەنجامیش بەدەست بهێنێت.

دیارە ئیسلام خەڵکی بۆ ئەم بەرنامەیە هەڵناوە و کردوویەتە فەرزێکی خودایی و واجبێکی شەرعی و تەکلیفێکی ئایینی، نەک تەنها مافێك لە مافەکانی مرۆڤ کە دروست بێت دەسبەرداری بیت بەبێ ئەوەی گوناهبار بیت!

پتر لە هەشتا ئایەتی قورئان هەیە کە هانمان دەدات بۆ وردبوونەوە و تێفکرینی عەقلانی، بۆ نموونە: دەفەرمێت: ﴿ فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ(٥)﴾ الطارق٥، واتە: "با مرۆڤ سەرنج بدات بزانێت لە چی دروست کراوە." وە دەفەرمێت: ﴿ وَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَوْا أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٠٩) ﴾ یوسف ١٠٩. واتە: "بۆچی ناچن بەنێو زەویدا بگەڕێن، تا بزانن سەرەنجامی گەلانی پێش خۆیان چۆن بووە." وە دەفەرمێت: ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ (١٨٥)﴾ الاعراف ١٨٥. واتە: "ئایا نەڕۆشتوون سەیری دروستکراو و نیشانەکانی پەروەردگار بکەن لە ئاسمانەکان و زەویدا." وە دەفەرمێت: ﴿ أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ (٦) ﴾ ق ٦. واتە: "ئایا سەیری ئاسمانیان نەکردووە لە سەرووی خۆیانەوە کە چۆن بونیادمان ناوە و ڕازاندوومانەتەوە." وە دەفەرمێت: ﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧)﴾ الغاشیة١٧. واتە: "ئایا بۆچی سەیری حوشتر ناکەن تا بزانن چۆن دروست کراوە." وە دەفەرمێت: ﴿ فَانظُرْ إِلَىٰ آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ كَيْفَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْيِي الْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ

شَيْءٍ قَدِيرٌ (٥٠) ﴾ الروم ٥٠. واتە: "سەیری جێدەستەکانی ڕەحمەتی خودا بکەن کە چۆن زەوی دەژێنێتەوە پاش مردنی."

لە هەندێك ئایەتی تردا هەڵمان دەنێت بۆ لێوربوونەوەی قـووڵ و دەفـەرمێت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا (٢٤)﴾ محمد٢٤. واتە: "ئایا بۆچی بـەوردی بیر لە قورئان ناکەنەوە؟ یان دڵەکانیان لە بەرانبەر قورئاندا قـوفڵی لـێ دراوە." وە دەفــــەرمێت: ﴿ أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا الْقَوْلَ أَمْ جَاءَهُم مَّا لَمْ يَأْتِ آبَاءَهُمُ الْأَوَّلِينَ (٦٨) ﴾ المؤمنون٦٨. واتە: "ئایا بەوردی بیریان نەکردۆتەوە لەم قورئانە؟ یـان ئـەوەی بـۆ ئەمان هاتووە بۆ باوباپیری ئەمان نەهاتووە؟"ئەو ئایەتانەی هانی مرۆڤ دەدەن بـۆ بەکارهێنانی عەقڵ وەك کەرەستەی هۆشیاری و مەعریفە لە قورئاندا زۆرن، تەنانەت کردوویەتـە مـەرج و سەرچـاوەی تـەکلیف و کرۆکـی مرۆڤایـەتیی مـرۆڤ، قورئـان دەفـەرمێت: ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (١٦٤)﴾ البقرة١٩٠. واتـە: "بەڕاسـتی دروسـتکردنی ئاسمانـەکان و زەوی و جیاوازیی شەو و ڕۆژ و ئەو کەشتییانەی بەسەر دەریادا دەڕۆن و سـوود بـە خـەڵکی دەبەخشن و ئەو ئاوەش کە خودا لە ئاسمانەوە باراندوویەتی و زەویـی پـێ زینـدوو کردۆتەوە پاش مردنی و هەموو ئاژەڵێکیشی لەسەر زەویدا بڵاو کردۆتەوە و گۆڕینی با و هەوری ڕامکراوی نێوان ئاسمان و زەوی، بەراستی هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەو کەسانەی عەقڵیان بەکار دەهێنن." گەلێ ئایەتی تریش هەیە جگە لـەم ئایەتـە کـە دەگاتە ٤٩ ئایەت و هەمان شێوە زمان بەکار هاتووە.

قورئان دەربارەی (موجادەلە)ش بـە واتـای مشـتومڕ و باشـبەکارهێنانی لەگـەڵ دژیاردا دەفـەرمێت: ﴿ ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ (١٢٥)﴾ النحـل١٢٥.

واته: "به باشترین شێواز مشتومڕیان لەگەڵ بکە." وە دەفەرمێت: ﴿ وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (٤٦)﴾ العنكبوت ٤٦. واتە: "بە باشترین شێواز نەبێت مشتومڕ لەگەڵ خاوەن پەرتووکە ئاسمانییەکاندا مەکەن، داواش دەکات مشتومڕەکە بە بەڵگەوە بێت: ﴿ لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ﴾ الانفال٤٢. واتە: "با تیاچێت ئەو کەسەی کە بەڵگەی ڕاست و ڕوونی بینیوە و شوێنی نەکەوتووە و تیاچووە و ئەو کەسەش بژی کە بەپێی بەڵگەی ڕوون ژیاوە." (واتە بێباوەڕان پاش دیتنی بەڵگەی ڕوون و بەهێز هەر لەسەر بێباوەڕیی مانەوە تا تیاچوون و باوەڕدارانیش ژیانی خۆیان لەسەر بناغەی ڕوون و بەهێز پاراست). هەروەها دەفەرمێت: ﴿ أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (٦٤) ﴾ النمل٦٤. الانبيا ء ٢٤، النمل٦٤. واتە: "پێیان بڵێ: بەڵگەی یەکلاکەلارەوەتان بێنن و پێشکەشی بکەن."

میتۆدی ئیسلامی بۆیە هانمان دەدات لەسەر وەگەڕخستن و بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانەی هۆشیاری، چونکە بە وزە و توانای ئامادەی مرۆیی دەزانێت و خستنەگەڕی ئەم توانایانە بەشێکە لە سروشت و ماکی مرۆڤ، پەکخستنیشی دەبێتە بەڵایەك و توانا و وزە ئامادەکانی مرۆڤ ئیفلیج دەکات، بەڵکو بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانە سوپاسگوزاریی خودایە کە پێی بەخشیوین و لەکارخستنیشی ناسوپاسیکردنی ئەو ڕۆزییەی خودایە. گۆڕەپانی کارکردنی ئەم ڕێگایانەش فیقهی عەقڵییاتی بەرهەست و فیقهی بیستراوە شەرعییەکانە، کە وەك خواپەرستی و ڕووکردنە خودای گەورە سەیریان دەکات.

***

ب ــ له كاتێكدا باوەڕی ئیسلامی بەپێی بنەماكانی عەقیدە و شەریعەت بریتییە له یەقینی دڵ له باوەڕدا، ئەوا شتێكی سروشتییە كە میتۆدی ئیسلامی بە كەمتر لەم یەقینە ڕازی نەبێت و سەرزەنشتی ئەو كەسانە دەكات كە لە ئاستی گوماندا دەوەستن، بۆیە دەفەرمێت: ﴿ وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا (٢٨) ﴾ النجم٢٨. واتە: "ئەوان تەنها شوێن گومان كەوتوون و گومانیش ناتوانێت هەق بەدەست بخات." هەروەها قورئان نەهی دەكات لەوەی لە قسە و عەقیدەدا پشت بە كەمتر لە زانین ببەستین و دەفەرمێت: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا (٣٦)﴾ الاسرا ء٣٦. واتە: "شوێن شتێك مەكەوە كە زانینت لەسەری نییە." وە هانمان دەدات بۆ بژار و ڕوونبینیی هەر بابەتێك و دەفەرمێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ (٦)﴾ الحجرات٦. واتە: "ئەگەر كەسێكی متمانەپێنەكراو هەواڵێكی بۆ هێنان بەباشی لە هەواڵەكە ورد ببنەوە و ڕوونی بكەنەوە."

شتێكی سروشتییە لە میتۆدێكدا بە كەمتر لە یەقین ڕازی نابێت بۆ هۆشیاری و مەعریفە كە ڕێبواری ڕێگەی گەشتن بە پلەی یەقین، هەندێك جار تووشی وەسواسی و گومان و گومانداری دەبێت، بەڵام نابێت بەم بەربەستانە كۆڵ بدات و بگەڕێتە دوا، بۆیە میتۆدی ئیسلامی مرۆڤ بە گوناهبار نازانێت كاتێك شتێكی لەم جۆرەی تووش بوو، بەڵكو هەوڵ ئەدات ـ لە دروستكردنی هزردا ـ بیكاتە ئەزمونگە و تاقیكردنەوە و ببێتە بەشێك لە پرۆسەی بیركردنەوە و قۆناغێك لە كاروانی گەشتن بە پلەی یەقین. كەواتە ئەگەر ئەوانەی وردبینی و تێفكرین و عەقڵانییەت بەكار دەهێنن تووشی وەسواسی و گومان و گومانداری بوون، ئەوا میتۆدی هزری ئیسلامی دەیانگۆڕێت بۆ پلەیەكی نزیكبوونەوە لە یەقین! لەنێو میتۆدە

ئایینییەکانی تردا، تەنها میتۆدی ئیسلامییە ئەم کارە دەکات و بەهۆی میتۆد و پیشەسازیی وردبوونەوە و لە ڕێگەی گریمانەکانەوە.

کەواتە میتۆدی ئیسلامی ئەو کەسانە ناتۆقێنێت کە عەقڵ دەخەنە کار و لەو ڕێگەیەشدا تووشی گومان دەبن، بەڵکو بە نەرمونیانی داوایان لێ دەکات ئەو گومانانە لە بازنەی (پووچی) دەربهێنن تا ببێتە گومانێکی میتۆدی وەك نوێنەری قۆناغێك لە توێژینەوە و وردبوونەوەیە، کە گریمانەکانی تیا ئەزموون دەکرێت و ڕەنگە لە شێوەی وەسوەسە و گوماندا بێت و گومان و ئەگەرەکانیشی تیا دەدرێت لە بێژنگ، بە ئامانجی گەشتن بە یەقین، بەراستی ئەمەش گەواهیی تاقانەیی میتۆدی ئیسلامییە لەم بوارەدا، بەڵکو شایەتییەکی میتۆدی ئیسلامییە لەسەر ئەوەی بۆتە گەواهیدەرێك لەسەر گەشتنی مرۆڤایەتی بە قۆناغی کامڵی و ڕێگاڕوونی، کە شایستەی ئەوەیە میتۆدەکەی ئەمە بێت لە تێفکریندا و لەپێناوی هۆشیاری و بەدەستهێنانی مەعریفە و زانستەکان، کەواتە بە میتۆدێکی لەم شێوەیە باوەڕ لەسەر یەقین دادەمەزرێت و باوەڕداریش هەموو ڕێگاکانی گەشتن بە یەقین بەم میتۆدەدا دەگوزەرێنێت و لەم کاروانەشیدا تەنانەت وەسوەسە و گومان و گوماندارییەکان دەخاتە گەڕ بۆ ئەزموونکردنی گریمانەکان و تاقیکردنەوەی ئەگەرەکان بۆ پشتیوانیی ئەم یەقین و دڵنیاییە و گەشەپێدانی ئەو پایە مەعریفییانەی متمانەی زۆری تێدایە، ئەو کەسانەش کە ڕێگەی عەقڵ دەگرنە بەر لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە دەگەنە بەشە خاوێن و پاکیزەکانی هزر و لە ڕێگەی بەڵگە دیارەکانەوە جیهانی نادیار دەدۆزنەوە، گەرچی ئەوەش شتێکی تر بن جگە لە گومانە بەهێزەکان و و وەسوەسە و گومانکاری و گومانەکان!

بێگومان ئەوەش میتۆدی ئەو قۆناغەیە کە ئەگەری بەدەسهێنانی (بێگوناه و بێهەڵەیی _ عیصمەت)ی تێدا بووە، کە کۆی ئوممەت لەسەر گومڕایی کۆ نابنەوە،

ئەمەش پاش ئەو قۆناغـە دێـت کـە پێویسـت بـووە لەسـەریان بـەبێ بیرکردنـەوە و خستنەگەڕی عەقڵ وەك مێگەل بدرێنە بەر!

لەژێر تیشکی ئـەم ڕاسـتییەی میتـۆدی ئیسـلامیدا ئاسـۆی ئـەو واتایانـەمان بـۆ دەردەکەوێت کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە و قسە و ڕا و هەڵوێستی ئەوانەش کە لە کەلەپووری کۆنماندا هەیە.

ئاسـۆی ئـەو واتـا و دەلالەتانـە دەدۆزینـەوە کـە لـە داواکارییەکـەی ئیبراهیمـی خەلیلدایە (سەلامی خودای لەسەر بێت): ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٦٠)﴾ البقرة٢٦٠.. واتە: "کاتێك ئیبراهیم وتی: ئـەی پـەروەردگارم، پـێم نیشـان بـدە کـە چۆن مردووەکان زیندوو دەکەیتەوە، خوداش وتی: مەگەر تۆ باوەڕت نییـە بـەوەی من مردوو زیندوو ئەکەمەوە؟ ئیبراهیم وتـی: باوەڕم هەیە، بەڵام دەمـەوێت دڵـم زۆر باش دامەزرێت. خوداش وتی: چوار باڵدار سەر ببڕە و پارچەپارچەی بکە و تێکەڵی بکـە و لەسـەر هـەر چیایەك بەشـێکی دابـنێ و پاشـان بانگیـان بکـە، ئـەوا زینـدوو ئەبنەوە و بەپەلە دێن بۆ لات، بشزانە کە بێگومان خـودا خـاوەن هێـزە و دانایـە."

هەروەها ئاسۆی واتای ئـەو فـەرموودەی پێغەمبـەر (درودی خـودای لەسـەر بێـت) دەدۆزینەوە کاتێك هەندێك لە یاران پرسیاریان لێ کرد:

ـ هەندێك شت دێت بە خەیاڵماندا کە زۆر پێمان زەحمەتە باسی بکەین!

فەرمووی: ئایا شتی وەهاتان بینیوە؟

وتیان: بەڵێ!

فەرمووی: ئەوە واتای ئەوەیە کە باوەڕێکی ڕاشکاوتان هەیە، ئەوە باوەڕێکی بێگەردە.[1]

ئەم کۆمەڵە لە یاران لایان زۆر قورس و ئەستەم بووە کە باس لەو وەسوەسە و گومانانە بکەن کە تووشیان دەبێت و نەیانویستووە لە خزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) باسی بکەن، بەڵام ئەو خودی ئەو حاڵەتە دەخاتە گەڕ لەپێناوی گەشتن بە باوەڕی ڕاشکاو و بێگەرد و بێخەوشدا!

هەر بۆیە لای ئێمە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەم هەڵوێستە ئیسلامییە لای جاحیظ گەشتۆتە ئەو ئاستەی قسە لەسەر ئەم (گومانە میتۆدییە) بکات بەو ئیعتیبارەی زانستێك لە زانستە ئیسلامییەکان بێت و داوای لە زانایان کردووە کە بێن بۆ لای و لێوەی فێر ببن وەك ڕێگایەك لە ڕێگاکانی یەقین، جاحیظ ئەم قسەیەی لە وەڵامی کەسێکدا کردووە کە لەم بارەوە پرسیاری لێ کردووە و دەڵێت:

"...شوێنەکانی گومان و ئەو حاڵەتانەی گومان بەرهەم دێنێت بزانە، تا شوێن و حاڵەتی یەقینبەخش بزانیت، فێری گومانبردن لەو شتە ببە کە گوماناوییە، چونکە ئەوە فێری ئەوەت دەکات کە لەسەر شتێك بوەستیت و پاشان دڵنیا ببیتەوە لێی، هیچ یەقینێك نییە کە گومانێکی لەپێشەوە نەبێت، خەڵکی ڕەشۆك کەمتر لە زانایان تووشی گومان دەبن، چونکە لە باوەڕکردن و بەدرۆخستنەوەدا ناوەستن و گومان لە خۆیان ناکەن و یەکسەر باوەڕێکی ڕووت یان بەدرۆخستنەوە و باوەڕنەکردنێکی ڕووتیان لا دروست دەبێت و دۆخی سێهەمیان لەو نێوەندەدا نییە، کە چەندین چینی گومانی تێدایە."[2].

لە تێگەشتن لەم بابەتەوە واتای ڕاجیایی ئەو کەسانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێشەوای زانای کەلام ابو علی الجبائی (٢٣٥ ـ ٣٠٤ك، ٨٤٩ ـ ٩١٦ن) وەك نوێنەریان

---

[1] رواه مسلم والإمام أحمد.

[2] الجاحظ(كتاب الحيوان)ج١ ص٣٥ـ٣٧.

دەڵێت: "یەکەمین واجب لەسەر مرۆڤ بریتییە لە وردبوونەوە و بەکاهێنانی عەقڵ..." لەگەڵ ئەوانەی کە پێشەوای زانای کەلام ابو هاشم الجبائی وەك نوێنەریان دەڵێت: "یەکەمین واجب لەسەر مرۆڤ بریتییە لە گومان." کەواتە پەیوەندیی گومان و یەقین نامۆ نییە و بە خراپیش نازانرێت، چوارچێوەی ڕێگاکانی هۆشیاری و مەعریفە لە میتۆدی ئیسلامیدا هەردووکیان لەخۆ دەگرێت.

ج ـ بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەم ڕێگایانەی هۆشیاریی کەرەستەیەکی مرۆیین و مرۆڤیش بەکاری دەهێنێت، ئەوا لە میتۆدی ئیسلامیدا ئەو ئاسۆیانەی بۆ دیاری کراوەکە پێگەی مرۆڤ لەم بوونەدا بۆی دیاری کردووە، پێگەی جێنشین، کە زانست و فێربوونی هەموو ناوەکان و یەکەمین دیاریی خودایی بوون بۆی، ئەو دیارییەش پلەی بەرز کردەوە بەسەر فریشتەکاندا و کردییە شایستەی جێنشینی، مرۆڤیش پێویستە ئەوە بزانێت کە بۆ هەمیشە کە ئەو زانست و هۆش و مەعریفەی هەیەتی زانست و هۆش و مەرعریفەی جێنشینە، بەڵام کاتێك پێوانەی دەکەیت بە (ڕەها و گشتگیر)ی خودای گەورە، ئەوا لە سنووری ڕێژەییدا دەمێنێتەوە، هیچ هۆیەکی هۆش و ڕێگایەکی مەعریفە نییە ئەو سنوورە تێپەڕێنێت. خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ (٧٦) ﴾ یوسف٧٦. واتە: "لە سەرووی هەموو خاوەن زانیارییەکەوە کەسێکی زاناتر هەیە، هەتا دەگاتە خودای گەورە." وە دەفەرمێت: ﴿ قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا (١٠٩) ﴾ الكهف١٠٩. واتە: "ئەگەر دەریا ببێتە مەرەکەب بۆ نووسینەوەی وشەکانی خودا، ئەوا دەریا تەواو دەبێت و وشەکانی خودا تەواو نابن، گەرچی دەریای تریش وەك هەمان دەریا بهێنیت."

بەهۆی ئەم میتۆدەوە زانست دەبێتە ڕێگایەك بۆ گەشەکردنی ترس لە خودا و پارێزکاری، بە پێچەوانەی هەندێك میتۆدی ترەوە کە خاوەنەکانی پێیان وایە

بەهۆی زانستەوە باوەڕی خوداناسییان هەڵوەشاندۆتەوە و هاوار دەکەن: خودا مرد! دیارە خوداش زۆر لەو بۆچوونەیان بەرزتر و پاکترە.

ئەو میتۆدەی هانی بەکارهێنانی عەقڵ و تێفکرین و لێوردبوونەوە دەدات و بیرکردنەوەی بە فەرزێکی شەرعی داناوە، مرۆڤیشی فێر کردووە کە چێوەی زانینی بەپێی پێگەی لە گەردووندا ـ وەك جێنشینێك ـ و ئەرکیشی خستنەگەڕی پەیامی جێنشینییە، هەر بۆیە ترسی زانایانی ئەم میتۆدە لە خودا ئەوەیە، کە دەزانن کەرەستەکانی جێنشینیی خودا و دەسکەوتەکانی لەچاو گشتگیر و ڕەها و بێکۆتا کە تایبەتە بە خودا، شتێکی ڕێژەییە. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ (٢٧) وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُور(٢٨)﴾ فاطر ٢ـ٢٨. واتە: "ئایا نابینیت کە خودا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە و بەروبوومی ڕەنگجیاوازمان پێ سەوز کردووە و لە چیاکانیشدا ڕێگا و هێڵی سپی و سووری ڕەنگجیاوازمان دروست کردووە، هەندێکیشی ڕەشێکی قەترانییە." وە دەفەرمێت: ﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١٨)الحكيم﴾ ال عمران١٨. واتە: "خودا شایەتی دەدات کە جگە لەو هیچ خودایەك نییە و فریشتە و زانایانیش بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن. هیچ خودایەك نییە جگە لەو خودایەی کە باڵادەست و دانایە."

د ـ چونکە میتۆدی ئیسلامی ئەو چوارچێوەیەیە کە کەفیل و هاوکارە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ:

ئەم گەردوونە لە کوێوە دەستی پێ کردووە؟ ...لە کێوە دەستپێکردووە؟..ڕێگاکە چیە؟ حیکمەتی چییە؟ بۆ کوێ دەچین؟ بە چ شێوەیەکە؟ لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدە هەموو ئەم جیهانانە و کایەکانی لەخۆ

دەگرێت، جیهانی نادیار (غەیب) _ئەوەی پەیوەندیی بە سەرەتا و ئەنجامەوە هەیە- و ڕۆژی دوایی _بە لێپرسینەوە و پاداشتیشیەوە- ئەو دۆزانەن کە دەبێ چۆنیەتی و ڕێگەکانی هۆشی مرۆڤ بۆ وێناکردنی ڕێك بخات، لە سنووری وزە و توانادا، ئەم میتۆدە تەنها لە سنووری هەستەکاندا نەوەستاوە وەك ڕێگەی هۆش و مەعریفەدا، چونکە تەنها ئامانجی پەیبردن بە جیهانی بینراو نەبووە و نەیویستووە لە سنووری زانیاری ڕووکەشبینیی ژیانی دونیادا ڕاوەستێت، بۆیە لەم میتۆدەدا میتۆدی ڕێگاکانی تێبینی و ئەزموون و گشتژمێری (استقرا ء ) و پێوانە پێکەوەن، تا لە دیاردەکان و حەقیقەتەکان و مەعریفەکانی جیهانی بینراو تێ بگات، لەگەڵ ڕێگاکانی (بیسراوەکانی پشتبەستوو بە گێرانەوە)، عەقڵیش بەپێی توانای لە هەریەکیان تێ دەگات - لە ڕێگەی ڕاشکاویی واتای دەقەکانەوە یان بەهۆی تەئویلکردنیانەوە - ئەوەشی کە لە سنووری توانایدا نییە یان عەقڵی توانای تێگەشتنی نییە دەیسپێرێت و هەوڵی بەردەوامی ماندوونەناسانە دەدات تا توانای شاراوەی عەقڵی گەشە پێ بدات بۆ ئەو شتانەی عەقڵی پەییان پێ نابات، لە هەموو دۆخەکانیشدا وەك خواپەرستییەك خۆی دەداتە دەست خودا. کاتێك خودا تەنها خۆی (ناخ و حەقیقەت)ی هەر شتێك دەزانێت و مرۆڤیش ناتوانێت بەهۆی هەستەکانیەوە بگاتە پلەی یەقین _بە هەمان شێوە بە عەقڵیش _، کەواتە مرۆڤ ناچارە پشت بە بیسراوی پشتبەستوو بە گێڕانەوە ببەستێت بۆ ئەوەی ئەودیوی جیهانی بینراو بزانێت، دیارە هەر وەك چۆن ڕێگای عەقڵ و ڕێگای بیسراو پێکەوە دەبن، هەر واش ئەوەی لەو بوارەدا جێگای ئیجتیهاد بێت و ئەو بنەمایانەی بواری ڕا و ئیجتیهادی تێدا نییە و ئەوەش کە بە شوێنکەوتن (تەقلید)ی سپاردن و خۆدانە دەست خودایە پێکەوە بوونیان هەیە لەو بازنەیەدا. یەقینی باوەڕ بە خوداوەندێتی - کە سەرچاوەی ئەم بنەمایانەیە- و هەبوونی بەڵگە لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرمان

(دروودی خودای لەسەر بێت) لە بازنەی یەقینی سپێراو (الـیقین التفویضـي)دایـە ـ گەر بگونجێت ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنین.ـ

کەس وا تێنەگات کە لەم هەڵوێستەدا موسوڵمانان ڕاجیاییان هەیە، ئەوەتا ئیبن ڕوشد ـ لە پەرتووکی (تهافت التهافت)دا_کـە وەڵامـی غـەزالی دەداتـەوە_ دەڵێـت: "پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێك باوەڕ بە بنەماکانی شەریعەت بهێنێـت و تەقلیـدی تێـدا بکـات، بێگومـان کـە نکـوولیکردن و مشـتومڕ لـەو بابەتـەدا بـوونی مـرۆڤ هەڵدەوەشـێنێتەوە، هـەر بۆیـە واجبـە زندیقـەکان بکـوژرێن، ئـەوەی کـە پێویسـتە لەسەر ئەو بابەتە بوترێت ئەوەیە کە بنەماکانی کاروبارێکی خوداییە و لـە سـەرووی عەقڵی مرۆڤەوەیە و پێویستە دانی پێدا بنێین، گەرچی هۆکارەکانیشی نازانین، هەر بۆیـە نابینیـت هیچـکام لـە پێشـینان لـەبارەی موعجیزاتـەوە قسـەیان کردبێـت، سـەرەڕای بـەربڵاوی و دەرکـەوتنی لـە جیهانـدا ـ چـونکە بنـەماکانی سـەلماندنی شەریعەتەکانن و شەریعەتەکانیش بنەمای فەزیلەتـەکانن، هـەروەها دەربـارەی ئـەو قسانەی باسی پاش مەرگ دەکات، جا ئەگەر مـرۆڤ لەسـەر فەزیلەتـە شـەرعییەکان پـەروەردە بـوو، ئـەوا دەبێتـە کەسـێکی بـەڕێزی ئاسـایی، خـۆ گـەر تەمـەن و خۆشبەختییش بـواری پـێ بەخشـی و بوویـە زانایـەکی بـەرز و گەشـتە تـەئویلێك و لێکدانەوەیەکی تایبەت بە خۆی، ئەوا پێویستە ئەو تەئویلـە بـاس نـەکات و هـەمان واتای ئەم ئایەتە بڵێت کـە خـوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ (٧) ﴾ آل عمران٧. واتـە: "ئەوانـەی خاوەنی زانستی قووڵ فراوانن دەڵێن: ئەوا باوەڕمان پـێ هێنـا... ئەمەیـە سـنووری شەریعەتەکان و زانایان."[1]

---

[1] ابن الرشد(تهافت التهافت)ص١٢٤ـ١٢٤.

کەواتە جیهانی غەیب و ئەو بنەمایانەی عەقڵ و هەستەکان بەتەنها پەی پێ نابەن، ناکەونە دەرەوەی بابەتی ڕێگاکانی هۆش و مەعریفە لە میتۆدی ئیسلامیدا، بەڵکو لەم میتۆدەدا ڕێگای بیسراوەکانیان بۆ دانراوە، بەهۆی هەڵکەوتنیان لە دەرەوەی هەستەکانەوە، خودای گەورەش دەفەرمێت: ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِ أَحَدًا (٢٦)إِلَّا مَنِ ارْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا (٢٧)﴾ الجن ٢٦-٢٧. واتە: "خودا خۆی زانایە بە زانستی غەیب و کەسیش ئاگادار ناکات بە غەیبی خۆی، جگە لەو نێردراوەی کە خودا خۆی ڕازییە پێیان بڵێت، ئەو کاتە لە چواردەوریەوە فریشتەی پارێزگاری بۆ دادەنێت." وە دەفەرمێت: ﴿ مَّا أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُدًا (٥١)﴾ الکهف٥١. واتە: "دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و دروستکردنی خۆیانم نیشان نەداون، کەسانی گومڕاشم نەکردۆتە پشتیوانی خۆم." وە دەفەرمێت: ﴿ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ لَقُضِيَ الْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ (٥٨) وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (٥٩)﴾ الانعام٥٨ـ٥٩. واتە: "ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ئەگەر ئەو سزایەی ئێوە پەلەتانە بۆی، بەدەست من بووایە ئەوا نێوان من و ئێوە یەکلا دەکرایەوە، خودا زاناترە بە ستەمکاران. کلیلەکانی غەیب لەلای خۆیەتی و تەنها خۆی دەیزانێت و دەزانێت چی لە وشکانی و دەریادا هەیە و ئاگای لە کەوتنەخوارەوەی هەر گەڵایەکیش هەیە و دەنکە تۆوێك و هەر تەڕ و وشكێکی گەردوون هەمووی لە پەرتووکێکی ڕووندایە(اللوح المحفوظ)."

بەڵێ... لەم میتۆدە و ڕێگاکانی گەشتنی بە هۆشدا چەند ڕاستییەك پێکەوە: متمانە بە عەقڵی مرۆڤ بە شێوەیەکی بێوێنە، کە لە میتۆدەکانی پێشوو و پەیامی پێغەمبەراندا نەبووە، لەگەڵ حەقیقەتی ڕەتکردنەوەی (لووتبەرزی عەقڵانی) کە وا

دەزانێت لە هەموو شتێك تێ دەگات و تەنها ڕێگایەکیشە بۆ هۆش. لەژێر تیشکی تایبەتمەندیی ئەم میتۆدەدا لە واتای ئەو هەڵوێستەی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لەسەر بێت) تێدەگەین کاتێك چوویە پێشەوە بۆ ماچکردنی (حجر الاسود) بێگومان بیری لێ کردەوە و وەستا... پاشان چوویە پێشەوە بۆ ماچکردنی و ئەم قسە پڕ واتایەی کرد: "سوێند بە خودا! بێگومانم لەوەی کە تۆ بەردێکی بێ زیان و بێ سوودیت، ئەگەر نەمبینیایە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ماچی کردوویت، منیش ماچم نەدەکردیت!"

بێگومان عەقڵی خۆی خستە کار تا گەشتە کۆتایی ئاسۆی عەقڵ، وەك یەکێك لە هەستە دروستکراوەکانی خودا، پاشان لەوە تێگەشت کە لە بەرانبەر دروشمێکی ئاییندیایە کە موسوڵمان لە ڕێگەی بیستن و سپاردن و خۆدانە دەست خودا وەریگرتووە، بۆیە ئەو قسەی کردووە کە هەردوو ڕێگەی هۆشی گرتۆتەوە... بە ڕێگەی عەقڵ دەزانین کە بەرد هیچ زیان و قازانجێکی نییە، بەڵام هۆکار و حیکمەتی بەگەورەگرتنی حجر الاسود لە دەرەوەی چوارچێوەی پسپۆڕیی عەقڵدایە.

ئەوانەی لەم ڕاستییە بێئاگان، تەنها ئەو شتانە دەسەلمێنن کە هەستەکان پێی دەزانن، زانیاریی ئەم جۆرە کەسانە لە زانیاریی ئەو کەسانە پتر نییە کە قورئانی پیرۆز باسیان دەکات و دەفەرمێت: ﴿ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٦) يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ (٧) ﴾ **الروم٦-٧.** واتە: "ئەوە پەیمانی خودایە و خوداش پێچەوانەی پەیمانی خۆی ناجووڵێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەوە نازانێت، تەنها ڕووکەشێکی ژیانی دونیا دەزانن و بێئاگان لە دوارۆژ."

بەڵام لۆژیکی میتۆدی ئیسلامی ئەوەمان لێ دەخوازێت کە جیاوازی بکەین لەنێوان لۆژیکی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لەسەر بێت) بەرانبەر (حجر الأسود) و لۆژیکی فەیلسووفە کۆنەکان کە ئیبن ڕوشد بۆی باس کردووین دەربارەی

بنەماکانی شەریعەت، چونکە ئەو فەیلەسووفانە بە تەقلید تەسلیمی بنەماکانی شەریعەت بوون بەبێ ئەوەی عەقڵی بۆ بخەنە کار، ئەو تەقلیدەش لەبەر ئەوە نەبووە کە بە هەق و ڕاستیی بزانن، بەڵکو لەبەر ئەوەی دروستبوون و بەرپاکردنی و ڕەچاوکردنی بەدیهێنانی مەسڵەحەتە، کە پاراستنی بوونی مرۆڤە و ڕەتکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی بوونی مرۆڤ، لە کاتێکدا تەسلیمبوونی خودی عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لەسەر بێت) نەك عەقڵی بە ماچکردنی حجر الاسود لە ڕووی سپاردنەوە بوو و لە مەسەلەیەکی جوزئیشدا بوو کە لەسەر (بنەمای ـ عەقڵانی) بوو... چونکە بە عەقڵ دەیزانی یەك خودا هەیە کە تەوەر و گەوهەری ئاییندارییە و بە عەقڵ پەی بە ڕاسگۆیی پەیامەکە دەبات کە سەرچاوەی گەیاندنی وەحیی قورئانی و سوننەتی ڕوونکەرەوەی قورئانە، کەواتە عەقڵاندنی بۆ ئەم بنەما عەقڵانییانە: ئەو ڕەگەیە سرووتێکی ناعەقڵانی ـ ماچکردنی حجر الاسود ـ ببێتە یەکێك لە بەرهەمەکانی، چونکە سپاردنەکە لێرەدا پەیوەندیی نەبڕاوە بە شتە عەقڵانییەکەوە، بەڵکو لەسەری دامەزراوە و لەوێوە هەڵقوڵاوە و لقی ئەوە... بریتییە لە سپاردنی عاقڵانە!

هەڵوێستی عومەر ڕەزای خودای لەسەر) وەك هەڵوێستی عەقڵی موسوڵمان، بە پێچەوانەی هەڵوێستی فەیلسووفە کۆنەکانەوە، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە موعجیزەکان، بۆ نموونە، سنووری ئاسایی دەبەزێنن، بەڵام سنووری عەقڵ و عەقڵانی نابەزێنن، چونکە قورئان بەڵگەی عەقڵی دەهێنێتەوە لەسەر بوونی خودای بەتوانا و بەدیهێنی دروستکراوەکان، هەر ڕووداوێك پێویستی بە بەدیهێنێکی وەها هەیە کە خۆی بەدی نەهاتبێت و سیستمی گەردوونییش دروستکارێکی زانا و ڕێکخەر و دانا دەخوازێت ...هتد بەڵگەی عەقڵیش لەسەر بوونی دروستکاری ئەو شتەی ئاساییە، ئەوە دەخوازێت کە ئەم خودایە بە شێوەی مەعجیزە سنووری ئەو ئاساییەش ببەزێنێت، کەواتە ئەو سنووربەزاندنەی ئاسایی لەلای باوەڕ شتێکی

عەقڵانییە و سپاردنیشی بریتییە لە قبووڵکردنی داخوازی و خواستی عـەقڵ، کاتێـك لـە ڕووی عەقڵییـەوە بنـەما و بەرهـەم و خواسـتی ئـەو سـپاردنەمان قبـووڵ کـرد، بنەماکەش هەر خودایەکی خاوەن توانای بێسنوورە.

لـە کاتێکـدا قسـەی فەیلەسـووفە کۆنـەکان - وەك ئـیبن ڕوشـد باسـی کردووەـ بەڵگەیـە لەسـەر دەسەوسـانیی عـەقڵی بێبـاوەڕ لـە دۆزینـەوەی بـایس و عیللـەتی شەریعەت - کە موعجیزات و غەیبییاتەکان بەشێکن لێی - ئەمەش لە بێباوەڕیی ئـەو عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام عەقڵی باوەڕدار بەهۆی باوەڕ و ڕێگاکـانی بـاوەڕ و پێشـەکییەکانی باوەڕەکـەی بـوونی خودایـەکی بـەدیهێن و بـەتوانا دەچـێتە عەقڵیەوە، ئەمەش وا لە باوەڕی بەم بنەمایانە دەکات _بە هەموو سنووربەزاندنێکی ئاساییەوە و هەر شتێکی تـریش کـە عـەقڵ بەتـەنها خـۆی پـەی پـێ نابـات_ ببنـە بەرهەمی تێگەشتنی عاقڵانەی لە وەحی و نەقڵ، نەك بەرهەمی دابڕانی لە وەحـی و نەقڵ، واتە بەرهەمی عەقڵانییەتی ئیسلامی تایبەتمەندە، کەواتە سپاردن لێرەدا لـە داخوازییەکانی عەقڵ و عەقڵانییە.

میتۆدی ئیسلام کە پێشەوا عومـەر (ڕەزای خـودای لەسـەر بێـت) لـەو قسـەیەدا دەری بڕیوە، ئەو میتۆدەیە کە لووتبەرزی وای لـێ ناکـات نکـووڵی لـە هـەر شـتێك بکات کە عەقڵی پەی بە کرۆك و گەوهەری نـەبات، ئـەو میتۆدەیـە بازنـەی بـاوەڕی فـراوانترە لـە جیهـانی بینـراو، ئـەو میتۆدەیـە ڕێگاکـانی هـۆش قـەتیس ناکـات لـە هەستەکاندا - کە عەقڵیش یەکێکە لەوان - ئەو میتۆدەیـە کـە بـە عاقڵانـە لە(نـەقڵ) تێدەگات و باوەڕهێنانیش بـە (نـەقڵ) لـەم میتـۆدەدا دەبێتـە بەڵگەیـەکی بـەهێز و یەکلاکەرەوە!

ئەمەیە حەقیقەتی میتۆدی ئیسلام لەم بوارەدا...

***

ئەم حەقیقەتەی میتۆدی ئیسلامی بۆمان دەردەخات، کە پێکەوەبوونی (نـەقڵ) و (عەقڵ) لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی هۆش و مەعریفە پێکـەوەبوونێکی وەسـتان و جیابوونەوە دوو ڕێگەی سەربەخۆ لە ئەرك و بابەت و بوارەکانی خستنەگەڕدا نییە، بـــەڵکو پێکـــەوەبوونی هاوڕێیـــەتی و برایـــەتی و هاوپـــەیمانی و پشـــتیوانی و کۆبوونەوەیە، بە شێوەیەك کە هەردووکیانی بەهۆی میانڕەویی کۆەرەوەوە کردۆتە یـەك ڕێگـا و ئـەو تایبەتمەندییانـەیان کـۆ دەکاتـەوە کـە دەکرێـت و پێویسـتە کـۆ بکرێنەوە، لە ئەنجامدا عەقڵانیەتی ئیسلامی بۆتە ئایندار و نەقڵی ئیسلامییش بۆتە عەقڵانی!

بۆیە میتۆدی ئیسـلامی لـەم دەسـکەوتەدا تاقانەیـە، چـونکە عەقڵانیبوونەکـەی بەرهەمی تەنهای داهێنانێکی مرۆیی خاوەن پەیوەندیی توندوتۆڵ بە نەقڵی ئایینی و وەحیی خودایی نییە و بەس، چونکە لە کەشێکی دوور لە نەقڵ و وەحیـدا دروسـت نەبووە، وەك عەقڵانیەتی یۆنانییە کۆنەکان، لە کەشی ناتەبای لاهووتیی ئایینییشدا بەرهەم نەهاتووە، وەك ڕێنیسانسی ڕۆژئاوای نوێ، بەڵکو عەقڵانیەتێکی ئیسـلامییە کە نەقڵی ئیسلامی _قورئان و فەرموودە_ بوونەتـە بـانگخوازی، تـا ببێتـە ڕێگـەی تێگەشـتن لـە نـەقڵ و قووڵکردنـەوەی بـاوەڕبوون پێـی، هـەروەها بەرزکردنـەوەی هۆشیاری بە ئامانجـەکانی و گێڕانـەوەی دەقـە ناڕوونـەکانی بـۆ ژێـر سـایەی دەقـە ڕوونەکانی و جیاکردنەوەی ئەو ئایەتانەی دەلالەتی لەسەر مەبەست بێگومانن و ئەو ئایەتانەش دەلالەتەکەی تەنها گومانێکی بەهێزە، لـە دروسـتبوون و گەشـەیدا لـەم نەقڵە دابڕاو نییە و ناتەبا و جێگرەوەشی نییە، پاشان ڕەنگگرتن و گەشەی کرد لـە بەرگریکردنی لەم نەقڵە دژی بۆچوونی غەنیوصی - باطنی و عەقڵانی - مـاددی، کـە هـەردووکیان ڕەگوڕیشـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ هیلـینی، واتـە یۆنـانی و بەرهەمـە ئیلحادییەکان، تـا کـار گەشـتە ئـەوەی دیـوانی عەقڵانییـەتی ئێمـە لـە زانسـتەکانی شارستانییەتەکەماندا بریتی بێت لە زانستی یەکتاپەرستی - اصول الدین - و زانستی

بنــەماکانی فیقـﻫ، کــە پێشــەنگی زانســتە ئیســلامییەکانن، کەواتــە عەقڵانییــەتی ئیســلامی و قورئــان و فــەرمووده لــەنێو (سیســتم و ڕێکخــراوەی پــڕ لــە بەڵگــەی یەکلاکەرەوە و بەڵگەسازی)دا پێکەوە ڕێك خراون.

نەقڵی ئیسلامی[1] بۆ ئەوە نەهاتووە جێگرەوەی عەقڵ و ئەرکەکانی بێت و بیخاتە لاوە، بەڵکو بـۆ ئـەوە هـاتووە کـە پشـت بـە عـەقڵ ببەسـتێت، تـا بیکاتـە مـەداری تەکلیف و باوەڕی بەوەش هەبێت کە بۆ خۆی بەڵگەیە و هەسـت بـەوەش بکـات کـە عەقڵ بەڵگەکانی موعجیزەبوونی خۆی پێیە و بەوەش ڕازی بێت کە بیکاتە داوەڕێك لەو شتانەدا کە تەئویل و لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین: ئـەم نەقڵـە _ کــە مــوعجیزەی پێغەمبــەری ئیســلامە (دروودی خــودای لەســەر بێــت) بــە موعجیزەیـەکی عەقڵانییـەوە هاتۆتـە ئـارا، وەك تایبەتمەندییـەکی خـۆی و جیـا لـە موعجیزە ماددییەکانی پێغەمبەرانی پێشوو.

ئــەوەی لــەم بوارەشــدا نــاوەرۆکێکی گرنگــە، ئــەو ژمــارە زۆرەی ئایەتــە قورئانییەکانـە، کـە داکۆکییـان کـردووە و داکـۆکییش دەکـەن لەسـەر ئـەوەی کـە پێویستە ئوممەتی بانگەوازی موحەممەدی ئەو ڕاستییە بزانن کە مـوعجیزەی نـوێی دواهەمین پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) وەك مـوعجیزەی پێغەمبـەرانی پێشوو نییـە، واتـە مـاددی نییـە، کـە کاریگەرییـەکی کاتئـامێز و سەرسـوڕهێنەری هەبێت، موعجیزەی ئیسـلام _سـەرەڕای نەمرییەکـەی_ بـۆ ئـەوە نـەهاتووە مـرۆڤ تووشی سەرسوڕمان بکات و عەقڵی ئیفلیج بکات، بەڵکو بۆ چالاککردنی توانا دیار و نادیارەکانی و وزەکانی هاتووە، تا بیانکاتە چەك و داوەر و سەرچاوەی تەکلیف، تا ببێتە ئەو پشتیوانەی نەقڵ، کە چوارچێوەکەی زۆر فراوانترە لە جیهانی شوێنکەوتە سادەکان.

---

[1] وشەی (نەقڵ)م بۆ وشەی (النقل) داناوەتەوە، چونکە وشەیەکی پڕاوپڕی وەها شـك نابـەم کـە تـەعبیر لەو زاراوە شەرعییە بکات. (وەرگێڕ).

بەم شێوەیە عەقلانیەت و نەقلی ئیسلامی بوونەتە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیان، تا ئەو ڕادەی دەتوانین بڵێین: مادام دەستەواژەی (عەقلانیەتی ئیسلامی) ئیسلامییە، ئەوا نەقلیش دەگرێتەوە! هەروەها دەستەواژەی (نەقلی ئیسلامی)یش عەقڵ دەگرێتەوە، مادام مەبەستمان پێی قورئان بێت، دەستەواژەی (موعجیزەی ئیسلامی)یش هەم عەقڵ و هەم نەقلیش دەگرێتەوە.

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ (٧) وَقَالُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ الْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ (٨) ﴾ الانعام٧-٨. واتە: "ئەگەر نووسراوێکمان لە کاغەزێکدا بۆ بناردایە خوارەوە و دەستیشیان لێ بدایە، هێشتا ئەوانەی بێباوەڕن دەیانوت: ئەمە سیحرێکی ڕوون و ئاشکرایە، هەروەها دەیانوت: دەبا فریشتەیەك ببینین بێتە خوارەوە بۆ لای، خۆ ئەگەر فریشتە بنێرینە خوارەوە، ئەوا مەسەلەکە یەکلا دەبێتەوە و ئیدی بواری مانەوە بەو بێباوەڕانە نادرێت." وە دەفەرمێت: ﴿ فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَن يَقُولُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ إِنَّمَا أَنتَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (١٢) ﴾ هود١٢. واتە: "ڕەنگە هەندێك لەوەی بۆت هاتووە واز لێ بێنیت و دڵت پێی تەنگ بێت، کاتێك دەڵێن: دەبا گەنجینەیەکی بۆ بێتە خوارەوە، یان فریشتەیەکی لەگەڵ بێت، بەڵام تۆ تەنها پێغەمبەرێکی کە خەڵك ئاگادار دەکەیتەوە لە مەترسیی بێباوەڕی، خودا خۆی چاودێر و سەرپەرشتیاری هەموو شتەکانە." وە دەفەرمێت: ﴿ وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ (٧) ﴾ الرعد ٧. واتە: "بێباوەڕەکان دەڵێن: دەبا نیشانەیەکی لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ بێتە خوارەوە، بێگومان تۆ تەنها ئاگادارکەرەوەیەکی و هەر گەلێکیش ڕێنومابەخشێکی بۆ نێردراوە." وە دەفەرمێت: ﴿ وَقَالُوا مَالِ هَٰذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ لَوْلَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا (٧) أَوْ يُلْقَىٰ إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن

تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا (٨) انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الْأَمْثَالَ فَضَلُّوا فَلَا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلًا (٩) ﴾ الفرقان ٧ـ٩. واته: "وتيان ئەرێ ئەم پێغەمبەرە چییە کە خواردن دەخوات و بەناو بازاڕدا دەگەڕێت؟ دەبا فریشتەیەك بێتە خوارەوە لەگەڵی و خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لە مەترسییەکانی سەرپێچی لە فەرمانی خودا، یان با گەنجینەیەکی بۆ فڕێ بدرێتە خوارەوە لە ئاسمانەوە یان باخێکی بۆ دروست بکرێت لە غەیبەوە و لێی بخوات. مرۆڤە ستەمکارەکان دەڵێن: ئەی باوەڕداران، ئێوە شوێن کەسێك کەوتوون کە سیحری لێ کراوە، سەیر بکە چ نموونەیەکت بۆ دەهێننەوە، ئەوان گومڕابوون، ناتوانن ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە." وە دەفەرمێت: ﴿ وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْا عُتُوًّا كَبِيرًا (٢١)يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا (٢٢)﴾ لفرقان٢١ـ٢٢ . واته: "ئەوانەی دیداری ئێمەیان ناوێت دەڵێن: دەبا فریشت بێتە خوارەوە بۆ لامان، یان با پەروەردگاری خۆمان ببینین، بەراستی لە ناخی خۆیاندا و بۆ خۆیان لووتبەرزییان نواندووە و سەرکێشییەکی گەورەیان نواندووە، ئەو ڕۆژەی فریشتەکان دەبینن هیچ موژدەیەك نادرێت بە تاوانباران و تاوانبارانیش دەڵێن: ئای بۆ پەنایەك کە پەنامان بدات." وە دەفەرمێت: ﴿ وَقَالُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَاتٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ (٥٠)﴾ العنكبوت ٥٠. واته: "دەبا چەند نیشانەیەکی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ بێتە خوارەوە، پێیان بڵێ: "نیشانەکان لەلای خودا و بەدەستی خودایە و بێگومان منیش کەسێکم کە بە ڕوونی و ئاشکرا بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی هاتووم لە مەترسییەکانی سەرپێچیی فەرمانی خودا." وە دەفەرمێت: ﴿ وَقَالُوا لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنبُوعًا (٩٠) أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلَالَهَا تَفْجِيرًا (٩١) أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا (٩٢) أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَىٰ فِي السَّمَاءِ وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَّقْرَؤُهُ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ

كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا (٩٣)﴾ الاسرا ٩٠ ـ ٩٣. واته: "وتيان باوەڕت پێ ناكەین تا بە موعجیزە كانییەكمان بۆ بتەقێنی، یان باخێكت لە خورما و ترێ هەبێت كە جۆگەی ئاو بەناویدا تێپەڕیت، یان پارچەپارچە ئاسمانمان بەسەردا برووخێنیت وەك خۆت لاف لێ ئەدەیت، یان خودا و فریشتەكان بێنێتە بەردەممان تا رووبەڕوو بیانبینین، یان خانوویەكی دروستكراو لە زێڕ و زیو و خشڵت هەبێت، یان بەبەرچاومانەوە بەئاسماندا بفڕیت، ئەو كاتەش كە دەفڕیت هەر باوەڕ بەو فڕینە ناكەین تا نووسراوێكمان بۆ نەهێنییت كە بیخوێنینەوە، تۆش ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگارەكەم، ئایا من لە مرۆڤێكی پێغەمبەر زیاتر چیم؟"

بێباوەڕان زۆر داكۆكییان لەسەر ئەو موعجیزە ماددییە كرد كە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەكات و ئیفلیجی دەكات، چونكە ئەوانیش لەسەر ڕێچكەی باوباپیر و گەلانی پێش خۆیان دەڕۆن، بەڵام ئیسلام وەڵامی ئەم داواكارییەیان ناداتەوە، چونكە دەیەوێت ئەوە ڕابگەیەنێت كە قۆناغێكی نوێی گەشە و پێشكەوتنی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئارا، كە مرۆڤایەتی گەشتۆتە تەمەنی كامڵبوون، خودای گەورە و پێغەمبەرەكەشی ڕاستیان فەرمووە. خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا (٩٣)﴾ الاسراء٩٣. هەروەها دەفەرمێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ الكهف١١٠. واتە: :ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: بێگومان من مرۆڤێكم وەك ئێوە و وەحیم بۆ دێت، بێگومان هەر ئەو وەحییەش پێم دەڵێت خودای ئێوە خودایەكی تاك و تەنهایە." بێگومان وەك ئێوە مرۆڤە و پێغەمبەرانی پێشووش هەر وەها بوون، موعجیزەی ئیسلام دەكرێتە وەحی بۆی، ئەو موعجیزەی كە هەم نەقڵ و هەم عەقڵ كۆ دەكاتەوە، ئەمەش وای لێ دەكات زەمینەی نەمریی تێدا بێت.

***

لەبەر ئەوەی میتۆدی ئیسلامی - وەك ئاماژەمان بۆ کرد - ئاسۆ و بەرپرسیارێتییەکانی درێژ دەبێتەوە بۆ جیهانی غەیب - کە ئەستەمە زمانی دەستکردی مرۆڤ - زمانی مرۆڤی جیهانی بینراوی دونیایی - بتوانێت بەو وردی و تەواوییە کرۆکی ڕاستییەکانی دەرببڕێت - وە کاتێك ئەم میتۆدەش لە زمانێکی نوێدا بوار دەکاتەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم جیهانی نادیارە - بۆ نواندن - و قابیلییەتی لێکدانەوە (تەفسیر[1]) و تەئویلە.

تەئویلیش لە میتۆدی ئیسلامیدا یەکێکە لە ڕێگاکانی هۆشیاریی مرۆڤی موسوڵمان و زانینی ئەو وێنانەی لە ڕێگەی بیستنەوە دەربارەی جیهانی نادیار پێمان دەگات، کە توانای زمانی دونیایی ناتوانێت کرۆکی حەقیقەتەکەی باس بکات بۆمان.

شەریفی جورجانی (٧٤٠ - ٨١٦ك ، ١٣٤٠ - ١٤١٣ز) بەم شێوە پێناسەی تەئویل دەکات: "لادانی واتای دیار و ڕووکەشیی وشەیەك بۆ واتایەکی تر کە ئەو واتایەش هەڵدەگرێت، ئەگەر ئەو واتای دووەمە بگونجێت لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا، بۆ نموونە خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ یخرج الحی﴾ الروم ١٩. واتە: مردوو لە زیندوو دەهێنێتە دەرەوە. ئەگەر مەبەستی پەیدابوونی باڵندە بێت لە هێلکەوە، ئەوە تەفسیرە، خۆ ئەگەر مەبەستی پەیدابوونی موسوڵمانە لە باوانی کافر یان پەیدابوونی زانایە لە باوانی نەزان، ئەوە تەئویلە."

بەڵام ئیبن ڕوشد دەڵێت"دەرهێنانی دەلالەتی وشەیەك لە دەلالەتە ڕاستەقینەکەی بۆ دەلالەتێکی مەجازی، بەبێ ئەوەی نەریتی زمانی عەرەب تێك

---

[1] وشەی تەفسیر لە بناغەزمانەوانییەکەیدا بە واتای دەرخستن و خستنەروو دێت. لە شەریعەتیشدا بریتییە لە: ڕوونکردنەوەی ئایەتی قورئانی و باسکردنی و چیرۆك و هۆکاری هاتنە خوارەوەی، ئەو کارەش پێویستە بە دەربڕینێك بێت بە ڕوونی واتاکەی بگەیەنێت، واتە بەبێ لادان لە دەلالەتی روون و دیار لە رێی تەئویلەوە.

بدات، لەوەدا کە ڕێگا دەدات شتێك بە ناوی هاوشێوەکەیەوە یان بە ناوی هۆکار یان پاشکۆی یان هاوشانەکەوە ناو ببات، یان هەر شتێکی تر کە لە پێناسەی بەشەکانی قسەی مەجازیدا باسمان کردووە."[1]

لە فەرموودەی پێغەمبەریشدا (درووودی خودای لەسەر بێت) ئاماژە بۆ وشەی (تەئویل)کراوە، ئەوەش لەو فەرموودەی هاوەڵی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێت) جابر کوڕی عبداللهیە کە دەڵێت: "...ئەو کاتەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) لەناوماندا بوو، قورئانی بۆ دەهاتە خوارەوە، ئەو تەئویلی قورئانی دەزانی."[2]

خۆ ئەگەر زانایان و بیرمەندانی ئیسلام لە هەموو مەزهەب و ئاراستە هزرییەکانیدا هەڵوێستیان جیاواز بووبێت لەبارەی کەم یان زۆر بەکارهێنانی تەئویلەوە، ئەوا کۆدەنگییان هەیە لەسەر ئەوەی پەنا ببرێت بۆ تەئویل وەك ڕێگایەکی تێگەشتن و وێناکردنی ئەو کرۆك و گەوهەرەی وشە، کە ڕووکەشی وشەکە ناتوانێت پێشکەمان بکات، بەتایبەت ئەگەر لە بازنەی جیهانی نادیار (غەیب)دا بێت.

پێشەوا غەزالی لە نامیلکەی (فیصل التفرقة بین الاسلام والزندقة)دا ـ کە یەکێکە لە پەرتووکەکانی میتۆد لە کەلەپوورماندا ـ تیۆرییەك لەسەر (پلەکانی بوون ـ مراتب الوجود) بوونی ئەو شتانەی خاوەن شەریعەت هەواڵی پێ داوین لە بوونیان، ئەم بوونەش پێنج پلەیە، باوەڕکردن بە بوونیش لە هەریەك لەم پلانەدا بەسە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی تووشی کوفری بەدرۆخستنەوەی خاوەن شەرع نەبێت، غەزالی بەم تیۆرییەی دەربارەی پلەکانی بوون گەشتە بابەتەکانی جیهانی نادیار (غەیب) کە لە ڕێگەی بیستنەوە (سەمعیات) پێمان گەشتووە، گەشتە ئەوەی کە ئەم تیۆرییە

[1] ابن رشد(فصل المقال)ص٣٢: تحقيق: د. محمد عمارة، طبعة القاهرة ١٩٨٣م.

[2] رواه النسائي وابوداود وابن ماجة والدارمي.

گرووپە ئیسلامییەکان لە نەخۆشی کافرکردن (تکفیر) دەپارێزێت، کە هەموو لایەکی گرتۆتەوە! ئەوەتا بە باوەڕهێنان بە جیهانەکانی نادیار لە هەریەك لەم پێنج پلانەدا موسوڵمان ئەو هۆش و مەعریفە و وێناکردنەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیهانی نادیار گەلێك شتی تیایە کە زمان ناتوانێت بە وشەی ڕاستەقینە (حەقیقی)دەری ببڕێت، بۆیە واتاکانی لە وێنەی مەجازی و تەئویلدا داڕشتووە.

لە کاتێکدا لە خوێنەر داواکارین دەقەکەی غەزالی بخوێنێتەوە - چونکە لەبەر درێژییەکەی ناتوانین لێرەدا بینووسینەوە- ئەوا چەند برگەیەکی دەگوێزینەوە کە هزرە سەرەکییەکانی تیۆرییەکەی (تەئویل و پلەکانی بوون) دەنوێنێت بۆمان... لە کاتی تاوتوێکردنی مەسەلەی باوەڕپێکردن و بەدرۆخستنەوەی ئەو بابەتە غەیبییانەی بە ڕێگەی بیستن (سمعیات) پێمان گەشتوون دەڵێت:

"...کوفر بریتییە لە: بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە شتێك لەو شتانەدا کە هێناویەتی، باوەڕ (الأِیمان)یش بریتییە لە: باوەڕهێنان بە هەموو ئەو شتانەی هێناویەتی، هەر گرووپێکیش ئەو کەسانە بە کافر دەزانێت کە دژی بیروڕاکانی خۆی بن، دەڵێت: ئەوانە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بەدرۆ دەخەنەوە، بۆیە دەبینین حەنبەلییەکان شافیعییەکان بە کافر دەزانن[١]، گوایە باوەڕی بەوە نییە خودا لە سەرەوەیە و باوەڕی بە (ئیستیوای سەر عەرش __ الاستوا علی العرش) نییە، ئەشعەرییش ئەوان بە کافر دەزانێت، گوایە خودایان بە شتێکی دروستکراو چواندووە و ئەو ئایەتەیان بە درۆ خستۆتەوە کە دەفەرمێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ الشوری ١١. ئەشعەرییەکان موعتەزیلەکان بە کافر دەزانن، گوایە پێغەمبەریان بەدرۆ خستۆتەوە، کە فەرموویەتی: خودا دەبینرێت، هەروەها

---

[١] ئەم دەربڕینانە زۆر ورد و ڕێك نییە، چونکە ئەم لایەنانە بەو ڕەهاییە یەکتریان بە کافر نەزانیوە و زۆرترین کێشەیان لەسەر (لازم القول)دایە کە زانایان هەمیشە لازم القول ناکەنە هۆکاری کوفر.(وەرگێڕ).

له باوەڕ بە بوونی زانین و توانا و سیفەتەکان، موعتەزیلییەکانیش ئەشعەرییەکان بە کافر دەزانن، گوایە باوەڕبوون بە سیفەتەکانی خودا واتای (چەند بێسەرەتایەك)، ئەوەش بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرە لە باوەڕی یەکتاپەرستیدا.

ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات: زانینی پێناسە و حەقیقەتی چەمکی (بەدرۆزانین) و چەمکی (باوەڕپێکردن یان بەڕاستزانین)ە، ئەوکات ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن ڕۆچوونی سنووربەزێن بۆتە هۆی ئەو یەکترکافرکردنە.

باوەڕپێکردنی ڕاستەقینەش بریتییە لە: داننان بە بوونی هەر شتێکدا کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پێی ڕاگەیاندووین، بەڵام بوون پێنج پلەی هەیە، بە هۆی بێئاگایی لەم پلانە، هەر گرووپێك بەرانبەرەکەی بە درۆ دەخاتەوە، بێگومان پلەکانی بوون بریتییە لە: خودی(ذاتي)، خەیاڵی، عەقڵی، لێکچوویی. ئینجا هەرکەس بە یەکێك لەم پلانەدا دان بنێت بەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پێی ڕاگەیاندووین، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بڵێین پێغەمبەری بەدرۆ خسۆتەوە.

با بەدرێژی ئەم پێنج پۆلە باس بکەین و نموونەکانی لە تەئویلکردندا بۆ بهێنینەوە:

**بوونی خودی:** بریتییە لە بوونی ڕاستەقینە (حەقیقی) کە لە دەرەوەی هەست و عەقڵدا بوونی هەیە، بەڵام هەست و عەقڵ وێنەیەکی لێ وەردەگرێت و ئەو وەرگرتنە پێی دەوترێت پەیبردن (الادراك)، ئەمەش وەك: ئاسمانەکان، زەوی، زیندەوەر، ڕوەك، ئەمەش ئاشکرایە و زۆربەی خەڵکیش جگە لەم بوونە واتایەکی تریان لا نییە، ئەمەش ئاشکرایە و تەئویل ناکرێت.

**بوونی هەستەوەری (حسی):** ئەو بوونەیە کە دێتە پێش هێزی بینینی چاو، بەڵام لە دەرەوەی چاودا بوونێکی دەرەکی نییە و تەنها ئەو کەسە هەستی پێ دەکات کە دێتە پێش چاوی، نموونەی ئەمەش وەك خەوبینین یان ئەو جۆرە

نەخۆشانەی شتێك دێتە پێش چاویان و لە دەرەوەشدا هیچ ڕاستییەکی نییـە، ئـەو نموونەشمان هەیە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەفەرمێت: "لە ڕۆژی قیامەتـدا مـردن لەسـەر شـێوەی بـەرانێکی سـپی (یـان شـلێ)دا دەهێنرێتـە نێـوان بەهەشت و دۆزەخ و سەر دەبڕرێت."[١]

بێگومان لای ئەو کەسـەی بەڵگـەی یەکلاکـەرەوەی هەیـە لەسـەر ئـەوەی مـردن عەرەز (عرض)ە[٢] و گۆڕینی عەرەزیش بۆ جەستە ئەستەمە و بە کەس ناکرێت، ئەوا فەرموودەکە وا ماذای دەکات کـە خـەڵکی لـە ڕۆژی دواییـدا ئـەو بەرانـە دەبیـنن و باوەڕیان دێتە سەر ئەوەی ئەوە مردنە، ئەمەش تەنها لە هەسـتی خۆیانـدا نـەك لـە دەرەوە، ئیـدی دڵنیـا دەبـن لـەوەی مـردن نـەماوە، ئـەو کەسـەش ئـەم بەڵگـە یەکلاکەرەوەی لا نەبێت، ئەوا ڕەنگە باوەڕی وەهـا بێـت کـە خـودی مـردن دەبێتـە بەرانێك و سەر دەبڕرێت.

**(بوونی خەیاڵی)** بریتییە لە: وێنەی ئەو بەرهەستانە کاتێك لـە هەسـتەکانت ون دەبێت، ئەوەتا دەتوانیت بە چاوی داخراوەوە لـە خـەیاڵی خۆتـدا وێنـەی فیلێـك و ئەسپێك بکەیت و وەك ئەوەی هەر لەناو مێشکدا بیبینیت، نموونـەی ئـەم جـۆرەش ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێـت) کـە دەفـەرمێت: "كأني انظر الى موسي بن متى، عليه عبائتان قطوانيتان، يلبي وتجيبـه الجبـال، والله تعـالى يقول له: لبيك يا يونس."[٣] واتە: "دەڵێی ئێستا سەیری یونس کوڕی مەتتا دەکـەم کە دوو عەبای سپیی کورت و گوڵەنگەداری لەبەردایە و بەردەوام دەڵێت: لبيك اللهم لبيك، چیاکانیش وەڵامی ئەدەنـەوە، خـوای گـەورەش پێـی دەفـەرمێت: بـەردەوام

---

[١]رواه البخاري ومسلم والدارمي والإمام أحمد.

[٢]وشەی (عرض) بە هەر شتێك دەوترێت کـە بـوونی سـەربەخۆی نییـە و پێویسـتی بـە شـتێکی تـرە تـا بوونی دەرکەوێت(وەرگێڕ).

[٣]رواه ابن ماجة.

وەڵامـت ئەدەمـەوە ئـەی یـونس." وا دیـارە ئـەم ڕووداوە نوانـدنی وێنەکەیـە لـە خەیاڵیدا، چونکە ئـەم ڕووداوە پـێش سـەردەمی پێغەمبـەر بـووە (درووودی خـودای لەسەر بێت)، دەکرێت بوترێت: لەناو هەسـتیدا وەهـا نـوێنراوە کـە وەك خـەوبینین دەیبینێت، بەڵام کاتێك دەفەرمێت: دەڵێی ئێستا سەیری دەکەم، ئەوە دەگەیەنێت کـە بینینـی ڕاسـتەقینەی ئاسـایی نـەبووە، ئامـانجیش تێگەیانـدنی گـوێگرە بـە نموونەهێنانەوە نەك خودی ئەم وێنەیە.

**بوونی عەقڵی:** بریتییە لەوەی شتێك ڕۆح و حەقیقەت و واتای هـەبێت، ئـەوکات عـەقڵ تـەنها واتاکـەی وەردەگرێـت، بـەبێ ئـەوەی لـە خەیاڵیـدا یـان لـە هەسـتە دەرەکییەکانیـدا وێنەیـەکی بـۆ دابنێـت، وەك دەسـت، بـۆ نموونـە، کـە بـوونی بەرهەستی هەیە و لە خەیاڵیشدا وێنا دەکرێت و لە دەرەوەش بـوونی ڕاسـتەقینەی هەیە، کە پێی دەدرێت لە شتدا، توانای لێدان لە شت بریتییە لـە دەسـتی عـەقڵی. پێنووس وێنەیەکی هەیە، بەڵام حەقیقەتی پێنـووس ئـەو شـتەیە کـە زانیـاریی پـێ دەنووسـرێتەوە، عـەقڵیش ئـەم حەقیقەتـەی لـێ وەردەگرێـت، نـەك قامیشـێك یـان تەختەیەك یان هەر وێنەیەکی خەیاڵی و بەرهەستیی تر، هەروەها ئـەو فـەرموودەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) کە دەفەرمێت: "خودا بۆ ماوەی چل ڕۆژ بە دەستی خۆی ئەو قوڕەی ترشاند کە ئادەمی لێ دروست کـرد."[1] لێـرەدا باسـی لـە هەبوونی دەست کردووە بۆ خـودا، ئـەو کەسـەی بـڕوای بـەوە هـەبێت کـە بەڵگـەی یەکلاکەرەوەی لایە کە ئەستەمە خودا دەستێکی بەرهەستی یـان بەخەیاڵـداهاتووی هەبێت، ئەوا باوەڕی بەوە هەیە کە خودا دەستێکی ڕۆحـانیی عـەقڵیی هەیـە، واتـە باوەڕی بە واتای دەست و حەقیقەت و ڕۆحی دەست هەیە بۆ خودا، جگە لە وێنەی

---

[1] ابن سعد (الطبقات الكبرى)ج١،...ص ٦، طبعة دار التحرير، القاهرة.

دەستەکە، واتای دەستیش بریتییە لەو شتەی بەکار دەهێنرێت لە کردار و پێدان و بەربەستکردن و لێداندا.

**بوونی هاوشێوەیی(لێکچوونی):** بریتییە لەوەی وێنە و حەقیقەتی خودی شتەکە نەبێت، چ لە دەرەوە چ لە هەست یان خەیاڵ یان عەقڵدا، بەڵام بوونێکی ترە کە لە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی یان یەکێك لە سیفەتەکانیدا لەو دەچێت، بۆ نموونە: تووڕەیی، تاسە، خۆشی، خۆڕاگری و هتد... کە بۆ خودا بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە حەقیقەتی تووڕەیی بریتییە لە کوڵانی خوێنی دڵ لەپێناو بەدەستهێنانی حەزێکیدا، ئەمەش لە ناتەواوی و ئازار دابڕاو نییە، جا ئەو کەسەی بەڵگەی یەکلاکەرەوەی هەبێت لەسەر ئەستەمبوونی تووڕەیی بۆ خودی خودا بە شێوەیەکی بەرهەستی و خەیاڵی و عەقڵی، ئەوا سیفەتێکی جێگرەوە بۆ تووڕەییەکە دادەنێت، کە هەمان بەرهەمی تووڕەیی هەبێت، وەك: ویستی سزادان، ویستیش لە خودی خۆیدا ناگونجێت لەگەڵ تووڕەییدا، بەڵام لە یەکێك لە سیفەتەکانیدا گونجاوە لەگەڵی و لێکەوتەی ئازاری لێ دەکەوێتەوە.

ئەمانە بوو پلەکانی بوونی شتەکان و تەئویلکردنەکان.

ئەوەش بزانە کە هەرکەس واتای قسەیەکی نێو قورئان و فەرموودە بەپێی یەکێك لەم پلانەی بوون واتا بکات، ئەوا باوەڕی بەو قسەیەی قورئان و فەرموودە کردووە، بەدرۆخستنەوە بریتییە لە نکوولێکردن لە هەموو ئەم واتایانە و بڕوای وەها بێت ئەو قسەیە سوودی نییە و درۆیەکی ڕووتە و مەبەستیشی چەواشەکاری و بەرژەوەندیی دونیاییە، دیارە ئەمەش کوفرێکی ڕووت و زندیقییە، ئەگەر خاوەن تەئویلەکانیش ڕەچاوی یاسای تەئویل بکەن، تووشی کوفر نابن، چۆن بە تەئویل

تووشی کوفر دەبین! لە کاتێکدا هەموو گرووپە موسوڵمانەکان ناچار بوون تـەئویل بکەن!"[1]

ئەوەش چەند بڕگەیەك بوو لە پەرتووکی پێشەوا غـەزالی بـۆ تیـۆری (تـەئویل و پلـەکانی بـوون)، کـە نوێنـەری ڕێگـای میتـۆدی ئیسـلامییە و زۆرینـەی زانایـانی کەلامیش یەکدەنگن لەسـەری، ئـەم میتـۆدەش بـۆ تێگەشـتن و زانـینی ئـەوەی لـە بیستراوە شەرعییەکاندا هاتووە دەربـارەی جیهـانی غـەیب، میتـۆدی ئیسـلامی لـە ڕێگـەی هـۆش و مەعریفـەوە گشـتگیرییەکی بەدەسـت هێنـاوە لـە ڕێگـەی ئـەم چـەمکانەوە کـە بـۆ میتۆدەکـەی خـۆی زیـاد کـردووە: ئـەزموون... عـەقڵکاری... لێوردبوونـەوە... بەڵگـەی ڕوون... بەڵگـەی یەکلاکـەرەوە... هـەروەها تێبـینی و ئەزموون و هەمەژمێری (ئیستیقرا ) و پێوانە و نموونەهێنانەوە و تەئویل... فرەیـی پلـەکانی بـوونی - خـودی و بەرهەسـتی و خـەیاڵی و عـەقڵی و لێکچـوویی ــ دەبنـە ڕێگاکـانی بـوون و مەعریفـە و ئـەوەش بۆتـە عەدەسـەیەکی کۆکـەرەوە و میتـۆدی ئیسلامی لە کایەی مەعریفەدا درێژ دەکاتەوە بۆ هەموو بوارەکـانی جیهـانی دیـار و نادیار بەپێی جیـاوازیی ڕێگاکـانی هـۆش، کـە جیـاوازیی بابەتەکـە و ئـەو جیهانـەی تێیدایە.

ئەوەی کە ماوە بیڵێین دەربارەی ڕێکخستنی ڕێگاکـانی تـەئویل وەك یـەکێك لـە ڕێگاکانی هۆش و مەعریفە لە میتۆدی ئیسلامدا ئەم ڕوونکردنەوانەیە:

- ئەم تەئویلە بۆ تێگەشتنە لە هەندێك لەو ئاکارانەی دەکەونە ناو چەند بەشێکی غەیبیاتەکانـە، لـە بناغـە و بنـەماکانی شـەریعەتدا نییـە، چـونکە باوەڕهێنـان بـەم بنەمایانـە تـەنها بەرهـەمی باوەڕکردنـە بـە خوداوەنـدێتی و پێغەمبەرایـەتی، ئـەو باوەڕکردنەش بەو شێوەیە دەستمان دەکەوێت کە لە (نەقڵ و عەقڵانی)دا دەستمان

[1] الغزالي(فيصل التفرقة بين الاسلام والزندقة) ص٤ـ٩، ط ١٩٠٧م.

دەکەوێت و بە هەڵێنجان لە پەرتووکی گەردوون ـ دروستکردن و دروستکراو ـ وەك بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر بوونێکی نامادی و جیا لە گەردوون، کە خۆی چاودێریی دەکات.

ـ ئەم تەئویلەش لە شتێکدا پێویستمانە، کە عەقڵ بەتەنها ناتوانێت کرۆك و گەوهەرەکەی بزانێت، بۆ ئەوە نییە کە بمانگەیەنێتە پەیبردن بە کرۆك و حەقیقەتی مەبەست، بەڵکو ئامانج وێناکردنی ئەو تەئویلەیە کە خاوەن تەئویلەکە هەیەتی، ئەمەش بە بەڵگەی جیاوازیی تەئویلەکان لەلایەن یەك کەسەوە، کەواتە ئەوە ئاسانکارییە بۆ وێناکردنی ئەو بوونەوەرانەی جیهانی غەیب کە وەحیی باسی بۆ کردووین و عەقڵ بەتەنها ناتوانێت پەی بە کرۆکی ببات و زمانیش ـ وەك دەفرێك ـ ناتوانێت حەقیقەتی تەواوی ناوەرۆکەکەی بگرێتە خۆی. ئەمەش ئەوپەڕی ئامانجی تەئویلە وەك یەکێك لە ڕێگاکانی هۆشیاری لە میتۆدی ئیسلامیدا.

***

بێگومان میتۆدی ئیسلامی ـ لە ڕێگەکانی هۆشیاری و مەعریفەدا ـ دەیەوێت پشت بە نەقڵ و عەقڵ ببەستێت وەك دوو پایەی عەقڵانیەتی ئیسلامی و توندڕەویی یەکڕوانگەیی ڕەت دەکاتەوە، کە ناگونجێت لەگەڵ میانڕەویدا. چ ئەو توندڕەوییەی لایەنگری عیرفانی غەننوصی باتینی بێت دژ بە بەڵگەی عەقڵ و دەلالەتی ڕاستەقینەی نەقڵ، یان توندڕەوییەکەی لایەنگیری عەقڵ بێت وەك هەستەوەرێك و تەنها باوەڕی بە جیهانی بینراو و بەرهەست هەبێت.

لێرەد ڕەنگە سوودی هەبێت ئەگەر ئاماژەیەك بکەم بەوەی کە موتەصەویفەکان ـ ئەوانەی ئەهلی عیرفانن ـ پشت دەبەستن بە ئەزموونی ڕۆحی و تێکۆشینی خودی وەك ڕێگایەك بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئەو کەسەی شەریعەتی بۆ هاتووە ـ ئەو شەریعەتەی لەسەر نەقڵ و عەقڵ دامەزراوە ـ میتۆدێکی زیانبەخشە و قابیلی

قبوولكردن نييه، نەك لەبەر ئەوەى بەتاڵە يان بە شێوەيەكى ڕەها مەحاڵە، چونكە بۆ ژمارەيەكى كەم لەمرۆڤەكان بەسوودە- ڕەنگە خاوەن شەريعەتى جياوازيش بن - بەڵكو لەبەر ئەوەيە زەمينەى بابەتيبوونى تێدا نييە و گشتگير ناكرێت و ناكرێتە ڕێگەى ئوممەت و پايەى شارستانى، ئێمە هەڵگرانى ئەم ڕێبازە بە تاوانكار دانانێين، بەڵكو دژى ئەو بانگەوازەين كە دەيەوێت بيكاتە ڕێگەى ئاييندارىى هەموو ئوممەتى ئيسلامى و هەڵگرى هەمان عەقيدەش بێت.

هەمان هەڵوێستيش جێبەجێ دەبێت لەسەر ڕێگەى هەندێك كەسى ديارى ئاراستەى عەقلانيى نێو هزرى ئيسلاميماندا، ئەوانەى كە دەڵێن: دەكرێت مرۆڤەكان دەتوانن بە عەقڵى خۆيان بگەنە دانانى شەريعەتێكى عەقڵى و لەو كارەشدا پێويستييان بە وەحى و دەقە بيستراوەكان (قورئان و فەرموودە) نەبێت، ئەوەتا پەيبردنى مرۆڤ بە چاكە و خراپە زانينى بە عەقڵ بەپێى شەريعەتێكى عەقڵى، لە خودى خۆيدا هەڵە و مەحاڵيش نييە، لە مێژوودا هەندێك عاقڵ هەبوون لەو سەردەمانەدا كە پێغەمبەر و شەريعەتێك نەبووە لەنێو كۆمەڵگەكەياندا، توانيويانە بگەنە شەريعەتێكى عەقڵى و حەرام و حەڵاڵيان لە پەرستشەكاندا ديارى كردووە، تەنانەت موحەممەدى كوڕى عبدالله، پێغەمبەرى خودا (دروودى خوداى لەسەر بێت) پێش ئەوەى وەحيى بۆ بێت و بكرێتە پێغەمبەر، خواپەرستى و خۆپاراستنى لە گوناح هەبووە و چاكەى ناسيوە و پەيڕەوى كردووە و خراپەشى ناسيوە و لێى دوور كەوتۆتەوە، ئەم شەريعەتە عەقڵييەى لە ئەنجامى تێڕامانى عەقڵييەوە بووە.

كەواتە ڕەتكردنەوەكە لەبەر ئەگەرى هەبوونى شەريعەتى عەقڵى نييە و نكووڵيكردنى سوودەكانيشى نييە، بەڵكو بۆ كاتێكە بكرێتە جێگرەوەى شەريعەتى ئيسلامى، چونكە ئەميش وەك ئەزموونى صۆفييانەى خودييە، كە ڕاست و بەسوودە تەنها بۆ ئەو ژمارە كەمەى خەڵكى كە مومارەسەى دەكەن، بەڵام شەريعەتى ئاسمانى ڕێگەى بەديهێنانى هيدايەتى مرۆڤايەتين، ئەوە مرۆڤەكانيشن

ئەركی بەدیهێنانی پەیامی جێنشینیی خودایان پێ سپێردراوە، بۆیە ڕەتكردنـەوەی شەریعەتی عەقڵی بریتییە لە ڕەتكردنەوەی ئەو لافەیە كە پێی وایە تاكە شەریعەتە و خۆی دەتوانێت ببێتە شـەریعەتی ئوممـەت و ژیـانی ڕێـك بخـات و خۆشـبەختی و ڕزگارییشی پێ ببەخشێت، بێگومان كەسانی خاوەن شـەریعەتی عـەقڵی بـە هـەمان شێوەی خاوەن ئەزموونـە صـۆفییەكان زۆرتـر لـە (بەرەكـەت و خـوێی سـەر زەوی دەچن و بەو ئەندازە كەمەی كە هەن بن باشە، نەك ڕێبازەكەیان بكرێتە بەرنامـەی ژیـانی ئوممـەتی ئیسـلامی، جگـە لـەوەش كـە مەحاڵـە جێبـەجێ بكرێـت ـ بـەهۆی خراپكردنی عەقیدەی ئوممەتی ئیسلامی و لاوازكردنی لـە بـەجێهێنانی ئەركەكانیـدا بەو تەكلیفە توانـا پڕووكێنانـەی لەسـەری فـەرز دەكرێـت ــ وەك ئـەوە وەهایـە كـە بەردەوام تەنها خوێ دەرخواردی كەسێك بدەیت و بەس!

***

فرەیی و فرەجۆریی جیهانەكان لـە وێنـاكردنی ئیسـلامیدا فرەیـی و فرەجـۆریی هۆش و مەعریفە لە پرۆگرامی ئیسلامدا دروست دەكات.

عەقڵانیەتی ئیسلامییش هەر وەك چۆن ڕێگای تێگەشتنە لـە ڕاسـتییەكانی ئـەم جیهانە، هەر واش ڕێگای دامەزراندنی زانستە ئیسلامییەكانە، بـەردەوام تێگەشـتنی موسوڵمان زیاتر دەكات لە ڕاستییەكانی هەردوو جیهانی نادیار و دیار (عـالم الغیـب والشهادة). لە كاتێكیشدا كاریگەریی عەقڵانیەتی ئیسلامی لە دروستبوون و بونیادی زانستیی كەلامی ئیسلامیدا ــ فەلسەفەی ئەم ئوممەتەــ ڕوون و ئاشـكرا بێـت، ئـەوا كاریگەریی ئەم عەقڵانیەتە لە دروستبوون و بونیادی زانستیی بنەماكانی فیقهیشـدا ڕوون و سەلمێنراوە، ڕەحمەتی خودا لە پێشەوا شافعی بێت (محمد بن ادریـس ١٥٠ ـ ٢٠٤ك، ٧٦٧ ـ ٨٢٠ز) كە دامەزرێنەری ئەم زانستەیە، بە قوتابییـەكانی فـەرمووە:

"هەرچیم پێ وتن و عەقڵتان شایەتیی بۆ نەدا، یان قبوولّی نەکرد یان بە ڕاستی نەزانی، ئەوا وەری مەگرن، چونکە عەقڵ تەنها ناچاری وەرگرتنی ڕاستییە!"[1]

پەیوەندیی عەقڵی موسوڵمان ـ کە باوەڕی بە نەقڵ و عەقڵ هەیە- پەیوەندییەکی لێکنەبڕاوە و قبوولکردنی ڕاستی بە پێویست دەزانێت کە بەرهەم و ئامانجی ڕێگاکانی هۆش و مەعریفەیە لە میتۆدی ئیسلامیدا. بەڵام ئەو ڕاستییانەی ئاماژەمان پێ کرد لە فەرموودەکەدا لەبارەی ڕێگاکانی هۆش و مەعریفە لە میتۆدی ئیسلامیدا، ئەوەی بۆ سەلماندین کە میتۆدی ئیسلامی هەموو ئەو میتۆدانە لەخۆ دەگرێت کە زامنی ڕێگەکانی هۆش و مەعریفەیە لە جیهانە جیاوازەکان و گۆڕەپانە جیاوازەکانی و پێکەوەژیانیانە لەوێدا، لە کاتێکدا شارستانێتی ڕۆژئاوا لەسەر میتۆدی ئەزموونی و بەرهەستیدا وەستاوە، ئەوا شارستانێتی ئیسلامی پشت بەم میتۆدانە دەبەستێت:

**١ـ میتۆدی ئەزموونی:** کە هەستەکان بەکار دەهێنێت لە پەیبردن بە دیاردەکانی جیهانی بینراو، بەڵکو ئەم میتۆدە یەکێکە لە بەرهەمەکانی داهێنانی شارستانییەتی ئیسلامی، ئەوەش پێش ئەوەی بگوێزرتەوە و لە باوەشی شارستانێتی ڕۆژئاوادا پەرە بسێنێت.

**٢ـ میتۆدی هەڵێنجانی:** کە مرۆڤ لەو ڕێگەوە ئەو زانیارییانە بەدەست دەهێنێت کە بوونێکی نامادیی دەرەوەی ماددەمان بۆ دەسەلمێنێت.

**٣ـ میتۆدی مێژوویی:** بەم میتۆدە، مرۆڤ گێڕانەوەی بێگومانی کۆمەڵێك مرۆڤ دەکاتە بەڵگە بۆ بوونێکی مێژوویی، پێش ئەوەی هەستەکانی ببیبنن و هەستەکانیشی تا ئاستی دڵنیایی (یەقین) باوەڕی پێ دەکەن.

---

[1] البيهقي(مناقب الشافعي)ج١ ص١٨٦ تحقيق: السيد أحمد صقر. مطبعة القاهرة، ١٩٧١م.

**٤- میتۆدی بیستن:** ئەو میتۆدەیە کە سرووشـی خـودایی (وەحـی ئیلاهـی) کـە قورئانە، لەگەڵ فەرموودەدا، کـە ڕوونکردنەوەیـە بـۆ قورئـان، دەبێتـە سەرچـاوەی زاسـت و مەعریفـەکان، بـەم میتـۆدەش مـرۆڤ ئاگـادار دەبێتـەوە لـەو زانیارییـە بەردەستانەی دەربارەی جیهانی غەیب هەیـە و ئـەو زانیارییانـەش یارمـەتی عـەقڵ دەدات بۆ پەیبردن بەو شتانەی خۆی بەتەنها ناتوانێت پەیی پـێ ببـات و دەبێتـە یارمەتیدەری هەستەکان لەم کارەدا.

***

ئـەو میتـۆدەش بەرهـەم و ئـەنجام و بەڵگـەی ڕاسـت پێشـکەش دەکـات، بەرهەمەکانیشی نامۆ نییە بە عـەقڵ و عەقڵانیـەت، چـونکە هـەردوو سەرچـاوەکەی خوداوەندێتی و پەیامەکە عەقڵانین، هەم بە میتۆدی هەڵێنجان و هەم بە موعجیزەی بەربەرەکانێکار!

بـەم شـێوەیە هـەموو ئـەو میتۆدانـە لـەناو دیدگـەی ئیسلامیدا کـۆ بۆتـەوە بـۆ دروسـتکردنی ڕێگاکـانی هـۆش و مەعریفـە، بـەم شـێوەیە میتـۆدی ئیسـلامی سەرتاپاگیری و تەواوکاری و هاوسەنگیی بەدەست هێناوە لە مەعریفـەکانی مـرۆڤ و هەستکردنیشی بە خۆی و ژینگەکەی و سەرەتا و بەردەوامی و چارەنووسی.

***

# میانڕەوی کۆکەرەوە

تایبەتترین تایبەتمەندیی میتۆدی ئیسلامی بریتییە لە میانڕەوی، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە میتۆدی مەزهەب و شەریعەت و فەلسەفەکانی تر، میانڕەوییش بۆتە سروشتی شارستانێتی ئیسلامی لە هەموو بەها و نموونە و پێوەر و بنەما و ڕێنوێن و بەشەکانیدا، تەنانەت دەتوانین بڵێین: ئەم میانڕەوییە بۆ میتۆدی ئیسلامی و شارستانییەکەی بۆتە تیشکۆیەك بۆ کۆکردنەوەی تیشکی ڕووناکی و گۆشەنیگای بینین وەك میتۆد و گۆشەنیگای سەرنجدانی.

هۆی ئەم پلە گرنگەشی ئەوەیە کە ڕۆچوونی ستەمکارانە و توندڕەویی بەتاڵ ڕەت دەکاتەوە، نوێنەری ماك (فطرة) و سرووشتی مرۆڤە پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی فشار و هێرشی دەرد و نەخۆشییەکان. نوێنەری ماکی مرۆڤایەتییە لە سادەیی و بەڵگەنەویستی و قووڵی و ڕاستی تەعبیرکردنە لەو ماکەی خودای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، ئاکارێکە خودای گەورە دەیبەخشێت و دەشتوانێت ببێتە ئاکارێکیش بۆ ئوممەتی ئیسلامی و تایبەتترین تایبەتمەندیی میتۆدی ئیسلام، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾ البقرة١٤٣. واتە: "بەم شێوەیە ئێوەمان کردۆتە ئوممەتێکی میانڕەو، تا ببنە گەواهیدەر بەسەر خەڵکییەوە و پێغەمبەریش ببێتە گەواهیدەر بەسەر ئێوەوە، بریتییە لە ڕاستیی نێوان دوو بەتاڵ، دادگەریی نێوان دوو ستەم، میانڕەویی نێوان دوو پەڕگیری، هەڵوێستی دادگەرانەی کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکانی ڕاستی و دادگەری و میانڕەوی، ڕەتکەرەوەی ڕۆچوون ـ لە زیادەڕەوی و کەمتەرخەمیدا- چونکە ئەو ڕۆچوونەی دژ و ناتەبایە لەگەڵ میانڕەویدا

لادانی توندڕەوەکانە بۆ جەمسەری زیادەڕەوی یان کەمتەرخەمی و وەستانی لەسەر یەك تای ئەو تەرازووەی پێویستی بە میانڕەویی ئیسلامی کۆکەرەوە هەیە!

میانڕەویی ئیسلامی کۆکەرەوە بریتی نییە لەوەی خوێنەوار و ڕۆشنبیران بە نەبوونی هەڵوێستی ڕوون و دیاریکراو بەرانبەر کێشەکان و دۆزە ئاڵۆزەکانی دەزانن، چونکە قورسترین هەڵوێستە کە بە ئاسانی بەلای جەمسەرێکیاندا ناڕوات، دوورە لەو واتا بازاڕییانەی بەربڵاوە لای خەڵکی عەوام دەربارەی دەلالەتی زاراوەکەی.

هەروەها میانڕەوییە ئەرستۆییەکە نییە، وەك زۆرێك لە ڕۆشنبیران و لێکۆڵەرانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و قوتابیانی بۆی چوون، چونکە میانڕەویی ئەرستۆ (٣٨٤پ - ٣٢٢ پ.ن) بریتییە لە ناوەڕاستی دوو ڕەوشتی ناشرین و خراپ، لە نەریتی فەلسەفەی ئەرستۆییدا لەو ناوەڕاستییەیدا لە خاڵێکی ماتماتیکی دەچێت کە بە یەك ئەندازە دوورە لە هەردوو خراپەکەوە و وێستگە یان هەڵوێستێکی وەستاوە و هیچ پەیوەندییەکی بە دوو جەمسەرەکەوە نییە، بەڵام میانڕەوی ئیسلامی وەها نییە.

بەڕاستی لە وێنای ئیسلامیدا هەڵوێستێکی سێهەم و نوێ هەیە، بەڵام هەڵکەوتنی لەنێوان دوو دژ و ناتەبادا واتای ئەوە نییە پەیوەندیی تۆکمەی لەگەڵ ئاکار و هاوشان و پێکهێنەرەکانیدا هەیە، بێگومان ناکۆکە لەگەڵیاندا، بەڵام تەنها لە نکووڵیکردنی ئەوەدایە کە تەنها ئاکاری یەك جەمسەریان وەربگرێت، لەوەدایە کە بە یەك چاو ببینێت و یەك جەمسەریان ببینێت! دژی لایەنگری پەڕگیر یان پەڕگیریی لایەنگری بێت! کەواتە وەك هەڵوێستێکی نوێ تایبەتمەندی و جیددیبوونی لەوەدایە هەوڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو ئاکار و بەش و پێکهێنەرانەی نێو دووجەمسەرە دژەکە دەدات کە دەکرێت کۆ بکرێنەوە و ڕێك بخرێن - وەك سیستمێکی تەبا و ڕاستەقینە- هەر بۆیە بۆتە میانڕەوییەکی گشتگیرە و جیاوازە لە میانڕەوییەکەی ئەرەستۆ.

بێگومان دادگەرییش لە تەرازوودا بەوە دروست نابێت کە هەردوو تای تەرازوو پشتگوێ بخرێن و تەنها بمێنیتەوە، یان تەنها بە لایەکیاندا دایتاشین، بەڵکو بەو میانڕەوییە دادگەر دەبێت کە فەرمانی دادگەرانە لەخۆ دەگرێت لە ڕاستی و ڕووداو و بەڵگە یەکلاکەرەوەکانی هەردوو لای ناکۆك ـ دوو تای تەرازوو ـ بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "میانڕەو: واتە دادگەری، جعلناکم امة وسطا."[1] دادگەرییش لێرەدا و بەم واتایە زۆر دوورە لە مامناوەندبوونەوە (الاعتدال) کاتێك مەبەست پێی تەسلیمبوونە بە واقیع، ئەگەر ئەو واقیعە ستەمکار بوو، لە ئیسلامدا میانڕەوی ـ دادگەری ـ بریتییە لە شۆڕش بەسەر ئەو مامناوەندێتییەدا!

بەخشندەیی میانڕەوییە و بەتەواوی نامۆ و دابڕاو نییە لە هەردوو جەمسەری دژ: پیسکەیی و هەڵەخەرجی، بەڵکو لە هەردووکیان چەند ئاکارێك وەردەگرێت لێیان لەگەڵ پێکهێنەری هەڵوێستی نوێدا کە بەخشندەییە، بێگومان بەرنامەڕێژی و بەخشین و پێدان کۆ دەکاتەوە.

هەروەها ئازایەتی، کە جیاوازە لە ترسنۆکی و سەرەڕۆیی، بەڵام دابڕاویش نییە لە هەردووکیان، هاوکات بە لایەکیشیاندا نەشکاوەتەوە، لە یەکێکیان وریایی و لەوی دی چوونەپێشی وەرگرتووە و هەڵوێستێکی میانڕەوی نوێی پێك هێناوە.

لە ژێر تیشکی ئەم ناوەڕۆکە ئیسلامییەدا بۆ زاراوەی (میانڕەوی) ـ کە ئەو ناوەڕۆکەی بە تایبەتمەندیی (کۆکەرەوە) جیا کردۆتەوە ـ هەموو ئەو ئایەتە قورئانییانە دەخوێنینەوە کە ئاماژەی بۆ ئەم تایبەتمەندییەی میتۆدی ئیسلامی و ئایینی ئیسلام و سیفەتەکانی ئوممەتی میانڕەو، ئوممەتی ئیسلام کردووە و دەفەرمێت: ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا (٦٧) ﴾ الفرقان٦٧. واتە: "ئەوانەی کە خەرج دەکەن، هەڵەخەرجی ناکەن و پیسکەش نین،

[1] رواه الإمام أحمد.

لەنێوانیانــدا بــە هاوســەنگی ماوەتــەوە." وە دەفــەرمێت: ﴿ وَآتِ ذَا الْقُرْبَىٰ حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا (٢٦)﴾ الاســرا ء٢٦. واتــە: "مــافی خزمــان و هەژاران و ڕێبوارانی بێدەرامەت بدە، هەڵخەرجیش مەبە." وە دەفـەرمێت: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا (٢٩) ﴾ الاسـرا ء ٢٩. واتە: "دەستت لە ملـت گرێ مـەدە (پیسکە مەبە) و بـە ڕەهـاییش دەسـتت مەکەرەوە کە هیچت پێ نەمێنێت و تووشی لۆمەی خەڵکی و حەسرەت ببیت." وە دەفەرمێت: ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ ﴾ البقره ١٨٥. واتە: "خودا ئاسانکاریی بۆ ئێـوە دەوێـت و زەحمـەت و قورسـیی بۆتـان ناوێـت." واتـە میـانڕەوی، کـە ڕۆچـوون لـە شــلگیری و توندڕەویــدا ڕەت دەکاتــەوە، نــە ڕەهبانییــەتی مەســیحییەکان و دونیانەویستی عەجەم و نە ئاژەڵئاسای شەهوەتپەرستی و دابڕان لە هەموو فەرمانە شەرعییەکان.

لـەژێر تیشـکی ئـەم ناوەرۆکـەدا ئـەم فەرموودانـەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر بێت) دەخوێنینەوە کـە دەفـەرمێت: "ئـەم ئایینـە تۆکمەیـە، بەنـەرمونیانی بەکاری بهێنن و پەیڕەوی بکەن."[١] وە دەفەرمێت: "بێگومان ئاینی خـودای گـەورە ئاسانە."[٢] وە دەفەرمێت: "ئێوە ئەو ئوممەتەن کە خودا ویستوویەتی ئاسانکاریتان بۆ بکات، بێگومان باشترین ئایینیشتان ئاسانترینیانە."[٣] وە دەفـەرمێت: "خـودای گەورە منی بۆ توندوتیژی نەناردووە، بەڵکو وەك فێرکار و ئاسانکارێك ناردوومی."[٤] وە عائیشــە (ڕەزای خــودای لەســەر بێــت) دەگێڕێتــەوە کــە: "پێغەمبــەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) هـەرکات لـەنێوان دوو بابەتـدا مابێتـەوە کـە پەیوەنـدیی بـە

[١]رواه الإمام أحمد.

[٢]رواه البخاري والنسائي والإمام أحمد.

[٣]رواه الإمام أحمد.

[٤]رواه مسلم والإمام أحمد.

ئیسـلامەوە هـەبێت، هەمیشە ئاسـانترینیانی هەڵدەبـژارد، مـادام گونـاهی تێـدا نەبووبێت، گەر ئاسانەکەشیان گوناح بووایە ئەوا لە هەموو کەس دوورتر بوو لێی."[1]

ئەو گوناهەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە هەموو کەس دوورتر بووە لێوەی، بریتییە لەو ئاکارە ڕەتکراوەی لـە هـەردوو جەمسـەری دژ بەیەکدا هەیـە، چـونکە سـتەم و ناهـەقی و تونـدڕەوی دوورن لـە دادگـەری و ڕاسـتی و ئاسانکاری و میانڕەویەوە، پێغەمبەریش ڕاستی فەرمووە لەم فەرموودەدا: "نەکەن نائاسایی ڕۆچن لە ئاییندا، گەلانی پێش ئێوە بەهۆی ڕۆچوونی نائاسـاییەوە بـووە کە تیاچوون."[2]

بەم شێوەیە دەبینین میانڕەویی ئیسلامی نەخشـە و ڕەنگڕێـژی خوداوەندییـە و دەیـەوێت ئوممـەتی ئیسـلامی و مـاکی ئیسـلامی بـەخاوێنی و دوور لـە ئاسـتەنگ و نەخۆشی بهێڵێتەوە، هەروەها عەدەسەی دیدگـەی میتـۆدی ئیسـلامییە بـۆ هـەموو شتێك، بنەماکان بن یان لقەکان.

***

ئەگـەر بمانـەوێت بـزانین ئـەو تایبەتمەنییـە گەورەیـەی میـانڕەوی کۆکـەرەوە نوێنەریـەتی و میتـۆدی ئیسـلامیش بـەدی دەهێنێـت، وە ئـەو گشـتگیرییەی کاریگەرییـەکانی لـە کـاتی ڕەچـاوکردن و جێبەجێکردنیـدا پێـی دەگـات، ئـەوا لـەو کاتـەدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە پـەی بـەوە دەبـەین کـە ئـەم میانڕەوییـە بۆتـە فریاگوزاری شارستانێتیی ئیسلامی و پاراستوویەتی لە هەڵوەشـانەوە و لـەتبوون و دوانەیی دژ و ناتەبا، هەر وەك لە شارستانێتییەکانی تردا ڕوو دەدات، بەدیاریکراوی لە شارستانێتی ڕۆژئاوادا.

---

[1] رواه البخاري ومسلم و ابوداود والإمام مالك والإمام أحمد.

[2] رواه النسائي وابن ماجة والإمام أحمد.

میانڕەوی کۆکەرەوە و هەمەگیر بۆتە هۆی ئەوەی هزرگەرایی ئیسلامی ـ کاتێك پابەند بووبن پێوەی ـ دوور بێت لە دروستبوونی ناتەبایی و ناکۆکیی نێوان: ڕۆح و جەستە... دونیا و دوارۆژ... ئایین و دەوڵەت... خود و بابەت... تاك و کۆمەڵگە... هزر و واقیع... ماددیگەرایی(ماتریالیستی) و نموونەگەرایی( ئایدیالیستی)... ئامانج و هۆکارەکان... نەگۆڕ و گۆڕاوەکان... کۆن و نوێ... عەقڵ و نەقڵ... ماف و هێز... ئیجتیهاد و شوێنکەوتەیی (تەقلید)... ئاین و زانست.. تا کۆتایی دوانەییەکانی تر ـ ئەگەر کۆتاییان هەبێت! کاتێکیش میانڕەوی کۆکەرەوە لە میتۆدی سەرنجداندا نەما، ئەوا ئەو دابەشبوونە قووڵ و بەناوبانگە ڕوو دەدات کە لە فەلسەفەی شارستانێتیی ڕۆژئاوادا رووی داوە و دابەش بوون بۆ ماددیگەرا و نموونەگەرا.، ئەمەش هەر لە سەردەمی جاهیلیەتی یۆنانییەوە تا ڕێنیسانسی نوێ بەردەوام بووە، بەڵام لە هزرگەرایی ئیسلامیدا ـ هەرکات پابەندی هەبووبێت میانڕەوی بۆتە فریادڕەس و ئیدی تووشی ئەو دوانەیی و هەڵوەشانەوە نەبوون، ئەم کردارەشی هەموو ئەو بوارانەی سەرنجدان دەگرێتەوە کە دیاردەکانی جەمسەرگیری و جەمسەرە بەرانبەر و دژەکانی تێدایە.

باش وایە چەند نموونەیك بۆ ئەم ڕاستییە بهێنینەوە.

# بیرۆکە و ماددە

هەر لە سەردەمی فەیلەسووفی یۆنـانی: (دیمـۆکریتس _ Demokritos)ەوە، کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا بـووە تـا ئـەم سـەردەمە، فەلسـەفەی ڕۆژئـاوا دابەش بووە بۆ ماددیگەرایی و ئایدیالیستی، ئەوەش بەهۆی جیـاوازیی پەیوەنـدیی (هزر) بە (ماددە)وە و ئەوەش کە کامیان لە بوون و گرنگی کاریگەریدا لەپێشترە.

ماددیگەرایی پێی وایـە بیرکردنـەوە کاردانـەوە و دەردانـی ماددەیـە، هـەر بۆیـە نکوولّی لە ڕۆڵی ئاسمان ـ واتە ئایین و وەحی ـ دەکـات لـە جیهـانی هزرەکانـدا، بـە پێچەوانەوە ئایدیالیستی بیرکردنەوەی پێش ماددە دانابوو، تەنها ئەوی بـە خـاوەن کاریگەری دەزانـی و هـیچ ڕۆڵێکـی بـۆ (واقیـع ـ مـاددە) نەهێشـتبوو، تەنانـەت لای هەندێك لە فەیلەسووفە ماددییەکان ماددە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە.

بەڵام لە چوارچـێوە و میتـۆد و هـزر و شارسـتانیی ئیسـلامیدا شـوێنەواری ئـەم دابەشبوونە نییە، ڕێکەوتیش نییە کە لە مێژووی درێژی فەلسەفەی ئێمەدا ئـەو دوو شـەپۆلە (مـاددی ـ مولحیـد) و (ئایدیالیسـتی ـ بـاوەڕدار)ە نییـە، ئـەم دوانـەیی و لەتبوونەکانیمان نییە، چونکە میانڕەوی ئیسلامی کۆکەرەوە توانیویەتی پەیوەندی و پەیوەستەییەك لەنێوان بیرکردنەوە و (مـاددە ـ واقیـع) دروسـت بکـات و لێـرەوە وێنای ئیسلامی لە دوانەیی و لەتبوون بپارێزێت.

ئەگـەر سـەرنجی سـەرەتاکانی هاتنـەخوارەوەی قورئـان بـۆ سـەر پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بدەین، ئەوا هەنگاوە سەرەتاییەکان بونیاتنانی بیری میـانڕەوی ئیسـلامیی کۆکـەرەوە دەبیـنین، هـەر لـەو کاتـەوە پەیوەنـدی بـەهێزی لەنێوان هزر و واقیعدا دروست کرد.

ـ بێگومان موحەممەد پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)لە سەردەمێکدا پەیامەکەی ـ هزر ـ هێنا کە ماوەیەکی زۆر بوو پێغەمبەرێك نەهاتبوو بۆ ڕێنومایی مرۆڤایەتی و واقیعی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بەشوێن ئەو هزرەوە بوو کە دەستی بکەوێت.

ـ زانایانی ئەو قۆناغەش ئەو نیشانەی پرسیارانەیان دەردەبڕی کە لە واقیعەوە هەڵقوڵابوو، بەڵام بەبێ وەڵام مابوونەوە، باسیان لە تامەزرۆبوونی ئەو واقیعە دەکرد بۆ هزرێکی نوێ، ئەم ڕاستییەیان بە دەربڕینێك دەنواند کە باسی لە چاوەڕوانیی پێغەمبەرێك دەکرد کە کاتی دەرکەوتنی هاتووە، یان نزیك بۆتەوە.

ـ لەو سەردەم و شوێنەدا هەندێك مرۆڤ هەبوون کە عەقڵیان بەکار هێناوە و بە (الحنفا )ناسراون و هەوڵیان داوە پاشماوەی ئایینی ئیبراهیم و ئیسماعیل پێغەمبەر (دروودی خودایان لەسەر بێت) کۆ بکەنەوە، تا وەڵامەکانی هزر بۆ پرسیارەکانی واقیع بدۆزنەوە، پاش ئەوەی ئەو وەڵامانەیان لە ئایینی جوولەکە و نەصرانیی شێوێنراودا نەدۆزییەوە، لەو قۆناغەدا هەوڵی خۆیان لەو ڕێگەیەدا داوە کە پەیوەندیی نێوان (واقیع: خوازیار) و (هزر: خوازراو) بدۆزێتەوە، بۆ نموونە: (زید بن عمرو بن نُفَیل ـ ١٧ پێش کۆچ، ٦٠٦ز) کە بتپەرستیی نەکردووە و مەیخواردنەوەی پێ حەرام بووە، گفتوگۆی لەگەڵ پیاوانی ئایینی و گۆشەنشینانی ئایینە ئاسمانییەکاندا کردووە، بەڵام (واقیع: خوازیار) و (هزر: خوازراو)ی لای ئەوان بەدەست نەهێناوە، تا ساتی کۆچی دواییشی هەر لەسەر گەڕان بوو بەشوێن ڕاستیدا، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەربارەی فەرموویەتی: "لە ڕۆژی دواییدا بەتەنها خۆی وەك ئوممەتێك زیندوو دەکرێتەوە." هەروەها (ابو ذر الغفاري ـ ٣٢ ك، ٦٥٢ ـ ٦٥٣ز) یەکێك بووە لەوانە، سێ ساڵ پێش پێغەمبەرایەتیی

موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێت) باوەڕی بە خودای تاك و تـەنها هـەبووە و نوێژی بۆ کردووە[1].

ـ لەو سەردەمەدا ئیسلام هات، بەڵام پەیوەندییەکە چۆن بوو؟ چۆن میانڕەویی ئیسـلامی تـوانی هـزر و واقیـع کـۆ بکاتـەوە، کـە دوور بێـت لـەو دووانەییـە پـڕ لـە کەرتبوونەی لای ڕۆژئاواییەکان هەیە؟

بێگومان واقیع هزری دەوێت و هزر دەخوازێت و نیشانەکانی پرسیاریش دێنێتـە گۆڕێ، بەڵام هزری بەرهەم نەهێنا و وەڵامی نیشانەکانی پرسیاری نەدایـەوە، ڕۆڵـی خـۆی هـەبوو لـە هـەوڵی بـەکارهێنانی هـزردا، بـەڵام وەك بەرهـەمێکی زەمـینی و کۆمەڵایـەتی نەیهێنایـە کایـەوە، بـەڵکو وەحـی لـە ئاسمانـەوە هاتـە خـوارەوە و عەقیدەیەکی نەمری هێنا، کە باوەڕیشی بە پەیامە ئاسمانییەکانی پێش خۆی هێنا و ئـەو شەریعەتەشـی هێنـا کـە وەڵامـی نیشـانەی پرسـیارەکانی واقیـع دەداتـەوە، ئەوەش لە ڕێگەی فەلسەفە و گشتگیرییەکان و دیاریکردنی مەبەست و سـنوورەکان و کردنەوەی دەرگای عەقڵ لەو کاتەدا، کـە کارلێـك دەکـات لەگـەڵ واقیعـدا، تـا لـە وردەکاری و بەشەکان و سیستم و دامـەزراوەکان کـە ئـەو لقانـەن پەیوەنـدییان بـە گۆڕاوەکانەوە هەیە.

کەواتـە نیشـانەی پرسـیار لـە واقیعـەوە سـەر هەڵـدەدات و کـەش و شـانۆی ڕووداوەکان ئامادە دەکات بۆ هزری نوێ و هـزریش لـە بنەماکانیـدا خوداوەندییـە و بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی ئەم واقیعە نییە، لەژێر تیشکی ئەم واقیعەشـدا تێدەگـەین بۆچی قورئان لە ماوەی ٢٣ساڵی پێغەمبەرایەتیدا هاتۆتـە خـوارەوە، هـەروەها لـە پەیوەندیی نێوان هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان و واقیعی هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەو ئایەتانە تێدەگەین.

---

[1] النووي (شرح صحيح مسلم) شرح النووي، ج١٦، ص١٧. طبعة محمود توفيق، القاهرة.

جا ئەگەر حاڵی بنەماکان و بناغەکانی شەریعەت و فەلسەفە و نەگۆڕ و سنوور و مەبەستەکانی وەها بێت، لە کاتێکدا بەرنامەیەکی ئاسمانییە و وەڵامێکە بۆ واقیع و بەرهەمی واقیيعەکە و کاردانـەوەی نییـە، ئـەوا لقـەکانی ئـەم هـزرە - چ سـەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئان و چ ساڵانێك دوای ئەوەش - پـتر پەیوەنـدیی بـە واقیعـەوە هەبووە، تا پـەیوەنـدیی وەڵامدانـەوەی نیشـانەی پرسـیارەکان، چـونکە ئـەم لـق و وردەکـاری و سیاسـەتە شـەرعییەکان و ئـەو حوکمانـەی بایسـی ئامانجـداری هەیـە (العلل الغائیة) کە بوون و نـەبوونی پەیوەسـتە بـە بایسـەکانەوە و بـوون و گـۆڕانی پەیوەندیی بە دابونەریتە گۆڕاوەکانەوە هەیـە، واتـە بەشـی زۆری فیقهـی لقـەکان - فیقهی مامەڵەکردنـەکان، ئـەم کەرتـەی هـزری ئیسـلامی بەرهـەمی کـارلێکی نێـوان بنەماکان - کە خودا دایناوە- و واقیعە کە لە بۆتەی عەقڵی موسوڵماندا دەژی، بۆیـە پەیوەندییەکی گەورەتر و زۆرتـر و تۆکمـەتری بـەو واقیعـەوە هەیـە لـە پەیوەنـدیی هزری بنـەماکان بـە واقیعـەوە، لێرەدا - لـە لقەکانـدا - دەبینـین ئـەو ڕۆڵـەی واقیـع هەیـەتی لـە دیـاریکردنی ڕەنگـی هـزردا، لـە بنـەما ڕووتـەکانی دانـراوی خوداییـدا نایبینین، هەر لەژێر تیشکی ئەم ڕاستییەدا - کـە پەیوەنـدیی بـە لقەکانـەوە هەیـە - واتای نەسخ تێدەگەین، کـە لـە شـەریعەتەکاندا هەیـە و لـە عەقیدەکانـدا نییـە، لـە ئایەتـەکانی ئەحکامـدا هەیـە و لـە سـرووتی پەرستشـەکاندا نییـە، لـە حـوکمی گۆڕاوەکانیشـدا هەیـە کـە پەیوەنـدیی بـە بایسـەکان (عیللەتـەکان) و دابونـەریت و بەرژەوەندییـە گۆڕاوەکانـەوە هەیـە و لەوانـەدا نییـە کـە پەیوەنـدیی بـە ئەحکامـە نەگۆڕەکانەوە هەیە. کەواتە واقیع ڕۆڵ و کاریگەریی لەسەر هزری ئەم لقانە هەیـە و ئەمەش لە کارلێکردنیەوە هاتووە لەگەڵ بنەماکاندا و پترە لەوەی تەنها خواسـتن و داواکردنێکی ڕووت بێت! بەڵام لقەکان بەردەوام دوورن لەوەی بەرهـەمی بێخەوشـی واقیع بن، چونکە - وەك وتمان - بەرهەمی کارلێکردنی نێوان خـۆی و بنەماکانـە کـە ئەویش سرووشی خودای گەورەیە.

ئەم پرۆسەیە پاش سەردەمی سرووش و پێغەمبەرایەتی بەردەوام بوو، چونکە پەیامی ئیسلام وەك دوا پەیامی ئاسمانی وا دەخوازێت لەو گۆڕاوە دونیاییانەدا بەکورتی فەلسەفە و مەستەکانی بخاتە ڕوو، بەڵام بەدووروودرێژی لەسەر نەگۆڕەکان بوەستێت، بە هەمان شێوەش لەو بابەتانەشدا کە پەیوەندیی بە مافەکانی خوداوە هەیە، بەم شێوەیە دەرگای ئیجتیهادی هەمیشەیی و نوێبوونەوەی بەردەوام لە فیقهی ئەو لقانەی پەیوەندیی بە گۆڕاوەکانەوە هەیە لەژێر تیشکی ئەو بنەمایانەدا کە لەگەڵ واقیعی نوێدا کارلێك دەکات و لقەکان بەرهەمێکی هزریی نوێ بەهۆی ئەو کارلێکە بەردەوامەیان کە لەگەڵ پەرەسەندندا ڕوو دەدات و یەکێکە لە یاساکانی سیستمی ئەم جیهانەمان کە لە لایەن خوداوە دانراوە.

بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان هزر و واقیع لە وێنا و میتۆدی ئیسلامدا تایبەتمەندیی خۆی دەنوێنێت، هزر و واقیع هیچکامیان بەتەنها خاوەنی کار و کاریگەری نین، چونکە بنەما و پایە و بناغە و نەگۆڕەکان لەلایەن خوداوە دیاری دەکرێت و دەرهاویشتەی واقیع نییە، گەرچی بۆ ئەوەش ناردوویەتی کە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بەلام لقەکان پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە بنەماکان و واقیعەوە هەیە، وەك بەرهەمی کارلێکی نێوانیان لە بۆتەی عەقڵی مرۆڤدا هاتووە و بەتەنها یەکێکیان بەرهەمی نەهێناوە، ئەوەتا لەنێوان هزر و واقیعدا و لەنێو گۆڕاوە دونیاییەکاندا گفتوگۆ و کارلێککردن و بەدیهێنان و داهێنانێك هەیە کە هاوڕێی گۆڕانکارییەکانی واقیع و ئیجتیهادەکانی ئەو هزرەی بۆ گۆڕاوەکانی بەشوێن ئەو حوکمانەدا دەگەڕێت کە لە بنەماکانەوە هەڵدەهێنجرا، هەروەها ئەو یاسایانەی هەژموونی بەسەر ئەم جووڵەی واقیعەوە هەیە، کە یەکێکە لە یاساکانی خودا لە بووندا.

***

ئەگەر چەند گەواهییەکی واقیعیی پراکتیکیمان بوێت لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕاستییە بەشێکە لە میتۆدی ئیسلامی - کە تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان هزر و واقیع - لە شارستانیەتی ئیسلامیدا جێگای بۆتەوە و توانیویەتی داهێنان بکات، ئەوا بێگومان دەتوانین گەواهیی شایەتیی زانایەکی سەردەمی کۆن بهێنین، کە جابری کوڕی حەییانە (٢٠٠ك - ٨١٥ز) و گەواهیی فەیلەسووفێکی سەردەمی نوێ، کە جەمالەددینی ئەفغانییە.

ــ جابری کوڕی حەییان، کە لە زانستە سروشتییەکاندا داهێنانی هەیە، دەربارەی پەیوەندیی هزر و زانست لەگەڵ واقیع و کرداردا قسەی هەیە و پێی وایە پێویستە زانست ببێتە پێشەنگی ئەزموون و کردار، هاوکات زانست لە ڕێگەی ئەزموون و کردارەوە دەگاتە پلەی کەماڵ، بەو شێوەی بینیمان کە بنەماکان هەوڵی چاککردنی واقیع دەدات، لەگەڵ کارلێککردنی لقەکان لەگەڵ واقیعدا و پەرەسەندنی لەگەڵ پەرەسەندنیدا، جابری کوڕی حەییان دەڵێت: "هەرگیز ڕوو لە تاقیکردنەوە و کردار مەکە تا ئەو کاتەی فێر دەبیت، کاتێك فێر بوویت، ئیدی ئەزموون زانستەکەت بەرەو کەماڵ دەبات، هەموو پیشەیەکیش بۆ ئەوەی بخرێتە بواری کردارەوە پێویستیی بە زانست هەیە، چونکە زانست تەنها توانای خاوەن پیشەکەمان بۆ دەردەخات لەو شتەدا کە دروستی دەکات، بێگومان زانست لە پلەی یەکەمدایە و کرداریش پاش ئەو دێت، کەواتە هەرکەس زانست بەدەست نەهێنێت ناتوانێت کار بکات."[1]

- جەمالەددینی ئەفغانییش دەیەوێت وێنای پەیوەندیی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ بکات لە کاریگەریدانان و کاریگەر بوون لەنێوان هزر و ماددەدا، کاتێك دەڵێت: "هەموو بینینێك - واتە هەر تێبینییەك کە لە خۆیدا هزرێکی سەرەتاییە - هزرێك بەرهەم

[1] د. جلال محمد عبدالحميد موسى(منهج البحث العلمي عند العرب في مجال العلوم الطبيعية والكونية) ص١٢٦-١٢٧. طبعة بيروت سنة ١٩٧٢م.

دەهێنێت، هەر هزرێکیش پاڵنەرێك دروست دەکات و هەر پاڵنەرێکیش کردار، پاشان لە کرداریشەوە بۆ هزر، ئەمەش زنجیرێکی بازنەییە و کارلێککردن لەنێوان کردارەکان و هزرەکاندا بەردەوام دەبێت تا مرۆڤ زیندوو بێت، هەریەك لەوان پایەی ئەوی دیکەیە و کۆتایی هزر سەرەتای کردارە و کۆتایی کرداریش سەرەتای هزرە."[1]

ئەمەیە پەیوەندیی نێوان هزر و واقیع، کە لە میتۆدی ئیسلامیدا بە میانڕەوی کۆکەرەوە ناسراوە و جیای دەکاتەوە لە شارستانیی ڕۆژئاوایی. هەڵوێستی ئیسلامیش لە بەرانبەریدا دوورە لە دوانەیی و کەرتبوون[2].

---

[1] محمد باشا المخزومي(خاطرات جمال الدين الافغاني)ص٣٢٢، بيروت، ١٩٣١م.

[2] ڕەنگە کەسێك بپرسێت: ئایا ڕەوایە زاراوەی هزر بەکار بهێنین بۆ سرووشی خودایی؟ یان هزر وەك بیرکردنەوە تایبەتە بە مرۆڤەوە؟ بە بۆچوونی من هزر - بە واتا زاراوەییەکەی - بریتییە لە خستنەکاری عەقڵ بۆ کارکردن لەسەر شتێك، هەموو چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ لە بیرکردنەوە و ویست و ویژدان و سۆز کە هەموو ئەو شتانەیە بیری پێ دەکرێتەوە لە شیکردنەوە و ڕێکخستن و هەماهەنگی دەگاتە بەرزترین ئاستی، بەم واتا زاراوەییە دەبێتە تایبەتمەندییەکی مرۆیی، خودای گەورەش سیفەتێکی لەم جۆرەی نییە، چونکە خودا سیفەتی عیلمی هەیە، نەك سیفەتی بیرکردنەوە، خودا زانایە و بیرکەرەوە نییە، چونکە زانیاریی لەسەر هەموو شتێك هەیە و خاوەنی مێشك نییە وەك مرۆڤ تا بیر بکاتەوە پێی و هزر بەرهەم بێنێت، بەڵام ئەگەر هزری مرۆیی لە سرووشی خوداییەوە دەستی پێ کرد -کە فەرموودەی خودایە- و پابەند بوو پێوەی، ئەوا - بە ڕای ئێمە - دروستە پێی بڵێین هزری خودایی، بەو پێیەی پابەندە بە سەرچاوەی خوداییەوە و کردوویەتیە سەرچاوەی، گەرچی بەرهەمی کرداریی مێشك و بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت، هەر وەك چۆن دروستە بۆمان خۆشەویستیی مرۆیی بە خۆشەویستیی خودایی ناو ببەین، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ واتای خودایی و زاتی خودایی، گەرچی سۆزێکی مرۆییشە، بە هەمان شێوە ئەگەر ڕەچاوی ماددە بکەین - واتە ماددە - ئەوا دروستە - بە بۆچوونی ئێمە - وەحیی خودایی بە هزر دابنێین، نەك لەو لایەنەوە بە بەرهەمێکی کردەیی عەقڵی بزانین - خودا لە شتی وەها بەدوورە - بەڵکو لەو لایەنەوە کە ماددە نییە و بەرانبەر ماددەیە.

# جەبر و ئیختیار

جەبر لە زاراوەی زمانی عەرەبیدا بریتییە لە دەسەڵاتی تاك و دیكتاتۆریەت[1]. لە زاراوەی ئیسلامیشدا بریتییە لەوەی هەموو كردەوەكانی مرۆڤ بدرێتە پاڵ خودای گەورە، ئازادی و هەڵبژاردن - بە واتا تاكی و كۆمەڵایەتییەكەی - دژ و ناتەبان لەگەڵ جەبر و جەبرگەراییدا.

میتۆدی ئیسلامی - لە مەسەلەی هۆكارگەراییدا لە سروشت و دیاردەكانیدا - حەتمییەتی ڕەها ڕەت دەكاتەوە كاتێك دان بە بوونی هۆكاردا دەنێت لە شتەكان و دیاردەكاندا و بە پەیوەندییەكی پێویست لەنێوان ئەم هۆكار و بەرهەمی هۆكارانەدا، ڕەهایی ئەم حەتمییەتە ڕەت دەكاتەوە لە پەیوەندیی پێویست لەنێوان هۆكار و

---

[1] عەرەبەكان - تەنانەت پێش ئیسلامیش - پاشایان بە (جبار) ناو دەبرد، دەسەڵاتیشیان بە (حوكمی جەبری) ناو دەبرد، وەك: دەسەڵاتی كیسرایی فارسی و قەیسەری بیزەنتی، تایبەتمەندیی ئەو دەسەڵاتە ئەوە بوو كە هەموو كارەكان لە دەستی پاشادا بێت، ئەوەش یان بە تایبەتمەندیی چینایەتی یان تایبەتمەندیی ڕەگەزی، یان فەرمانڕەوایی بە مافی خوداوەندی. جارێكیان كەسێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و دەلەرزی، ئەویش پێی فەرموو: ئارام بە، من نە پاشام و نە زۆردارم!، وە فەرمووی خودا منی كردۆتە بەندەیەكی بەخشندە و نەیكردووم بە زۆردارێكی كەللەڕەق. (ابوداود و ابن ماجة ) گێڕاویانەتەوە. لە فەرموودەدا لێكدانەوەیەكی باش و بێوێنە كراوە بۆ واتای ناونانی كەعبە بە (البيت العتيق)واتە: سەربەست و ئازاد، چونكە لە دەستی پاشا زۆردارەكان ڕزگاری بووە و هیچكامیان بەسەریدا زاڵ نەبووە. (رواة الترمذي). لە فەرموودەدا هاتووە كە كاتێكیش پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)نامەی نووسی بۆ كیسرا و قەیسەر و نەجاشی و هەموو جەببارەكان - زۆردارەكان -). (رواه مسلم والترمذي والإمام أحمد). ئەدەبی سیاسی لە سەردەمی ئومەوییەكاندا زاراوەی (الجبابرة)ی بۆ خەلیفە ئومەوییەكان بەكار دەهێنا. ئەو زاراوەش بۆیە بەكار دەهێنرا، چونكە لەسەر دەستی ئەوان هەڵبژاردنی خەلیفە لە ڕاوێژ و شووراوە گۆڕا بۆ خەلافەتێكی ناتەواو، كە دەسەڵاتێكی سەپێنراو بوو. بڕوانە نووسراومان (المعتزلة ومشكلة الحرية الانسانية)القاهرة، دار الشروق، ١٩٨٨م.

بەرهەمی هۆکاردا، چونکە باوەڕی وایە ئەم هۆکارانە لەلایەن خودای تاك و تەنهاوە دروست کراوە، حەقیقەتی توانای ڕەهای بەدیهێنەر بۆ دەرهێنانی ئەم دیاردە و شتانە لە چوارچێوەی عادەتی ئاساییدا کە هۆکار و ئەنجامی هۆکارە بۆ (چوارچێوەی دەراسا و سنووری ئاساییبەزێن) کە چالاکیی هۆکارەکانی تێدا دەوەستێت، یان تایبەتمەندییەکانی دەگۆڕێت یان هوکارەکە خۆی دەگۆڕێت بە هۆکاری تر، کاتێك خوای گەورە دەیەوێت لەبەر چەند حیکمەتێك نیشانە و موعجیزەکان دەربخات.

هەروەها میتۆدی ئیسلامی (حەتمییەتی ڕەها) ڕەت دەکاتەوە و هاوکات دان بە هۆکارگەریدا دەنێت و پەیوەندیی زەروورەت - بەم شێوەیەش - لەنێوان هۆکار و بەرهەمی هۆکاردا قبوولْ دەکات، بێگومان ئەم میتۆدە دان بە ئازادی مرۆڤ و هەڵبژاردنیدا دەنێت، بەڵام نەك بە شێوەیەکی حەتمی و ڕەها.

کەواتە ئیسلام کە میانڕەویی کۆکەرەوە بۆتە تایبتمەندترین تایبەتمەندیی میتۆدەکەی، فەلسەفەکەی لە ئازادیی مرۆڤ و هەڵبژاردنیدا لەو ڕاستییەوە هاتووە کە مرۆڤ پێگەیەکی مامناوەندی هەیە لە بووندا، نە خۆی گەورەی گەردوونە تا ئازادیی ڕەهای هەبێت، نە ئەوەندەش بێنرخ و هیچە کە ڕێگەی ڕزگاریی خۆی لە گشت و ڕەهادا بدۆزێتەوە و ئیدی جەبری ڕەها ببێتە بەشی (قەدەری) لەم گۆڕەپانەدا، بەڵکو مرۆڤ ئەو جێنشینەی خودایە کە سپاردەی ئازادی و هەڵبژاردنی پێ داوە، تا تەکلیفەکەی بە ئەنجامەکانی هەڵگرتنی ڕەوا بێت و حساب و پاداشتیشی بەپێی کردارەکانی بێت و شایستەی دادگەریی خودای گەورە بێت، کەواتە پێویستە مرۆڤ ئازاد و خاوەن بژاردە بێت وەك جێنشینێك لەناو چوارچێوەی گەورەترین سیستەمدا کە خودای بەدیهێنەری گەردوون دروستی کردووە، ئەمەش ئازادییەکی مامناوەندە لەنێوان ئازادی ڕەها و جەبری ڕەهادا، بەم پێوەرەش دەتوانین ئەندازەی ئازادیی مرۆیی بپێوین و لەم ڕوانگەیەوە ئاسۆکانی بژاردەی

مرۆیی لە بوارە جیاوازەکاندا ببینین، مرۆڤیش ئـازادە و ئازادییەکەشـی ناتـەبا و دژ نییە لەگەڵ ئازادیی کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگەش ئـازادە و تـاکیش ناکاتـە دانەپێچـکەی ئامێری کۆمەڵایەتی، هیچ تاك یان کۆمەڵێك نییە بە ناوی ئازادییـەوە داب و نەریتـە نەگۆڕەکان و باوەڕ بە بنەما و شەریعەت و عەقیدە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر پێ، چونکە ئەو نەگۆڕانە پتر لەوە دەچن کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی تاکدا بن و بـۆ توانـای تـاکیش دەبنـە ئـەو چوارچـێوەی جووڵـەی تـاکی تێدایـە و زامـنی ئەوەیە چوارچێوەی ئازادیی بەرپرس تێنەپـەڕێنێت بـۆ چوارچـێوەی هەڕەمـەکی و هیچگەرایی و پووچگەرایی، هەروەها کۆمەڵ بۆی نییە ڕێگری بکات لـە ئیجتیهـاد و نوێگەری داهێنەرە موجتەهید و نوێگەرەکان لە لقەکان و گۆڕاوەکانـدا کـە دیـدگای کۆمەڵە جیاوازەکانی تێدایە و ڕێگایەکە بۆ بەدیهێنانی نەگۆڕ و بنەکان.

پلەی ئازادیی مرۆڤ لە ئیسلامدا تا ئـەو ڕادەیـە بـەرزە کـە بـە هاوتـا و هاوشـانی ژیان دانراوە و فەرز و واجبە، تەنها مافێکی ڕووت نییە کە مرۆڤ بەبێ گوناهباربوون دەسـتبەرداری بێـت، چـونکە ئـازادی دژ و پێچـەوانەی بەندایەتییـە، کاتێـك ڕزگـارکردنیش پێچـەوانەی بەکۆیلەکردنـە، ئـەوا حیکمـەت و بایسـی ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە شـەریعەتی ئیسـلامی بۆچـی ئـازادکردنی کۆیلـەی کـردووە بـە کەفارەتی (کوشتنی هەڵە)، تـا هاوشـانییەك لـەنێوان کۆیلایـەتی و واتـای مـەرگ و ئازادی و واتای ژیان دەربخات! کەواتە هەرکەسێك بە هەڵە کەسێك بکوژێت و گیانی لێ بسێنێت، ئەوا لە بەرانبەردا پێویستە ژیانی کەسێکی تر بهێنێتە نێو ژیانەوە بـە ئازادکردنی لـە مـەرگی کۆیلایـەتی! وەك پێشـەوا نەسـەفی ابـو البرکـات عبـدالله بـن أحمـد(٧١٠ك ـ ١٣١٠ز)دەڵێـت: "کاتێـك بکـوژ کەسـێکی نێـو زینـدووانی کوشـت، پێویسـتە کەسـێك بێنێتـە نێـو کـۆڕی ئازادەکـان، چـونکە وەك زیندووکردنـەوەی وەهایە، کۆیلەکان لەسەر مردووان حساب دەکرێن، هەروەها کۆیلایەتی یەکێکە لـە شوێنەوارەکانی کوفر، کوفریش لە حوکمی مردندایـە، قورئـان دەفـەرمێت: ﴿ أَوَمَن

كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ﴾ الانعـــام١٢٢. واتـــه: "ئايـــا ئـــەو كەســـەی مردبـــوو (بـــەهۆی بێباوەڕییەوە) و زیندوومان کردەوە (بەهۆی باوەڕەوە.)"

ئەمەیە پلەی ئازادیی مرۆیی لە میتـۆدی ئیسـلامیدا، بـەڵام وەك ئاماژەمـان پـێ کرد لە چالاکی و چوارچێوەدا ئـازادیی جێنشـینی مـەحکووم بـەو توانایـەی خـوای گەورە پێی بەخشیوە هەر لە سنوور و ئاسۆی ئەو پەیمانەدایە کە مرۆڤی پێ کراوە بە جێگر و جێنشین و ناتوانێت لە سنووری تواناکانی دەرچـێت - هـەر وەك چـۆن ئـەو هۆکارانـەی دروسـتکراون لـە سروشـتدا نـاتوانن - نابێـت ئـازادیی مـرۆڤ لـە چوارچێوەی پەیمانی جێنشینی دەرچێت.

لیبراڵییەتی ڕۆژئاوایی - کە بەرهەمی فەلسـەفەی بـەخوداکردنی مـرۆڤ بـوو - لـە بواری ئازادیدا، پێـی وا بـوو کـە (ئـازادیی ڕاسـتەقینە جێگـەی هـەموو ڕایـەکی تیـا دەبێتەوە، هەموو مەزهەبێکی تیا بڵاو دەکرێتەوە و هەموو هزرێك لەناویدا ڕەواجـی خۆی دەبێت، گەرچی خۆبەریکردنیش بێت لە نیشتیمان و بێباوەڕیش بـە خـودا و پێغەمبـــەریش بێـــت و بـــە هەڵـــەزانینی شـــەریعەتەکانی ئوممـــەت و ئـــاداب و دابونەریتەکانیشـی بێـت، یـان گاڵتـەکردن بێـت بـە بنـەماکانی ژیـانی خێزانـی و کۆمەڵایەتی.[1]

هزری دژ و ناتەبای لیبراڵیەتیش بریتییە لە (هەمەگیری و تۆتالیزمی ڕۆژئاوایی - الشمولية الغربية)، کە مرۆڤی وەك تاك لە ئازادی داماڵیوە، لەپێناوی پـارتی چـین و حکوومەتی حیزب، بەم شێوەیە هەردووکیان لەم بوارەدا پەڕگیرییان کردووە.

ئیسـلام لـەڕێی میـانڕەویی کۆکـەرەوەوە ڕێگـەی دادگـەریی گرتۆتـە بـەر لـە مەسەلەی جەبر و ئیختیاردا، باوەڕی وایـە کـە جـەبری ڕەهـا نییـە، چـونکە بـوونی جەبری ڕەها حیکمەتی تەکلیفی خودایی و پاساوی لێپرسینەوە و پاداشت ناهێڵێت

---

[1] قاسم امين(الاعمال الكاملة)ص١٤٩، دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة. القاهرة. دار الشروق ١٩٨٩م.

و باوەڕدار و بێباوەڕ و چاکەکار و خراپەکار یەکسان دەکات. بە هەمان شێوەش هەڵبژاردنی ڕەها نییە، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەڵبژاردنی ڕەهای هەبووایە، نەدەبووە جێنشین و ئازادییەکی بێسنووری دەبوو و ئاسۆی حەرام و حەڵاڵ و مەبەستەکانی شەریعەتیشی تێدەپەڕاند، کە خودای گەورە کردوویەتیە چوارچێوەی پەیمانی جێنشینییەکەی.

بەڵێ ئازادیی هەڵبژاردنت هەیە و ئەوەش ڕاستییەکی ئاشکرایە، ئەوەتا هەرکات ویستت دەتوانیت ئەم شتە وەستاوە بخەیتە جووڵە و کەی ویستت بیوەستێنیت، هەروەها دەتوانیت شتێك لە مێشکتدا وێنا بکەیت و پاشان بەکردار بیخەیتە ڕوو، بەڵام ئەم ئازادی و هەڵبژاردنەت ڕەها نییە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی توانا سنووردارە، یان ئەویش لەلایەن خوای گەورەوە دروست کراوە، بەڵکو ویستی تۆش بۆ خۆی سنوورێکی هەیە، ئەوەتا ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوەت کە دەیجووڵێنێت بەپێی سنووری توانای خەیاڵ و بیرکردنەوەت سنووردارە، ئەم ویستەش کاتێك هەڵدەبژێرێت، لەنێو ئەو جێگرەوانەدا هەڵدەبژێرێت، کە هەمووی دروستکراوی تۆ نییە، بۆیە هەڵبژاردنەکەت ئازادانەیە، بەڵام مەحکوومە بەو جێگرەوانەی لەئارادایە کە چوارچێوە و ئاسۆی ئەم هەڵبژاردنەی سنووردار کردووە، تەنانەت کاتێك ئەم ویستە ئازادەت تیا دروست دەبێت، کۆمەڵێك پێکهاتەی هەیە کە تۆ دروستت نەکردووە و بەرهەمی ئازادیی تۆش نین، هەروەها کۆمەڵێك فاکتەر و دەوروبەر و دۆخی بابەتی کاریگەریی لەسەرت هەیە و تۆش دروستت نەکردوون، بەڵام هەر بە ئازادی خۆت هەڵدەبژێریت و شتێك لە شتێکی تر بە باش دەزانیت و دەخەملێنیت و بیر دەکەیتەوە و هەڵبژاردن دەگۆڕیت، کەواتە تۆ مرۆڤێکی خاوەن ئازادیی هەڵبژاردنیت بەو کەرەستانەی ئازادی کە بۆت دروست کراوە و لەنێو بارودۆخێکیشدا کە هەندێکی خۆت دروستت کردووە و هەندێکیشی لە دەستی تۆدا نییە، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە تۆ: لە سنووری ئازادیی نێوان جەبر و

هەڵبژاردندا ئازادیت. ئازادیی جێنشین نەك ئازادییەکی ڕەها و بێسنوور، کە ئازادیی خودای گەورەیە.

ئەگەر ئازادیی مرۆڤیش بریتی بێت لەو هێزەی هەڵبژاردن و ویست و کرداری پێ ئەنجام دەدات، ئەگەر فاکتەرەکانی دەوروبەر و بارودۆخەکان قەدەری خودایی بن کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کرداری مرۆڤدان، ئەوا پەیوەندیی نێوان ئەم دوو فاکتەرە چوارچێوەی ئازادیی مرۆڤ دیاری دەکات، کەواتە ئازادی لێرەدا دژ و ناتەبا نییە لەگەڵ (قەدەر)، بەڵکو قەدەر هەژموونی بەسەر چوارچێوە و ئەندازەکەیدا هەیە، چونکە ئازادی ئەو بەدیهێنراوەیە کە بە قەدەری خودای گەورە و خاوەن ویست و توانای ڕەها دروست کراوە و مەحکوومە.

گەر لەو ئایەتانەش ورد ببینەوە کە لە ڕووکەش و ناوەڕۆکیشدا باس لە ویستی خودایی دەکەن، ئەوا دەگەینە جیاکردنەوەی دوو جۆر لە ویستی خودایی (ئیرادەی ئیلاهی):

أ ـ ویستێکی حەتمی و جەبر و زۆرەملی، ئەمەش پەیوەندیی بەو شتەوە هەیە کە تەنها خودای گەورە توانای بەسەریدا دەشکێت و ویستوویەتی و دروستی کردووە و ڕێکی خستووە و کاتێك فەرموویەتی(ببە) ئیدی بەدی دێت، قورئان دەفەرمێت: ﴿ إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَن نَّقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ (٤٠) ﴾ النحل ٤٠، واتە: "بێگومان کاتێك ویستی شتێکمان هەبێت پێی دەڵێین: ببە، ئیدی دەبێت." هیچ یەك لەو شتانەی پەیوەندیی بەم ویستەوە هەیە نابێتە بابەتی جێنشینیی مرۆڤ و هەڵبژاردنی ئەم جێنشینە کە مرۆڤە.

ب ـ ویستی دووەمی خودایی، کە زۆر ئایەتی قورئانی قسەی لەسەر دەکات، بریتییە لەوەی خودا بژاردەگەلێك و سەرپشکی و توانای جێبەجێکردنی داوەتە دەست جێنشینەکەی خۆی کە مرۆڤە، خوای گەورە باوەڕ و گوێڕایەڵیی بۆ مرۆڤ ویستووە، بەڵام مرۆڤی ئازاد کردووە و توانای جێبەجێکردنیشی بۆ ڕەخساندووە و

سەرپشکی کردووە، تا تەکلیف و لێپرسینەوە و پاداشت واتا و حیکمەتی هەبێت، کەواتە ویستی خۆی بەسەر مرۆڤدا نەسەپاندووە، بەڵام ویستی ملکەچبوونی ئاسمانەکان و زەوی حەتمی و زۆرەملییە، بەڵام ویستی خودا بۆ ئێمە و لە ئێمە ئەوەیە کە باوەڕ بهێنین و گوێڕایەڵ بین و لە کوفر و خراپە و تاوان دوور بکەوینەوە، ئەوەش نموونەی ئەو ویستەیە کە هەڵبژاردن و سەرپشکی و ڕەخساندنی بواری لەگەڵە، قورئانیش دەفەرمێت: ﴿ يرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ البقره ١٨٥. واتە: "خودا شتی ئاسانی بۆتان دەوێت نەك شتی قورس."

لەم هەڵبژاردن و سەرپشککردن و ڕەخساندنی بوارەدا گۆرەپانی ئازادی و هەڵبژاردنی مرۆڤ ڕوون دەبێتەوە، کە ئازادی و هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لەلایەن بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەناویاندایە دروست کراوە و ویستراوە، هەر وەك چۆن هۆکارەکان لە سروشت و دیاردەکانیدا ئەوانیش لەلایەن بەدیهێنی هۆکار و ئەنجامی هۆکارەکانەوە دروست کراوە.

***

# کامڵبوونی ئایین و نوێکردنەوەی

کـامڵبوونی ئـایین... نوێکردنــەوەی... بــە دەربڕینێکــی تــر: ســەلەفییەت و نوێکردنەوە، ئەو دوو زاراوەیەن کە لای توێژەران بوونەتە سـومبولی دوو سیسـتمی دیدگە و میتۆد و بیرکردنەوەی جیاواز و بـەڵکو دژ و ناتـەباش، ئـەو کەسـانەش بـە میتۆدی هزری ڕۆژئاواوە سەیری هـزری ئیسـلامیمان دەکـەن وێنـای هاوئاهـەنگی و گونجان و تەواوکاریی نێوان کامڵبوونی ئایین و نوێکردنەوەی یان نێوان سەلەفییەت و نوێگەری ناکەن، لە هـزری ڕۆژئـاوادا سـەلەفییەت ـ ئەرسۆزۆکسـی ـ بـریتی بـووە وەستان لەسەر بنەماکان ـ تەنانەت لەویٚ نـاوی بنەماگـەرایی بـۆ دانـراوە، کـە هـەر ئیجتیهادێك لە هزر و پێشخستنی هـزر و نوێکردنەوەیـدا ڕەت دەکاتـەوە، هـەروەها نوێکردنەوە و ئیجتیهاد شۆڕشێك بووە بەسەر ڕێسا و بناغەکانی ئەم (سەلەفییەتە ـ بنەماگەراییە ـ ئەرسۆدۆکسییەتە)دا.

بەڵام هەرکات پەیوەسـت بـووین بـە جێبـەجێکردنی میتـۆدی ئیسـلامیمان ـ بـە میانڕەوییە کۆکەرەوەکەی ـ ئەم دووانەییە کەرتبوونییەی تێدا نییە و ناشبێت، کـە بەرانبەری و دژایەتیی نێوان (کامڵبوونی ئایین و ـ سـەلەفییەت) و (ئیجتیهـادی نێـو ئایین و نوێکردنەوەی).

سەرنجی ئەم ئایەتەی قورئان بـدە کـە دەفـەرمێت: ﴿الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ المائدە ٣. واتە: "ئەمڕۆ بێباوەڕان نائومێد بوون لەوەی ئایینەکـەتان بفـەوتێنن، کەواتــە لــەوان مەترسـن و لــە مـن بترسـن، ئـەمڕۆ ئـیتر ئایینەکـەتانم گەیاندووەتە پلـەی کـەماڵ و نیعمـەتی خـۆمم بەتـەواوی بەسـەرتاندا ڕژانـد و ڕازیـم بەوەی ئیسلام ببێتە ئایینتان.

لــه فــەرموودەكانی پێغەمبەریشــدا (دروودی خــودای لەســەر بێــت) ئــەو فـەرموودەمان هەیـە كـە دەفـەرمێت: "هـەموو سـەری سـەد ساڵێك خـودا كەسێك دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە كە ئایینەكەی بۆ نویێ بكاتەوە.[1]) كەواتە بەهۆی میتۆدی ئیسلامی و میانڕەوییە كۆكەرەوەكەی هەست بـەوە ناكـەین كـە دژی و ناتەباییـەك هەبێت لەنێوان بەكەماڵگەشتنی ئاین بەهۆی وەحی و كۆتاییهاتنی پێغەمبەرێتییەوە لـە لایـەك و نوێبوونـەوەی هەمیشـەیی ئـەم ئایینـەی بـە كۆتاییهـاتنی وەحـی و هاتنەخوارەوەی هەموو قورئانەوە گەشتۆتە پلەی كەماڵ.

ئـایین لـە عەقیـدە و شـەریعەت پێـك هـاتووە. عەقیـدەی ئـایینیش بریتییـە لـە بـاوەڕبوون بـە خـودا و پەرتووكـەكانی و پێغەمبـەرانی و فریشـتە و ڕۆژی دوایـی، شەریعەتیش هەموو ئەو ڕێكار و ڕێگایانەی تێدایە كە موسوڵمان پەیڕەوی دەكات تا بڕوای بەم عەقیدە هەبێت و پەیڕەوی بكات، بەڵام هەریەك لە عەقیـدە و شـەریعەت بنەما و ڕێسا و پایەی خۆی هەیە و هەمووشی لەگەڵ كۆتاییهاتنی ئەو وەحیەدا كـە ئـایینی پـێ گەشـتۆتە پلـەی كـەماڵ، ئـەویش گەشـتۆتە پلـەی كـەماڵ، مرۆڤـی موسوڵمانیش بە حوكمی ئەوەی جێنشینی خودایە لە ئاوەدانكردنەوە و ڕێكخستنی كۆمەڵگە و گەشەی ئاوەدانیـدا، ئـەوا پێویسـتە لـە كـاتی ئـەركی جێنشـینییەكەیدا بونیادگەری تر دابهێنێت لەگەڵ ئەم بنـەما و ڕێسـا و پایانـەدا، بـۆ نموونـە ئیسـلام لەسەر پێنج پایە بونیاد نراوە[2]، كەواتە تەنها ئـەم پێـنج پایـە نییـە، بـەڵكو گـەلێك

---

[1]رواه ابوداود.

[2] لە فەرموودەی پێغەمبەردا (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) هـاتووە كـە: "ئیسـلام پێـنج پایـەی هەیـە: شـایەتومان بـەوەی هـیچ خودایـەكی شاسـتەی پەرسـتن نییـە جگـە لـە الله، وە بـە پێغەمبەرایـەتی و بەندایەتیی محمد، وە نوێژكردن و زەكاتدان و ڕۆژووگرتن و حەجكردن) رواه البخـاري ومسـلم والترمـذي والنسائي.

بونیـاتی لقئاسـای لـیٚ بۆتـەوە و بـەپێی بەرژەوەنـدی و پێویسـتی کـات و شـوێن دەگۆڕێت و نویٚ دەبێتەوە ئەگـەر گونجـاو بێـت لەگـەڵ مەبەسـتەکانی بنـەماکان و ئامانجەکانی ڕێساکان و سنوورەکانی پایەکاندا، کەواتە نوێبوونەوەیە لە چوارچێوە و ئاسۆ و کاریگەریی ئەم بنـەما و ڕێسـا و پایانـەوە، چـونکە بنـەما نـەگۆڕەکان بـە کاملبوونی ئایین کامڵ بوون، بەڵام ئاسۆ و شوێنەوار و لقە کراوانەکانی هەمیشە لە گەشە و گۆڕان و پەرەسـەندندان، وەك شـایەتێك لەسـەر بـەردەوامیی نوێبوونـەوە، هەروەها لەسەر پەیوەندیی نێوان نوێبوونەوە و نـەگۆڕە کاملکراوەکـان لـە بنـەما و ڕێسا و پایەکان.

ڕوونی و ئاشکرایی ئـەم ڕاسـتییەی نێـو ڕاسـتییەکانی میتـۆدی ئیسـلامیی بۆتـە هۆی یەکدەنگیی هـەموو ڕێچـکەکانی هـزری ئیسـلامی لەسـەر ئیجتیهادنـەکردن لـە بنەماکاندا، چونکە هەر لە کاملبوونی ئایینەوە لەگەڵ کۆتاییهاتنی پەیامی ئیسلامدا یەکیەتیی ئوممەتی تێدای و لەسەریشی وەستاوە، بەڵام تەنها لە لقەکاندا ئیجتیهاد دەکرێت، کەواتە لقەکان دەگەیەنێت بەو ڕووداو و حوکمانەی کە پێش دێن، حوکمە نوێکـانیش ـ واتـە لقـە نوێکـان ـ جێگـەی ئـەو حوکمانـە دەگرنـەوە واقیعـی گـۆڕاو تێیپەڕاندوون، ئەو دابونەریتانەی پەرەیان سەندووە و گۆڕاون، کاتێك ئەم حوکمانە بایسی ئامانجداریان هەبێت، ئەوا حوکمەکان بە بوون و نەبوون لەگەڵ بایسەکەدان، تەنانـەت ئـەم ئیجتیهـاد و نوێکردنـەوە بـەردەوام ڕۆڵـی هەمیشـەیی دەبینێـت لـە دۆزینەوەی کرۆکی بنەما و ڕێسا و پایەکان و پاککردنەوەیان لە ئەگەری تـەپوتۆزی ئەو بیدعانەی بە زیادکردن یان لیٚ کەمکردنەوە یان شـێواندن یـان تـەزویری خـراپ دایانپۆشیوە، لە بنەماکاندا و بۆ ڕێساکانیش نوێکردنەوەیەك بەم واتایە هەیە، هـەر وەك لـەو فەرموودەیـەدا هـاتووە لـەبارەی نوێکردنـەوەی ئـایین، ئـەوەش تـەنها نوێکردنەوەی هزری ئاییندارانی پابەندی ئایین نییە !

کەواتە نوێکردنەوە دژ و ناتەبا نییە لەگەڵ کەماڵی ئایین و نەگۆڕییەکەیدا، بەڵکو ڕێگەی درێژبوونەوەی کاریگەریی ئایینی تەواو و نەگۆڕەکانیەتی بۆ بوار و کاروبارە نوێکان و گەرەنتیی مانەوەی بنەماکان بەگونجاوی بۆ هەموو کات و شوێنێك، واتە مانەوەی پەیامە نەمرەکە مسۆگەر دەکات، خۆ ئەگەر لقە نوێکانی درێژ نەکردایەتەوە بۆ پێشهاتە نوێکان و تۆڕی پەیوەندیی نێوان بنەما نەگۆڕەکان و کایە نوێکانی پەرەسەندنی ژیان دروست نەبووایەت و بەو شێوەیەش نوێ نەبێتەوە کە ڕووی ڕاستەقینە و کرۆکی بنەما و نەگۆڕەکانی ئایین دەربخات، ڕۆڵی ئەم نوێکردنەوەش نەبووایە لە ژیانی ئیسلام و کاروانەکەیدا، ئەوا ئەم بنەمایانە دەسڕانەوە، یان بەهۆی تێپەڕاندنی ئەو ژیانەی بۆ سێبەری لقە سەرەتایی و کۆنەکان دەگەڕێتەوە، ئیدی ئەو درێژبوونەوە نوێیە لە سێبەری ئیسلام دادەماڵرێت، یان بە شێواندنی کرۆکی بنەماکان بەهۆی کەڵەکەبوونی بیدعەکانەوە.

خودای گەورە پەیمانی داوە بە پاراستنی قورئان لە فەوتان و شێواندن و گۆڕانی و دەفەرمێت: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (٩)﴾ الحجر ٩. واتە: "بێگومان ئێمە قورئانمان ناردوەتە خوارەوە و هەر ئێمەش دەیپارێزین." خودای گەورە هۆکاری پاراستنی بۆ موسوڵمانان ئاسان کردووە، بۆیە کۆکردنەوە و نووسینەوە و خزمەتکردنی بە زانستی قورئان کراوە، بە هەمان شێوەش ویست و خودا وەها بووە کە دواهەمین ئایین و پەیامی گشتیی بەردەوام بمێنێتەوە و بەرهەمەکانی تا ڕۆژی دوایی بمێنێتەوە، تەنها ڕێگەیەکیش بۆ مانەوەی بەردەوامی ئەم ئایینە و بەرهەمەکانی بریتییە لە ڕێبازی نوێکردنەوەی ئاییندار و ئایین.

بەم شێوەیە میانڕەویی ئیسلامی کاملبوونی ئایین و نوێکردنەوەی ئایینی کۆ کردەوە، سەلەفییەت و نوێکردنەوە پێکەوە گرێ دەدات، ئەگەر ئێمەش بە میتۆدی ئیسلامی تەماشای خودی شارستانیمان بکەین، ئەوا لە سەلەفییەتەکەماندا ـ کە واتای گەڕانەوەیە بۆ بنەما کرۆکی و خاوێنەکان ـ ئەوا ئیجتیهادێکی وەهای تیا

دەبینینەوە کە کرۆك و ـ کرۆکی دانانی خودا بۆ ئایین ـ ئەو زیـادکراو و ناتـەواوی و بیدعانەی هاتۆتە سەر کرۆکی ئایین و بنەماکانی. دەشبینین کە ئیجتیهادەکـەمان ـ کە هەڵێنجانی حوکمە نوێکانە بۆ واقیعی نوێ ـ سەلەفیەتی تێدایە کە بنەما و بناغە و مەبەستەکان لەخۆ دەگرێت، تا ئەو واقیعە نوێیە لەژێر تیشکیدا ببینین و حوکمـە نوێکانیشــی لێــوە دەربهێــنین، کەواتــە ســەلەفییەت نوێکردنــەوەی تێدایــە و لــە نوێبوونەوەشدا سـەلەفییەتی تێدایـە، هـەموو نوێگـەرەکانی کـاروانی شارسـتانیمان سەلەف بوون!

ســەلەفییەتەکەی ئێمــە ئــەو ئەرسۆدۆکســییەی مەسـیحی نییــە، کــە لەســەر پێشخستنی بنەماکان چەقبەستن بەکار بێنێت و هەموو نوێ و نوێکردنەوەیەك ڕەت بکاتەوە، بەڵکو سەلەفییەتەکەمان پابەندە بە بنەماکان و گەڕانەوەیە بۆ سەرچـاوە کرۆکی و خاوێنەکان، ڕەتکردنـەوە و لابردنـی ئـەو هـەموو زیـادکردن و ناتـەواوی و بیدعەیــەی ڕووی لــە کرۆکــی خوداوەنــدیی ئاییندایــە، ئەمــەش بــۆ ئەوەیــە لــە بنەماکانەوە لقی نوێ پەیدا بێت و سـوودی بـۆ واقیعـی نـوێ هـەبێت، هـەروەها بـۆ ڕووناکیخواســتن و ڕووناککردنــەوەی واقیعــی هاوچــەرخە بــەم کرۆکــە خــودایی و نەگۆڕە، کەواتە ئەم سەلەفییەتە خودی نوێبوونەوەیە و دژ و ناتەباش نییە لەگـەڵ واقیع.

***

# دەق و ئیجتیهاد

با سەرەتا واتا و ناوەڕۆکی زاراوەکانی دەق(النص) و ئیجتیهاد دیاری بکەین.

**ئیجتیهاد:** بریتییە لە بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانا و تێکۆشان بۆ بەڵگەهێنانـەوە بۆ ئەو بابەتـەی فەقیـه دەیـەوێت گومـانی بـەهێز(ظـن)ی لا دروسـت ببێـت لەسـەر حوکمێکی شەرعی[1].

زاراوەی (دەق)یش ڕای جیاواز لەسەر پێناسـە و نـاوەڕۆکی هەیـە، بـەڵکو بۆتـە جێگـەی گومـان و وەهمـەکان، ڕوونکردنـەوەی واتاکـەی و دیـاریکردنی، دەروازەی سرووشتی و مەرجی زەروریی قسەکردنە لەسەر پەیوەندیی دەق بـە ئیجتیهـادەوە لە میتۆدی ئیسلامدا.

بێگومان دەق لە ڕووی زمانەوانییەوە هـەموو وتـراو و نووسـراوێك دەگرێتـەوە و هەر دەبڕینێـك ـ چ گێڕرابێتـەوە یـان خاوەنەکـەی دایینابێـت ـ هـەر دەقـە، ئەمـەش بەگشتی واتای زمانەوانیی دەقە.

هەندێك لە زمانناسەکانی وەك ـ ابن الاعرابی ـ تایبەتـی کـردووە و دەڵێـت ـ هـەر وەك لە (لسان العرب)ی ابن منظوردا هاتووە: دەق(النص)، بریتییە لـە ئیسـناد بـۆ لای گـەورەترین سـەرۆك. دەق بریتییـە لـە: وەسـتاندن. هـەروەها بریتییـە لـە: دیاریکردن لەسەر شتێك.) بەڵام ئەزهەری لە پێناسەکەیدا نزیك دەبێتەوە لە (واتا و مەبەست و بەرهەمی قسە(الملفوظ) و نووسراو) و تەنها لە سنووری (خودی دەربڕراو و نووسراودا ناوەستێت، وا دیارە پێی وایـە کـە بـریتی بێـت لـە: بەرهـەمی کـردار و تێکۆشانی عەقڵ لە قسەدا نەك خودی قسەکە، ئەزهەری دەربـارەی ئـەو پێناسـەی

---

[1] الجرجاني(التعريفات). القاهرة ١٩٣٨م. والتهانوي(كشاف اصطلاحات الفنون)، بيروت، مصورة عن طبعة الهند، ١٨٩٢م.

واتای دەق و مەبەستەکەی تایبەت دەکات ـ هەر وەك لە(لسان العرب)دا هـاتووه ـ:
(دەق: بنەمای دەق کۆتا مەنزڵی شتەکانە و ئەوپەڕیانە.)

فەقیهەکانیش لـەو واتایـەوە دەسـت پـێ دەکـەن کـە هـەر دەسـتەواژەیەك یـان قسەیەك یان فەرموودەی پێغەمبەر و یارانی بە دەق بـزانن، ئـەم بۆچوونەشـیان لـە واتـای قورئـان و سـوونەتدا هەیـە، دەڵـێن دەق(الـنص): (بریتییـە لـەو حوکمانـەی ڕووکەشی دەربڕینی قورئان و سـوونەت دەلالـەتی لەسـەر دەکـەن.[1]) کەواتـە دەق لێـرەدا هـەر قسـەیەك و هـەر دەسـتەواژەیەك نییـە، بـەڵکو بەرهـەمی پرۆسـەیەکی عەقڵییە و ئەوپەڕی ئیجتیهادە لـە قسـە و دەسـتەواژەدا، واتـە ئـەو حوکمانـەی لـە قورئان و سوننەتەوە وەرگیراون.

ئەگەر لە چوارچێوەی (زمان) دەربچین بۆ چوارچێوەی زاراوەیی واتـای (دەق)، دەبینین زۆربـەی زاناکـانی بنـەماکانی فیقـه نایکەنـە ناوێـك بـۆ هـەر دەسـتەواژە و قسەیەك، بەڵکو تەنها بۆ ئەوانـەی بـەکار دەهێـنن کـە لـە دیاریکردن و ئاشـکراییدا گەشتبنە حوکمێکی یەقینی و ڕوونیی وەها کە هـیچ ئەگـەرێکی تـر قبـووڵ نـەکات، وەك ئەوەی تایبەتیان کردبێت بەو حوکمە یەکلاییکـەرەوەی لـە دەسـتەواژەکانەوە هـەڵهێنجراون، نـەك خـودی دەسـتەواژەکان، ئـەوەتا جورجـانی (٧٤٠ ـ ٨١٦ه، ١٣٤٠ـ١٤٣١م) لە پێناسەیدا دەڵێت: "دەق(النص) ئەوەیە کە واتاکەی ڕوونـتر بێت لە (ظاهر)، بەهۆی بوونی واتایـەك لـەو وشـەیەدا کـە بـەکارهێنراوە بـۆ قسـەکردن، بریتییـە لـەوەی کـە تـەنها ئەگـەری یـەك واتـای هەیـە، وتراویشـە: ئەوەیـە کـە تەئویلکردن نەگرێتە خۆ."[2]

تەهانـەوی (١١٥٨ه ١٧٤٥ز) پێـنج واتـا بـاس دەکـات کـە لەلایـەن زانایـانی بنەماکانی فیقهەوە بۆ (دەق) کراون:

---

[1] بروانە(لسان العرب)ابن منظور، دار المعارف، القاهرة.

[2] بروانة(التعریفات)، القاهرة، ١٩٣٨م.

**واتای یەکەم:** وشەیەکە واتاکەی تێبگەین لە قورئان و سوننەتدا، چ (ظاهر) بێت یان دەق یان موفەسسەر (المفسر) یان حەقیقـەت یـان مـەجاز، گشـتگیر بێـت یـان تایبەت.

**واتای دووەم:** پێشەوا شافیعی هەمان وشەی (ظاهر)ی بـۆ دەق بـەکار هێنـاوە، دەڵێت: چونکە دەق بە هەمان واتای ڕوونی و ئاشکرایی واتا دێت.

**واتای سێهەم:** کە بەناوبانگترین واتایە و بریتییە لەوەی ئەگەری هیچ واتایـەکی دوور یان نزیکی تێدا نەبێت، وەك: وشەی (پێنج)کە دەقێکە تەنها یەك واتای هەیـە و بەس، جا هـەرکات وشـەیەك بـەم شـێوەیە واتـای خـۆی بگەیـەنێت، ئـەوا لەگـەڵ واتاکەیدا پێی دەوترێت: دەق(النص).

**واتای چوارەم:** ئەوەیە کە ئەگەری واتایەکی تری لێ نـەکرێت، کـە بەڵگەیـەکی وەرگیراو پشتیوانیی بکات، بەڵام ئەگەرێکی بێبەڵگە وشەکە لە (دەق ـ النص)بوون دەر ناکات.

**واتای پێنجەم:** قورئان و سوننەت، واتە: ئەو دوو بەڵگـەی بەرانبـەر کـۆدەنگیی زانایان و پێوانەکارین (الأجماع والقياس.)[1]

بەم شێوەیە واتای وشەی دەق(الـنص) لـەنێوان: ١ــ قورئـان و سـوونەتدا. ٢ــ ئەوە وشـەی قورئـان و سـوننەتە کـە ئەگـەری واتایـەکی پەسـەندی لـێ دەکرێـت و بەڵگەش هەیە لەسەر واتاکە. ٣ـ بە واتـای ئـەوەی لـە ڕووکەشـی وشـەکەوە بۆمـان دەردەکـەوێت. ٤ــ ئــەوەی لــە واتــای وشــەکەوە بۆمــان دەردەکــەوێت، بــەڵام بەناوبانگترین واتای دەق ئەوەیە کە دەق: ئەو وشەیەی قورئان یـان سـوننەیە کـە یەك واتای هەیە و دوور و نزیك ئەگەری هیچ واتایەکی تری لێ ناکرێت، واتە ڕوون و

[1] کشاف اصطلاحات الفنون.

ئاشکرا واتاکەی دیارە، وەك ئەو ڕاستییانەی بەدڵنیاییەوە هەستی پێ دەکەین و دەیزانین، بۆ نموونە: ژمارە پێنج، هیچ واتایەکی تری نییە جگە لە واتای پێنج.

کەواتە ئێمە لە بەردەم واتایەکی (دەق)داین کە تایبەتە بەو شتەوە کە سابتبوونی و دەلالەتەکەشی بێگومانە، لەو شتانەدا کە بە هیچ شێوەیەك گۆڕان و ئەگەری تری بەسەردا نایەت.

ئەوەی باسمان کرد دەربارەی دەق، ڕای زانایانی بنەماکانی فیقهە، کە بیرمەندە تایبەتەکانی ئیسلامن، بەڵام هەندێك کەسی دەرەوەی بازنەی ئەو بیرمەندانە کە دەکرێت ناویان بنرێت(عەوام)، لە کایەی هزریماندا دەنگیان بەرز بۆتەوە، بەتایبەت پاش باڵادەستیی شوێنکەوتەیی(تەقلید) و وەستانی ئیجتیهاد و پاشەکشەی شارستانیی ئیسلامی لە بەدیهێنان و خستنەسەر و داهێنان، تەنها لەوەدا نەوستاون وشەی دەق(النص) بۆ هەموو وشە و ڕیوایەت و (مأثورات) و گێڕانەوەی و قورئان و سوننە بەکار بێنن، بەڵکو هەموو ئەوەی موجتەهید و شوێنکەوتەی موجتەهیدەکانی نێو بازنەی مەزهەبە ئیسلامییەکان نووسیویانە هەر بە دەقیان داناوە و لەگەڵ هەبوونی ئەم جۆرە دەقانەشدا ئیجتیهادیان پەك خستووە، تەنها ڕێگایان بە زانا کۆچکردووەکان داوە کە لەبری زیندووەکان بیر بکەنەوە، گەرچی بیرکردنەوەکەشیان پەیوەندیی بەو حوکمانەوە بێت کە مەرجی خستنەکاریان تێدا نییە، یان ئەو دابونەریتانەی گۆڕاون، لەو لقانەشدا زۆرن کە پەیوەندیی بە گۆڕاوە دنیاییەکانەوە هەیە، وەك ڕامیاریی وڵاتان و ڕێکخستنی کۆمەڵگەکان و گەشەی ئاوەدانی.

بەم شێوەیە ئەو بۆچوونە لە هزری ئیسلامیدا بڵاو بۆتەوە و بڵاویش دەبێتەوە، کە پێی وایە ناتەبایی و دژایەتییەك هەیە لەنێوان (دەق) و (ئیجتیهاد)دا، ئەو گوتەزایەش بەگشتگیری و ڕەهاییەوە بڵاوە، کە دەڵێت: نابێت ئیجتیهاد بکرێت لە کاتی هەبوونی دەقدا، گشتگیری لە تێگەشتن لە دەق و ئامانجی ئیجتیهاد لەگەڵ

بوونی دەقدا، تا کەوتینە بەردەم ناتەبایی و دژایەتییەکی توندا، چونکە بەو پێیە دەق بەربەستی ئیجتیهادە و هەڵی دەوەشێنێتەوە، ئیجتیهادیش کاتێك دەکرێت کە دەقەکان بوونیان نەبێت!

ئایا هەڵوێستی میتۆدی ئیسلامی چییە لەبارەی ئەم ئیشکالییەتە کاریگەرییەی نێو کایەی ژیانی هزریی ئوممەتی ئیسلامی؟

لە سەرەتادا ـ وەك باسمان کرد ـ ئیجتیهاد بریتییە لە بەکارهێنانی ئەوپەڕی هەوڵی موجتەهید بۆ هەڵێنجانی حوکمی شەرعی لە ڕێگەی بەڵگەوە و بە پلەی گومانی بەهێزی خۆی، ئەم ئیجتیهادەش لە لقەکانی شەریعەتدا دەکرێت، موجتەهیدیش ئەو کارە لە ڕێگەی بنەماکانی شەریعەتەوە دەکات کە لە دەقە شەرعییەکاندا گەشتۆتە پلەی کەماڵ، ئەو بناغە و ڕێسا و پایانەی لە قورئانی پیرۆز و سوننەدا چەسپیوە و کورتی و پوختییەکانی قورئانمان بۆ ڕوون و ورد دەکاتەوە، چ لە ڕووی واتا یان بونیادەوە، کەواتە ئیجتیهاد لە دەق دوور نییە و نەبوونی دەقیش مەرجی بوونی نییە، بەڵکو لە نەبوونی دەقدا، کە بناغە و بنەماکانن، ئەمیش بوونی نییە تا جوزئیات و لقەکان هەڵێنجێت، کەواتە بەڕوونی دیارە دژایەتی و ناتەبایی لەنێوان دەق و ئیجتیهاددا نییە و گشتگیری و ڕەهایی لەو وتەیەدا نییە کە دەڵێت: ئیجتیهاد لەگەڵ دەقدا ناکرێت!

بەڵکو دەڵێین دەق و ئیجتیهاد بە هیچ شێوەیەك جیا نابنەوە و ئەم ڕاستییەش ڕەها و گشتگیرە! چونکە هەڵوێستی موجتەهیدی ئیسلامی لە بەرانبەر دەقی قورئان و سوننەتدا لە یەکێك لەم هەڵوێستانە دەرناچێت:

أ ـ دەقەکە گومانی بەهێز لەسەر چەسپین (ثبوت)ی هەبێت، لێرەدا هیچ ڕاجیاییەك نییە لە پێویستبوونی ئیجتیهاد لەو دەلالەتەدا.

ب ـ دەقەکە گومانی بەهێز لەسەر دەلالەتی هەبێت، لێرەدا هیچ ڕاجیاییەك نییە لە پێویستبوونی ئیجتیهاد لە دەلالەتی ئەم دەقەدا.

ج ـ دەقەکە گومانی بەهێز لەسەر دەلالەت و چەسپینی هەبێت، لێرەشدا هیچ ڕاجیاییەك نییە لەسەر پێویستبوونی ئیجتیهاد لە دەلالەت و چەسپینی هەردووکیاندا.

د ـ دەقەکە لە دەلالەت و چەسپیندا قەتعی بن و هیچ جۆرە گومانێکی کەمیش نەبێت لە دەلالەت و چەسپینیدا، ئەمەش ئەوەیە پێویستی بەو وردکردنەوە هەیە کە هەڵەی ئەو وتەیە لە میتۆدی ئیسلامی دوور دەخاتەوە کە دەڵێت: پێویستمان بە ئیجتیهاد نییە و تەنانەت ئیجتیهادکردنیش بە نادروست دەزانێت.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بوونی دەقێکی خاوەن دەلالەت و چەسپینی قەتعی بێنیازمان ناکات لە ئیجتیهادکردن، بەڵکو بریتییە لە دیاریکردنی سروشت و سنووری ئیجتیهادی پێویستە لەگەڵ ئەو جۆرە دەقەدا.

ـ کەواتە پێویستە ئیجتیهاد بکرێت لە هەر دەقێکی خاوەن دەلالەت و چەسپینی قەتعی بۆ تێگەشتن لە دەق و هەڵێنجانی حوکمەکانی بەپێی پێگەی خۆیان.

ـ ئیجتیهادکردن لە بەراوردکردنی نێوان ئەم دەقە و هاوشێوەکانیدا لە بابەتی خۆیدا و چ هاوڕا بێت یان پێچەوانەی واتاکەی هیچ ڕاجیاییەکی تێدا نییە.

ـ ئیجتیهادکردنیش بۆ هەڵێنجانی لقەکان لە دەقی دەلالەت و چەسپیویی قەتعی، واتای پێکەوەبوونی حەتمی و زەروریی نێوان ئەم دەقە و ئیجتیهادە.

ئەوەی کە سەرلێشێوانێکی لەم بوارەدا دروست کردووە و دەیکات، ئەوەیە کە جیاوازی ناکرێت لەنێوان ئەو دەقە ئایینییانەی پەیوەستن بە نەگۆڕە ئایینییەکانەوە و لەگەڵ ئەوانەی پەیوەستن بە گۆڕاوەکانی لقە دنیاییەکان، ئەوەتا لەو دەقانەدا کە پەیوەندیی بە نەگۆڕە ئایینییەکانەوە هەیە ـ لە عەقیدە و شەریعەت و زانستەکانی جیهانی نادیار (غەیب) و دروشمی عیبادەتەکان و ئەو بابەتانەی تەنها بەجێهێنانی فەرمانی خودا تێیدا مەبەستە و تەنها خودای گەورە خۆی حیکمەتەکانی دەزانێت، واجباتە نەگۆڕەکان و مافەکان و مامەڵە

دونیاییەکانی وەك مەبەستەکانی شەریعەت و ڕێسا و سنوورەکانیدا ڕۆڵی ئیجتیهاد لەم دەقانەدا تەنها لە چێوەی تێگەشتن و هەڵێنجانی لقەکان و بەستنەوەی بە بنەماکانەوە و بەراورد و تەرجیحدان و دەرهێنانی ڕوونی حوکمەکاندایە، کەواتە تەنانەت لەگەڵ ئەم دەقە قەتعییانەشدا و لەم سنوورەدا ئیجتیهاد هەیە، ئەو حوکمانەش کە بە ئیجتیهاد لە دەلالەتی قەتعیی ئەم دەقە چەسپیوە قەتعییانەوە هەڵدەهێنجرێن، نابێت بگۆڕێن یان تێپەڕێنرێن بە بیانووی ڕەوایەتیی ئیجتیهادکردن تێیدا، چونکە ئیجتیهادکردن لەم دەقانەدا - سەرەڕای بوون و پێویستی - نابێت لە سنووری تێگەشتن و هەڵێنجان و لقکردنەوە و تەرجیح و ڕوونکردنەوە و خستنەڕوو دەربچێت و نابێت گۆڕان پەکخستن و سنووربەزاندنی و خستنەبری تێدا بکرێت، ئەم کارەش کۆتوبەندی ئیسلام نییە لەسەر عەقڵی موسوڵمانی موجتەهید، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم دەقانەی کە دەلالەت و چەسپینیان قەتعییە، یان پەیوەندیی بە نەگۆڕیی ئایینی و دونیاییەوە هەیە - کە نابێت حوکمەکانی تێپەڕێنیت یان بیگۆڕیت یان پەکی بخەیت یان شتێکی تر لەبری دابنێیت، چونکە دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئایین! یان پەیوەندیی بەو شتە غەیبییانەوە هەیە کە تەنها لە ڕێگەی بیستنەوە پێمان گەشتووە، هەروەها حوکمەکان و دروشمە عیبادەتییەکان، کە عەقڵی مرۆڤ بەسەربەخۆیی پەی بە حیکمەت و بایس(عیللەت)ی ئامانجداری نابات، کەواتە پێویستە لەسەر دەلالەتی دەقەکان ڕاوەستین، ئەگینا تووشی بێهوودەیی دەبین و هیچکاتێکیش دۆخێکی لەم جۆرەش بە ئیجتیهاد دانانرێت.

بەڵام ئەو دەقانەی دەلالەت و چەسپینی قەتعییە و پەیوەندیی بە کاروباری لقە دونیاییەکان و گۆڕاوەکانیەوە هەیە کە بایسێکی ئامانجداری هەیە، ئەوە ئەو بەشەیە کە هەڵوێستنواندن لەبارەیەوە ئەو سەرلێتێکچوونە دروست دەکات کە ئێستا ڕوونی دەکەینەوە، باوەڕیشم وایە ئەم سەرلێشێوانە تەنها لە بازنەی

خـەڵکانی ڕەشـۆك(عەوام)ی هـزری ئیسـلامیدایە، چـونکە هـیچ لۆژیـك و بەڵگـە و بناغەیەکیان بەدەستەوە نییە، وەك پاشتر ڕوونی دەکەینەوە.

- ئەو دەقە ئاینییانەی لە پەیامی ئیسلامدا بۆ بەرژەوەندیی بەندەکان هاتووە لە لقەکانی ئەو بابەتە دونیاییانەی گۆڕان دەیانگرێتەوە، خودی دەقەکان ئامانج نـین - هەر وەك بە سەرنجێکی سروشتی و سەرەتایی بۆمان ڕوون دەبێتەوە- بەڵکو بـایس و ئامـانج و مەبەسـتەکانی گـرنگن، کـە بـەدیهێنانی بەرژەوەندییـەکانی خەڵکـە و حوکمەکانیشی لەگەڵ بوون و نەبوونیدا پەیوەستە، گەواهییش لەسەر ئەم ڕاستییە یەکدەنگیی پسپۆڕانی هزری ئیسلامییە لەسەر پێویستیی ئیجتیهاد لـەو حوکمانـەدا پەیوەندیی بە عیللـەت و دابونـەریتێکی گـۆڕاوەوە هەیـە، گەرچـی ئـەو حوکمانـەی پێشوو هەر پشتیان بە دەق بەسـتبێت و کۆدەنگییـەکی زانایـانی لەسـەر بێـت لـەو سەردەمەی عیللەت و دابونەریتەکە نەگۆڕاوە و بەڵام ئێسـتا گـۆڕان و پەرەسـەندنی بەسەردا هاتووە، کەواتە هەبوونی دەق بەربەستی ئیجتیهادی بەرهەمدار ناکات، کە حوکم و بەرژەوەندیی نوێی تێدا بێت، کە ئامانجی ئەو دەقانەیە قسـەی لـە بابەتـە دونیاییە گۆڕاوەکان کردووە لە لقەکاندا، وە قەدەغەکردنی ئیجتیهـاد لـەو دەقانـەدا پەیوەندیی بە نەگۆڕەکانەوە هەیە سەرچاوەکەی بـوونی ئـەم دەقانـە نییـە، بـەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حوکم و ئامانج و بەرژەوەندییانەی لە پێناویدا هاتووە.

- ئـەوەی کـە لـەم بابەتـەدا زۆر گرنگـە ئەوەیـە کـە ئیجتیهـادکردن لـە دەقێکـی دەلالەت و چەسپیوی قەتعی(قطعي الدلالـة والثبـوت) پەیوەسـت بـە لقـە دونیاییـە گۆڕاوەکانـدا هەیـە، واتـای ئیجتیهادێـك نییـە کـە دەق ڕەت بکاتـەوە یـان ئـەو ئیجتیهـادەی حـوکمی هـەڵێنجراو لـەم دەقـەوە بـۆ هەمیشـە هـەڵبگیرێت، چـونکە نایەوێت دەق تێپـەڕێنێت، بڵکـو دەیـەوێت ئـەو حوکمـە تێپـەڕێنێت کـە لـەو دەقـە هـەڵێنجراوە، ئـەم تێپەڕاندنـەی حـوکمیش هەمیشـەیی نییـە، چـونکە حەقیقـەتی ئیجتیهاد لێرەدا بریتییـە لـە ئیجتیهـاد لـە ئاسـتی هـەبوونی مەرجـە پێویسـتەکانی

خستنەکاری ئەم حوکمە هەڵێنجراوە لەم دەقە، بەو شێوەیەی حیکمەت و بایس و ئامانجەکەی بەدی بهێنێت، جا ئەگەر مەرجەکانی بەدی هات، ئەوا حوکمەکە تێناپەڕێنرێت، خۆ ئەگەر بەدی نەهات، ئەوا ئیجتیهادەکە حوکمێکی نوێ دەبەخشێت بەبێ ئەوەی دەقەکە لەناو ببات یان حوکمە تێپەڕێنراوەکە بۆ هەمیشە هەڵبوەشێنرێتەوە، بۆیە ئەگەر هەرکات مەرجەکان دووبارە هاتنەوە کار، ئیجتیهادەکەش دەکەوێتەوە کار پاش تێپەڕاندنی ئەو حوکمە نوێیە، ئەمەش لەم حەڵەتەدا نەبوونی مەرجەکانی کارکردنە! کەواتە حەقیقەتی ئیجتیهاد ـ لەم بابەتەدا ـ بریتییە لە ئیجتیهاد لە بەکارخستنی دەقەکان و حوکمەکانیدا، ئەم حاڵەتەش نابێتە جێگرەوەی دەقەکان بە لابردن و هەڵوەشاندنەوەیان، هەمیشەش حوکمەکانی تێناپەڕێنن، چونکە ئەو حوکمەی کۆدەنگیی لەسەرە و بناغەکەشی دەقێکی دەلالەت و چەسپینی قەتعییە ئەگەر پەیوەندیی بە بایسێکی ئامانجدارەوە بێت کە گۆڕاوە یان دابونەریتێکی گۆڕاو و پەرەسەندوو ـ واتە بەرژەوەندییەکەی بەدی نەهێنا ـ ئەوا پێویستە لەگەڵ ئەو دەقەدا ئیجتیهاد بکرێت، تا حوکمێکی نوێ بەرژەوەندییەك بەرهەم بهێنێت، گەر بایس(عیللەت)ی یەکەم یان دابونەریتی یەکەم گەڕایەوە و بەرژەوەندییش بەپێی حوکمە کۆنەکە لەئارادا بوو، ئەوا ئیجتیهادەکەش دەگەڕێتەوە، لە هەموو ئەم دۆخانەشدا دەقەکە هەر دەمێنێتەوە و خوێندنەوەی بە عیبادەت دادەنرێت، چونکە کار و خستنەگەڕی بۆ هەمیشە بەردەوامە، تەنها ئەوەیە کە ـ گەر دەستەواژەی فەیلەسوفەکان بەکار بهێنین ـ هەندێك جار دەبێتە کردار (بالفعل) و هەندێك جاریش وەك ماتەوزەیەك(بالقوة) دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر بەرژەوەندی هەبوو دێتە ئارا و ئەگەر مەرجەکانی نەهاتە ئارا و بەرژەوەندیی نەبوو نابێتە کردار، کەواتە بەردەوام دەق بوونی هەیە و حوکمەکە لەنێوان جێبەجێکردن و وەستانی جێبەجێکردندایە نەك تێپەڕاندنی هەمیشەیی و هەڵوەشاندنەوەی!

ئەم پەیوەندییەش لەنێوان دەق و ئیجتیهاد لە میتۆدی ئیسلامیدا پەیوەندییەکی پەیوەستبوون و تێکەڵبوونە و بوونەتە یەك پێکهاتە، بەو شێوەی کە بینیمان، ئەوەش ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوە کە ناتەبایی و دژایەتی لەنێوان دەق و ئیجتیهاددا هەیە و دەڵێت: لا اجتهاد مع النص، وە لەسەر زمانی ڕەشۆکی ڕۆشنبیران(عامة المثقفين) هەیە !

***

ئەگەر بمانەوێت نموونە بۆ ئەوە بهێنینەوە کە ئەمە وردترین وێنایە بۆ میتۆدی ئیسلام لەم بابەتەدا، ئەوا نموونەمان زۆرە، بۆ وەستان لەسەر ئەوەی کە دەلالەتی قەتعی هەیە ئەم نموونانە باس دەکەین:

ـ بەشی(المؤلفة قلوبهم) کە لە زەکاتدا هەیە و دەقی قورئان دیاریی کردووە و بەو ئیعتیبارەی حوکمەکەی فەرزێکی خوداوەندییە و دەفەرمێت: ﴿ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٦٠)﴾ التوبة ٦٠. واتە: "بێگومان زەکات پێویستە بدرێت بە ئەوانەی هیچیان نییە و ئەوانەی هەیانە و بەشیان ناکات و ئەوانەی کاروباری کۆکردنەوەی زەکاتیان لەئەستۆدایە و ئەوانەی ئومێدی موسوڵمانبوونیان لێ دەکرێت و ئەو کۆیلانەی دەیانەوێت بە پارە خۆیان بکڕنەوە لە خاوەنەکانیان و ئەوانەش کە قەرزار بوون و لەپێناوی خوای گەورەدا و ئەو ڕێبوارەش کە پارەی لێ براوە، ئەمەش فەرزێکە لەلایەن خوداوە دانراوە و خوداش خاوەنی زانست و دانایی بێسنوورە.

بەڵام پێشەوا عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) لەسەر ئەم دەقە ئیجتیهادی کردووە کە دەلالەت و چەسپینی قەتعییە و کۆدەنگییش لەسەر ئەوە هەیە کە لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و سەردەمی پێشەوا ئەبوبەکردا (ڕەزای خودای لەسەر بێت)حوکمەکەی پیادە کراوە، بەو پێیەی حوکمی دەقێکی

قورئانییە و فەرزێکی خوداییە، هۆکاری ئەو ئیجتیهادەی عومەریش نەبوونی مەرجی خستنەکاری حوکمی ئەم دەقەیە و ئیدی لاوازیی موسوڵمان لەو ئاستەدا نییە کە پێویستی بە ڕاکێشانی دڵی موشریك و دووڕووەکان بێت، کەواتە حوکمەکە بەسراوەتەوە بە بوونی بایسی ئامانجدارەوە و لە بوون و نەبوونیدا، بەڵام ئایا ئەو ئیجتیهادەی پێشەوا عومەر هەڵوەشاندنەوەی دەقە؟ ئەمە نەبووە و کەسیش ئەوەی نەوتووە، بێگومان دەقی قورئان وەك خۆی ماوەتەوە و خوێندنی لای موسوڵمانان عیبادەت بووە، تەنانەت پاش وەستاندنی ئەو حوکمە لێی وەرگیراوە، هەر وەك چۆن ئەو دەقانەی حوکمەکەیان نەسخ بۆتەوە خودی دەقەکان ماونەتەوە بۆ هەمیشە، تەنها ئەو کەسانەش لاف سڕانەوەی ئەو دەقانەیان لێ داوە کە بوونەتە قوربانیی گومانی باتینییەکان و ئیسرائیلییاتەکان لە قورئاندا، ئایا ئەم ئیجتیهادەی پێشەوا عومەر وەستاندنی هەمیشەیی ئەو دەقەیە؟ نەخێر، بەڵکو لە هەر سەردەم و شوێنێکدا فەرمانڕەوای موسوڵمان ڕای وەها بوو کە ڕاکێشانی دڵی دوژمنان پێویست بە بەخشینی بەشێك لە سامانی زەکات دەکات پێیان، ئەوە دەبێتە ئیجتیهادێکی نوێ و حوکمی ئەم دەقە دەخاتەوە کار و دەری دەخاتەوە و جێبەجێکردنیشی واجب دەبێت!

- هەڵوێستی پێشەوا عومەر لە وەستاندنی بڕینی دەستی دز لە ساڵی (ڕەمادە)دا کە گرانی و برسیەتی بڵاو بوویەوە، مەرجی کۆمەڵایەتیی گشتی نەبوو بۆ دەستبڕین و ئەو حوکمەی لە قورئاندا هەبوو جێبەجێکردنەکەی لای ئەو جێنشینە وەستا: ﴿ وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٣٨)﴾ المائدە٣٨. واتە: :دەستی دز ببڕنەوە چ پیاو بێت چ ژن، وەك سزایەکی کارەکەیان و تۆڵەیەکی خوداوەندی، خوداش باڵادەست و دانایە." عومەر پێی وا بوو هەبوونی مەرجی کۆمەڵایەتی بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ئەم دەقە، بوونی مەرجی تاکییە، کەسیش نەیوتووە ئەم ئیجتیهادەی عومەر تێپەڕاندنی دەق و ئەو سزایە بە ڕەهایی

و بۆ هەمیشەیی، چونکە پاش نەمانی برسییەتی و بوونی مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی دەستبڕین، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی دەستبڕین جێبەجێ دەکات.

ـ مەسەلەی (الصوافی)، کە بریتییە لەو زەوییەی دەوڵەتی ئیسلامی تایبەتی کردووە بە (بیت المال)ی موسوڵمانان و پێشتریش دوژمنانی فەتحی ئیسلامی خاوەنی بوون، لەو وڵاتانەدا کە بە شەڕ فەتح کرابوون و کوژراون یان ڕایان کردووە یان بەردەوامن لەسەر پەنابردن بۆ شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی، یان بەدەست دەوڵەتێکی دوژمنەوە بووە و فتووحاتی ئیسلامی لەناوی بردووە، ئەم زەوییانەـ الصوافی ـ بوونە واقیعێکی نوێ و موسوڵمانان لە سەردەمی پێشەوا عومەردا ئیجتیهادیان کرد و کردیانە موڵکی گشتیی ئوممەتی ئیسلامی وەك بەیتولمال، ئەمەش بە درێژایی سەردەمی ئەو بەردەوام بوو، بەڵام عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خودای لەسەر بێت) لە سەردەمی خۆیدا ئیجتیهادی کرد و هەندێك بەشی لەم زەوییانەی بەخشی بە چەند کەسێکی موسوڵمان و لە سەردەمی ئەودا واش مایەوە، بەڵام پێشەوا عەلی ئیجتیهادی کرد و گەڕایەوە بۆ ئیجتیهادی پێشەوا عومەر... هەموو ئەم گۆڕانەی ئیجتیهاد دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی حوکم لەگەڵ گۆڕانی مەبەستەکان ـ بەرژەوەندییەکان بەپێی دیدی هەریەك لەوان بەپێی بایسی ئامانجدار بە بوون و نەبوون.

ـ ئەو چیرۆکە بەناوبانگەی ئیجتیهادی پێشەوا عومەر لەسەر ئەو زەوییانەی لە میسر و شام و سەوادی عێراق فەتح کران، بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەو واتایەی باسمان کرد و داکۆکی لەسەر دەکەین لە پەیوەندیی نێوان دەق و ئیجتیهاددا.

سوننەتی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) بەو شێوەی لە کرداری دابەشکردنی غەنیمەکانی جەنگی خەیبەردا خۆی دەنوێنێت پاش فەتحکردنی لەساڵی(٧ك)، کە چوار لەسەر پێنجی زەوییە فەتحکراوەکەی بەخشییە جەنگاوەرانی ئەو جەنگە و کۆدەنگیی لەسەر کرا و لەو سەردەمەدا و لە سەردەمی پێشەوا

ئەبوبەکریشـدا هـەر وا مایـەوە، بـەڵام پـاش ئـەوەی خـودای گـەورە سـەرکەوتنی بەخشـییە فتوحاتـەکانی موسـوڵمانان و وڵاتـی فـارس و شـام و میسـریان کەوتـە دەست، کە زەویی زۆر و شیوی گەورە و ڕووباری گەورەی نیل و بـەرەدا و دیجلـە و فوراتی تێدا بوو، لەو کاتەدا جەنگاوەران داوایـان لـە پێشـەوا کـرد ئـەو سـوننەتەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) جێبەجێ بکات کە کۆدوەنگی لەسەر بـووە و چوار لەسەر پێنجی ئەو شوێنانە ببەخشـێتە جـەنگاوەران، بـەڵام پێشـەوا عومـەر پێی وا بوو کە ئـەو بەرژەوەندییـەی - بایسـی حوکمەکەـ دابەشـکردنەکەی فـەتحی خەیبەری بە پێویست گێڕاوە ئێستا نییە و دۆخی ئەم فتووحاتە نوێیە جیـاوازە لـە سەردەمی فەتحی خەیبەر و ئیجتیهادی نوێی پێویستە تا بەرژەوەنـدیی لـە ڕێگـەی حـوکمێکی نوێـوە هـەڵبهێنجرێت، هـەر بۆیـە دەقـاودەق کـاری بـە سـوننەتی دابەشـکردنەکەی خەیبـەر نـەکرد، چـونکە بابـەتی ئـەو سـوننەتە لقـە گـۆڕاوە دونیاییەکانە نەك نەگۆڕە ئاینییەکان یـان مامەڵـە نـەگۆڕەکان، وە عـەقڵیش ڕۆڵـی هەیە لە دیـاریکردنی عیللـەتی حوکمەکەیـدا و بابـەتێکی غـەیبی و عیبـادەتی ڕووت نییە، هەر بۆیە پێشەوا عومەر داوای کـرد لـە عەقڵمەنـدانی دەوڵـەتی ئیسـلامی، تـا ئیجتیهـاد بکـەن لەگـەڵ هـەبوونی ئـەو سـوننەتە کردەییـەی دابەشـکردنی فـەتحی خەیبەر کە تا سەردەمی پێشەوا ئەبوبەکر مابوو.

لەو کاتەدا کۆمەڵگەی ئیسلامی گفتوگۆیـەکی فـراوان و قـووڵی بـەخۆوە بـینی و زیادەڕۆییش نییە گەر بڵێین ململانێیـەکی هزریـی بـەپیت بـوو، میتـۆدی ئیسـلامی جوان دەکات و ئەزموونی ئیسـلامی لـە سیاسـەتی دەوڵـەت و کۆمەڵگـە دەوڵەمەنـد دەکات، بەتایبەتی ئەگەر فاکتـەری مێـژوو لـە کـۆنی و سروشـتی کۆمەڵگـە ڕەچـاو بکەین کە تازە موسوڵمان بووبوون.

لـەو سـەردەمەدا زۆربـەی موسـوڵمانان جـەنگاوەری سـوپای فتوحـات بـوون و زۆربەشـیان ڕایـان لەگـەڵ ئـەو دابەشـکردنەدا بـوو، وەك ئەبویوسـف (١١٣ـ١٨٢ك،

٧٣١ــ٧٩٨ن)دەڵێـت: "زۆربــەیان ڕایـان لەســەر دابەشــکردنی بــوو." هەنـدێك لــە کەسایەتییە گەورەکانی یاران هەمان ڕایان هەبوو، وەك: بلال بن ربـاح، عبـدالرحمن بـن عـوف، زبـیر بـن العـوام... لۆژیکی ئـەوانیش بـریتی بـوو لـە جێبـەجێکردنی سوننەتی نەبەوی، بە دەربڕینی زبیر بن العـوام لـە کـاتی فـەتحی میسـردا داوای لـە سەرۆکی سوپای موسوڵمانان: عەمری کوڕی عاص کرد ئـەو شـوێنەش وەك زەویـی خەیبەر دابـەش بکرێـت و وتـی: "ئـەی عـەمر، میسـر بـەو شـێوە دابـەش بکـە کـە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) خەیبەری دابەش کـرد.) بـەڵکو هەنـدێکیان بەتونـدی و مکـوڕی داوای دابەشـکردنیان لـە پێشـەوا عومـەر کـرد." ئەبویوسـف دەڵێت: "زبیر بن العوام و بلال بن رباح لە هەموویان توندتر بوون، تەنانەت پێشەوا عومەر لەتاو ئەم توندییەی بیلال لەم ململانـێ هزرییـە گەرمـەدا پـەنای بـۆ خـەڵکی دەبرد!"

بەڵام بە زیرەکی و وردبینی و عەبقەرییەتی پێشەوا عومەر، کـە زۆر جـار وەحـی خوداوەندی پشتیوانیی لە بۆچوونەکانی دەکرد لە سـەردەمی پێغەمبـەردا (دروودی خودای لەسەر بێت)... کە وەك خەلیفەیەك دادگەریی ئیسلامی بەرجەسـتە کردبـوو لە خۆیدا، لەگەڵ هەندێك یارانی وەك: عوسمان و تەلحە و عەبدوڵڵای کـوڕی عومـەر داوای ئیجتیهادی نوێی کرد بۆ حـوکمێکی نـوێ، بـەبێ ئـەوەی بـوونی سـوننەتێکی کرداریــی پشتئەســتوور بــە کــۆدەنگی لەســەر بابــەتێکی پێشــتری لــەم شــێوەیە بیترسێنێت. لەم دۆخە نوێیـەدا، بـەو کەسـانەی هـاوڕا نـەبوون لەگـەڵی و بەوانـەش لیژنەی داوەری بوون و هەردوولا کۆبوون لەسەری، وت: "ئەو ڕایەم پێ باش نییە و لەگەڵی نیم، پاش فەتحکردنی وڵاتی ژێردەستی کیسرا، ئیدی شـوێنێك نامێنێتـەوە بۆ فـەتحکردن، بـە خـودا قەسـەم ئـیتر وڵاتێکـی تـر نییـە فـەتح بکرێـت و سـوودی گەورەی بۆ موسوڵمانان هەبێت، بەڵکو بارێکی قورس دەبێت لەسـەر موسـوڵمانان، جـا ئەگـەر خـاکی عێـراق و شـام و ئەوانـەی لەسـەریدان دابـەش بکـەم، ئـەی کـێ

پارێزگاری لـە سـنوورەکانی وڵاتـی ئیسـلام بکـات؟ چـی دەمێنێتـەوە بـۆ منـاڵان و بێوەژنان لەم شارەدا (مەدینە) و خاکی شام و عێراق؟ خوای گەورە سامان و زەوی و کرێگرتـەکانیانی بـۆ کـردووین بـە غەنیمـەت، ئـەوەی غەنیمەتـە دابەشـم کـردووە بەسەر ئەو کەسانەدا خاوەنی غەنیمەکەن، واشم پێ باشە زەوییەکە و کرێگرتەکانی زەویەکە وەقف بکەم و بەپێی داهـات بـاجی لەسـەر دابنـێم (خـەراج)، جیزیەشـیان لەسەر دابنێم کە بیدەن بە موسوڵمانان لە جـەنگاوەران و منـاڵانیـان و نـەوەکانیان، ئایا نازانن کە پێویستە ئەو سنوورانە هەمیشە کۆمەڵێك پیاوی تێدا بێت؟ ئایا نازانن کە ئەو شارە گەورانەی وەك شام و جەزیرە و کوفە و بەصرە و میصریش پێویستە سوپای زۆری تێدابێت؟ خۆ ئەگەر ئەو زەوییانە و کرێگرتەی سەرزەوییەکان دابەش بکەم بەسەر جەنگاوەرانی ئێستادا، ئەی داهات بۆ ئەوانی تر لە کوێ بهێنم؟ کەواتە ئەو موسوڵمانانەی دوای ئێوە دێن بێبەشـیان بکـەم؟ چـۆن دابەشـی بکـەم بەسـەر ئێوەدا و نەوەی داهاتوو بێبەش بکەم؟"

پێشەوا عومەر بارودۆخی واقیعی نوێی خستە ڕوو، کە گرنگیـی ئـەو زەوییانەیـە وەك گەورەترین سەرچاوەی داهاتی دەوڵـەتی ئیسـلامی و پایـەداریی دەوڵەتـە، لـە سەردەمی ئەویشدا بارودۆخی مانەوە و هێـزی دەوڵـەت جیـاواز بـوو لـە سـەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و سـەردەمی پێشـەوا ئەبوبـەکر، ئـەوەش پێویستیی بە ئامادەکردنی سەرچاوەی گەورە و هەمیشـەیی هەیـە تـا ئـەو خەرجـە زۆر و بەردەوامـە دابـین بکـات بـۆ دەزگـای دەوڵـەت و دیـوانی ڕێکخـراوی سـوپا و سنوورێکی زۆر، کـە پێویسـتیی بـە بنکـەی سـەربازیی گـەورەی پارێزگـاری هەیـە، پاشان سوپا بریتی نییـە لـە هـەموو ئوممـەتی ئیسـلامی، ئیـدی چـۆن دەبـێ چـوار لەسەر پێنجی گەورەترین داهاتی ئوممەت بەرن؟ پاشان ئـەم سـامانە سـامانی ئـەم نـەوە جـەنگاوەرەی ئێسـتا نییـە، بـەڵکو سـامانی هـەموو ئوممەتـە بـە نـەوەکانی

داهاتووشەوە، خودای گەورەش مرۆڤی کردۆتە جێنشین لەسەر ئەو سامانانەی پێی بەخشیون.

ئەم ڕوونکردنەوەی پێشەوا عومەر لە بەرانبەر بۆچوونی بەرانبەرەکانیدا بوو کە هاوڕای نەبوون و دەیانگوت: ئایا ئەو زەوییانەی خودای گەورە بەهۆی شمیشێرەکانمانەوە پێی بەخشیوین تۆ پێمان نادەیت و وەقفی دەکەیت لەسەر کەسانێك لەگەڵ ئێمەدا بەشداریی جەنگیان نەکردووە و لەسەر نەوەکانیشیان کە ئەوانیش لەم جەنگانەدا ئامادە نەبوون؟

پاشان پێشەوا عومەر ئەم گفتوگۆیەی گواستەوە بۆ ئاستێکی ڕێکخراو، بۆیە هەردوو لا پەنایان بۆ لیژنەیەکی داوەری برد، (.. پێشەوا عومەر ناردی بەشوێن دە کەس لە کەسایەتیی دیار و گەورەی یارانی پشتیوان (الانصار)دا، پێنجی لە تیرەی ئەوس و پێنجی لە تیرەی خەزرەج، پاش کۆبوونەوەیان پێی وتن: "تەنها لەبەر ئەوە زەحمەتتان ئەدەم کە لەو ئەمانەتی کاروبارەدا بەشدار بن، کە بۆ ئێوەیە و هەڵگرتنی بە من سپێردراوە، منیش یەکێکم ئێوە و ئێوە ئەمڕۆ دان بە حەقدا دەنێن، ئازادن لەوەدا کێ هاوڕام بێت یان پێچەوانەی ڕای من بێت، نامەوێت شوێن ئارەزووی من بکەون، پەرتووکی خوداتان لە بەردەستدایە کە ڕاستی دەڵێت، بە خودا قەسەم هەرچیم وتبێت تەنها مەبەستم حەقبێژی بووە."

ئا لێرەدا خۆمان لەبەردەم میتۆدی ئیسلامدا دەبینینەوە بۆ ئیجتیهادکردن، پێشەوا عومەر لەخۆیدا یەکێکە لە موجتەهیدە گەورەکان، بەڵام وەك فەرمانڕەوایەك هەر یەکێکە لە موجتەهیدەکان، داوا لە لیژنەی داوەری دەکات بارودۆخ و بەڵگەی هەردوو لا هەڵسەنگێنێت لەو ناکۆکییە هزرییەدا، نەك شوێن ڕای خەلیفە بکەون، چونکە پەرتووکی خودا ڕاستیمان پێ دەڵێت و شایستەترە بۆ شوێنکەوتن!

پاش لێکوڵینەوە لە بابەتەکە، لیژنەکە ئیجتیهادی پێشـەوا عومـەریان پەسـەند کرد و پێیان وت: "ڕای تۆ ڕاستە و بۆچوونێکی زۆر پەسەندە." بۆیە ئەویش نامەی بۆ فەرماندە سەربازییەکانی نووسی و ئـەو ئیجتیهـادە نوێیـەی پـێ ڕاگەیانـدن، لـە نامەیەکدا بۆ سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص لە ڕۆژهەڵات نووسیی:

"پاش سوپاسی خودای گەورە، نامەکەتم پێ گەیشت، کە باسی ئەوەت کردووە خەڵکی داوایـان لـێ کردوویـت غەنیمـەت و فەیئـەکانیان لەنێوانـدا دابـەش بکـەیت. هەرکات ئەم نامەی منت پێ گەشت ئەوا پێویستە ئـەو چـەك و ئەسـپە و سامانەی جەنگاوەران بۆیان هێناویت بـۆ سـەربازگە بەسـەریاندا دابـەش بکـە، بـەڵام زەوی و رووبارەکـان بەدەسـتی ئـەو کەسـانەوە بهێڵـەرەوە کـە لەسـەری کـار دەکـەن، تـا موسوڵمانان داهاتی بەردەوامی لێ وەربگرن، ئەگەر ئێستا دابەشـی بکـەیت بەسـەر جەنگاوەراندا ئەوا هیچ شتێك نامێنێتەوە بۆ نەوەکانی پاش ئەوان."

لـە نامەکەشـیدا بـۆ عـەمری کـوڕی عـاص، کـە لـە میصـر بـوو، دەربـارەی دابەشکردنی زەوییەکەی نووسی: "...وازی لێ بهێنـە بـۆ نـەوەکانی داهـاتوو." وە ابوعبيد القاسم بن سلام (١٥٧ـ٢٢٢ك ـ، ٧٧٤ـ ٨٣٨ز) لەسەر ئەم دەق دەڵێت: "پـێم وایە ویستوویەتی ببێتە دەستکەوتێکی وەقفکراو لەسەر موسوڵمانان و نـەوەکانیان بە شێوەیەکی بەردەوام!"[1]

جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە گۆڕەپانی ئەم ئیجتیهـادە مەرجـەکانی خستنەکاری حوکمی دەق و ڕادەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی لەم واقعـە نوێیـەدا... ئەگەر موسوڵمانانی سەردەمی عومەر و پاش ئەویش و ئێسـتا و داهـاتوو، واقیعێـك یان چەند واقیعێك بێتە پێش و هەمان بەرژەوەندیی سوننەتی دابەشـکردنی زەویـی خەیبەری هەبوو، ئـەوا پێویسـتە هـەمان حـوکمی پـێ بـدرێت و زەوییەکـە لـەنێوان

[1] ابويوسف (كتاب الخراج)ص٢٣ـ٢٧، ٣٥، سنة١٣٥٢م، وابوعبيد القاسم بن سلام (كتاب الامـوال)ص١٣٦، دار الشروق، القاهرة ١٩٨٩م.

جەنگاوەراندا دابەش بکرێت، ئەم حوکمانەش بایسدارن (عیللەتیان هەیە) و پەیوەندییان بە گۆڕاوە دونیاییەکانەوە هەیە و لە بوون و نەبوونیدا بەستراوەتەوە بە بایسەکانییەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیش هەیە لەنێوان دەقەکانی و ئیجتیهادیدا[1].

ـ هاوسەرگیریی پیاوی موسوڵمان لەگەڵ ئافرەتی خاوەن پەرتووکە ئاسمانییەکان، ڕوخصەتێکە خوای گەورە پێی بەخشیوین و لە قورئاندا دەفەرمێت: ﴿ الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ وَمَن يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٥)﴾ المائدة ٥. واتە: "لەمڕۆوە ئیتر خواردەمەنیی پاك و باش حەڵاڵە بۆتان، هەروەها خواردنی ئەوانەش کە خاوەن پەرتووکی ئاسمانین حەڵاڵە بۆتان، خواردنی ئێوەش حەڵاڵە بۆیان، مارەکردنی ئەو ئافرەتە پاکداوێنانەی موسوڵمانن یان خاوەن پەرتووکی ئاسمانین دروستە بۆتان، ئەگەر مارەییەکانیان پێ بدەن و ئێوەش داوێنپاك بن و داوێنپیس نەبن و دوورەپەرێز بن لە عەشقبازی و دۆستایەتیی نهێنی، ئەو کەسەش بێباوەڕ بێت ئەوا کردەوەباشەکانی بەتاڵ دەبێتەوە و لە دواڕۆژیشدا زیانمەند دەبێت."

بەڵام لە سەردەمی پێشەوا عومەردا، پاش فتوحاتی ئیسلامی واقیعێکی نوێ هاتە ئاراوە، تایبەتمەندیی ئەو ئافرەتانەی خاوەن پەرتووکی ئاسمانی بوون پتر بوو

[1] هەندێك پێیان وایە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) وەك واجبێك ئەو زەوییانەی دابەش نەکردووە و ڕەواش بووە دابەشی نەکات، چونکە شاری مەککەش بەزۆر فەتح کراوە و دابەشیش نەکراوە بەسەر جەنگاوەراندا، بەڵام ئەم ڕایە جیاوازیی نێوان مەککە و خەیبەر ناکات، چونکە مەککە حەرەمی خودایە و نابێتە موڵکی کەس، بەڵکو بەکرێدانیماڵەکانیشی حەرامە، چونکە دروست نییە وەك حەرەم بکرێت بە موڵکی هەموو ئوممەتی ئیسلام.

له تایبەتمەندیی ئافرەتانی کۆچەری نیوەدوورگەی عەرەبی، کە زۆربەیان زبر و توند بوون، ئیدی مەترسیی زاڵبوونی ئەو ئافرەتانە لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی دەرکەوت، کە هێزی سەرەکی و نووکەرمی دەوڵەتی ئیسلامی و هێزی پارێزەری بانگەوازی ئیسلامی بوو، لێرەوە ئیجتیهادی پێشەوا عومەر هاتە ئارا و خۆزگە و حەزی ئەوە بوو موسوڵمانان ژنانی خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان مارە نەکەن (گەرچی حەڵاڵیشە)، (چونکە ترسی ئەوە هەیە موسوڵمانان واز لە مارەکردنی ژنە موسوڵمانەکان بهێنن، ترسی ئەوەش هەیە لە ڕێگەی کاریگەرییان لەسەر عەقیدەی منداڵەکان کاریگەریی لەسەر والییەکان و بەرپرسانی دەوڵەتی ئیسلامی دابنێن.

بەڵێ، پێشەوا عومەر هەوڵی وەستاندنی ئەو کارەی دا، الطبري لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە کە: عومەری کوڕی خەتتاب پاش ئەوەی حوزەیفەی یەمانیی کردە والی مەدائین، ژمارەی ژنانی موسوڵمان زۆر بوو، پەیامێکی بۆ نارد کە تێیدا هاتبوو: (هەواڵم پێ گەشتووە کە ژنێکی خاوەن پەیامی ئاسمانیت مارە کردووە، تەڵاقی بدە! حوزەیفەی یەمانییش بۆی نووسی: تەڵاقی نادەم تا پێم نەڵێیت: مارەکردنی ئەو ئافرەتانە حەرامە یان حەڵاڵە؟ پێشەوا عومەر لە وەڵامدا بۆی نووسی: نەخێر، حەڵاڵە، بەڵام ژنانی عەجەم زۆر سەرنجڕاکێشن، بۆیە ئەگەر ڕوویان تێ بکەن واز لە ژنانی خۆتان دەهێنن! حوزەیفە لە وەڵامدا وتی: ئێستا قبووڵمە، ئیتر ئەو خێزانەی تەڵاق دا کە لە خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان هێنابووی.[1]

پێشەوا عومەر لە ئیجتیهادەکەیدا پێی وەا بوو کە ئەو ژنهێنانە مەکرووهە و نەکرێت باشترە، گەرچی لە قورئاندا لە زنجیرەی ئەو شتانەدا ناوی بردووە کە باش و چاکن(الطیبات)، بۆیە لای باش نەبووە، چونکە بایس و بەرژەوەندییەکی نوێ

---

[1] (فتاوى واقضية عمر بن الخطاب)ص١٢٧– ١٢٨، جمع تحقيق محمد عبدلبعزيزالهلاوي، القاهرة، ١٩٨٥م، و(تاريخ الطبري)ج٣ص٥٧٨ـ حوادث سنة١٤هـ.

هاتۆته ئـارا و مەترسـییەك سـەری هەڵداوە، كـە لـە كـاتی هاتنـەخوارەوەی دەقـە قورئانییەكـەدا نـەبووە، وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ كـرد، ئـەم ئیجتیهـادە دەق تێناپەڕێنێت بەو واتایەی بۆ هەمیشە حوكمەكەی هەڵوەشێنێتەوە، بـەڵكو دەقەكـە دەمێنێتەوە لە قورئاندا و حوكمەكەشی وەك هێزی پێش كردار و ماتەوزە وەهایە و هـەركات بـایس و بەرژەوەندییەكـەی گەڕایـەوە و زیانـەكانی نـەما كـە بوونـە هـۆی ئیجتیهادەكەی پێشەوا عومەر، ئەوا كارپێكردنەكەی دەگەڕێتەوە[١].

ـ سوننەتی نەبەوی لە بەكارهێنانی (تەلاقی سـێ بـە سـێ بـە یـەك دەربـڕین)دا ئەوە بووە كە حسابی یەك تەلاقی بۆ بكرێت، ئەمەش كۆدەنگیی لەسـەر بـووە لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) و سـەردەمی جێنشـینیی پێشەوا ئەبوبەكر و دوو ساڵی جێنشینی پێشەوا عومەردا، بەڵام كـە بینیـی خـەڵكی بە یەك دەربڕین تـەلاقی سـێ بـە سـێ بـەكار دەهێـنن، ویسـتی لـەو كـارە دووریـان بخاتەوە و حوكمی تەلاقەكە توند بكاتەوە و هەر سێ تەلاقەكەی پێ خست، لەسەر ئەو ئیجتیهادەی دەفەرمێت: (خەڵكی پەلەیان كرد لە شتێكدا كە بواریان زۆر بوو بۆ درەنگبەكارهێنانی، دەبا ئێمەش حوكم بە كـەوتنی هـەر سـێ تەلاقەكـەیان بكـەین، ئیتر ئەو دەربڕینە حوكمەكەی بوویە سێ تەلاق.[٢]

ئەوەش كە پتر داكۆكی لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئیجتیهادەكەی پێشەوا عومەر بەستراوەتەوە بە بایس و بەرژەوەندییەوە لە خسـتنەوە كـاری دەق و وەسـتاندنی،

---

[١] تەنانـەت ئەگـەر هـاوڕای ئـەو بۆچـوونەی هەنـدێك كـەس بـین كـە دەڵێـت: كارەكـەی پێشـەوا عومـەر (بەمەكروهدانانی موباح) نییە و (سنووردارکردنی موباح)ە ـ ئەمەش مافی خۆیـەتی وەك فەرمانڕەوایـەك ـ ئەوا بێگومان ئەم كارەش هەر ئیجتیهادێكی نوێیە لە كـاتی هـەبوونی مەرجـەكانی خسـتنەكاری ئـەو حوكمـەی لـە دەقەكـە وەرگـیراوە، كـە ڕوخصـەت دەدات و بـە ڕەوای دەزانێـت ژنـی خـاوەن پـەیامی ئاسمانی مارە بكەیت.

[٢] فتاوى واقضية عمر بن الخطاب، ص١٤٢ـ١٤٣.

ئەو ئیجتیهادەی ئیبن تەیمییە (٦٦١ـ٧٢٨ك، ١٢٦٣ـ١٣٢٨ز)یە، کە ئیجتیهادی ئەوەی کرد کە بایس و بەرژەوەندیی ئیجتیهادەکەی پێشەوا عومەر نەماوە، کە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و زۆریی ئاماری جیابوونەوەی ژن و مێرد بوو، بۆیە بەکارهێنانی هەر سێ تەڵاق لە ڕستەیەکدا بە یەك تەڵاق دابنێتەوە، کەواتە ئیجتیهادەکەی ئیبن تەیمییەش ئیدارەکردنی حوکمە لەگەڵ بایسەکەیدا لە بوون و نەبوونیاندا، نەك بەهەڵەزانینی ئیجتیهادەکەی پێشەوا عومەر وەك هەندێك گومانی بۆ دەبەن.

ـ قورئان، خواردنەوەی (مەی)ی حەرام کردووە و لە سوننەتیشدا سزاکەی بە چل جەڵد دانراوە، لە فەرموودەدا هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە پیاوێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەویش بە دوو چڵەخورما نزیکەی [1] چل جار لێی دان، ئەبوبەکریش هەر وای کرد.)

لێرەدا لەبەردەم سوننەتێکی کرداریی پێغەمبەرداین (دروودی خودای لەسەر بێت)، کۆدەنگیی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و سەردەمی پێشەوا ئەبوبەکری لەسەرە، بەڵام پێشەوا عومەر لە سەردەمی جێنشینی خۆیدا هەستی بەوە کرد بەرژەوەندیی وا پێویست دەکات کە ژمارەکە بەرز بکرێتەوە، بۆیە ڕاوێژکارانی موجتەهیدی کۆ کردەوە ـ سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی سوننەت و کۆدەنگیی پێشتر ـ هەر وەك ئەنەسی کوڕی مالیك دەیگێڕێتەوە لەو فەرموودەیەدا کە بەشێکمان هێناوە، دەڵێت: "لە سەردەمی عومەردا ڕاوێژیی لەگەڵ خەڵکی کرد، عبدالرحمن بن عوف وتی: ژمارەکەی بەرز بکەرەوە بۆ سووکترینی حەددەکان، کە هەشتا دانەیە، عومەریش فەرمانی بەم حوکمە نوێیە کرد."[2]

[1] وشەی نحو لەو فەرموودەیەدا کە دەفەرمێت (نحو اربعين جلدة) کە بە وشەی (نزیکەی) وەرمگێڕاوە سنووردانان ناگەیەنێت، بەڵکو وەکو وشەکانی: (وەك) و (ئەندازەی)دێت.

[2] رواه الترمذي.

پێشەوا مالکی کوڕی ئەنەس هەمان ئەم واتایە بە دەربڕینێکی تر و بە ڕووداوی ترەوە دەیگێڕێتەوە،

دەڵێت: "ثور بن اسلم الديلمي دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب ڕاوێژی کرد دەربارەی حوکمی ئەو کەسەی مەی دەخواتەوە، پێشەوا عەلیی کوڕی ئەبوتالیب فەرمووی: پێمان وایە هەشتا جەڵدی لێ بدرێت، چونکە هەرکات (مەی)ی خواردەوە سەرخۆش دەبێت، کە سەرخۆش بوو قسەی بێئاگایانە دەکات، کە قسەی بێئاگایانەشی کرد بوختان دەکات، ئیدی پێشەوا عومەر بڕیاری دا ژمارەکە بەرز بکاتەوە بۆ هەشتا."

ئەمەش بە هەمان پێوەری پێشوو کە باسمان کرد، هەرکات بایس و بەرژەوەندیی وای خواست کە بگەڕێنەوە بۆ حوکمی چل جار، ئەوا ئیجتهیادەکە دەگەڕێتەوە سەر حوکمی یەکەم، هەرکاتیش بەژەوەندی و بایسەکە گۆڕا، ئیجتیهاد دەکرێت بۆ حوکمی هەشتا جارەکە. خستنەکار و وەستاندنەکەی لەسەر ئەم جۆرە خوێندنەوەیە.

- بەپێی قورئان و سوننەت و کۆدەنگیی زانایان، جیزیە حوکمێکی شەرعییە و لەسەر ئەو خاوەن پەرتووکانە[1] دانراوە کە توانای چەکهەڵگرتنیان هەیە، لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ئیسلامی پێی وا بوو نابێ سەربازی بکەن، وەك بابەتێکی ئاسایشی و بەرژەوەندی، یان خۆیان نەیانویست، دیارە لە سەردەمی پێشەوا عومەردا بە فراوانترین شێوە جێبەجێ کرا، بەهۆی زۆریی خاوەنپەیامە ئاسمانییەکانەوە پاش فتوحاتە گەورەکان، بۆیە ئیجتیهادی کرد بۆ دیاریکردنی ئەندازەکەی، کە بەپێی توانای دارایی خاوەنپەیامەکە لەنێوان (١٢، ٢٤، ٤٨) درهەمدا بوو بۆ ساڵێك و پاش هەبوونی مەرجەکان تێیدا.

[1] پێشەوایان (مالك بن أنس) و (سفيان الثوري) ڕایان وەهایە لە هەموو بێباوەڕێك وەردەگیرێت، خاوەن پەیامی ئاسمانی بێت یان نا، بەڵام لە وەرگەڕاو (مورتەد) وەرناگیرێت (وەرگێڕ).

کاتێکیش ویستی جیزیە لە تیرەی (بنی تغلب) بسێنێت، کە مەسیحیی عەرەب بوون و لایەنگیری دەوڵەتی ئیسلامییش بوون، بەڵام بەو پێیەی عەربی ئەو کاتە جیزیەیان لەلا ناخۆش بوو، داوایان لە پێشەوا عومەر کرد بۆ مانەوەی دڵنیایی لایەنگیرییان لە دەوڵەتی ئیسلامی، جیزیەیان لەسەر لا ببات، لێرەدا پێشەوا عومەر بەپێی بەرژەوەندیی دوورخستنەوەیان لە لایەنگیریی دوژمنان ئیجتیهادی کرد و جیزیەی لەسەر لا بردن و لەبری ئەوەش باجێکی ئاسایی لەسەر دانان!

دیارە دەقەکانی جیزیە مایەوە و حوکمی جیزیەش لا نەبرا، کە فاکتەرێکە بۆ بەدیهێنانی بایس و حیکمەت و بەرژەوەندییەکەی، وەستاندنیشی بەهۆی ئەنجامی خراپی خستنەکاریەوە بوو!

ـ سوننەتی گوفتاری و کرداریی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) لەسەر ئەوە بوو نرخ لەسەر کاڵاکانی بازاڕ دانەنرێت، تەنانەت لە کاتی گرانبوونیشیاندا. (ئەنەسی کوڕی مالیك دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێت) شت گران بوو، خەڵکیش داوایان لێ کرد نرخ لەسەر شتەکان دیاری بکات، بەڵام فەرمووی: خودا خۆی بەدیهێنەرە و هەر خۆشی بەپێی بەرژەوەندیی ڕۆزی دەگرێتەوە یان دەیبەخشێت و ڕۆزیبەخشە و نرخدانەریش هەر خۆیەتی، ئومێدەواریشم کاتێك بەدیداری خودا دەگەم قەرزاری ستەمکردن لە سامان و خوێنی هیچ کەسێك نەبم."[1]

لەم کاروبارە دونیایی و گۆڕاوانەیدا پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) ئیجتیهادی کرد و نرخی دیاری نەکرد، بەڵام لە سەردەمی پێشەوا عومەردا بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو کاتە لەوەدا بوو نرخ دیاری بکرێت، بۆیە (نرخی دیاری کرد، بە فرۆشگەی (حاطب بن ابي بلتعة)ی وت: چۆن مێوژ دەفرۆشیت؟

---

[1] رواه الترمذي وابوداود والدارمي وابن ماجة والإمام أحمد.

حاطب وتی: دوو (مودد[1])ی بە درهەمێك.

پێشەوا عومەر فەرمووی: لە بەردەرگا و حەوشە و لە بازارەکانماندا شت دەفرۆشن و دەشتانەوێت بە ئارەزووی خۆتان نرخی فرۆشتن دابنێن؟ (صاعێك[2]) بە درهەمێك بفرۆشە، گەر واش نەکەیت ئەبێت لەم بازاڕەدا بچیتە دەرەوە.)[3]

لێرەدا سەرەڕای گوفتار و کرداری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، پێشەوا عومەر هەمان حوکمی نەخستە کار، ئیتر یان لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئەو حوکمەی زانیوە و لە گێڕانەوەکەدا باس نەکراوە، یان بەرژەوەندییەکی جیاواز هاتۆتە ئاراوە کە لە سەردەمی پێشوودا نەبووە.

ــ پێشەوا ئەبوبەکر لە بەخشینەکانیدا یەکسانیی ڕەچاو دەکرد، وەك ڕەچاوکردنی دادوەری و داهاتی کەمی بەیتولمالی ئەو کاتە، بەڵام کە داهاتی بەیتولمال بەهۆی فتوحاتی فراوانەوە لە سەردەمی پێشەوا عومەردا زۆر بوو، ئەو کەسانەی پێش خست کە زووتر موسوڵمان بووبوون و لەناو ئەوانیشدا خزمانی نزیکی پێغەمبەر کە بە (اهل البیت) ناسرابوون، کاتێکیش پێیان وت: ئەمە پێچەوانەی کۆدەنگیی سەردەمی ئەبوبەکرە، فەرمووی: دیدگەی ئەبوبەکر و دیگەی من جیاوازە دەبارەی دابەشکردنی ئەم سامانە، ئەوەی هاوسەنگەری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بووە، یەکسانی ناکەم لە بەخشیندا لەگەڵ کەسێك ماوەیەك دژی پێغەمبەر جەنگیوە.

---

[1] لای هەندێك دەکاتە(٥٤٤گرام)، هەندێکیش بە(٦٥٠گرام)ی داناوە. بە پێوانەش پتر لە ٦٠٠ مللتر تا ٦٢٨ مللتر، دیارە بە پێی قورسایی کێشراوەکە دەگۆڕێت، لەرووی زمانەوانییەوە بریتییە لە پڕی مشتی هەردوو دەستی کەسێکی مامناوەند. لە خەمڵاندنیدا کەمێك راجیایی هەیە. (وەرگێڕ)

[2] خەمڵاندنی ئەمیش دەگۆڕێت بەپێی مودد، چونکە بریتییە لە چوار مودد. هەندێك بە دوو لیتر و نیو یان بە پتر لە دوو کیلۆ تا دەگاتە نزیکەی دوو کیلۆ و شەشسەد گرام خەمڵاندوویانە.(وەرگێڕ).

[3] من فتاوي واقضية عمر بن الخطاب، ص٢٤٥.( مودد و صاعیش دوو پێوانەی ئەو سەردەمە بوون ).

پـاش چـەند سـاڵێك ئـەو شـێوازە لـە بەخشـین بوویـە هـۆی دروسـتکردنی جیاوازییەکی چاوەڕواننەکراو لەنێوان خەڵکدا و ترسی ئەنجامی خراپی کۆمەڵایەتیی لێ دەکرا، بڕیاری دا بگەڕێتـەوە بـۆ ئیجتیهـادی پێشـەوا ئەبوبـەکر لـە یەکسـانیی بەخشیندا، بۆیە پاش زۆربوونی سامان وتوویەتی: "ئەگەر تا سـاڵێکی تـر ئەمشـەو بمێنم، لە بەخشیندا خەڵکی وەك یەك یەکسان دەکەم." بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی پێشـەوا عومـەرەوە جێبـەجێ نـەکرا، تـا سـەردەمی پێشـەوا عـەلی لـە سـەردەمی خەلافەتیدا[1].

لـەژێر تیشـکی ئـەم حەقیقەتـەی میتـۆدی ئیسـلامیدا دەربـارەی پەیوەنـدیی گونجانی نێوان دەق و ئیجتیهاددا، فەرموودەناسەکان و زانایانی بنـەماکانی فیقهـی ئیسلامی جیاوازییان کردووە لەنێوان سوننەتی عادەت ـ کە واجب نییە پابەند بیـت پێوەی ـ لەگەڵ سوننەتی عیبادەت کە ئەگەر پەیوەنـدیی بـەو بابەتـە غەیبییانـەوە هەبێت کە عەقڵ سەربەخۆ پەی پێ نابات، وە لەگـەڵ عیبادەتەکانـدا کـە ئیجتیهـاد دروست نییە لە گۆڕینی حوکمەکانیدا. بـە هـەمان شـێوەش ئەگـەر پەیوەنـدیی بـە نەگۆڕە دنیاییەکانەوە بوو، چونکە سـووڕان و گـۆڕانی بایسـەکانی نییـە. جیـاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو سوننەتەدا کە پەیوەندیی بە لقە گۆڕاوە دونیاییەکانەوە هەیە، کـە ئیجتیهادێکی پێغەمبەرانەیە. ئەمانە حوکمەکانی بەپێی بایسـەکان (عیللەتـەکان)ی دەگۆڕێت، بەو شێوەی پێشتر باسمان کرد.

ئەوەی سەیری پەرتووکەکەی پێشـەوا قـەرافی بکـات (احمـد بـن ادریـس ـ ٦٨٤، ١٢٨٥ز)کە ناوی (الأحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والأمـام) دەبینێت کە سوننەتی دابەش کردووە بۆ:

---

[1] ابن سـعد(كتاب الطبقـات الكـبرى)ج٣، ق١، ص٢١٣، وابـو يوسـف(كتاب الخـراج)ص٤٦،٤٣، وابـن ابـي الحديد(شرح نهج البلاغة)ج٧ص٣٧، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، القاهرة، ١٩٥٩م.

أ- سوننەتی تەشریعی (واتە لە شەرعەوە)، ئەمەش پەیوەندیی بە غـەیب و هـەر شـتێکەوە هەیـە کـە عـەقڵ پـەی پـێ نابـات. وە نـەگۆڕە دونیاییـەکان، ئەمـەش حوکمەکەی هەمیشەییە، دروست نییە ئیجتیهادی تێدا بکرێت بۆ گـۆڕینی. ئەمـەش ئـەو کردارانـە دەگرێتـەوە کـە پەیوەنـدیی بـە گەیانـدنی خـوداوە هەیـە وەك پێغەمبەرێك، هەروەها ئەو فەتوایانە دەگرێتـەوە کـە ڕوونکردنـەوەی پەیامەکـەی و وەحین، واتە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە خودا لە سوننەتدا داینـاوە لـە چوارچـێوەی ئیجتیهادی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) لە لقی گۆڕاوە دونیاییەکاندا.

ب ــ سـوننەتێکی ناتەشـریعی (بـۆ شـەرعدانان نییـە): پەیوەنـدیی بـەو ئیجتیهادانەی پێغەمبەرەوە هەیە (دروودی خودای لەسەر بێت) کە لـە لقـی گـۆڕاوە دونیاییەکانـدا دەیکـات، چ سیاسـی بێـت چ جـەنگی و چ دارایـی و هـەموو ئـەوەش پەیوەندیی بە پێشەوایەتییەکەیەوە هەیە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، یان پەیوەندیی بەو داوەرایەتییەوە هەیە کە بۆ ناکۆکییەکان کردوویەتی، کە ئەو ئیجتیهادانـەن لەسـەر بەڵگەی لایەنە ناکۆکەکان وەستاوە، وەحی نییە تا مەعصوم بێـت، بۆیـە دەکرێـت ئیجتیهادی تێدا بکرێت بۆ بەدەسهێنانی حوکمی نوێ.

کەواتە ئوممەتی ئیسـلامی بەشـی یەکـەمی سـوننەت (سـوننەتی تەشـریعی) لـە شەریعەتەوە وەردەگرێت بەبێ نێوەندگیر، وەك پەیامی ئیسـلامیش پابەنـد دەبێـت پێوەی، بەبێ ڕوو لە سەرچاوە و دەسەڵاتێکی تر بکەین بۆ ئیجتیهادی نوێ.

بەڵام بەشی دووەم (سوننەتی ناتەشـریعی): بریتییـە لـە ئیجتیهـادکردن لـە لقـە گۆڕاوە دونیاییەکاندا، یان داوەریکردن بە ئیجتیهاد نەك بە وەحی لە ناکۆکییەکاندا، ئەوەتا ئەوەی پەیوەندیی بە پێشەوایەتییەوە هەیە - سیاسەتی دەوڵـەت لـە بـوارە جیاوازەکانیدا- فەرز ناکرێت تا ئەو کاتەی دەخرێتە پێشچاوی پێشەوای ئەو کاتـە و مۆڵـەتی پـێ دەدات، بـەهۆی گونجـانی لەگـەڵ بارودۆخەکـەدا و بـەدیهێنانی ئـەو بەرژەوەندییانەی دەقەکانی سەردەمی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) و

دەوڵەتەکەی خواستوویانە، داوەرییەکەشی هەر وەهایە بۆ داوەریکردن بە ئیجتیهادکردن بەپێی بەڵگەی لایەنە ناکۆکەکان، بۆیە شوێنکەوتن و پابەندبوون بە حوکمەکانیەوە لەسەر مۆڵەتی دەزگای دادوەری هاوچەرخ وەستاوە، کە دەتوانێت ڕێگەی پێ بدات ئەگەر گونجاو بوو لەگەڵ بەڵگەی لایەنە ناکۆکەکان لە بەڵگە و سوێندخواردن، ئەمەش بۆ ئیجتیهادکردن لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو دادگەرییەی ئامانجی پێغەمبەریش بوو (دروودی خودای لەسەر بێت)، کەواتە سوننەتی ناتەشریعی ئیجتیهادکردنە نەك ڕاگەیاندنی پەیام، یان فەتوای نێو پەیام، سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە ڕێگاپێدانی لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەستاوە، جا ئەگەر بەدی هێنا، ئەوا وەك خۆی ڕێی پێ دەدرێت، گەر مەرجی جێبەجێکردنی حوکمەکانیشی نەبوو، ئەوا ئیجتیهادی نوێ واجب دەبێت و لەم مەقامەدا زامنی بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەتە.

بەهۆی گرنگیی ئەم دابەشکردنەی سوننەتی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) و بۆ ڕازیکردنی هەندێك کەس لەبارەی سوننەت و ئامانجەکانیەوە، هەوڵ دەدەین ئەو دەقە بهێنین کە پێشەوا قەرافی لەو پەرتووکەدا دایڕشتووە کە پێشتر باسمان کرد، کە تەرخانی کردووە بۆ زانستی (الفقه و الأصول و تأريخ التشريع[1]) و لە پرسیاری ٢٥دا دەڵێت:

[1] شێخ عبدالفتاح ئەبو غوددە تەحقیقی کردووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، بڕوانە٣، ١١، حلب ١٩٦٧م. (ئەوەی شایانی باسە کە ئەم هزرەی قەرافی زۆرێك لە زاناکانی فیقه و بنەماکانی فیقهی ئیسلامی باسیان کردووە و تایبەت نییە بە مەزهەبی مالیکییەوە کە قەرافی یەکێکە لەوان، بەڵکو (قاضي علاء الدين الطرابلسي) (٨٤٤ك ، ١٤٤٠ز) دەقێکی زۆر نزیك لە هەمان دەقی قەرافی هێناوە لە پەرتووکی (معين الحكام فيما يتردد بين الخصمين من الأحكام)، وەك لە باسی هەمان هزردا لای (ولی الله الدهلوی) هەیە کە فەقیه و موجتەهیدێکی حەنەفی بووە زانایەکی فەرموودەش بووە.

"جیاوازی چییە لەنێوان مامەڵەکردنەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە فەتوا و ڕاگەیاندنی ئیسلام و داوەریی دادگایی و مامەڵەی لە پێشەوایەتیدا؟ ئایا شوێنەواری مامەڵەی جیاواز لەسەر شەریعەت و حوکمەکان چییە؟ یان هەموویان وەك یەك وەهان؟ ئایا لەنێوان پەیامی ئیسلام و ئەم سێ بابەتەدا جیاوازی هەیە؟ یان پەیامی ئیسلام هەمان ئەو فتوایانەیە؟"

پاشان لە وەڵامدا دەڵێت: "فەتوای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بریتییە لە گەیاندنی فەرمانی خودا بە خەڵکی، بەپێی ئەو حوکمەی خودا کە لە بەڵگەکانەوە وەری دەگرێت.

ڕاگەیاندنی پەیامی ئیسلام بەشێکە لە پەیامی ئیسلام، پەیامیش بریتییە لە فەرمانی خودا بەو ڕاگەیاندنە، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) لە مەقامێکدایە کە پەیامەکەی خودا دەگەیەنێت و فەرموودەناسان و هەڵگرانی قورئانی پیرۆز ئەو مەقامەیان بۆ ماوەتەوە و ئەوانیش بە خەڵکی دەگەیەنن و فێریان دەکەن، کەواتە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فتوای ئەو بابەتەی پرسیاری لەسەر کراوە گواستۆتەوە بۆ پاش خۆی.

هەر وەك چۆن جیاوازیی نێوان موفتی و ڕیوایەتکار دەرکەوت، هەر واش جیاوازی هەیە لەنێوان ڕاگەیاندنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بۆ ئایینی خودای خۆی و فەتوادانی لە ئاییندا. جیاوازییش هەمان جیاوازییە، کەواتە مەرج نییە فەتوا ڕیوایەتکاری لەگەڵ بێت یان ڕیوایەت فەتوای لەگەڵ بێت وەك ڕیوات و فەتوا.

کارکردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) حوکمێك دەخاتە قاڵبی کردارەوە[1]، ئەوە جیاوازە لە پەیامەکە و فەتواکە، چونکە پەیام و فەتوا تەنها

[1] لێرەدا مەبەست لە حوکم دادوەرییە.

ڕاگەیاندنێکی ڕووت و شوێنکەوتنێکی ڕووتن، بەڵام دروستکردنی حوکم فەرزکردنێکە لەلایەن پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) بەپێی بواردانی هۆکار و بەڵگە، ئەوەتا ئوم سەلەمە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە: دوو پیاوی ئەنصاری هاتنە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بۆ کێشەی زەوییەکی میراتی لەنێوانیاندا، کە سنوورەکەی سڕابوویەوە و کەسیشیان بەڵگەی لا نەبوو جگە لەوەی کە هەردووکیان خۆیان بە خاوەنی دەزانی، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر درودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی پێیان: "ئێوە کە ناکۆکییەکتان دەبێت و دێنە لای من بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانتان و منیش وەحیم لەسەر ئەو کێشەیە بۆ نەهاتبێت، ئیتر بە بۆچوونی خۆم داوەری دەکەم لەنێوانتاندا، ڕەنگە هەندێکتان قسە و زمانی پاراوتر بێت بۆ بەڵگەهێنانەوە و وا لە من دەکات بە ڕاستگۆی بزانم و بە سوودی ئەو حوکم دەکەم، بەڵام بزانن کە ئەو کەسەی بە ستەمکارانە شتێك وەربگرێت لە براکەی بەم شێوەیە، ئەوا لە قیامەتدا پارچە ئاگرێکی پێ دەبەخشم کە تا حەوت چینی ئەو زەوییە دەکرێتە ملی بە مقاشێکی ئاسنینەوە، ئیتر ئارەزووی خۆیەتی وەری بگرێت یان وەری نەگرێت."[1] ئەمەش واتای ئەوەیە کە داوەریکردن بەپێی بەهێزیی بەڵگە و دەبڕینەکانە.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لێرەدا دامەزرێنەر و بونیاتنەرە و لە فەتوا و پەیامدا شوێنکەوتە و ڕاگەیەنەرە، لە حوکمیشدا هەر شوێنکەوتەی فەرمانی خودایە کە داوای لێ کردووە بەپێی بەڵگەسازی و هۆکارەکان حوکم دابڕێژێت، نەك حوکمەکە لە خوداوە ڕابگەیەنێت، چونکە ڕێی پێ دراوە خۆی حوکمەکە دەربکات نەك بیگەیەنێت پێمان لە خوداوە.

---

[1] رواه البخاري و مسلم و ابوداود و النسائي و الترمذي و ابن ماجة و مالك و الإمام أحمد و الطحاوي في (مشكل الاثار). لێرەدا کۆی گێڕانەوەکەمان هێناوە بەوەشەوە کە تەنها لە هەندێك گێڕانەوەدا هاتووە، بڕوانە: الشيخ عبدالفتاح ابوغدة على (الاحكام للقرافي) هامش١، ص٧٨-٨٩.

هەڵسوکەوتی پێشەوایەتییەکەشی سیفەتێکی بەدەرە لە پێغەمبەرایەتی و پەیام و فەتوا و دادوەرییەکەی، چونکە پێشەوا کاروباری سیاسیی گشتیی خەڵکی پێ سپێردراوە، هەروەها ڕێکخستنی سەرچاوەکانی بەرژەوەندی و لابردنی خراپە و سەرکوتکردنی تاوانکاران و کوشتنی سەرکەشەکان و هاوکاریکردنی نیشتەجێکردنی خەڵکی و هەر شتێکی تری لەم بابەتانە.

ئەمەش بەشێك نییە لە فەتوا و حوکم و پەیام و پێغەمیەرایەتی، چونکە فەتوا بریتییە لەوەی بەپێی بەڵگەکان حوکمی خودا بۆ خەڵك باس بکەیت، حوکمی (دادوەری)یش بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان خەڵکیدا ڕوو دەدات، ئەمەش سیاسەتی گشتی ناگرێتەوە، کەواتە دەسەڵاتی گشتی کە بریتییە لە حەقیقەتی پێشەوایەتی جیاوازە لە حوکم (دادوەری) لەو لایەنەوە کە حوکمە.

بەڵام پەیام تەنها بریتییە لە ڕاگەیاندنی پەیامی خودا، دیارە ئەمەش واتای ئەوە نییە کە خودا سیاسەتی گشتیی پێ سپاردبێت، ئەوەتا گەلێك پێغەمبەر هەبوون تەنها داوای ئەوەیان لێ کراوە ئایینی خودا ڕابگەیەنن و بەڵگەی ڕاست و ڕەوان بە خەڵکی بگەیەنن، بەبێ ئەوەی بە کاروباری بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکەوە خەریك بن، بەڵام شوێنەوارەکانی ئەم ڕاستییانە لە شەریعەتدا جیاوازن:

هەر کارێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە ڕێگەی پێشەوایەتییەوە کردبێتی وەك دابەشکردنی غەنیمەت و سەرفکردنی سامانی (بيت المال) بۆ بەرژەوەندیی موسوڵمانان و جێبەجێکردنی سزاکان و ڕێکخستنی سوپاکان و جەنگ لەگەڵ یاخیبووان و دابەشکردنی زەوی و کانزاکان لە گوندەکاندا و شتی بەو بابەتانە: ئەوا هیچکەس بۆی نییە بەو کارە هەستێت، مەگەر بە مۆڵەتی پێشەوای موسوڵمانانی ئەو کاتە، چونکە پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) تەنها بەهۆی پێشەوایەتییەکەیەوە بووە کە ئەنجامی داون، ئەوەش شەریعەتێکی بڕیارلەسەردراو بووە، وەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ

اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (١٥٨)﴾ الأعراف:١٥٨. واتە: "شوێنی بکەون تا ڕێگەی هیدایەت بگرن."

ئەو کارەشی وەك حوکمێك کردبێتی، بۆ نموونە: خاوەنداریێتی بەپێی هاوبەشیی (الشُفعة)، هەڵوەشاندنەوەی نیکاح و گرێبەستەکان، تەلاقدان بەهۆی بێدەسەلاتیی نەفەقەوە یان سوێندخواردنی مێرد بە سەرجێیینەکردن لەگەڵ ژنەکەی بۆ پتر لە چوار مانگ (ایلا ء ـ ئیلا ء) و حوکمکردن بە گەڕانەوەی ژن بۆ لای پیاو، هەر نموونەیەکی تری لەم چەشنانە، ئەوا لەم سەردەمەدا کەس بۆی نییە کاری وەها بکات بەبێ فەرمانی دادوەر (قازی)[١]، ئەوەش وەك شوێنپێهەڵگرتنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، چونکە ئەویش تەنها لە ڕێگەی داوەرییەوە (حوکم) بڕیاری لەسەر ئەو بابەتانە داوە و ئوممەتەکەشی پێویستە هەروەها بن.

لە فەتوا و پەیام و ڕاگەیاندنیشدا کردار و گوفتاری دەبێتە شەرع پێویستە هەموو مرۆڤەکان تا ڕۆژی دوایی پەیڕەوی بکەن لە حوکمەکانی بەبێ ڕەچاوکردنی حوکمی دادوەر یان مۆڵەتی پێشەوا و سەرۆك، چونکە ئەو پێی ڕاگەیاندووین پەیوەندیی لەنێوان ئەو حوکم و هۆکارەدا هەیە و ئەویش کەوتۆتە نێوان دروستکراوەکان و پەروەردگاریانەوە و لەلایەن خۆیەوە حوکم و بەرژەوەندی دیاری نەکردووە، تەنها ڕاگەیەنەرێکە لەبری خودا، وەك نوێژەکان و زەکات و هەموو جۆرەکانی عیبادەتەکان و بەدەسخستنی موڵکەکان بە گرێبەستەکانی فرۆشتن و بەخشین و جۆرەکانی تری هەڵسوکەوتەکان کە هەرکەس دەتوانێت ئەنجامی بدات و

---

[١] دادوەر یان قازی: ئەویش بەردەوام سەیری ئەو داوەرییانە دەکات کە پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر)کردوویەتی لەو جۆرە ناکۆکییانەدا کە وەك ناکۆکییە هاوچەرخەکان بووە، پشت بەو بەڵگە نوێیانە دەبەستێت کە لە ناکۆکییە هاوچەرخەکاندا هەیە.

هۆکارەکەی بەدی بهێنێت و بۆ ئەنجامی حوکمەکەشی پێویستی بە مۆڵـەتی دادوەر و قازی یان پێشەوا و سەرۆکی دەوڵەت نییە.[1]

بەم شێوەیە پێشەوا قەراف ڕای گەیاندووە کە سوننەتی تەشـریعی بـەو بابەتانـە دەوترێت کە بواری ئیجتیهادی تێدا نییە و پێویستی بە مۆڵەتی دەسەڵاتەکانی قازی و پێشەوا نییـە و سـوننەی ناتەشـریعییش بـەو بابەتانـە دەوترێـت کـە لـە لقـەکانی گۆڕاوە دونیاییەکاندایە و بەپێی گۆڕانی مەرج و بەرژەوەندییەکان ئیجتیهـادی تێـدا دەکرێت. لە هەردوو جۆرەکەشدا پێشتر نموونەمان بۆ مامەڵەی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێت) کرد لەگەڵیاندا.

هــەمان هــزری دابەشــکردن لــەلای فــەرموودەناس و فــەقیهی ئوصــولی و تازەکەرەوەی ئایین و موجتەهید وەلییوڵڵای دەهلەوی احمد بن عبدالرحیم الفاروقی دەبینین (١١١٠-١١٧٦ك، ١٦٩٩-١٧٦٢ز)لە پەرتووکە تاقانەکەیدا (الحجة البالغـة)... لەو پەرتووکەدا سـوننەتی نەبـەوی - کـە بـە زانیارییـە نەبەوییـەکان نـاوی دەبـات - دەکات بە دوو بەشەوە:

أ- ئـەوەی تـەنها ڕادەگەیـەنرێت وەك پـەیامێك: کـە بریتییـە لـەو زانیارییانـەی پەیوەندیی بە دواڕۆژ و بابەتە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهـانی ڕۆحـەکان و فریشـتە و غەیب (جیهانی مەلەکووت) و شەریعەت و ڕێکخستنی نەریتەکان لە چوارچێوەیەکدا، ئەمەش بەشێکی بە وەحی دەکرێت و بەشێکی تری بە ئیجتیهادی بونیاتنراو لەسەر ئەو زانیارییەی خودای گەورە دەربارەی مەبەستەکانی شـەریعەت پێـی بەخشـیوە، ئەوەش وەك وەحی وەهایە، پێویستە پابەند بین بەو حوکمانـەوە کـە لـەم بەشـەدا هەیە.

---

[1] القرافي(الاحكام في تمييز الفتاوى عن الاحكام وتصرفات القاضي والإمام)ص٨٦-٩٦.

ب ـ ئەوەی لە بابەتی ڕاگەیاندنی پەیام و ئیجتیهادی بونیاتنراو لەسەر وەحی نییە، کە زانستەکانی پەیوەست بە دونیا و سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت و حوکمەکانی داوەری دەگرێتەوە، لێرەدا ئیجتیهادی پێغەمبەری تێدا کراوە (دروودی خودای لەسەر بێت) و پاش ئەویش ئیجتیهادی نوێی تێدا دەکرێت، ئەمەش بەپێی حیکمەت و باسی ئامانجدار و بەرژەوەندیی نوێ حوکمی لێوە دێتە ئارا بەو شێوەی نموونەمان بۆ هێنایەوە.

دەقی قسەکانی دەهلەوی کە لەژێر ناونیشانی: (باب بيان اقسام علوم النبي، صلى الله عليه وسلم)دایە دەڵێت:

"بزانە کە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) گێڕدراوەتەوە و لە پەرتووکەکانی فەرموودەدا تۆمار کراوە: یەکەم: ئەوەی تەنها ڕاگەیاندنی پەیامەکەیە، خوای گەورەش لەسەر ئەوە دەفەرمێت: ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا﴾ الحشر ٧. واتە: "گوێرایەڵی هەموو ئەو شتانە بن کە پێغەمبەر پێی ڕاگەیاندوون و لە هەموو ئەو شتانەش دوور بکەونەوە کە ئەو فەرمانی پێکردوون بە دوورکەوتنەوە لێی." نموونەی ئەم بەشە: وەك ئەو زانیارییانەی پەیوەندیی بە دوارۆژ و جیهانی مەلەکووت، هەموو ئەمانەش سەرچاوەی ڕاستەوخۆی سرووش(وەحی)یە. هەروەها وەك: بابەتەکانی شەریعەت و ڕێکخستنی عیبادەتەکان و مامەڵەکان بەو شێوەی پێشتر باس کرا، ئەمانەش هەندێکی پشت بە وەحی دەبەستێت و هەندێکیشی پشت بە ئیجتیهاد، دیارە ئیجتیهادی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) حسابی وەحی بۆ دەکرێت، چونکە لە ئەگەری هەر هەڵەیەکیدا خودا ئاگاداری دەکاتەوە و پێویستیش نییە هەمیشە ئیجتیهادەکەی هەڵێنجان بێت لە دەقەکان ـ وەك گومان دەبرێت ـ بەڵکو بۆ زۆربەی ئیجتیهادەکانی کە کردوویەتی، خودای گەورە مەبەستەکانی شەرع و یاساکانی شەرعدانان و ئاسانکاری و حوکمەکانی فێر کردووە و هەر بە وەحی مەبەستەکانی

ئـەو یاسـایەی ڕوون كردۆتـەوە، هـەر وەك بەشـێك لـەوەش ئـەو حیكمـەت و بەرژەوەندییە كراوانەیە كە كات و سنووری بـۆ دانـەناوە، وەك باسـكردنی ڕەوشـتە باشەكان و دژەكانی، كە زۆر جار لە ئیجتیهادەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو واتایەی كـە خـودای گـەورە یاسـاكانی مامەڵـەكردنی فێـر كـردووە و ئـەمیش حـوكمی لـێ وەرگرتـووە و كردوویەتیـە گشـتگیرێك، بـە هـەمان شـێوەش ڕەوشـتە بـەرزەكان و باسكردنی سـیفەتە باشـەكانی خاوەنكردارەكـان، وای بـۆ دەچـم كـە هەنـدێكی بـە وەحیە و هەندێكی بە ئیجتیهاد.

**دووەمینیـان:** ئـەو شـتانەی لـە بابـەتی ڕاگەیانـدنی پـەیام نییـە، لـەو بـارەوە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێت)دەفـەرمێت: "مـن مـرۆڤم، لـە كاروبـاری ئایینەكەتاندا فەرمانم بە هەرچی كـرد ئێـوەش بـەجێی بهێـنن، خـۆ ئەگـەر لـە ڕا و بۆچوونی خۆمەوە هەرچیم پێ وتن، ئەوا حسابی مرۆڤێكی وەك خۆتانم بۆ بكەن."[1]

وە كاتێـك خـەڵكی پێوەند(موتوربـە)ی خورمایـان دەكـرد بـە شـێوازی خۆیـان و پێغەمبەریش لەبەرخۆیەوە فەرمووبووی: ئەگەر وازی لێ بهێنن بزانن چـی دەبێـت! كەسـێكیش ئـەو قسـەی لـەلای باخەوانـەكان بـاس دەكـات و ئـەوانیش شـێوازی كارەكەیان جێبەجێ ناكەن، ئیتر ئەو ساڵە خورماكان نایەنە بەر، كاتێك ئەم بابەتـە گەشتەوە بە پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) ئـەویش دەفـەرمێت: ئـەوە گومانێكی خۆم بوو، ئێوەش حسابی ئەو گومانەم لەسەر مەكەن، بەڵام هەركات لـە خـوداوە شـتێكم پـێ ڕاگەیانـدن، ئـەوا وەری بگـرن، چـونكە درۆ بـەدەم خـوداوە ناكەم."[2]

لـە بابەتـەكانی ئـەم بەشـەش بریتییـە لـە: پزیشـكی، وەك ئـەو فـەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێت) كە دەفەرمێت: "ئەسپی ڕەشی ناوچاوسـپی

---

[1] رواه مسلم وابن ماجة والإمام أحمد.

[2] رواه مسلم وابن ماجة والإمام أحمد.

بـەكار بهێـنن."[١] لـەم فەرموودەيـەدا پشـتی بـە ئـەزموون بەسـتووە. هـەروەها لـە بابەتەكانی ئەم بەشـە بريتييـە لـەو كردارانـەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێت) كە بەپێی عادەت و ڕێكەوت كردوونی. نموونەی ئەمانەش وەك باسكردنی هەر شتێك بەو شێوەی گەلەكەی خـۆی باسـی دەكـرد، وەك ئـەو فـەرموودەی (أم زرع) دەيگێڕێتەوە، وە فەرموودەی ناسراو بـە (خورافـە) كـە گێڕانـەوەی زەيـدی كـوڕی ثابتە، كاتێك هەندێك كەس هاتن بـۆ لای و پێيـان وت: فـەرموودەی پێغەمبـەرمان (دروودی خودای لەسەر بێت) بۆ باس بكە، زەيد فەرمووی: "من دراوسێی پێغەمبەر بووم (دروودی خودای لەسەر بێت)، هەركات وەحی بۆ بهاتبايە، دەينارد بەشوێنمدا و بـۆم دەنووسـييەوە. هـەر كـاتێكيش باسـی دونيامـان بكردايـە، لەگـەڵمان باسـی دەكرد، باسی قيامەتيشـمان بكردايـە، لەگـەڵمان باسـی دەكـرد، باسـی خواردنمـان بكردايە، لەگەڵمان باسی دەكرد، هەموو ئەمانەتان لە پێغەمبەرەوە بۆ باس دەكەم (دروودی خودای لەسەر بێت)."[٢]

نموونەيەكی تری لەو بابەتە، ئەوەی كە بەرژەوەندييەكی جوزئيی تێدا بووبێـت لـەو ڕۆژەدا و بـۆ هـەموو تـاكێكی ئوممـەتی ئيسـلامی پێوەيسـت نـەبووبێت، وەك فەرمانی خەليفەی موسوڵمانان بـۆ ديـاريكردنی سـوپاكان و ئاڵاكـان، ئـەوەش ئـەو وتەی پێشـەوا عومـەرە كـە وتوويـەتی: كارمـان چـی بـوو بـە هەروەلـە (جووڵەيـەك لەنێوان ڕاكردن و شێنەييدا)؟ مەبەستمان ئەوە بوو كە وا بگەيەنين لە موشريكەكان كە ماندوو و شەكەت نين. پاشان ترسی ئەوە هەبوو هۆكارێكی تری هەبێت.

---

[١] ئـەم فەرموودەيـە بـە هـەمان دەبـڕين و بـە واتـای نزيـك لـەم دەربڕينـەوە ئـەم فەرموودەناسـانە گێڕاويانەتەوە: النسائي، الدارمي، الترمذي، ابوداود، الإمام أحمد.

[٢] لە تەحقيقی پەرتووكەكەی دەهلەويدا ئەم لێدوانە كورتە هاتووە: "واتە ناتوانم هەموو ئەو شتانەتان بـۆ باس بكەم." كەواتە كاتێـك دەڵێـت: هـەموو ئـەم شـتانە، مەبەسـتی پرسـيارەكە بـە واتـای نـەتوانينی كارێكە (استفهام انكاري).

گەلێك حوكم لەم بەشەوە وەرگیراوە كە لە بابەتی ڕاگەیاندنی پـەیام نییـە، وەك فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت): هەر موسوڵمانێك لـە جیهـاددا دوژمنێك بكوژێت، ئەوا ئەو كەلوپەلەی بە كوژراوەكەیە بۆ خۆی دەبێت[1]. هـەر لـەم بابەتەیـە: حـوكم و دادوەریـی تایبـەت، كـە پشـتی بـە بەڵگـە و سـوێند دەبەسـت، ئەمەش لەو فەرموودەیەدا دیارە كە دەفەرمێت: "ئەو كەسەی ئامادەیە، ئەو شتانە دەبینێت كە كەسێكی نائامادە نایانبینێت."[2]

دەهلـەوی بـەم شـێوەیە بابەتەكـەی بـاس كـرد، بابـەتی سـوننەتی تەشـریعی و سوننەتی ناتەشریعی، لە زانستەكانی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت).

ئەگەر ڕادەی ڕوون و ئاشكرایی بابەتی پەیوەندیی دەق و ئیجتیهاد وەها بێت لە كاتێدا كـە دەقەكـە قورئـان و سـوونەت بێـت، ئـەوا باشـتر بابەتەكـە یـەكلا و ڕوون دەكاتەوە بە پێچەوانەی بۆچـوونی ئـەو كەسـانەی ئیجتیهـادی زاناكـانی پێشـوویان وەك دەق پــیرۆز كــردووە، تەنانــەت ئەوانەشــی كــە پەیوەنــدیی بــەو دابونەریتــە گۆڕاوانــەوە هەیــە، بڵاوبوونــەوەی ئــەو پیرۆزییــەش بۆتــە هــۆی پتــەوتركردنی چەقبەستوویی و شوێنكەوتەیی (تەقلید)، تا ئەو ڕادەی ئوممەتی تووشی ئیفلیجـی كردووە و تا ئێستاش ناتوانێـت لـە داوی دواكـەوتن ڕزگـاری بێـت و دووبـارە پـێش بكەوێت.

لە كاتێكدا لاف بۆچـوونەكانی ڕێبـازی چەقبەسـتوویی و شـوێنكەوتەیی بـە كـەم ناگرین ـ سەرەڕای بێبنەماییان ـ بە هـەمان شـێوەش بۆچـوونی ئەوانـەش پـەی بـە گرنگیی سەرەكیی ڕەهاكردنی عەقڵی موسوڵمان لە بەنـدی شـوێنكەوتەیی دەبـەن، هەروەها لەبەر گرنگیی ڕۆڵی ئیجتیهاد لـە بووژانـەوەی چـاوەڕوانكراوی ئیسـلامیدا، هەوڵمان داوە دەقێكـی (احمـد بـن ادریـس القـرافی) و (ابـن القـیم) بـاس بكـەین كـە

---

[1] رواه ابوداود، الدارمي، الإمام أحمد.

[2] رواه الإمام أحمد...الدهلوي(حجة الله البالغة)ج١ ث١٢٨ـ١٢٩، القاهرة، ١٣٥٣هـ.

هەردووکیان دژی ئەو بۆچوونەن کە دەڵێت: نابێت لە شتێکدا ئیجتیهاد بکرێت کە زانا پێشووەکان ئیجتیهادیان تێدا کردووە!

قەرافی لە پەرتووکی (الأحکام)دا بە (پرسیاری سیونۆ) دەست پێ دەکات و دەڵێت: "لە کاتێکدا ئەو حوکمانەی لە مەزهەبی شافیعی و مالیکدا هاتوون بەپێی ئەو بارودۆخ و دابونەریتانە هەڵێنجراون کە لە سەردەمی ئەواندا بوون، ئایا لەگەڵ گۆڕانی ئەو بارودۆخەدا بە پێچەوانەی ئەو سەردەمەوە هەر هەمان حوکمی زانایانی پێشوو دووبارە بکەینەوە و تەقلیدی ئەوان بکەین، یان بەپێی بارودۆخی نوێ ئیجتیهاد بکەین؟"

قەرافی پاش ئەم پرسیارە دەڵێت: "جێبەجێکردنی حوکمەکان بەپێی بارودۆخێك کە ئێستا لەئارادا نییە و گۆڕاوە پێچەوانەی کۆدەنگیی زانایانە و نەشارەزاییە لە ئاییندا، بەڵکو هەموو شەریعەت بەپێی بارودۆخەکانە و حوکمەکان بەپێی بارودۆخ و نەریتەکە دەگۆڕێت، ئەمەش نوێکردنەوەی ئیجتیهاد نییە لەلایەن شوێنکەوتەکانەوە تا مەرجی ئیجتیهادی پێویست بێت، بەڵکو ڕێسایەکە زانایان ئیجتیهادیان تێدا کردووە و کۆدەنگییان هەیە لەسەری و ئێمە تەنها شوێنی ئەوان کەوتووین. هەموو ئەو بابەتە فیقهییانەی لەسەر بارودۆخ و نەریتەکان وەستاون، بەپێی ئەو بارودۆخانە حوکمەکانی دەگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر ئێمەش لە وڵاتێك بچینە دەرەوە بۆ وڵاتێکی جیاواز لە وڵاتەکەی خۆمان، ئەوا بەپێی بارودۆخ و نەریتی وڵاتە نوێیەکە فتوایان بۆ دەدەین.

بە هەمان شێوەش ئەگەر کەسێك هات بۆ وڵاتی ئێمە و دابونەریتی وڵاتەکەی خۆی پێوانەی وڵاتی ئێمە بوو، ئەوا بەپێی وڵاتی خۆی فەتوای بۆدەدەین."[1]

***

[1] القرافي (الاحكام في تمييز الفتاوي عن الاحكام وتصرفات القاضي والإمام)ص٢٣١-٢٣٣.

کەواتــە بــەپێی شــەریعەتی ئیســلامی و میتــۆدی ئیســلامی، عــەقڵ دەقــەکان دەدۆزێتەوە و پەییان پێ دەبات، بەشێکن لـە جیهـانی بینـراو و بەرهەست (عـالم الشهادة)، پەیوەندیی بەو حوکمانەوە هەیە کە حیکمەت و بایسی ئامانجداری هەیـە و لە چوارچێوەی نەگۆڕەکانیش دەرچووە و بە بوون و نەبوون حوکمـەکانی لەگـەڵ ئەو بایس(عیللەت)انەدایە، کەواتـە خـودی حوکمـەکان مەبەسـت نییـە، بـەڵکو ئـەو بەرژەوەندییانە مەبەستن کە ئەو حوکمانەی بۆ دانراوە، بەڵکو دەقـەکانیش خۆیـان لەخۆیاندا مەبەست نین، بەڵکو ئەو بەرژەوەندییانە مەبەستن کە شەریعەتی ئیسـلام بۆ تەحقیقی هاتووە!

ئەمەیە هەڵوێستی ڕاستەقینەی میتۆدی ئیسلامی دەربـارەی پەیوەنـدیی نێـوان دەق و ئیجتیهاد، بینیشمان چەند دوورە لەو دوانەیی و لەتبوونگەرییەی ناتـەبایی و دژایـەتی دەخاتـە نێوانیـان کاتێـك دەڵـێن: ئیجتیهـاد لەگـەڵ بـوونی دەقـدا نییـە و جیاوازیی لەنێوان دەقەکان و بابەت و سەرچاوەکانی دەق ناکەن.

ئەوەشمان بۆ ڕوون بوویەوە کە ئەو کەسانەی بە ڕەهایی دژی ئیجتیهادن لەگەڵ هەبوونی دەقدا، دەقەکان پیرۆز ناکەن، بەڵکو ئەو حوکمە لقییانە پیرۆز دەکەن کـە مەرجی خستنەکاریان نەماوە، ئەگەر نا پیرۆزڕاگرتنی دەق لەنێوان موسوڵمانانـدا بە واتا زاراوەییەکەی، هیچ ڕاجیاییەکی لەسەر نییە.

ئەوانەش کە دژی ئیجتیهادن لە بەرانبەر دەقی زاناپێشووەکانی فیقهدا، هیچ ڕێز و پیرۆزراگرتنێکیـان بـۆ دەقــەکان نییــە، بــەڵکو دەیانــەوێت مردووەکــان حــوکمی زینـدووەکان بکـەن و ژیـانیش چەقبەسـتوو بێـت! ئەمـەش بـە پێچـەوانەی یاسـای خوداوەندییەوە لە گەردوون و کۆمەڵگە و هزردا، یاسای پەرەسەندن و گۆڕان، لـەو شتانەدا کە زەمینەی پەرەسەندن و گۆڕانی تێدایە. ئەمـەش سـەرەڕای ئـەوەی کـە قورئانیش فەرموویەتی: ﴿ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا (٢٣)﴾ الفتح٢٣. واتە: "هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەی خودا دەسکاری بکرێت و بگۆڕرێت."

ئەگەر لە قسەوباس و چارەسەری پەیوەندیی نێوان دەق و ئیجتیهاددا کە تایبەتمەندییەکی میتۆدی ئیسلامییە، دەقی قسەی هەندێك زانای فیقه و بنەماکانی فیقهمان هێنابێت، ئەوا ویستوومانە لە ڕێگەی ئەو دەقانەوە چەند پەنجەرەیەکی ئیجتیهاد و نوێکردنەوە بە ڕووی عەقڵی عاشقانی (میتۆدی دەقگەرایی)دا بکەینەوە، ئیجتیهاد و نوێکردنەوەش عەقڵی موسوڵمان لەو تەلەزگەیە ڕزگار دەکات کە تێیکەوتووە !

***

# ئایین و دەوڵەت

لەو میتۆدە هزرییانەدا کە بالادەستن بەسەر چوارچێوەی شارستانێتی خۆرئاوادا و لە کاروانی مێژووی ئەم شارستانێتییەدا جیاوازی و دژبوون لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا نیشانەیەکی تێبینیکراو و دیار بووە، چونکە لە تێڕوانینی هزر و جێبەجێکردندا (ئایین جێگیر و پیرۆزە) بەلام دەوڵەت (گۆڕاو و دنیایی و مرۆڤکردە)، کەواتە چۆن (جێگیر) دەتوانێت حوکمی (گۆڕاو) بکات بەبێ ئەوەی بە کۆتی کۆنەپەرستی بەندی بکات ؟ وە چۆن (پیرۆز) دەتوانێ بچێتە مەیدانی ڕاست و هەڵە و لاوازیی مرۆڤ و نەستە ئاژەڵانەکانیەوە، بەبێ ئەوەی کە داوای ئەستەم بکات، یان پیرۆزییەکەی خۆی لەکەدار بکات؟

بابەتی میتۆدی هزری ڕۆژئاوایی بەم شێوازە دانراوە و پەیوەندیی ئایین و دەوڵەت لە جێبەجێکردن و کاراکردندا هەر لەسەر ئەم بارە بوو .

- دەسەڵاتی قەیسەری، کە کەنیسە پیرۆزیی ئایینی بە بەریدا بڕیبوو، بەوەی کە خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی خودا دەزانی لە فەرمانڕەواییەکەیدا، کالای پیرۆزیی (نەگۆڕی خودایی) کرد بە بەر (گۆڕاوی دونیایی)دا و بانگەشەی پیرۆزیی ئایینی بۆ یاسا و کاروبارەکانی دەکرد، بۆیە ئەو چەقبەستن و خۆسەپێنییەش کە

ئەورووپا لە سەردەمی تاریکیدا (العصور المظلمة) بەخۆیەوە، بینی لە سایەی دەوڵەتیدا بوو.

- پاپایی، کاتێک کە لەگەڵ قەیسەرییەتدا کەوتە ململانێی دەسەڵات و دەوڵەتەوە، پاشان دەستی بەسەردا گرت (کە بە پاپایی_قەیسەری ناسرا)، ئەمیش پیرۆزییە ئایینییەکەی خۆی بەسەر گۆڕاوە دنیاییەکاندا سەپاند، بۆیە لە ڕووی چەقبەستوویی و کۆنەپەرستی و خۆسەپێنییەوە حوحکمکرن و ئەنجامەکانییشی درێژکراوەی دەسەڵاتی (قەیسەری_پاپایی) بوو.

دەرەنجام کاتیك کە ڕابوون و ژیانەوەی ئەورووپی (ڕێیسانس) هاتە کایەوە، فەیلەسووف و بیرمەندانیان هیچ هەڵبژاردنێکی تریان نەبوو جگە لەوەی کە ئەم ڕابوونە بە(عەلمانی) بکەن و ئایین لە دەوڵەت جیا بکەنەوە، بەو پێیەی دوو دژن و کۆ نابنەوە، بۆیە پاش پەلهاویشتنی ئیستیعماریەتی نویێ و زاڵبوونی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، بینیمان کە شالأوی بەڕۆژئاواکردن و ڕۆژئاوازەدەکان (المتغربین) دژیەکیی نێوان ئایین و دەوڵەت دەورووژێنن و بانگەشەی جیاکردنەوەیان لە یەکدی دەکەن، وەك پرسێکی بەڵگەنەویست، وەك هاوبەشێکی مرۆیی گشتی، نەك تایبەتمەندییەکی ڕۆژئاوا، بگرە تا ئەو ڕادەیەی کە بە دیدێکی ڕۆژئاواییانە و بەپێی پەیڕەوە هزرییە ڕۆژئاواییەکان دەیانڕوانییە کاروانی مێژوی شارستانێتی ئیسلامی، بۆیە ئیسلامەکەی خۆمان و دەوڵەتەکەی خۆمانیان وەك ناکۆك لەگەڵ یەکدی دەهاتە پێشچاو و خیلافەتی ئیسلامیان وەك (قەیسەری_پاپایی)ەك دەبینی، کە بە ناوی ئایینەوە خۆی بەسەر دەوڵەتدا سەپاندووە!

هەرچەندە ئەم باسە شوێنی ئەوە نییە کە بەڵگەی عەلمانیەت و عەلمانییەکان، لە تیڕوانینی پەیڕەوی ئیسلامییەوە[1] بەوردی پووچەڵ بکەینەوە، چونکە بڕوامان

[1] بۆ دریژەی ئەم بابەتە بڕوانە ئەم پەڕتووکانەم: (العلمانیة و نهضتها الحدیثة) و (الدولة الإسلامیة بین العلمانیة والسلطة الدینیة) و (الإسلام وفلسفة الحکم) و (معرکة الإسلام وأصول الحکم) طبعة دار الشروق

وایە کە لـە گـرنگترین سەرچـاوەکانی تێکـەڵکردن و بەهەڵەداچـوون لـە هەڵوێسـتی عەلمانیەتـدا بریتییـە لـە پشتگوێخسـتنی ئـەو (تایبەتمەدێتییـە هزری)یانـەی کـە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بە هۆی سروشـتی لاهـووتی[1] مەسـیحیەتەکەیەوە هەیـەتی، کە وای کرووە لەم بابەتەدا لەگەڵ ئیسلام و شارستانێتییەکەیدا لێك دوور بن، وە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو تایبەتمەندیەدا دوو فاکتەر هەیە :

یەکـەم: کەنیسـەی مەسـیحی و لاهووتەکـەی لەسـەر بناغـەی پیـاوانی ئـاییـنی (کاهینـەکان - چـینی ئیکلیرۆسـی[2]) وەسـتاون و ئـەوانی وەك چـینێکی ناوەنـدیی لەنێوان باوەڕداران و خودادا داناوە، کە پیرۆزیی ئـاییـنی بـۆ خـۆی چـنگ خسـتووە یان بانگەشەی بۆ کردووە، وە سەرگەورەی کاهینان (پاپا) لەم سیستمی لاهووت و کاهینانەدا کوڕە بێهەڵە(معصوم)ەکەی ئاسمانە، بۆیە سرووشتی بـوو بـۆ سـوڵتانی بێهەڵە، کوڕی ئاسمان، خاوەنبیری پیرۆز، کاتێك کە جڵەوی دەسەڵاتی لە دەوڵەتدا گرتە دەست، مۆرکی (نەگۆڕی خودایی) بسەپێنێت بەسەر دەسەڵاتدا (کـە گـۆڕاوی دنیاییە) و بەمەش پێشـکەوتنی بوەسـتێنێت و عـەقڵی سـەرجەم ڕۆڵـەکانی هێنـدە تەسك بکاتەوە کە نـەتوانن لـەو ئاسـۆ تەنگـە بترازێـن کـە لاهـووت بـۆی درووسـت کردوون.

---

[1] لاهووت: بریتییە لە زانستی عەقیدەی مەسیحی، هەوڵ ئەدات عەقیدەی مەسیحی لە قـاڵبێکی زانسـتی و عەقڵیدا ڕوون بکاتەوە و بەرگریی لێ بکات، دەیەوێت ئەو بیروباوەڕانەی مەسیحییەت لێـك بداتـەوە کـە عەقڵی ڕووت پەی پێ نابات (وەرگێڕ).

[2] ئیکلیرۆس واتا: سیستمی کاهینانە ( کهنوت)ی تایبەت بە کەنیسە مەسیحییەکان (وەرگێڕ) .

ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە لە ئیسلام و میتۆدەکەیدا جێی نابێتەوە، بەڵکوو دژایەتی و ڕووخاندنی _ وەك ئیمام موحەممەد عەبدە (١٢٦٦ _ ١٣٢٣ کۆچی ،١٨٤٩ _ ١٩٠٥ زاینی ) دەڵێت بەشێکە لە پەیامی ئیسلام.[١]

کەواتە بیانووی هەزری عەلمانیەت، کە بانگەشە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکات (بە هۆکاری دژیەکبوونیان) لە چوارچێوەی ئیسلامیدا بەدی ناکرێت.

دووەم: پەیامی مەسیحی پەیامێکی ڕۆحیی پەتییە، لە ڕزگاربوونی ڕۆحەکاندا دەوەستێت. هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاندووە کە خەم و ئامانجیان تەنها نیشتیمانی ئاسمانە، هەر لەم سۆنگەیەوە بوو بانگی خەڵکی دەکرد تا ئەوەی هی قەیسەرە

---

[١] ئیمام موحەممد عەبدە سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئیسلام بۆ دەسەڵاتی ئایینی،بەو جۆرەی کە ڕۆژئاوا بەخۆیەوە بینیوە دەڵێت : "لە ڕاستیدا یەکێك لە بناغەکانی ئیسلام کە بناغەیەکی شکۆدارە هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتی ئایینیی و لە بناغەوە هەڵتەکاندنییەتی، ئیسلام جگە بە خودا و پێغەمبەرەکەی مافی نەداوە بە هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەر باوەڕی کەسدا یان هەژموونی بەسەر ئیمانی کەسدا هەبێت، چونکە لە ئیسلامدا دەسەڵاتێکی ئایینی بوونی نییە، جگە لە دەسەڵاتی ئامۆژگاریی چاکە و بانگەشە بۆ چاکەکاری و هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لە خراپە، ئەمەش دەسەڵاتێکە کە خودا داویەتی بە لاخوارووترینی موسوڵمانان، کە لە لووتی بەرزترینیانی پێ بدات، بە هەمان شێوەش داویەتی بە بەرزترینیان بەرامبەر لاخوارووترینی موسوڵمانان، وە لە ئیسلامدا دەسەڵاتدار لە لایەن میللەتەوە دادەنرێت، مافی ئەوەی هەیە کە کۆنترۆڵی بکات، لە دەسەڵات لای ببات هەر کاتێك بەرژەوەندیی میللەت لەوەدا بوو، واتە لە هەموو ڕوویەکەوە دەسەڵاتدارێکی مەدەنییە، بۆیە ڕەوا نییە کە خاوەنسەرنجی تەندرووست خەلیفەی موسوڵمانان ( لەگەڵ (ثیوکراتیك)ی ڕۆژئاوا، واتە دەسەڵاتی خودایی، بەڵام قازی و موفتی و شیخ الاسلام دەسەڵاتەکانیان مەدەنییە و شەرعی ئیسلامی دیاریی کردووە و بچوکترین دەسەڵاتیان بەسەر باوەڕ و دانانی حوکمەکاندا نییە، بەم پێیە ئەوەی لای کەسانی دی پێی دەوترێت دەسەڵاتی ئایینی بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان لە ئیسلامدا بوونی نییە." بڕوانە (الاعمال الكاملة للامام محمد عبده)ب٣ لا ٢٨٥ ــ٢٨٩ ز دراسة وتحقيق : د. محمد عمارة طبعة بيروت سنة ١٩٧٢ م و طبعة دار الشروق ٢٠٠٦ م .

لێی بگەڕێن بۆ قەیسەر و ئەوەش کە هی خودایە بۆ خوا (ما لقیصر لقیصر وما لله لله)، کە جیاکردنەوەی ئایینە لە دەسەڵاتە.

بۆیە کاتێك عەلمانیەت دەیەوێت کاهینێتی و کاهینان و پاپا و پاپاچێتی بگەڕێنێتەوە بۆ ناو کەنیسە، وە دەسەڵاتی لاهووت لە دەوڵەت و دامەزراوەکانی دابماڵێت، ئەوا بەم کارەی ئەو هەڵەیە ڕاست دەکاتەوە کە کەنیسە تێیکەوت، کاتێك کە سنووری تایبەتمەندێتیی خۆی بەزاند، چونکە ویستی عەلمانیەت لە ڕۆژئاوا _لە پرسی جیاکردنەوەی ئایین لە دامەزراوەکانی دەوڵەت_دا نەك هەر سرووشتییە بگرە لەگەڵ لۆژیکی کەنیسەشدا گونجاوترە وەك پەیامێکی ڕۆحی ڕۆحی، کە پەیوەندیی بە دەوڵەت و دەسەڵات و سیاسەت و یاساداناني مەدەنییەوە نییە، مەگەر لە بازنەی بەها و ڕەوشتەکاندا.

بەڵام سرووشتی ئیسلام بەم شێوەیە نییە، ئیسلام پەیوەندیگەلێکی لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا گەلاڵە کردووە کە پیرۆز و مرۆیی نەکردۆتە یەك و لێکیشی دانەبڕیون، هەروەها لەنێوان (نەگۆڕ) و (گۆڕاو)دا بە جۆرێك کە کردوویەتە ئایین و دەوڵەت بەبێ ئەوەی کە (دەوڵەت) ببێتە (ئایین)ێکی پەتی و پیرۆز و نەگۆڕ، وەك بناغەکانی ئایین، بەڵام بێ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئایین و دەوڵەت بپچڕێت، کە بریتین لە پەیوەندییەکانی (لقەکان، گۆڕاوەکان) بە (بناغەکان، پایەکان، ئامانجەکان و فەلسەفەکان)ەوە.

ئەمانە ئەو پەیوەندییانەن کە دژیەکبوونی ئایین لەگەڵ دەوڵەت بەرپەرچ دەداتەوە، پەیڕەوی ئیسلامی دەتوانێت تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم پەیوەندییانە بخاتە ڕوو، ئەمەش لەڕێی لێدووانی چڕوپڕ دەربارەی ژمارەیەك ڕاستیی هزری و مومارەسە مێژووییەکانی سەردەمی پێغەمبەرایەتی و خیلافەتی ڕاشیدەوە، کە نوێنەرایەتیی پێشینەی دەستووری دەکات لە مێژووی هزری سیاسیی شارستانیەتی ئیسلامیدا:

ـ بەڕاستی ئیسلام دەوڵەتی نەکردووە بە بناغەیەك لە بناغەکانی بیروباوەڕی خۆی، یان بە پایەیەك لە پایەکانی، یان بە یەکێك لە سرووتەکانی پەرستشە جێگیرەکانی تا گومانی نەگۆڕبوونی لەئارادا بێت وەك ئەو نەگۆڕییەی کە لە بناغە و پایە و سرووتەکاندا هەیە، ئەمەش پرسێکە کە زانایانی ئیسلام لەسەری کۆدەنگن، گەر (باتینییە ئیمامییەکان)ی لیٚ دەربکەین.

ئەوەتا غەزالی دەفەرمێت: تیۆری پێشەوای موسوڵمانان لە بناغەییەکان نییە، وە لە ڕیزی زانستە عەقڵییەکانیشدا نییە، بەڵکو لە ڕیزی فیقهدایە (واتە لە لقەکانە)، وە تیۆرییەکان دوو بەشن: بەشێك کە پەیوەندیی بە بناغەی ڕێساکانەوە هەیە، بەشێکی تریش بە لقەکانەوە، وە بناغەکانی ئیمان سیانن: باوەڕبوون بە خودا، بە پێغەمبەرانی، وە بە ڕۆژی دوایی. ئیدی جگە لەمانە بە لق دادەنرێن، وە هەڵەکردن لە خودی ئیمامەت (پێشەوایی دەوڵەتی ئیسلامی) و دیاریکردنی و مەرجەکانیدا و ئەوەی پەیوەندیی پێوەی هەیە _ای فی جماع الدول والسیاسە_ هیچکامیان نابنە هۆی بەکافرکردن ( تکفیر)[1].

وە ئیمامی حەرەمەین، ئەلجوەینی (٤١٩ ـ٤٧٨ ك ، ١٠٢٨ ـ ١٠٨٥ ز ) دەڵێت : "قسەکردن لەسەر بابەتی پێشەوایەتی موسوڵمانان (ئیمامەت) لە بناغەکانی بیروباوەڕ نییە."[2]

وە شەهرستانی ( ٤٧٩ ـ٥٤٨ ك / ؟ (١٠٨٦) ١٠١٦ـ ١١٥٣ م )یش لەگەڵیدا هاوڕایە و دەڵێت: "ئیمامەت (پێشەوایی) لە بناغەکانی بیروباوەڕ نییە."[3]

---

[1] الغزالي الاقتصاد في الاعتقاد (ص ١٣٤ ) طبعة صبيح ـ القاهرة ، ضمن مجموعة بدون تأريخ ، وفيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة (ص١٥ ) .

[2] الجويني الإرشاد ( ص٤١٠ ) طبعة القاهرة سنة ١٩٥٠ م .

[3] الشهرستاني ، نهاية الإقدام في علم الكلام (ص ٤٧٨ ) طبعة الفريد جيوم ، مصورة ،بدون تاريخ او مكان الطبع .

بەلاّم قەڕافی (القرافي) (٦٨٤ ك ،١٢٨٥ ز ) بنەمادۆزیی هەلاّواردنی تمیز (ئایین ــ پەیام) لە (دەولّەت_پێشەوایی) دەسەلمێنێت، کاتێك هۆشداری دەدات سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە (پەیام)دا ڕاگەیەنەر بووە و لە پێشەوایەتیدا دامەزرێنەرە، گرێدراوی یەکتر نین، (بوونی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت) بە پێشەوایەتی، سیفەتێکە سەرەڕای سەرباری پێغەمبەرایەتی و پەیام و فەتوا و داوەری، چونکە پێشەوا ئەو کەسەیە کە سیاسەتی گشتیی خەڵکی ڕادەست کراوە، ئەمەش ناچێتە خانەی چەمکەکانی فەتوا و داوەریی و پەیام و پێغەمبەرایەتییەوە، چونکە پەیام جگە لە گەیاندن لە خودای گەورەوە هیچی دی لەخۆ ناگرێت، ئەم واتایەش ئەوە ناسەپێنێت کە سیاسەتی گشتی ڕادەست کرابێت، ئەوەتا دەبینین کە چەندە زۆرن ئەو پێغەمبەرانەی بە درێژایی زەمان پەیامی خوداییان پێدا نێردراوە و جگە لە گەیاندن ــ بۆ بیانووبڕینی خەڵکی_ هیچی دیکەیان لێ داوا نەکراوە، بەبێ ئەوەی کە فەرمانیان پێ کرابێت ورد ببنەوە لە کاروباری بەرژەوەندییە گشتییەکان.[1] وە ئیبن تەیمییە ( ٦٦١ ــ ٧٢٨ ك / ١٢٦٣ــ ١٣٢٨ ز ) سەبارەت بە پێشەوایەتی دەڵێت:

"نە یەکێکە لە پێنج پایەکەی ئیسلام، نە لە شەش پایەکەی ئیمانیشە ( کە بریتین لە باوەڕبوون بە خودا، فریشتەکان، پەرتووکەکان، پەیامبەران، ڕۆژی دوایی و قەدەر) وە لە پایەکانی ئیحسانیش نییە (کە بریتییە لەوەی: بە جۆرێك خودا بپەرستیت وەك ئەوە وابێت کە دەیبینیت، خۆ گەر تۆ ئەو نەبینی ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو تۆ دەبینێت."[2]

وە عەزودەددینی ئیجی (عضد الدین الإیجي)، (٧٥٦ ك،١٣٥٥ ز) و شەریفی گورگانی (شریف الجرجانی) (٧٤٠ ــ ٨١٦ ك / ١٣٤٠ ــ ١٤١٣ ز ) دەڵێن:

---

[1] القرافي ، الإحكام في التمييز بين الفتاوى والأحكام وتصرفات القاضي والإمام ، (ص ٩٣،٩٤).

[2] إبن تيميه (منهاج السنة النبوية) ،ج ١ ، ص ٧٠ ــ ٧٢، طبعة القاهرة ، سنة ١٩٦٢ م.

"پێشەوایەتی لە بناغەکانی ئایین و بیروباوەڕەکان (عقائد) نییە، بەڵکوو لەو لقانەیە کە پەیوەستن بە کرداری موکەللەفەکانەوە."[١]

هەرچی ئیبن خەلدوونیشە (٧٣٢ ـ ٨٠٨ ك ، ١٣٣٢ ــ ١٤٠٦ ز )، ئەوا ئەو وتەیەی شیعەی ئیمامی ڕەت دەکاتەوە کە گوایا ئیمامەت (پێشەوایەتی) یەکێکە لە پایەکانی ئایین، وە دەڵێت: "...گومانی شیعەی ئیمامی لەم بابەتەدا بریتییە لەوەی کە ئیمامەت (پێشەوایەتی) یەکێك بێت لە پایەکانی ئایین، وە ئەمەش وا نییە، بەڵکو لەو بەرژەوەندییە گشتییانەیە کە ڕادەستی بۆچوونی خەڵکی کراوە."[٢]

وە سەرۆکی دەوڵەت و هەروەها دامودەزگا و دامەزراوەکانیشی، لە پەیڕەوی ئیسلامدا، مرۆڤیکی (موجتەهید)ە، هەندێك جار دەیپێکێت و هەندێك جار ناپێکێت، توانا و هەوڵی مرۆڤانەی خۆی، کە بەدەر نییە لە هەڵە (غیر معصوم)، دەخاتە گەڕ، وە ڕاگەیەنەری پەیامی ئاسمان نییە تا پالآوتەی بێگەرد بێت، وە شایەتی دروستیی ئەم ڕاستییە لە یەکەمین وتاری یەکەم خەلیفە لە دەوڵەتی ئیسلامیدایە، ئەوەتا ئەبووبەکری صدیق _ڕەزای خودای لێ بێت_ بە موسوڵمانان دەڵێت:

"ئەگەر فەرمانبەرداریم کرد ئەوا یاریدەم بدەن، وە گەر سەرپێچیم کرد ڕاستم بکەنەوە، گویڕایەڵیم بکەن تا ئەو کاتەی من گوێڕایەڵیی خودا دەکەم سەبارەت بە ئێوە، وە گەر سەرپێچیم کرد ئەوا لەسەرتان نییە کە گویڕایەڵم بن، من کراومەتە سەرۆکتان هاوکات باشترینتان نیم، ئایا پێتان وایە کە بە سوننەتی پێغەمبەری خودا وەك پێغەمبەری خودا لەگەڵتان دەجووڵێمەوە؟ نەخێر ناتوانم وا بم، پێغەمبەری خودا بە هۆی سرووش(وەحی)ەوە بێهەڵە بوو، وە ئەو فریشتەیەکی لەگەڵدا بوو، بەلآم من وەك هەر مرۆڤێك شەیتانێکم لەگەڵە و دەیەوێت کارم تێبکات

---

[١] (شرح المواقف) ج٣ ، ص ٢٦١، طبعة القاهرة ،١٣١١ ك.

[٢] إبن خلدون (المقدمة) ص ١٦٨ ، طبعة القاهرة ، سنة ١٣٢٣ ك.

[1]، لەبەر ئەوە کە تووڕە بووم لێم دوور بکەونەوە و چاودێریم بکەن، ئەگەر ڕاست و درووست بووم هاوکارم بن، ئەگەریش لام دا ڕاستم بکەنەوە."[2]

وەك دەبینین نکووڵی دەکات لە بیهەڵەیی خەلیفە، کە لە لووتکەی دەوڵەتدایە و جەختی لیَ دەکاتەوە، بگرە بەوەش قایل نییە کە بە سەرووتر _ لە ڕووی ئایینییەوە _یان باشتر_ لە ڕووی قیامەتییەوە لەقەڵەم بدرێت، وە دیاریی دەکات کە مرۆڤە و بە ئیجتیهادی مرۆیی حوکم دەکات.

پاشان عومەری کوڕی خەتتاب _ڕەزای خودای لیَ بێت_ دێت و پێداگری لە سەر هەمان واتا دەکات، کاتێك هۆشداری دەدات لەوەی کە دەشێ پێشەواکان لە بەرنامەی ڕاست لا بدەن، ئاماژەش بە کاریگەریی ئەم لادانە دەکات لەسەر خەڵکی (گەل): "خەڵکی ڕاست و دروست دەبن تا ئەو کاتەی پێشەوایان و ڕێنوێنەکانیان ڕاست و دروست بن، وە گەل فەرمانبەرداری پێشەوا دەکەن تا ئەو کاتەی پێشەوا فەرمانبەرداری خودا بکات، جا کاتێك پێشەوا لای دا، ئەوا ئەوانیش لا دەدەن .،[3] .

کەواتە سەرۆکی دەوڵەت (خەلیفە، پێشەوا، ئەمیری باوەڕداران) وە هەروەها دامودەزگا و دامەزراوەکانیشی، لە پەیڕەویی ئیسلامدا بە بێهەڵە دانانرێن، چونکە هەر لە ڕاستیدا بێهەڵە نییە و نوێنەری خودا نییە، وە (دەوڵەتێکی ئایینی)ش نییە بە واتا ڕۆژئاواییەکەی.

بۆیە گەر نکوولێکردن لە بێهەڵەیی سەرگەورەی دەوڵەت لە پەیڕەوی ئیسلامیدا _ جگە لە باتینییە ئیمامییەکان، لەو سەلمێنراوانە بێت کە قسە هەڵناگرن، ئەوا بە هەمان شێوە (دەزگا)ی دەوڵەت و (دامەزراوەکانی) و

---

[1] ئەمەش تایبەت نییە بە ئەبووبەکرەوە، بەڵکوو بەپێی فەرموودەی پێغەمبەری خودا ـــ دروودی خوای لەسەر بێت ـ هەموو مرۆڤەکان شەیتانێکیان لەگەڵدایە جگە لە پێغەمبەر. (وەرگێڕ)

[2] تاريخ الطبري ج٣، ص، دار المعارف ـ القاهرة ، ابوجعفر (تلخيص الشافي)

[3] (طبقات ابن سعد) ج٣ ف١ ص ٢١٠ .

کارمەندانیشی لە کار دوور دەخرێنــەوە بــە هۆکارەکـانی بێتوانـایی و سـتەمکردن و سـنووربەزاندن (فسـق). ئـەوەتا عومــەری کـوڕی خــەتتاب کاتێـك کـە دەیکردنـە بەرپرسی ویلایەتێك (هەرێمێك)، ئاماری دارایيەکانیانی دەکـردن، دواتـریش ئامـاری دەکردەوە، خۆ گەر داراییان زیادی کردبووایـە، ئـەوا لێپێچـینەوەی لـێ دەکـردن و نیوەی لێ دەسەندن، ئـەم کارەشـی تەنانـەت بەرامبـەر بـە هاوەڵـە پێشـینەکانیش دەکرد، کە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە موسوڵمان بووبوون، بو نموونە سـەعدی کوڕی ئەبی وەققاص _ڕەزای خودای لێ بێت_ وە هەمان کاریشی بەرامبـەر ئـەبوو هورەیرە کرد _ڕەزای خودای لێ بێت_ [1]

تەنانەت پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەو کەسە بێهەڵەیەی کە پەیامی پەروەردگار ڕادەگەیەنێت، چۆنیەتیی کـارکردنی وەك حـاکمی یەکـەمین دەوڵەتی ئیسلامی شاهیدە لەسەر پێداگریکردنی لەسەر ئەوەی کە ئەرکی ئـەو وەك حاکمێك جیاوازیی هـەبێت لـە ئـەرکی پێغەمبەرایەتییەکـەی، لـە گەیانـدنی پـەیامی خودادا بێهەڵەیە، سرووش سەرچاوەی قسەکانیەتی (لا ينطـق عـن الهـوى إن هـو إلا وحي يوحى)، بەڵام لە سیاسەت و سەرکردایەتیی دەوڵەتدا _گەر دەقێکی خـودایی نەبێت_ ئەوا مرۆڤێکە و ئیجتیهاد دەکات، وە ڕاوێژ بە هاوەڵەکانی دەکات سەبارەت بەو شتانەی ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنـەوە لـە کاروبـاری دنیـا و گۆڕانکارییەکانیـدا. بۆیە کاتێـك دەبیـنین سیاسـەتی دەوڵـەتی مەدینـە لێوانلێـوە لـە گـەواهی بـۆ ئـەم ڕاستییە _ نموونـە وەك غـەزای (شـەڕی) بـەدر، غـەزای ئـەحزاب، فیدیـە(بریتی)ی دیلەکان، دەرچوون بۆ غـەزای ئوحـود و چـەندین نموونـەی دیکـەی ڕاوێـژکردن بـە هاوەڵەکانی لەم کاروبارە سیاسییانەدا، تەنانەت لێی دەگێڕنەوە کە بە ئەبووبەکر و عومەری فەرمووە: "گەر ئەو دووانەتان لەسـەر ڕاوێـژێك کـۆك بـن ئـەوا پێچـەوانەی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ج٣ ف١ ، ص ٢٠٣ ،٢٢١ ، و أبو عبيدة القاسم بن سلام (الاموال) ص ٣٨١ -٣٨٢، القاهرة سنة ١٣٥٣هـ .

ئێوە ڕایەکم نابێت."[1]، وە گەر پەرتووکە گەورەکانی مێژوو و ژیاننامـەی پێغەمبـەر سەرڕێژ بن لەم نموونانە، ئیدی هیچمان بەدەستەوە نامێنێت تەنها ئەوە نەبێت کـە بەوردی سەرنجی وشەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بدەین کاتێك لە کۆتا نەخۆشـییدا چـووە سـەر مینبـەر و وتـاری دا بـۆ خـەڵکی و فـەرمووی: "ئـەی خەڵکینە هەرکەسێك کە دارێکم لە پشتی داوە، ئەوە پشتمە و بـا هـەقی خـۆیم لـێ بکاتــەوە، جنێـوم بـە ناموسـی هەرکـەس داوە بـا جنێوەکـەم پـێ بداتــەوە، وە هەرکەسـێك مـاڵ و داراییـەکم لـێ وەرگرتبێـت، ئـەوە مـاڵ و داراییەکەمـە بـا لێـی هەڵگرێتەوە، وە سڵ لەوە نەکاتەوە کە لەدڵی بگرم و بیبوغزێنم، چـونکە ئـەوە لـە من ناوەشێەوە."[2]

لێـرەدا ئــەوەی کــە قســە دەکــات موحەممــەدی کــوڕی عەبدوڵڵایــە، وەك فەرمەنڕەوای دەوڵەت، نەك وەك پێغەمبەرێکی بێهەڵە، چونکە لە گەیاندنی پـەیامی خودادا نـە پشـتێك دارکاری دەکرێـت، نـە کەسـێك قسـەیەکی پـێ دەوترێـت و نـە داراییەکیشی لێ دەسەندرێت، ئەو لە کاری بانگەوازدا بێهەڵەیە و ئـەم کاروبارانـەش بەشـێك نـین لـە گەیانـدنی پـەیام، بـەڵکو ئـەو پرسـانەن کـە لـەنێوان فـەرمانڕەوای دەوڵەت و گەلدا دێنە ئاراوە، کـە لـەم نێوەنـدەدا فـەرمانڕەوا مرۆڤێکـە و ئیجتیهـاد دەکات مەبەستیەتی کاتێك دەگاتەوە بە خودای خـۆی بـاری شـانی بـە هـەڵێنجانی هەڵە گران نەبێت.

پەیڕەوی ئیسلامی تەنانەت سەبارەت بە پێغەمبەری خوداش (دروودی خودای لەسەر بێت)، کە فەرمانڕەوایەتی و پێغەمبەرایـەتی تێـدا کـۆ بووبـووەوە، بـەڕوونی هەڵوێستی ئیسلام پیشان دەدات لە جیاوازیکردن لەنێوان ئەو دوو واتایەدا، ئەمەش

---

[1] رواه الإمام أحمد.

[2] التاريخ الطبري ج ٣ ص ١٨٩ ، ١٩٠ .

لەگەڵ ئەو بێهەڵەییەی پاپا و کاهینەکان کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو بە خۆیان ڕەوا بینیبوو ئاسمان و ڕێسمانە.

ـ ئەگـەر ئەمـە سرووشـتی دەسـەڵاتی سـەرگەورەی دەوڵـەت و دامودەزگـا و دامەزراوەکانی بێت، ئەوا بۆ هاوڵاتییانی دەوڵەتی ئیسلامییش بە هەمان جۆرە، لـە تێڕوانینی پەیڕەوی ئیسلامییەوە، ئەمەش لە مێژووی ئیسلامیدا بەڕوونی دیارە.

لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئایینی بە واتا ڕۆژاواییەکەی، وەك لە مێژووی ئەورووپییشدا دیارە، دەچووە جەنگە ئایینییەکانەوە تا _بە زۆریش بێت_ گەلەگەی وا لێ بکـات کە پابەندی ئایینی _بگرە مەزهەبی_ دەوڵەت بن، لەبەر ئـەوەی ئـایین و دەوڵـەتی کردبووە یەك، هاوڵاتییانیش پێکهاتەیەکن لە پێکهاتەکانی دەوڵـەت. بـەڵام ئیسـلام هەر لە سەردەمی یەکـەمین دەوڵەتیـەوە خـاوەنی هەڵوێسـتێکی جیـاواز بـووە لـەم بارەیەوە، ئەوەتا هاوڵاتییانی دەوڵەتی مەدینە عەرەب بوون، هـەیانبوو موسـوڵمان بوو، وەك کۆچەر و پشتیوانەکان، کە ئەمانە ئوممەت یان کۆمەڵی ئایینەکە بـوون و بەپێی دەقی دەستوور و نووسراو و بەیانی ئەو دەوڵەتە (یەك ئوممەت بوون جیا لە خـەڵکانی دی). وە هەشـیانبوو لـەو عەرەبانـە بـوون کـە بووبوونـە جوولەکـە لـە هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج، لەگەڵ کۆمەڵی باوەڕداراندا، ئوممەت (گەل، کۆمەڵ)ی سیاسەتیان لە دەوڵەتی مەدینـەدا پێـك هێنـا، دەقـی دەسـتوورەکەش بـەم جـۆرە باسـی ئـەو پەیوەندییـە _پەیوەنـدیی سیاسـیی گـەل_ دەکـات: "بەڕاسـتی جوولەکەکانی بەنی عەوف و بـەنی نـەجار و بـەنی حاریـث و ...هتـد، ئوممـەتێکن لەگەڵ باوەڕداراندا، جوولەکەکان ئایینی خۆیان هەیە و موسوڵمانان ئایینی خۆیان، وە لەسەریانە پشتیوانیی یەکتری بکەن بەرامبەر بەو لایەنەی کە دژ بە کەسانی نـاو

ئـەم دەسـتووره دەجـەنگن، دڵسـۆزیی و ئامۆژگـاری و چـاكە لەنێوانیاندایـە نـەك خراپە."[1] .

ڕێككـەوتنی سیاسـی لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی هاوەڵدانـەرانی (موشـریكەكانی) قورەیشـدا كـۆی كردنـەوە، هـەروەها عـەرەببوونیان، چـوونە ژێـر چـەتری یـەك دەستووری یەك دەوڵەت، كە سەركردایەتیی و مەرجەعییەت تێیدا هی موسـوڵمانان بوو، ئەمەش بە دەق لە دەستوورەكەدا هاتبوو: "هەر پێشهاتێك یان پێكهەڵگرژانێك لەنێوان كەسانی ناو ئەم پەڕاوەدا ڕوو بدات كە مەترسیی خراپەی لێ بكرێـت، ئـەوا هەواڵە بـە خـودا و بـە موحەممـەدی پێغەمبـەری خـوا دەكرێـت." سـەرەڕای ئـەوە قورئـان وەك دەسـتووری كۆمـەڵی موسـوڵمانان مایـەوە، تـەوراتیش لەلایـەن جوولەكەكانەوە حوكمی پێ دەكرا و پرسەكانی خۆیانیان پێ یەكلا دەكردە، چونكە ئەمە دەوڵەتێكـە هـاوڵاتیی سیاسـەت و هـاوڵاتیی ئـایین جیـا دەكاتـەوە، جیـاوازی دەكات لەنێوان لایەنداری و پشـتیوانیی سیاسـی و پاڵپشـتیی جـەنگی و ئـابووریی جەنگی دژ بە موشریكان و تێچووەكەی ، ئەمە لە لایەك و لایەندارییی لە ئاییندا لـە لایـەكی تـر، كـە پێویسـتە موسـوڵمان نەیداتـە ناموسـوڵمان، ئەگـەر هـات و ئـەو پشتیوانیی لایەنگیرییە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئیسلام و موسوڵماناندا پێچەوانە بوو.

ناموسوڵمان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا (گیان)ێكە و یەكێكە لە درووسـتكراوەكانی خـودا، ئەمـەش لەگـەڵ موسـوڵماندا كـۆی دەكاتـەوە و یەكسـانن تێیـدا، ئـەویش (هاوڵاتی)یە، كە لە ماف و ئەركەكانی هاوڵاتیبووندا یەكسانە لەگەڵ موسوڵمانێكدا، بەڵام لایەنگیریی ئایینی، واتە پشتیوانیكردنی بانگەوازەكەی تایبەتە بە موسـوڵمان و برا ئایینییەكانی، خۆ گەر موسوڵمان لایـەنگیریی ناموسـوڵمان بكـات و بـە زیـانی ئیسلام و موسوڵمانان بشكێتەوە، ئەوا بە گوناهبار دادەنرێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا

[1] النويري(نهاية الأرب في فنون الأدب)ج١٦ص٣٤٨-٣٥١، دار الكتاب المصرية، القاهرة.

لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٥١)﴾ **المائدة: ٥١. واتە: "ئەی باوەڕداران: جوولەکە و نەصارا مەکەنە دۆست و گەورەی گیانیبەگیانیتان، ئەوان تەنها لەنێو خۆیاندا دۆست و گەورەی گیانیبەگیانیی یەکترن و بەس، هەرکەس لە ئێوە کارێکی وەها بکات، ئەوا دەبێتە یەکێك لەوان. بێگومان خودا هیدایەتی ستەمکاران نادات."**

**هەرچی لایەنگیری و پشتیوانیشە لەو بابەتانەی کە گەل _گەلی فرە ئایین_ تێیاندا هاوبەشە، ئەوە دەستووری دەولەتی مەدینە دانی پێدا ناوە و ڕێکی خستووە، وە دەبینین کە قورئان سەرکۆنەی چەند کەسێکی جوولەکە دەکات کاتێك داوا لە جوولەکەکانی دی دەکەن کە باوەڕ بە هیچکەسێك نەهێنن تەنها ئەوانە نەبێت کە شوێن ئایینی ئەمان کەوتوون:** ﴿ وَقَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٧٢) وَلَا تُؤْمِنُوا إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ الْهُدَىٰ هُدَى اللَّهِ أَن يُؤْتَىٰ أَحَدٌ مِّثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَاجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٧٣) ﴾ **آل عمران ٧٢ ـ٧٣. واتە: "هەندێك لە خاوەن پەرتووکە ئاسمانییەکان (جووەکان) وتیان: لە سەرەتای ڕۆژدا وەها خۆتان دەربخەن کە باوەڕتان هێناوە بە پەیامی ئیسلام و لە ئێوارەدا بڵێن: باوەڕمان پێی نەما، بەڵکو ئەمە وا لە باوەڕداران بکات پەشیمان ببنەوە، (هەروەها ئەو کەسانە دەڵێن): باوەڕ تەنها بەو کەسانە بکەن کە شوێن ئایینی خۆتان کەوتوون. ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ڕێگەی هیدایەتی ڕاستەقینە تەنها لای خودایە. (هەروەها ئەو کەسانە دەڵێن): پێیان مەڵێن کە کەسێکی تر هەیە شتێکی وەك ئێوەی پێ دراوە، تا لە ڕۆژی دواییدا نەیکەن بە بەڵگە بەسەرتانەوە. پێیان بڵێ: فەزل تەنها لەلای خودایە و بە هەرکەسی بوێت دەیبەخشێت، بەڕاستی خودا فراوانگیر و خاوەن زانینی بێسنوورە."**

بەم جـۆرە ئیسـلام جیـاوازی دەکـات لـەنێوان کۆمـەڵی بـاوەڕداران و کۆمـەڵی خاوەن پەرتووکە ئاسمانییەکاندا (أهل الکتاب)، لە لایەنگیریکردنیاندا بۆ ئایین، واتە بۆ پشتیوانیکردنی بانگەوازەکەی، پاشان هەموویانی کردوەتە یەك میللەت لە یەك دەوڵەتدا، بۆیە وەلانانی دەوڵەتی ئایینی بە مانا ڕۆژئاواییەکەی دەبێتە هۆی نەمانی پێویستیی هاوشێوەبوون و تاکئایینی گەل، ئیدی دەوڵەت جیاکاری دەکات لەنێوان (نەگۆڕە ئایینییەکان) و (گۆڕاوە دنیاییەکان)دا _سـەرەڕای پەیوەنـدیی نێوانیـان_ بەو جۆرەی کە میانڕەوی گشتگیری ئیسلامی بەرهەمی دەهێنێت کە ڕێگا دەدات بە جیاوازیی بیروباوەڕە ئایینییەکانی گەل، وەك لە داهاتووشدا ئاماژەی پێ دەکـەین، سەرباری ئـەوەی کـە کـۆکن لەسـەر (ئیسـلامێتیی دەوڵەتەکـە) بـەو شـێوازەی کـە پەیڕەوی ئیسلام وێنای دەکات.

ـ بەڵام ئەم دەوڵەتە (نائایینییـە) یـان (مـەدەنی)ە _بـە مانـا ڕۆژئاواییەکـەی_ دەوڵـەتێکی ئیسـلامییە! چـونکە دەوڵـەت نابێـت لـە ژیـانی کۆمـەڵی موسـوڵمانان دوابکەوێت و ناشگونجێت کە ئەم دوڵەتە ئیسلامی نەبێت .

لــە ڕاســتیدا پێویســتی دەوڵــەت بــۆ ســەرکردایەتیکردن و هەڵســوکەوتی سیاسـییانەی لەگـەڵ کۆمـەڵگادا و ڕێکخسـتنی پەیوەندییـەکان و چـاودێریکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە ڕووی پێشکەوتن و ئـاوەدانی و دەسـتەبەرکردنی قـازانج و دوورخستنەوەی زیان، پێویستییەکی واقیعیی بەڵگەنەویستە، بەو پێیەی کـە مـرۆڤ خۆی لەخۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و مەدەنییە، ئەمەش _سەرەڕای جیاوازیی ڕەگەز و شارستانێتی و بیروباوەڕ و قۆناغەکانی _ بە لێوردبوونەوەکان لە واقیعیـی مرۆیی سەلمێنراوە، هەرچەندە شـێوازەکانی دەوڵـەت لـە ڕووی ئاسـتی سـادەیی و ئاڵۆزییەوە جیاوازیش بن، چونکە خەڵکی لە پشێوی و بێگەورەییدا داناساچێن.

سەبارەت بەوەی کە دەوڵەت لە چوارچێوەی کۆمـەڵگای ئیسـلامیدا پێویسـتە (دەوڵەتێکی ئیسلامی) بێت، ڕاستییەکە کە ناکرێـت کەسـە ژیرەکـان کێشمەکێشـی

لەسەر بکەن، ڕاستە کە قورئـانی پـیرۆز دەوڵـەتی نەکردووەتـە فـەرزێك لـە فـەریزە ئیسلامییەکان و لە ئیسلامدا بە یەکێك لە بناغەکانی باوەڕ یان پایەیەك لە پایەکانی ئیحسان دانەنراوە _وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا_ بـەڵام هـەر ئـەم قورئانـە چـەندین فەریزە و واجبی ئەوتۆی لەسەر موسوڵمانان پێویست کـردووە کـە ئەسـتەمە بـەبێ بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلام و چەسپاندنی ئیسـلامێتیی ئـەو دەوڵەتـە بتـوانن پێیـان هەستن و مافی خۆی پـێ بـدەن، ئـەوەتا هەنـدێك فـەریزە و واجبگـەلی ئیسـلامی و بناغەی شەرعیی وەك مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) بوونیان هەیـە کـە چەسـپاوی ئـاییین، جێبــەجێکردن و ڕەچاوکردنیشـیان لــە کۆمەڵگەیەکـدا کــە دەوڵەتەکەی ئیسلامی نەبێت ئەستەمە. وە هەنـدێك مـاف هـەن کـە مـافی خـودان، سزاگەلێکیش(الحدود) هەن کە بە بەڵگـەی قورئـانی و یەکلاکـەرەوە چەسـپاون، وە پاشکۆکانیشیان بە هەمان شێوە، بەشێك لەمانە ناکرێت ئیجتهاد و گۆڕانکاری تێـدا بکرێت، چونکە یان پەیوەستن بە نەگۆڕەکانەوە یان ژیریـی مـرۆڤ لـە درککـردن بـە حیکمەت و هۆکاری ئەو فەرمانە، ئەم جۆرە ماف و سزا و سنوورانەش بەبێ بـوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی جیبەجێ نابن. بۆ نموونە:

کۆکردنەوەی زەکـات لـە سەرچـاوەکانیەوە و گەیانـدنی بـە شـوێنی مەبەسـت. هەروەها تۆڵەی جەستەیی شەرعی (القصاص ـ قیصاص) بە هـەموو بنەماکانیـەوە وەك شاهیدی ڕاست، ڕێکخستنی دادگا، بە یاسـاکردنی ئـەو حوکمانـەی کـە دەقـی قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەریان لـەبارەوە هـاتووە، وە دەرکردنـی یاسـا بـۆ ئـەو پرسـانەی کـە دەقیـان لەسـەر نییـە بـە ئامـادەکردنی دەسـتەیەکی یاسـادانەر کـە پێویستە ئینتیمایەکی ئیسلامییانەی هەبێت و وەلائی بۆ شەریعەتی ئیسلامی بێت و ڕەچاوی بەرژەوەندییە ئیسلامییەکان بکـات بـە جۆرێـك کـە ببێتـە مایـەی سـوود و نەبێتە هۆکاری زیـان و زیانبەخشـی. هـەروەها بـە کرداریکردنـی فـەریزەی ڕاوێـژی ئیسلامی لە کاروباری موسوڵماناندا، هەستان بە فەریزەی بانگەوازکردنی ئیسلامی و

پاراستنی ئازادیی ئەو بانگەوازە، وە تێکۆشان (جهاد) لەپێناو ئەو ئازادییەدا، وە تێکۆشان لەپێناو پاراستنی خاك و سامان و بەرژەوەندی و ڕۆڵەکانی موسولماننندا. هەروەها جێبەجێکردنی فەریزەی زانستخوازی و ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردن و گەشەپێدان، لەپێناو بەدیهێنانی ویست و حیکمەتی خودادا لە بەجێنشینکردنی مرۆڤ لەسەر زەوی، وە جێبەجێکردنی ئەو ئایەتە قورئانییەی کە گوێڕایەڵیی موسولمانان بۆ لێپرسراوەکانیان واجب دەکات، هاوکات لەگەڵ فەرمانی قورئاندا بۆ فەرمانڕەوایان _بەرپرسانی دەوڵەت_ کە پێویستی کردووە لەسەریان بەرامبەر بە گەل ئەمانەتپارێز بن: ﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (٥٨) ﴾ **النساء ٥٨**. واتە: "بێگومان خودا فەرمانتان پێ دەکات کە ئەمانەتەکان بدەنەوە دەستی خاوەنەکانیان و هەرکات فەرمانڕەواییتان بەسەر خەڵکییەوە کرد، بە دادگەری بجووڵێنەوە، بێگومان خودا هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت."

قورئانی پیرۆز تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە دان بە بوونی لێپرسراوانی دەوڵەتدا بنێت، بەڵکو سنوور و سروشتی کارەکانی ئەوانیشی دیاری کردووە، کە بریتییە لە ئەمانەتپارێزی و بەرپاکردنی دادگەری _بە واتا ئیسلامییەکەی_ وە بە ئاشکرا و ڕوونی ئاماژەی بە پێویستیی موسڵمانێتی فەرمانبەدەستان کردووە، ئەوەش لە ڕێگەی دیاریکردنی سروشتی ئیسلامی ئەرکەکانیان، پاشان ڕێنمایی قورئانی پیرۆز بۆ گەل لە ئایەتی دواتردا کە تێیدا لەسەریان پێویست دەکات گوێڕایەڵیی ئەو بەرپرسانە بن کە هەڵدەستن بە پاراستنی ئەو ئەمانەتانەی سەرشانیان: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (٥٩)﴾ **النساء ٥٩**. واتە: "ئەی باوەڕداران: گوێڕایەڵیی خودا و پێغەمبەر و خاوەن کاروبارەکانتان بن، هەر کاتێکیش ڕاجیاییتان هەبوو لەسەر بابەتێك، ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ خودا و

پێغەمبەر، گەر باوەڕتان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێت، ئەم کارەش باشترە و جوانترە بۆ چارەسەری کارەکانتان."

گەر لە زاراوە قورئانییەکەدا واتای (أولو لأمر) تەنها لە (دەوڵەت) و (لێپرسراواندا) کورت نەبووبێتەوە و کەسانی خاوەن ڕا و دەسەڵات گەل لە گشت پسپۆڕی و بوارەکاندا بگرێتەوە ئەوا ئەم ئایەتە مەرجی ئەوەشی بۆ داناون، کە دەبێت خاوەنی پەیامی ئیسلامی بن ئەمانەتە ئیسلامییەکان ڕادەستی خاوەنەکانیان بکەنەوە و دادگەریی ئیسلامی بۆ خەڵکی بەرپا بکەن. وە بۆ ئەوەی کە گەل گوێڕایەڵیان بێت و پێویستە موسوڵمان بن و لە (ئوممەتی ئیسلام) بن. دەفەرمێت (أولي الأمر منكم)، کەواتە گوێڕایەڵی بۆ هەموو وەلی ئەمرێك نییە، وە ئایەتەکەش زۆر بەڕوونی جەختی لەسەر ئەم واتایە کردووەتەوە، ئەمەش بە دیاریکردنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) وەك مەرجەع و حاکم لە کاتی دروستبوونی ڕاجیایی و کێشمەکێش لەنێوان گەل و فەرمانڕەوادا، ئەم مەرجەعییەتەش هەژموون و ڕەوایەتی وەرناگرێت گەر دەوڵەت و دەسەڵات ئیسلامی نەبێت، قورئان دەفەرمێت: ﴿ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ واتە: "ئەگەر لەسەر بابەتێك ڕاتان جیاواز بوو، ئەوا لەو بابەتەدا بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەر." بگرە بەپێی ئەم ئایەتە (ئسلامێتی) _هزری دەوڵەت_ مەرجەع و حوکم یەکێکە لە پێویستی و خواستەکانی باوەڕ بە خودا و ڕۆژی دوایی، بەم جۆرە قورئان (ئیسلامێتی دەوڵەت) و ئیسلامێتیی گشت سەنتەرەکانی سەرکردایەتی و ئاراستەکردن و کاریگەری _هەر لە سەرکردایەتی و دامەزراوەکانەوە تا زانیاری و زانستەکان_ وە ئیسلامێتی مەرجەعییەت و ڕەوایەتیی ئەنجامی واقیعی ئایین و ئایندارییە: باوەڕبوون بە خودا و ڕۆژی دوایی!

بەم جۆرە دەبینین کە هەرچەندە دەوڵەت یەکێك نییە لە فەرزە ئایینییەکان و پایەیەکیش نییە لە پایەکانی ئایین، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونیدا هیچ ڕێگایەك

نامێنێتــەوە بــۆ جێبــەجێکردنی فــەریزە قورئــانی و کۆمەڵایەتییــەکان و واجبــە ئیسلامییە کیفائییەکان (واتە ئەو واجبانەی لە تێکڕای کۆمەڵ چەند کەسێك بیکەن، ئیتر کۆمەڵەکە گوناهی لەسـەر لا دەچـێت، بـەڵام ئەگـەر کـەس نـەیکات، هـەمووی گوناهبار دەبێت)، کە لەسەر گشت ئوممەت پێویست کراوە، نەك تەنها تاکەکـەس، وە لـــەڕێی کۆمەڵـــەوە نـــەبێت ناتوانرێـــت جێبـــەجێ بکـــرێن، وە لـــە کـــاتی جێبەجێنەکردنیشیدا سەرجەم ئوممەت گوناهبار دەبێت، هەر بۆیە پێویسـتییەکەی تەنانەت لە فـەڕزە عەینـەکانیش زیـاترە! کەواتـە بۆیـە بـوونی دەوڵـەتی ئیسـلامی پێویستە، چونکە ناکرێت واجبە ئایینییەکان بەبێ ئەو جێبەجێ بکرێن وە (ما لا یتم الواجـب الا بـە فهـو واجـب)، وە پێویسـتیی ئیسلامیبوونیشـی لـەوەوە سەرچـاوە دەگرێت کە ئەستەمە بتوانێت بە ئەرکەکانی _کە ئەرکگەلی ئیسـلامین_ هەسـتێت، ئەگەر بێت و خۆی ئیسلامی نەبێت. دەرەنجام: (واجبێکی (ئیسـلامی_مەدەنییـە)، داواکـاری و پێویسـتیی ئـەو واجبـە ئایینییانەیـە کـە خـودا لـە ئیسـلامدا لەسـەر باوەڕداران دایناوە.)

لە ڕاستیدا ناچێت بە عەقڵی کەسدا و جێی بڕواش نییە، کە فەلسەفەی لیبراڵـی حوکمی کۆمەڵگەیـەك بکـات بـەبێ بـوونی دەسـەڵاتێك و دەوڵـەتێکی لیبراڵـی، یـان (فەلسەفەی تۆتالیتاری _ مارکسی) یان (فاشی) حوکمی کۆمەڵگەیەك بکـەن بـەبێ دەسـەڵاتێك و دەوڵـەتێك کـە سـەر بـەو فەلسـەفانە بـن، وە بەرنامـە و پـەیڕەویان لەوانەوە سەرچاوەی نەگرتبێت. ئەمە بۆ جیهانی ئیسلامییش بـە هـەمان شـێوەیە. ئەستەمە بوترێت کە: ئیسلامێکی گشتگیر بەرپا دەبێت بەبێ بـوونی دەسـەڵاتێك و دەوڵەتێکی ئەوتۆ، کە سەرچاوەکانی ڕینوێنی و کاریگەری و ئـەو پەیڕەوەشـی کـە ئینتیما و لایەنداری پێ دەبەخشێت.

لێرەدا ڕەنگە هەندێك لە توێـژەران بپرسـن _لەڕاسـتیدا دەشپرسـن_ کـە ئایـا بەمەرجـدانانی ئیسـلامیبوونی دەوڵـەت نابێتـە هۆکـاری قـۆرخکردنی ئـەم دەوڵەتـە

لەلایەن پارتێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێکی تایبەتەوە؟ یان سەرەنجام نامانباتەوە بەرەو کاهینێتی و ئەکلیرۆس _لانی کەم بە شێوەیەکی کرداری_ هەرچەندە ئەمە نامۆش بێت بە پەیڕەو و تێڕوانینی ئیسلامی؟

ئەمە پرسیارێکە شایانی گرنگیپێدانە، زۆربەی جار لە (ڕاڕاییەکی بێگەرد و دڵسۆزانە)ەوە هەڵدەقوڵێت، وە پێویستیشە کە پەیڕەوی ئیسلامی هۆکارەکانی دڵنیایی پێشکەش بە هەڵگرانی بکات، لەو ڕاستییانەی کە ڕێگرن لەبەردەم وابەستەبوونی (ئیسلامێتیی دەوڵەت) بە قۆرخکردنی دەسەڵاتەوە لەلایەن پارتێکی دیاریکراو یان دەستەیەکی تایبەتەوە، بۆ نموونە:

ا- یەکلابوونەوەی ئەوەی کە دەوڵەت بە یەکێك لە بناغەکانی ئایین و بیروباوەڕ دانانرێت و یەکێکیش نییە لە پایەکانی، دەیخاتە خانەی لقەکانەوە کە ئیجتیهادی تێدایە، بگرە زۆربەی بەرهەمی ئیجتیهادە، کەواتە دەوڵەت، بە دەوڵەتەکەی پێغەمبەریشەوە(دروودی خودای لەسەر بێت) کە لە مەدینە درووستی کرد، ئیجتیهادییە و مرۆییشە، بیرکردنەوە و جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکان نە بۆ خۆی و نە بۆ گرووپێك لە خەڵکی قۆرخ ناکات، هەرکەسێك کە توانای دەستکەوتنی مافەکانی بیرکردنەوە و جێبەجێکردنی هەیە، ئیدی هەمووان بۆیان هەیە کێبڕکێ بکەن (وفي ذلك فليتنافس المتنافسون) بەبێ هیچ قۆرخکارییەك.

ب- لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بەرزترین دەسەڵاتدار کەسێکە کە موجتەهیدە، ئەمەش ئەوپەڕی پلەیەتی، واتا لە پلەی بێهەڵەییدا نییە (مەعصوم نییە)، تەنانەت سیاسەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێت) لە کاروباری دەوڵەتدا ئیجتیهاد بووە، مەعصووم نەبووە، وە شوورایەك بووە بەپێی مەبەستەکانی شەریعەت و سنوورەکانی. ئەم فەرمانڕەوایە لەلایەن گەلەوە بە شوورای ئیسلامی هەڵدەبژێردرێت و پەیمانی پێ دەدرێت و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی یاسای ئیسلامی ڕادەست دەکرێت، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و پاراستنی ئایین، بە

سوودوەرگرتن لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت و کەسانی تری خاوەن ڕا و ژیری و بەرجەستە، هیچکام لەم کەس و لایەن و سەرکردانە بە بێهەڵە دانانرێن، بۆیە هیچ مەترسییەکی کاهینچێتی و قۆرخکاری بۆ دەسەڵات و خۆسەپێنی فەرمانڕەوا لە ئارادا نییە، وە بێهەڵەیی لە ئیسلامدا لە پاش پێغەمبەری خوا (دروودی خودای لەسەر بێت) تەنها بۆ ئوممەتەکەیەتی _کاتێك کە کۆدەنگ بن لەسەر پرسێك_ چونکە ئوممەتی ئەو هەرگیز لەسەر گومڕایی یەکدەنگ نابن.

ج ـ فەرزە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان - کە فەرزی کیفایەن ـ جەمسەری ئەرکەکانی دەوڵەتی ئیسلامین، ئەنجامدان و فەرمانپێکردنی ڕوو لە ئوممەتی ئیسلامی دەکات وەك ئوممەت، نەك وەکو دەستەیەك یان چینوتوێژێك لە خەڵکی، کەواتە هەر تاکێکی موسوڵمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی لەسەرە کە بەشدار بێت لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکانەدا، ئاییننێکیش حسابی پلەوپایەی پلەنزمترین تاکی کۆمەڵگە بکات، ئەوە گەورەترین دوژمنی کاهینچێتییە لە دەسەڵات و قۆرخکردنی دەسەلاتدا.

د- هەژمارکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بە بەشێك لە لقەکان (فروع) سیاسەتەکەی دەکاتە ئیجتیهادێکی مرۆیی کە بەتوندی بە بناغەکانی ئایین و فەرمانەکانی خواوە بەندە، بەڵام ئیجتیهادی سیاسی داهێنانێکی مرۆییە و ئەوانەی لێی بەرپرسن داهێنەرەکانین، کە مافی ئەوەیان نییە لافی ئەوە لێبدەن کە سیاسەت و حوکمکردنیان حوکمی خوایە، ئەمەش ڕێسایەکی ئیسلامیی ئەوتۆیە _کە بەتەنیا ئەم ڕێسایە_ زامنی مەودای نێوان فەرمانڕەوایانی ئیسلام و کاهینانە. پەیڕەوی ئیسلامی، تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا، پێداگریی لەسەر جیاکاری لەنێوان (حوکمی مرۆڤ) و (حوکمی خودا)دا کردوەتەوە، تەنانەت گەر هاوەڵانی پێغەمبەریش بن. ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) کاتێك کەسێکی دەکردە ئەمیر فەرماندە بەسەر سوپایەك یان مەفرەزەیەکەوە ڕایدەسپارد کە:

"ئەگەر قەڵایەکت گەمارۆ دا و خەڵکەکەی داوایان لێ کردی حوکمی خوایان بەرامبەر جێبەجێ بکەیت، حوکمی خوایان بەرامبەر جێبەجێ مەکە، بەڵکو حوکمی خۆت و هاوەڵەکانتیان بەسەردا جێبەجێ بکە، چونکە بەڕاستی تۆ نازانیت ئایا بەدروستی حوکمی خوایان بەسەردا جێبەجێ دەکەیت یان نا."

ـ بەدڵنیاییەوە (ئوممەت)ی ئیسلامی سەرچاوەی (دەوڵەت)ە، ئوممەت سەرۆك و دامودەزگاکان هەڵدەبژێرێت لە ڕێی کۆمەڵی هەڵبژێر (اهل الاختیار)ەوە، کە بەپێی بەرژەوەندی و نەریتی شوێن و کات دەستنیشان دەکرێن، بە جۆرێك ئامرازەکان وا لێ بکرێن کە ئامانجەکان دەستەبەر بکەن. ئوممەتی ئیسلامی سەرچاوەی دانانی دەقی یاسایی و تەشریعییە بۆ ئەو شتانەی کە (دەق) یان لەسەر نییە، ئەمەش لەلایەن کۆمەڵی خاوەن پرس و ڕا (اهل الحل والعقد _ اهل الاجتهاد)ەوە دەبێت، وە هەر ئەمانیش زامن و چاودێرن بەسەر دەوڵەت و دامەزراوە و سیاسەتەکانیەوە، وە خاوەنی دەسەڵاتی لێپێچینەوە و گۆڕانکاریکردنن، کەواتە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە _کە پێویستە بەپێی ئامانجەکانی شەریعەت و سنوورەکانی بن_ وە حوکم لە _لە دەوڵەتی ئیسلامیدا_ هی خوایە، لەڕێی ئوممەتەوە، کە کراونەتە جێنشینی خودا، نەك حوکمی تاکەکەسێك یان حیزبێك کە نوێنەرایەتیی خودا بۆ خۆی قۆرخ بکات، ئەم تێڕوانینەی پەیڕەوی ئیسلامی بۆ سەرچاوەی دەسەڵات، کاتێك دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، زامنی ئالوودەنەبوونی دەوڵەتی ئیسلامییە بە کاهینچێتی.

ـ ئاشنایی ئەزموونی کاروانی مێژوو و شارستانیەتی ئوممەتەکەمان لەگەڵ پەیڕەوی ئیسلامیدا، گەواهیدەرێکی ڕاست و دروستە لەسەر ڕادەی سەرکەوتوویی ئەم پەیڕەوە لە پاراستنی دەسەڵاتدا لە مەترسییەکانی کاهینی و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن سیستمی پیاوانی ئایینییەوە وە لەژێر سێبەری دەوڵەتی ئیسلامدا، ئەوەتا بە درێژایی مێژووی ئیسلامی کە فەرمانڕەوایەتی شەریعەت تێیدا

بالادەست بووە، (حکومەتی فەقیهـەکان)ی بەخۆیـەوە نـەبنیوە، بـەو واتایـەی کـە ڕۆژئاوا پێی ئاشنایە کە حکوومەتی پیاوانی ئایینییە.

ــ ئیمـامی مـالیکی کـوڕی ئەنـەس (٩٣ ـ ١٧٩ ك ، ٧١٢ ــ ٧٩٥ ز ) پێشـنیاری خەلیفە مەنسووری عەبباسی (٩٥ ــ١٥٨ ك ،٧١٤ــ ٧٧٥ ز ) ڕەت کردەوە سەبارەت بەوەی کە کتێبی (الموطأ) بکرێتە تاکە سەرچاوەی دادوەری (قضاء) لە دەوڵەتدا و وتی: "لە ڕاستیدا (الموطـأ) ئیجتیهـادی (مالیـك)ە، بـەلام هاوکـات لـەم ئوممەتـەدا مجتەهیدی دیکە و ئیجتیهادگەلی دی بوونیان هەیە." کەواتە نـەك تـەنها کاهینێـت، بگـرە (تاقانـەیی ئیجتیهـادیش) ڕەت کراوەتـە، تـەنها ئـەو ئیجتیهـادە نـەبێت کـە ئیجتیهادێکی بەکۆمەڵە و کۆدەنگیی لەسەرە، تا ئەو کاتەی کە کۆدەنگی لەسـەری بەردەوامە.

پەیڕەوی ئیسلامی _میانڕەو_ ئەو ململانێیەی کە لەسەر خیلافەت (دەسـەلات و دەوڵەت) لە سەرەتای ئیسلامدا ڕووی دا وەك (ڕاجیایی لە ئیجتیهادی سیاسـی)دا پۆلێن دەکات، پێشهات و هەڵوێستی ئەو دەستانە بە پێوەر و زاراوەکانی (پێکان و هەڵە) و (سوود و زیان) دەپێوێت، نەك بە پێودانگی ڕاجیایی ئایینی یان ڕاجیایی لە ئایینـدا، یـان پێـوەری بێبـاوەڕی و بـاوەڕ (کـوفر و ئیمـان)، لەمـەوە بۆمـان ڕوون دەبێتەوە گەر سیاسەتی ئیسلامی کاهینچێتی بووایە ئەم جیاکردنەوەیە نەدەکرا.

وە بوونی کەسێك بە سەرگەورە کە لە ڕووی ئایینییەوە _خۆپـارێزی ئـایینی و لەخواترسـی و خواپەرسـتییەوە_ لـە پلەیـەکی خـوارتردا بێـت، بـەو مەرجـەی لـە تێگەیشتنی واقیعی دنیایی و بەڕێوەبردنی ئـەو واقیعـەدا باشـتر بێـت لـە کەسـێکی پلەبەرزتر لە ڕووی ئایینییـەوە، بـە جۆرێـك بەرژەوەنـدیی گـەل دەسـتەبەر بکـات، پرسـێکە کـە بیرمەنـدانی ئوممـەت لەسـەری کـۆك و هـاوڕان _جگـە لـە باتینییـە ئیمامییـەکان_ وە گـەر بـەوردی سـەرنجی بـدرێت (مـەدەنی _ ئیسـلامی) تێبینـی دەکەین کە بوونی کاهینچێتی _ ئیسلامی ڕەت دەکاتەوە.

بۆیه کاتێك دەوڵەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و موعاویەی کوڕی دەکاتە فەرمانبەدەست، کەچی نە عەلیی کوڕی ئەبوتالیب _ئەو پیاوە بۆخواسوڵحاوە_ و نە ئەبوزەڕی غەفاری، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، دەربارەی دەفەرمێت: لەژێر ئاسمان و لەسەر زەویدا کەسێکی راستگۆتر نییە لە ئەبوزەڕ، ناکاتە فەرمانبەدەست، وە ئالأی جەنگ دەداتە دەست خالیدی کوڕی وەلید نەك ئەبووبەکری صدیق ...هتد، ئاشکرای دەکات کە فەلسەفەی حوکمی ئەم دەوڵەتە و هەڵبژاردنی کاربەدەستان گواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە ویلایەتی کەسی خوارتر _لەڕووی ئایینییەوە_ بە مەرجی باشتر هەستان بە ئەرکەکان، بەڵگەن لەسەر وەلانانی کاهینچێتی و قۆرخکاری کاهینانە لە پەیڕەوی حوکم و سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلامیدا.

سەرباری ئەمانە، لە پەیڕەوی ئیسلامیدا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە دەتوانین ناوی بنێین (سد الذرائع - پێشگیریکردن لە خراپە) وە هەروەها داخستنی هەموو ئەو ڕێچکانەی کە دەچنەوە سەر گومڕایی کاهینچێتی یان بۆنوبەرامەی قۆرخکردنی دەسەڵاتی لێدێت لە دەوڵەتی ئیسلامدا، بۆیە ئەگەر خیلافەت لە پاش وەفاتی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێت) بدرایە بە عەلیی کوڕی ئەبوتالیب _ڕەزای خودای لێ بێت_ کە شایانیشیەتی، ئەوا حوکمی سیاسی لە خانەوادەی پێغەمبەرایەتیدا دەمایەوە و ئەمەش ڕۆژێك لە ڕۆژان لای هەندێك کەس گومانی قۆرخکردنی دەسەڵاتی دروست دەکرد لە پەیڕەوی ئیسلامیدا، بەلأم وا دیارە کە هاوەڵان ئەم پرسە و چەند پرسێکی تریشیان _کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە_ ڕەچاو کردووە لە هێنانەدەرەوەی خیلافەتدا لە خانەوادەی پێغەمبەر، وە لە لقی هاشمییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێدانەوەیەدا گفتوگۆی نێوان عومەری کوڕی خەتتاب و عبداللەی کوڕی عەبباس دەخوێنینەوە کە عومەر دەست پێ دەکات و دەپرسێت: عومەر: ئەی عبدالله

ئێوە کەسوکاری پێغەمبەرن، وە ئال و ئامۆزایانی ئەون، چی دەڵێیت دەربارەی ڕێگریی کەسوکاری خۆتان لە ئێوە؟"

عبدالله: هۆکارەکەی نازانم ، سوێند بە خودا هیچمان لە دڵدا نییە بەرامبەریان چاکە نەبێت.

عومەر: لە ڕاستیدا خەڵکی پێیان باش نەبوو کە پێغەمبەرایەتی و خیلافەتیشتان تێدا کۆ بکەنەوە و تووشی لووتبەرزی و زیادەڕەوی بن، قوڕەیش شتێکی ڕاستی بۆ خۆی هەڵبژارد.

لە ڕاستیدا، ئەمە تەنها هەڵوێستی قوڕەیش نەبوو، لە پاش وەفاتی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) بەڵکو هەڵوێستێکە کە عومەری کوڕی خەتتاب لە ئەنجامی وردبوونەوەی قووڵی لە پەیڕەوی پێغەمبەراتیەتی و ئاراستەی هزری خودی پێغەمبەرەوە لەم بابەتەدا تێگەیشتبوو، پاشان عومەر بەردەوام بوو و بە ئیبن عەبباسی گوت: ...بە ڕاستی من بینیومە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) خەڵکی دەکردە کاربەدەست، بەڵام ئێوەی نەدەکرد، سوێند بە خودا نازانم ئایا ئێوەی لە کاربەدەستی دوور دەخستەوە و تووشتان نەبوو، سەرەڕای شایستەییتان؟ یان سڵی لەوە دەکردەوە کە بەهۆی ئەو کارەوە گلەیی و لۆمەتان بێتە سەر، بەدڵنیاییەوە گلەییش هەر دەبێت؟[1]

بە چاوپۆشیکردن لە هۆکاری ڕاستەقینەی لادانی خیلافەت لە عەلیی کوڕی ئەبوتالیب و خانەوادەی پێغەمبەر _لە سەرەتادا_ (پێشگیری لە خراپە) و داخستنی دەرچەکان، یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم وەلانانە، لەپێناوی ئەوەی کە پەیڕەوی ئیسلامی پاك بێت لە کاهینچێتی و قۆرخکردنی دەسەڵات.

---

[1] ابن ابي الحديد(شرح نهج البلاغة)ج١٢ ص٩، ج١ص٧١٩. د. محمد حسين هيكل(الفاروق عمر)ج٢،ص٢١٠_٢١٢، دار المعارف، القاهرة.

بۆ ئەو کەسانەشـی کـە ترسـیان لـەوە هەیـە کـە (ئیسـلامێتی دەوڵـەت) ببێتـە دەروازەیەك بۆ قۆرخکاری زانایـانی ئـایینی و فەقیهـەکان لـە دەوڵـەت و سیاسـەتی کۆمەڵگادا، ڕای ئیبن خەلدوون (٧٣٢ ــ٨٠٨ ك ، ١٣٣٢ ــ ١٤٠٦ ز ) دەخەینە پـێش چـاو، کـە هەرچـەندە گرنگیـدانی فەقیهـەکان _کـە خۆیشـی یەکێکـە لـەوان_ بـە سیاســەت و ئیجتیهادکردنیــان تیایــدا و کارکردنیــان پێــی ڕەت ناکاتــەوە، بــەڵام بۆچوونی وایە کـە کەسـانی زانسـتیی ئـایینی، وەك هـەموو ئەوانـەی کـە لـە هـزری تیۆریدا ڕۆ چوون، کەمترین شارەزایی کرداریيان هەیە لە کاروبـاری دەوڵەتـدا _لـە دەسەڵاتی جێبەجێکاردا_ چونکە پێویستیی بە عەقڵیەتێکی کردەیی هەیە، کـە لـە واقیعەوە سەرچاوەدەگرێت بێ ئەوەی کە واقیع لە تیۆردا نقوم ببێت، وەك ئەوانەی لە تیۆری ڕووتدا دەژین لەسەری ڕاهاتوون، کە لە ئەنجامدا پەیوەندییـەکانی نێـوان هزر و واقیع لەلایان ناساز دەبێت. ئیبن خەلـدوون بۆچـوونی وایـە کـە خاوەنڕایـانی هۆشیار (اهل النظـر) پێگـەی خۆیانیـان هەیـە، بـەڵام جیـاواز لـە پێگـەی کەسـانی جێبەجێکار، بۆیە ئیبن خەلدوون ئەم تێڕوانینە هزرییـەی خـۆی لـە بەشـێکدا بـاس کردووە لەژێر ناونیشانی (بەشێك دەربارەی ـ لەناو خەڵکیدا زانایان دوورترین کەسن لە سیاسـەت و قوتابخانەکانییەوەـ ، تێیـدا دەڵێـت: ...هۆکارەکـەش ئەوەیـە کـە: ئەوان ڕاهاتوون لە سەر تێڕوانینی هزری، ڕۆچوون لە واتاکاندا، داڕنینیـان لـە شـتە بەرهەستەکان، وە لـە زەینـی خۆیانـدا وەك کاروبـارێکی گشـتی و هەمـەکیی پـەتی دایانناوە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی و هەمەکی حوکم دەدەن بەسەریدا نەك بە جۆرێکی تایبەت بە بابەت و کەس و نەوە و میللەتێك یان جۆرێك لە خەڵکی، پاشان گشتگیرەکان بەسەر جیهـانی دەرەوەدا جێبـەجێ دەکـەن، وە بـە هـەمان شـێوازی پێوانەسازی فیقهی قیاسی فیقهی) کاروبارەکان لەسەر هاوشێوە وە هاوێنـەکانیان دەپێون، دەرەنجام تێڕواین و بڕیارەکانیان هەر لە زەیندا ماوەتەوە و دەقاودەقیش دەرناچێت تا بەوردی سەرنجی نەدرێت، بێگومان کە ئەوەی لە دەرەوەدایە دەبێتە

لقێکی لەوەی لە زەین و بیردا هەیە، وەك حوکمە شـەرعییەکان، کـە لقگـەلێکن لـە بەڵگە پارێزراوەکانی قورئـان و سـوننەت، یـەکانگیربوون لەگـەڵ جیهـانی دەرەوەدا دیدگە و تێبینییەکی جیاوازی هەیە لە زانستە عەقڵییەکاندا، کە ڕاسـتبوونی لەسـەر یـەکانگیربوونی لەگــەڵ جیهــانی دەرەوەدایــە، چــونکە ئــەوان لــە تێڕوانینــەکانی تریشیاندا _پرسە زهنی و تێڕوانینە هزرییەکان_ وا ڕاهاتوون کە جگە لەوانە هیچی دی ناناسن، بەڵام کەسی سیاسەتوان پێویستە ڕەچـاوی ئـەوەی دەرەوە و حاڵەتـە پاشــکۆکانی و پاشهاتەکانیشــی بکــات ، چــونکە شــاراوەن و ڕەنگــە ببنــە هــۆی ڕێگریکرن لە پەیوەستکردنیان بە هاوشێوەیەك یـان هاوێنەیەکیانـەوە، وە ڕەنگـە پێچەوانەی ئەو گشتگیرییە بێت کە هەوڵ دەدرێت جێبـەجێ بکرێـت بەسـەریدا، وە هیچ شتێکیش لە کاروباری ئاوەدانی و بونیاتنان بەوی دی پێوانە ناکرێـت، چـونکە وەك چۆن لە پرسێکدا وێکچوون، دەشێ لە پرسگەلی دیدا جیاواز بن، لـە ئەنجامـدا بەهۆی ڕاهاتنی زانایانەوە بـە گشـتاندنی حوکمـەکان و پێوانـەکردنی پرسـەکان بـە یەکـدی، کاتێـك لـە سیاسـەت دەکۆڵنـەوە دەیخەنـە قـاڵبی تێـڕوانین و شـێوازی بەڵگەهێنانەوەکانی خۆیانەوە، بۆیە زۆر جار تووشـی هەڵـە دەبـن و ناکرێـت لێیـان بێخەم بین، بە هەمان شێوە کەسانی زیرەك و ژیری وڵات، هەوڵ ئەدەن بە زیرەکیی خۆیان وەك زاناکانی فیقهی ئیسلامی بن لە قووڵبوونەوەی واتاکان و پێوانەسـازی و لاساییکردنەوەدا، بەڵام دەکەونە هەڵەوە.

کەسـانێکیش موجتەهیـد نـین، کەسـانی ئاسـایی ژیـری مامناوەنـد و خـاوەن سروشـتی دروسـتیش _بـەهۆی کـورتی و ڕانـەهاتنی بیرییـەوە_ بـۆ هـەر بابەتـە و حـوکمی خـۆی دەدات بەسـەردا، وە هـەروەها بـۆ هـەر کـەس و جـۆر و بـارێکیش، حوکمەش بە قیاس و گشتاندن تێناپەڕێنێت، وە زۆربەی ڕوانینـەکانی لـە مێشـکیدا لە بابەتە بەرجەسـتە و درکپێکراوەکـان بـەدەر نییـە، وەك مەلـەوان کـە لـە دەمـی هەستانی شەپۆلدا لە وشکانی جیانابێتەوە، بۆیە لە تێفکرینی سیاسەت پـارێزراوە،

ڕێکوڕەوانە لە هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە هاوڕەگەزانی. ئیتر بژێوی باش دەبێت و بەهۆی دید و هزری راست و دروستی ئافات و زیانی. دیارە لەسەرووی هەر زانایەکەوە زانایەکی لەو زاناتر هەیە.[1]

ئەوەش گەواهیدانی فەقیهێکە  کە چەندەها جار سەروکاریی لەگەڵ سیاسەتی جێبەجێکردندا هەبووە، دواتر ئەم گەواهییەی دەرەنجامی شارەزایی ئەو بووە لە لێکۆڵینەوەی تیۆری و هەروەها شارەزایی لە جێبەجێکردندا، ئەمەش شایەتیدانێکی دادگەرانەیە بۆ هەموو لایەنەکان و پێگەی گونجاو بۆ هەریەك لە لایەنەکانیش دیاری دەکات.

پێش ئیبن خەلدوون وێناکردنی (باتینی ئیمامی)مان بینی کە وێناکردنێکی (تیۆری _ پەتی)یە سەبارەت بە پێشەوایەتی، کە لە ڕاستیدا خەونێکی نموونەییە بە فریادڕەسێکی نموونەییەوە، بە جۆرێکی وا کە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەو و واقیع و بەکرداریکردندا بوونی نییە.

بەر لە (باتینی ئیمامی)ش زێدەڕەوی خەواریجەکان مان بینی سەبارەت بە دەسەڵاتدارێتی و تەکفیرکردن بە بیانووی سەرپێچیکردنەوە، کە (بیرێکی ڕووتی زەینی)ی بوو وە لە ئەنجامی چاکەخوازی و لەخواترسی و پەرستشەوە لە مێشکی هەندێك لەوانەی قورئانیان لەبەر بوو _کە لە سەرەتاکانی خەواریج بوون_ بەڵام نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، بگرە کاتێك کە ویستیان بە زەبری شمشێر بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە بوویە بەڵا بۆ هەڵگرانی و بۆ گشت ئوممەتیش.

بەم شێوەیە میتۆدی ئیسلامی پەیوەندییەکی سرووشتی و پتەوی لەنێوان (ئایین) و (دەوڵەت)دا درووست کرد، بە جۆرێك کە نە ناتەبایی و دژیەکبوونی تێدایە نە هەڵگری کاهینچێتییشە.

---

[1] ابن خلدون(المقدمة)ص٤٥٠-٤٥١.

دەوڵەتێکی: ئسلامییە، چونکە شـەریعەتی ئیسـلامی _کـە دانـراوی خودایـە_ فەمانڕەوایە لە سیاسەتەکەیدا، وە لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتێکی مەدەنییە، چونکە ئیجتیهادێکی ئیسـلامییە لـە لقەکانـدا کـە لـەژێر فـەرمانی ئامانجـەکانی شـەریعەتی ئیسـلامی و سـنووری ئەودایـە. بـەم پێیـە، نموونەیـەکی تاقانەیـە، چـونکە تـەنها پەیڕەوی ئیسلامی توانیویەتی ئەوانەی کە دەشـێ کـۆ بکرێنـەوە و تـەبابن، کۆیـان بکاتەوە و تەبایان بکات، کە پێویستە لە سیفاتەکان و بەشەکانی جەمسـەرەکانەوە کۆ بکرێنەوە کە لە دیدی پەیڕەوی شارستانێتی ڕۆژئاوادا ناتـەبان و هـیچ ڕێگەیـەك نییە بۆ کۆکردنەوەیان، چجای برایەتی و هاوپشتی و گونجاندنیان.

فەرمانڕەوایەتیی خودا _لـە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا_ ڕادەسـتی ئوممـەت کـراوە _کـە جێنشـینی خودایـە_ وە ئیمـام ئـیبن حـەزم (٣٨٤ ـ٤٥٦ ك ،٩٩٤ ـ ١٠٦٤ ز ) ڕاستی فەرمووە، کە دەڵێت: "بە ڕاستی یەکێك لە حیکمەتەکانی خـودا بریتییـە لـە حوکمدانەدەست مرۆڤەکان کە خودا نین."

***

# ڕاوێژی مرۆیی و شەریعەتی خودایی

لە میتۆد و پەیڕەوی ئیسلامیدا، لەنێوان سنوور و بازنـە و بابەتـەکانی ڕاوێـژی مرۆیی لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە شەریعەتی خوداییین، خودای پاکوبێگـەرد داینـاون، ناتەبایی و تێکەڵکردن بوونی نییە، تاکو ئەو فەرمانڕەواییەی خودا بەرجەستە بێت کە هەژموونی زاڵە بەسەر مرۆڤ و ئەو واقیعەی تێیدا دەژی.

فەرمانڕەوایـەتیی خـودایی، کـە خـۆی لـە بناغـەکانی شـەریعەت و ئامـانج و سنوورەکانیدا دەبینێتەوە، لە ڕەگەزی فەرمانڕەوایەتیی مرۆڤ نییە، کـە خـۆی لـەو پرسانەدا دەبینێتەوە کە بابەتی ڕاوێژی مـرۆڤن. چـونکە فەرمانڕەوایـەتیی خـودای حاکمیەتی (الفعّال لما يريد)ە، ئەو زاتەی لێی ناپرسرێتەوە دەربـارەی هـەر کارێـك کە دەیکات، کە بە حیکمەتی خۆی ویستی لەسەر ئەوە بووە پەیامی موحەممەدی، کـە دوا پەیامـە، مەرجـەکانی شایسـتەیی نـەمری دنیـایی تێـدا بێتـە دی، تـا نەسڕدرێتەوە، تا ئەم فەرمانڕەوایەتییە خواییە، لە گۆڕاوە دنیاییەکاندا، لەگەڵ ئەو بابەتـە گشـتی و فەلسـەفە و فەرمانانـەدا بێـت کـە پەیوەسـتن بـە بەرژەوەندییـە جێگیرەکانەوە، بەمەش ببێتە ئـەو چوارچـێوەیەی کـە پارێزگـاری لـە ئیسـلامێتیی ڕاوێژی مرۆڤ دەکات، گەر ئەم شوورایە پابەنـدی سـنووری ئـەم چوارچـێوەیە بـوو. ئەوە فەرمانڕەوایەتیی باڵایە کە لـە پرەنسـیپەکانی شـەریعەتی خـوایی و سـنوور و مەبەستەکانیدا دەردەکەوێت، کە ڕێکخـەر و پێـوەری ئیسـلامێتیی ڕاوێـژی مرۆڤـە. ئەمەش ڕاوێژی جێنشینە و سنووردارە وە بابەتەکانیشـی دیـاریکراون، بـە حـوکمی پێگەی ئەم جێنشینە لە گەردووندا و بەپێی بڕگەکانی پەیمانی بوون بە جێنشـینی، سەبارەت بە ئاوەدانکردنـەوەی ئـەو گەردوونـەی کـە تێیـدا دەژی، لـەبریی خـودای گەورە، لێـرەدا و لـە دیـاریکردنی (پەیوەنـدیی نێـوان ڕاوێـژی مرۆیـی و شـەریعەتی خودایی، پێگەی مرۆڤ لەم گەردوونەدا _پێگەی جێنشینی خودایە_ وە دیاریکردنی

بازنه و سەرپشکبوونی وه پەیوەندیی (جێگیرەکان) بە (گۆڕاوەکان)ەوه ...هتد تایبەتمەندێتییەکانی میتۆد و پەیڕەوی ئیسلامی دەردەکەوێت، بەمەش ناتەبایی و تێکەڵبوون (لەنێوان فەرمانڕەوایەتیی خودایی _کە لە شەریعەتدا خۆی دەبینێتەوە_ لەگەڵ بابەتی شوورای مرۆییدا) دەڕەوێتەوە.

قورئانی پیرۆز ئەوەی دیاری کردووه کە فەرمانڕەوایەتیی خودایی گەورەیی و مەرجەعییەتی باڵای هەیە لە ژیانی ئەم مرۆڤە جێنشینەدا، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوا أَنفُسَهُمْ جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا (٦٤) فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (٦٥)﴾ النساء ٦٤ -٦٥. واتە: "هەموو پێغەمبەرێکمان بۆ ئەوه ناردووه کە بە ئیزنی خودا مرۆڤەکان گوێڕایەڵی بن، هەر کاتێکیش مرۆڤەکان ستەمیان لە خۆیان کرد بە گوناهەکانیان و پاشان هاتنە لای تۆ بۆ دەربڕینی پەشیمانی و داوای لێخۆشبوونیان لە خودا کرد و پێغەمبەریش داوای لێخۆشبوونی بۆ کردن لە خودا، ئەوا بۆیان دەردەکەوێت کە خودا تەوبەوەرگرە و میهرەبانیشە." وە دەفەرمێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (٥٩) ﴾ النساء٥٩ . واتە: "ئەی باوەڕداران: گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر و خاوەن کاروبارەکانتان بن، هەر کاتێکیش ڕاجیاییتان هەبوو لەسەر بابەتێك، ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ خودا و پێغەمبەر، گەر باوەڕتان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێت، ئەم کارەش باشترە و جوانترە بۆ چارەسەری کارەکاکانتان."

وە دەستووری یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی _(پەڕاو - نووسراو، الصحيفة - الكتاب)_ لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) دەڵێت کە مەرجەعییەت بۆ ئەم فەرمانڕەوایەتییە ئیسلامییەیە کە لە شەریعەتدا بەدەر

دەکەوێت: (هەر پێشهاتێك یان کێشە و پێکهەڵگژانێك لەنێوان کەسانی ناو ئەم پەڕاوەدا ڕوو بدات کە مەترسیی خراپەی لێ بکرێت، ئەوا هەواڵە بە خوا و بە موحەممەدی پێغەمبەری خوا دەکرێت (دروودی خودای لەسەر بێت.)[1]

ئەوە پێگەی فەرمانڕەوایەتی خواییە، پێگەی یەکەمین مەرجەعییەت و دەسەڵاتی باڵا و پرەنسیپەکانی یاسادانان، ئەو چوارچێوەیەی بۆ ڕاوێژی مرۆیی دیاری کراوە، وە ئەو ڕەنگ و شێوازە خوداییەی کە پێویستە داهێنانەکانی مرۆڤ و دەسەڵاتەکانیانی پێ ڕەنگ بکرێت وەك جێنشینانی خاوەنی ئەو فەرمانڕەوایەتییە، لە ئاوەدانکردنەوەی گەردوون بەپێی ئەو پەیڕەوە ئیسلامییەی کە بڕگەکانی پەیمانی جێنشینی دەهێنێتە دی.

لەم چوارچێوەیەدا (چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتیی خودایی)، بەو جۆرەی کە لە شەریعەتی خواییدا خۆی دەبینێتەوە، لە پەیڕەوی ئیسلامیدا خودا فەرزی کردووە لەسەر مرۆڤ کە هەستێت بە هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتەی کە سەرشانیەتی، وە ژیانی تاکەکەسی و خێزانی و کومەڵایەتیی خۆی، هەروەها پێشەوایەتیی کۆمەڵگا و دەوڵەتداری و ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەهۆی دەسەڵاتی جێنشینییەوە لە ڕێی ڕاوێژی مرۆییەوە بکات، ئەو ڕاوێژەی کە پێویستە پابەند بێت بە سنوورەکانی حاکمیەتی خوداوە. ئەم ڕاوێژە لەلایەن خوداوە فەریزەیەکی خوایی پێویستکراوە، نەك ئەوەی کە تەنها مافێك بێت لە مافەکانی مرۆڤ.

ئەمە فەرمانی خودای گەورەیە، تەنانەت بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکەشی، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ (١٥٩)﴾ آل عمران ١٥٩. واتە: "بە میهرەبانیی خودا تۆ نەرمونیان

[1] ( مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة)ص١٥-٢١.

بوویت لەگەڵ خەڵکی، ئەگەر کەسێکی زبر و دڵرەق بوویتایە ئەوان لێت دوور دەکەوتنەوە، تۆ لێیان ببوورە و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە و ڕاوێژیان لەگەڵ بکە، هەرکات لەسەر بڕیاردان یەکلا بوویتەوە، پشت بە خودا ببەستە، بێگومان خودا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە پشت بە خودا دەبەستن."گەر یەکلابوونەوەی بڕیار (عزم) ئەو بڕیارە بێت کە نیشانەی نزیکی ڕاپەڕاندنە، کەواتە ڕاوێژ پێشەکییە سرووشتی و پێویستەکەی ئەم بڕیارەیە (عزم) و بەدیهێنەری سروشتەکەیەتی.

ئەم شوورایە، هەر وەك چۆن فەریزەیەکی خواییە لە سیاسەتی دەوڵەت و کاروباری کۆمەڵی مرۆیی گەلدا، لە بازنەی خێزانیشدا بە هەمان شێوەیە، وەك خشتێك وایە لە کۆشکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئەو ڕێگایەیە کە ڕەزامەندی و خۆشبەختی و تەبایی بۆ خێزان دەستەبەر دەکات . ﴿ وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٣٣)﴾ البقرة ٢٣٣. واتە: "دایکان شیر ئەدەن بە منداڵەکانیان بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو، بۆ ئەوەی بیەوێت شیردان بەتەواوی بگاتە ئەنجام، رزق و جلوبەرگی مناڵەکانیش لەسەر باوکی مندالانە و بەدەر لە توانای هەرکەسێك تەکلیف ناکرێت، نابێت بەهۆی منداڵەوە زیان بە هیچ دایکێك و باوکێك بگەیەنرێت و هەمان مافیش بۆ واریس هەیە، ئەگەر ژن و مێردیش ویستیان بە ڕەزامەندیی هەردووکیان و ڕاوێژ لە یەك جیا ببنەوە، ئەوا کارێکی باش دەکەن، هەرکات ویستیشتان دایەن بگرن بۆ مناڵەکانتان، ئەوا کێشە نییە، بە مەرجێك مافی دایەنەکان بدەن بەباشی، تەقوای خودا بکەن و بشزانن کە بێگومان خودا ئاگای لە کارەکانتانە."

له سیاسەتی گەل و دەوڵەتدا فەرزە، بگرە لە گوێڕایەڵیی ئەندامانی گەلدا بۆ فەرمانبەدەستان، وەك ئیمامی ابن عطیة (عبدالحق بن غالب المحارثي) ( ٤٨١ ـ ٥٤٢ ك ، ١٠٨٨ ــ ١١٤٨ ز ) دەڵێت: "بەڕاستی ڕاوێژ لە بناغەکانی شەریعەت و حوکمە براوە و یەکحوکمەکانە، بۆیە هەرکەسێك کە ڕاوێژ نەکات بە زانایان و ئایینپەروەران ئەوا لابردنی پێویستە، ئەمەش لەو بابەتانەیە کە ڕاجیایی تێدا نییە."[1] بە هەمان شێوە لە بازنەی خێزانیشدا. لە پەیڕەوی ئیسلامیدا پێگەی ڕاوێژ گەیشتۆتە ئاستێك کە بە یەکێك لە ئاکارەکانی باوەڕ و باوەڕداران دادەنرێت: ﴿ ٣٩ فَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٣٦) وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ (٣٧)وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (٣٨) وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنتَصِرُونَ (٣٩) ﴾ الشورى ٣٦ ــ٣٩ . واتە: "ئەوەی بە ئێوە دراوە، زینەت و کاڵایەکی ژیانی دونیایە و ئەوەی لای خودایە باشترە و بەردەوامترە بۆ ئەوانەی باوەڕدارن و پشت بە خودا دەبەستن، ئەوانەش خۆیان لە گوناهی گەورە و کاری ناشیرین دەپارێزن و لە کاتی تووڕەییدا لێبوردنیان هەیە، ئەوانەش کە وەڵامی پەروەردگاریان داوەتەوە و نوێژ دەکەن و کاروباریان بە ڕاوێژە و لەو ڕۆزییەش دەبەخشن کە ئێمە پێمان بەخشیون، ئەوانەش کە دەسدرێژییان بکرێتە سەر دژی دەوەستن و بەرگری لەخۆیان دەکەن، کەواتە یەکێکە لە سیفەتە ڕیشەییەکانی باوەڕداران.

تەنانەت لە دەربڕینە قورئانییەکەی ئەو دوو ئایەتەدا کە تێیاندا باسی (أولي الأمر فەرمانبەدەستان ) کراوە، تێبینیی دەکەین کە بە شێوازی کۆ باس کراوە نەك بە تاك: ﴿ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ﴾ النساء٥٩ . واتە:

[1] القرطبي(الجامع لأحكام القرآن)ج٤ص٢٤٩.

"گوێڕایەڵیی خودا و پێغەمبەر و کاربەدەستانی خۆتان بن." وە دەفەرمێت: ﴿ وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا (٨٣) ﴾ النساء ٨٣. واتە: "هەرکات هەواڵێکی بابەتی ئاسایش یان ترسیان پێ بگات، بڵاوی دەکەنەوە و ئەگەر لەبری ئەوە بیاندایەتە دەستی پێغەمبەر و کاربەدەستانی خۆیان باشتر بوو." ئەمەش کارێك دەکات کە دەسەڵات (دەسەڵاتی أولي الأمر فەرمانبەدەستان) لە دەوڵەت و لە کۆمەڵگادا دەسەڵاتێکی بە کۆمەڵی ڕاوێژی بێت، لەپێناوی ئەوەی کە بوغرا نەبێت و لە ئەنجامی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا ستەمکاری سەرهەڵنەدات. لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو فەرمانبەدەستانە موسوڵمان بن، تا ڕاوێژەکەیان پابەند بێت بە پەیڕەوی ئیسلامی و فەرمانڕەوایەتیی خواوە.

قورئانی پیرۆز بە ئاراستەی پاڵپشتیکردنی ڕاوێژدا دەڕوات، لەڕێی چیرۆکەکانی مێژوو و هەواڵی سەردەمانی دێرینەوە نموونەی هێناوەتەوە، بۆ پشتیوانیی ڕاوێژ و سوودە زۆرەکانی، ئەوەتا شاژنی سەبەء (سبأ) ڕاوێژ لەگەڵ گەورەپیاوانی مڵ گەلەکەی دەکات و دەڵێت: ﴿ قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ (٣٢) ﴾ النمل ٣٢ . واتە: "وتی: ئەی ئامادەبووان: ڕا و بۆچوونی خۆتانم پێ بڵێن لەم کارەمدا، من هیچ کارێك ناکەم تا ئێوە ئاگادار نەکەمەوە و پرستان پێ نەکەم." تەنانەت گەورەپیاوانی گەلی فیرعەونیش سەبارەت بە مووسا _دروودی خودای لێ بێت_ لە هەڵوێستەکە دەکوڵنەوە: ﴿ قَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ (١٠٩) يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ(١١٠)﴾ الأعراف ١٠٩ــ١١٠ . واتە: "کەسانی دەوروبەری فیرعەون وتیان: بێگومان مووسا سیحربازێکی زۆر شارەزایە و دەیەوێت لە خاك و نیشتیمانی خۆتان وەدەرتان بنێت، ئایا ئێوە فەرمانتان بە چییە؟" کەواتە ڕاوێژ بە درێژایی مێژوو یەکێکە لە

ئاكاره جوانەكانی دەوڵەت و كۆمەڵگاكان _بەدەر لە بیروباوەڕەكەی_ لە كاتێكدا لە ئیسلامدا فەریزەیەكی خواییە، نەك تەنها مافێك بێت لە مافەكانی مرۆڤ.

گەر پێگەی سوننەتی پێغەمبەر بۆ قورئانی پیرۆز بریتی بێت لە ڕوونكردنەوە و وردەكاری و بەرجەستەكردن، ﴿ بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (٤٤) ﴾ النحل٤٤ . واتە: "ئێمە قورئانمان بۆ ناردوویتە خوارەوە تا تۆ ئەو قورئانە بۆ خەڵكی ڕوون بكەیتەوە، تا بەڵكو بەوردی بیر بكەنەوە." وە گەر ڕاستترین پێوەرەكانی دروستیی ئەم سوننەتە ئەوە بێت كە لە قورئاندا واتا یان بونیاد یا هەردووكیانی هەبێت، ئەوا سوننەتی پێغەمبەر لە ڕاوێـژدا، بەو شێوەیەی كە ڕەفتاری پێغەمبەرانە و بەكردەییكردنی كاملانە بەرجەستەی كردووە، منارەیەكی بڵندی ڕووناكیبەخشی لە هزر و ئەزموونی ئیسلامیدا بنیات ناوە، تا لە شوێنی خۆیەوە وەك یەكێك لە ڕێنوێن و مەشخەڵەكانی پەیڕەوی ئیسلامی دەركەوێت.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمانی كردووە فەرموویەتی (إذا استشار أحدكم أخاه فليشر عليه)[1]، واتە: "ئەگەر هات و برایەكتان ڕاوێژی پێ كردن ئەوا ئەوەی دەیزانێت پێی ڕابگەیەنێت) ئەوەش بەرپرسیارێتییەكە پێویستی بە كەسانێكە كە شیاوی هەڵگرتنی باری ڕاوێژ و پاشكۆكانی بن، بۆیە پێویستە كۆمەڵگای ئیسلامی ڕۆڵەكانی ئامادە بكات بۆ هەڵگرتنی ئەم ئەمانەتە، چونكە (المستشار مؤتمن)[2] واتە (ڕاوێژپێكراو ئەمانەتدارە) وە (من إستشار أخاه المسلم فأشار إليه بغير رشد فقد خانه)[3] واتە: "هەركەسێك ڕاوێژی بە برا موسوڵمانەكەی كرد و ئەویش ڕێنومایییەكی خراپی كرد، ئەوا ناپاكیی لێ كردووە." ڕاوێژ یەكێك

[1] رواه ابن ماجة.

[2] رواه ابوداود والترمذي وابن ماجة والدارمي والإمام أحمد.

[3] رواه الإمام أحمد.

بووە لە سیفەتە دیارەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، تا ڕادەیەك کە ئەبوهورەیرە دەفەرمێت: "ما رأيت أحداً أكثر مشورة لأصحابه من رسول الله صلى الله عليه وسلم."[١] ، واتە: "هیچ کەسێکم نەبینیوە لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) زیاتر ڕاوێژ لەگەڵ هاوەڵانی بکات." سەرەڕای بێ هەڵە و کەموکووڕیی پێغەمبەر لە گەیاندنی ئەو پەیامەی کە لە خوداوەیە، وە سەرباری چاودێریی سرووش بەسەر ئیجتیهادەکانییەوە، بە ڕاستکردنەوەیان، دەبینین لە پەیوەستبوون بە بەرهەمەکانی ڕاوێژەوە پێشەنگ بووە، وەك پێشەوای دەوڵەت و سیاسەتمەداری کۆمەڵگا، تا ئەو ئاستەی کە بە ئەبوبەکر و عومەر دەفەرمێت: "لو إجتمعتما فی مشورة ما خالفتكما )[٢]، واتە: "گەر ئەو دووانەتان لە ڕاوێژێکدا هەمان ڕای یەکتریتان هەبوو، ئەوا ڕای من لە هی ئیوە جیاواز نابێت." ئیدی لەوەدا کە ئیجتیهاد و ڕاوێژی مرۆیی بێت، کەمینە مل دەدات بۆڕای زۆرینە.

بازنەی ڕاوێژ هێندە فراوان دەبێت باڵ دەکێشێت بەسەر هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیاندا، بە مەرجێك فەرمانڕەوایەتیی خودا یەکلایی نەکردبێتەوە، ئەوەتا پێغەمبەر و پێشەوا (دروودی خودای لەسەر بێت) لە دامەزراندنی ئەمیرەکاندا پەیوەستە پێوەی، وەك ئیمامی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب لێی دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "لو كنت مؤمراً أحداً دون مشورة المؤمنين لأمرت ابن أم عبد )[٣]، واتە "گەر بەبێ ڕاوێژی باوەڕداران کەسێکم بکردایە بە ئەمیر، ئەوا ئیبن ئوم عەبدم دەکردە ئەمیر." مەبەست لە ئیبن ئوم عەبد: ئیبن مەسعوودە. هەروەها دەمی لە جەنگ و پەیمانەکاندا، بۆ نموونە: لە هەڵبژاردنی شوێنی دابەزینی سوپا لە غەزوەی بەدری گەورەدا و کوشتار لەگەڵ هاوەڵدانەراندا لەو ڕۆژەدا و

---

[١] رواه الترمذي.

[٢] رواه الإمام أحمد.

[٣] رواه الترمذي وابن ماجة والإمام أحمد.

پێکگەیشتنیان لە دەرەوەی مەدینە، ڕاوێژی بە خەڵکی کرد، بەتایبەت پشتیوانان (أنصار)، تا بازنەی ئەو پەیمانەی لە عەقەبە پێیان دابوو فراوان ببێت و پاراستن لە دەرەوەی مەدینەش بگرێتەوە. وە لە پرسی دیلەکانی غەزوەی بەدر و لە هەوڵدان بۆ شکاندنی گەمارۆی مەدینە لەلایەن (ئەحزاب)ەوە لە غەزوەی خەندەق و شوێنی پێکگەیشتنی شەڕی ئوحوددا ...هتد.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕاستی فەرمووە کە دەڵێت: "ما شقى قط عبد بمشورة ، وما سعد باستغناء رأي )[1]. واتە: "کەس لە ڕاوێژەوە تووشی زیان نابێت و کەسیش بە پشتگوێخستنی ڕاوێژ خۆشبەخت نابێت."

خولەفای ڕاشیدینیش هەمان ڕێگەیان گرتە بەر _ڕێگای پەیڕەوی پێغەمبەرایەتی لە ڕاوێژدا_ . دەوڵەتی خیلافەت خۆی بە ڕاویژ درووست بوو و لەسەر ئەویش دامەزرا. بەیعەت و پەیماندانی بە ڕاوێژ و هەڵبژاردن ئەو دوو ڕێگەیە بوو کە خەلیفەی پێ ناسراوە و بەیعەتی پێ دراوە. وە خلیفەی یەکەم ئەو کەسە بوو کە پابەند بوو بە گشتاندنی ڕاوێژەوە لە کۆمەڵگای مەدینەدا، هەر کاتێك کە پێشهاتێك دەهاتە گۆڕێ کە فەرمانڕەوایەتیی خودایی یەکلای نەکردبووەوە. لە مەیموونی کوڕی میهرانەوە گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: " هەر کاتێك شکاتکارێك دەهاتە لای ئەبووبەکر، تەماشای کتێبی خودای دەکرد، گەر لەوێدا چارەی نێوانیانی بدۆزیایەتەوە، بەوە داوەریی دەکرن، خۆ گەر لە قورئاندا دەست نەکەوتایە و لە سوننەتێکی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) هەبووایە، ئەوا داوەریی پێ دەکرد، بەڵام گەر دیسان نەیتوانییایە بیدۆزێتەوە، دەهاتە دەرەوە و لە موسوڵمانانی دەپرسی، دەیگوت: پرسێکی ئاوا و ئاوام هاتووەتە لا، ئایا ئێوە زانیاریتان هەیە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لەم پرسەدا

---

[1] القرطبي(الجامع لأحكان القرآن)ج٤ص٢٥١.

دادوەرییەکی کردبێت؟ خۆ گەر نەیتوانی سوننەتێکی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لەم بارەیەوە پەیدا بکات، ئیدی سەرانی خەڵکی و کەسانی هەڵبژاردەی کۆ دەکردەوە و ڕاوێژی پێ دەکردن، کاتێك کۆدەنگ دەبوون لەسەر پرسێك، بە ڕای ئەوان داوەریی دەکرد."[١]

وە عومەری کوڕی خەتتاب، دامودەزگای دەوڵەتی بەهۆی شووراوە پەرە پێ دا _کاتێك تۆمارکردنی کاروباری دەوڵەتی دەست پێ کرد_، وەك بەرهەمێکی ڕاوێژ هەستا بە ئیجتیهادکردن _وەك ئاماژەمان پێ دا_، بە ڕاددەیەك لاپەڕەی سەرچاوە مێژووییەکان بە ڕاوێژەکانی و ڕاسپاردنەکانی کە بانگەواز بۆ ڕاوێژ دەکەن ڕازاونەتەوە، وەك فەریزەیەکی خودایی، وەك ڕێگایەکی بێترس بۆ بەڕێوەبردنی سیاسیی تاك و خێزان و گەل لە کۆمەڵگای ئیسلامدا. وە دەڵێت: "هەرکەسێك پەیمان بدات بە ئەمیرێك بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ موسوڵمانان‌اندا، ئەوە پەیمانی نییە، وە ئەو کەسەشی کە پەیمانەکەی پێ دراوە پەیمانی نییە."[٢] کەواتە هیچ پەیمان و پەیمانبەستنێك شەرعیەتی نییە، گەر لە ڕێی ڕاوێژی موسوڵمانانەوە نەکرابێت، ئەمە ویلایەت و ئەمارەتە لاوەکییەکانیش دەگرێتەوە، وەك چۆن ئیمارەتی گەورە و پێشەوایەتیی مەزنیش دەگرێتەوە. وە لە کۆتاییەکانی سەردەمی خۆیدا عومەر وتاری دا و وتی : "کۆمەڵە کەسێك پێم دەڵێن کە جێنشین دابنێم، خودا هەرگیز نە ئایین و نە خیلافەتی خۆی بە زایە نادات، وە نە ئەوەشی کە بە پێغەمبەرەکەیدا (دروودی خودای لەسەر بێت) ناردوویەتی، خۆ گەر هات و شتێکم بەسەر هات، ئەوا خیلافەت بە شوورا دەبێت لەنێو ئەو شەش کەسەدا."[٣] وە بە ڕاستی ئەو شەش کەسە _کە پاشماوەی کۆچەرییە یەکەمینەکان بوون_ لەسەر ئەم ڕێچکەیە

---

[١] رواه الدارمي.

[٢] رواه البخاري والإمام أحمد.

[٣] رواه مسلم والإمام أحمد.

دەڕۆیشتن. (ئیدی ئەو شەش کەسەی کە عومەر دایینابوون کۆ بوونـەوە و ڕاوێـژیان کـرد) بـیّ ئـەوەی کـە بەتـەنها خۆیـان ڕاوێـژ بکـەن، بـەڵکو عەبـدوڕەحمانی کـوڕی عەوفیان ڕاسپارد کە هەستێت بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی شوورا، ئەویش هیچکەسێك نەما لە خەڵکی کە ڕاوێژی پیّ نەکات، کاتێك تەرازووەکە بـە لای عوسمـانی کـوڕی عەففاندا شکایەوە، پەیمانی گشتیی لەگەڵ بەسترا و (خەڵکی بەیعـەتیان پـیّ کـرد: کۆچەران، پشتیوانەکان، سەرکردە سەربازییەکان و موسوڵمانان.)[1]

پێگەی ڕاوێژ لە پەیڕەوی ئیسلامیدا گەیشتۆتە پلەی ئەو یاسایەی ڕێکخسـتنی ژیانی تاك و کومەڵگای بەدەستە _بەپێی سیستمی ئیسلام_ قورئانی پـیرۆز باسـی ئـەوەمان بـۆ دەکـات کـە تـاکڕەوی و ڕاسـەپێنی و بێمنـەتی لـە ڕاوێـژکردن و بەشدارییپێکردنی ئەوانی دی هاوەڵی ملهوڕین، بگرە هێندە پێکەوە گریّ دراون وەك (پەیڕەو) و (یاسا) وان: ﴿ كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ (٦) أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ(٧) ﴾ **العلق ٦ - ٧**. واتە: "نەخێر (سەرەڕای هەموو ئەو ڕێزانەی لـە مـرۆڤ گـیراوە) بێگومـان مـرۆڤ یاخی و سەرکەش دەبێت، کاتێك دەبینێت دەوڵەمەند و بێنیازە لە ڕووی دونیایی و جەستەی خۆیەوە." بێگومان! کەواتە بێمنەتی و تاکڕەوی لە ڕادا یـان لـە بڕیـار و دەسەلاّت و ساماندا پێشەکی و ڕێخۆشکەر و هاوەڵی ملهوڕییە.

***

کەس وا نەزانێت کە ڕاوێژ لە بواری کردەیی پەیڕەوی ئیسـلامیدا، لـە سـنووری ڕاوێـژی تاکەکەسـیدا وەسـتاوە و ئاشـنا نـەبووە بـە ڕێکخسـتن لـە دامەزراوەکانـدا. چونکە سەرەڕای سانایی ژیانی کۆمـەڵگای سـەردەمی یەکـەمی ئیسـلام و سـادەیی ئـەزموونی مرۆڤـی ئـەو ڕۆژگـارە لـە بـواری ڕێکخسـتنێکی گەلاڵـەبوو لـە دامەزراوەگەلێکدا، وە سەرباری ئەوەی مێژوونووسە موسوڵمانەکان کەمتر تیشکیان

---

[1]رواه البخاري.

خستۆته سەر ئەم لایەنەی سیستمی دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم _بەهۆی پاشەکشەی کارپێکردنی ڕاوێژ و نەمانی دامەزراوەکانی لە ئەزموونی ئیسلامی پاش سەردەمی ڕاشیدین_ سەرەڕای هەموو ئەمانە دەتوانین لە دەستەی کۆچەرە یەکەمەکاندا دامەزراوەیەکی دەستووری بەدی بکەین، کە خاوەن دەسەسەلاّتێکی دیاریکراو بووە لە ڕێبەرایەتیکردنی دەوڵەتدا لە سەردەمی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێت) وە لە بەربژێرکرندا بۆ خەلیفە و بەستنی پەیمانی بەیعەت یەکەم بۆی، کە بەدوایدا بەیعەتی گشتی خەڵکی پایتەخت و شارەکان دێت[1]. بە هەمان شێوە دەتوانین لە دوازدە نەقیبەکە کە نوێنەرایەتیی ڕێببەرایەتیی پشتیوانانیان دەکرد، دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری بەدی بکەین کە پێك هاتبوو لە (وەزیران، پشتیوانان، ڕاوێژکاران شانبەشانی دەستەی کۆچەرە یەکەمەکان.)

تەنانەت لە هەندێك لێکۆڵینەوەی مێژووییدا ئاماژەیەك هەیە باس لە ئەنجومەنێکی ڕاوێژ دەکات لە سەردەمی پێغەمبەردا، کە ژمارەی ئەندامەکانی حەفتا ئەندام بووە [2] ، هەروەها دەشێت تێبینیی ئەوە بکەین چۆن ڕاوێژ _ کە کرۆکەکەی بریتییە لە بەشدارییپێکردنی گەل لە درووستکردنی بڕیاردا _تەنها لە سنووری ئەندامانی ئەم دامەزراوانەدا قەتیس نەبوو، بەڵکو پەلی کێشا بۆ گشت کەسێکی خاوەن ڕا و بگرە جەماوەریش، ئەوەتا لەو سێ ڕۆژەی کە تێیدا ڕاوێژ بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەی ڕاشیدی سێهەم کرا، ئەوانەی ڕاسپێردرابوون بە ڕاوێژکردن کەسیان لە کۆچەر و پشتیوان و جگە لەوانیش لە خەڵکانی لاواز و ڕەشۆکیش

---

[1] بۆ وردەکاری پتر دەربارەی ئەم دامەزراوە و پسپۆرییەکانی، برشوانە پەرتووکمان(الاسلام وفلسفة الحكم)ص٥٤-٦٨، دار الشروق، القاهرة١٩٨٩ز.

[2] فان فلوتن(السيادة العربية والشيعة والإسرائيليات في عهد بني أمية)ص٩٦، ترجمة: د. حسن ابراهيم حسن، ومحمد زكي ابراهيم، القاهرة، ١٩٦٥ز.

نەبوارد، پرسیاریان لێ کردن و ڕاوێژیان پێ کردن، سەبارە بەوەی کە کێیان دەوێت ببێتە خەلیفە لە پاش عومەری کوڕی خەتتاب ؟[1]

***

ئەمەیە شوورای ئیسلامی: بەرجەستەکردنی ویستی ئیرادەی گەلی ئازاد، لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتیی خودادا، نیشاندەری دەسەلأتی گەل و فەرمانڕەوایەتیی گەلە لەو شتانەدا کە فەرمانڕەوایەتیی خودا داوەریی تێدا نەکردوە و یەکلایی نەکردوەتەوە. ئەم فەرمانڕەوایەتییەی کە خۆی لە پرەنسیپەکانی شەریعەت و سنوور و مەبەستەکانیدا دەبینێتەوە و نوێنەری ئەوە، لە کاروباری دنیادا وەك (نەگۆڕ، چوارچێوە)ەکان وایە کە پارێزگاریی لە مۆرکی ئیسلامیی ڕاوێژی گەل و پابەندبوونی بە حەلأڵ و حەرامەوە دەکات، ئەمەش پێچەوانە نییە لەگەڵ ڕاوێژدا، بەڵکو بە ئیسلامی مانەوەی بەرهەمەکانی ڕاوێژ مسۆگەر دەکات، هەر وەك چۆن ناکرێت ئەم ڕاوێژە لەدەست سنووری خودایی هەراسان بێت، چونکە ڕاوێژ لە نەریتی ئیسلامیدا فەریزەیەکی خواییە، واتە کاتێك موسوڵمان هەڵدەستێت بە کاروبارەکانی ڕاوێژکردن ئەوا خەریکی پەرستنی خودایە. وە ناکرێت هیچ پەرستشێك بۆ خوا بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری فەرمانڕەوایەتیی خودا تێیدا ئەنجام بدرێت.

بەم شێوەیە میانڕەویی ئیسلامی (ڕاوێژی مرۆیی) و (شەریعەتی خودایی) کۆ کردوەتەوە، بە جۆرێك هەردووکیانی لە (ناتەبابوون) و (تێکەڵبوون) پاراستووە.

***

[1] ابن قتيبة(الإمامة والسياسة)ج١ص٢٤، القاهرة، ١٣٣١هـ.

# پیاو و ئافرەت

یەکێك لە ڕاستگۆیانەترین، ووردترین و گشتگیرتین زاراوەکان کە گوزارش لـەو دەسکەوتە دەکات کە ئیسلام بۆ مرۆڤی داهێناوە، زاراوەی (ژیاندنەوە)یـە، چـونکە ئیسلام ژیاندنەوەیەکی تەواو، گشتگیر، قووڵ و بەردەوامە بۆ هەرکەسێك کە بەدەم بانگەوازەکەیەوە بچێت، وە پابەنـد بێـت بـە پەیڕەوەکەیـەوە، لـە ژیـانی تایبـەت و سەرجەم کاروبارە گشتی و پەیوەندییەکانیدا ڕێڕەوی ئـەو بگرێـت. خـودای گـەورە ڕاسـتی فـەرمووە: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (٢٤) ﴾ **الأنفال ٢٤. واتە: "ئـەی باوەڕداران: وەڵامی خودا و پێغەمبەر بدەنەوە کاتێك بانگتان دەکات بۆ ئەو شـتەی زیندوویەتیتان پیێ دەبەخشێت، وە بشزانن کە خودا دەتوانێـت دڵـی مـرۆڤ بگۆڕێـت بـەبیێ خواسـتی خـاوەنی ئـەو دڵـە و گومـانیش نییـە کـە هـەموان بـۆ لای خـودا دەگەڕێنەوە."**

ئەم ڕێنیسانسە ئیسلامییە سەرەڕای زۆروزەبەندیی ئەو چەمکانەی کە لـەخۆی دەگرێت، قوتارکردنی ئەو کەسانەی کە هیدایەتی ئیسلام وەردەگرن لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، وە هەروەها ڕزگارکردنی مرۆڤی موسوڵمان لە باری گرانـی سەرشـان و کۆسپی سەر ڕێ و لەو کۆتوبەندانەی تواناکانی ئیفلیج دەکەن. چـونکە ئـازادکردنی ئیسلامی یەکێکە لە ئەرکەکانی ژیاندنەوەی ئیسلامی بۆ مرۆڤ.

﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٥٧) ﴾ **الأعـراف ١٥٧. واتـە: "ئەوانـەی شـوێن ئـەم پێغەمبەرە نەخوێندەوارە دەکـەون کـە لـە پـەرتووکی تـەورات و ئینجیلـی خۆیانـدا**

باسی دەبینن، فەرمانیان پێ دەکات بە چاکە و نەهییان لێ دەکات لە خراپە و شتی پاك و باشیان بۆ حەڵاڵ دەکات و هەموو شتە پیسەکانیان لێ حەرام دەکات و ئەرکی قورس و سەخت و کۆتەکانیان لەسەر لا دەبات کە پێشتر لەسەریان بووە، ئەو کەسانەی باوەڕیان پێ هێناوە و پشتیوانییان لێ کردووە و سەریان خستووە و شوێنی ئەو نوورە کەوتوون کە بۆی هاتۆتە خوارەوە و هەر ئەوانیش رزگاربوو و سەرفرازن. لە ڕاستیدا ئاراستەی ئەم ئازادکردنە ئیسلامییە ڕووی لە مرۆڤی موسوڵمانە، وەك مرۆڤ _جا ئەم مرۆڤە پیاو بێت یان ئافرەت_ تێڕوانینی ئیسلام بۆ پیاو و ئافرەت بەو پێیەی ئەو مرۆڤە موسوڵمانەن کە ئازادکردن و ژیاندنەوەیان ئاراستە کراوە، لەو پرسەدا وەك یەکسانی لەنێوان ئەندامەکانی یەك جەستەدا یەکسانن_ لەم تێڕوانینە ئیسلامییەوە سەرەداوی فەلسەفەی ئیسلام و پەیڕەوەکەی بۆ پەیوەندیی پیاو بە ئافرەتەوە و هەڵوێستی ئافرەت سەبارەت بە پیاو دەردەکەوێت، هەروەها ئەوەش کە بە (ئازادکردنی ئافرەت) ناسراوە.

بەڕاستی یەکسانیی نێوان پیاو و ئافرەت لە (مرۆڤبووندا) ڕاستییەکی بابەتیی ئەوتۆیە کە گشت عەقڵ و هەستێك درکی پێ دەکات. وە یەکسانییان لە ئەرکەکانی سەرشانیاندا، بە ماف و ئەرکەوە و لە لێپێچینەوە و پاداشتدا، وە لە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەرکدا وەك عەقڵ و تواناکان، کە خودا بە هەردووکیانی بەخشیوە، لەو بابەتانەن کە سەرجەم لێکۆڵەرانی هزری ئیسلامی لەسەری کۆکن.

بەڵام ئەم یەکسانییەی کە ئیسلام لەنێوان پیاو و ئافرەتدا دانی پێدا ناوە و هەردووکیانی کردوەتە دوو ئەندامی یەك لەش، کە جەستەی موسڵمانە، داننانە بەو واقیعە سروشتییەدا کە خۆی لە جیاکرنەوەی ئافرەتدا بە مێینەبوون، وە لە جیاکردنەوەی پیاودا بە نێرینەبوون دەبینێتەوە. ئامانجی ئەو حیکمەتەش کە لەم جیاکاریەدایە تەواوکاریی ئەو دووانەیە، وەك دوو لای پێکهێنەری یەك شت کە

یەکتری تەواو دەکەن، بەمەش یەکسانی و تەواوکاری بۆ هەردووکیان دەستەبەر دەبێت لە هەمان کاتدا. یەکسانییەك کە جیاوانە لە یەکسانیی لێکچووەکان! وەك یەکسانیی ئەندامەکانی یەك لەش، لە ئەندامێتیدا، سەرەڕای جیاوازیی هەریەکێکیان لەوی دی، پەیوەندیی پیاو و ئافرەتیش بە همان شێوەیە: یەکسانی، لەگەڵ جیاکاریدا، بەبێ دژیەکبوون لە نێوانیاندا.

گەر جیاوازیی پیاو پلە بێت، کە بریتییە لە بەرپرسبوون (القوامية) لە هەندێ بواردا، ئەوا لە ئەنجامی جیاوازیی سرووشتی نێرینییە لە سرووشتی مێینەیی، لەپێناو تەواوکاریدا، کە بەردەوامی(جۆر) و خۆشبەختیی ڕۆڵەکانی بەدی دەهێنێت. گەر ئەمە کاکڵەی ئەو دەسکەوتە بێت کە پەیڕەوی ئیسلامی خستوویەتیە سەر خەرمانی پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو، کە هەریەکێکیانی لە بەامبەر ئەوی تریادا دانـاوە، کەواتە یەکسانییان لە مرۆڤبوون، ماف و ئەرکەکانیان و بەرپرسیارێتییە ئیسلامییەکانی سەرشانیاندا، ئەو (هزر)ە ئیسلامییەیە کە هاتووە تا بارودۆخی ئافرەت بەرەوپێش بەرێت و ئازادی بکات لەو کۆتوبەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەژادییانەی کە بە هۆی هۆکارگەلێکی مێژووییەوە، زیاتر لە پیاوان بوون بە بار بەسەرشانییەوە. بگرە ئەگەر بڵێین ئافرەتی موسوڵمان، لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا، بە تێکۆشانی لەپێناو ئازادی و ڕزگاربوونیدا، نوێنەرایەتیی ئەو (واقیع)ەی کردووە کە نوێنەرایەتیی ئەو پرسیارانە دەکات قورئان باسی کردوون تا وەڵامیان بداتەوە و وەڵامی پرۆژە دادگەرەکانی بداتەوە.

ـ لە (سنن الترمذي) دا هاتووە کە ژنەهاوەڵی بەرێز، تێکۆشەری جەنگاوەر، پاڵەوانی ڕۆژی ئوحود و ڕۆژی یەمامە _وە زۆر ڕووداوی تریش_ خێزانی شەهید و دایکی شەهیدان ئوم عمارە (نوسەیبەی کچی کەعب)ی ئەنساری (١٣ ك ، ٦٣٤ ز )، هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە ناوی کۆمەڵێك لە ئافرەتانی مەدینەوە قسەی کرد، وە داوای یەکسانیی ئافرەتانی لەگەڵ پیاواندا کرد و وتی:

"هەموو شتەکان تەنها بۆ پیاوانە! وە نابینم ئافرەتان بە هیچ شێوەیەك باس بکرێن!" لێرەدا وەڵامی سرووشی خوایی بۆ ئەم نیشانە پرسیارە (واقیع)ە بەم ئایەتە پیرۆزە درایەوە: ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا (٣٥) ﴾ الأحزاب٣٥. واتە: "بێگومان پیاوان و ژنانی موسوڵمانان و پیاوان و ژنانی باوەڕدار و پیاوان و ژنانی گوێڕایەڵ و پیاوان و ژنانی لەخواترس و پیاوان و ژنانی بەخشندە و پیاوان و ژنانی ڕۆژوگر و پیاوان و ژنانی داوێنپاك و ئەو پیاو و ژنانەی زۆر یادی خودا دەکەن: خودای گەورە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەی بۆ ئامادە کردوون. لەم ئایەتە قورئانییەدا ڕوونکردنەوەی یەکسانی _بە دەقی وشەکانی_ وەڵامی خوایی بوو سەبارەت بەو ستەم و بەو هەستەی لە واقیعدا هاتبووە کایەوە، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە مێژوو ئافرەتان لە پیاوان زیاتر دەیاننالاَند بەدەستییەوە.

ـ وە لە کتێبی (أُسد الغابة)ی إبن الأثیردا، لە باسی ژیانی ژنەهاوەڵی بەڕێز، وتابێژ و تێکۆشەری جەنگاوەر ئەسمائی کچی یەزیدی کچی سەکەنی ئەنساری (٣٠ك، ٦٥٠ ز ) دەخوێنینەوە: لە کاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دانیشتبوو ئەسماء هات و ڕایگەیاند کە هاتووە بە ناوی چەند ئافرەتێکی دییەوە دەدوێت، کە سەرەڕای جیاوازیی کردەوەکان لەنێوان هەردوو لادا، هەموویان هاوڕان لەسەر داواکردنی یەکسانبوونیان بە پیاوان لە پاداشتدا، وە وتی: "من نێردراوم لەلایەن کۆمەڵێك لە ئافرەتانی موسوڵمانەوە، هەمان وتەی من دەڵێن." پاشان بابەتەکەی خستە ڕوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) قسەزانییەکەی لا پەسەند بوو، تەنانەت لای کردەوە بە لای

هاوەڵەکانیدا و فەرمووی: ئایا ئێوە وتەی ئافرەتێکتان گوێ لێ بووە کە لەمە جواتر پرسیار بکات دەربارەی ئایینەکەی؟

وتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: "بڕۆ ئەی ئەسماء، بەو ئافرەتانەی کە ناردوویتیان ڕابگەێنە."

پاشان باسی یەکسانبوونی پاداشتی نێوان پیاو و ئافرەتی بۆ کرد لە ئیسلامدا، وە باسی پاداشتی ژنانی کرد، ئەگەر کاری خۆی ئەنجام بدات، هەر وەك چۆن کاری چاك ئەنجام بدات، چونکە کاری هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن بۆ بنیتنانی بنەماکانی ئاوەدانکردنەوە، پاش ئەمە ( ئەسما ء لە خۆشیی ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) بەدەم وتنی - لا إله إلا الله و الله أكبر -ەوە ڕۆشت."

کاتێك فەلسەفەی میتۆدی ئیسلامی، لە جیاکردنەوەی تواناکانی ئافرەت لە پیاواندا، بەندە بە جیاوازیی سرووشتی مێینەیی لە سرووشتی نێرینەیی، کەواتە کۆتا پەیام، ئاسۆی ئەو بوارانەی کردووەتەوە بە ڕووی ئافرەتدا، کە تێیاندا دەتوانێت کارەکانی بەباشی ئەنجام بدات و گەشە بەو وزە و توانایانەی بدات کە هەیەتی، هاوکات تەنها وریایی دەدات لە پێویستیی هاوئاهەنگیی نێوان سرووشت و شیاویی هەرکەسێك بۆ هەر کارێك، لەپێناو پارێزگاری لە فەلسەفەی (تەواوکاریی) لەنێوان ئافرەت و پیاودا، وە دوورکەوتنەوە لە مەترسیی (لەیەکچوون نییە) کە پێچەوانەی حیکمەتی خودایە لە بەدیهێنانی مرۆڤدا بە نێر و مێوە.

ژنەهاوەڵی بەڕێز: ئومەیمەی کچی ڕەقیقە دەفەرمێت: "هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتدا چوومە خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) تا پەیمانی پێ

بدەین، ئەویش پێی وتین: لەوەدا کە توانا و وزەتان بەسەریدا دەشکێت." [1] ، کەواتە بازنە و ئاسۆی ماف و ئەرکەکان، بەپێی ئەوەیە کە ئافرەت توانای بەسەریدا دەشکێت، بەو پێیەی کە مێینەیە، بەپێی نەریتی کات و شوێن و ئەو توانایانەی کە لە ڕێی پەروەردەوە بەدەستیان هێناوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، مەبەستی ئەو ئایەتە قورئانییەی کە باس لە یەکسانیی پیاو و ئافرەت دەکات لە ماف و ئەرکەکاندا، وە باسی پلە (پلەی قەووامیەت) دەکات کە پیاو ئامادە کراوە بۆی، بەدیاریکراوی لە چەند بوارێکدا، بەهۆی پیاوبوونیەوە، ئەم ئایەتە ڕوون دکاتەوە کە دەفەرمێت: ﴿ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ (٢٢) ﴾ البقرة٢٢. واتە: "ئافرەتان مافیان هەیە بەو شێوەی ئەرکیان لەسەر شانە، بەڵام پیاوان پلەیەکیان لەسەر ئەوان هەیە (لە گێڕانەوەی ژنان بۆ ژیانی هاوسەری لە کاتی تەڵاقی ڕەجعیدا) و خوداش باڵادەست و دانایە."

کەواتە دابونەریت _کە قابیلی گۆڕان و گەشەکردنە_ پێوەری بوارەکانی یەکسانییە لە کار و فەرمانەکانی ژیاندا، بەڵام پلەی قەووامیەت لە بوارگەلێکی دیاریکراودا هەر دەمێنێتەوە، بەهۆی پەیوەستبوونی بە (نەگۆڕ)ەوە کە (پیاوبوون) و (ئافرەتبوونە)، جیاوازیی لەنێوان پیاو و ئافرەتدا هێناوەتە کایەوە، وە ئەم جیاوازییەش هەر لەو بوارانەدا ڕەنگ دەداتەوە.

وە ئەگەر پلەی سەرپەرشتیکاری (قەووامیەت) بریتی بێت لە ڕێبەریکردن، کە بەهۆی پیاوێتییەوە پیاو ئامادە دەکات بۆ بوارگەلێکی دیارکراو، وەك قورئان دەفەرمێت: ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾ النساء٣٤. واتە: "پیاوان کراون بە سەرپەرشتیاری ئافرەتان، بەهۆی

---

[1] رواه ابن ماجة.

ئەوەی خودا فەزلی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکی تردا، هەروەها بەهۆی ئەو سامانەی کە سەرفیان کردووە." ئەوا ئیسلام ئەم قەووامیەتە (سەرپەرشتیکردن)ی لە ئافرەت قەدەغە نەکردووە، کاتێك کە مێینەبوونی ئامادە و شیاو دەکات بۆ ئەم مەبەستە، ئەوەتا ڕاعی (چاودێر) ڕێبەر (قەووام)ێکی هەمیشەییە کە هەڵدەستێت بە ڕیبەرایەتیی بوارەکەی. وە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) باسی پشکی ئافرەتمان بۆ دەکات لە بواری قەووامە و چاودێریی ڕێبەرایەتیدا و دەفەرمێت: "كُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ عليهم، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهم ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا وَوَلَدِهِ، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ ،أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ"[1]. واتە: "هەرکەس لە ئێوە شوانە، وە هاوکات بەرپرسە لەوەی لەژێردەستیدایە، ئەو کەسەی فەرمانڕەوایە، شوانە و بەرپرسە لەو خەڵکەی لەبەردەستیدایە، ژنیش شوانی ماڵی مێردەکەیەتی و شوانی منداڵەکانیەتی و بەرپرسە لێیان، کەواتە هەرکەس لە ئێوە شوانە و بەرپرسیشە لەوەی لە ژێردەستیدایە."

کاتێك پەیڕەوی ئیسلامی، جیاواز لە پەیڕوانی تر، بەم ڕوون و ئاشکراییە دانی بە یەکسانی پیاو و ئافرەتدا ناوە لە ڕووی مرۆڤایەتی، ماف و ئەرك وە پاداشت و سزاوە، وە جیاکاریی نێوانیانی بەستووەتەوە بەوەی کە جیاوازیی مێینبوون لەگەڵ نێرینەبووندا دەیسەپێنێت. وە هەردوو ڕەگەزەکە تایبەتمەندییەکیان هەیە کە مرۆڤە ژیرەکان جەخت لە پاراستنی دەکەنەوە، چونکە ئەمە بناغە و ڕازی تەواوکارییەکەیانە، کە خۆشبەختیی هەردووکیان بەدی دەهێنێت. کاتێك ئەم هەڵوێستە ئیسلامییە زیاتر ڕوون بووەوە کە لە ئەزموونی ئیسلامیی یەکەمدا

---

[1] رواه البخاري ومسلم والإمام أحمد.

بەرجەستە بوو، ئیدی تەنها وەك بیرۆكەیەكی تیۆری نەمایەوە، بەڵكو بوو بە واقیعێكی ژیانی پیاوان و ئافرەتان.

ـ لە بەیعەی عەقەبەدا، كە دامەزراندنی یەكەمین دەوڵەتی ئیسلامییە، دوو ئافرەت تێیدا بەشدار بوون[1]، كەواتە ئافرەتی موسوڵمان هەر لەو دەمەوە پشكی هەبووە لە دەسەڵاتی سیاسی (الولاية السياسية)دا .

ـ وە لە بەیعەی ریزواندا _بيعة الرضوان، پەیمانی ژێر درەختەكە_ كە سەبارەت بە جەنگ و كوشتار بووە، ئافرەتان بەشدار بوون، وە ئەو فەرمایشتەی خودا ئەوانیشی گرتەوە كە دەفەرمێت: ﴿ لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا (١٨) ﴾ الفتح١٨. واتە: "خودا ڕازییە لەو باوەڕدارانەی لەژێر درەختەكەدا بەیعەتت پێ ئەدەن، خودا ئەزانێت چی لە دڵیاندایە، بۆیە ئاسوودەیی و ئارامی ڕژاندە سەر دڵیان و بە سەركەوتن و فەتحێكی نزیك پاداشتی داوەنەوە." وە دەفەرمێت: ﴿ لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا (١٨)﴾ الفتح ١٠. واتە: "ئەوانەی بەیعەت بە تۆ ئەدەن لە ڕاستیدا بەیعەت بە خودا ئەدەن، دەستی خودا لەسەر دەستیانە و هەركەسیش ئەو پەیمانە بشكێنێت ئەوا زیان بە خۆی دەگەیەنێت و هەركەسێكیش پەیمانەكەی بباتە سەر، ئەوا خودا پاداشتێكی گەورەی پێ دەبەخشێت."

ـ هەروەها چیرۆكی ئافرەتانی بەشدار لە جەنگەكانی سەرەتای ئیسلامدا، وە ئافرەتانی جەنگاوەر و تیماركەر و یاریدەدەر لە جەنگەكاندا، لە سەرچاوەكانی فەرموودە و ژیانی پێغەمبەر و مێژوودا، زۆر باس كراوە.[1]

---

[1] بریتی بوون لە: ١ـ نوسەیبەی كچی كەعبی كوڕی عمر، لە تیرەی (بني مازن بن النجار). ٢ـ ئوم مەنیع، ئەسمای كچی عەمری كوڕی عەدی كوڕی تابی، لە (بني سواد بن غنم). بڕوانە: ابن عبدالبر(الدرر في اختصار المغازي والسير)لا٧٩. تحقيق: شوقي ضيف. القاهرة ١٩٦٦.

ـ وه جێبـەجێکردنی فـەرمان و ڕاسـپاردەکانی قورئـان و پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێت) سەبارەت بە دایکایەتی و دەربارەی ئەوەی کـە جۆراوجـۆریی _لـە مێینـەیی و نێرنەییـدا_ نیشـانەیەکە لـە نیشـانەکانی خـودا، دەبنـە هـەوێنی خۆشبەختییەك کە لە (ئارامی ـ سکن) و (خۆشەویستی) و (دلۆڤانی)ی نێـوان ژن و مێرددا خۆی دەبینێتەوە، قورئان دەفەرمێت: ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)﴾ الروم٢١. واتە: "یەکێك لە نیشانەکانی خودا ئەوەیە کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون تا لە پەنایـدا ئـارام و ئاسـوودە بـن و خۆشەویسـتی و میهرەبـانیی خستۆتە نێوانتانەوە، بەڕاسـتی ئەمـەش نیشـانەیە بـۆ ئەوانـەی بیرکردنـەوە بـەکار دەهێنن." ئەم واتا قورئانییانە، لەو سەردەمەوە، لە زۆر نموونـەی واقیعیـی ژیانـدا بەرجەستە بوون.

لە ڕاستیدا ڕۆڵی خەدیجـەی کچـی خوەیلیـد (٦٨ ـ ٣ پ.ك ، ٥٥٦ ـ٦٢٠ ز) لـە ژیانی پێغەمبەر و بانگەوازەکەیدا، وە ڕۆڵـی عائیشـە (٩ پ.ك ـ ٥٨ ك ، ٦١٣ـ٦٧٨ ز) لە ئایین و ژیاندا، وە ڕۆڵی ئەو هاوەڵـە ئافرەتانـەی، کـە بـەرگێك لـەو کتێبـەی ئیبن ئەثیریان پڕ کردۆتەوە کە لەبارەی ژیاننامەی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) نووسیویەتی، وە ڕۆڵی ئەسمائی کچی ئەبووبـەکر (٢٧ پ.ك ـ ٧٣ ك ،٥٩٧ـ٦٩٢ ز) لـە کۆچـدا _کۆچـی پێغەمبـەر و ئەبووبـەکر_ وە لـە مـاڵ و

[1] لە غەزوەی خەیبەردا ڕووی دا ـ اخرجه ابوداود من حدیث حشرج بن زیاد عن جدته ام ابیه ـ ئـەبو داود لـە ئەنەسـی کـوڕی مالیکـەوە دەگێڕێتـەوە کـە لـە غەزوەیەکدا ئـوم سـولەیم و کۆمـەڵێك ژنـانی ئەنصاری بەشدار بوون، ئاویان دەدایە جـەنگاوەران و برینـدارانیان تیمـار دەکـرد، هـەروەها جـەنگینی (ئوم عیمارە ـ نوسەیبەی کچی کەعب) لە جەنگی ئوحـوددا و ڕۆژی جـەنگی یەمامـەدا کـارێکی گـەورە بووە و بەناوبانگە لە سەرچوەکانی سیرە و مێژوودا. بڕوانە بابەتی: (صورة المرأة في صدر الأسلام). لـە پەرتووکمان(الاسلام والمستقبل)ص١٩٩ـ٢٣٤. دار الشروق ١٩٨٦ز.

کێڵگەی مێردەکەیدا (زوبەیری کوڕی عەوام)، وە چاودێریکردنی ئەو ئەسپانەیدا کە بۆ جەنگ ئامادەی دەکردن، وە ڕۆڵی لەو جەنگ و غەزایانەدا کە مێردەکەی تێیدا بەشدار بوو، هەروەها لە جیهاد و شەهیدبوونی کوڕەکەیدا (عبداللهی کوڕی زوبەیر) و بەرەنگاربوونەوەی دژ بە دەسەلاتی ستەمکارانەی حەجاجی کوڕی یوسوفی سەقەفی لەو ڕۆژگارەدا. ئەم ڕۆلانەی ئەسماء، لە کاتێکدایە کە ئافرەتێکی بەشکۆی موسوڵمانی خواپەرست و جەنگاوەر و کارایە، ڕازاوەیە بە شکۆ و ڕێزی ئیسلامی، جگە لە دەموچاو و دەستەکانی هیچ شوێنێکی دەرناخات، نە جلوبەرگی تەنك دەپۆشێت و نە هی سەرنجڕاکێش. بەڕاستی ئەم نموونانە واقیعێك دەگێڕنەوە کە هزری ئیسلام بەرجەستەی کردووە لەم بوارەدا.

هەرچەندە ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین _بگرە زەقیشی دەکەینەوە_ کە لە گەلێك قۆناغی مێژووی کۆمەلایەتیماندا واقیعێکی ئەوتۆ بالادەست بووە کە نکوولی لە زۆرێك لەو نموونانە کردووە کە ئیسلام هێناویەتی لە پەیوەندیی گشتگیریی نێوان پیاو و ئافرەتدا، کە پەیوەنییەکی جیاوازە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئافرەتی موسوڵمان تووشی ستەمی زیاتر بووەتەوە وەك لە پیاوان، وە کۆتوبەندەکانی لە هی پیاوان زیاتر بوون، ئەمەش وا دەکات کە ئازادی و ڕزگارکردنی ئافرەت یەکێك بێت لە ئەرکەکانی سەرشانی ئیسلامییەکان. بۆیە کە ئێمە ئەم دۆخە نەشارینەوە و زەقی بکەینەوە و هۆشداری بدەین دەربارەی و بانگەشەی بۆ بکەین، ئیدی شوێنکەوتنی موسوڵمانان بۆ میتۆدەکان و نموونەگەلێکی نائیسلامییانە لە فەلسەفەی ئازادیی ئافرەتاندا ڕەت دەکەینەوە.[1] لەبەر ئەوەی میتۆدی ئیسلامی کە لەسەر یەکسانیی نێوان پیاو و ئافرەت بنیاد نراوە لە مرۆڤایەتی و تەواوکارییاندا بەرامبەر بە ئەرکەکانی ژیان، (لێکچوونی هاوشێوەکان) ڕەت دەکاتەوە، کە

[1] بۆ درێژەی ئەم بابەتە، سەیری بابەتی ( اي النماذج هو تحرير للمراة؟) لە پەرتووکمان: (الغزو الفكري وهم أم حقيقة؟)ص١٧٩-٢٠٠، القاهرة، ١٩٨٩م.

بانگەشەیەکی بەرفراوانی بۆ دەکرێت لە چوارچێوەی شارستانێتیی ڕۆژئاوا و لە هزر و واقیعی بەڕۆژئاواییکردندا لە وڵاتە ئیسلامییەکانماندا، چونکە نە پیاوێکی ساغ بە یەکسانبوونی بە ئافرەت دڵخۆش دەبێت لە مێبووندا، وە نە ئافرەتێکی ساغ دڵخۆش دەبێت بە یەکسانبوونی بە پیاو، لە پیاوبووندا!

لێرەوە فەلسەفەی ڕزگارکردنی ئیسلامیی ئافرەت لە پەیڕەوی ئیسلامیدا بە شێوازێکی جیاواز سەر دەردێنێت، کە لەو میانڕەوییەوە کار دەکات کە کۆیان دەکاتەوە و جیاوازییەکانیشیان درك دەکات، وەك دوو بەشی یەکدیتەواوکار و یەکسان، بۆیە سەرەڕای یەکسانی لە مروڤایەتیدا، سرووشت جیاوازە، لە ڕووی مێیەتی و نێریەتییەوە، جیاوازیی ئەرك و پلە، نەك جیاوازیی زاڵێتی و خۆسەپێنی و ملکەچی.

گەر ئەو فەلسەفەی (ڕزگارکردن)ەی کە لەسەر لێکچوونی هاوشێوەکان بەندە، لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئەم فەلسەفەیەی تێدا جێبەجێ کراوە، وێنەی ئافرەتی ئازادی کردبێت بە وێنەی (ئافرەتی خۆچوێن بە پیاو نێرەکوڕکەی سپارتایی) یان (سەماکەرێکی ڕۆمانسی) یان ڕیکلامی شمەك و شمەکی ڕیکلام بۆ سەرمایەداری، ئەوا بەدڵنیاییەوە پەیڕەوی ئیسلامی لەم دۆخەدا پێمان دەڵێت: بەڵێ بۆ ئازادیی ئافرەت، بەڵام ئەمە نموونە شیاوەکەی ئەو ئازادییە نییە[1] .

[1] بۆ وردەکاریی پتری بابەتەکانی پەیوەندیی ژنان و پیاوان، سەیری ئەم پەرتووکەمان بکە (التحرير الاسلامي للمرأة). دار الشروق. وە پەرتووکی (شبهات واجابات حول مكانة المرأة في الأسلام) دار نهضة مصر، گەلێك پەرتووك و توێژینەوەی تریش لەم بابەتەدا هەیە.

# تاك، چین، گەل

ئیسلام ئایینی کۆمەڵە، واتە ئوممەت، ئەوە تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی پەیڕەوی ئیسلامی، ئەوەشی کە گەل کۆمەڵە بنەڕەتییەکەیە، لە تێڕوانینە ئیسلامییەکەوە، نە بە واتای پێشێلکردنی مافی تاك دێت، نە بە واتای نکوولێکردن لە بوونی (چین) بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی، لە چوارچێوەی (گەل)دا، بەڵکو بریتییە لەو پەیوەندییانەی کە میانڕەویی ئیسلامیی گشتگیر لەنێوان تاك و چین و گەلدا درووستی کردووە، بە جۆرێکی جیاواز و ناوازە.

بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا، لە زۆرێك لە ئەرکەکاندا تکالیف، وە لە لێپرسینەوە و پاداشتدا لەسەریان، بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسییە، کە بەهۆیەوە ئیسلام، ئەم تاکەی لە توانەوەی تەواو لە چوارچێوەی هۆز و عەشیرەتدا قوتار کردووە، بەلاّم ئەم مرۆڤە، کە تاکە، بە خووی خۆی شارستانییە و بە سرووشتی خۆی کۆمەلاّیەتییە، ئەستەمە بتوانێت بە تەنها و لە سنووری ڕەوتی تاکگەراییدا بژی.

وە ئەرکەکان لەئیسلامدا، هەندێکیان تاکەکەسییە _ فەرزە عەینەکان _، هەشیانە کۆمەلاّیەتییە _ فەرزە کیفایەکان _، ئەمانەش هەموویان یەك سیستم ڕێکیان دەخات، کە سیستمی ئەرکە ئایینیەکانە، وە پەیوەندی نیوانیان پەیوەندەکی ئەندامییە(ئۆرگانییە)، بەڕاددەیەك کە تاك _ بەهۆی شارستانی و کۆمەلاّیەتیبوونیەوە _ ناتوانێت بە ئەرکە تاکەکەسییەکانی _ فەرزە عەینەکان _ هەستێت، گەر سیستمی کۆمەلاّیەتی بەهۆی دواکەوتنی ئەرکە کۆمەلاّیەتییەکانەوە تووشی کێشەیەك ببێت. بۆیە کاتێك ئاسایش لە کۆمەڵگەدا نەمێنێت و خۆراك بە سەختی بەدەست بکەوێت، ئیتر خواپەرست چۆن خواپەرستی بکات و ئەرکە تاکەکەسییەکان بەجێ بهێنێت؟ فەقیهەکان وتوویانە: نوێژی کەسی ترساو یان

برسی نوێژێژێکی تەواو نییـە، چـونکە ئامـادەبوونی دڵ و هەسـت _کـە مەرجـە بـۆ دروسـتی نوێـژ_ بـەبێ دەسـتەبەربوونی ئاساییشـی کۆمەڵایـەتی بەردەسـتبوونی خـۆراك نایەتــە دی. ئیمـامی غــەزالی ڕاســتی فــەرمووە کاتێـك ئــەو پێویســتییە کۆمەڵایەتییانە دیاری دەکات کە بـەبێ ئەوانـە ئەسـتەمە ئـایین بـەرپا بێـت (بـەدی بێت): (ڕێکخستنی سیستمی ئایین بەبێ ڕێکخستنی سیستمی دنیا ناسازێت، چونکە سیسـتمی ئـایین، بـە زانـین و پەرسـتنەوە، ناکرێـت بەدەسـت بهێنرێـت بـەهۆی: تەندرووستیی لەش، مانەوەی ژیان، مسـۆگەریی لانـی کـەمی پێویسـتییەکانی وەك پۆشـاك و شـوێنی نیشـتەجێبوون و خـۆراك و ئاساییشـەوە نـەبێت، کەواتـە ئـایین ڕێکوپێك نابێت بـەبێ بـەدیهاتنی ئـەم پێویسـتییانە، لـە ڕاسـتیدا ڕێکخسـتنی دنیـا مەرجـە بـۆ ڕێکخسـتنی ئـایین.[1] هــەر لەبــەر ئەمەیـە کـە فــەرزە کیفایــەکان _کۆمەڵایەتییــەکان_ لــە پــەیڕەوی ئیســلامیدا، زیــاتر لــە فــەرزە عەینــەکان _تاکەکەسییەکان_ جـەختیان لەسـەر کراوەتـەوە، بـەهۆی پەیوەنـدیی ئەنـدامیی نێوانیانەوە لە یەك سیستمی ئەرکدا، هـەروەها تـوانینی جێبـەجێکردنی زۆرێـك لـە فەرزە عەینەکان بەندە لەسەر بەجێهێنانی زۆرێك لە فەرزە کیفایەکان.

بەڵام بەجێهێنانی فەرزە کۆمەڵایەتییەکان لە پێویستیی فەرزە عەینەکان کـەم ناکاتــەوە، چـونکە پێگـەی گـەل و کۆمــەڵ لـە تێڕوانینـی ئیسـلامیدا، ڕۆڵـی تـاك و پێگەکەی پووچەڵ ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی بەرپەرسیارێتی و ئـەرك و لێپرسـینەوە، تاکەکەسییە _ لە ئەرکە تاکەکەسییەکاندا _ ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ واتە: **"هیچ تاوانبارێك تـاوانی کەسـێکی تـر هـەڵناگرێت و هەرکەسـە و تـاوانی خـۆی بـە کـۆڵی خۆیەوەیـە."**[2] بـەڵام کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان کاتێـك کـە گشـتگیر دەبـن، ئـەو کەسانەش دەگرێتەوە کە دەستیان تێیدا نەبووە، بۆیـە خـودای گـەورە فـەرمانمان

---

[1] الغزالي (الإقتصاد في الإعتقاد)لا١٣٥.

[2] واتای کوردیی ئایەتەکە لە خوڵاصەی تەفسیری نامی وەرگیراوە. (وەرگێڕ) .

پێ دەکات کە خۆمـان لـەو فیتنـە و ئاژاوانـە بپـارێزین کـە جیـا لـە خـەڵکی، تـەنها تووشی ستەمکاران نابێت و بەس! ﴿ وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً﴾ الانفال٢٥. واتە: "خۆتان لەو بەڵایە بپارێزن کە تەنها تووشی ئەو کەسانە نابێت کە ستەمیان کـردووە و بـەڵکو هـەموو لایـەك دەگرێتـەوە." لـە ڕاسـتیدا هەسـتان بـە بەرپرســیارێتی و ئەرکــە تاکەکەســییەکان ڕێگایەیــە بەجێگەیەیانــدنی ئەرکــە کۆمەڵایەتییــەکان، وەك چــۆن جێبــەجێکردنی ئەرکــە کۆمەڵایەتییەکانــە کــە ئامادەسازی دەکات بـۆ تـاك تـا مـافی تـەواو بداتـە ئەرکـە تاکەکەسـییەکانی، ئـەم پەیوەستییەی نێوانیشیان دەربڕی پەیوەندبوونی تاکە بە ئوممەتەوە لـە پـەیڕەو و میتۆدی ئیسلامدا.

لەژێر ڕووناکیی ئەم ڕاستییەدا، دەبینین کە ماوەردی (٣٦٤ ـ ٤٥٠ ك ، ٩٧٤ ـ ١٠٥٨ ز) چۆن ئەم پەیوەندییەی داڕشتووە و دەڵێت:

(بزانە، چاکەی دنیا لە دوو ڕووەوەیە:

**یەکەم:** ئەوەی کە کاروباری هەڵگرانی پێ ڕێك دەخرێت.

**دووەم:** ئەوەی کە بارودۆخی هەر یەکێك لە ئەهلی دونیـای پـێ چـاك دەکرێـت. ئەوانە دوو شتن کە هیچکامیان بـەبێ ئـەوی تریـان چـاك نابێـت، چـونکە هەرکـەس سە رەڕای گەندی و ناسـازی کاروبـاری دنیـا، گـەر لـە دۆخێکـی باشـدا بێـت، هـەر پارێزراو نییە لەوەی پریشکی گەندی و ناسازی دنیای بەربکەوێت و تووشـی ببێـت، لەبـەر ئـەوەی دونیـا سەرچـاوەیەتی و هـەوڵیش بـۆ گەشـتن بـە دونیـا ئـەدات، وە هەرکەسێك کـە دۆخـی خـراپ و گەنـد بێـت، سـەرەڕای چـاکیی دنیـا و ڕێکـوپێکیی کاروبارەکانی، هیچ چێژێك لە چاکییەکەی نابینێت و شوێنەواری ڕێکوڕەوانیی خۆی بەدی ناکات، چونکە مرۆڤ خۆی دنیای خۆیەتی، بۆیە هیچ چاکەیەك نابینێت گەر بۆ ئەو چاك نەبێت، وە هیچ گەندوپەندێکیش نابینێت گەر ڕووبەڕووی خۆی نەبێتـەوە، چونکە خودی خـۆی باشـتر شـارەزای خۆیـەتی، وە دۆخـی خـۆی گـرنگترە، ئیـدی

هەردەم سەرنجی لەسەر ئەو شتە دەبێت کە تایبەتە بەو، وە بیریشی هەر لای ئەو شتەیە کە پەیوەستە پێوەی)[1]

کەواتە تاك، بریتییە لە خاڵی سەرەتا، بەهۆی خێزان و هۆزەوە، بە خشتێك دادەنرێت لە بونیادی گەلدا، وە لە پەیڕەوی ئیسلامیدا شوێنێك نییە بۆ تاکگەرایی توندڕەوانە، چونکە چاکیی خشتەکە ڕۆڵەکەی لەوەدایە کە بەشێکە لە تەلارە گەورەکە.

ئوممەت، لە تێڕوانینی ئیسلامدا، تەنها بریتی نییە لە چەندێتییەك کە یەکسانە بە ژمارەی تاکەکان تێیدا، بەڵکو قەوارە و کیانێکی گشتگیرە، کە دۆخێکی (چۆنییەتیی) نوێی هەیە و شتگەلێکی هەیە کە تاکە پەرشوبڵاوەکان نیانە، دەزووە جیاجیاکان ئەو هێزەیان نییە کە پاش تێکئالآن هەیانە، وە دڵۆپە ئاوە جیاجیاکان وەك دڵۆپە کۆوەبووەکان ئاودێرییان پێ ناکرێت، بە هەمان شێوە تاکەکان کاتێك کە جیاجیان، ڕا و ژیری و سەرنجەکانیان وەك هی کۆمەڵێك بەهێز نییە کە لەدەوری ڕاوێژ کۆ بوونەوە، بۆیە هەرچەندە دەشێ هەر تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕاوبۆچوونیدا تووشی هەڵە و گومڕایی ببێت، بەڵام هەرگیز هەموویان لەسەر گومڕایی کۆڕا و کۆدەنگ نابن. وە گەواهیدەری ئەم ڕاستییە بابەتییە، فەرموودەی پێغەمبەری خودایە (دروودی خودای لەسەر بێت): "بەڕاستی خودا سەبارەت بە ئوممەتەکەم بەڵێنی پێ داوم کە لە سێ شت دەیانپارێزێت: تووشی قاتوقڕیی گشتییان ناکات، هیچ دوژمنێك بنبڕیان ناکات، وە لەسەر گومڕایی کۆدەنگیان ناکات."[2]

***

---

[1] الماوردي(أدب الدنيا والدين)لا١٣٤، القاهرة١٩٧٣م.

[2] رواه الدارمي.

ئوممەت لە ئیسلامدا، پێگەیەکی بێوێنەی هەیە، تەنها کەڵەکەبوونی ژمارەیی و چەندێتیی توانای تاکەکانی نییە.

ماوەردی تێبینیی ڕێباز و بۆچوونی گەلان دەکات دەربارەی ڕاوێژ، سەرنجی ئەوەی داوە کە چۆن ئەو شارستانێتییانەی کە بەلای تاکدا لاسەنگن (ڕاوێژی تاکەکەسی)یان پێ باشترە، لە کاتێکدا ئەو شارستانێتیانەی کە بەلای کۆمەڵدا لاسەنگن (ڕاوێژی کۆمەڵ)یان پێ باشترە، پاشان باس لەو شتە نوێیە دەکات کە تایبەتە شارستانێتیی ئیسلام و ڕاوێژەکەی، ئەمەش بە کۆکرنەوەی _تاك و کۆمەڵ_ وە دەڵێت: "لە ڕاستیدا، ڕێبازی ئیسلام لە ڕاوێژدا، بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕاوێژی تاکەکەسی و ڕاوێژی کۆمەڵ، بۆیە ئەو پرسانەی کە پێویستیان بە ئیجتیهادکردن و وەگەڕخستنی هزر و هەڵێنجانی بەڵگەیە، ڕاوێژی تاکەکەسین، چونکە ڕاوێژی ئیجتیهادن، بەلام کاتێك ئامانجەکە دەرخستنی بەرهەمەکانی ئیجتیهادی تاکەکەسی بێت، ئەوا کۆبوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوە _ڕاوێژی کۆمەڵ_ دەبێتە ڕێگا ڕێکوڕەوانەکە."[1] بۆیە لەپێناو پەیوەستیی نێوان تاك و کۆمەڵدا، ڕاوێژی ئیسلامی هەردوو شێوازەکەی ڕاوێژی تاك و کۆمەڵی کۆ کردووەتەوە، وەك چۆن ولاتی ئیسلام لە چەندین نیشتمان و هەرێم پێك هاتووە، کە کۆکەرەوەی ئیسلام (بیروباوەڕ، شەریعەت و شارستانێتی) کۆی کردوونەوە، بە هەمان شێوە ئوممەتی ئیسلام لە نەتەوە و تیرەگەلێك پێك هاتووە کە بەهۆی ئیسلامەوە و لەسەر بناغەی ئیسلام ئاشنای یەکترن. بۆیە جیاوازییە نەتەوەیی و ڕەگەزی و ژینگەییەکان یەکیەتیی ئوممەتی ئیسلامیان پارچەپارچە نەکردووە، چونکە ئەمانە جیاوازییەکانی واقیعن، کە لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆك و دژیەك نین، بەڵکو ئیسلام لە سیستمی یەك بیروباوەڕ و یەك شارستانێتیدا بژاری دەکات و ڕێکی دەخات.

---

[1] (أدب الدنيا والدين)ل٢٩٣.

گەر لە میۆدی ئیسلامیدا، پێگەی تاك بە بەرپرسیارێتیی تاك و ئەركە تاكەكەسییەكان جیا بكرێتەوە، وە گەر قورئانی پیرۆز پێگەی ئوممەتی بە ئاشكرا دەرخستبێت: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ (٩٢)﴾ الانبیا٩٢. واتە: "بێگومان ئەم ئوممەتەی ئێوە تەنها یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگاری ئێوەم و كەواتە تەنها من بپەرستن." وە دەفەرمێت: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ ال عمران ١١٠. واتە: "ئێوە باشترین ئوممەتن كە خودا بۆ مرۆڤایەتیی دروستی كردبێت." وە دەفەرمێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ البقرة١٤٣. واتە: "بەم شێوەیە ئێوەمان بە ئوممەتێكی میانڕەو دروست كردووە." كەواتە پەیڕەوی ئیسلامی نكوولّی لە بوونی (چین) و جیاوازی چینایەتی ناكات، لە چوارچێوەی گەل و لەناوخۆیدا. جیاوازیی كۆمەلآیەتی لە تێڕوانینی ئیسلامدا ڕاستییەكە لە ڕاستییەكانی واقیع، هەلّقولآوی جیاوازیی پالّنەر و توانا وزیرەكی كۆششەكانە، كە بەرهەمەكانی لێوە چن گدەخرێت، ئیسلامیش نە باز بەسەر ڕاستییەكانی واقیعدا دەدات و نە خۆی لێیان گێل دەكات، وە دژایەتییشیان ناكات، بەلّكو چاكسازی تێدا دەكات و ڕێكی دەخات، تا لە چوارچێوەی (شەرعییەت) و بازنەی (دادگەری) دا بمێنێتەوە _دادگەری بە واتای هاوسەنگی نێوان گرووپە جیاوازەكان، نەك بە واتای یەكسانی تەواو_، (هاوسەنگی _ میانەیی _ دادگەری)ەك كە ستەم ڕەت دەكاتەوە، وە جیاوازییەكان تا پلەی هاوسنگی و ساتی دادگەری لە یەكتر نزیك دەكاتەوە، كە تێیدا جیاوازی لەسەر بنەمای ئەو هۆكار و كاریگەرییانە درووست بووە كە پێویست و ڕەوا و سرووشتین. قورئان دەفەرمێت: ﴿ وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَىٰ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ (٧١) ﴾ النحل٧١. واتە: "خودا ڕۆزی بە هەندێكتان پتر بەخشیوە لەوانی تر، خۆ ئەوانەی كە ساماندارن ئامادە نین ڕۆزیی خۆیان بدەن بەو كۆیلانەی لە بەردەستیاندا و بیانكەنە هاوبەشی سامانەكانیان، ئایا ئەو كەسانە

نکوولی له ڕۆزییەکانی خودا دەکەن؟ بۆیە ئەگەر هات و جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر بنەمای هۆکارگەلێکی ڕەوا درووست بوو، وە لەئەنجامدا گەل بووە چەند چینێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز، ئەوا ئیسلام کێشەك لە بوونی چینەکاندا نابینێت، وەك پەیوەستییەکی گشتیگیر کە لە پەیڕەوەکەیدا پێگەیەکی باڵای هەیە، بەڵام وەك چۆن پەیوەندییەکانی نێوان تاك و گەلی داڕشتووە، بە هەمان شێوە سنوورەکانی جیاوازیی چینایەتییش پوختە و ساز دەکات و سەرکەشییەکەی ڕام دەکات و ئاسۆکانی دیاری دەکات، بە جۆرێك کە پەیوەندیی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە خاڵی هاوسەنگیدا ڕادەگرێت و لەو پلە و ئاستەدا ڕاگیری دەکات، چونکە ئەم هاوسەنگییە، کە چینە جیاوازەکان بەهۆی پەیوەندییەکانی یەکترڕاگیرکرنەوە کۆ دەکاتەوە، بریتییە لە دادگەری_میانڕەو لە پەیڕەوی ئیسلامیدا.

بەڵام گەر ئەم هاوسەنگییە لەنێوان چینەکانی ئوممەتی ئیسلامدا تێك بچێت، ئەوا هۆکارەکانی ناتەبابوون و ململانێ شوێنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم چینانە دەگرنەوە، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕاستییەکی بابەتیی و واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، کە پەیڕەوی ئیسلامی نە نکوولی لە بوونی دەکات و نە سەرکۆنەی دەکات، وە خۆیشی لێ نابوێرێت، بەڵام ڕێسای بۆ ئەم ململانێیەش داناوە و ئامانج و ئاسۆکانی دیاریدەکات، لەپێناو گێڕانەوەی پەیوەندییە چینایەتییەکان بۆ پلەی هاوسەنگی و خاڵی دادگەری_میانڕەو، نەك لەپێناو ئەوەدا کە جەمسەرێك بەتەواوی جەمسەرەکەی دی ڕەت بکاتەوە، یان چینێك چینەکەی بەرامبەری بنەبڕ و نابووت بکات _وەك ئەوەی کە لە شارستانێتی ڕۆژئاوادا هەیە_ کە ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە ململانێی چینایەتی تایبەتمەندێتییەکی ڕۆژئاواییە، چونکە ئەوان تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان هەیە سەبارەت بە ئاسۆکانی ئازادیی چین لە جیاوازی و جیاکاریدا، کە هەندێك جار ئەم ئاسۆیانە بێسنوورن! ئەوەتا بۆرژوازیەت هەوڵی دا فیودالّ نەهێڵێت، وە پرۆلیتاریا هەوڵی دا و ئیستاش لە هەوڵدایە بۆ نەهێشتنی بۆرژوازیەت.

وە قسەوباسی کۆمۆنیزمی تۆتالیتاری (الشیوعیة الشمولیة) دەربارەی کومەڵگای ناچینایەتی، جگە لە باسی کۆمەڵگایەك کە دەسەڵاتەکانی هزر و حوکم و دارایی تێیدا لەژێر ڕکێفی تاکە چینێکدایە، هیچی دی نییە، بەڵام بۆیان دەردەکەوێت _هەرچەندە دانی پێدا نانێن_ کە جیاوازیی سرووشتیی چینایەتی، ڕاستییەکی بابەتییانەیە لە ڕاستییەکانی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیدا _واتە داگەریی کۆمەڵایەتی_ وە پێویستییەکیشە لە پێویستییەکانی. ئەوەی کە بە گومانی ئەوان بنبڕکردنی بۆرژوازیەت بوو، هیچ نەبوو جگە لە جێگۆڕکێکردن بە ئیمتیازاتی لایەنەکان، واتە لەبری خاوەن موڵکە سەرمایەدارەکان، (حیزب) و (تەکنۆکرات) _واتە دەوڵەت_ دەسەڵاتەکانی هزر و حوکم و داراییان بەدەستە. ناوەکان گۆڕاون، بەڵام چینایەتی، لەو کۆمەڵگایەی کە ئەوان وایان دەزانی ناچینایەتییە، هەر مایەوە و نەپووکایەوە، تا ئەو ڕاددەیەی باس لە پێویستیی شۆڕشێك دەکەن بۆ ئەم کۆمەڵگایە ، لەپێناو ڕامالێنی ئەو دژیەتییانەی کە تێیدایە !

بەڵام ئیسلام، کە باز بەسەر واقیعدا نادات و خۆی لە ڕاستییەکانشی گێل ناکات، بۆ نموونە جیاوازیی چینایەتیی هەڵقوڵاو لە جیاوازیی سرووشتیی کۆمەڵایەتییەوە، تێدەکۆشێت لەپێناو هێشتنەوەی ئەم جیاوازییەدا لە سنووری هۆکارە ڕەواکاندا، وە کار دەکات بۆ ئەوەی کە ئاسۆکانی خاڵی هاوسەنگی تێنەپەڕێنێت، کە پلەی دادگەری_میانڕەوە. جا ئەگەر ئەم ئاسۆیانەی تێپەڕاند و هاوسەنگی تێك چوو، وە ستەمی کۆمەڵایەتی شوێنی دادگەریی کۆمەڵایەتیی گرتەوە، ئیدی لە ئیسلامدا هیچ کێشەیەك لەوەدا نییە کە کۆمەڵگا پاڵنەرێکی چینایەتی بەخۆیەوە ببینێت. بەڵکو ئیسلام وەك سوننەتێك لە سوننەتەکانی خودا لە کۆمەڵگەکاندا سەیری کردرووە، کە دیاردەی کۆمەڵایەتی لە پلەی ناسازیی خاڵ و ساتی ستەمەوە بەرەو خاڵی هاوسەنگی و پلەی دادگەریی نێوان چینەکان دەبات. قورئان دەفەرمێت: ﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ ذُو

فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (٢٥١)﴾ **البقرة٢٥١. واتـه: "گـەر شـەڕی نێـوان هـەق و ناهـەق لەنێوان مرۆڤەکاندا نەبێت، ئەوا سەرزەوی پڕ دەبێت لە خراپە، بەڵام خـودا فـەزلی زۆرە بەسەر جیهانییانـەوە." وە دەفـەرمێت:** ﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩) الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠) ﴾ **الحج٣٩ـ٤٠. واتـە: "مۆڵـەت دراوە بـەو کەسـانەی شـەڕیان لەگـەڵ دەکرێـت کـە ئـەوانیش بجـەنگێن، چـونکە ستەمیان لێ کراوە و خوداش توانای بێسنووری هەیـە لـەوەدا کـە سـەریان بخـات، ئەوانەی کە بە ناهەق لە ماڵ و شوێنی خۆیان دەرکران، تەنها تاوانیان ئەوە بوو کە دەیانگوت: الله پەروەردگاری ئێمەیە، ئەگەر شەڕی هـەق دژی ناهـەق نـەبێت، ئـەوا هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە کڵێسە و کەنیسە و تەنانـەت مزگـەوتی موسـوڵمانانیش وێـران دەکـرێن، کـە زۆر یـادی خـودای تێـدا دەکرێـت، خـوداش ئـەو کەسـانە سـەر دەخـات کـە ئـاییني خـودا سـەر دەخـەن و بێگومان خودا خاوەن هێز و عیززەتی بێسنوورە." وە پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسـەر بێـت) دەفـەرمێت: "ئـەو کەسـەی ویسـتیان سـامانەکەی ببـەن و ئـەمیش بەرگریی کرد و کوژرا، ئەو کەسە شەهیدە."[1]**

**ئەم ململانێ کۆمەڵایەتییە _کە سوننەتی خودایە لە کۆمەڵگەکاندا_ لە کاتێکدا کە پەیوەندییە چینایەتییکان لە پەیوەندییە گشـتگیرەکاندا، لـە بازنـەی جیـاوازیی ڕەوا و سرووشـــتی دەردەچـــن و دەچـــنە بازنـــەی ناتـــەبایی دوژمنکارانـــە و کەرتوپەرتکردنی پێکەوەیی گەل و هاوکارییەکەی، ئامرازی گێڕانەوەی پەیوەندییـە چینایەتییەکانە لە چواچێوەی ناسازی و ستەمەوە بـۆ چوارچـێوەی هاوسـەنگی و**

---

[1] رواه الترمذي.

دادگەری، تا گەل کۆکەرەوەی هەمووان بێت، وە هەڵگری پەیامی ئیسلام و باوەڕ و شەریعەت و شارستانێتی بێت، _نەك وەك شارستانێتیی ڕۆژئاوا_ چین ببێتە هەڵگری پەیام، بۆرژوازییەت بە پەیامی (لیبرالی – سەرمایەداری) یەوە، وە پرولیتاریا بە پەیامە (تۆتالیتارییە _ کۆمۆنیستی)یەکەیەوە.

پاشان، ئەم هەڵوێستە جیاوازەی پەیڕەوی ئیسلامییش سەبارەت بە پەیوەندیی چین بە (گەل)ەوە، لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی جیاوازە بۆ واتای (چین) لە پەیڕەوی ئیسلامیدا.

خۆ گەر (چین) بریتی بێت لە توێژێکی جیاواز لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و لە چواچێوەی گەل یان ئوممەتدا، وە لە کاتێکدا کە دەشێ گشت ڕێباز و شارستانێتییە جیاوازەکان کۆك بن لەسەر ئەم پێناسەیە، ئەوا جیاوازیی پەیڕەوی ئیسلامی لەگەڵ پەیڕەوە ڕۆژئاواییەکان، لەو هۆکار و پێوەرانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم چینە جیا دەکاتەوە، وە دەیکاتە چینێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە چینەکەکانی تر.

لە شارستانێتیی ڕۆژئاوادا دەبینین، کە باری دارایی _ئابووری_ بناغەی یەکەم و سەرەکیترین پێوەرە، لە جیاکردنەوەی چیندا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە_ ئەم پەیڕەوە تەنها کار لەسەر دیاریکردنی ئەو ئاستە دارایی و ئابوورییە دەکات_، بەڵام لە پەیڕەوی ئیسلامیدا، پێوەرەکانی جیاوازیی چینەکان فرە و جۆراوجۆرن، وە تەنها لە هۆکاری ماددیدا چڕ نەبوونەتەوە، چونکە جۆری کار و ئەرك و پیشەی هەر چینێك لە کۆمەڵگادا جیاکاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا دێنێتە بەرهەم _گەرچی لە ڕووی ماددی و ئابووری ناویدا وەك یەك نەبن_ چونکە بەرزی و بێنرخی کار و مەترسی و ناسەرەکیوونی، پەیوەندییەك دروست دەکات کە چینێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و جیای دەکاتەوە لە چینەکانی تر، دەبینیت منداڵی جووتیارێك لە چینی جووتیاری دەردەچێت و دەبێتە پزیشك یان ئەندازیار یان زانا یان پیاوی

دەوڵەت یان ئەفسەرێکی بەرزی سەربازی و دەچێتە نێو چینێکی کۆمەڵایەتیی نوێ، گەرچی لە ئاستی ماددیی ئابووریی چینەکەی باوکی دەردەچێت، گەرچی وەك ئەندامێکی خێزانە جووتیارەکەی مابێتەوە. کەواتە بەتەنها فاکتەری ماددی و ئابووری چینەکان جیا نابنەوە، هەروەها ئەم جیاکردنەوەش لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی کۆمکاری گەورەی ئوممەتی ئیسلامیدایە، جیاکەرەوە توندەکان نازانێت بەو شێوەی لە شارستانێتی ڕۆژئاوادا هەیە لە پەیوەندیی نێوان چینەکاندا.

***

میتۆدی ئیسلامی بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان تاك و چین دروست دەکات، هەروەها لەنێوان چینەکانی نێو ئوممەتی ئیسلامیدا، بەو شێوەی هەریەك لەوان خود و پەیامەکەی دێنێتە دی، کاتێك هاوسەنگی و دادگەری و میانەڕەوی دەبنە گۆڕەپانی کۆبوونەوە و پێکگەشتن، هەرکات کارەکەش تێك چوو، پاڵنەری کۆمەڵایەتی و جیهاد بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکان و نەهێشتنی هۆکارەکانی نەخۆشی و میکرۆبەکانی، نەك بۆ سڕینەوەی یەکێك لە لایەنەکان و بە ئومێدی سەربەخۆیی و پشتبەستن بە توانا خودییەکان. بێگومان کۆبوونەوە و هاوبەشی _ئوممەت_ پێکەوە بوون و هاوکاری نێوان گرووپ و دەستە جیاوازەکان بریتییە لە دادگەری، بەڵام تاکڕەوی _چ لە تاك و چ لە چینەوە_ لە دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ساماندا، خودی ستەم و ملهوڕییە، خودای گەورەش ڕاستی فەرمووە کە دەفەرمێت: ﴿ كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ (٦) أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ(٧)﴾ العلق ٦_٧. واتە: "نەخێر، بێگومان مرۆڤ کاتێك بینیی خاوەنی سامان و دەسەڵاتێکی زۆرە، یاخی و ملهوڕ دەبێت."

دادگەری لانی کەمی هەیە و ئەو ئاستەش پێویستە بۆ هەر تاکێك مسۆگەر بکرێت: ئەو ئاستەش بریتییە لە ویژدان لە یاسا و فەرمانڕەواییدا، ویژدان لە

کاروباری بژێویدا، لە نامەکەی عومەری کوڕی خەتتابدا کە بۆ ئەبوموسای ئەشعەریی نووسیوە، دەڵێت: "لە دادگەریدا ئەوەندە بەسە بۆ موسوڵمانی لاواز کە ئینصافی هەبێت لە فەرمانڕەوایی و دابەشکردندا."[1] لە میتۆدی ئیسلامیدا ئەمە لانی کەمی تاکی لاوازە لە دادگەریدا.

لەو نامەی پەیمانەدا کە پێشەوا عەلیی کوڕی ئەبوتالیب بۆ ئەشتەری نەخەعی نووسیبوو _کە والی بوو لە میسر_ باسی لە جیاکاریی سروشتی و واقیعی نێوان چینەکانی ئوممەتی[2] کردووە و باس لە ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات دەربارەی ئەو واقیعی چینایەتییە و ڕێکاری پاراستنی پەیوەندیی پەیوەندییە چینایەتییەکان لە ئاستی هاوسەنگی و پلەی دادگەریدا. دەفەرمێت پێی: "بزانە کە خەڵکی ژێر دەستت چەند چینێکن، تەنها بەهۆی هەندێکیانەوە هەندێکی تر باش دەبێت و هەندێکیشی ناتوانێت دەسبەرداری هەندێکی تری ببێت، هەندێکی سەربازی خودایە، هەندێکی نووسەری گشتی و تایبەتن، هەندێکی دادوەری دادگەرین، هەندێك بەرپرسی ئینصاف و نەرمونیانین، هەندێکیش جزیە و خەراج ئەدەن لە ئەهلی کیتاب و موسوڵمانانیش، هەندێکیش بازرگان و پیشەکارن، هەندێك: لە پلەی خوارەوەدان و هەژارن و ناتوانن کار بکەن و دەرامەتێکیان هەبێت، سەربازەکان قەڵای هاووڵاتیانی ژێر دەستی تۆن و ئاسایش دەپارێزن، پاشان سەربازانیش لە ڕێگەی ئەو خەراجەوە دەبێت کە خودا بۆیان دەنێرێت، ئەم دوانەیش بەهۆی

---

[1] (تاريخ الطبري)ج٤ ص٢٠٣.

[2] ئەوەی شایانی باسە کە مەبەستمان لە (چین) ئەو توێژە کەمەڵایەتییە دیاریکراوەیە کە کار و دەرامەت و پێگەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئوممەتی ئیسلامیدایە، ئەم چەمکەش جیاوازە لەو واتایەی کە لە هزری کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوادا هەیە، وەك پێشتر باسمان کرد.

دادوەرەکـان و بەرپرسـەکان و نووسـەرەکانەوە دەتـوانن بـەردەوام بـن و هـەموو ئەمانەش پشتیان بە بازرگانان و خاوەن پیشەکان بەستووە."[1]

کەواتە بەدیهێنانی دادگەری لە ڕێگەی ململانێی کوشـندەی نێـوان چـینەکانەوە نابێت، بەو بیـانووەی گوایـە دادگـەری تـەنها لـە کۆمەڵگـەی بێچـینندایە، بـەڵکو لـە ڕێگـەی هاوسـەنگیی نێـوان چـینەکانەوە بـەدی دێـت کـە ئـەرك و پیشـەکانیان زەروورەتێکی کۆمەڵایەتییـە و بەرهـەمی کـاری مـادی و هـزری و توانـا و بـزووتن و هێزی بەرگری دەبەخشێت بە کۆمەڵگە، چـونکە _وەك پێشـەوا عـەلی فـەرمووی_: بزانە کە خەڵکی ژێر دەستت چەند چینێکن، تەنها بەهۆی هەندێکیانـەوە هەنـدێکی تر باش دەبێت و هەندێکیشی ناتوانێت دەسبەرداری هەندێکی تری ببێت.

ڕەنگە ئەم هاوکاری و پشتیوانییەی نێـوان چـینەکان، کـە ناتوانرێـت پشـتگوێ بخرێت، وردترین لێکدانەوەی ئەو فەرموودەی خودای گەورە بێـت کـە دەفـەرمێت: ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ (٣٢) ﴾ الزخرف٣٢. واتە: "ئێمە لە ژیانی دونیادا بژێویمان لەنێوانیاندا دابەش کردووە، هەندێکیانمان بەسەر هەنـدێکی تریاندا دابەش کردووە، تا هەندێکیان ڕام ببێت و کار بکات بۆ ئـەوانی تـر، بـەزەیی خودا باشترە لەوەی ئێوە کۆی دەکەنـەوە." کەواتـە جیـاوازیی لـە چـینەکاندا کـە پلەبەندییە، بە ئامانجی هاوکاری و سوودبەیەکگەیاندنە و واتـای ڕامبوونـە لـەنێوان چینەکاندا بۆ یەکتر، مەبەست کردنەکۆیلە و زەلیلکردن نییە، خودای گـەورەش نـە خۆی ستەم دەکات و نـە دەیـەوێت مرۆڤـەکان سـتەم بکـەن، سروشـت و دیـاردە و هێزەکانی لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤ و سوودی مرۆڤ رام کراوە، تا بۆ ئاوەدانکردنەوە و جوانکردنی زەوی سوودی لێ وەربگرێت، بە هەمان شێوەش جیـاوازیی چـینەکان

---

[1] (نهج البلاغة)ص٣٣٧. دار الشعب. القاهرة.

پێویسته بۆ هاوکاریی نێوان چینەکان و ئوممەتی ئیسلامیش هەرکات پەیوەندیی نێوان چینەکانی هاوسەنگ و دادگەرانە بوو، ئیتر ئەرکی کۆمەڵایەتی وەك یەك دەستە و یەك جەستە ئەنجام دەدات، ئەگەرچی ئەندامەکان جیاوازن، بەڵام بەهۆی پەیوەندی تەندروستی نێوانیانەوە و لە ڕێگەی گەشەی پاڵنەر و وروژاندنی ویست و هیممەتیانەوە بوونەتە یەك جەستە و لەگەڵ ئازاری ئەندامێك، هەموو ئەندامان دێنە ئازار!

کاتێك ئەمەش (فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی ئیسلام) بێت، دەبینین لە قورئاندا (سامان) سامانی خودایە و لەبەر ئەوەی مرۆڤەکانیش جێنشینی خودان دەیکاتە سامانی خەڵکی، هەر بۆیە ئەو بەدیهێنەر و بەخشەرە دەفەرمێت: ﴿ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ﴾ الحديد٧. واته: "لەو سامانە بەکار بهێنن کە خودا ئێوەی کردووە بە جێنشینی خۆی بەسەریەوە." کەواتە خاوەنی سەرەکی و ڕاستەقینە هەر خودایە، بەڵام خاوەنداریێتی سوودلێوەرگرتن و مەجازی بۆ مرۆڤە، ئەوەش مەبەستەکانی جێنشینی لەسەر ئەم سامانانە بەدی دەهێنێت و هەمیشەش دەرگا دەکاتەوە لەبەردەم پاڵنەری کۆمەڵایەتی و لایەنگرانی دادگەریی کۆمەڵایەتیدا تا بارودۆخی خاوەنداریێتی و تایبەتمەندیی و موڵکداری سامان لە ئاستێکی هاوسەنگ و پڕ دادگەریدا بێت و دوور بێت لە ناتەواوی و ستەم و مەبەستەکانی جێنشینیش بەدی بهێنێت، بۆیە هەرکات پارە تەنها لەدەست دەوڵەمەندەکاندا هەڵسووڕا و مایەوە، ئەوا پێویستە هاوسەنگی بگێڕدرێتەوە بۆ نێوان گرووپەکان، ئەوەش لە ڕێگەی دامەزراندنی جیاوازییەکانیان بە هۆی هۆکاری ڕەوا و بەرهەمی حەڵاڵەوە.

هەر لە چوارچێوەی جێنشینەکاندا دەبینین کە قورئانی پیرۆز زاراوەی (سامان) دەداتە پاڵ ئاوەڵناوی (کۆ) لە ٤٧ ئایەتدا، وەك: (اموالکم، اموالهم)، بەڵام تەنها لە ٧ ئایەتدا دەیداتە پاڵ ئاوەڵناوی (تاك)، وەك (مالە، مالیە)، کەواتە نابێت جێنشینی تەنها بۆ یەك لایەن بێت.

ئەگەر سەرنجێکی پەیوەندیی نێوان سامان و خودای بەخشەری سامان و ئەوانەی مافیان لەم سامانەدا هەیە _کە پەیوەندیی نێوان هۆکار و نێوەندگیر لەنێوان بەخشەری سامان و خاوەن مافدا_ ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەبێت کە سامان هی خودایە و ئەو کەسەی پارەکەی بەدەست هێنا دەبێتە نێوەندگیرێك تا خاوەنمافەکان سوودی لێ وەربگرن، ئیدی ئەو خاوەندارییە دەبێتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەپێناوی کۆمەڵدا.

ئەگەر سەیری چیرۆکی نێوان پێشەوا عومەر و یەکێك لە یاران بە ناوی (بلال بن الحارث)، کە زەوییەکی لەلایەن پێغەمبەرەوە(دروودی خودای لەسەر بێت) پێ بەخشرابوو، ئەوەش بەپێی سیستمی پێدانی زەویی بێخاوەن بەو کەسانەی دەیانەوێت زیندووی بکەنەوە بە باخ یان کشتوکاڵ، بەڵام بیلال زەوییەکەی نەهێنایە بەرهەم و پێشەوا عومەریش ئەم کارەی بە تێکدانی هاوسەنگی و دادگەریی نێوان خاوەندارێتی و بەدەستهێنانی سامان و تەنها لە دەستی دەوڵەمەنداندا نەمێنێتەوە، بۆیە بە بیلالی وت:

_ تۆ داوای زەوییەکی پانوپۆڕت لە پێغەمبەر کرد و ئەویش پێی دایت، ئەویش داوای هەرچی لێ بکرایە دەیبەخشی، بەڵام تۆ ناتوانی ئەو زەوییەی ژێر دەستت بچێنیت!

_ بەڵێ ناتوانم!

_ کەواتە ئەوەی دەتوانیت بەرهەمی بهێنیت بۆ خۆت و ئەوەی بۆت بەرهەم نایەت بیدەین بە موسوڵمانان.

_ نەخێر، ئەوە زەویی خۆمە و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پێی داوم!

_ بەڵام بۆ ئەوە پێی نەداویت بێسوود ڕای بگریت و لە موسوڵمانانی بکەیت، جگە لەوەی بۆت بەرهەم دێت بۆ خۆت و ئەوی دی بگەڕێنەوە تا بیدەین بە موسوڵمانان.

_ سوێند بە خودا کاری وا ناکەم.

_ سوێند بە خودا دەبێت بیکەیت.

پاشان پێشەوا عومەر لێی وەرگرتەوە و دابەشی کرد و لە وتارێکیدا وتی بە خەڵکی: "ئەو کەسەی زەوییەکی بێخاوەنی ئاوەدان کردەوە، دەبێت بە هی خۆی، هەرکەسێکیش سێ ساڵ ئەو زەوییەی بەجێ هێشت بەبێ چاندن و کەسێکی تر هات و زیندووی کردەوە، ئەوە کەسی دووەم دەبێتە خاوەنی!"[1]

لێرەدا لەبەردەم جێبەجێکردنێکی داهێنەرانەی فەلسەفەی ئیسلامداین لە بابەتی جێنشینیی مرۆڤ لەبریی خودا و دیاریکردنی ئاسۆی ئەو خاوەندارێتییە بە سنوورەکانی پەیمانی جێنشینی، لەبەردەم دانپێدانانی ئیسلامداین بە جیاوازیی نێوان چینەکان و هاوکاتیش مکووڕیی ئیسلام لەسەر جیاوازیی چینەکان بەپێی هاوسەنگی و دادگەری بێت، بە هەمان کردار و مامەڵەی پێشەوا عومەر.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان تاك و چین و ئوممەت دروست دەبێت و میانڕەویی ئیسلامی کۆکەرەوەش ڕێنیشاندەری ئەو پەیوەندییەیە و زامنی پاراستنی هاوسەنگی و دادگەریی ئەو پەیوەندییە دەکات، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "میانڕەوی، دادگەرییە. ئێوەمان کردۆتە ئوممەتێکی میانڕەو."[2]

---

[1] یحیی بن آدم (الخراج)ص٩١ـــ٩٣، القاهرة١٣٧٤هـ . وابوعبید القاسم بن سلام (کتاب الأموال)ص٣٨٢ـ٣٨٤، القاهرة ١٩٨٩م.

[2] روه الإمام أحمد.

# نیشتمانپەروەری، نەتەوەپەروەری و کۆمکاری ئیسلامی

ئیسلام ئایدیۆلۆژیای ئیسلام و کۆمکاری عەقیدە و شەریعەت و شارستانێتییەکەیەتی، میتۆدی هزر و کردارەکانیەتی لە هەموو بوارەکاندا، پەیوەستبەخشی سەرەکی و یەکەمین ئینتیما و بەرزترین لایەنگیریەتی.

ئەگەر پێغەمبەرایەتی و پەیام و وەحی _واتە ئیسلام_ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە مرۆڤەکانی تر جیا بکاتەوە، ئەوا پشتیوانی و سەرخستن و ئینتیما بۆی و بۆ چوارچێوەی خزم و خێزانی، بە واتای لایەنگیری و ئینتیمایە بۆ ئەو ئیسلامەی پێغەمبەر بە مرۆڤایەتیی ڕاگەیاندووە، هەر لە ژێر تیشکی ئەم ڕاستییەشدایە کە حەقیقەتی ئینتیمای موسوڵمان بۆ ئیسلام و دڵسۆزی بۆی، لە مەبەستی ئەم ئایەتە تێدەگەین کە دەفەرمێت: ﴿ النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾ الاحزاب٦. واتە: "پێغەمبەر لە خودی باوەڕداران دڵسۆزتر و لەپێشترە بۆ خۆیان و هاوسەرەکانیشی دایکیانن، کەواتە بەپێی ئیسلام، موسوڵمانان خزم و کەسوکاری پێغەمبەرن، چونکە خزم و کەسوکاری ئیسلامن، ئەم پەیوەندییەش لە پەیوەندیی خزمایەتی و ڕەگەز و سامان و نیشتیمانەکان و هتد... بەرزترە. قورئانیش باسی واتای خوداوەندیمان بۆ دەکات بۆ زاراوەی (الأهل ـ خزم و کەسوکار) لە ناوکۆ(سیاق)ی چیرۆکی نووح و ئەو کوڕەی نووح کە سەرپێچیی فەرمانی باوکی کرد: ﴿ وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ (٤٥) قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (٤٦)﴾ هود٤٥ـ٤٦. واتە: "نووح لە کاتی لافاوەکەدا بانگی لە پەروەردگاری کرد و وتی: پەروەردگارم: کوڕەکەم بەشێکە لە خێزانەکەم و پەیمانی تۆش ڕاستە (کە پێشتر فەرمووت خێزانی تۆ ڕزگارن لە تیاچوون) و تۆش داناترین و دادپەروەرترین

فەرمانڕەوایت. خودا فەرمووی: ئەو کوڕەت لە خێزانی تۆ نییە، چونکە خاوەن کردەوەی باش نەبوو، کەواتە داوای شتێك لە من مەکە کە زانیاریی تەواوت لەسەری نییە و ئامۆژگاریت دەکەم نەکەیت ببیتە بەشێك لە کۆمەڵی نەزانەکان."

هەر لەژێر تیشکی ئەم ڕاستییەدا لەم ئایەتە تێدەگەین کە دەفەرمێت: ﴿ قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (٢٤)﴾ التوبه٢٤. واتە: "پێیان بڵێ: ئەگەر باوان و ڕۆڵە و برایان و هاوسەران و تیرەکانتان و ئەو سامانەی پەیداتان کردووە و بازرگانییەکەتان کە دەترسن لە زیاندا بێت و ئەو ماڵانەی بەدڵتانە، لە خودا و پێغەمبەر و جیهادی ڕێگەی خودا خۆشترتان دەوێت، ئەوا چاوەڕێ بن تا خودا فەرمانی سزای خۆیتان بۆ دەنێرێت، خوداش هیدایەتی یاخی و سنووربەزێنان نادات."

هەر لەژێر تیشکی ئەم واتایەدا لەم فەرموودەی لەو فەرموودەی پێغەمبەر تێدەگەین کە دەفەرمێت: "کەستان باوەڕی تەواوی نابێت تا منی لە خودی خۆی خۆشتر نەوێت."[1]

لەو وەڵامەی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) تێدەگەین کە لە وەڵامی پرسیاری (رزین العقیلی)دا: "ئەی پێغەمبەری خودا، باوەڕ چییە؟"

فەرمووی: "باوەڕ بریتییە لەوەی شایەتی بدەیت کە هیچ خودایەك نییە جگە لە (الله)ی تاك و تەنها، وە شایەتی بدەیت لەسەر بەندایەتی و پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەر، وە خودا و پێغەمبەرت لە هەموو شتێکی تر خۆشتر بوێت، سووتانت بە ئاگر پێ خۆشتر بێت وەك لەوەی ببیتە موشریك، بێگانەشت تەنها لەبەر خودا

---

[1] رواه البخاري ومسلم والنسائي وابن ماجة والإمام أحمد.

خۆش بوێت، جا ئەگەر وەها بوویت، ئەوا باوەڕ چۆتە دڵت، وەك ئەوەی لە ڕۆژێكی وشك و بێئاودا ئاو بدرێت بە كەسێكی زیندوو."[1]

ئەوەیە پلەی ئایدیۆلۆژیی كۆمكاری ئیسلامی، هەروەها ئینتیما و لایەنگیریی موسوڵمان بۆ ئەم كۆمكارە، بێگومان كە كۆمكاری دایكە و یەكەمین ئینتیما و لایەنگیری بێ پێچوپەنا و ناتەباییە.

***

بەڵام ئایا ئەو ئینتیما و لایەنگیرییە وامان لێ دەكات كە لە ژیانی مسوڵماناندا ئینتیما و لایەنگیریمان بۆ شتێكی تری جگە لە ئیسلام و كۆمكاری ئیسلامی هەبێت؟ گەرچی ناتەباییان نەبێت لەگەڵ لایەنگیری و ئینتیمای ئیسلامدا؟

ئێمەش باوەڕمان وایە كە ئیسلام ئاینی ماك (فیترەت_سروشتی ڕەسەنی مرۆڤ)ە، وەك قورئان دەفەرمێت: ﴿ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ﴾ الروم٣٠. واتە: "ئەو فیترەتەی خودایە كە مرۆڤەكانی لەسەر دروست كردووە و هیچكەس ناتوانێت بەدیهێنراوەكانی خودا بگۆڕێت، ئەمەیە ئاینی ڕاست و دروست." ئیسلامیش هەم دونیا و هەم دوارۆژی خەڵكی تێدایە و واقیع پشتگوێ ناخات و بازی بەسەردا نادات و پاكژی دەكاتەوە و بەردەوام دایدەرێژێتەوە و ئیتر شەریعەت دەبێتە ئەو پێوەرەی بزووتن و پەرەسەندنی دونیای موسوڵمانان، ئیسلامیش لە ڕێی مرۆڤەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەكات، ئەو مرۆڤەی ناتوانێت لە واقیعدا بژی و مامەڵەی لەگەڵدا بكات، مەگەر لەنێوان خۆی و واقیعدا چەند تۆڕێكی پەیوەندی دروست بكات، بەڵكو چەند تۆڕێكی پەیوەندیی ئاڵۆز، چونكە مرۆڤ هەم ڕق و هەم خۆشەویستی و ئارەزوو و ڕەتكردنەوە و

[1] رواه النسائي وابن ماجة والإمام أحمد.

نیشتەجێی و کۆچبەری و ئینتیما و دابڕانیشی هەیە، تا ئەوپەڕی ئەو جیهانە تێکەڵ و ئاڵۆزەی نوێنەری کارلێککردنی نێوان دەروونی مرۆڤ بوو لەگەڵ ئەو واقیعەی تێیدا دەژی.

ئەگەر ئەو فیترەتەی مرۆڤ بکەینە پێوەر کە خودا پێی بەخشیوە، ئەوا دەبینیت مرۆڤ وەك نەگۆڕێکی ژیانی لە هەموو کات و شوێن و شارستانێتی و بیروباوەڕێکدا خۆشەویستی و لایەنگیری و گرنگیی تایبەت بە خزمانی نزیکی خۆی دەدات و ژینگەی نزیکتر لە خۆی، کە ماڵی بیرەوەری و پێگەشتن و پێکهاتن و گرنگیپێدانەکانیەتی، خۆشەویستی و لایەنگیری و گرنگیپێدانی تایبەتی پێ دەبەخشێت، ئەو زمانەش کە هەمان مرۆڤ قسەی پێ دەکات، لەگەڵ هاوزمانەکانیدا ئاستێکی تایبەتی تێکەڵی و هاوبەشیی دابونەریتیان پێ دەبەخشێت، هەروەها هاوبەشییان لە توانەوە لە کولتوور و کەلەپووری نووسراو و گوتراوی هەمان زماندا، کەواتە مرۆڤ چەندین ڕەنگ و ئاستی جیاوازی لە (ڕەمزەکان) هەیە، کە مرۆڤ بە فیترەتی تەندروستی خۆی چەندین جۆر لایەنگیری و ئینتیمای پێ دەبەخشێت، ئایا ئەم بابەتە بۆ موسوڵمان هیچ دژایەتی و ناتەباییەکی لەگەڵ ئیسلام و کۆمکاری ئیسلامیدا هەیە؟

لە وەڵامدا ناتوانین بڵێین: بەڵێ یان نەخێر، بەبێ دانانی هەندێك کۆت و ڕێکخستنەوە، چونکە ئیسلام کۆمکاری یەکەممانە، بەڵام تاکە کۆمکار نییە، لە سایە و باوەشی ئیسلامدا گەلێك ڕەمز هەیە کە موسوڵمان هەندێك لایەنگیری و ئینتیمای پێ دەبەخشێت، کۆکردنەوە و گونجاندنی نێوان لایەنگیری و ئینتیمای موسوڵمان بۆ ئایینەکەی و بۆ کەسوکار و تیرە و گەل و نەتەوەکەی، کارێکی ڕەوایە و دەکرێت، بەڵکو ڕاستییەکی واقیعییە بوونی هەیە، تەنها مەرجیش تێکنەگیرانیەتی ناوەڕۆکی ئەم ڕەمزانەیە لە بازنەکانی لایەنگیری و پلەکانی ئینتیما لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە گشتیتر و فراوانتر و خوداوەندییەی کە پەیوەندی و کۆمکاری

ئیسلام بۆ هەر موسوڵمانێکی هەیە، واتە مەرجی نەبوونی ناتەباییە لەنێوان خشتەکان و تێکڕای بینا تەواوکراوەکەدا.

ـ ئەگەر پێوەرە ئیسلامییەکان هەژموونیان بەسەریەوە هەبێت، ئەوا دڵسۆزی و پەیوەستبوونی موسوڵمان بەرانبەر دایك و باوکی دەبێتە خشتێك لە خشتەکانی گەورەترین دڵسۆزی و لایەنگیری بۆ ئیسلام.

ـ خۆشەویستیی موسوڵمانیش بۆ نیشتیمانەکەی _بە واتا هەرێمییەکەی_ کە بەشێکە لە واقیعی ژیان، ئەگەر بەپێی شەریعەتی ئیسلام بوو، کە ئەم موسوڵمانە هەڵدەنێت بەتایبەت چاکە لەگەڵ خزمە نزیکترینەکانی بکات و ئاوەدانی لە چینگەی خۆیدا بەرەوپێش ببات، وەك بەدیهێنانی پەیامی جێنشینیی خودا لەسەر زەوی و تێکۆشێت بۆ پاراستنی ئەو گۆشەیەی وڵاتی ئیسلامی کە تێیدا نیشتەجێیە، کەواتە هەرکات خۆشەویستیی بۆ نیشتیمانی هەرێمی خۆی و بەرژەوەندییەکانی هەبوو، ئەوەش دەبێتە بەشێك لە بونیادی باڵای کۆمکاری ئیسلامی.

کەواتە فرەیی ڕەمزەکانی دڵسۆزی و ئینتیما _سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە حەقیقەتەکانی واقیعی مرۆڤایەتی_ هیچ ناتەبایی و دژایەتییەکی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا نییە کە دڵسۆزی و لایەنگیری باڵای موسوڵمان تەنها بۆ کۆمکاری ئیسلامە، بە مەرجێك ناوەرۆکی ئەم ڕەمزانە گونجاو بێت لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمکاری پەیوەندیی ئینتیمای ئیسلامیدا، هەروەها ئەم لایەنگیرانەی پلەی خوارەوە ببنە پاڵنەرێك بۆ ئەو تێکۆشەرانەی هەردەم بەئاگان لەپێناو مەبەست و ئامانجە باڵاکاندا، تا کۆمکاری ئیسلام ببێتە ئەو پەرژینەی هەموو بازنە و ڕەمز و دڵسۆزی و لایەنگیرییە بچووك و جوزئی و قۆناغییەی جیهانی موسوڵمان و جیهانی ئیسلام لەخۆ دەگرێت، ئەم بازنە بچووکانەش ببنە پەیژەیەك بۆ سەرخستنی جیهادی ئیسلامی و گەیاندنی بە ئامانجی باڵا: کە عیززەتی ئیسلام و یەکێتیی

ئوممەتی ئیسلامی و سەربەخۆیی و گەنجترکردنەوەی ئەم ئوممەتە بەو ڕێنیسانسە ئیسلامییەی چاوەڕوانی دەکرێت لێی.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فێری کردووین جیاوازی بکەین لەنێوان (خۆشەویستیی نیشتمان) و گۆڕینی ئەو خۆشەویستییە بۆ دژایەتی و بەربەستی پەیوەستبوونمانەوە بە ئیسلام و پەیام و کۆمکاری ئیسلامەوە، پێغەمبەر (درووی خودای لەسەر بێت) مەککەی وەك نیشتیمان خۆشویست _سەرەڕای ئەوەی خەڵکەکەی موشریك بوون و دژایەتیی بانگەوازی ئیسلامیان کرد تا ڕادەی ئابلۆقەی ئابووری_ تەنانەت کاتێك بەجێی هێشت و بەرەو مەدینە کۆچی کرد، فەرمووی: "تۆ خۆشەویتترین خاکی خودای لەلای من، ئەگەر خەڵکەکەت دەریان نەکردمایە، نەدەچوومە دەرەوە." ئەمەش خۆشەویستییەکی قووڵە و بەردەوام هەڵدەقوڵێت، لە مەدینەش هەر لە دڵیدا بوو، تەنانەت داوای لە خودای گەورە کرد کە مەدینەی وەك مەککە لا خۆشەویست بکات، لە نزایەکیدا ئەفەرمێت: "خودایە مەدینەمان وەك مەککە لا خۆشەویست بکە یان پتریش؟"[1] ئەمەش تا بتوانێت بەسەر ئەو خۆشەویستی و سۆزەی بۆ مەککە هەیەتی زاڵ ببێت، هەروەها داوای لەو کەسانە دەکرد کە بیرەوەرییەکانی مەککە لە ناخیدا دەگەشێننەوە، بوەستن لەو کارەیان و دڵەکان ئارام بێتەوە و خەمی پتر نەبێت، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) خۆشەویستیی گەورەی بۆ نیشتیمان و دڵسۆزی و ئینتیمای باڵای بۆ ئیسلام پێکەوە گرێ دابوو، تەنانەت خۆشەویستیی بۆ مەککە کردبووە وزەی بزواندنی حەزی بۆ ڕزگارکردنی مەککە، کەواتە خۆشەویستیی بۆ مەککە _سەرەڕای موشریکبوونی خەڵکەکەی_ ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرەی سەرخستنی کۆمکاری ئیسلام! ئەوەش ئاشکرایە کە پێش ئەوەی قیبلە بگۆڕێت بۆ مەککە، نزا و هیوای

---

[1] رواه البخاري ومالك في الموطأ والإمام أحمد.

ئەوە بوو کە مەککە بکرێتە قیبلە، تەنانەت پـێش ئـەوەی خەڵکەکەشـی بـە لێشـاو موسوڵمان ببن!

هەروەها پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فێری کـردین جیـاوازی بکـەین لــەنێوان دڵســۆزی و لایــەنگیریی دادگەرانــە بــۆ نەتــەوە، لەگــەڵ دەمــارگیریی سـتەمکارانەدا بـۆ نەتـەوە، یەکـەمیان نـەك هــەر لای ئیسـلام پەسـەندە، بـەڵکو ئەڵقەیەکە لـە زنجـیرەی ئیسـلام و هەنگاوێکـە لەسـەر ڕێگـەی کۆمکـارە باڵاکـەی و خشتێکە لە تەلارە باڵاکەی، ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) نـەهیی کردووە لە دەمارگیریی جاهیلی، کە یـەکڕیزی تێـك ئـەدات، تـەنها لەسـەر ڕەگـەز و خوێن دامەزراوە و جیـاوازی ناکـات لـەنێوان نـاوەڕۆکی دادگەرانـە و نادادگەرانـەدا، بەهۆی پەیوەستبوون و پەرۆشیی بۆ نەتەوەکەی، وە دەفـەرمێت: "بـەدوور بـن لـە دەمارگیری، چونکە بۆگەنە."[1] بـەڵکو فێرمـان دەکـات کـە پەیوەنـدیی نەتەوایـەتی پێویستە لەسەر بنەمای هەڵبژێردراوی مرۆییانەدا بێت، نەك لەسەر ئەو بنەمایانـەی کـە مـرۆڤ هـیچ دەسـتی تێیـدا نییـە، ئـەوەتا زمـان و کولتـوور پێـوەر و کۆمکـاری پەیوەندیی نەتەوایەتی بێت، هەر لەو ڕێگەشەوە بیلالی حەبەشی و صوهەیبی ڕۆمی و سـەلمانی فارسـی بوونـە عـەرەب[2]، کاتێـك زمـانی عـەرەبییان کـردە زمانیـان و دڵسۆزی و ئینتیماشیان بۆ ئیسلام بوو، پێغەمبەرمان (دروودی خودای لەسەر بێت) لە وتارێکیدا فێرمان دەکات و دەفەرمێت: "ئەی خەڵکینە، یەك پـەروەردگار هەیـە، باوکتان یەکە، عەرەبایەتی هەریەك لە ئێوە، بە باوك و دایك نییە، بەڵکو بە زمانـە،

---

[1] رواه البخاري والترمذي.

[2] نووسەر هیچ بنەما و پێـوەرێکی ئیسـلامی و زانسـتی پـێ نییـە بـۆ ئـەو قسـەیەی کـە بـیلال و سـەلمان دەکاتە عەرەب (وەرگێڕ).

جا هەرکەس لە ئێوە بە عەرەبی قسەی کرد، ئەوە عەرەبە."[1] جارێکیش (واثلة بن الاسقع) بۆ ئەوەی بزانێت هەڵوێستی ئیسلام لەسەر خۆشەویستیی کۆمەڵ و تیرەی خۆی چۆنە، ئایا بەشێکە لە دەمارگیریی ئیسلامی؟ پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) بەپێی ناوەڕۆك جۆرەکانی خۆشەویستیی جیا کردۆتەوە، ناوەڕۆکی خۆشەویستی و دڵسۆزی و لایەنگیریی تەواو، پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت):

- ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئەگەر کەسێك کۆمەڵەکەی خۆی خۆش بووێت بەشێکە لە دەمارگیری؟

- لە وەڵامدا فەرمووی: نەخێر، دەمارگیری ئەوەیە پشتیوانیی کۆمەڵەکەی خۆی بکات لەسەر ستەمکاری.[2]

***

ئەم خۆشەویستییەی مرۆڤ دەیبەخشێت بە نەتەوەکەی، ئەگەر لەسەر پێوەر و ناوەڕۆکە دادگەرەکان بێت، ئەوا هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ پێوەر و پەیوەندی و بەها و بنەماکانی ئیسلامدا نییە، ئەو خۆشەویستییە پەیوەندییەکی ئینتیمای مرۆیی واقیعییە و لەنێو ماك و فیترەتی مرۆڤایەتیدایە و ئیسلام پشتگوێی نەخستووە و نکووڵیی لێ ناکات و سەرکۆنەشی ناکات، بەڵکو وزە و ئیمکاناتەکانی وەبەر دێنێت بۆ بونیاتنانی دەوڵەتەکەی و یەکخستنی ئوممەتەکەی و جێبەجێکردنی شەریعەتەکەی، لێرەوە دەتوانین بڵێین: خۆشەویستی بۆ گەل و نەتەوە بەو مانایە، جۆرێکە لە وزەکانی (واقیعی مرۆیی) و چەکێکی (ئیمکاناتی مرۆییە و پێویستە

---

[1] تهذيب (تاريخ ابن عساكر)ج٣، ص١٩٨. طبعة دمشق... ئەم گێڕانەوەیە زۆر لاوازە و نەدەبوو نووسەر وەك فەرموودەی پێغەمبەر ئاماژەی پێ بکات، بڕوانە (سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة - ٩٢٥) للألباني.(وەرگێڕ).

[2] رواه ابن ماجة و الإمام أحمد.

موسوڵمانان بۆ خزمەتکردنی هزری ئیسلامی و یەکێتیی ئوممەتەکەیان و کۆمکاری نیشتمانەکەیان بەکاری بهێنن و بەفیڕۆی نەدەن، چ جای ئەوەی کات بکوژن لە دژایەتیکردنی ئەو وزە و تواناییانەدا!

لە کاتێکدا پەیوەندیی نێوان نەتەوەپەروەری _وەك بازنەیەکی ئینتیمای تایبەت_ و کۆمکاری ئیسلامی _وەك بازنەی یەکەم و گشتگیرتری ئوممەتی ئیسلامی_ یەکێکە لەو بابەتانەی زۆرترین گفتوگۆی هزری و ململانێی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە لەنێوان ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکاندا، ئەوا زۆر پێویستیمان بەوە هەیە ئەم نیشانەی میتۆدی ئیسلامی بە باشی و ڕێکوپێکی دیاری بکەین و گەلێك چەمك و ڕاستی و واقیعی مێژووییش وەبیر بهێنینەوە.

– ئیسلام دژی کاروباری دونیایی ئوممەتی ئیسلامی نییە و پشتگوێشی نەخستووە، بەڵکو بەپێی بنەما و پێوەرە ئیسلامییەکان ڕێکی خستووە و بەڕێوەی بردووە و لە پێناوی ژیان و ئاوەدانکردنەوەدا مەبەستە شەرعییەکانی پێ بەدەست دەهێنێت.

ئەوەش کە ئیسلام ئایینی کۆمەڵ و پەیامی ئوممەتی ئیسلامییە، هەڵوەشاندنەوەی تاك و خێزان و تیرە و هۆز و گەل ناگەیەنێت، نکووڵی لە تایبەتمەندیی ئەم قەوارە جوزئی و ناوخۆییانە ناکات، بەڵکو هەموو ئەم یەکانە لە چوارچێوەی بونیادی گەورە و گشتگیرتری ئوممەت و کۆمەڵدا وەك خشتی گونجاو دەخاتە کار و دیوارێکی ڕێکوپێك و ئەندازەیی لێ دروست دەکات.

ئوممەتی ئیسلامیی یەکگرتووش لەسەر یەك پێوەری عەقیدەی ئیسلامی دامەزراوە، پەیوەندیی لەگەڵ خشتەکانی گەل و تیرەکان بە هەمان شێوەیە، هەرکات ناوەڕۆکی ئەم ئینتیما جوزئییانە و ئاراستەی خاوەنەکانی هەماهەنگ بێت لەگەڵ هزری ئیسلامیدا و ئەرکی بونیاتنانی یەکێتی و هەستانەوە و عیززەتی

ئوممەتی ئیسلامی بەجێ بهێنن، ئەوا دەبنە وزەی کارا بۆ بەرژەوەندیی ئامانجی ئیسلامی گشتی.

ـ لە زمانی عەرەبیدا وشەی (عەصەبییەت) کە بۆ خۆشەویستی و لایەنگرییەکی زۆر بەکار هێنراوە بۆ هەر شتێك، لە لای ئیسلامییەکان ناوبانگێکی خراپی هەیە! ئەم واقیعە هزرییەش وامان لێ دەکات لەژێر تیشکی پێوەرەکانی ئیسلامدا لە ناوەڕۆکەکەی بکۆڵینەوە و بیر لەوە بکەینەوە بیخەینە خزمەتی ئیسلام، لەژێر تیشکی جیاکردنەوەی ئەو ناوەرۆکە جیاواز و ناتەبایانەی دەخرێتە چوارچێوەیەوە و ئەوانەی ئاراستە و چوارچێوەی جووڵە و کردار و کاریگەریی بۆ دیاری دەکەن.

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (العصبية) مەصدەری نیسبییە و نیسبەت دراوە بۆ لای وشەی (العصبة) کە بە واتای (ئەو خزمانەیە کە پشتیوانیی بەهێزی دەکەن و دەمارگیرییان بۆی هەیە.[1] کەواتە عەصەبە ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە لە خزمایەتی و کۆبوونەوەیاندا هاوبەشن، کەواتە عەصەبییەتی نەتەوایەتی ئەو وزە و بزووتنەیە کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت نەتەوەی خۆی سەر بخات، پەیوەستبوونی نەتەوایەتی و دڵگەرمییە بۆ پاراستنی نەتەوە، ئامانجی بانگ و بزووتنیشی: کارکردنە لەپێناو پاراستنی ئەو نەتەوەیەی مرۆڤ لەگەڵیان دەژی و خزمایەتیی لەگەڵیان هەیە.

کەواتە ئێمە لەبەردەم وزەیەکداین لەسەر فاکتەری بابەتی و ڕاستیی واقیعی بونیاد نراوە، چوارچێوەی ئینتیماکەی لەناو سنووری پەیوەندیی خزمایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوەدایە و ئاسۆ و ئامانجیشی پێشکەوتنی نەتەوەیە بەسەر نەتەوەکانی تردا، ئەمەیە واتای نەتەوایەتی، کە دەمانەوێت لە چوارچێوەی ئینتیمای ئیسلامی گشتیدا لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەکەی بکەین، ئەگەر پێگەیەکی هەبێت.

---

[1] الفيروزابادي(القاموس المحيط).

ـ لەو جاهیلییەتەدا کە ئیسلام هات بۆ دەرهێنانی مرۆڤەکان لە تاریکییەکانی بۆ نووری خودایی، ئاسۆی نەتەوە _تیرە_ بەرتەسك بوو، خوێن و خزمایەتی و ڕەگەز پێوەری جیاکردنەوەی بوو لە هەر شتێکی تر، کاتێك ئیسلام بە پەیامە جیهانییەکەی و بانگەوازە کۆکەرەوەکەی هات و پاش کۆچ دەوڵەتی خۆی لە مەدینە دامەزراند، بینیمان کە ئەم چوارچێوە و خشت و پەیوەندیی ئینتیمایانە پشتگوێ ناخات، تەنها لە ئاسۆ و واتاکانیدا ناوەستێت، بەڵکو قەوارەی تیرە و هۆزەکانی نەتەوە دەخاتە خزمەت قەوارە سەرەکییەکەی ئوممەتی ئیسلامی، هەر وەك بینیمان کە ناوەرۆکی ڕەهای عەصەبییەت _خۆشەویستی و پشتیوانی و بەرگری لە نەتەوە_ی بە شێوەیەك ڕێك خست کە بەپێی پێوەرەکانی دادگەریی ئیسلام بێت، ئەوەتا دەستووری دەوڵەتی مەدینە کە قسە لەسەر هاووڵاتییانی دەکات وەك ئوممەتێکی نوێ، تیرەکانی هەژمار کردووە و باسی لە ماف و ئەرکەکانیان کردووە و وەك تاکێکی تەنها و بێپەیوەندی وێڵی نەکردوون و پشتگوێی نەخستوون، هەروەها ئەو ناوەرۆکە ئیسلامییانەشی دیاری کردووە کە بۆ یەکێتی و بانگەواز و بزووتنی یەکدی سەر دەخەن و پشتیوانیی بۆ یەکدی مسۆگەر دەکەن، لە چاکەدا نەك لە خراپە و گوناهدا پشتیوانیی یەك بن، لە بونیادنانی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەدا کە بانگەوازی ئیسلام دەگەیەنێت بە جیهان، کەواتە ئیسلام ئەو قەوارە تیرەیی و هۆزانەی نەتەوە لە ڕووی ئەرك و ئاسۆی بزووتن و ناوەرۆکی بانگەواز و پەیامەکانەوە پێش دەخات و دەیکاتە بانگەواز و پەیامی ئیسلام، پوختەی قسەکەشمان ئەوەیە کە ئیسلام بازنەی ئینتیمای بچووکی بیری نەتەوایەتی و خۆشەویستیی فراوانی نەتەوە دەخاتە خزمەت بانگەوازی ئیسلامی جیهانی و هەریەك لە تیرە و گەل و نەتەوەکان دەبنە خشتێك لە ماڵی ئوممەتی ئیسلامی و لەژێر ئاڵای ئیسلامدا.

ـ کاتێك ئیسلام لەم بوارەدا ئەم دەسکار و دەسکەوتەی هەبێت، ئەوا جیاوازی لەنێوان دوو خۆشەویستی و لایەنگری و ئینتیما و سەرخستنی نەتەوەدا دەکات و ناوەرۆکیش پێوەری ئەم جیاکردنەوە دەبێت، هەرکات پشتیوانی و لایەنگریی نەتەوە لەسەر ستەم بێت _واتە لە نەبوونی دادگەریی ئیسلامیدا وەك ناوەرۆکی ئینتیمای نەتەوایەتی و دەمارگیری بۆ نەتەوە_ ئەوا ئیسلام دژی دەوەستێت و ناوی لێ دەنێت (دەمارگیریی جاهیلی،) بەڵام ئەگەر لایەنگری و دڵگەرمی بۆ نەتەوە لە پێناو سەرخستنی دەوڵەتی ئیسلامیدا بێت و پابەندی ناوەرۆکە ئیسلامییەکان بێت، دەبێتە بەشێك لە هێزی ئیسلام و خشتێك لە ماڵی ئیسلام و مەفرەزە و وزەیەك لە سوپای گشتیی ئیسلام.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، هێشتا خەڵکی تا ڕادەیەك لەژێر کاریگەریی ئینتیمای تیرەگەریدا مابوون بە ناوەرۆکە نائیسلامییەکەی، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) هەمیشە باسی پێوەر و ناوەرۆکە ئیسلامییەکانی ئینتیمای بۆ موسوڵمانان دەکرد و هۆشداریی دەدا لە گەڕانەوە بۆ ئاسۆی تەسکی دەمارگیریی نەتەوایەتیی پێش ئیسلام، کەواتە ئیسلام ئەو دڵگەرمی و پەرۆشییەی دەوێت کە بازنەی ئوممەت فراوانتر دەکات و یەکێتییەکەی تۆکمەتر دەکات و بزووتنەکەی بە ناوەرۆکی ئیسلامی پشتیوان دەکات، جا ئەگەر پەرۆشییەکە لەم ئاراستە و ناوەرۆکە ئیسلامییە لای دا، ئەوە ئەو دەمارگیرییە جاهیلیەیە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) داوا لە خەڵکی دەکات لێی دوور بکەونەوە، ئەبوهورەیرە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "هەرکەس لە گوێڕایەڵیی دەسەڵاتی کۆمەڵی موسوڵمانان دەرچێت و لەسەر ئەو دۆخە بمرێت، ئەوا مردنێکی جاهیلی دەبێت، هەرکەسێکیش لەژێر ئاڵای بێسەروبەر و کوێرانەدا بجەنگێت و لەپێناوی گرووپێکدا تووڕە بێت و خەڵکی بۆ بانگ بکات و هەوڵی سەرخستنی بدات و پاشان لەو

ڕێگەیەدا بکوژرێت، ئەوا کوژرانێکی جاهیلییانەیە، هەرکەسێکیش دژی ئوممەتەکەم دەرچێت و شەڕ لەگەڵ باش و خراپیدا بکات و دەست لە باوەڕدارانیشی نەپارێزێت و پەیمانەکانی نەپارێزێت، ئەوا لە من نییە و منیش لەو نییم."[1]

ئەوەیە ئەو دەمارگیرییەی ئیسلام نەهیی لێ کردووە، ناوەڕۆك و ئاسۆیەکی جاهیلیی هەیە و پاشەکشەیە لەو ناوەڕۆکەی ئیسلام دیاریی کردووە بۆ پەرۆشی و دڵگەرمی، هەروەها دوورکەوتنەوەیە لە ئاسۆی (ئوممەتی جیهانی) و ڕۆشتنە بۆ چوارچێوەی (دەمارگیریی تیرەگەری).

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) لە شوێنێکی تردا ئەمەی ڕوون کردۆتەوە، کاتێك (واثلة بن الأسقع) لێی پرسی:

"ئەی پێغەمبەری خودا: عەصەبییەت چییە؟"

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: "بریتییە لە پشتیوانیکردنی تیرەکەت (یان نەتەوە و گەلەکەت) لەسەر ستەم."[2]

هەر ئەم دەمارگیرییە جاهیلییەشە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) نەهیی لێ کردووە و فەرموویەتی: "ئەو کەسەی ڕێباز و هزری جاهیلی بەکار بێنێت، لە ئێمە نییە."[3] وە دەفەرمێت: "واز بێنن لە هزر و بیری دەمارگیریی جاهیلی، چونکە بۆگەنە."[4]

وەك پێشتریش ڕوونمان کردەوە، هەرکات لایەنگیری و پەرۆشی بۆ تیرە و نەتەوە بەپێی پێوەرەکانی ئیسلام بێت پەسەندە و سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوم دەگێڕێتەوە کە جارێکیان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) وتاری

---

[1] رواه مسلم.

[2] رواه ابوداود.

[3] رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وابن ماجة والإمام أحمد.

[4] رواه البخاري والترمذي.

بۆ داین و فەرمووی: "باشـرینی ئێـوە ئـەو کەسـەیە کـە بـەرگری لـە تـیرەی خـۆی دەکات، بە مەرجێك خۆی گوناهبار نەکات."[1]

بـەڵکو بینیمـان کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێت)خۆبـەختکردن لەپێناو کەسوکار (تیرە و نەتەوە)دا پلەی شەهیدی بۆ دانراوە، بە هـەمان شـێوەی کوژران لەپێناو سامان و گیان و ئاییندا، دەفەرمێت: "ئەوکەسـەی لـەپێناو سـامان یان ئایین یان گیان یان کەسوکاریدا بکوژرێت شەهیدە."[2]

کەواتە فرەیی بوارەکانی لایەنگیری و ئینتیما وەهای لیّ ناکات پەرۆشـی بـۆی و خۆبـەختکردن بـۆی بیخاتـە دەرەوەی بازنـەی ئیسـلامییەوە، چـونکە پێـوەر هـەم ناوەرۆکە و هەم ئەوەی کە خزمەت بە چی دەکات؟

ـ لە کاتێکدا ئاییندارى و جێبەجێکردنی سرووتەکانی ئایین لەسـەر ئاسـتی تـاك بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێت بەبیّ ئەوەی پشت بـە کۆمـەڵێك ببەسـتێت، ئـەوا قورئـانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) کە لێکدەرەوەی قورئانە، فێرمان دەکەن کە سەرکەوتنی پەیامە ئاسمانییەکان و بالادەستیی شەریعەتەکان و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەی ئایین دەپارێزێت و بانگەوازی بـۆ دەکـات، پێویسـتیی بەو لایەنگیرییە بەهێز و پەرۆشی و بەرگرییە هەیە کە لەم پێناوەدا بخرێتە کار.

بۆ نموونە، بانگەوازی (لوط) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) سەرکەوتوو نەبوو لەو شوێنەدا کە بۆی نێردرا بوو، چونکە تیرە و بەرگریکار و هێزی پەیوەندیی بەهێزی خزمایەتی لە خزمەتیدا نەبوو کە بەرگری لیّ بکات و بونیادێکی تۆکمەی بۆ دامەزرێنێت، کاتێك قورئانیش فێرمان دەکات یاسای خودا لە ناردنی پێغەمبـەران و پەیامەکانـدا ئەوەیـە کـە خـەڵکی گوێڕایـەڵیی پێغەمبەرەکـە و پەیامەکـەی بـن و دەفــەرمێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوا أَنفُسَهُمْ

---

[1] رواه أبوداود.

[2] رواه الترمذي

جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا (٦٤)﴾ **النسـا ء: ٦٤.**
واته: "**هەر پێغەمبەرێكمان ناردبێت، ئەوا بۆ ئەوە بووە كە خەڵكی گوێڕایەڵی بن بە ئیزنی خودا.**" ئێمەش ئەوە فێر دەبین ئەم ئیزنەی خودا بەرجەستە دەبێت لە ڕێگە و هۆكار و فاكتەرەكاندا، یەكێك لەوانەش ئەو پەیوەندیی خزمایەتییەیە كە خـودای گـەورە هـەڵی دەبـژێرێت و ئامـادەی دەكـات بـۆ دامەزرانـدنی بونیـادی ڕێسـاكانی پەیامەكە، تا بەردەوام بێت و لەنێو خەڵكیدا بڵاو بێتەوە.

كاتێك (لوط) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لەلایەن گەلەكەیەوە پشتی تێ كرا و پشتیوانییان لێ نەكرد و ئـەركی خزمایـەتییان بـەجێ نـەهێنا بەرانبـەری، هەستی بە خەم و كارەساتباری كرد و فەرمووی: ﴿ قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ (٨٠)﴾ **هود ٨٠.** واته: "**ئای خۆزگە لەناو ئێوەدا كەسانێكم لەگەڵ دەبوو و هێزێكم لێ دەست دەكەوت یان پەنایەكی بەهێز و تۆكمـەم دەسـت دەكـەوت كـە پشتی پێ ببەستم.**" زانایانی تەفسیر وشەی (هێز) بە واتای پشتیوان و لایەنگر لێك ئەدەنەوە، مەبەستیش لە وشەی (ركن) تیرە و بەرگری و زۆرییە.[1]

سوننەتی پێغەمبەریشمان (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ ڕوون دەكاتەوە كە ڕێسا و بەرنامەی خودای گەورە لە پەیام و پێغەمبەراندا وەهایە كە پشت بە پشتیوانی و بەرگریی گەلەكەی ببەسـتێت تـا بـەردەوام بێـت و جێپێـی خۆی قایم بكات و تووشی چارەنووسی بانگەوازی (لوط) پێغەمبـەر نـەبێت (دروودی خودای لەسەر بێت) لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خودای لەسەر بێـت) گێڕدراوەتـەوە كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: "**لـوط وتـی: ئـای ئەگـەر هێزێكم هەبووایە و پشتیوانێكی بەهێز هەبوایەت كە پاڵی پێوە بـدەم، لـە ڕاسـتیدا پشتی بە پشتیوانێكی گەورە بەستبوو (كە فریشتەكان بوون)، بەڵام مەبەستی ئەوە**

---

[1] القرطبي(الجامع لأحكام القرآن)ج٩، ص٧٨.

بوو که لەناو تیرەکەی خۆیدا بێت، ئیتر پاش ئەوە هەرکات خودا پێغەمبەرێکی ناردبێت، هەر لە لووتکەی گەلەکەی خۆیدا هەڵیبژاردووە، یان لەناو کۆمەڵێکدا کە بەرگری لێ بکەن لە گەلەکەی خۆی."[1]

ـــ لەژێر تیشکی ئەم ڕێسا و بەرنامەی خودای گەورەدا کە بۆ پەیام و پێغەمبەرانی داناوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خزمایەتی و پەرۆشیی بۆ تیرە و گەل و هەبوونی خزمانی بەرگریکار چەندە ڕۆڵی هەبووە لە بانگەوازی موحەممەدیدا، لە هەردوو قۆناغی مەککی و مەدەنیدا و لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا و لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و قۆناغی خەلافەتی ڕاشیدیشدا.

تیرەی (قورەیش) باشترین تیرەی عەرەب بوو، بەرەی (هاشم)یش باشترینی قورەیش بوو، موحەممەدیش (دروودی خودای لەسەر بێت) باشترین کەس بوو لەناو بەرەی هاشمدا، هەر وەك وتوویەتی: باشی کوڕی باشی کوڕی باش، بەم شێوەیە خودا لە لووتکەی نەتەوەکەی خۆی هەڵی بژاردووە، تا بەرگریکاری بن و پەرۆشی نەتەوایەتی و خزمایەتییان بۆی ببێتە هۆکارێك بۆ سەرخستنی بانگەوازی ئیسلام، ئەگەر سەیرێکی ئەو پارێزگاری و بەرگرییە بکەین کە ئەبوتالیبی مامی بۆی نواند _سەرەڕای مانەوەی خۆی لەسەر بتپەرستی_ نموونەی بەرجەستەی ڕۆڵی دەمارگیری تیرە و نەتەوە بێت _تەنانەت لە وێنە جاهیلییەکەشیدا_ بۆ سەرخستنی ئیسلام. ئەوا ئەم ڕاستییە پێویستیی بەوە هەیە پتر لێی ورد ببینەوە و پەندی لێ وەربگرین.

ئەو ململانێیەی لە مەککەدا هەبوو لەنێوان یەکتاپەرستی و شیرکی جاهیلیدا هەبوو، هەمیشە وەها نەبووە کە لایەکیان هەمووی باوەڕدار بێت و ئەوەی

---

[1] رواه الإمام أحمد.

بەرانبەریشی هەمووی موشریك بێت، چونکە زۆربەی بەنی هاشم و بەنی موتتەلیب پێغەمبەر و پەیامی ئیسلامیان دەپاراست و پشتیوانییان دەکرد، گەرچی هەندێکیشیان موسوڵمانیش نەبوو، هۆکاری ئەمەش پەرۆشی و لایەنگریی بێئەندازەیان بوو بۆ بەرە و تیرەکەیان و خزم و کەسی خۆیان، تەنانەت هەر وەك مێژوونووس: (ابن عبدالبر ـ ٣٧٨ك ـ ٤٦٣ك، ـ ٩٧٨ـ ١٠٧١ز) دەڵێت: "هەموو بەرەی بەنی هاشم بە موسوڵمان و ناموسوڵمانیانەوە ئابڵۆقەیان خرایە سەر لەسەر پشتیوانییان بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، ئەوەی موسوڵمان بوو ئایینەکەی بوویە سەرچاوەی دڵگەرمی و ئەوەش کە موسوڵمان نەبوو، پەرۆشی و تیرەگەری پاڵنەری بوو."[1] دیارە ئەو ماوەیە قورەیشییەکان بۆ سزادانی موسوڵمانان، دەریان کردن بۆ شیوێکی دەوری مەککە، بە شیوی بەنی هاشم ناسرابوو، ئابڵۆقەیەکی توند و سەختی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بەسەردا سەپاندن. بەم شێوەیە خودای گەورە ئەو ژمارە کەمەی باوەڕدارانی هیدایەت دا بۆ سوودوەرگرتن لە وزەی دەمارگیریی خزمایەتی و چەکی پەرۆشی بۆ تیرە، تا ببنە پشتیوانێك بۆ سەرخستنی ئیسلام.

کاتێکیش فشاری موشریکەکان بۆ سەر تیرەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) زۆر بوو تا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕادەست بکەن، بەڵام بەنو هاشم خۆیان ڕاگرتووە و سەرەڕای موشریکبوونیان لەسەر زمانی ئەبوتالیب ئەم وەڵامەیان داوەتەوە بە قورەیشییە بێباوەڕشەکان: "سوێند بە خودا تا هەمووومان نەکوژرێین ڕادەستی ناکەین."[2]

گەر بمانەوێت بزانین کاریگەریی پاشەکشەی _نەك نەمانی_ ئەو بەرگری و پەرۆشییە بۆ تیرە و خزمایەتی لەسەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و

---

[1] ابن عبدالبر(الدرر في اختصار المغازي والسير)ص٥٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا٥٨.

پەیامەکەی بە کۆچی دوایی ئەبوتالیبی مامی چۆن بوو، تەنها ئەوە بەسە کە ئاماژە بۆ ناونانی ئەو ساڵە بکەین بە (ساڵی خەمباری) لەلایەن خودی پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێت)، هەروەها ناچاریش بوو بڕوات بۆ لای چەند تیرەیەکی تر و داوای هاوکارییان لێ بکات و بەپێی نەریتی پەنادان پەنای بدەن، تەنانەت ڕۆشت بۆ شاری (طائف) بۆ لای تیرەی (ثقیف)، بەڵام ئەو ئازار و ئێشەی لەوێ تووشی بوو، لە ڕۆژی جەنگی (ئوحود) سەختتر بوو، وەك هەندێك لە مێژووناسان دەڵێن.[1]

ـ ئەگەر ئەمە تەنها نموونەیەکی ڕۆڵی خزمپەروەری و تیرەخوازی بێت، کاتێك موسوڵمانان دەتوانن وەك قۆناغی مەککە لە خزمەتی ئیسلامدا بەکاری بهێنن، ئەوا لە ڕووداوە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا، ڕووداوی (بیعة العقبة) شایەتە لەسەر کاریگەریی خزمایەتی و پەرۆشی و بەرگریکاری خزمایەتی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) ئامادەکاریی دەکرد بۆ کۆچکردن بۆ مەدینە و بەستنی پەیمانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، لەو چاوپێکەوتنەی عەقەبەدا، تیرە و خزمانی خۆی بەجێ دێڵێت و پشتیوانی و بەرگری کەسانێك تر دەکاتە جێگرەوەی، کەواتە تەنها مەسەلەی ئایینێك نەبوو کە هەندێك لە تیرەی ئەوس و خەزرەج باوەڕی پێ دەهێنن و سرووتەکانی جێبەجێ دەکەن، بەڵکو مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەم ئایینی ئیسلامەیە کە پێویستیی کەسانێك هەیە بە پەرۆشی و دڵگەرمییەوە بیپارێزن و بەرگریی لێ بکەن، ئەمەش زامنی سەرکەوتنی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامییە لەم قۆناغ و نیشتیمانە نوێیەدا.

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا٦٥-٦٧.

ویستی خودای گەورە وەها بـوو کـە پەیوەنـدیی تیرەگـەری و خزمایـەتی ڕۆڵـی هەبێت لە پتەوکردن و دڵنیاییبەخشین بە دامەزراندنی ئەم پەیوەندی و خزمایەتییە گرێبەستییە لە شەوی عەقەبەدا، ئەوەتا عەباسی کوڕی عەبدولموتتەلیب، کە مـامی پێغەمبەر بوو (دروودی خودای لەسەر بێت) و هێشتا هـەر لەسـەر ئـاییني قـورەیش بوو، لەو شەوەدا لەگەڵیدا ئامـادە بـوو و لۆبوونـەوەیان لەگـەڵ نوێنـەرانی ئـەوس و خەزرەجدا کرد، مەبەستیشـی ئـەوە بـوو دڵنیـا بێـت لـەوەی لـە نیشـتیمانی نوێدا کۆمەڵێك خزم و تیرەی ئەو شوێنە ئامادە ئەبن بۆ پاراستنی بانگەوازەکەی، کاتێـك بـەم گێڕانـەوەی خـوارەوە گوێمـان لـە ڕووداوەکـانی (بیعـة العقبـة) دەبێـت، ڕۆڵـی پەرۆشـی و دڵگـەرمیی تیرەگـەری و خزمایـەتی و برایـەتیی گرێبەسـتیمان بـۆ دەردەکەوێت کە لەسەر ئیسلام و عەقیدەی ئیسلام بونیات نراوە.

عەبدوڵڵای کوڕی کەعب _کە یەکێك بوو لە زاناترینەکانی ئەنصار_ دەگێڕێتەوە لە باوکییەوە _کەعبی کوڕی مالیـك_ کـە یـەکێك بـوو لەوانـەی ئامـادەی بەیعـەتی عەقەبە بوون و دەڵێت: "لەگەڵ حاجییەکانی خزمانی خۆماند، کە هێشتا بتپەرست بـوون، ڕۆشـتین بـۆ حـەج بـۆ مەککـە، شـەوی عەقەبـە لەگـەڵ خزمانـدا لـەنێو باروبنەکانماندا خەوتین تا سێیەکی شەو تێپەڕی، ئیتر بە پەنامەکی و بێدەنگییەوە هەموومان چووینە شـیوی عەقەبـە و چـاوەڕێی هـاتنی پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسەر بێت) بـووین، حـەفتا پیـاو و دوو ئافرەتمـان لەگـەڵ بـوو، پێغەمبـەر لەگـەڵ عەباسی کوڕی عەبدولموتتـەلیبی مـامی هـات، عـەباس هێشـتا هـەر لەسـەر ئـاییني قورەیش مابوویەوە، بەڵام پێی خۆش بوو ئاگـای لـە کـاری برازاکـەی بێـت و دڵنیـا بێت، کاتێك دانیشتین عەباس یەکەمین کەس بوو قسەی کرد و وتی:

ئەی کۆمەڵی خەزرەج، وەك دەزانن موحەممـەد لـە ئێمەیـە و تـا ئێسـتا ئێمـە و ئەوانـەی ڕایـان وەك ئێمەیـە توانیومانـە بیپـارێزین و لـەناو تـیرە و وڵاتـی خۆیـدا بەرگریی لێ دەکەین و دەیپارێزین.

پاشان ئێمەش وتمان: ئەوەی تۆ وتت بیستمان و تێگەشتین، ئەی پێغەمبەری خودا تۆش هەرچیت بۆ خۆت و خودای خۆت پێ خۆشە بیڵێ.

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) قسەی دەست پێ کرد و قورئانی خوێند و بانگی کردین بۆ ڕێگەی خودای گەورە و ئیسلامی لا شیرین کردین. پاشان وتی: بەیعەتتان لەسەر ئەوە لەگەڵ دەکەم کە چۆن منداڵ و خێزانی خۆتان دەپارێزن وەهاش ئامادەی بەرگری بن لێم.[1]

پاشان بەرائی کوڕی مەعرور دەستی گرت و وتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بە حەق ناردووە، چۆن خۆمان (یان خێزانەکانمان) دەپارێزین، وەهاش تۆ دەپارێزین. پاشان بەیعەتمان پێ دا، ئێمەش هەر لە باوباپیرانمانەوە جەنگ و پێکدادانمان بۆ ماوەتەوە. پاشان ئەبولهەیسەمی کوڕی تەیهان _کە هاوپەیمانی تیرەی عەبدولئەشهەل بوو_ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە لەگەڵ یەهوودەکانی مەدینەدا پەیوەندیمان هەیە، کە تۆ دێیتە مەدینە ئێمە ئەو پەیوەندییە دەبڕین، ئایا ئەگەر سەرکەوتیت، ئێمە بەجێ دێڵیت و دەگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت؟

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) خەندەیەکی کرد و فەرمووی: مافی خوێنتان دەسێنم و مافی خوێنم بسێنن، خوێنی هەرکەسم حەڵاڵ کرد ئێوەش خوێنی حەڵاڵ بکەن و ئێوەش خوێنی هەرکەستان حەڵاڵ کرد منیش خوێنی حەڵاڵ دەکەم، لەگەڵ هەرکەس شەڕ بکەن شەڕی لەگەڵ دەکەم و لەگەڵ هەرکەس ئاشتی بکەن ئاشتیی لەگەڵ دەکەم.

---

[1] بە واتای ئەوەی پەیوەندییەکی خزمایەتیی نوێ _پەیوەندیی تیرەیەکی نوێ_ دروست دەکات کە ئەمیش و ئەوانیش پێکەوە ببەستێتەوە، ئەمەش سەرەڕای پەیوەندیی موسوڵمانێتی. کەواتە بەرگریکردنیان لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە هەمان ئاستی بەرگریکردنیان لە خێزان و منداڵیان، دامەزراندنی پەیوەندییەکی خزمایەتی و نەسەبی و تیرەیی و گرێبەستی نوێیە.

پاشان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: دوانزە سەرۆك تیرەم بۆ هەڵبژێرن تا سەرپەرشتیی تیرەکەیان بکەن، ئەوانیش نۆ کەسیان لە خەزرەج هەڵبژارد و سێ کەسیش لە ئەوس."[1] ئەمە بوو ڕۆڵی بەرگری و پشتیوانیی خزمانە و پەیوەندیی هۆزیاری پشتبەستوو بە گرێبەستی نێوان ئەندامەکانی، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێت) سوودی لێ وەرگیراوە.

ـ دەشتوانین لەژێر تیشکی ئەم ڕاستییەدا واتای ئەو دەسکەوتانە بزانین کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەر بێت) هەبوون، لە بوارەکانی (ڕێکخستنی کۆمەلایەتی) و (پێکەوەژیان و هاوئاهەنگیی مرۆڤەکان)دا، ئەمەش پێکهێنەری هاوڵاتیی نوێی دەوڵەتی ئیسلامی و پەیوەندیی پەرۆشیی خزمایەتییەکەیەتی.

دەستووری دەوڵەتی مەدینە کاتێك باس لە هاوڵاتییەکانی ئەم ئوممەتە نوێیە دەکات، خشتەکانی دیواری ئوممەتی ئیسلامی لەبیر نەکردووە، کە بریتین لە تیرە عەرەبەکان لە کۆچکردووەکانی قورەیش و تیرە پشتیوانە باوەڕدارەکانی مەدینە، هەروەها ئەوانەی لەسەر ئایینی جوولەکە مابوونەوە، پاشان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هاتە ئارا و تەنها پەیوەندیی عەقیدەیی لەنێوان بەندە ئازادکراوە موسوڵمانەکان و موسوڵمانە ئازادە عەرەبەکاندا دروست نەکرد، بەڵکو ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی بەم ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەوە ئەو بەندە ئازادکراوانەی تێکەڵ بەو تیرانە کرد، کە پێش ئازادکردنیان لەلای ئەوان کۆیلە بوون و جۆرێك لە خزمایەتیی پێ بخشین و ناوی لێ نرابوو (الولا ) و بە نەسەب ناو دەبرا، بۆیە لە ئیسلامدا لەسەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) کە دەفەرمێت: "ئەو کۆیلەی لای تیرەیەك بووبێت و ئازادیان کردووە، بەشێکە لەوان."[2] وە دەفەرمێت:

---

[1] رواه الإمام أحمد.

[2] رواه البخاري.

"پەیوەنـدیی نێـوان کۆیلـەی ئـازادکراو لەگـەڵ ئەوانـەی ئازادیـان کـردووە وەك پەیوەنـدیی خزمایـەتی وەهایـە."[1] لێـرەوە کۆیلـە ئازادکراوەکـان تێکـەڵی تـیرە عەرەبـەکان بـوون و هـەمان مـاف و ئـەرکی خزمایـەتی و تیرەگـەرییان هـەبوو وەك ڕۆڵـەکانی نـاو تیرەکـان. ئـەم دەسـکەوتەی بـواری ڕێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی بوویـە پشتیوانییەکی تری بەهێزکردنی پێکهێنانی ئوممەت و هاوڵاتی دەوڵەتی ئیسلام.

مـاوەردی (٣٦٤ــ ٤٥٠ك، ٩٧٤ــ١٠٥٨ز) بـاس لـەوە دەکـات کـە ئیسـلام وەك فەرزێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی ڕووت هەستاوە بە ئاوێتـەکردنی تـاك لەگـەڵ تـیرەدا و وەرگـرتن و بەدەسـتهێنانی خزمایـەتی و پەرۆشـیی لەگـەڵ تیرەدا. ماوەردی ئەوە باس دەکات کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت): "کەسی بە تەنها نەدەهێشتەوە و دەیکرد بە بەشێك لە تیرەیـەك."[2] بێگومـان ئـەم کـارەش ڕێکخسـتنی پەرۆشـیی نێـوان تاکەکانـە بـۆ تـیرە و هۆزەکانیـان و بەکارهێنانیەتی بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە پێویستەکانی دەوڵەتی ئیسلام، گەرچی بەشێك نییە لـە خـودی فـەرزە ڕووتـەکانی عەقیـدە و سرووتەکانی پابەنـدبوون بـە ئیسلامەوە وەك ئایین.

هەر لەژێر تیشکی ئەو ڕاستییەدا ڕەهەنـدی نـوێی ڕێکخسـتنی برایـەتیی نێـوان کۆچـەران و پشـتیوانانمان بـۆ دەردەکـەوێت، چـونکە کۆچـەرییەکان لـە تـیرەی قـورەیش بـوون و پشـتیوانانیش لـە تـیرەی ئـەوس و خـەزرەج بـوون لـە مەدینـە، دروستکردنی ئەم برایەتییەش نموونەی ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەیـە کـە ئاسـتی بـەرز و قـووڵی تێکـەڵی و پێکـەوەژیان بـەدی دەهێنێـت، ئەمانـەش ئـەو یـەکێتیی خزمایەتییە پڕ پەرۆشییەی بەرهەم هێناوە کە لەسەر یەکێتیی بونیاد دەنرێت، ئەم دەسـتکەوتەش تـەنها لـە سـایەی ئیسـلامدا بەرهـەم هـاتووە، چـونکە نـاوەڕۆك و

---

[1] رواه ابوداود والدارمي.

[2] أدب الدنيا والدين لا ١٥١.

مەبەستەکانی ئیسلامییە و جیاوازە لە چەمکی (دراوسێیەتی) و (پـەنادان)[1] کـە لـە سەردەمی جاهیلیدا باو بوون.

ئەم برایەتییـەی ئیسـلام دروسـتی کـردووە، بـۆ ئەوەیـە لـە سـێ بـواردا مـاف و ئەرکیان یەکسان بێت:

١- بواری ڕاستی: ئەمەش پشتیوانیکردن لەسەر ئایین و هاوکاری لە هـەموو ئـەو لایەنە ڕۆحی و مەعنەوییانەدا کە پابەند بوون بە ئایینی ئیسلامەوە.

٢- هاوخەمی: بە واتای یەکسانی و هاوبەشی هەمووان لە کاروباری ژیانی مـاددی و سەرچاوەکانی.

٣- میراتگرتن لە یەکدی: هەر وەك میراتگرتنی خزمان لە یەکتری.[2]

کەواتە ڕێکخستنی برایەتیی نێوان کۆچەران و پشتیوانان، وەك خزم و یەك تیرە و هۆز کـۆی کردنـەوە، تەنانـەت پـاش ئـەوەی ئایـەتی ﴿ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ﴾ الانفـال٧٥. واتـە: "خزمـانی دایکـی و بـاوکی هەنـدێکیان لـە هەندێکیان لەپێشترن بەپێی قورئان کە پەرتووکی خودایە." کـە بەشـی میراتگریـی لەو برایەتییە دەر هێنا، بەڵام هـەر هاوخـەمی و هاوکـاری لـە ڕاسـتیپەروەریدا وەك دەستکەوتێك مایەوە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی نێوان کۆچەرییان و پشتیوانانـدا و ئـەو پەرۆشـی و دڵگەرمییـەی بـۆ خزمایـەتیی بـە نـاوەرۆکێکی ئسـلامییەوە لـەناو هاووڵاتیانی دەوڵەتی ئیسلامیدا خستە کار.

ـ ئەم پەیوەندییـەش لـە سـەردەمی خەلافـەتی ڕاشـیدیندا بـە ڕوونتریـن شـێوە دیـارە، ئەمـەش لـە سـەرنجدانمان لـە ڕووداوەکـانی (سـەقیفەی[1] بـەنی سـاعیدە) و

---

[1] مەبەست لەو دوو چەمکە: مافی دراوسێ لەسەر دراوسێ و پەنادان و بەرگریکردنـە لـەو کەسـەی پـەنای تیرەیەك هێناوە.

[2] ابن عبدالبر(الدرر في اختصار المغازي والدرر)ص٥٦.

گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی پشتیوانان و سەرانی قورەیش لە کۆچەرییانی سەرەتای کۆچکردن.

پشتیوانان دەسپێشخەرییان کرد بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و مەبەستیان قسەکردن بوو لەسەر دانانی جێنشین بوو بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەوان زۆر دڵنیا بوون لەوەی کە جێنشینی شایستە لەوان دەبێت، چونکە مەدینە شاری ئەوانە و لە (بەیعەتی عەقەبە)دا ئەوان گرێبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییان بەست، بە کۆچی دوایی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) پێشەوایەتیی ئەو دەوڵەتە چۆڵ بووە، هەر لە سەرەتای گرێبەستەکەیانەوە _وەك باسمان کرد_ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) کردنیە خزم و تیرەی خۆی و خۆشی کردە بەشێك لەوان لە شەڕ و ئاشتیدا.

لە سەرەتادا موسوڵمانانی مەککە کەم و لاواز و ستەمدیدە بوون و بە نهێنی سرووتە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکرد، ئەوە پشتیوانانی مەدینە بوون کە پەنای کۆچەرییانیان دا و کردنیانە برای خۆیان و سەرەڕای پێویستیی خۆیان یارمەتیی کۆچەرییانیان داوە، لەمەش گرنگتر، هەمیشە زۆرترین جەنگاوەریان بەشدار بوون لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بۆ ئیسلام، هەر لە جەنگی بەدرەوە بگرە تا ڕزگارکردنی مەککە و خۆڕادەستکردنی بنکەی سەرەکیی شیرك، کە دەرگای فراوانی سەرکەوتن کرایەوە و پۆل پۆل خەڵکی دەهاتنە ناو ئیسلام.

هەر لە سەقیفەی بەنی ساعیدەدا سەرۆکی خەزرەج سەعدی کوڕی عوبادە _کە یەکێك بوو لەو دوازدە نەقیبەی لە بەیعەتی عەقەبەدا هەڵبژێردرا_ باسی لە ڕۆڵی سەرەکیی پشتیوانان کرد بۆ سەرخستنی ئیسلام و وتی: "ئێوە لە پێشەنگانی

---

[١] سەقیفە: بینایەکی سەقفدارە و سێ لای دیوارە و لایەکی کراوەیە، کەمێك لە زەوی بەرزترە و سەقفەکەی بە قەدی درەخت و پەلکی خورما و قوڕ گیراوە، لەوێدا کاروباری تیرە و هۆزی تیا تاوتوێ دەکرێت(وەرگێڕ).

ئايينداربن و فەزڵتان لە هەموو تیرەکانی عەرەب زیاترە، خەلافـەت بگرنـە دەسـت، ئێوە لە هەمووکەس شایستەترن."

پشتیوانەکانیش وتەکانیان قبووڵ کرد و بەیعـەتی خەلافـەتیان پـێ دا و وتیـان: "ڕای تۆ ڕاستە و لەو بۆچوونەت لا نادەین و تۆ لەناوماندا شـایەتێکی دادگـەریت و موسوڵمانە سالحەکان لێت رازین."

تا ئێرە گفتوگۆ دەربارەی فەزڵ و لێبڕان بوو لـە بـاوەڕ و ئیسـلامدا، بـەڵام سـێ کەسـی (دەسـتەی کۆچـەرییە پێشـەنگەکان) کـە نوێنـەری تـیرە و گەرشـەکەکانی قورەیش بوون و پێك هاتبوون لە (ئەبوبـەکر و عومـەر و ئـەبو عوبەیـدە) هـاتن بـۆ سەقیفەکە و شتێکیان بیری سەرانی ئەنصار هێنایەوە کـە ئاگایـان لێـی نـەبوو، وە باسی مەرجێکی تۆکمەیی و بەردەوامیی بناغە و بونیادی دەوڵەتی ئیسلامییان کرد، کــە بــە قــازانجی قورەیشــییەکان بــوو، ئــەو مەرجــەش هــەبوونی پەیوەنــدیی خزمایەتییـەکی کۆکـەرەوەی یـەکێتیی عـەرەب بـوو، هـەروەها پـارێزەری زامـنی بەدەستهێنانی هێزی دەوڵەت، تا بتوانێت ڕووبـەڕووی ئـەو زەویلـەرزە ببێتـەوە کـە پـاش کۆچـی دوایـی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) لـە عـەقڵ و دڵـی تازەموسوڵمانانـدا ڕووی دابوو!

ئەبوبەکری صددیق دەستی کـرد بـە قسـەکردن و ئـەو پلەوپایـەی سـەلماند کـە پشتیوانان دەربارەی خۆیان وتیان، بەڵام باسی لەوە کرد کە ئەم بابەتـەی ڕاوێـژ و فەرمانوەرگرتنی تێدایە تەنها پشت بـە فـەزڵی پلـەی ئـایینی و لێـبڕان و زەحمـەتی ڕێگەی بانگەواز نابەستێت، بەڵکو مەسـەلەی (دەوڵـەت) و (دەسـەڵات)ە و ئەمـەش پێویستی بەوە هەیە تیرەیەکی بەهێز و خاوەن توانای بەرگری و پێگەیەکی وەهای هەبێت کە هەموو عەرەب لـەژێر چـەتریدا کـۆ بکاتـەوە، ئـەم مەرجانـەش تـەنها لـە تیرەی قورەیش و سەرکردە و نوێنەرەکانیدا بـوو، کـە پێـك هـاتبوون لـە کۆچـەرە پێشەنگەکان نەك پشتیوانان، ڕووی لە پشتیوانان کرد و وتی:

"ئەی کۆمەڵی پشتیوانان، ئەو پلەوپایەی خۆتان کە باستان کرد کەس نکـووڵی لیٚ ناکات، بەڵام عەرەب بۆ بابەتی خەلافەت، تەنها مل بۆ تیرەی قـورەیش دەدات، چونکە ئەوان لـە ڕووی نەسـەب و پێگەیانـەوە ناوەنـدی عـەرەبن و هـەر تیرەیـەکی عەرەبیش بگریت قورەیش ژنی لێ خواستووە و منداڵی لیٚ بووە."

کەواتە تایبەتمەندیی پەرۆشی بۆ تیرە و هێزی بەرگری و توانای دامەزراو لەسەر نەسەب و لەدایکبوون و ژنوژنخوازی وای لە قورەیش کردووە کە عەرەبەکان ملکەچ بن بۆ خەلیفەیەکی قورەیشی و دەوڵەتێك کە قورەیشییەك سەرۆکی بێـت، ئەمـەش بەرژەوەندیی ئایین وو دونیـای موسـوڵمانانی تێدایـە، چ کۆچـەری و چ پشـتیوانان، ئەمـەش گرنگیـی بـەکارهێنانی ڕۆڵـی هێـزی پەرۆشـیی نێـو تـیرە و هـۆزە بـۆ خزمەتکردنی دەوڵەت و لەوێشەوە خزمەتی ئایین.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی گفتوگۆکانـدا عومـەری کـوڕی خـەتتاب داکـۆکیی لەسـەر قسەکانی ئەبوبەکری صدديق کرد و وتی: "سوێند بە خودا عـەرەب قبـووڵی ناکـەن ئێوە ببنە سەرۆکیان لـە کاتێکـدا پێغەمبەرەکـەیان لـە ئێـوە نییـە، بـەڵکو دەبێـت سـەرۆك و پێغەمبـەریان لـە یـەك تـیرە بێـت، کـێ ململانێـی ئێمـە دەکـات لەسـەر گرتنەدەستی سـەرۆکایەتییەکەی موحەممـەد و میراتەکـەی، لـە کاتێکـدا کـە ئێمـە خزمـی نزیـك و هـۆزی ئـەوین، مەگـەر کەسـێك ڕێگـەی بـەتاڵی گرتبێـت یـان خـۆی گوناهبار بکات یان تووشی فەوتان بووبێت."[1]

لێرەدا لەبەردەم لۆژیك و ئیعتیبـارێکی سیاسـیداین کـە دەڵێـت: "بەدسـتهێنانی پلەوپایەی ئایینی پەیوەندیی بە هەبوونی هۆز و پەرۆشیی نەتەوە و خزمایەتییـەوە نییـە، بـەڵام ئەگـەر بمانـەوێت دەوڵـەتێك دروسـت بکـەین کـە ئـایین و دونیامـان بپارێزێت، ئەوا پێویستیمان بە پەرۆشی و هێز و تیرەگەری هەیە، بەڵام بەدوور لـەو

---

[1] الطبري(تاريخ الطبري)ج٣، ص٢٠٥-٢٠٦، دار المعارف، القاهرة. وابن قتيبة(الإمامة والسياسة)ص٦-١١.

شێوازەی لە جاهیلیەتدا هەیە و وێرانکاری دەکات و تەنها خزمایەتییەکی ڕووت و ڕەگەز دەکاتە پێوەر و هۆکاری پەیوەندی، بە پێوەری ئیسلامیش پێویستە پەرۆشی بۆ دەوڵەت بێت، چونکە دەوڵەت لە خزمەتی ئیسلامدایە، کەواتە نابێت پەرۆشی بۆ خزمان و هۆز پشتگوێ بخرێت بەتەواوی، هاوکات نابێ ناوەرۆك و ئاسۆی جاهیلیشی جێبەجێ بکرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی هاوسەنگ بخرێتە خزمەت ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامییەوە.

ـ جارێکی تریش دەڵێین کە ئەم پەرۆشییە بۆ خزمایەتی و تیرە لەسەر پەیوەندیی خزمایەتی و کۆبوونەوە دامەزراوە، واتە: پەیوەندیی نەتەوایەتی واقیعییە و ئیسلام بە پوختەکردن و بەخشینی پێوەری تایبەت پێی دەیخاتە خزمەتی ئامانجەکانی و ناوەرۆکی خۆی ئاوێتە دەکات و بیری تیرەگەری و نەتەوایەتی تەنها ئینتیما دەبێت نەك مەزهەب و ئایدیۆلۆژیای ململانێکار و ناتەبا لەگەڵ ئیسلامدا، پەیوەندی و ئیمکانات و پەرۆشییەکانی دەبنە وزەی بەدیهێنانی هاوکاری و یەکخستنی هەوڵی موسوڵمانان لەپێناو گەشتنیان بە گەورەترین ئامانج، کە یەکێتیی ئوممەتی ئیسلامی و یەکێتیی نیشتمانی ئیسلامییە، کە گەل و نەتەوە و هەرێم و شارەکان لەخۆ دەگرێت.

وەك پێشتریش باسمان کرد کە لە قۆناغی مەککەدا پەرۆشیی خزمایەتی ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە کۆکردنەوەی باوەڕدار و موشریکەکان بۆ پاراستنی بانگەوازی ئیسلام، ئیبن عەبدولبەڕیش هەمان بابەتی باس کرد، کەواتە ئەگەر بزانین بە باشترین ڕێگا سوود لە وزەکانی بیری نەتەوایەتی وەربگرین و یەکێتیی نەتەوە بکەینە قۆناغێکی کاروانی یەکێتیی ئوممەتی ئیسلامی و هاوکاری و هاوسۆزی نێو نیشتیمانی ئیسلام، ئایا جارێکی تر و لەم سەردەمەدا پەیوەندیی نەتوایەتی دەتوانێت هەمان خزمەت بکاتەوە؟ بۆ نموونە یەکێتیی نەتەوایەتی عەرەب _کە لە بناغەدا یەکێتیی موسوڵمانە عەرەبەکانە و ٪٩٥ هەموو عەرەبن_ لەگەڵ عەرەبە

ناموسوڵمانەکاندا بۆ موسوڵمانەکان دەبێتە یەکێتییەکی (ئیسلامی_نەتوایەتی) و لای ناموسوڵمانەکانیش دەبێتە یەکێتییەکی (نەتەوایەتی_شارستانی)، یەکێتیی عەرەبەکانیش لەگەڵ ناعەرەبەکانی وەك کوردەکان و نەتەوەی بەربەریشدا _بۆ نموونە_ دەبێتە یەکێتییەکی (ئیسلامی_شارستانی)، ئیتر پەرۆشی نەتەوایەتی بەم تێگەشتنە دەبێتە کەرەستەیەك بۆ یەکخستنی هەموان، لەبری ئەوەی ببێتە هۆکاری تێکدان و هەڵوەشاندنەوە!

بێگومان ئایینی ئیسلام ئایینی ماك و فیترەتی خوداکردە و خۆشەویستی و لایەنگری و ئینتیما و گرنگیدان بە کەسوکار و تیرە و هۆز و گەل و نەتەوە بەرهەم دەهێنێت، ئەمانەش بەپێی پێوەری ئیسلام دەبنە خشتی بونیادنانی ئوممەتی ئیسلامی، هەر وەك خودای گەورەش باس لە یەکێتیی ئوممەتی ئیسلامی دەکات بە کۆکەرەوەی عەقیدەی ئیسلامی و شەریعەت و شارستانی ئیسلامی و دەفەرمێت: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ(٩٢)﴾ الانبیا ٩٢. واتە: "بێگومان کە ئەم ئوممەتی ئیسلامییە یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگاری ئێوەم و پێویستە بمپەرستن." وە دەفەرمێت: ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ (٥٢)﴾ المومنون ٥٢. واتە: "بێگومان کە ئەم ئوممەتی ئیسلامییە یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگاری ئێوەم و پێویستە تەقواتان لە فەرمانەکانی مندا هەبێت." هەروەها باس لەو یاسا و نیشانانە دەکات کە وەهایان کردووە گەل و تیرەکان تێکەڵ بە یەکدی بن و پەیوەندی دروست بکەن، دەفەرمێت: ﴿ ..إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)﴾ الحجرات ١٣. واتە: "بێگومان بە گەل و تیرەی جیاواز ئێوەمان دروست کردووە تا تێکەڵی یەکدی ببن و پەیوەندیی لەنێوان یەکدیدا دروست بکەن." وە دەفەرمێت: ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ (٢٢)﴾ الروم ٢٢. واتە: "لە نیشانەکانی خودا: دروستکردنی ئاسمانەکان و

زەوی و جیاوازیی زمان و ڕەنگەکانتانە، بەڕاستی ئەم جیاوازییانە بەڵگە و نیشانەن بۆ جیهانییان."

فــەقیهی دانــا ئــیبن خەلــدون (٧٣٢ــ٨٠٨ك، ١٣٣٣ــ١٤٠٦ز) دەڵێــت: "پەیوەستبوونی خزمایەتی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا هەیە، مەگەر ژمارەیەکی کەمدا نەبێت، لە نموونەی ئەو پەیوەستبوونەش: پەرۆشی و دڵگەرمی بۆ بـەرگری لێیـان، کاتێك خزمان ڕووبەڕووی ناڕەحەتی و تیاچوون ببنەوە و مرۆڤ لەوە دڵگران دەبێت کە خزمێکی ستەمی لێ بکرێت یان دژایەتی بکرێت و حەز دەکات تووشی ئەو دۆخە نـەبێت، ئەمـەش سروشـتی هەمیشـەیی مرۆڤـەکان بـووە. لێـرەوە تێدەگـەین لـەو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بێـت) کـە فەرموویـەتی: "ئەوەنـدە نەسەبی خۆتان فێر بن کە بەهۆیـەوە پەیوەنـدیی خزمایـەتیتان بـەردەوام بێـت." ئەمـەش واتـای ئەوەیـە کـە بـەهۆی پەیوەسـتبوونی خزمایەتییـەوە پشـتیوانی و بەرگریکردن بۆ خزمان دروست دەبێت، لەم ئاستەش زیاتر پێویست نییە.[١]

ئیبن خەلدوون لە بەندێکی پەرتووکی (المقدمة)دا لـەو بـارەوە بـاس لـەم بابەتـە دەکات و دەڵێت: "بانگـەوازی ئـایینی بناغـەی دەوڵـەت پتـەوتر دەکـات لـە هێـزی پەرۆشـیی تـیرە و هۆزگـەرایی، کـە ئـەویش لـە پێکهێنەرەکانیـەتی." و دەربـارەی دەڵێت "هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەوشت و ئاکاری ئایینی دەبێتە هۆی نەهێشتنی ململانـێ و ڕشدی(حەسـوودی)ی نێـوان تیرەکـان و خـەڵکی بـەرەو ڕێگـەی ڕاسـت دەبات، جا هەرکات بەرچاویان ڕوونـی و هۆشـیارییان بەدەسـت هێنـا، هـیچ شـتێك ناتوانێـت ببێتــە بەربەســتیان، چــونکە ئامانجیــان یەکــە و کۆڵنەدەریشــن لــە بەدەستهێنانی."

---

[١](المقدمة) ص١٠٢. فەرموودەکەش ( الترمذي ) گێڕاویەتەوە.

هــەروەها دەڵێــت: "ڕاوێــژ و چــارە و پــرس و ڕا تــەنها بــەو کەســە دەکرێــت پەرۆشییەکی تیرە و هۆزی لە پشت بێت کە بتوانێت مەسەلە و کێشەکان چارەسەر بکات بە کردن و نەکردنی هەرکارێك."[1] واتە مەرجی دروستکردنی هێز و دەوڵـەت و دەسەڵاتە.

بێگومان دەتوانین بڵێین: پەرۆشیی ڕەها بۆ خزم و نەتەوە و تیرە، غەریزەیەکی نێـو پێکهاتــەی مرۆڤــە و هەڵوێســتی ئیســلامیش لەســەر ئــەم غەریزەیــە هــەمان هەڵوێستە لەسەر غەریزەکان بە ڕەهایی، کە نابێت جڵەوی بەتەواوی بۆ شل بکرێت و تەنها بە پێودانگی غەریزەکان بژی یان بـەبێ پوختــەکردنی، چـونکە ئـەم شـێوە ژیانە پیشەی ئاژەڵـە نـەك مرۆڤـی سـاغ و پـەیڕەوی خـودا. هاوکـات ئیسـلام داوای پشتگوێخستنی غەریزەکان و سەرکوتکردنی ناکـات، کاتێـك دژی دابـڕان لـە دنیـا و ڕەهبانیەت و ڕەبەنی دەوەستێتەوە، باشترین شایەتمانە. ئیسلام دەیەوێت غەریزە پوخت بێت و بیپاڵێوێت و بیخاتە خزمەتی هاوسەنگی و میانڕەوییەوە، تا مرۆڤ وەك جێنشینی خودا بتوانێت مەبەستەکانی خودا بەدی بهێنێت.

ئیسلام هــەمان هەڵوێســتی میانەڕەوانــەی هەیــە لەســەر غــەریزەکانی تــووڕەیی، خۆشەویستی، ڕقلێبوون، سێکس و ...هتد، دانـی پێـدا دەنێـت و مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات و پوختەی دەکات تا لەگەڵ هاووێنەکانیدا بگونجێت و وزەکانی لە خزمـەتی ئومەمییەتی بانگەواز و دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامیدا بێت، ئـیتر بـەم میانڕەوییـە، غەریزە دەبێتە ماك و فیترەتێکی پڕبەر بۆ ژیانی مرۆڤ.

ئیسلام بە هەمان شێوە نەتەوایـەتی و پەرۆشـی بـۆ نەتـەوە دەکاتـە وزەیـەك و دەیخاتــە خزمــەتی ئامانجــە مەزنــەکانی: کــە یــەکێتیی عەقیــدە و شــەریعەت و شارستانێتی و نیشتمانی ئوممەتی ئیسلامییە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٤، ١٢٥، ١٧٧.

جەمالـەددینی ئـەفغانی _کـە پێشـەوای ئاراسـتەی نوێگـەری و هەسـتانەوە و ژیانەوەی سەردەمی نوێمانە_ وەك ئـیبن خەلـدون لـە کۆنـەوە پـەی بـەم ڕاسـتییە بـردووە و دەڵێـت: "وشـەی (التعصـب) خەریکبوونـە بـە عەصـەبییەتەوە، وشەی(العصبیة)ش چاوگێکە و دراوەتە پاڵ وشەی (العصبة)، عصەبەش واتـە ئـەو خزمانەی پشـتیوانیی مـرۆڤ دەکـەن و دەسـدرێژی و سـتەمی لـێ دوور دەخەنـەوە، کەواتە پەرۆشـی بـۆ خـزم و تـیرە و نەتـەوە، ئاکـارێکی دەروونیـی مرۆڤـە و هـەڵی دەنێت بۆ پارستن و بەرگریکردن لە مـافی ئـەو کەسـەی خزمایـەتیی لەگـەڵی هەیـە، خودای گەورەش هەر بەهۆی ئـەم ئاکارەوەیـە کـە گـەلان و بونیـادی ئوممەتـەکانی دروست کردووە، هەروەها بریتییە لە گرێبەستی پێکەوەپەیوەستبوون لـەناو هـەر ئوممەتێکدا، بەڵکو سروشـت و خوویـەکی ڕاسـت و دروسـتە و تاکـە پەرتـەوازەکان لەژێر یەك ناودا یەك دەخات و بە تەقدیری خودا دەیانکاتە یەك، وەك جەسـتەیەکی چەند ئەندامی و فرەتوخمی و یەك ڕۆحە، وەك تاکە مرۆڤێکی جیاواز لە کەسانی تر لـە دۆخـەکانی کاروبـاری و دڵخۆشـی و سـەختییەکانی ژیـانی. ئـەم یەکێتییـەش پاڵنەرێکە بۆ هاوکاریی نێـوان ئوممەتـەکان و تیرەکـان لەگـەڵ یـەکتردا، ململانێـی نێوان کەسەکانیش، گەورەترین پاڵنەرن بۆ گەشتن بە ئەوپەڕی پلەکانی کـەماڵ لـە هەموو پێداویستییەکانی ژیاندا، بەپێی توانای وزەکانی مرۆڤ.

بەڵێ... پەرۆشـی وەك هـەر ئاکـارێکی تـر، میـانڕەوی و شـلگیری و توندگیریی تێدایە، لەسەر زمانی پێغەمبـەریش (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) زیـادەڕەوی بـە خراپ و ناشیرین دانراوە و دەفەرمێت: "ئەو کەسەی خەڵکی بۆ دەمارگیریی نـاڕەوا بانگ بکات لە ئێمە نییە."

وشەی (التعصب)یش کاتێك بەڕەهایی بەکار دەهێنرێت مەبەسـت لێـی ئەوەیـە کـە: پەرۆشـی و دەمارگیرییـە بـۆ ڕەگـەز، پەیوەندییشـی بـە خزمایـەتی و هاونیشتیمانبوونە، هەروەها بەپێی نەریتیش بەکارهێنانیان فراوانتر کـردووە و بـەو

پەرۆشــی و دڵگەرمییــەش دەوترێــت کــە ئاییــنداران بــۆ یــەکتر هەیانــە و هــەوڵی سەرخستنی یەکتر ئەدەن.[1]

بــەم شــێوەیە ئیجتیهــاد و نوێگــەریی ئیســلامی ســەیری پێگــەی نەتەوایــەتی و پەرۆشیی بۆ نەتەوە و تیرە دەکات لە پێکەوەگرێدانی ئوممەتی ئیسلامی و ڕۆڵی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئوممەتی ئیسلامیدا، ئەگەر بەپێودانگی ئیسلام کار بکات.

***

بێگومان ئیسلام وەك عەقیدە و شەریعەت لەلایەن خوداوە دانراوە و بـۆ هـەموو ڕەگـەز و ڕەنـگ و نەتـەوەکانی جیهانـە، ئـەم جیهانیبوونـەش لـە قورئـانی پـیرۆزدا داکۆکیی لەسەر کراوە و قورئان بە شانازییەك[2] بـۆ جیهانـەکان و دەفـەرمێت: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ (١٠٤)﴾ یوســف ١٠٤. واتــە: "ئــەم قورئانــە ئامۆژگــار و بیرهێنەرەوەیە (یان شانازییە) بـۆ هـەموو جیهـان." هـەر لـەو قۆنـاغی مەککەیـەدا خودای گەورە قورئان بە شانازییەك بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و بۆ گەلی عەرەب باسی دەکـات و دەفـەرمێت: ﴿ وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ (٤٤)﴾ الزخرف ٤٤. واتە: "بێگومان ئەم قورئانە شانازییە بۆ خۆت و گەلەکـەت." دیـارە هـیچ دژایەتییـەکیش نییـە لـەنێوان شـانازیکردنی عـەرەب بـە قورئانـەوە و شانازیکردنی جیهانیش بـە قورئانـەوە، چـونکە ئیسـلام وەك عەقیـدە و شـەریعەت شارسـتانێتیی ئیسـلامی دروسـت کـردووە، ئـەو شارسـتانێتییەش موسـوڵمانان بـە سوودوەرگرتن لە ڕێنومایی ئایین و پێوەرەکانی دایانهێناوە و هەموو موسـوڵمانانی

---

[1] (الأعمال الكاملة لجمال الدين الأفغاني)ج٤٠، ص٤١،٤٠. دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة، بيروت، ١٩٨١م.

[2] لێرەدا نووسەر وشەی (ذکر) بە واتای شانازیی لێك داوەتەوە، بەڵام واتای ئامۆژگاریکار و بیرهێنەرەوەش هاتووە (وەرگێڕ).

کـۆ کردۆتــەوە و کۆشــیان دەکاتــەوە، هــەر لــەنێو چوارچــێوەی ئــەم کۆمکــارەدا کۆمکاری بچووکتر و تایبەتتر هەبووە و ئەوانیش هەر دەسکەوتێکی ئیسلامین، یـان ڕەنگوبـۆی ئیســلامی پێوەیــە، یــەکێتیی عــەرەبیش وەك ئوممــەت و دەوڵــەت، دەســکەوتێکی ئیسـلامییە و ئیسـلام وەك چـەکێك سـوودی لـیٚ وەرگرتـووە و دژی جیهــانیبوون و کۆمکارییــە مەزنەکــەی نییــە، تەنانــەت قورئــانی پیرۆزیــش ئــەم یەکێتییــەی وەك نیشـانە و ئایـەتی و ڕۆزیێکـی خـودا بـاس کـردووە و دەفـەرمێت: ﴿وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٦٣)﴾ الانفـال. واتـە: "دڵـەکانیانی خسـتە یـەك، ئەگـەر تـۆ هەموو سەرزەویت لەو ڕێگەیەدا سەرف بکردایـە، نەتـدەتوانی دڵیـان بخەیتـە یـەك، بەڵام خودا دڵەکانی یەکخستن، بەراستی خودا خاوەن دەسەڵات و دانایە."

لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە عەرەبی قسەی کردووە و قورئان و هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان و بارودۆخی وەحی پێویسـتی بـەوە هەیە زمانی قورئان و فەرموودەکان بزانرێت و لەو ڕێگەوە لـە قورئـان و سـوننەت و زانستە شـەرعییەکان و شارسـتانێتیی ئیسـلامی تـیٚ دەگـەین، هـەر بۆیـە کراوەتـە مـەرجێك بـۆ ئیجتیهـادی ئیسـلامی و ئـەو کەسـانەش کـە سەرچـاوەی پـرس و ڕان (ئەهلی حەلل و عەقد) و دەوڵەتی ئیسلام بەڕێوە دەبەن پێویسـتە عـەرەبی بـزانن، زمــانی عــەرەبیش وەك کۆکەرەوەیــەکی نەتەوایــەتی بــۆ عەرەبــەکان، مــەرجی موسوڵمانبوون و موسوڵمانێتی نییە، بەم شێوەیە کۆمکارە تایبـەتتر و تایبەتـەکان لەگـەڵ گشـتیترین کۆمکـاری ئیسـلامدا پێکـەوە ژیـاون و دەژیـن، تـا ئـەو کاتـەی ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ناوەرۆکی جیهانی و گشتگیری عەقیدە و شەریعەتی ئیسـلامدا بگونجێت.

کەواتە هەرکات نیشتیمانپەروەری خۆی بێبەری کرد لەو دەمارگیرییەی ناتەبایە لەگەڵ جیهانیبوون و کۆمکارە گشتگیرترەکەی و بوویـە ڕێگایـەك بـۆ جیهـانیبوونی

ئیسلام و بەربەستی بۆ ئـەو جیهانیبوونـەش دەروست نـەکرد و بـە کـەم تەماشـای نەکرد، ئەوا هیچ ناتەباییەك نییە لەگەڵ نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ کۆمکاری ئیسلامی. ئینتیمای نەتەوایەتییش بۆ موسوڵمان بـە هـەمان شـێوەیە، یەکێکە لە بازنەکانی ئینتیما و ناتەبایی لەگەڵ هزری ئیسلامیدا نییە کە ئایدیۆلۆجی ئوممەتی ئیسلامییە.

ئەگەر سەرنجی ئەو فەرموودەی پێغەمبەریش بدەیت کە دەفـەرمێت: "کەسـێك لەسەر سـامان و ئـایین و گیـان و خێزانـی بکوژرێـت شـەهیدە."[1] ئـەوا فرەیـی ئـەو مەسەلە گرنگانەمان بۆ دردەکەوێت کە موسوڵمان دەتوانێت ئینتیمای بۆیان هەبێت و خۆیشی لەپێناویدا شەهید بکـات و هـیچ ناتەباییەکیشـی لەگـەڵ ئیسـلامدا نییـە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ناوەرۆکی ئەو مەسەلانە ناتەبا نییـە لەگـەڵ مەبەسـتەکانی شەریعەتی ئیسلامدا و کێشەیەکیش لە فرەییەکەیاندا نییە، چونکە ئیسلام چـەتری هەموو ئەو ئینتیمایانـە دەبێـت و بەشـێکن لـەو واقیعـەی ئیسـلام مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات و بە پێوەرەکانی خۆی حوکمی دەکات و ڕەنگوبۆی خۆی پێ دەبەخشێت و ناتەبایی لێ دوور دەخاتەوە و لە ڕێگەی میانڕەویی ئیسـلامی سـەرتاپاگیرەوە ئـەم سیستمە ئیسلامییە نایابەی بەدی هێناوە.

***

ئەگەر هەڵوێستی ئیسـلام بێـت وەك (هـزر و تیـۆر)، ئـەوا کـاروانی ئیسـلام وەك (مومارەسە و جێبەجێکردن) پشتڕاستی کردۆتەوە، دەوڵەتی ئیسلامییش هەمیشـە دەوڵـــەتێکی خەلافـــەتی لامەرکـــەزی بـــووە و کاربەدەســـت و میرنشـــین و سوڵتاننشینەکانیشــی بــەپێی جیــاوازیی هــەرێم و نیشــتیمانەکان جیــاواز بــووە، زمانەکان پێکەوە ژیاون، لەسەر ئاستی جـەماوەر و جیهانـە گشـتییەکاندا، هاوکـات

---

[1] رواه الترمذي وابوداود.

زاناكـان و موجتههيـدهكان و داهێنــهران و خوێنـدكارانی زانسـته ئیسـلامییهكان لـه زمانی عهرهبیدا قووڵ بوونهتهوه، جیاوازیی نێوان نهتهوهكان لهسهر بناغهی زمـانی نهتهوایهتی دانی پێدا نراوه و بهشێك بووه له كۆمكـاری ئیسـلامی، جێبـهجێبوون و پیادهبوونی ئیسلامی بوو بۆ هزری ئیسـلامی، ئهمـهش شـایهتییهكی ڕاسـتگۆیانهیه لهســـهر نـــهبوونی دژایـــهتی و ناتـــهبایی نێـــوان بازنـــهی (نیشـــتیمانپهروهری) و (نهتهوهپهروهری) و پهیوهستی عهقیده و شارستانیی ئیسلامی.

كهواته ئیسلام (تاقه باوكی شهرعی)ی هـهموو موسـوڵمانانی جیهانـه، فرهیـی و جیـاوازیی نیشـتیمان و گـهلانی موسـوڵمانان وهك فرهیـی دایكـی كۆمـهڵێك منـداڵ وههایه كه یهك باوكیان ههیه، ئهو باوكهش ئیسلامه!

نهتــهوه بــه واتــا جاهیلییهكــهی پهیوهنــدیی تیرهگــهریی لا بــهرزتر بــوو لــه پهیوهندیی دامهزراو لهسهر عهقیدهی ئیسلامی، ههر بهم هزرهوه بوو كـه (امیـة بـن ابي الصلت الثقفي ـ ٥ك ـ ٦٢٦ز ) وهڵامـی ئهبوسـوفیان (٥٧ پـێش كـۆچ ـ ٣١ ك ، ٥٦٧ ـ ٦٥٢ز) دهداتهوه كه پرسیاری لێ دهكات ڕای خۆی بڵێـت لهسـهر پێغهمبـهر (درودی خودای لهسهر بێت) و پهیامهكهی و دهڵێت: "باوهڕ به پێغهمبهرێك ناكهم كه له تیرهی سهقیف نهبێت."[1]

ئهو دهمارگیرییه ناسیۆنالیستییه عهلمانییهی لای ڕۆژئاواییهكان ههیه و بیرمهند و سیاســییه ڕۆژئاواپهرســتهكانمان لــهوانیان وهرگرتــووه، گهرچــی هــهوڵی داوه یهكیـهتیی نهتهوایـهتی لـهنێوان ئـهو نهتهوانـهدا كـه ئیسـتیعمار دروسـتی كردبـوو، ئـهوهش هـهنگاوێك بـوو لـه ڕێگـهی یـهكێتیی ئیسـلامیدا، بـهڵام عهلمانیـهتی ئـهو ناسیۆنالیستییه وای لێ كرد جهنگ لهگهڵ ئیسـلامێتیی واقیـع و هـزری كۆمهڵگـه و دهوڵهتهكهیدا بكات، كهواته ئهركی ئهوه بوو دژایهتیی یهكیهتییهكی ئیسـلامییانهی

---

[1] القاضي عبدالجبار بن أحمد(تثبيت الدلائل النبوية)ج٢ ص٥٩١، تحقيق: د. عبدالكريم عثمان، ط بـيروت ١٩٦٦م.

ئوممـەتی ئیسـلامی بکـات، بـە لابردنـی بازنـەی ئیسـلامی و ژینگـەی ئیسـلامی لـە چوارچێوەی گرنگیپێدانە هزری و کردەییەکانیدا دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندیی نێوخۆیی ئوممەتی ئیسلامی. لێرەوە ئەم ناسیۆنالیستییە عەلمانییە لە دەمارگیریی جاهیلی نزیك دەبێتەوە، چونکە ڕۆحی ئیسلام لـە بانگـەواز و بـزووتن و پرۆژەکـەی دەردەهێنێـت، ئـەو ئیسـلامەی کـە پـەیامی نـەمریی ئوممـەتی ئیسـلامییە و بۆتـە سەرچـاوەی ژیـان و زیندوکردنـەوەی جەسـتەی، نیشـتمان و نەتـەوەکانیش ئەندامەکانی ئەو جەستەیەن، بەو واتایەی پێشتر باسمان لێ کرد.

موسوڵمانان یەك نەتەوەن کە لە دووتوێی یـەك پەرتووکـەوە سـەریان هەڵداوە، نیشتیمان و گەلان و تیرە و نەتەوەکانی، ئایەت و سوورەتەکانی ئەو پەرتووکەن!

# پەروەردەی جوانیگەرایی

## موسوڵمان و جوانی

هەندێك کەس وا دەزانن دژایەتی لەنێوان ئیسلام و جوانیدا هەیە و ئەوەش وا دەکات موسوڵمانان بە ڕووگرژی و عەبووسییەوە بۆ ژیان بڕوانن، پشت لە نیشانەکانی دڵخۆشی و ڕازاوەیی و جوانیی نێو گەردوون بکەن، هەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە بە قسە یان کردار بە مۆنییەوە ڕووبەڕووی نیشانەکانی جوانی و هونەر و داهێنانەکانی ئەم ژیانە دەبنەوە.

ئەگەر ئەم زبری و ڕەقی و مۆنییە شوێنەواری ئەو ئێش و ئازاری تاقیکردنەوەی ژێردەستەی موسڵمانان و کاردانەوەی ئەو ئاستەنگانە بێت کە خەم و خەفەت بەسەر ویژدانی ناسکی موسوڵماناندا ڕۆ دەکات، یان نوێنەری ئەو تووڕەبوون لەبەر خودا بێت، ئەوە پاساوی هەیە و لێی تێ دەگەین.. بەڵام ئەگەر لای هەندێك موسوڵمان وەها لێك بدرێتەوە کە بەشێکی جیانەکراوەی میتۆدی ئیسلامییە لە ژیاندا، ئەوا پێویستمان بەوە دەبێت دەربڕین و چەمکی میتۆدی ئیسلامی دەربارەی جوانییەکان و ژیان بە باشی ڕوون بکەینەوە.

شایانی ئاگادارکردنەوەیە کە ئەوانەی وا دەزانن مۆنی و دژایەتیی هەستکردن بە جوانییەکان و میتۆدی ئیسلام هەمیشە بەردەوامە، چەند بەشێکن، بەشێکیان ئەو ئیسلامییانەن کە وا دەزانن _لە ڕووی دڵسۆزییەوە_ ئەمە هەڵوێستی ڕاستەقینەیە، بەشێکیشیان شێوازی ڕەق و زبریی هەندێك لە ئیسلامییەکان بەرانبەر جوانییەکانی ژیان دەکەنە بیانوویەك بۆ لێدان لە ئیسلام. کەواتە مەسەلەکە لەوە گەورەترە کە بژاردەیەکی زبری هەندێك لە ئیسلامییەکان بێت کە ئازادن لە بەکارهێنانیدا، بەڵکو

یەکێکـە لـەو ڕێکارانـەی دوژمنـانی میتـۆدی ئیسـلامی دەیانـەوێت وێنـەی میتـۆدی ئیسلامی لە هزر و ژیاندا ناشیرین بکەن، ئەمەش گرنگی دەبەخشێت بـە قسـەکردن لەسەر ئەم بابەتە و پێگەی سروشتی خۆی وەردەگرێت لە ناوکۆی قسەکردن لەسەر ڕێنیشانەکانی میتۆدی ئیسلام.

***

سەرەتا دەڵێین: ئەگەر شارستانێتی بەرهەمی داهێنانی ئوممەتی ئیسلامی بێت لە هەردوو جیهانی هزر و شتەکاندا، واتە لەو ڕۆشـنبیرییەدا کـە مـرۆڤ دەپاڵێوێـت و بەرزی دەکاتەوە، وە لەو مەدەنییەتەی بەرهەمەکانی هزر بەرجەسـتە دەکـات _لـە پراکتیك و تەکنیکدا_ چەند شتێك هەیە مرۆڤی شارستانی چێژی لـێ وەردەگرێـت، ئەگەر شارستانی ئەمە بێت، ئەوا _وەك داهێنانێکی مرۆیی_ لە ڕوانگەی ئیسـلام و ئـەزموونی ئیسـلامییەوە پەیوەنـدیی بـەئاییینی ئیسـلامەوە زۆرە، ئەمـەش بـەپێی ئەوەی ئاییینی خودایە و لە ڕێگەی وەحییەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر بێت) هاتووە.

لە ئەزموونی شارستانیی ئیسلامیدا، ئایین ئەو وزەیە کە یەکخسـتنی ئوممـەت و دروستکردنی دەوڵەت و داهێنانی زانسـتی و هونـەری و ئـادابی شـەرعی و عـەقڵی و ئەزموونی بەشـێکن لـە بەرهەمـەکانی، هـەروەها بوویـە پاڵنـەری کرانـەوە بـە ڕووی میراتــی شارســتانییە کــۆن و نوێکانــدا و هەنــدێك جــاریش زیندووکردنــەوەی و لەبێژنگدان و پێوانی بە سـەنگی مەحـەکی ئیسـلام و سـوودوەرگرتن لـەو بەشـانەی لەگـەڵ پێـوەرە ئیسـلامییەکاندا دەگونجێـت، تـا ببێتـە بەشـێك لـە پێکهاتـەی شارستانێتیی ئیسلام، کە ئەگەرچی داهێنـانی مرۆییـە، بـەڵام ڕەنگێکـی ئیسـلامیی گرتووە، هەروەها بەرهەمی ئەو وزەیە بـووە کـە لـە ئـەنجامی بەرجەسـتەبوونی لـە واقیعی ئیسلامیدا هاتۆتە ئارا.

ئەمەش ئەو پەیوەندییە پتەوەیە کە لەنێوان ئایین و ئیسلام و شارستانییەتەکەیدا، بە هەموو ئەو داهێنانانەوە کە لە بوارە شەرعی و عەقڵی و ئەزموونی و جوانپەروەرییەوە هەیەتی.

تەنانەت گەر بەوردی سەرنجی پێگەی کۆچ بدەین لەنێو بانگەواز و دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامیدا، ئەوا دەبینین زۆر لەوە گەورەترە تەنها ڕزگارکردنی بانگەوازی ئیسلامی بێت لە ئابلۆقەی (شیرکی مەککەیی،) چونکە کۆچکردن لە ژیانی ئەم بانگەوازەدا تەنها بریتی نەبووە لە کۆچکردن بۆ مەدینە و پێشتریش بۆ حەبەشە، بەڵکو بریتییش بووە لە کۆچکردن لە کۆچنشینییەوە بۆ شارستانی و جێگیری، کۆچکردن لە ژیانی دەشتەکی (ئەعرابی)یەوە کە زبری و کەمسۆزی بەسەریدا زاڵە، بۆ ژیانی عەرەبییانەی جێگیر لە گوندەکاندا، ئیتر دەیانتوانی شار و شارستانی لەو گوندانەدا دروست بکەن. ئەوەش دەسکەوتێکی شارستانی بوو، کە گرووپە مرۆییەکان لەو قۆناغی کۆچەرییەوە کە ئەستەمە کە داهێنانە ڕۆشنبیری و مەدەنییەکانی بکاتە پێکهاتەیەکی جێگیر و ئامادەی نێو گوندە ئاوەدانەکان، کە ئەمەش داهێنانەکانی مرۆڤ کەڵەکە دەکات تا ببێتە کۆشکێکی شارستانی کە شایستەی ئەو هەوڵانە بێت کە لەپێناویدا دراون.

ئەوەیە پێگەی شارستانیی کۆچ لە ژیانی بانگەوازی ئیسلامدا لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، سەرەتای پێکهێنەری پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئیسلام وەك ئایین _کە خودا بۆ مرۆڤی ناردووە_ وە نێوان شارستانی ئیسلام_ کە داهێنانی ئیسلامیی ئوممەتی ئیسلامییە.

لەژێر تیشکی ئەم حەقیقەتە شارستانییەدا تێدەگەین بۆچی خودای گەورە مەککەی هەڵبژارد _کە شاری شارانە و ناسراوە بە (ام القری)_ تا ببێتە خاڵی هاتنەخوارەوەی ئایینی نوێ لە ڕێی وەحیەوە، لەوەش تێدەگەین بۆچی شاری مەدینە (یثرب)، کە دووەم شاری حیجازە دەبێتە دواماڵی کۆچ و پایتەختی دەوڵەت

و سەرچاوەی ڕووناکیی بانگەوازی ئیسلامی، بەڵکو لە نهێنیی ئەوەش تێدەگەین کە چۆن مەککە و مەدینە و تائیف لە ئیسلام وەرنەگەڕان، کاتێك زۆرێك لە عەرەبەکان پاش لەرزینی دڵی دەشتەکی و ئەعرابەکان بە کۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) وەرگەڕانیان لە ئیسلام یان دەتوانین بڵێین لە یەکیەتیی دەوڵەتی ئیسلامی وەرگەڕان! هەموو ئەم ڕاستییانە لەو پەیوەندییە ئۆرگانییەوە تێدەگەین کە لەنێوان ئیسلام و داهێنانی شارستانێتییانەی موسوڵمانانندا هەیە، بەڵکو ئەوەش تێدەگەین کە پەیوەندیی نێوان ئایین و شار و شارستانی تایبەت نییە بە ئیسلامەوە، بەڵکو یاسایەکی خوداییە لە هەموو شەریعەت و پەیامەکاندا، هەر وەك چۆن خودای گەورە شاری مەککەی کردە خاڵی دەستپێکردنی بانگەوازی ئیسلامی و بە پێغەمبەرەکەی خۆی فەرموو: ﴿ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴾ الانعام٩٢. واتە: "بۆ ئەوەی مەکە و دەوروبەری ئاگادار بکەیتەوە." وە لە قورئانی پیرۆزی خۆیدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندووین کە سروشتی یاسایەکی خوداوەندییە: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ (٥٩)﴾ القصص٥٩. واتە: "پەروەردگاری تۆ گوندەکان (یان ئاوەدانییە نیشتەجێکان) لەناو نابات تا لە سەرەکیترین شوێنیدا پێغەمبەرێك نەنێرێت کە ئایەتە قورئانییەکانیان بەسەردا بخوێنێتەوە، هەرکات خودا ئەو ئاوەدانی و گوندانەی لەناو بردبێت، ئەوا بەهۆی ستەمکاریی خەڵکەکەیەوە بووە." کەواتە ئاوەدانیی سەرەکیی نێو گوندەکان هەمیشە نیشتیمانی پێغەمبەران و پەیامەکان بووە، چونکە بە درێژایی مێژووی مرۆڤ پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەیە لەنێوان ئایین و شارستانێتیدا.

***

هۆكـاری ئەمانـەش بریتییـە لـە ڕۆڵـی كـۆچ لـە بانگـەوازی ئیسـلام و ئوممـەتی ئیســلامی و دەوڵــەتی ئیســلامیدا، وە ئەمــەش ئەركــە شارســتانییەكەیەتی كــە گواستنەوەی مرۆڤـی دەشـتەكی (ئـەعرابی)ە لـە زبـری و مـۆنی و سـەختیی ژیـانی بیابانــەوە بــۆ مەدەنیــەتی شارســتانی و ڕۆشــنبیركردن و پاڵفتــەكردنی عــەقڵی ڕۆڵـەكانی، هـەر لەبـەر ئـەم ڕۆڵـە و ئـەم ئەركـە شارسـتانییە گرنگەشـی بـوو كـە موسـوڵمانان زۆر پێیـان خـراپ و نابـار بـوو كـە موسـوڵمانی كۆچـكەر دووبـارە لـە شارەوە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دەشتەكی و كۆچنشینی، تەنانەت ئەم گۆڕانكارییەیان نـاو نـابوو وەرگـەڕان (مورتـەدبوون) تەنانـەت لـە پەرتووكـەكانی فـەرموودەدا ئـەو پرسیارە نكووڵیكارە دەبینین كە یەكێك لە فـەرمانڕەواكان لـە یـەكێك لـەو كەسـانە دەپرسێت كە پاش كۆچكردنی گەڕاوەتەوە بۆ ژیانی كۆچەری: "ئایا مورتەد بوویت كە گەڕاویتەوە بۆ ژیانی كۆچەری و بیاباننشینی؟"[1]

ئەمەیـە سـەرەتای پەیوەنـدیی نێـوان ئیسـلام وەك ئـایین و شارسـتانێتی، كـە سەرەتاگەلێكە بۆمان دەردەخات ئیسلام زبر و مۆن نییـە بەرانبـەر شارسـتانێتی و دژایەتیی داهێنانە پڕ لە جوانییەكانی ناكات بە هیچ شێوەیەك!

گومانیش لەوەدا نییە ئەو جوانییەی كە هەنـدێك كـەس وا دەزانـن ئیسـلام دژی دەوەستێت، خۆی لەخۆیدا بەشێكە لە نیشانە و ئایەتەكانی خـودای گـەورە كـە لـە گەردووندا دایهێنـاوە و داینـاوە، ئـەوەش بەشـێكە لـەو دروسـتكراوانە و داهێنانـەی ڕێكی خستووە و خستوویەتە خزمەتی مرۆڤ و داواشی لێ كـردووە سـەیری بكـات و نهێنییــەكانی بدۆزێتــەوە و كاریگەرییــەكانی وەربگرێــت و چــێژ و پەندیشــی لــێ وەرگرێت، خـودای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ

---

[1] رواه البخاري ومسلم والنسائي.

وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُوا إِلَىٰ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٩٩)﴾ **الانعام٩٩. واته: "ئەو خودایە کە لە ئاسمانەوە بارانی بۆ باراندوون، بەهۆی ئەو بارانەوە چرۆ و چەکەرەی هەموو شتێکی پێ دەهێنینە بوون و لەویشەوە لقوپۆپی سەوزایی دێنینە بوون و ئەویش دەنکی لەسەریەکرِیزکراوی لێوە بەرهەم دێت و لە دارخورماش، لە لقوپۆپەکەیەوە هێشووی خورما شۆڕ دەبێتەوە، هەروەها لە باخی ترێ و زەیتوون و هەناریش دەڕوێنین بۆیان، هەندێکیان ڕواڵەتیان لەیەك دەچێت و هەندێکیشی جیاوازن، کاتێکیش دێنە بەر سەیری بەرەکەی و پێگەشتنی بکەن، ئەم نموونانەش نیشانەی ناسین و دەسەڵاتی خودایە بۆ ئەوانەی باوەڕدارن." ئەم شتانە نیشانەی دروستکراوەکانی خودان و داوا لە مرۆڤ دەکرێت لێی ورد ببێتەوە.**

**مرۆڤیش بە هەر شوێنێکدا چاوی شەڕ و دڵی و عەقڵ و دڵی بگێڕێت، ئەوا نیشانەکانی خودا دەبینێت کە بوونیان ڕازاندۆتەوە و بانگی دەکات بۆ وردبوونەوە لێی، قورئان دەفەرمێت:** ﴿ إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ (٦) وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ (٧)﴾ **الصافات٦ـ٧. واته: "ئێمە ئاسمانی دونیامان بەجوانیی ئەستێرەکان ڕازاندۆتەوە و بۆ پاراستنیشیەتی لە هەر شەیتانێکی سەرکەش." وە دەفەرمێت** ﴿ وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (١٢)﴾ **فصلت١٢. واته: "ئاسمانی دونیامان بە چراکان (ئەستێرەکان) ڕازاندۆتەوە و کردووشمانن بە پارێزەر و ئەمەش بەپێی تەقدیری خودای باڵادەست و زانایە." وە دەفەرمێت:** ﴿ وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ (١٦)وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ (١٧) إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ (١٨)﴾ **الحجر١٦ـ١٨ واته: "لە ئاسمانەکاندا خولگەمان بۆ ئەستێرەکان دروست کردووە و ڕازاندوومانەتەوە بۆ ئەوانەی سەرنجی ئەدەن، لە هەموو شەیتانێکی نەفرەتکراویش پاراستوومانە، مەگەر ئەو شەیتانەی بەرز دەبێتەوە و شتێك دەبیسێت و یەکسەر بڵێسەیەکی**

ئاشکرای ئاگری دەخرێتە شوێن." وە دەفەرمێت: ﴿ أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ (٦)﴾ ق٦. واتە: "ئایا سەیری ئاسمانیان نەکردووە لە سەرووی خۆیانەوە کە چۆن بونیادمان ناوە و ڕازاندوومانەتەوە و هیچ کەموکووڕی و کەلێنێکی تێدا نییە.

ئەم جوانی و ڕازاندنەوەیە کە نیشانەی داهێنانی خودای گەورەن و رازاندنەوەی جوانین و خودا داوای لە مرۆڤ دەکات لێی ورد بێتەوە، تەنانەت پێمان دەڵێت: دروستکردنی تەنها بۆ پاراستن و سوود نییە، بەڵکو بۆ ئەو جوانی و ڕازاندنەوەیە کە خودا دایهێناوە تا مرۆڤ سەرنجی بدات و چێژ لە جوانییەکانی وەربگرێت!

نموونەی ئەمەش قسەکردنی قورئانی پیرۆزە دەربارەی یەکێك لەو نیشانانەی خودای گەورە دایهێناوە لە شێوەی ئەو ئاژەڵانەدا کە بۆ مرۆڤ ڕام کراوە، کە تەنها ئامانجی سوودی ماددی و ڕامکردن نەبوو، بەڵکو جوانی و ڕازاندنەوەش ئەو ئامانجانەن کە مرۆڤ لەو بەدیهێنراوانەدا دەیەوێت. قورئان دەفەرمێت: ﴿ وَالْأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (٥) وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ (٦) وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا بَالِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ الْأَنفُسِ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ (٧) ﴾ النحل٥-٨[١]. واتە: "ئاژەڵەماڵییەکانی بۆ دروست کردوون و موو و پێستەکەیان بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکار دەهێنن و سوودی تریشی هەیە و لە گۆشت و شیرەکەشیان دەخۆن، لە کاتی بردنەدەرەوەیان لە بەیانیان و هێنانەوەیان بۆ

---

[١] لە فەرموودەی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر بێت)هاتووە: "هەتا ڕۆژی قیامەت خێر و چاکە لە نێوچاوانی ئەسپدا هەیە، بۆ کەسێك دەبێتە مایەی خێر و چاکە و بۆ کەسێکی تر دەبێتە داپۆشەر و جوانی و بۆ کەسێکیش دەبێتە مایەی گوناهباری، خێری کەسی یەکەم لەوەدایە کە لەپێناوی خودادا بەکاری دەهێنێت، بۆ کەسی دووەمیش کەداپۆشەر و جوانییە، ئەوەیە بۆ ڕێز و جوانی بەکاری دەهێنێت و تێریان دەکات و مافیان لە خۆشی و ناخۆشیدا نافەوتێنێت، بۆ کەسی سێهەمیش گوناهبارییە، چونکە بۆ زیادەڕۆیی و ڕیا و لەخۆباییبوون بەکاری دەهێنێت." رواه الإمام مسلم والإمام أحمد.

ماڵەوە چێژ لە دیمەنی جوانیان وەردەگرن، کەلوپەلەکانیشتان بۆ هەڵدەگرن بۆ ئەو شوێنانەی کە بەبێ ئەوان زۆر بەزەحمەت پێی دەگەن، بەراستی پەروەردگارتان زۆر بەسۆز و میهرەبانە، ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژیش بۆ سواری و جوانی بەکاریان دەهێنن و چەندین شتی تریشی دروست کردووە کە ئێوە نایزانن.

کەواتە ئامانجەکە تەنها سوودی ماددی نییە، بەڵکو جوانی و ڕازاندنەوە بۆخۆی سوودێکی پێویست و گرنگە بۆ مرۆڤ.

دەریاکانیش کە بەدیهێنەرەکەیان رامی کردووە بۆ مرۆڤ. سوودەکانی تەنها ماددیی وەك گۆشتی تازە و ڕێگایەك بۆ گۆاستنەوە نین، بەڵکو سوودی خشڵ و ڕازاندنەوە و جوانییشی هەیە، قورئان دەفەرمێت: ﴿ وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٤) ﴾ النحل١٤. واتە: "ئەو خودایە کە دەریای بۆ ڕام کردوون تا گۆشتی تازەی لێ بخۆن و خشڵی بۆ پۆشین لێ دەر بهێنن، هەروەها دەبینن چۆن کەشتییەکان دەریاکان دەبڕن، تا فەزڵی خوداتان دەستکەوێت و سوپاسگوزاری خودا بن."

کاتێك خودای گەورە ئاماژە بۆ هەندێك لە ڕۆزی و نیشانەکانی خۆی دەکات، دەبینین قورئانە پیرۆزەکەی سەرنجمان بۆ ئەو بارانە ڕادەکێشێت کە شیوەکان پڕ دەکات لە ئاو و دەیڕازێنێتەوە بۆ ئەوانەی لێی ڕادەمێنن، هەروەها سەرنجمان بۆ ئەو خشڵانە ڕادەکێشێت کە مرۆڤ بەهۆی ئاگرەوە لە کانزاکانی زەوی دەری دەهێنێت، لە کشتوکاڵدا هەم خواردن و هەم جوانی هەیە، لە زێڕ و زیویشدا: پارە و خشڵ و جوانی و ڕازاندنەوەی خودی مرۆڤ. قورئان دەفەرمێت: ﴿ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ (١٧)﴾ الرعد١٧. واتە: "خودا لە

ئاسمانەوە بارانی باراندووە و دۆڵ و شیوەکانی پڕ کردووە و لافاوی هەستاندووە و ئەو لافاوەش کەفی هەڵگرتووە، هەروەها ئەو کانزایانەی ئاگری دەدەن بۆ بەدەستهێنانی خشڵ و پێویستیی تر، ئەویش کەفی لێ دروست دەبێت، بەم شێوەیە خودا نموونە دەهێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی حەق و بەتاڵ، کەف دەڕوات و ئەوەی بەسوودە بۆ خەڵکی لە زەویدا دەمێنێتەوە، بەم شێوەیە خودا نموونە بۆ خەڵکی دەهێنێتەوە."

ئەم جوانی و ڕازاوەییە نیشانە و بەڵگەی خودایین و دایهێناون و لە گەردووندا پەخشی کردوون و داوای لە مرۆڤ کردووە سەرنجی بدات، کەواتە سەیرکردنی ئەم جوانییە و وەرگرتنی نیشانەکانی جوانی و کردنەوەی کەناڵەکانی هەستی مرۆیی بە ڕووی ئەم دروستکراوەی خودادا، گوێڕایەڵیی فەرمانی خودای گەورەیە، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ انظُرُوا إِلَىٰ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ﴾ الانعام٩٩. واتە: "بڕوانن بۆ بەروبوومی کاتێك دێتە بەر و پێ دەگات." وە دەفەرمێت: ﴿ أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ (٦)﴾ ق٦. واتە: "ئایا سەرنج نادەن لەو ئاسمانەی لە ژوور سەریانەوەیە کە چۆن بونیادمان ناوە و ڕازاندوومانەتەوە؟" ئەم سەرنجە لەو نیشانانە یەکێکە لە ڕێگاکانی بەڵگەهێنانەوە لەسەر بوونی خودا و توانای تەواوی خودا و جوانیی دروستکراوەکانی، پەکخستنی سەرنجدانیش لەم نیشانە جوانانە _کە دەیانەوێت دوژمنایەتی دروست بکەن لەنێوان ئسلام و جوانییەکانی ژیاندا_ پەکخستنی بەڵگەی بوونی ئەو خودایە کە ئەم نیشانانەی داهێناوە!

سەرنجی ڕووتی بێهەست لە نیشانەکانی جوانیی نێو بەدیهێنراوەکان، هەر وەك پەکخستنی سەرنجدانە لە ڕێگەی سەرکوتکردنی کەرەستەکانی و داخستنی کەناڵەکانی و پشتگوێخستنی توانا ئامادەکانی، ئەو مرۆڤانەی لە ژینگەکەیاندا تەنها سوودە ماددییەکان دەبینن، ئەوا چاوی دڵیان ئەو نیشانانەی جوانی نابینێت،

بێگومان لەم فەرموودەی خودای گەورەدا باس لەو جۆرە کەسانە کراوە کە دەفەرمێت: ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ (١٧٩)﴾ الاعراف١٧٩. واتە: "ئەو کەسانە دڵیان هەیە و بیری پێ ناکەنەوە چاویان هەیە و پێی نابینن و گوێچکەیان هەیە و پێی نابینن، ئەو کەسانە وەك ئاژەڵ وەهان، بەڵکو سەرلێشێواوترن، ئەو کەسانە غافڵ و بێئاگان!"

بەم شێوەیە پەرەپێدانی هەستی جوانیدۆستی لای مرۆڤی موسوڵمان بریتییە لە پەرەپێدانی ئەو توانا ئامادە و وزانەی خودای گەورە پێی بەخشیوە، ئەو کارەشی سوپاسگوزاریی خودایە لەسەر ڕۆزییەکانی، بەکارهێنانی ئەو توانا ئامادە و وزانەش ڕێگای چێژوەرگرتنن لەو نیشانەی ڕازاوەیی و جوانییەی خودا لە گەردووندا دروستی کردووە و سوپاسکردنیشیەتی لەسەر دروستکردنی ئەم ڕازاوەیی و جوانییە. خوای گەورەش ڕاستی فەرمووە: ﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ (١١)﴾ الضحی١١. واتە: "باس و سوپاسی ئەو ڕۆزییانە بکە کە پەروەردگارت پێی بەخشیویت." پێغەمبەریش ڕاستی فەرمووە: "خودا پێی خۆشە شوێنەواری ڕۆزیی خۆی لەسەر بەندەکانی ببینێت."[١]

***

موسوڵمان بە حوکمی باوەڕ و موسوڵمانێتی، پێویستە ڕەوشتی خودایی لە خۆیدا جێبەجێ بکات، تا ببێتە مرۆڤێکی ڕەببانی، پێویستیشە بەپێی توانای خۆی هەوڵ بدات واتای ناوە جوانەکانی پەروەردگار لەخۆیدا بنوێنێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەهایی و ڕێژەییبوونی پەیوەندییەکانیان، ئەوەتا لە فەرموودەدا

[١] رواه الترمذي.

هاتووە: "خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت."[1] کەواتە دەبێ موسوڵمان پەیوەست بێت بە جوانییەوە کە لە کرداردا دەردەکەوێت، وە دەبێ پەرە بدات بە هەستی جوانیناسی، ئەو جوانییەی خودا لە گەردووندا دایناوە، جوانیی شێوە و واتاکان پێکەوە،[2] ئەوەش کەماڵ و خۆشبەختیی مرۆڤە. هەر وەك پێشەوا غەزالی دەفەرمێت: "کەماڵ و خۆشبەختیی مرۆڤ لەوەدایە ڕەوشتی خودایی لە خۆیدا بکاتە کردار و سیفەت و ناوەکانی خوداش لە ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە بەو شێوەی کە گونجاوە بۆ مرۆڤ، تا بە شێوەیەکی مەعنەوی لە خودا نزیك بێتەوە، چونکە بە گەورەیی و ڕێزەوە سەیرکردنی دەبێتە هۆی خۆشویستنێکی زۆری ئەو سیفەتە و عاشقبوون بە گەورەیی و جوانی خودا و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیفەتانە لە کرداردا و بەپێی سنووری گوندانی لەگەڵ مرۆڤدا، یان تامەزرۆیی ئەو ئەندازەیەی کە پێویستە بکرێتە کردار، بەم شێوەیە مرۆڤ دەبێتە کەسێکی ڕەببانی، واتە نزیك لە پەروەردگار."[3] کاتێك مرۆڤ جوان دەبێت، سیفەت و نیشانەکانی جوانیی خودای جوان و جوانیپەروەر لە خۆیدا دەکاتە کردار و چێژی لێ وەردەگرێت.

کاتێك هەڵوێستی میتۆدی ئیسلامی لە بەرانبەر نیشانەکانی جوانی و ڕازاوەیی نێو گەردوون کە بۆ ژیانی مرۆڤ فەراهەم کراوە وەها بێت، قورئانیش داوای لە خەڵك کردووە خۆیان بڕازێننەوە لەو شوێنانەدا کە نوێژی تێدا دەکەن، واتە پێکەوەبەستن و ئاوێتەکردنی خۆڕازاندنەوە و خۆجوانکردن و نزا و ئامادەبوون بۆ خواپەرستی لە خزمەت خودای گەورەدا، چونکە هەردووکیان _خۆجوانکردن و نوێژ_ سوپاسگوزاری خودای گەورەن! قورئان دەفەرمێت: ﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ

---

[1] رواه مسلم والترمذي وابن ماجة والإمام أحمد، وهو في احدى روايات ابي هريرة لحديث اسماء الله الحسنى. بروانة: الغزالي(المقصد الاسنى في شرح اسماء الله الحسنى)ص١٠٧. القاهرة، ١٩٦١م.

[2] بڕوانە پێناسەی جوانی(الجمال) لە پەرتووکی(لسان العرب)، ابن منظور.

[3] المقصد الاسنى في شرح اسماء الله الحسنى، ص٢٠-٢١.

كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (٣١) قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣٢) قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ الأعراف٣١-٣٢ . واته: "ئەی ئادەمیزادەکان لە کات و شوێنی نوێژکردنەکانتاندا خۆتان برازێننەوە، بەبێ دەسبلاوی و ئیسراف خواردن و خواردنەوە بەکار بهێنن، خودا دەستبلاوان و ئیسرافگەرایانی خۆش ناوێت، پێیان بڵێ: کێ ئەو جوانییانەی حەرام کردووە کە خودا بە بەندەکانی بەخشیوە، هەروەها کێ ئەو ڕۆزییە چاك و پاکانەی حەرام کردووە؟ پێیان بڵێ: ئەم شتە باشانە لە دونیادا بۆ موسوڵمانانە (بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی ناموسوڵمانیش) بەڵام لە دواڕۆژدا تەنها بۆ باوەڕدارانە، بەم شێوەیە نیشانە و ئایەتەکانی خۆمان بەوردی باس دەکەین بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی زانیارین و لێی تێدەگەن." لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکەین کە ئەم ئایەتانە ڕوو لە هەموو مرۆڤەکان دەکات نەك تەنها موسوڵمانان، وەك ئاگادارکردنەوەیەکی ئەوەی کە خودای گەورە سروشتی مرۆڤی وەها دروست کردووە کە خوازیاری ڕازانەوە و جوانی بێت، هەروەها بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی خواپەرستی بە دابڕان لە دونیا و پشتکردن لە جوانی و ڕازاوەیی ژیان دەزانن، هەر وەك لەو ئایەتەی پێشوودا باس کرا، میتۆدی ئیسلامی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی ڕەسەنی خۆی، کە خۆڕازاندنەوە و خۆجوانکردن بەشێکی ڕەسەنن لە پێکهاتەکەی. دایکە عائیشە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "دە کردار هەیە بەشێکن لە سروشتی ڕەسەنی مرۆڤ (ماك ـ الفطرة): کورتکردنەوەی سمێڵ تا دەرکەوتنی سوورایی لێو، نینۆککردن، شتنی لۆچی جومگەی پەنجەکان و

هێڵەکانی لەپی دەست، ریشهێشتنەوە، سیواککردن، ئاوڕادان لە لووت، هەڵکەندنی مووی بنباڵ، تاشینی مووی بەر، بەکارهێنانی ئاو لە خۆپاککردنەوەی سەرئاودا."[1]

ئەگەر لە نەریتی ئیسلامیدا وشەی (مسجد) شوێنی سوژدەبردن بێت، ئەوا هەموو سەرزەوی شوێنی سوژدەبردنە بۆ موسوڵمانان و بەکارهێنانی جوانی و ڕازاندنەوە یەکێکە لە فەرزە ئیسلامییەکان لە پێنجفەرزەی نوێژدا، کە ڕۆژانە موسوڵمان لە حوزووری خودای خۆیدا دەوەستێت، واتە نزیکەی لە هەموو کات و شوێنێکدا پێویستە لەسەری!

ئەم فەرزەش لە هەندێك ڕۆژ و شوێنی تریشدا داکۆکیی لەسەر دەکرێت، ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەفەرمێت: "چی دەبێت ئەگەر هەریەك لە ئێوە توانا و دەسەڵاتی هەبێت و دوو پۆشاك تایبەت بکات بە ڕۆژی هەینی، جگە لەو پۆشاکەی ئیشوکاری پێوە دەکات."[2] وە دەفەرمێت: "هەرکەس بەباشی خۆی بشۆرێت _یان خۆی پاك بکاتەوە_ و جوانترین جلی لەبەر بکات و خودا چەندی بۆ ڕێك خست ئەوەندە عەتر یان هەر ڕۆنێکی خێزانی بەکار بێنێت و بێت بۆ نوێژی هەینی، قسەی زیادە نەکات و خۆی نەخستە نێوان دوو کەسی پێکەوە دانیشتوو، ئەوا خودا لەو گوناهانەی خۆش دەبێت کە لەنێوان ئەو جومعە و جومعەکەی تردا تووشی بووە."[3]

کەسیش وا نەزانێت کە ئەو ڕازاوەیی و جوانییەی ئیسلام داوای دەکات تەنها لە پۆشاکی جوان و عەتر و خۆڕازاندنەوەدایە لە کاتی نوێژدا لە خزمەت خودای گەورەدا، چونکە وشەی (زینەت) کە بەکار هاتووە لە دەقە ئیسلامییەکەدا، ناوێکی

---

[1] رواه النسائي. راوی فەرموودەکە تەنها نۆ دانەی باس کردووە.

[2] رواه ابن ماجة.

[3] رواه ابن ماجة والإمام أحمد.

کۆکەرەوەیە بۆ هەر شتێك کە بەکار بهێنرێت بۆ ڕازاندنەوە[1] سەرچاوەکانی جوانی و خاڵی هەستپێکردنی لە هـەموو ئـەو نیشـانانەدا هەیـە کـە خـودای گـەورە دروسـتی کردووە و لە کون و قوژبنی گەردووندا دایناوە، ئەوەتا باخ و گوڵزار و تەنانەت ڕوەك بەڕەهایی ڕازێنەرەوەی سـەرزەوین تـا مـرۆڤ چـێژی لـێ وەربگرێـت، لـە یـەکێك لـە نزاکانی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) لەو فەرموودەیـەدا کـە بـۆ باسـی نوێژەبارانە تەرخان کراوە دەفـەرمێت: "خودایـە ڕازاوەیـی و جـوانیی زەویمـان بـۆ ببارێنە."[2] هەروەها داوای کـردووە کـە بـە دەنگـی خۆشـەوە قورئـان بخوێنـدرێت: "قورئان بە دەنگەکانتان برازێننەوە."[3] وەك پێشـتریش لـە فەرموودەیەکدا باسـی جوانی و ڕازاوەیی ئەسپمان بینی بۆ کەسێکی تایبەت.

جلوبەرگی نوێ ئەو ڕۆزییەیە کە موسوڵمان تـەنها سـوودی لایەنـە ماددییەکـەی نـابینن، بـەڵکو واتـا جوانـەکانی پۆشـاکی نـوێ دەبیـنن، پێشـەوا عومـەری کـوڕی خەتتاب دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) فەرموویـەتی: "هەرکەس بەرگێکی نوێی دەس کەوت و لە کاتی پۆشینیدا وتی: سـوپاس بـۆ ئـەو خودایەی ئەو پۆشاکەی پێ بەخشیم، کە عەورەتی خۆمی پێ دابپۆشم و خۆمی پێ برازێنمەوە لە ژیانمدا، پاشان جلە کۆنەکەی _یان وتی: ئەو جلەی کە لای بردووە_ بیداتە کەسێکی هەژار، ئەوا خودا دەیگرێتە ئەستۆ و لـە پـەنای ئـەودا دەبێـت، لـە ژیان و لەپاش مردنیشی."[4]

---

[1] سەیری واتای زاراوەی (الزینة) بکە لە پەرتووکی (لسان العرب)، ابن منظور.

[2] مەبەسـت ئەوەیـە کـە بـاران ببارێـت و بـارانیش دەبێتـە هـۆی پـاکی و خـاوێنی و سـەوزی و جـوانیی سەرزەوی (وەرگێڕ).

[3] رواه البخاري وابوداود وابن ماجة والدارمي والإمام أحمد.

[4] رواه الترمذي وابن ماجة والإمام أحمد.

کەواتــە پۆشــاك هــەم ســوودی مــاددیی هەیــە و هــەم بــۆ خۆڕازاندنەوەشــە، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) کاتێك عومەری کوڕی خەتتابی بینی جلێکی نوێی لەبەر کردبوو، پێی فەرموو: "هەردەم بەرگی نوێ بپۆشیت، سوپاسگوزاری خودا بە، شەهیدیت بە نسیب ببێت و خودا ڕووناکی چاوت پێ ببەخشێت لە دونیا و قیامەتدا."[1]

ئیسلام جیاوازیی کردووە لەنێوان جوانیخوازی و چێژلێوەرگرتن لە جوانی، کاتێك میانڕەوی بەسەریدا زاڵ دەبێت و دەبێتە سوپاسگوزاری بۆ ئەو ڕۆزییانەی خودای جوانیبەخش پێی داوین، وە لەنێوان ئەو لەخۆباییبوونەدا کە ئیسلام دژیەتی و هەڕەشەی لەسەر کردووە، ئەوەتا وەك ئیبن مەسعود دەگێڕێتەوە کاتێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: "ئەو کەسەی بەقەد دەنکە تۆوێك باوەڕی لەدڵدا بێت ناچێتە دۆزەخ، ئەوەی بەقەد دەنکە تۆوێك خۆبەگەورەزانین (کیبر و تەکەببور)ی لەدڵدا بێت ناچێتە بەهەشت." لەو کاتەدا پیاوێك وتی:

"ئەی پێغەمبەری خودا من حەز دەکەم جلەکانم هەمیشە شۆراو بێت و پرچی سەریشم چەور کردبێت و قەیتانی پێڵاوەکانیشم باش بێت _چەند شتێکی باس کرد، تەنانەت باسی عەلاگەی قامچییەکەشی کرد_ ئایا ئەمانە بەشێکن لە خۆبەگەورەزانین؟"

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: "نەخێر! ئەوە جوانییە، خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت، بەڵکو خۆبەگەورەزانین بریتییە لە ڕەتکردنەوە و بەسووکزانینی ڕاستی و بێبەهاکردنی خەڵکی!"[2]

---

[1] رواه ابن ماجة والإمام أحمد.

[2] رواه مسلم والترمذي وابن ماجة والإمام أحمد.

کەواتە جوانی شتێکی بەهادار و باشە و هەوڵێکیشە بۆ پیادەکردنی هەندێك سیفەتی خودای گەورە کە لە ناوە جوانەکانیدا دەیبینین، نەك ئەو لووتبەرزییەی کە باس کرا.

هەروەها جوانی بریتی نییە لەو ستەم و دەسدرێژییەی ئیسلام نەهیی لیّ دەکات، مالیکی کوڕی مەرارەی ڕەهاوی کە لە یاران بوو لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)ی پرسیی:

ـ وەك دەبینیت کە ئەوەندە بەشم لە وشتر کەوتووە و پێشم خۆش نییە بەقەدەر جووتێك قەیتان لەم بەشە پتر بە هیچکەسێك بدرێت! ئایا ئەم حەزەی من ستەم و دەسدرێژی نییە؟

ـ پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: نەخێر! ئەوە دەسدرێژی نییە، بەڵکو دەسدرێژی بریتییە لە ڕەتکردنەوە و بەسووکزانینی ڕاستی و بێبەهاکردنی خەڵکی.[1]

کەواتە هەوڵی جیدی بۆ خۆڕازاندنەوە تا ڕادەی پێشبڕكیّ لە پیادەکردنیدا و کۆکۆدنەوەی ئەو دەسدرێژی و ستەمە نییە کە ئیسلام داوامان لیّ دەکات لێی دوور بکەوینەوە.

بێگومان ئیسلام ڕێگەی داوە بە ژن خۆی بڕازێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی خوازبێنیی لیّ دەکەن وەك دەرخستنی نیعمەتی جوانی و خواستی هاوسەرگیری، لەو فەرموودەیەدا کە یەکێك لە ژنانی یاران (سبيعة بنت الحارث الاسلمية) دەیگێڕێتەوە کە ئەو کاتەی (سعد بن خولە)ی هاوسەری کۆچی دوایی کرد و ئەمیش منداڵەکەی بوو و لە قۆناغی (نیفاس)یش تەواو بوو، ئیتر خۆی ڕازاندەوە بۆ خوازبێنیکاران، لەو کاتەدا (ابو السنابل بن يعكك) لە تیرەی(بنی عبدالدار) پێی وت:

---

[1] رواه ابوداود والإمام أحمد.

چییە وا دەتبینم خۆت ڕازاندۆتەوە، وا دیارە دەتەوێت شوو بکەیت؟ قەسەم بە خودا تۆ بۆت نییە شوو بکەیت تا چوار مانگ و دە ڕۆژ پاش کۆچی دوایی مێردەکەت. ئەمیش چوو بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و دەربارەی ئەو ماوەیە (عیددە) پرسیاری لێ کرد نەك دەربارەی خۆڕازاندنەوەی! چونکە ئەوە ڕاجیایی لەسەر نییە! سوبەیعە دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەتوای بۆ دام کە بە منداڵبوونەکەم عیددەم تەواو بووە و هەرکات ویستم دەتوانم شوو بکەم."[١]

بەڵکو دەبینین کە جوانی و خۆجوانکردن وەك ڕۆزیی خودایی وەهان و پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) نزای کردووە خودای گەورە بیبەخشێتە یەکێك لە یارانی بە ناوی (ابوزید الانصاری) و دەفەرمێت: "خودایە جوانی بکە و بەردەوامی بە جوانییەکەشی بفەرموو."[٢] دەبینین قورئانی پیرۆزیش جوانی و ڕازاوەییەکانی زەوی وەك دوو ئەرکی گرنگی مرۆڤ لە جێنشینییەکەیدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی، ئەو جێنشینییەش بە کۆتاییهاتنی ژیانی دونیا کۆتایی نایەت تا مرۆڤ لەم ڕێگەیەدا نەگاتە ئامانج، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالْأَنْعَامُ حَتَّىٰ إِذَا أَخَذَتِ الْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالْأَمْسِ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢٤)﴾ یونس٢٤. واتە: "نموونەی ژیانی دونیا وەك باران وەهایە، کە لەو گژوگیا جۆربەجۆرەی زەوی سەوز دەکات و مرۆڤ و ئاژەڵیش لێی دەخۆن تا ئەو کاتەی زەوی ڕازایەوە و جوانیی خۆی نواند، خەڵکییش پێیان وا بوو کە بۆ هەمیشە وەها لەبەردەستیاندایە، لەو کاتەدا فەرمانی لەناوبردنمان بۆ دەرکرد بە شەو یان بە ڕۆژ،

---

[١] رواه مسلم والنسائي وابوداود.

[٢] رواه الإمام أحمد.

درویێنەمان کرد، وەك ئەوەی دوێـنێ نـەبووبێت، بـەم شـێوەیە نیشـانەکان بـەوردی باس دەکەین بۆ ئەو کەسانەی بیردەکەنەوە."

ئەمەیە میتۆدی ئیسلام بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ نیشـانە و بەڵگـەکانی جـوانی و باشـی و ڕازاوەیـی خودابەخشـی نێـو گـەردوون، داوای لـە مـرۆڤیش کـردووە ورد ببێتــەوە لێــی و کاریگەرییــەکانی وەربگرێــت و چــێژی لــێ وەربگرێــت، وەك سوپاسـگوزارییەکی خــودا کــە ئــەو جوانییــەی بەخشــیوە و هاوکـات هەسـتی چێژوەرگرتنیشـی پـێ بەخشـیوین، هـەروەها وەك خۆڕازاندنـەوە بـە سـیفەتەکانی خـودای گـەورە کـە جوانـە و جوانیشـی خـۆش دەوێـت، هـەر وەك لـە فـەرموودەدا هاتووە.

***

میتۆدی پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر) لە هەڵسوکەوتی خۆی و مامەڵەی لەگـەڵ کەسـوکاری و ئـەو یاسـایانەی دایـدەنا بـۆ خـەڵکی، ئامـانجی پـەروەردەی جوانیپەروەری و ئاکـاری جوانپـەروەری بـوو، ئـەویش ڕوونکردنـەوە و پیـادەکردنی پەیامی قورئانە، کە خودای گەورە میتۆدی ئیسلامی تێدا ڕوون کردۆتەوە.

کەواتە خودی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) کە ڕەحمەتێکی خـودایی بوو بۆ جیهان، بەرزترین نموونەی مرۆییە کە هەست بە نیشانە خوداییەکانی جوانی دەکـات، دەیـەوێت ئـەم هەڵسـوکەوتە جوانپەروەرییـەش ببێتـە یاسـا و ڕێسـایەکی ئیسلام و شارستانێتیی موسوڵمانان..

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) کەسێکی هەڵەخەرج و دەوڵەمەند نەبوو، بـەڵام خـودای گـەورە پـاش هـەژاری دەوڵەمەنـدی کـرد، وەك قورئـان دەفـەرمێت: ﴿وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَىٰ (٨)﴾ الضـحی٨. واتــە: "تــۆ کەسـێکی هــەژار بوویــت و دەوڵەمەندی کردیت." ئەو ڕاهیبە نەبوو کە ناکۆکی دروست بکات لەنێو مەملەکەتی زەوی و مەملەکەتی ئاسمان، ئەو دونیانەویستە عەجەمییـەش نـەبوو کـە پشـتی لـە

دونیا و جوانییەکانی کردبێت، ئەو دیاریی وەردەگرت و دیارییشی بە خەڵکی دەبەخشی، پارە و سامانی (وەك صەدەقە) دەبەخشییە خەڵکی بەبێ ئەوەی چاوی لە صەدەقەی دەستی خەڵکی بێت، باخی (فەدەك)ی هەبوو، لە غەنیمەکانی شەڕدا بەشی خۆی و خێزانی پێ دەدرا بەو پێیەی پێشەوای دەوڵەتە، بەڵام بە پێوەری سادەیی ئەو دەوڵەتە و پلەی دەوڵەمەندیی لەو کات و شوێنەدا، سامان لە دەستیدا بوو، بەڵام هیچکات هەژموونی بەسەر دڵیدا نەبوو!

ئەگەر بمانەوێت لە ژیانی تایبەتیی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) چەند نموونەیەك بدۆزینەوە کە ببێتە شایەتی بەرزی و بەرزبوونەوەی ئاکاری جوانپەروەری و هەستی جوانپەروەریی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەوا نموونە زۆرن.

ـ ئیبن عەبباس (ڕەزای خودای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت): "گەشبین بوو، ڕەشبین نەبوو، بەناوی جوانیش سەرسام بوو."[1]

ئەوانەی لەژێر تیشکی ئەم بابەتەماندا سەرنجی ئەم ڕەوشتە بدەن، دەبینن کە گەشبینی بەرهەمی بینینی لایەنە ئەرێنییەکانی واقیع و جوانییەکانی دەوروبەرمانە، ئەمەش دژی ڕەشبینییە کە خاوەنەکەی تەنها ناشیرینی و نەرێنییەکان دەبینن، ئەوەش ئەو سادەییە نییە، کە خاوەنەکەی ئەرێنی و نەرێنییەکان نابینێت! کەواتە گەشبینی هەڵوێستێکی ئەرێنییە بەرانبەر جوانییەکانی ژیان و دەوروبەر.

کاتێك ئیبن عەبباس دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕەشبین نەبوو، چونکە مرۆڤی ڕەشبین تەنها لایەنە ناشیرین و ڕەشبینەکان دەبینێت، لە کاتێکدا هەموو ئەم شتانە بەشی ئەوەندە چاکە و جوانیی تێدایە کە

---

[1] رواه الإمام أحمد

ڕەشبینی لەو کەسانە دوور دەخاتەوە کە ئەم چاکە و جوانییە دەبینن. هەروەها لە گێڕانەوەکەدا هاتووە: بەناوی جوان سەرسام بوو، واتای ئەوەیە کە ئەوەندە هەستی بە شوێنەوارییەکانی جوانی کردبوو تا ئەو ڕادەی لە ناوەکانیشدا دەیبینی، کەواتە کاریگەریی ناونیشانی لە دەلالەت و ئاماژەی ناوەڕۆك و بابەتدا بینی!

ـ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە جلوبەرگ و خواردنیدا _سەرەڕای سادەییان_ خوازیاری جوانی و چێژ بوو، دەگێڕنەوە کە: "حەزی لە هەنگوین و هەڵوا کردووە."[١] وە "خۆشترین خوارنەوەش لەلای، ئەوە بووە کە شیرین و سارد بێت."[٢] پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) سەرەڕای سادەیی ژیانی، گرنگیی بە چێژ داوە و حەزی لە خواردن و خواردنەوەی باش و جوان کردووە، ئەو چیرۆکانەش بەناوبانگن کە خواردنێکی نەدەخواردن ئەگەر حەزی لێ نەکردایە، سەرەڕای حەڵاڵبوونیشی.

ـ جلوبەرگی سادەی لەبەر دەکرد، دەگێڕنەوە کە: "جبەیەکی ڕۆمیی لەبەر کرد."[٣] کاتێکیش جبەیەکی ئاوریشمییان بە دیاری بۆ هێنا، کە تاڵی زێڕینیشی تێدا بوو، لەبەری کرد و چوویە سەر مینبەر، بەبێ قسکردن دانیشت و پاشان هاتە خوارەوە و خەڵکیش دەستیان لە جبەکەی دەدا و سەیریان دەکرد! کاتێك ترسی ئەوەی هەبوو خەڵکی بەم جۆرە شتانە تێك بچن و هەڵخەڵەتێن، لێی پرسین:

- ئایا سەرسامن بە جوانییەکەی؟

- وتیان: بەڵێ، هەرگیز پۆشاکی ئەوەندە جوانمان نەبینیوە!

---

[١] رواه البخاري ومسلم والترمذي وابوداود والدارمي وابن ماجة والإمام أحمد.

[٢] رواه الترمذي والإمام أحمد.

[٣] رواه الترمذي والإمام أحمد.

- پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: بێگومان دەسماڵەکانی سەعدی کوڕی موعاز لە بەهەشتدا لەم پارچەیە جوانترن.[1]

کەواتە جلوبەرگێکی لەبەر کردووە کە خەڵکی لەوە جوانتری نەبینیوە، بەڵام ئەوەی بیر خستوونەوە کە خودای گەورە لەوە جوانتری لەلایە!

- پێی باش بووە کەلوپەلی ناوماڵ و پێداویستییەکانی خێزانی سادە بێت، دیارە کە ڕقیشی لە شتی گرانبەهاش نەبووە، (حمید)ی قوتابیی (ئەنەسی کوڕی مالیك) دەگێڕێتەوە کە ئەنەس پەرداخێکی پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەر بێت) لابوو، کە بە زیو ڕووکەش درابوو.[2]

- کاتێك باس لەو شتە باش و خۆشانەی نێو ژیان دەکات کە زۆر حەزی لێیەتی، زەوق و هەستێکی بەرزمان بۆ دەردەکەوێت کە هەست بە نیشانەکانی جوانی دەکات و چێژ لە باشی و خۆشییەکانی ژیان وەردەگرێت: دەفەرمێت: "سێ شتی ئەم دونیایەم زۆر لا خۆشەویستە: ئافرەت، بۆنی خۆش، ڕووناکیی چاوەکانیشم لە نوێژکردندایە."[3]

کێ هەیە بەرجەستەبوونی شارستانێتییەکی پێشکەوتوو و پلەی باڵای مرۆیی لەم پێغەمبەرەدا (دروودی خودای لەسەر بێت) نەبینیبێت، کە ڕووناکیی چاوی لە نوێژدا بوو، تا ئەو ڕادەیە شەونوێژی دەکرد کە قاچەکانی هەڵدەئاوسا، ئەوەندەش نەترس بووە کە هیچ جەنگاوەرێك ئەوەندە ئازا نەبووە، تا ئەو ڕادەی پێشەوا عەلیی کوڕی ئەبوتالیب (دروودی خودای لەسەر بێت) _کە لە ئازایەتی و فیداکاریدا ناسراوە_ دەربارەی ئازایەتیی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە گۆڕەپانی شەڕدا دەڵێت: هەرکات شەڕ گەرم بووایە و چاوەکان سوور بووایە،

---

[1] رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وابن ماجة والإمام أحمد.

[2] رواه الإمام أحمد.

[3] رواه مسلم والنسائي والإمام أحمد.

هەموومان پـەنامان بـۆ پێغەمبـەر دەبـرد! هـەر ئـەم پێغەمبـەرە (دروودی خـودای لەسەر بێت) لە کاتی ئیعتیکافدا _کە ناتوانێت لە مزگەوت بچێتە دەرەوە_ سـەری لـەو کەلەبـەرەوە دەبـردە دەرەوە کـە لـەنێوان مزگـەوت و ژوورەکـەی خێزانیـدا ـ عائیشەی دایکی موسوڵمانان (ڕەزای خودای لەسەر بێت)دا بوو، تا سەری بۆ شـانە بکات، چـونکە ئـەویش نەیـدەتوانی بـەهۆی قۆنـاغی سـووڕی مانگانـەوە بێتـە نێـو مزگەوتەکەوە! دایکە عائیشە ئەم بابەتەی لە فەرموودەیەکدا گێڕاوەتـەوە بۆمـان،[1] ئای چەند بەرزی و پێشکەوتنێکە ئەم وێنە مرۆییە جوانە!

ـ کام جوانی و خۆڕازاندنەوە دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك (کـە لە خزمەت پێغەمبەردا بووە) باسی دەکـات و دەڵێـت: "هـیچ عەنبـەر و میسـکێك و عەترێکم بۆن نەکردووە کە لە بۆنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) خۆشتر بێت، هیچ ئاوریشمێکیشم نەبینیوە نەرمتر بێت لە لەپی دەستی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، سپییەکی نوورانی بوو، دڵـۆپی ئارەقـەی لەشـی وەك مـرواری وەها بوو."[2]

ئایا جوانی و خۆجوانکردن لەو کەسـە بـەرزتر هەیـە کـە (ئارەقـەی لەشـی وەك مرواری وەها بێت؟) ئەمەیە پێغەمبەری خودا، لە عەشقی بـەرزی جوانیـدا میتـۆدی ئیسلامی بەرجەستە کردووە لە پەروەردەی جوانیدا، بۆیە هـەر لـە ژیـانی تایبـەتی خۆیشیدا بەرنامە و ڕێبازەکەشی بەرجەستە کردووە کاتێك فەرمووی: خودا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت!

***

---

[1] رواه الإمام أحمد.

[2] رواه مسلم وأحمد.

گەر باس لە ژیاننامەی جوانیپەروەری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بکەین لەگەڵ کەسوکاریدا، کە ئەویش نموونەیەکی جوانی بالاّ و پێشکەوتنی جوانیپەروەرییە و پاش چواردە سەدەش هەر سەرسامەان دەکات، دیارە لە کاتی خۆیشیدا پتر گرنگ و سەرسوڕهێنەرتر بووە.

ـ دایکی موسوڵمانان عائیشە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) لە سەرەتای ژیانی هاوسورگێریدا حەزی لە یاریکردن بووە بەو بووکەڵانەی کە لەسەر شێوەی کچان و ئەسپی باڵدار دروست کرابوون _کە بە ئەسپەکانی سولەیمان ناسرابوون!_ هاوکات هەندێك هاوڕێی هەبوو کە دەهاتن بۆ ماڵی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) و یارییان لەگەڵ خاتوو عائیشە دەکرد، کاتێك پێغەمبەریان دەبینی (دروودی خودای لەسەر بێت) شەرمیان دەکرد، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە نەرمونیانی هەوڵی لەگەڵ دەدان کە بێن بۆ لای خاتوو عائیشە و لەگەڵی یاری بکەن، ئەمەش لە گێڕانەوەی خودی خاتوو عائیشەدا هاتووە.[١]

ــ هەر ئەم پێغەمبەرەی کە وەحیی بۆ دێت و پەیامی پەروەردگارەکە ڕادەگەیەنێت و سەرۆکایەتیی دەوڵەت دەکات و ئوممەت پەروەردە دەکات و نامە بۆ پاشاکان دەنووسێت و لەگەڵ ناودارانی شیرکدا دەجەنگێت و شێوازی ژیانی خەڵك دەگۆڕێت، هاوکات پێشبڕکێ لەگەڵ خاتوو عائیشەی هاوسەریشیدا دەکات، ئەم کارەش بە نهێنی و لە پشتی دیوار و دەرگای داخراوە وە ناکات، بەڵکو لە سەر ڕێگا و لە کاتی سەفەریاندا؟ ئەم ڕەوشتە بەرز و پێشکەوتووە لە چێژوەرگرتن لە جوانی و خۆشییەکانی ژیان لەلایەن خاتوو عائیشەوە بۆمان گێڕدراوەتەوە، دەڵێت: لە سەفەرێکیدا لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕۆشتم و ئەوکات تازە پێگەشتوو بووم و قەڵەو نەبووم، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)

---

[١]رواه البخاري ومسلم وابوداود والنسائي وابن ماجة والإمام أحمد.

فەرمووی بە خەڵکی: ئێوە پێش بکەون، ئەوانیش پـێش کـەوتن، پاشـان پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی بە من: وەرە بـە پێشـبڕکێت لەگـەڵ بکـەم، پێشبڕکێم لەگەڵ کرد و من پێشکەوتم! پاشان ماوەیەکی پێ چوو من قەڵەو بووم و ئەو پێشبڕکێیەم لەبیر چوویەوە، لە سەفەرێکدا لەگەڵی ڕۆشتم، بە هـەمان شـێوەی پێشوو پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بـە خـەڵکی فـەرموو: پـێش کـەون، ئەوانیش پێش کەوتن، پاشان بە مـنی وت: وەرە بـا پێشـبڕکێت لەگـەڵ بکـەم، کـە پێشبڕکێمان کرد، ئەو پێش من کەوت، بـەدەم پێکەنینـەوە فـەرمووی: پاکمـان لـە پاك![1]

ئایا لەم هەڵسوکەوتە جوانە بەرزتر هەیە، کە خاوەنەکەی گەرچی هەموو دونیای لەسەرشان بوو، هێشتا بەشی خۆی لە جوانییەکانی ژیان لەبیر ناکات؟!..

باسـکردنی ئـەم بەشـەی ژیـانی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) بـۆ سەرسـامکردنی خـەڵکی نییـە، بـەڵکو مەبەسـتمان ئەوەیـە بڵـێین: تـەنها میتـۆدی سروشتیی ئیسلام بۆ پەیوەنـدیی نێـوان موسـوڵمان و جوانییـەکانی ژیـان ئەمەیـە، میتۆدی نێو ئەم ئایەتـە کـە دەفـەرمێت: ﴿ وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ ﴾ القصـص٧٧. واتـە: "لـە ڕێگـەی ئەوەی لەم دونیایەدا خودا پێی بەخشیویت ڕۆژی دوایـی بەدەسـت بهێنـە و بەشـی خۆشت لە دونیا فەرامۆش مەکە، هەر وەك چـۆن خـودا چاکەی لەگـەڵ کردوویـت، تۆیش بە چاکی و جوانی هەڵسوکەوت بکە، لە ڕاستییشدا خودا بە چـاکی و جـوانی لەگەڵمان جووڵاوەتەوە بەو نیشانە جوانانەی کە هەموو گەردوونی پێ ڕازاندۆتەوە.

وەڵامدانـەوە بـە چـاکی و جـوانی ئەوەیـە کـە بەباشـی پێشـوازی بکـەین لـەم ڕۆزییانەی خودا، کەناڵ و کەرەستە و هەستی وەرگرتنمان بۆیان بـەرز بکەینـەوە و

---

[1] رواه ابوداود والإمام أحمد.

چـێژی لـێ وەربگـرین، وەك سوپاسـگوزارییەك و ڕاگـرتنی هاوسـەنگی میـانڕەویی ئیسلامی، کە هەم دژی هەڵەخەرجی و زیادەڕەوییـە لـە چـێژوەرگرتندا و هـەم دژی ڕەهبانییەت و دابڕان لە چێژ و خۆشیی دونیایە، دژی پەکخستنی ئەو هەستانەیە کە خودا پێی بەخشیوین بۆ چێژوەرگرتن لە جوانی و خۆشییەکانی دونیا، ئەم میتۆدە هەموو ئەو کارانەمان فێر دەکات کە مرۆڤایەتیی مرۆڤ بەرەو باڵاتر دەبات، تەنانەت چێژ و ئـەو (لـەهو)ەش دەروون ئـارام دەکاتـەوە بـە عیبـادەتی خـودا دادەنرێـت و پاداشـتی دواڕۆژی لەسـەر وەردەگرێـت، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) دەفـەرمێت: (هـەموو لـەهوێکی مـرۆڤ بەتاڵـە جگـە لـە: تیرهاوێـژی، ڕامکردنـی ئەسپەکەی، یاریکردنی لەگەڵ هاوسەری، هـەموو ئەمانـە بەشـێکن لـە ڕاسـتی.[1] وە دەفەرمێت: "سەرسامم بە قەزای خودای گەورە لەگەڵ بـاوەڕدار، هـەرکات شـتێکی باشی تووش بوو سوپاسی پەروەردگاری خۆی دەکات، ئەگەر موسیبەتیشی تووش بوو هەم سوپاسی خودا دەکات و هەم خۆڕاگریشـە، لـە هـەموو دۆخێکدا پاداشـتی خودایی بەدەست دەهێنێت، تەنانەت ئەو کاتەی تیکەیەك بەرز دەکاتەوە بۆ دەمی ژنەکەی."[2]

تەنانـەت لـە عیشـق و میهرەبـانی و یـاریکردن، بـاوەڕدار پاداشـتی دەسـت دەکەوێت، چونکە چێژ لە خۆشی و جوانییەکانی ژیان وەردەگرێت.

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) لەم میتـۆدەدا تـەنها بـە باسـکردنی ئەم ڕاستییانە ناوەستێت، بەڵکو داوا لـە موسوڵمانان دەکـات ئـەم ڕێگەیـە بگـرن، ئەوەتا داوا لە یەکێك لە یاران (جابر بن عبدالله) دەکات:

ـ ئایا هاوسەرگیریت کردووە؟

جابر: بەڵێ.

---

[1] رواه الترمذي والنسائي وابوداود وابن ماجة وأحمد.

[2] رواه الإمام أحمد.

پێغەمبەریش پێی دەفەرمێت: کچت مارە کردووە یان بێوەژن؟

جابر: نەخێر، بێوەژنم مارە کردووە..

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: بۆچی کچێکت مارە نەکرد تا یاری لەگەڵ یەکدی بکەن؟[1]

ئەمەیە ڕێسای پەروەردەی جوانیپەروەریی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەمەیە میتۆدی پێغەمبەرانە لە بەرانبەر جوانییەکانی دونیا و گەردوون و خۆشییەکانی بوون، بەم شێوەیە ئەم میتۆدە وەك ڕێبازێکی کرداری و سەرمەشقێکی باش بەرجەستە بووە، چەند نموونە و شایەتمان لە ژیانی پیرۆزی تایبەتیی خۆی و پەیوەندیی لەگەڵ خێزان و خەڵکی و ڕێنومایییەکانی بۆیان.

بێگومان ئەم میتۆدە، میتۆدی عیشقی حەڵاڵە بۆ نیشانە جوانەکان، کە دژ بەو زبری و مۆنییەیە کە بەناحەق ناتەبایی لەنێوان موسوڵمانان و چاکی و جوانییەکانی ئەم ژیانەدا دروست دەکات، موسوڵمانیش ناتوانێت فەرزی سوپاسگوزاری لەسەر ڕۆزی و جوانی بەجێ بهێنێت، تا ئەو کاتەی ڕۆزییەکانی خودا لەم جوانییەدا بزانێت و چێژی لێ وەربگرێت!

***

[1] رواه البخاري ومسلم والنسائي وابن ماجة وابوداود والدارمي والإمام أحمد.

# جوانییەكانی بیستن

ئەگـەر تـا ئـەم ئاسـتە ڕوون و ئاشـكرایە میتـۆدی ئیسـلامی پشـتیوانی لـە پەروەردەی جوانپەروەری كردبێت و پەیوەندییەكانی نێوان هەستەكانی موسوڵمان و نیشانەكانی جوانی و دەركەوتە ڕازاوەكانی بوونی پتەو كردبێت، بۆچـی دەبیـنین هەندێك لە ئیسلامییەكان دژی جوانییە و حەزی بە زبـری و مۆنییـە؟ پێشـمان وایـە هەمان تۆمەت ئاراستەی ئیسلام دەكرێت!

بۆچی نووسین و گێڕانەوەی فەرموودە و وتەی سەلەف دەربارەی ئەم دژایەتییە بـڵاو بۆتـەوە؟ دژایـەتیی گـۆرانی و مۆسـیقا و ئامێرەكانیـان، هـەروەها دژایـەتیی هونەری شێوەكاری لە وێنەكێشان و هەڵكۆڵین و وێنەگرتن بەتایبەتی؟

ئەو ڕاجیاییەی لەنێوان زاناكانی فیقهی ئیسلامیدا هەیە سـەبارەت بـە حـەڵاڵی و حەرامی گۆرانی و مۆسـیقا و نیگاركێشـان و هـەڵكۆڵین و وێنـەگرتن _كـە دیـارترین هونـەری جوانپـەروەرین مـرۆڤ لـە پەرەسـەندنی شارسـتانێتیدا بـەدیی هێنـاوە_ ڕاجیاییەكی كۆن و بەناوبانگە، گەلێك گێڕانەوەمان هەیە كە زۆربـەیان فـەرموودەی پێغەمبـەرن (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) و ناوەڕۆكەكـەیان لەسـەر ئـەم بابەتـە جیـــاوازە، زۆربـــەی ڕا و بۆچـــوونەكان دەربـــارەی ئـــەم گێڕانەوانـــە و بابەتـــە پەیوەستدارەكانی و ڕاستێتی لە ڕووی سەنەد و مەتنەوە و ڕێككەوتن و هاوئاهەنگی لەگەڵ یەكدیدایە، هەر بۆیە لەم مەسەلەیەدا گەشتنە ڕایەكی دڵنیا و هاوبەشی نێوان هـەموو لایەنـەكان، هانمـان دەدات بـەوردی و بەراوردكارانـە و ڕەخنەگرانـە ئـەو گێڕانەوانە هەڵسەنگێنین.

كەواتە ئێمە ئەم بابەتانەمان لە بەردەستدایە:

أ ـ هەندێك ڕووداو هەبووە لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا (دروودی خـودای لەسـەر بێت) و لە ماڵەكەی و مزگەوتەكەی و ماڵی یارانیدا ڕووی داوە، كە دەچـێتە بازنـەی

(سوننەتی کردەیی)ەوە پیادەکردنی میتۆدی پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر بێت) واتە شایەتییەکی ماددین لەسەر حەڵاڵبوونی گۆرانی، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە هەندێك ئیجتیهادی جیاوازی یاران هەبووە لە کاتی ئەم سوننەتە کردەییانەدا و ویستوویانە گۆرانی قەدەغە بکەن، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕێگەی بە گۆرانیی داوە و بە خاوەن ئیجتیهادەکانیشی وتووە کە هەڵە بوون.

ب ـ یازدە فەرموودەمان هەیە کە قەدەغەکردنی گۆرانییان لێ وەردەگیرێت و هەڕەشە لە گۆرانیبێژ و گوێگرانی دەکات.

ج ـ هەندێك لە زانایانی تەفسیر وشەی(اللهو)یان بە گۆرانی لێك داوەتەوە، لەو ئایەتەدا کە دەفەرمێت: ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٦)﴾ قمان٦. واتە: "هەندێك کەس هەیە قسەی (لەهو) دەکڕێت تا خەڵکی تووشی لادان بکات لە ڕێگەی خودا، ئەو کارەشی نەزانییە و دوورە لە زانست و هۆشیاری."

ئەمەش نموونەکان و ڕای جیاوازی زانایانی فیقهی ئیسلامی و موسوڵمانان لەسەر گۆرانی و ئامێرەکانی مۆسیقا.

ـ لە سوننەی کردەییدا سێ گێڕانەوەمان هەیە، لە دوانیاندا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) گوێی لە گۆرانی گرتووە و ئەو کەسەشی بە هەڵە داناوە کە ویستوویەتی قەدەغەی بکات، لە سێهەمیشدا هەندێك لە یاران گوێیان گرتووە لە گۆرانی و ئەو کەسەیان بە هەڵە داناوە کە هەوڵی قەدەغەکردنی داوە و فەرموویانە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە حەڵاڵی داناوە.

خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە کە: "جارێکیان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) هاتە ژوورەوە و دوو کچی کەنیزەکم لەلا بوو، ئەو گۆرانییەیان دەوت کە بۆ

ڕۆژی (بعاث[1]) وترابوو، ئەویش ڕاکشا و ڕووی وەرگێڕا، پاشان ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە و بەتووڕەییەوە پێی وتم: ئەوە گۆرانیی شەیتانە لەلای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەوترێت؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕووی کردە ئەبوبەکر و فەرمووی: وازیان لێ بهێنە. پاش ماوەیەك کە ئەبوبەکر سەرقاڵ بوو، بە چاو پێم وتن کە بچنە دەرەوە و ئیدی چوونە دەرەوە."[2]

لێرەدا کردارێکی پێغەمبەرمان لەبەردەستدایە (دروودی خودای لەسەر بێت)، ڕێگای داوە بە گۆرانیوتنی دوو کچ، گۆرانییەکەش ڕووداوەکانی شەڕێکی مێژوویی سەردەمی جاهیلی باس دەکات! کاتێکیش پێشەوا ئەبوبەکر بە ئیجتیهادی خۆی بە قەدەغەی زانی و ویستی ڕێگرییان لێ بکات، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەو ئیجتیهادەی قبوول نەبوو، گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیەش کێشەیەکی نییە لەلای زانایانی فەرموودەناس.

لە هەمان فەرموودەدا _وەك تەواکارییەك_ خاتوو عائیشە ڕووداوێکی تر دەگێڕێتەوە کە لەسەر هەمان بابەتە و دەڵێت: "لە ڕۆژێکی جەژندا ڕەشپێستەکان بە قەڵغانی پێست و حەربە یارییان دەکرد لەناو مزگەوتدا، یان من داوام کرد لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) یان ئەو فەرمووی: حەز دەکەیت سەیر بکەیت؟ منیش وم بەڵێ، ئیتر منی لە پشتی خۆیەوە بە شێوەیەك دانا کە ڕوومەتم لەسەر ڕوومەتی بوو و بە پۆشاکەکەی خۆی داپۆشیبووم و منیش سەیرم دەکردن. پاشان عومەر لێیان تووڕە بوو تا دەست هەڵگرن، پێغەمبەر (دروودی خودای

---

[1] بعاث: ناوی قەڵای تیرەی (اوس)ە، ڕۆژی (بعاث)یش ناوی ئەو شەڕەیە کە لەنێوان تیرەی ئەوس و خەزرەجدا ڕووی دا و ئەوسی تێدا سەرکەوت.

[2] رواه البخاري ومسلم وابن ماجة - (وەرگێڕنی ڕووی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بۆ نەبینینی کەنیزەکەکان بووە نەك لە گوێگرتن، چونکە بە گوێ گۆرانی دەبیسترێت!

لەسەر بێت) فـەرمووی: ئـارام بـن ئـەی بـەنی ئەرفـەدە،[1] بـەردەوام بـن ئـەی بـەنی ئەرفەدە. منیش ئەوەندەم سەیر کرد تا بێزار بووم، فەرمووی: بەستە؟ وتم: بـەڵێ، فەرمووی : کەواتە ئیتر بڕۆ."

گێڕانەوەیەکی ترمان هەیـە کـە یـاریکردن (نوانـدن)ی بـە حـەڵاڵ دانـاوە کاتێـك گۆرانی و سەماشی لەگەڵ بێت، لە هەندێك گێڕانەوەدا هـاتووە کـە ئـەم شـیعرەیان دەخوێندەوە:

ئەی ئەو میوانەی دێیت بۆ لامان
ئایا بەلای تیرەی (عبدالدار)دا تێپەڕیویت؟
بڕۆ لایان داوای میوانداریيان لێ بکە
ئەوان بەهۆی نەبوونییانەوە ناتوانن میوانداریت بکەن.

لە هەندێك گێڕانەوەدا هـاتووە: "ڕەشپێسـتەکان سـەمایان دەکـرد، لـە هەنـدێك گێڕانەوەدا هاتووە: لەبەردەم پێغەمبەردا (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) سـەمایان دەکرد و دەیانوت: موحەممەد بەندەیەکی صالحە (چاکە)"[2]

کەواتـە کاتێـك پێشـەوا عومـەر ئیجتیهـادی کـرد بـۆ قەدەغـەکردنی ئـەو کـارە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕای پێچەوانە بوو و ڕێگای پێ دا.

گێڕانەوەی سێهەم: عامری کوڕی سەعید دەگێڕێتەوە: "چووم بۆ لای (قرظة بن كعب) و (ابو مسعود انصاری) لـە زەماوەندێکـدا، بینـیم هەنـدێك کـەنیزەك گـۆرانی دەڵێن، وتم: ئێوە لە یارانی پێغەمبەرن و لە جـەنگی بـەدردا بەشـدار بـوون و کـاری

---

[1] واتە پێغەمبـەر دڵنیـا و ئـارامی کردوونـەوە لەسـەر بـەردەوامییان پـاش تووڕەبـوونی عومـەری کـوڕی خەتتاب، فەرموویـەتی کـە بـەردەوام بـن لەسـەر یارییەکـەتان. ئـەم نازنـاوە بـۆ ڕەشپێسـتەکان بـەکار هێنراوە، چونکە ئەرفەدە یەکێك بووە لە بەناوبانگترین باپیرانیان.

[2] ئیمام ئەحمەد ئەم فەرموودەی گێرشاوەتەوە.

وەها دەكرێت لە لاتاندا؟ وتیـان: گـەر پێـت خۆشـە لەگـەڵمان دانیشـە، دەشـتوانی بڕۆیت! ڕێگەمان پێ دراوە بۆ (لەهو) لە زەماوەندا."[1]

ئەم گێڕانەوەیە باس لەو (لەهو)ە دەكات كە لای یارانی بەدریـدا كـراوە، كاتێـك یەكێك لە یاران ئیجتیهـاد دەكـات لـە قەدەغەكردنیـدا، ئـەو یارانـە پێـی دەڵـێن كـە پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) لـە شـایی و زەماوەنـدا ئـەم لـەهوەی بـە حەڵاڵ زانیوە بۆمان. كەواتە بەپێی ئـەم سـێ گێڕانـەوە، دروسـتە هەنـدێك گـۆرانی تێكەڵ بە نواندن و سەماش بكرێت، هەر ئیجتیهادێكیش دژ بەم حەڵاڵكردنە بكرێـت هەڵەیە.

جگـە لـەم سـێ گێڕانەوەیـە كـە داكـۆكی لەسـەر حـەڵاڵبوون دەكـەن، گـەلێك فەرموودەمان هەیە داكۆكی لەسەر ئەو ڕەواییـە دەكاتـەوە و باسـی هـزری شـایەت دەكات بۆ ئەو ڕەوایەتییە و لەسەر ئەو ڕەوایەتییە.

خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە كاتێك كچێكیان گواستۆتەوە بۆ پیاوێكی ئەنصاری، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پرسیویەتی: ئەی عائیشە، ئایـا (لـەهو) لـە زەماوەندەكەدا نەبوو؟ چونكە ئەنصارییەكان حەزیان لە (لەهو)ە."[2]

لە گێڕانەوەیەكی تری ئەم ڕووداوەدا هاتووە كـە: "خـاتوو عائیشـە ئـافرەتێكی خزمی خۆی بۆ پیاوێكی ئەنصـاری مـارە كـرد، پێغەمبـەریش فـەرمووی بـە خـاتوو عائیشە: ئەرێ كەسێكتان نەنارد لەگەڵی ئەمە بڵێ بۆیان:

اتیناكم، اتیناكم، فحیانا وحیاكم. واتە: هاتین بۆ لاتان، هاتین بـۆ لاتـان، خـودا تەمەنمان درێژ بكات و تەمەنی ئێوەش درێژ بكات."[3]

---

[1] رواه النسائي.

[2] رواه البخاري.

[3] رواه النسائي.

له فەرموودەیەکی تردا، سائیبی کوڕی یەزید دەگێڕێتەوە کە: "ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: ئەی عائیشە ئەم ئافرەتە دەناسیت؟ خاتوو عائیشە وتی: نەخێر، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، فەرمووی: ئەوە کەنیزەکی گۆرانیبێژی فلان تیرەیە، ئایا پێت خۆشە گۆرانیت بۆ بڵێت؟ ئیتر گۆرانیی بۆ خاتوو عائیشە وت."[1]

ئەمانە ئەو گێڕانەوە بوو لە سوننەتی نەبەوی،کە زۆربەی کردەییە و شایەتن لەسەر ڕەوابوونی ئەم هونەرە جوانانە: گۆرانی، سەما، نواندن، ئەو گێڕانەوانە داکۆکییان لەسەر ڕەوایەتیی ئەو هونەرانە کردووە و ئیجتیهادی بەهەڵەزانینی ئەم هونەرانەی بە هەڵە زانیوە.

- بەڵام ئەو گێڕانەوە کردەییانەی باس لە گۆرانیی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەکات بەبێ جەدەل و ئیجتیهاد، ئەوا لە پەرتووکەکانی سیرە و فەرموودەدا زۆرن، هەر بۆ نموونە:

بەرائی کوڕی عازب دەگێڕێتەوە[2] کاتێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە کاتی کۆچکردنیدا گەشتە مەدینە، خەڵکی مەدینە لە لووتکەی خۆشحاڵیدا بوون و تەنانەت ئەو ئافرەتانەی کە لە پشتی پەردەی ناوماڵیشدا بوون چوونە سەربانەکان و دەیانوت:

**طلع البدر علينا    من ثنيات الوداع**

مانگی چواردەمان لێ هەڵهات، لەدەم بەرزاییەکانی سەنییەتولوەداعەوە.

**وجب الشكر علينا   ما دعا لله داع**

---

[1] رواه النسائي.

[2] ئەم گێڕانەوەیە زۆر لاوازە و ناتوانرێت ببێتە بەڵگەی ئەحکامی شەرعی، بەڵام وەك بابەتێکی مێژویی شیعرەکان جوانن و دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت(وەرگێڕ).

تا کەسێك هەبێت خەڵکی بۆ لای خودا بانگ بکات، پێویستە لەسەرمان سوپاسی خودا بکەین.

**أيها المبعوث فينا جئت بالأمر المطاع**

ئەی ئەو کەسەی لە ئێمە و بۆ ئێمە نێردراویت، فەرمانێکت هێناوە کە ئێمە گوێڕایەڵی دەبین.

بەڵام ئەوکاتەی وشترەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە بەردەرگای ئەبوئەییوبی ئەنصاریدا _کە لە تیرەی بەنی مالیکی بەنی نەججار بوو_ وەستا، کەنیزەکەکانی تیرەی بەنی نەجار بە دەفلێدانەوە ئەم گۆرانییەیان دەوت:

**نحن جوار من بني النجار...يا حبذا محمد من جار**

واتە: ئێمە کەنیزەکی تیرەی بەنی نەججارین، ئای موحەممەد چەند دراوسێیەکی خۆشەویستە لامان.

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: ئایا منتان خۆش دەوێت؟

وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا.

ئەویش فەرمووی: خودا دەزانێت کە بە دڵ ئێوەم خۆش دەوێت.

کاتێکیش دەستیان کرد بە دروستکردنی مزگەوت، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بە گواستنەوەی خشتی قوڕ بەشداریی دەکرد، لە کاتی کارکردنیشیدا بە ئاوازەوە ئەم دێڕە شیعرەی دەخوێندەوە:

**هذا الجمال لا جمال خيبر هذا أبر ربنا وأطهر**

واتە: ئەم خشتانەی کە بەرزی دەکەینەوە لەلای خودا لە بەرووبووم و سامانی خەیبەر پاکتر و باشترە.

هەندێك لە یارانیش لە کاتی کاردا گۆرانییە باوەکانی کارکردنیان دەوتەوە، بۆ نموونە هەندێکیان دەیانوت:

**لئن قعدنا والنبي يعمل ذام أذن للعمل المضلل**

واتە: ئەگەر ئێمە دانیشین و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئیش بکات، کەواتە ئێمە بە کارێکی گومڕا و خراپ هەستاوین.

هەندێکی تریش بەئاوازەوە ئەم شیعرانەیان دەوتەوە:

لا يستوي من يعمر المساجدا يدأب فيها قائما وقاعدا ومن يرى عن التراب حائدا.[1]

واتە: ئەو کەسەی مزگەوت ئاوەدان دەکاتەوە و خزمەتی دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە بە دانیشتن و ڕاوەستاوییەوە، یەکسان نییە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە خۆی لە خۆڵ لا دەدات و خزمەتی مزگەوت ناکات.

تیرەی ئەشعەرییەکان _تیرەی ئەبو مووسای ئەشعەری_ بەم شێوە بوون کاتێ هاتن بۆ مەدینە، ئەوەتا ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: سبەینێ کۆمەڵێك دێن بۆ لاتان کە لە ئێوە دڵیان نەرمترە بەهۆی ئیسلامەوە، ئیتر ئەشعەرییەکان هاتن _کە ئەبو مووسای ئەشعەری یەکێك بوو لەوان_ و کە لە مەدینەش نزیك بوونەوە ئەم دێڕە شیعرەیان دەخوێندەوە:

غدا نلقى الأحبة محمدا وحزبه.[2]

واتە: سبەی بە دیداری خۆشەویستان دەگەین، موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێت) و کۆمەڵەکەی!

فەرموودەیەکی تریش هەیە کە باس لەوە دەکات کە چۆن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە کاتی لاواندنەوەی هەندێك کەنیزەکدا ئامادە بووە، کە لەگەڵ دەفدا پاڵەوانە شەهیدەکانی بەدریان دەلاواندەوە! ئەبو حسەین دەگێڕێتەوە دەڵێت: خەڵکی مەدینە ڕۆژێکیان هەبوو کە یارییان تێدا دەکرد، لەو

---

[1] بڕوانە(الاعمال الكاملة لرفاعة الطهطاوي)ج٤، ص١٧٨_١٨٣. بیروت١٩٧٧م. هەروەها: الغزالي(احياء علوم الدين)ص١١٣٠، دار الشعب، القاهرة.

[2] رواه الإمام أحمد.

ڕۆژەدا چووم بۆ لای خاتوو ڕەبیعی کچی میعوەز کوڕی عەفرا ء وتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) هات بۆ لام و لەسەر ئەم فەرشەمدا دانیشت، دوو کەنیزەکیشم لابوو بەدەم دەفلێدانەوە کوژراوەکانی بەدریان دەلاواندەوە، لە یەکێك لە شیعرەکانیاندا وتیان:

**وفينا نبي يعلم ما يكون في غد**[1]

واتە: پێغەمبەرێکمان لەنێودایە کە دەزانێت سبەی چی ڕوو دەدات.

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەم قسەیە مەکەن، چونکە تەنها خودایە کە دەزانێت سبەی چی ڕوو ئەدات.

ـ بەڵام ئەو گێڕانەوانەی گۆرانی قەدەغە دەکات و نەهیی لێ دەکات و نەهیی لە گوێگرتنی کراوە، دەگاتە دوانزە دانە، هەندێکی فەرموودەیە، یان لێکدانەوەی وشەی (لەهو)ە لە ئایەتی: ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٦)﴾ لقمان٦. کە بە واتای گۆرانی لێکیان داوەتەوە.

یەکێك لەو فەرموودانە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە، کە چەند فەرموودەیەکمان لێوە گێڕایەوە دەربارەی حەڵاڵبوونی گۆرانی، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: "بێگومان خودا کەنیزەکی گۆرانیبێژی حەرام کردووە، فرۆشتنی و بەهاکەی و فێرکردنی و گوێگرتن بۆی."[2]

ئیبن حەزمی ئەندەلوسی (٣٨٤ ـ ٤٥٦ك . ٩٩٤ـ ١٠٦٤ز) کە زانایەکی بەرزە و پەیڕەوی مەزهەبی (ظاهري)یە لە پەیڕەویکردنی فەرموودەدا و کەسێکی پایەبەرزیشە لە هەڵسەنگاندنی کەسانی نێو زنجیرەی فەرموودەگێڕانەوەدا، ئەم فەرموودانەی بەپێی ڕێساکانی (جەرح و تەعدیل) لە بێژنگ داوە و گەشتۆتە ئەوەی

---

[1] رواه الإمام أحمد، بڕوانە: النويري(نهاية الارب)، ج٤، ص١٤١.

[2] روه الطبراني في الاوسط باسناد ضعيف، وقال البيهقي: ليس بمحفوظ.

که هەموو ئەو فەرموودانە هۆکارێکی لاوازی (عیللەت) تێدایە، بۆیە دەڵێت: هیچکام لەم گێرانەوانە صەحیح نین و هەڵبەستراون، لەم ڕەخنەگرتنەیدا لە کەسانی نێو زنجیرەی فەرموودەکان گەلێك لە زانای فەرموودەناسی پلەجیاواز هاوڕای بوون، بۆ نموونە: (الذهبي) خاوەنی پەرتووکی (میزان الاعتدال)، ئیبن حەجەری عەسقەلانی، خاوەنی (لسان المیزان) بۆ نموونە: لە هەڵسەنگاندنی کەسانی نێو زنجیرەی ئەو فەرموودەی کە خاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە دەڵێت: (اسعد بن ابي رزين) کە لە براکەیەوە دەیگێڕێتەوە، ئەم دوو ناوە کەس نازانێت کێن! کەسانی تری نێو زنجیرەکە لاوازن، گێڕانەوەیان هەیە کە پێچەوانەی کەسی متمانەپێکراوە، یان نەناسراون و ئەو فەرموودانەیان گێڕاوەتەوە کە دوو کەسی لەسەریەك یان پتر لە زنجیرەی گێڕانەوەکەی نییە، لەگەڵ هۆکاری تری لاوازی و ڕەخنەی کاریگەر لەسەر دروستیی ئەو گێڕانەوانە.

ئەو لێکدانەوە(تەفسیر)ی هەندێك پێشەوایانی تەفسیر کردوویانە بۆ وشەی (اللهو) لە ئایەتی: ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٦)﴾ بە واتای گۆرانییان داناوە، سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو فەرموودە صەحیحانەدا کە گۆرانی حەڵاڵی بە ناوی (اللهو) بەکار هێناوە _(ئایا لەهوتان نەبوو؟ چونکە ئەنصارییەکان حەز بە لەهو دەکەن)_ وە (لە زەماوەندا ڕێگای لەهومان پێ دراوە) ئیبن حەزم ڕای وایە کە ئەو لێکدانەوەیە تەنها بۆچوونی خودی زاناکانی تەفسیرە و لەو هیچکام لە یارانەوە نەچەسپیوە کە وای لێك دابێتەوە، بۆچوونی ئەو موفەسسیرانەیە کە قسەکانیان نابێتە بەڵگەی یەکلاکەرەوە، هەر بۆچوونێکیش لەم پلەیەدا بوو ئیتر نابێتە بەڵگە، تەنانەت ئەگەر وەهاش بێت هەر نابێتە بەڵگە، چونکە ئایەتەکە دەفەرمێت: ﴿ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾ ، کەواتە هەرشتێك مەبەستەکەی لادان بێت لە ڕێگەی خودا هەر گوناح و حەرامە، گەرچی کڕینی موصحەف و فێرکردنی قورئانیش بێت!)

ئیبن حەزم لە ئەنجامی ڕەخنەگرتن لەم ڕیوایەتانە دەڵێت:

(ئەگەر کەسێك بڵێت: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ (٣٢)﴾ یونس٣٢. واتە: "پاش ڕاستی جگە لە گومڕایی چی هەیە، ئایا گۆرانی سەر بە کامیانە؟"

پاشان دەربارەی پێگەی گۆرانی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

"وەك گەشتی نێو باخەکان وەهایە، وەك ڕەنگی جیاوازی جلەکان، هەر شتێکی تریش کە بە لەهو دادەنرێت، پێغەمبەریش فەرموویەتی: هەموو کردەوەکان بە نییەتە، هەرکەسیش بەپێی نییەتەکەی پاداشتی دەبێت.[1] جا ئەگەر نیەتی مرۆڤ ئەوە بێت ئیسراحەت بە دەروونی بدات و ئامادەی بکات بۆ گوێڕایەڵیی خودای گەورە، ئەوا کارێکی گومڕاییانەی نەکردووە.[2]

کەواتە ئەوەش جۆرێکە لە جوانی، کە خودا دروستی کردووە، پێوەری حەرامی و حەڵاڵییەکەشی لەو ئەرکەدایە کە دەیبینێت، جا ئەگەر ڕۆڵی هەبوو لە بەرزکردنەوەی ڕەوشتی مرۆڤدا و یارمەتی داین لە چێژوەرگرتن لە ڕۆزییەکانی خودا و دۆزینەوەی نیشانەکانی جوانی لە داهێنانە خوداییەکاندا، ئەوا باشە و بەسوودە، پێچەوانەی ئەم سوودانەش بوو، ئەوا یەکدەنگین لەسەر حەرامییەکەی.

ئەمە بوو ڕای ئیبن حەزم لەسەر ئەم بابەتەی کە ڕای جیاوازی لەسەرە.

---

[1] روه البخاري ومسلم و ابوداود و النسائي وابن ماجة.

[2] بۆ زانینی ڕای ئیبن حەزم لەم بارەوە سەیری ئەم پەرتووکە بکە کە تایبەتە بەم باسە (رسالة في الغناء الملهي، ا مباح ام محظور؟) ص٤٣ـ٤٣٩. ج١ من (رسائل ابن حزم الاندلسي)، تحقيق ودراسة د. احسان عباس، بيروت ١٤٠١هـ ـ ١٩٨٠م. لە کۆتایی ئەو نامیلکەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە نیشانی پێشەوای فیقه و حافظ (ابي عمر بن عبدالبر) داوە و پاش سەیرکردنی فەرموویەتی: شتێکم تێدا نەبینی کە بۆی زیاد بکرێت یان لێی لا ببرێت.

ئەوەش چیرۆکی میتۆدی ئیسلامی بوو لەگەڵ (گومـان)ی دژایـەتیی نێـوان ئـەو میتۆدە و هونەری گۆرانی و گوێگرتن لـە ئاوازەکـان، ئـەم چـیرۆکەش رێکـوپێکی و گونجانی هەڵوێستی ئەم میتۆدە دەکات، کە هەوڵ ئەدات هەستی جوانیپەروەری لە مرۆڤدا گەشە پێ بـدات، تـا بـەردەوام بتوانێـت نیشـانەکانی ڕازاوەیـی و جـوانی لـە گەردووندا بدۆزێتەوە.

***

ئەو فەرمووودانەش لەبارەی حەرامکردنی ئامێرەکانی مۆسیقاوە ڕیوایەت کـراوە، بەپێی پێوەرەکـانی (جـەرح و تەعـدیل) هـەمووی هۆکـارێکی لاوازیـی (عیللـەت)ی تێدایە، هەر بۆ نموونە:

ـ لە خاتوو عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: "پـەروەردگارم فەرمانی پێ کردووم نەفی لـە تـەمووره و دووزەلـە بکـەم." (إبـراهیم بـن اليسـع بـن الاشعث المكي) گێڕاویەتەوە، نەسائی دەربارەی دەڵێت: لاوازە، بوخاری دەربارەی دەڵێت: فەرموودەی (مونکەر) دەگێڕێتەوە.

ـ ئەو فەرموودەی لە پێشەوا عەلییەوە دەگێڕدرێتەوە کە: "پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر بێت) نەهیی کـردووە لـە دەفلێـدان و یـاریکردن بـە سـەنج و دەنگـی دووزەلە."

لە زنجیرەی گێڕانەوەکەیدا: (عبدالله بن ميمون) هاتووە کە دەیگێڕێتەوە لە(مطر بـن سـالم)ەوە، یەکـەمیان فـەرموودەی لـێ وەرناگیرێـت و دووەمیشـیان نزیکـە و نەناسراوە (تەقریبەن نەناسراوە).

ـ ئەو فەرموودەی ئیبن عـەبباس کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) فەرموویەتی: "دوو دەنگ لە هەردوو دونیا نەفرەتیان لێ کراوە، دەنگی دووزەلە لە کاتی ئاوازدا و دەنگی لاواندنەوە لە کـاتی مسـیبەتدا (المصـيبة)" یـەکێك لەوانـەی

گێڕاویانەتەوە: (محمد بن زياد الطحان اليشكري)ە کە پێشەوا ئەحمەد بن حەنبەل دەربارەی دەڵێت: (درۆزنە کوێری پیسی فەرموودەهەڵبەست.)

ـ ئەو فەرموودەی پێشەوا عەلیی لە پێغەمبەرەوە (درووددی خودای لەسەر بێت): "خودای گەورە ناردوومی تا دووزەلە و ئامێرە مۆسیقاکان لەناو ببەم، هەروەها ئەو بتانەی لە سەردەمی نەفامیدا دەپەرسترا، وە مەی لەناو ببەم، خودای گەورە سوێندی خوارد بە عیززەتی خۆی کە هەرکەس لەم دونیایەدا بیخواتەوە..."

ئەوانەی ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە: (محمد بن الفرات) لە (ابو اسحاق السبيعي)یەوە، لە(الحارث الاعور)ەوە، هەموویان لاوازییان تێدایە، (ابوبكر بن ابى شيبه) دەربارەی یەکەم دەڵێت: پیرەپیاوێکی درۆزنە) بوخاری دەربارەی سێهەم دەڵێت: فەرموودەی مونکەر دەگێڕێتەوە، یەحیای کوڕی مەعینیش دەربارەی دەڵێت: هیچ نییە، نابێ فەرموودەی لێوە بنووسرێتەوە.

دەبارەی ئەم فەرموودانە و هاوێنەکانی (الإمام الحافظ ابوالفظل محمد بن طاهر ٤٤٨ ـ ٥٠٧ك ــ . ١٠٥٦ــ ١١١٠ز) دەڵێت: "ئەم فەرموودانە و نموونەکانی لای کەسانێك کراون بە بەڵگەی ناڕەوایی گوێگرتن لە ئاواز و مۆسیقا (السماع) کە هیچ شارەزای زانستی فەرموودە نین و لە هەر پەرتووکێکدا فەرموودەیەکی نووسراوی بینی ئیتر دەیکاتە مەزهەبی خۆی و دەیدا بە گژ نەیارەکەیدا، ئەمەش هەڵە و نەزانییەکی گەورەیە !"[1]

هەندێك هەوڵیان داوە دەلالەتی ئەو فەرموودانەی شایەتی حەڵاڵبوونیان تێدایە بە شێوەیەك لێك بدەنەوە کە حەرامە، وەك پێشەوا ئیبن تەیمییە (٦٦١ــ٧٢٨کـ . ١٢٦٣ــ ١٣٢٨ز)، دەڵێت: "کاتێك دوو کەنیزەکەکە گۆرانییان دەوت، دەیبیست بەڵام گوێی بۆ نەدەگرت."[2]

---

[1] النويري(نهاية الارب)ج٤، ص١٤٧ـ١٦٠.

[2] ابن تيمية(مجموعة الرسائل الكبري)ج٢،ص٣٠٢، القاهرة، ١٤٠٠هـ.

ئەم هەوڵە نموونەی ئەو هەوڵانەیە کە بە زۆرەملێ واتایەك بەسەر دەقەکەدا فەرز دەکەن، بەڵام ئەم بەڵگەیە ناتوانێت بەرانبەر بەڵگەی حەڵاڵبوونی بوەستێت.

ئیبن حەزم ئەوە دەکاتە بەڵگە کە ئامێری مۆسیقا لای پێشەوا ئەبوحەنیفە (٩٠ـ١٥٠ك ـ ٦٦٩ـ٧٦٧ز)حەڵاڵە، کاتێك دەڵێت: "کەسێك دووزەلەیەك یان عوودێك بدزێت دەستی دەبڕرێت، کەسێکیش بیانشکێنێت زامن دەبێت."[1] ئەگەر حەرام بووایە لەلای، ئەوا بژاردنی نەبوو، وەك: مەی، کەلوپەلی قومار و حەرامەکانی تر، ئەسڵیش لە هەر شتێکیشدا حەڵاڵبوونە تا دەقێك حەرامی نەکات.

پێشەوا غەزالییش بەدرێژی باسی گۆرانی و مۆسیقا و گوێگرتنی لێیان کردووە، هەڵوێستی ئیسلامی لەو بوارەدا ڕوون دەکاتەوە کە لایەنگری حەڵاڵبوونیەتی، وەك گوێگرتنی حەڵاڵ، کە بەشێکە لە جوانییە حەڵاڵکراوەکان، لە گۆرانی و مۆسیقا، کاتێك بە سروشتێکی مرۆیی دەزانێت کە ئیسلام پاکژی دەکات، ئەو ئیسلامەی دژ بە زبری و دژایەتیکردنی جوانییەکانی ژیانە، دەڵێت:

"کەسێك بەهار و گوڵانی بەهار، عوود و ژێکانی عوود نەیبزوێنێت، ئەوە زەوقی خراپە و تێك چووە! کەسێکیش گوێگرتن لە ئاوازی خۆش نەیبزوێنێت، ئەوە هاوسەنگیی خۆی لەدەست داوە، دوورە لە ڕۆحپەروەری، سروشتی لە زبری و وشکیدا لە وشتر و باڵندە و ئاژەڵەکان خراپترە! چونکە هەموویان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئاوازی ڕێك و هاوسەنگ!"[2]

ئەمەیە میتۆد و هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر جوانییەکانی گوێگرتن لە ئاوازی خۆش و کاریگەر.

---

[1] ابن حزم، سەرچاوەی پێشوو، ج١ ص٤٣٩.

[2] احیاؤ علوم الدین، ص١١٣١ـ١١٣٢.

# جوانی وێنەكان

ئەوەی كـە هەنـدێك وا دەزانـن میتـۆدی ئیسـلامی دژایەتییـەكی تـەواوی لەگـەڵ هونـەری شـێوەكاری هەیـە، لـە وێنەكێشـان و هـەڵكۆڵین و وێنـەگرتن، بـەڵام ئـەم بۆچـوونە تـەنها وەهمێكـە! بـۆ لابردنـی ئـەم وەهمـە و سـەلماندنی نـەبوونی ئـەو دوژمنایەتییە، پێویستە بگەڕێینـەوە بـۆ سەرچـاوە خـاوێن و جەوهەرییـەكانی ئـەم میتۆدە كە قورئان و سوننەتن، پاشان سوودوەرگرتنیش لە ڕا و بۆچـوونی هەنـدێك لـە فەقیهـەكانی سـەردەمی كـۆن و نـوێ لـەم بابەتـەدا، ئـەم كـارەش هەڵوێسـتی ڕاستەقینەی میتۆدی ئیسلامی ڕوون دەكاتەوە دەربارەی ئەو هونەرانە.

## لە قورئانی پیرۆزدا

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین كە قورئانی پـیرۆز دژی وێنەكێشـانی زینـدووەكان نییە بە ڕەهایی و گشـتی، بـەڵكو بابەتەكـەی بەسـتۆتەوە بـە مەبەسـت و ئامـانج و ئەنجام و بەرهەمەوە، جا ئەگەر وێنە و پەیكەر ببنە هۆكاری هاوتاپەیداكردن(شرك) بۆ خودا و ببنە هۆی لادانی هەندێك كەس كاتێك بە گەورەتری دەزانن لە عەقیـدەی یەكتاپەرستی، ئەوا قورئان ڕەتی دەكاتـەوە و بـە حـەرامی دەزانێت. بـەڵام ئەگـەر تەنها بۆ جوانی و ڕازاندەوە و دەرخسـتنی كارامـەیی و توانـای مـرۆڤ و جـوانكردنی ژیان و گەشەپێدانی هەستی جوانپەروەریی مرۆڤ بێت، یان بۆ ڕێزلێنانی بـەردەوامی بەها و واتا و كار و بەرهەمی باش و جوان بێت یـان هـەر شـتێكی تـری بـاش، ئـەوا دەبێتە شتێكی باش و حـەڵاڵ، بـەڵكو خـەڵكی بـۆ ڕێنـوێنی دەكرێـت، بەو پێیـەی ڕۆزییەكە لە ڕۆزییەكانی خودا!

قورئان به ڕاشکاوی لـه سـێ شـوێندا باسـی (پـەیکـەر ـ التمثـال)ی کـردووه، لـه یەکێکیاندا ڕەتی دەکاتەوه و به حەرامی دادەنێت، له دووەمدا وەك ڕۆزییەکی خودا باسی دەکات، له سێهەمدا وەك موعجیزەی پێغەمبەرێك باسی دەکات!

له سـوورەتی (الانبیـا )دا کـه بـاس لـەو پەیکەرانـه دەکـات کـه گـەلی ئیـبراهیم (درووی خودای لەسـەر بێـت) دەیانپەرسـت، قورئـانیش دوژمنایـەتیی ئـەو جـۆره پەیکەره و دروستکردنیشی دەکات، دەفـەرمێت: ﴿ وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ (٥١) إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَٰذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ (٥٢) قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ (٥٣) قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (٥٤) قَالُوا أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ (٥٥)قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ (٥٦) وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ (٥٧) ﴾ الانبیا ء٥١ـ٥٦. واته: "ئێمه ڕێنومایی و پێگەشـتنمان بەخشـیوه بـه ئیـبراهیم (کـه لەپێش ئێوەدا بووه) و زانیاریی تەواویشمان لەسەر ئیبراهیم هەبووه، کاتێك وتی به باوکی و گەلەکەی: ئەم بتانه چین بەدیاریەوه دانیشتوون؟ (دەیانپەرستن). وتیـان: باوباپیرانمان هەر ئەمانەیان پەرستووه، ئیبراهیم وتی: ئێوەیش و باوباپیرانتـان لـه گومڕاییەکی تەواودا بـوون، وتیـان: ئایـا تـۆ گاڵتـه دەکـەیت یـان هـەر لـه ڕاسـتیدا حەقیقەتێکت لەلایه؟ ئیبراهیم وتی: پەروەردگاری ڕاستەقینەی ئێوه، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییه، که دروستی کردوون و منیش شـایەتی لەسـەر ئـەم ڕاسـتییه ئەدەم.

هەڵوێستی قورئانیش لەسەر ئەم پەیکەرانه تەنها به ڕسواکردن و بەڵگەهێنانەوه و لۆژیك نییه، بەڵکو خودا داوا دەکات له ئیبراهیم ئـەو بتانـه بشـکێنێت و لـەناویان ببات، قورئان لەو ئاراستەیەدا بەردەوام دەبێت که باسی ئیبراهیم دەکـات (درووی خوای لەسەر) که به گەلەکەی دەڵێت: ﴿ وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ

(٥٧)﴾ الانبيا ء٥٧ـ ٥٨ . "سوێند بە خودا پیلانێك بۆ بتەكانتان دادەنێم پاش ئەوەی ئێوە ڕۆشتن."

هەمان ئەو كارەی ئیبراهیم كردی لەگەڵ بتەكاندا، هەمان ئەو كارە بوو كە موحەممەدی دواهەمین پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) كردی، بە پاككردنەوەی نیوەدوورگەی عەرەبی لە بت و پاشماوەكانی بتپەرستی و ئەم بانگەوازەی قورئانی لەنێو خەڵكدا بڵاو كردەوە، كە لە قورئاندا دەفەرمێت: ﴿ وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا (٨١)﴾ الاسرا ء ٨١. واتە: "حەق هاتە كایە و بەتاڵ هەرەسی هێنا، بێگومان ڕماو و ڕووخاو بووە."

لە شوێنی دووەمدا لە باسی ڕۆزی(نیعمەت)ەكانی خودای گەورەدا و لە باسی سولەیمانی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) لە قورئاندا دروستكردن و وەستاكانی پەیكەرەكان وەك ڕۆزییەكانی پەروەردگارە بۆ سولەیمان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)! بای بۆ ڕام كرابوو، كانییەكی پێ بەخشرابوو كە مسی تواوەی لێوە دەهاتە دەر، هەندێك جوانی و ڕازاوەیی دونیاشی بۆ ڕام كرابوو: كۆشكی بەرز، حەوز یان قاپی چێشتی گەورە و مەنجەڵی زۆر گەورە و پەیكەری شووشە و مس و مەڕمەڕ و وێنەی زیندەوەر و پێغەمبەران و زانایان! وەك زانایانی تەفسیر دەڵێن. قورئانیش دەفەرمێت: ﴿ وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ وَمِنَ الْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّعِيرِ (١٢) يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ(٣)﴾ سبأ١٢ـ١٣. واتە: "بامان ڕام كردبوو بۆ سولەیمان بۆ ماوەی مانگێك لە ڕۆشتن و هاتنەوەی، كانییەكمان لە مسی تواوە پێ بەخشیبوو، جنییمان بۆ ڕام كردبوو بە ئیزنی خودا كاریان بۆ دەكرد، هەركامیشیان لە فەرمانمان دەرچێت تووشی سزایەكی قورسی دەكەین، ئەو جنییانە (پەرییەكان) هەرچی بویستایە بۆیان دەكرد لە كۆشك و پەیكەر و

چێشـتی زۆر گـەورەی وەك حـەوز و مەنجـەڵی گـەورەی جـێگیر، ئـەی نـەوە و شوێنکەوتووانی داود، بە کردار و گوفتار سوپاسگوزاری خودا بن، هەرچـەند کـەمن ئەو بەندانەم کە سوپاسگوزارن."

کەواتە لێرەدا گومانی پەرستن لـەم پەیکەرانـەدا نییـە و نیعمـەتێکی خـودایین و وەستاکانیشی بە ئیزنی خودا دروستیان دەکەن، پێویستیشە لەسـەر ئەوانـەی وەك نیعمـەتێك سـەیری دەکـەن سوپاسـی خـودای لەسـەر بکـەن و یـەکێك لـە سوپاسگوزارییەکانیش یریتییە لە دۆزینەوەی جوانیی ناو ئەو پەیکەرانەدا!

لـە شـوێنی سێهەمدا قورئـان بـاس لـە موعجیزەکـانی عیسـا پێغەمبـەر دەکـات (دروودی خودای لەسەر بێت) کاتێك زیندوویەتیی بەخشیوە بـە پەیکـەر: ﴿ وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ (٤٨)وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ ال عمران ٤٨-٤٩. واتە: "پەرتووك و دانایی و تەورات و ئینجیلی فێر دەکات، دەیکاتە پێغەمبەرێکیش بۆ بەنی ئیسرائیل، پێیان دەڵێت: من موعجیزەم هەیە وەك نیشـانەیەکی خـودایی، ئەویش ئەوەیە کە لەسەر شێوەی باڵندەیەك پەیکەرێك دروست دەکـەم و فوویـەکی پیا دەکەم و بە ئیزنی خودا دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو."

وە دەفەرمێت: ﴿ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي﴾ المائده ١١٠. واتە: "ئەی عیسای کوڕی مریەم ئەو نیعمەتەت بیر بێت کە بە خۆت و دایکتم بەخشیوە، کاتێـك کـە بـە جـوبرەئیلی پـیرۆز پشـتیوانم کردیـت، لـە بێشـکەدا قسـەت لەگـەڵ خـەڵکی کـرد و لـە تەمـەنی گەورەییشدا هەر وا بوویت، پەرتووك و تەورات و ئینجیلم فێرکردیت، لەسەر شێوەی باڵندە پەیکەرت دروست دەکرد و فووت پێـدا دەکـرد و دەبوویـە باڵنـدەی زینـدوو،

کوێر و بەڵەکیی سکومابیت چاك دەکردەوە بە ئیزنی من، وە مردووت بە ئیزنی من زیندوو دەکردەوە."

لێرەدا چونکە گومانی شیرك و مەترسی لەسەر یەکتاپەرستیی نەبوو، ئەوا نیشانەیەکی خودا و نیعمەتێکی خودا بوو لەسەر عیسا (درودی خودای لەسەر بێت).

کەواتە، قورئان یەك هەڵوێستی لەسەر وێنە و پەیکەر نییە بە گشتی و ڕەهایی، بۆیە هەرکات هۆکارێك بێت بۆ هاوتاپەیداکردن(شرك) چ ئاشکرا و چ پەنهان، ئەوا حەرامە و پێویستە لەناو ببرێت، بەڵام کاتێك گومانی پەرستن و بەگەورەگرتن و شیرکی لەگەڵ نەبێت، ئەوا ئەو ڕۆزییە خوداییەیە کە پێویستە مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات و بیکاتە ڕێکارێك بۆ بەرزکردنەوەی هەستی و جوانکردنی ژیانی و پەروەردەکردنی بەها جوانەکان و پاراستنیان. ئەمە بوو هەڵوێستی قورئانی پیرۆز لەسەر هونەری شێوەکاری.

***

ئەگەر سەیرێکی وردی پەیامی گەیەنەری قورئان و شێوازی دەربڕینی ئەو واتایانە بکەین کە قورئان دەیەوێت بە جیهانی بگەیەنێت، ئەوا دەبینین ئەم شێوازانە ڕێگا و هۆکار و کەرەستەی قورئانین بۆ گەشەپێدانی هەستی جوانیپەروەریی لای قورئانخوێنان.

ڕەوانبێژیی قورئان تەنها بەشێکە لە موعجیزەی قورئان، ئەم ڕاستییەش تەنها ئەو کەسانە پەی پێ دەبەن و لێی تێدەگەن و باوەڕی پێ دەکەن کە ئەوەندە هەستی هونەرپەروەرییان بەرزە کە بەباشی نهێنییەکانی ئیعجاز و هونەری دەربڕینی قورئان تێدەگەن. کەواتە تێگەشتن لە ئیعجازی قورئانی بەستراوەتەوە بە گەشەی هەستی هونەری لای موسوڵمان و گۆڕینی ئەم هەستە بۆ بەشێکی گرنگی

شارستانێتیی ئیسلامی و ئیدی بەڵگەنەویستیشە کە قورئان گەشە دەبەخشێت بە هەستی هونەری موسوڵمانان!

ئەگەر لە بازنەی گشتیی ئەم بابەتەوە بچینە بواری لێکۆڵینەوەی واقیعی، ئەوا دەبینین کە چۆن سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز پڕن لە (دەربڕین بە وێنە)، واتە لە ڕێگەی وێنە هەستەکییەکانەوە گوتەزا و واتا و هزرەکان دەردەبڕێت، واتە ئێمە لە قورئاندا لەبەردەم تابلۆگەلێکداین کە لە ڕێگەی وێنە بینراو و هەستەکییەکانەوە واتا و هزر و بابەتە عەقڵییەکان دەردەبڕێت، واتە لەبەردەم (نموونەهێنانەوە) و (وێنەکێشانداین)!

ـ کاتێك قورئان باس لە کافرەکان دەکات کە بەهۆی بێباوەڕییەوە کردارەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە و بێبەر دەبێت، ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ دەربڕینیدا دەکاتە تابلۆیەکی بەرجەستە! کرداری بێباوەڕەکان خۆڵەمێشە و ڕەشەبایەك لێی داوە و هەمووی پژاندووە: ﴿ مَّثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ لَّا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُوا عَلَىٰ شَيْءٍ ذَٰلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ (١٨)﴾ إبراهيم ١٨. واتە: "نموونەی کاری ئەوانەی باوەڕیان بە خودا نییە وەك خۆڵەمێشێکی بەر ڕەشەبای ڕۆژێکی پڕ ڕەشەبا کە ناتوانین هیچی کۆ بکەنەوە، بەڕاستی ئەو دۆخە گومڕاییەکی زۆرە.

تابلۆیەکی هونەریی تر ئەوەیە کە قورئان وێنەی بێباوەڕەکان وەك کەڕ و کوێر و بێتوانای عەقڵی دەکێشێت و وڕاوەکانیشیان تەنها قیڕەقیڕە! دەفەرمێت: ﴿ وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَاءً وَنِدَاءً صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ (١٧١)﴾ البقرە١٧١. واتە: "نموونەی ئەوانەی بێباوەڕن بەرانبەر بە بانگەوازی باوەڕ، وەك ئەو هاوار و تێخوڕینەیە کە بەرانبەر ئاژەڵان دەکرێت کە هیچ تێناگەن جگە لە هاوار و تێخوڕینەکە، ئەو بێباوەڕانە کەڕ و کوێر و لاڵن و عەقڵیان بەکار ناهێنن."

سەبارەت بە جوولەکەکانیش کە تەوراتیان لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی خاڵیی کردۆتەوە و کردوویانەتە شکڵێکی نامۆ، نموونەیان وەك گوێدرێژ وەهایە کە بارێك پەرتووکی لەسەر پشتە و نازانێت چی تێدایە و سوودی لێ وەربگرێت! دەفەرمێت: ﴿ مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٥)﴾ الجمعه ٥. واتە: "نموونەی ئەو جوولەکانەی کە تەوراتیان پێ سپێرراوە و ئەوانیش بە ڕاستی سپاردەکەیان نەپاراستووە، وەك ئەو گوێدرێژە وەهان کە بارێك پەرتووکی لێ نراوە، ئەوەش نموونەیەکی ناشیرینە بۆ ئەوانەی ئایەتەکانی خودا بەدرۆ دەخەنەوە، خوداش ئەو کەسانە هیدایەت نادات کە ستەمکارن (یان هاوتا بۆ خودا دادەنێن)."

ئەو مرۆڤە نەگبەتەش کە خودای گەورە نیشانە و ئایەتی خۆی پێ بەخشی، بەڵام ئەو لەبری ئەوەی پابەند بێت پێوەی و ڕێنومایی لێ وەربگرێت، وازی لێ هێنا و لێی دەرچوو، بۆیە سەری لێ شێوا وەك سەگی لێ هات کە هەمیشە زمانی دەرکێشاوە بۆ هەناسەدان، ئەم نموونەیە لە قورئاندا باس کراوە و دەفەرمێت: ﴿ وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ (١٧٥) وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (١٧٦) ﴾ الاعراف١٧٥ـ١٧٦. واتە: "باسی ئەو کەسەیان بۆ بکە کە ئایەت و فەرمانەکانی خۆمانمان پێ بەخشی، بەڵام ئەو لێی دەرچوو، ئیتر کەوتە پێش شەیتانەوە بوو بە یەکێك لە گومڕاکان، ئەگەر بمانویستایە بەو ئایەت و فەرمانانەی خۆمان پلەیەکی باڵامان پێ دەبەخشی، بەڵام ئەو خۆی بە زەوییەوە نووساند و نەیویست پلەی بەرزی هەبێت و شوێن ئارەزووە ماددییەکانی کەوت، نموونەی ئەو کەسانە وەك نموونەی سەگ وەهان کە چ ڕاوی بنێیت یان وازی لێ بهێنیت هەر

زمانی دەرکێشاوە بۆ هەناسەدان، ئەمەش نموونەیەکە بۆ ئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانیوە، تۆش ئەم چیرۆکانە بگێڕەوە تا مرۆڤەکان بیر بکەنەوە."

نموونەی خانووی جاڵجاڵۆکە(عنکبوت)ی هێناوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی پشت بە خودا نابەستن و داوای سەرکەوتنی لێ ناکەن و ئەو هۆکار و ڕێگایانەش بە هیی خودا نازانن کە بۆی خستوونە کار و پشت بە کەس و شتی تر دەبەستن، واش خەیاڵ دەکەن کە جگە لە خودای بەتوانا و دانا کەسێك یان شتێك هەیە سەریان بخات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی پشتی پێ دەبەستن لە خانوویەکی جاڵجاڵۆکە بەهێزتر نییە! قورئان دەفەرمێت: ﴿ مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (٤١) ﴾ العنكبوت٤١. واتە: "نموونەی ئەوانەی جگە لە خودا دەکەنە پشتیوانی گەورەی خۆیان، وەك جاڵجاڵۆکە وەهان کە خانوویەکی بۆ خۆی دروست کردووە، دیارە با بشزانن کە لاوازترین خانووش خانووی جاڵجاڵۆکەیە."

ـ دونیاپەرستانیش کە تەنها لە بازنەی یاری و لەهو و ڕازاوەیی دونیا و شانازیکردنن بەو شتانەوە کە بەردەوامییان نییە، لە قورئاندا تابلۆیەك بۆ بژاردە و کارەکەیان دەکێشێت کە داهاتووی پڕ فەوتان و نەگبەتییانی تێدا بەرجەستە دەکات، ئەو گژوگیایەی کە باران پاراوی دەکات، پاش بارانبڕان زەرد هەڵدەگەڕێت و دەبێتە پووش و پەڵاش! دەفەرمێت: ﴿ اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ (٢٠)﴾ الحديد ٢٠. واتە: "بزانن کە ژیانی دونیا یاری و لەهو و ڕازاندنەوە و شانازیی نێوانتانە و ململانێی زۆربوونی سامان و منداڵە، نموونەی ئەم ژیانی دونیایەش وەك ئەو هەورە وایە کە گژوگیا و ڕووەکەکان بە شێوەیەك سەوز دەکات کە جووتیاران پێی سەرسام دەبن و پاشان زەرد هەڵدەگەڕێت و دەبێتە

پووش و پەڵاش، لە ڕۆژی دوایشدا مرۆڤەکان سزایەکی توند وەردەگرن، یان خودا لێیان خۆش دەبێت و ڕەزامەندیی خۆی دەبەخشێت پێیان. ژیانی دونیا هۆکارێکە بۆ دەسخەڕۆبوونی هەندێك لە مرۆڤەکان.

وە دەفەرمێت: ﴿وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا (٤٥)﴾ الكهف٤٥.واتە: "نموونەی ژیانی دونیایان بەوە بۆ بهێنەرەوە کە وەك ئاوی باران وەهایە کاتێك گژوگیا و ڕووەکی جۆراوجۆری سەرزەوی سەوز دەکات، پاشان وشك دەبێت و با بڵاوی دەکاتەوە بەهۆی سووکییەکەیەوە، بەراستی خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت." وە دەفەرمێت: ﴿إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالْأَنْعَامُ حَتَّىٰ إِذَا أَخَذَتِ الْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالْأَمْسِ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢٤)﴾ یونس٢٤. واتە: "نموونەی ژیانی دونیا وەك باران وەهایە کە هەموو جۆرە گژوگیا و ڕووەکێك سەوز دەکات و مرۆڤ و ئاژەڵیش لێی دەخۆن، تا زەوی جوانی و ڕازاوەیی دەنوێنێت و مرۆڤەکانیش وا دەزانن دەسەڵاتیان بەسەر زەویدا هەیە، ئا لەو کاتەدا شەو بێت یان ڕۆژ فەرمانمان دەردەچێت و دروێنەی دەکەین و لەناوی دەبەین، هەر وەك بوونێکی نەبووبێت لە دوێنێشدا، بەم شێوەیە وردەکاریی ئایەتەکانی خۆمان بۆ ئەو کەسانە دەردەخەین کە بیر دەکەنەوە."

بەڵێ... بەم شێوەیە خودا نیشانە و ئایەتەکانی خۆی بەوردی باس دەکات، بیرۆکەکان دەکاتە تابلۆیەك و ئەوەی لەناو عەقڵدایە بەرجەستەی دەکات لە وێنەی بەرهەستدا!

ـ کەسانێکیش هەن بەهۆی ڕیا و ناوبانگپەرستی و شانازیفرۆشتنەوە چاکەکاری و سامانبەخشینەکانیان بەتاڵ دەکەنەوە، چونکە تەنها مەبەستەکەیان ئەو

دەرکەوتنە بووە، ئەو کارەیان وەك تۆزی سەر بەردێکی ڕەقی ساف و بێگرێ وەهایە و بینەر وا لێ دەکات بەردەکە بە خاکێکی نەرم بێتە پێشچاوی، بەڵام کە بارانێك دەبارێت بەسەر بەردەکەدا ئەو تۆز و گەردە دەشواتەوە و بەردە ڕەقەکە ئاشکرا دەبێت، بەو شێوەش بەرهەمی کارە ڕیابازییەکانیان پێشوازی لێ دەکرێت! قورئان دەفەرمێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالْأَذَىٰ كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (٢٦٤)﴾ البقرة٢٦٤. واتە: "ئەی باوەڕداران خێر و چاکەکانتان بەهۆی منەت و ئازاردانەوە بەتاڵ مەکەنەوە وەك ئەو کەسەی بە ڕیا سامانی خۆی دەبەخشێت و باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دواییش نییە، نموونەکەشی وەك ئەو بەردە ڕەقە وەهایە تۆز و خاکی لەسەر نیشتبێت و ڕێژنەبارانێکی بەسەردا ببارێت و وەك بەردێکی ڕەق دەمێنێتەوە، کەسانی ڕیاکاریش لە ئەنجامدا هیچیان دەست ناکەوێت، خوداش ڕێنموونی نابەخشێتە بێباوەڕان، بەڵام ئەگەر بەخشین، وەك پێویست و باوەڕدارانە لە ڕێگەی چاکە و سوودی ئوممەتی ئیسلامی و ڕەزامەندیی خودا بێت، ئەوا بەرهەمەکەی دەمێنێتەوە و گەشە دەکات، وە دەفەرمێت: ﴿ وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٦٥)﴾ البقرة١٦٥. واتە: "نموونەی ئەوانەی لەپێناوی ڕەزامەندیی خودادا و بە دڵدامەزراوییەوە سامانیان دەبەخشن، وەك باخی سەر بەرزاییەك وەهایە کە ڕێژنەباران یان نەرمەبارانی بەسەردا ببارێت و دووبەرانبەریش بەروبووم ببەخشێت، خودای گەورە بینەری هەموو کارەکانتانە.

ئەم دوو تابلۆیە بیرۆکە و واتاکانی بە وێنەی بینراو و بەرهەست بەرجەستە دەکات. لە یەکێکیاندا باران بەردێکی ساف و لووس لە خاك و تۆزی سەری

دەشۆرێتەوە، لە نموونەکەی تردا باران باخێکی سەر گردێك وەها پاراو دەکات کە بەرهەمی دووبەرانبەر بێت، ئاشکرایە کە کاریگەریی باران لەم دوو تابلۆیەدا چەند جیاوازە !

ـ لە ئایەتەکانی قورئاندا زۆر جار وشە، بیرۆکە، بەهۆی نموونەیەکەوە دەگۆڕێت بۆ وێنەیەکی بەرهەستانە و وەك کارێکی داهێنەرانە گەشە دەبەخشێتە هەستی هونەری سەرنجدەرە ژیرەکان! سەیر بکە قورئان دەفەرمێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ (٢٤) تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٢٥)﴾ ابراهیم ٢٤ـ٢٥. واتە: "ئایا نابینیت کە چۆن خودا نموونەی هێناوەتەوە بۆ قسەیەکی باش بە درەختێکی باش کە ڕەگوریشەی بە ناخی زەویدا ڕۆ چووە و پەلوپۆی بە ئاسماندا ڕۆشتووە و بە ئیزنی خودا هەمیشە بەری خۆی ئەدات، خودا نموونەکان بۆ خەڵکی دەهێنێتەوە تا سوود لە یادەوەرییان وەرگرن."

لە بەرانبەر ئەو درەختە بەهێز و پڕ لقوپۆپەدا، وێنەی وشەی خراپ و ناشیرینمان بۆ دەکێشێت! دەفەرمێت: ﴿ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ (٢٦)﴾ ابراهیم ٢٦. واتە: "نموونەی قسەی خراپ وەك درەختێکی پیس و خراپە کە هەڵکەندراوە و جێگیر نییە لەسەر زەویدا."

بەم شێوەیە ئەو وێنانە بەزۆری دەبینین لە قورئاندا کە بیرۆکەکان بەرجەستە دەکات و بابەتە عەقڵانییەکان دەکاتە وێنە و واتاکان دەگۆڕێت بۆ ئەو تابلۆ هونەرییانەی بە زمان بخوێندرێتەوە و بە چاوی دڵیش ببینرێن و لە خەیاڵماندا بنەخشێت، تا وای لێ دێت خەریکە ئەو ببێتە بەرهەستی هەستەوەرانەمان کە هەست بە جوانیی ئیعجازی قورئانی پیرۆز دەکەن.

ئەم ڕێکارانەی دەربڕین و پەروەردەی جوانی لەگەڵ ڕاشکاویی هەڵوێستی قورئان دەربارەی پەیکەرەکان وەك چالاکییەکی جوانپەروەری، لەپێناوی

دەرخستن و باسکردنی هەڵوێستی ڕاستەقینەی قورئانی پیرۆز دەربارەی هونەرە جوانەکانی شێوەکاری _وێنەکێشان و هەڵکۆڵین و وێنەگرتن_ لەم هەڵوێستەشدا ئەم هونەرە وەك ڕۆزییەك و نیشانەیەکی خودا سەیر کراوە، بە مەرجێك بە هیچ شێوەیەك نەبنە هۆی هاوتاپەیداکردن بۆ خودا و بەگەورەزانینی هەر کەس و شتێك تا ئاستی گەورەیی خودا.

***

## لە فەرموودەی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر)

هەڵوێستی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) پتر پێویستیی بەوە هەیە کە بەوردی لێی ورد ببینەوە و لێکدانەوە و بەراوردی بۆ بکەین، چونکە زۆربەی ئەو بەڵگانەی بەکار هێنراون بۆ هەڵبەستنی دوژمنایەتیی نێوان میتۆدی ئیسلامی و ئەم هونەرانە، لەناو فەرموودەکاندان، ئەو زانایانەی فیقهیش کردوویانەتە بەڵگە بۆ حەرامکردنی ئەم هەنەرانە.

هەندێك لە زانایان پێیان وایە لە چەند دەقێکی فەرموودەدا حەرامکردنی وێنە و پەیکەری زیندوو _چ مرۆڤ بێت چ ئاژەڵ_ بە ڕاشکاوی هاتووە و ئیدی وێنەکێشان و هەڵکۆڵین و وێنەگرتنیش دەچێتە ناو بازنەی هەمان وشە و هەمووی حەرامە و ئەوەی لە شەریعەتی سولەیمان پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) حەلاڵ بووە هەڵوەشێنراوەتەوە (نەسخ کراوە).

تەنانەت ئەگەر ئەو نەسخەش بسەلمێنین کە زۆر کەسیش نکوولی لێ دەکەن، ئەوا دەبینین بایسی ئەو نەسخە بریتییە لە: گۆڕانی ئەو وێنە و پەیکەرانە بوو لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا بۆ پەرستراو، هەر وەك لە سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) بوو، بە پێچەوانەی سەردەمی سولەیمانەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) جا ئەگەر حوکمەکان بوون و نەبوونیان

بەسترابێتەوە بایسەکەیەوە(العلل)، ئەوا هەرکات ئەم پەیکەر و وێنانە هەرکات گومانی ئەوەیان لێ کرا بکرێنە هاوتای گەورەیی و خودایەتیی خودا، ئەوا حەرامە و هەرکات ترسی ئەو دۆخەشمان نەبوو ئەوا حەرامییەکەی نامێنێت!

خۆشبەختانە دیدگەی سەرتاپاگیر و گشتژمێری(ئیستیقرائی) فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەربارەی وێنە و پەیکەرەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مەسەلەکە بەستراوەتەوە بە پەیوەندیی نێوان ئەم هونەرانە و پەرستن و هاوتادانان بۆ خودا، کەواتە ئەو فەرموودانە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە هاتوون، چونکە خەڵکی ئەو سەردەمە نزیك بوون لە سەردەمی بتپەرستی و هاوتادانان بۆ خودا و تازە ئاشنا بوون بە یەکتاپەرستیی ئیسلامی، کە وەك قۆناغی ڕێگای چاکبوونەوەی نەخۆش وەهایە بەهۆی دەرمانەوە، واتە لە قۆناغی چاکبوونەوەدایە و لە پێناوی ڕێگریکردنیدا لە بڵاوبوونەوەی بتپەرستی وێنە و پەیکەری حەرام کردووە، پشتی بە یاسای پێشگیریی لە بڵاوبوونەوەی خراپە و هەڵە بەستووە و نەهێشتنی خراپەی لا پێشتر بووە لە بەدیهێنانی سوود و قازانج _کە دوو ڕێسای یاسایی شەریعەتی ئیسلامین_!

لەبەر ئەوەی دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی زاراوەکان یارمەتیمان دەدات بە وردی و ڕوونی لە بابەتەکە تێبگەین، ئەوا پێویستە خوێنەر لەوە ئاگادار بکەینەوە کە وشەی: (صورة) لەو فەرموودانەدا بە واتای ئەو بتانە هاتووە کە موشریکەکان پەرستوویانە، چونکە لەو ڕۆژگارەدا لە مەککە و مەدینە و بیابانی دەوروبەریدا جووڵەیەکی هونەری نەبووە کە ڕەنگەکان بۆ وێنە بەکار بێنێت یان ئامێری وێنەگرتن بەکار بێنێت، وێنە بریتی بووە لە بت، کە تاشراوە یان چنراوە لەسەر پارچە یان لەسەر دیوار هەڵکۆڵراوە، ئیتر زەمکردنی وێنە و وێنەکێشانیش قسەکردن بووە لەسەر بتەکان و ئەوانەی بەو مەبەستانە ئەو کارەیان دەکرد، نەك باسکردن بێت لەسەر هونەری شێوەکاری و هونەرمەندانی! شایەتی ئەم ڕاستییەش

ئەو دوو فەرموودەیە کە وشەی: (صورة)یان تێدا هاتووە، دووەمیان بە شێوەیەك واتای یەکەمیان دەکات کە ئەم زاراوەیە بە تەوای و بێگومان ڕوون دەکاتەوە..

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: "ئەوانەی ئەم وێنانە(صُوَر) دروست دەکەن سزا دەدرێن و پێیان دەوترێت: ئەوەی دروستان کردووە زیندووی بکەنەوە."[1]. ڕێکخستن و ڕوونکردنەوەی واتای وشەی وێنە(صُوَر) بەو واتایەی باسمان کرد، لە فەرموودەی دووەمدا هەیە کە ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "لە ڕۆژی دواییدا هەموو مرۆڤەکان لە تەختاییەکدا کۆ دەکرێنەوە، پاشان خودای گەورە بەتایبەت سەیریان دەکات، پاشان بانگ دەکرێت: دەبا هەرکەس شوێن ئەو شتە بکەوێت کە پەرستوویەتی، ئیتر خاچ بەرجەستە دەبێت بۆ ئەوانەی خاچپەرستن و وێنەکانیش بەرجەستە دەبن بۆ وێنەکێشان و ئاگریش بۆ ئاگرپەرستان و هەرکامیان شوێن ئەو شتانە دەکەون پەرستوویانە، تەنها موسوڵمانان دەمێننەوە."[2] کەواتە ئەو گەلانەی لە یەکتاپەرستیی (خوداوەندێتی و پەروەردگارێتی، ئولوهییەت و ربوبییەت) لایان داوە، پەرستراوەکانیان بۆ بەرجەستە و بەرهەست کراوە لە بت، خاچ، ئاگر، کەواتە: وشەکە بە واتای (بت)ە و بە واتای ئەو وێنانە نییە لەم سەردەمەدا هەیە!

ڕاستییەکی تریش کە پێویستە بیخەینە ڕوو ئەوەیە کە پێویستە ئاگایەکی تەواومان هەبێت لەو ژینگە و چوارچێوەی ئەو فەرموودانەی تێدا وتراوە، تا مەبەست و بایس و حوکم و ئامانجەکانیمان بۆ دەرکەوێت، ئەوەتا ئەو فەرموودانە بۆ کەسانێك وتراوە کە تازە لە بتپەرستی دوور کەوتوونەوە و هێشتا کەسانێکی بتپەرست و وێنەپەرست لە دەوریاندا زۆر بوون، ئەو وەستایانەش کە _لە بناغەدا

[1] رواه الإمام أحمد.

[2] رواه البخاري ومسلم والنسائي والإمام أحمد.

عەرەب نەبوون_ بت و وێنەیان دروست دەکرد و لەسەر پارچەکان وێنەی بتەکانیان دەچنی بە هەموو شێوەیەك بەرهەمەکانی خۆیان دەڕازاندەوە بۆ برەوی پتری کاڵاکانیان، لێرەوە نەهیکردن لە (وێنە)، نەهیکردن بووە لە بتپەرستی و پاککردنەوەی ماڵ و یانەکانە لە وێنەی بتەکانی سەردەمی نەزانی(جاهلی) و هەوڵێك بووە بۆ ڕەگهەڵکێشانی نەخۆشیی بتپەرستی، تا شیفای مرۆڤ بدات لە نەخۆشیی شیرك و فرەخودایی و مرۆڤ تەنها خودای تاك و تەنها بپەرستێت، بەڵام نەهیی نەکراوە لە وێنەکێشانی درەخت و سروشت، چونکە کەس نەیپەرستوون، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەرموودەکان خودی هونەر و جوانییان بە ئامانج نەگرتووە، بەڵکو دژی بتپەرستی و ئەو کەلێنانەیە کە بتپەرستییەکەی سەردەمی جاهیلی لێ دێتە ژوورەوە!

هەر لەژێر تیشکی ئەم ڕاستییانەدا لەم فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) تێدەگەین کە دەفەرمێت: "هەرکەس وێنەیەك دروست بکات، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا تا ئەو کاتەی ڕۆح دەبەخشێت بەو وێنەیە سزا دەدرێت، دیارە کە ناشتوانێت."[1]

پیاوێکی خەڵکی عێراق کە پیشەی وێنەکێشان بوو، هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس وتی: ئەی ئیبن عەبباس، من ژیانم لەسەر ئەم کارەیە، فتوایەکم لێت ئەوێ دەربارەی ئەم کارەم، ئیبن عەبباس فەرمووی: ئەوەت پێ دەڵێم کە لە پێغەمبەرم بیستووە (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: هەموو ئەوانەی وێنە دروست دەکەن لە ئاگردان، هەریەك لەو وێنانەی دروستی کردوون لە دۆزەخدا دەکرێتە کەسێك و سزای دروسکەرەکەی دەدەن.! پاشان ئیبن عەبباس ڕێنومایی پیاوەکەی کرد بۆ ئەوەی وێنەی ئەو شتانە دروست بکات کە بێگیانن وەك درەخت.[2] وە

---

[1]رواه الإمام أحمد.

[2]رواه الإمام أحمد.

هونەری جوانەکان بکاتە پیشە، ئەو شتانەی کە گومانی بتپەرستییان لێ ناکرێت و حەرام نەکراون.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەم حوکم و هەڵوێستەی پیادە کردووە و پێشەوایەتیی موسوڵمانانی کرد بۆ لەناوبردنی وێنە و پەیکەری بتپەرستانە، ئەوەشیان لە مەدینە کرد _پێش فەتحی مەککە و پاککردنەوەی کەعبە_ ئەوەتا پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە بەڕێکردنی جەنازەیەکدا بوو، فەرمووی: کێ لە ئێوە دەتوانێت بچێتە مەدینە و هەرچی بتێکی تێدایە بیشکێنێت و هەرگۆڕێکیش بەرز کراوەتەوە تەختی بکات لەگەڵ زەوی و هەر وێنەیەکیشی بینی بیگرێتە قوڕ؟ پیاوێك وتی: من، پاشان کە ڕۆشت بەرەو مەدینە ترسی لێ نیشت و گەڕایەوە! پێشەوا عەلی فەرمووی: من دەڕۆم. ڕۆشت و پاشان گەڕایەوە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا، هەموو بتەکانم شکان و گۆڕە بەرزکراوەکانم تەخت کرد و وێنەکانیشم گرتە قوڕ. پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی: هەرکەس بگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی هەر شتێك لەمانە، ئەوا باوەڕی نەماوە بەو ئایینەی هاتووە بۆ موحەممەد."[1]

لە ڕۆژی فەتحی مەککەشدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمانی کرد بە پێشەوا عومەر کە پێش ئەو بچێتە کەعبە و هەموو وێنە و پەیکەرە پەرستراوەکانی لەناو ببات کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و مەریەم (دروودی خایان لەسەر بێت) دروست کرابوون، ئیبن جورەیج دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) نەهیی کردووە لەوەی وێنە لە ماڵدا هەبێت و نەهییشی کردووە لەوەی کەسێك دروستیشی بکات، لە کاتی فەتحی مەککەشدا کاتێك خۆی هێشتا لە (بطحاء) بوو فەرمانی کرد بە عومەری کوڕی خەتتاب بچێت بۆ کەعبە و هەموو ئەو

[1] رواه مسلم والنسائي والإمام أحمد.

وێنانه بسڕێتەوه که لـەناو کەعبـەدا بـوو، تـا وێنـەکانیش نەسڕایەوه نەچـووه نـاو کەعبه."[1]

ئیبن عەبباسیش دەگێڕێتەوه که کاتێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێـت) وێنەکانی لـه کەعبـەدا بـینی، نەچـووه ژوورەوه و فـەرمانی کـرد بـه سـڕینەوەیان. وێنـەی ئیـبراهیم و ئیسـماعیلی بـینی (دروودی خودایـان لەسـەر بێـت) کـه وەهـا کێشابوویان که (ئەزلام[2])یان بەدەستەوه بوو، فەرمووی: "خودا ئەوانه لـەناو ببـات ئەوەیان کێشاوه! قەسەم به خودا هەرگیز ئیبراهیم و ئیسماعیل کاریان بـه ئـەزلام ڕێك نەخستووه."[3]

له صەحیحی بوخاریدا هاتووه که پێشـەوا عومـەر نەدەچـووه نـاو کەنیسـەوه، بـەهۆی ئـەو وێنـه و پەیکەرانـەی کـه تێیـدا پەرسـتراوه، وه (ئـیبن عـەبباس لـه پەرستگەی ئەهلی کیتابدا نوێژی دەکـرد، جگـه لـەو پەرسـتگەی کـه پەیکـەری لـێ بووبێت.)

کەواته نەهی و حەرامکردن له تیۆر و پراکتیکدا گومانی شیرك و داوی بتپەرستی و ئـەو سەرچـاوانه بـه ئامـانج دەگرێـت کـه دژەیەکتاپەرسـتی دەپارێزێـت، یـان بێگەردییەکەی لێڵ دەکات! نەك وێنه و پەیکەرسازی و وێنەکێشان، وەك هونەرێکی جوان، چـونکه سەرچـاوه و سـەمبول و گومانگـەی شـیرك بـەردەوام دژ و ناتەبایـه لەگەڵ یەکتاپەرستی، بەڵام هونـەری شـێوەکاری _وێنەکێشـان و پەیکـەر و وێنـه_ جۆرێکه له جۆرەکانی چالاکییه جوانپەروەرییەکانی مرۆڤ، کەواته حوکمی حەڵاڵی و

---

[1] رواه ابوداود و الإمام أحمد.

[2] ازلام: کۆی وشەی(زلم)ه و بریتی بووه لەو دوو دارتیرەی لـه یـەکیان نووسـراوه: بیکـه، لـه دووەمیـان نووسراوه: مەیکه، لەکاتی سـەفەر و پلانـی کارێکـدا ئـەو دارانـەیان هەڵدەدا و کامیـان بـۆ دەرچـووایه بەگوێیان دەکرد.

[3] رواه الإمام أحمد.

حەرامی و ئیستیحباب و کەراهەتی ئەم هونەرانە بەستراوەتەوە بە بایس و ئامانج و سوودەکانیەوە بە بوون و نەبوون.

***

ئەگەر سەیری ئەزموونی کردەی و خودی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) بکەین لەگەڵ وێنەکاندا لەگەڵ خێزانی خۆیدا، دەبینین ئەو فەرموودانەی ئەو ئەزموونە باس دەکەن شایەتی بۆ ئەم قسەیەی ئێمە دەدات، ئەوەتا هەرکات بۆنی بەگەورەگرتنی لێ بێت، یان نوێژخوێن سەرقاڵ بکات خشووعی نەهێڵێت لەبەردەم خوای خۆیدا، یان بۆنی ئەوەی لێ بێت کە نوێژخوێن ڕووی تێ دەکات یان هەرشتێکی تری لەم جۆرە و نزیك لەمانە، ئەوا نەهیی لێ کردووە و داوای لابردنی کردووە، جا کاتێکیش ئەو وێنانە لەو شوێنە لابران و ئەو بۆن و گومانەی لێ نەکەوتەوە، ئیتر لە ماڵی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت) وەردەگیرێت و تەنانەت خۆشی بەکاری دەهێنێت!

خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لە سەفەرێك گەڕایەوە، منیش پارچە قوماشێك (یان بەڕەیەك)م کڕیبوو کە وێنەی لەسەر بوو، (ڕەفە یان تاق یان پەنجەرە)یەکم پێ داپۆشیبوو، کاتێك هاتە ژوورەوە، ئەو کارەی منی پێ ناخۆش بوو، وتی: ئایا دیوار دادەپۆشیت ئەی عائیشە؟ ئیتر منیش لام برد و کردم بە دوو پشتی، بینیشم پاڵی دابوویەوە بە یەکێکیانەوە کە وێنەی لەسەر بوو.[1]

کەواتە ناڕەزایی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لێرەدا لەبەر ئەوەیە کە تەنها زیادەمەسرەفێکی ناپێویستە و داپۆشینی دیوارێکی ڕووتە! هەروەها لە ئاستی ئاراستەی قیبلەی نوێژکرنیشدا بووە و دەبێتە هۆی سەرقاڵکردنی، یان

[1] رواه الإمام أحمد.

گومانی ئەوە دروست دەکات کە نوێژخوێن ڕووی تێ دەکات! بەڵام کاتێك وێنەکە بوویە پشتی، پێغەمبەر هیچ ناڕەزایی بەرانبەر نەنواند و بەکاریشی هێنا!

بۆ داکۆکیکردن لەسەر ئەم لێکدانەوەمان _گەر پێویستی بە لێکدانەوە بێت!_ ئەم فەرموودەی ئەنەسی کوڕی مالیکمان هەیە کە خزمەتکاری پێەمبەر بووە (دروودی خودای لەسەر بێت) و زۆر شارەزای کاروباری ماڵی بووە، دەگێڕێتەوە: "خاتوو عائشە بە پارچە قوماشێك بەشێك لە ماڵەکەی داپۆشیبوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرمووی پێی: ئەو پارچە قوماشە لابەرە لەبەرچاوم، چونکە وێنەکانی دێتە بەرچاوم لە نوێژدا."[1] کەواتە نەهیکردنەکە تایبەتە و هۆکارەکەی پەیوەستە بە شوێنی دانانی، کە لە ڕووبەڕووی شوێنی نوێژی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت)بوو، کەواتە مەبەستی نەهییەکە دوورکەوتنەوەیە لە هەر شتێك سەرقاڵت بکات لە نوێژ، یان گومانی ئەوە لە هەرشتێك بکرێت کە گەورەییەکی پیرۆزی بۆ دادەنرێت کە تەنها خودا شایستەی ئەو پلەیە!

بۆیە هەرکات ئەو هۆکاری حەرامکردنە لە هونەری وێنەکێشان و پەیکەرسازیدا نەما، حەرامییەکەی لەسەر نامێنێت، چونکە مەبەست حەرامکردنی خودی ئەو شتانە نییە کە هونەرێکی جوانن و هەستی هونەری و جوانیپەروەریی مرۆڤ بەرز دەکەنەوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە زیانەکانیەوە.

لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز باسی پەیکەری بۆ کردین کە لە سەردەمی سولەیماندا (دروودی خودای لەسەر بێت)، وەك نیعمەتێکی خودایی باس کراوە و بە ئیزنی خودای گەورە دروست کراون، ئەوا لە گێڕانەوەیەکی فەرموودەدا بۆمان گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "بازاڕێك لە

---

[1] رواه الإمام أحمد.

بەهەشتدا هەیە کڕین و فرۆشتنی تێدا نییە، تەنها وێنەی پیاوان و ئافرەتانی تێدایە، هەرکەس حەزی لە وێنەیەك کرد دەچێتە ناوی."[1] کەواتە لەبەر ئەوەی لە بەهەشتدا ئەو وێنانە نابنە هۆی هاوتاپەرستی و بتپەرستی، ئەوا حەڵاڵە و بە نیعمەتێکی خودایی دادەنرێت کە دەیبەخشێتە بەندە ساڵحەکانی.

خودی کۆمەڵگەی مەدینەش کە بە کردەیی و تیۆری حەرامکردنی وێنەکانی بینیبوو _کاتێك گومانی شیرك و بەگەورەگرتنی جگە لە خودا لە وێنەکاندا بوو_ پاش چاکبوونەوەی لە نەخۆشی بتپەرستی و فرەخواباوەڕی، دیدگەی بۆ وێنە و پەیکەر گۆڕا، ئەوەتا کاتێك (مسور بن مخرمة) لە کاتی نەخۆشی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسدا چووە سەردانی، جلێکی ئاوریشمیی لەبەر ئیبن عەبباسدا بینی و کوانوویەکیشی لە بەردەستدا بوو کە پەیکەری لەسەر بوو، میسوەر بە ئیبن عەبباسی وت: ئەو بەرگە چییە لەبەرتا؟ ئیبن عەبباس وتی: بۆچی چییە؟ میسوەر وتی: ئاوریشمە! ئیبن عەبباس وتی: قەسەم بە خودا پێم نەزانیوە، پێشم وایە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) تەنها بۆ حاڵەتێك نەهیی لێ کردووە کە ملهوڕی و لووتبەرزی لەگەڵ بێت، ئێمەش _سوپاس بۆ خودا_ ئەو سیفەتەمان تیا نییە، میسوەر پرسیی: ئەی ئەو کوانووە چییە کە وێنەی لەسەرە؟ ئیبن عەبباس وتی: ئەی نابینیت چۆن بە ئاگر سووتاندوومانە؟[2]

لێرەدا ئیبن عەبباس ئیجتیهاد دەکات و پێی وایە کە بایسی حەرامکردنەکە ملهوڕی و لووتبەرزی و خۆبەگەورەترزانینە و هەرکات ئەو بایسە نەما حەرامییەکەش نامێنێت، بە هەمان شێوەش بۆ پەیکەرەکان بەگەورەگرتن یان پەرستنی حەرام دەبێت و بەس.

---

[1]رواه الإمام أحمد. (ئەم فەرموودەیە زۆر لاوازە ـ وەرگێڕ).

[2]رواه الإمام أحمد.

هەروەها جارێكیان (ئـەبو تەلحـەی ئەنصـاری _كـە یەكێكـە لـە یـاران_ پارچـە قوماشێكی لەسەر جێگەی دانیشتنی سـەهلی كـوڕی حـەنیف _كـە یـەكێك بـوو لـە یاران_ دەرهێنا و لای برد، سەهل پرسیی: بۆچی لای دەبەیت؟ ئـەبو تەلحـە وتـی: خۆت دەزانی كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) چی دەربارەی فـەرمووە ! سـەهلیش لـە وەڵامیـدا وتـی: مەگـەر پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) نەیفەرمووە: مەگەر وێنەیەك بێت لەسەر پارچە؟[1]

كەواتە هەركات مەبەست لە وێنە تەنها جـوانی و ڕازانـەوە بێـت و دوور بێـت لـە بتپەرستی و هاوتادانان بۆ خودا، وەك نەخشی سەر پارچە قوماشێك _بۆ نموونـە_ ئەوا حەرام نییە !

كەواتـە بـە هـەمان شـێوەی قورئـان، سـوننەی پێغەمبـەریش (دروودی خـودای لەسەر بێت) بە شێوەیەكی ڕەها و گشتگیری وێنە و پەیكەركانی حەرام نەكردووە و ئەمیش پەرسـتن و هاوتاپەیـداكردن و هـەر شـتێكی لـەو بابەتـەی كردۆتـە هۆكـار و بایسی حەرامكردنی، بەڵام هەركات سوود و جوانكردن و ڕازاندنەوەی ڕەوای ژیان و هێشتنەوەی بەها جوانـەكان و پـاكڕاگرتنی و پـەروەردەكردنی هەسـتە جوانـەكانی مرۆڤ لـەو هونەرانـەدا هـەبوون و كێشـە ناوبراوەكانیـانی پێشـووی نـەبوو، ئـەوا بـە حەڵاڵی دەزانێت و بە ڕۆزییەكی خودای دەزانێت بۆ مرۆڤ !

---

[1] رواه الإمام أحمد (هاوشێوەی ئەمـەش لـە بوخـاری و موسـلیم و ئـەبوداود و نەسـائی و ئـیبن ماجـە دا هەیە).

## هەڵوێستی زانایانی فیقهی ئیسلامی

کاتێـك سـەیری هەڵوێسـتی زاناکـان دەکـەین لـەبارەی (هونـەرەکانی جـوانی) بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی، دەبێ ئەوە بـزانین هەنـدێك لـە زاناکـانی فیقهی ئیسلامی لە بواری هزری ئیسلامیدا پێیان وایە ئەم هونەرانە حەرامە، هەر لە گۆرانیی مۆسیقاوە بگرە تا وێنەکێشان و پەیکەرسازی و وێنە، ئەو زانا فیقهییانە لە هەڵوێستی (قەدەغە و کەراهەت و حەرامکردن)دا بە شـێوەیەکی دەقاودەق(حـەرفی) فەرموودە و وتەکانی سەلەفیان لێك داوەتەوە کە ئەو هونەرانەیان حـەرام کـردووە، سەرەڕای ئەو کەلێن و ناتەواوییانەی لە پلەی صـەحیح و وەرگێراو دایدەبـەزێنێت، ئەو دەقانەشیان وەرنەگرتووە کە ئەو هونەرانـە حـەڵاڵ دەکـەن، جگـە لـەوەش لـە لێکدانەوەکاندا پەیوەندیی نێوان دەقەکـە و بارودۆخـەکانیان بـاس نـەکردووە، لـەو بایس و حیکمەتانەی دەقەکـەی لەگـەڵ دەسـووڕێتەوە بـە بـوون و نـەبوون، بـەڵام بەهۆی بێئاگایی و کەمترخەمییانەوە نەبووە وەك هەندێك کەس بۆی دەچن، بـەڵکو چەند هۆکارێکی هەبووە و لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ‌ـ لـە مێـژووی شارسـتانیی ئێمـەدا، ئـەم هونەرانـە بایسـی شەروالپیسـی و نێرەمووکی و لادانی ڕەوشتی بەسەریدا زاڵ بوو، تـا ئـەو ڕادەی بوویـە ڕووخێنـەر و داوێك بۆ ئـەو بەفیڕۆدانـەی کـات و ژیـان کـە هێـز و تواناکـانی ئوممـەتی ئیسـلامی تووشـی هەڵوەشـاندنەوە دەکـات، ئـەوەش لـە دیوەخـانی مـیر و دەسـەڵاتدار و ڕەشۆکی خەڵکیشدا وەك یەك هەبووە ، بەڵکو هەندێك دەسەڵاتدار هەبووە هونەری نزم و بێڕەوشتانەی کردۆتە چەکێك بۆ ئیفلیجکردنی تواناکانی ئوممەتی ئیسـلامی، تا دژایەتیی دەسەڵات نەکەن و چاویشیان لە گرتنەدەستی دەسەڵات نەبێت!

ب ـ پـەیڕەوانی تەصـەوفی فەلسـەفی، کـە لـەژێر کاریگـەریی (ئەگنۆسـییەکان ـ باتینییـەکان)دا بـوون و باوەڕیـان بـە(حلول) و فـەنا و یـەکێتیی بـوون هـەبوو، وە زیادەڕەوییشیان لە بەکارهێنانی ئاواز و مۆسیقا و حاڵکردندا کردبـوو، ئەمـەش وای

لەو زانایانە کرد کە پێیان وەها بێت هۆکار و باسی حەرامبوونی ئەو هونەرانە دووبارە بێتەوە ئارا و ئیتر بە حەرامیان دانا، هەر وەك سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام.

ئەم هەڵوێستەی زانایانی فیقهی ئیسلامی ڕاستیی ئەو میتۆدەی ئێمە دەسەلمێنێت کە بۆ باسکردنی هەڵوێستی ئیسلام دەربارەی ئەم هونەرانە بەکاری دەهێنین.

سەرەڕای ئەو هەڵوێستەش، مێژووی هزری فیقهی و زانایانی فیقهی شارستانی ئیسلامی ژمارەیەك هەڵوێستی هزری و کردەیی ئەرێنیی تێدایە، کە زانای پایەبەرزی فیقهی ئیسلامی و بنەکانی فیقهی ئیسلامی بەرانبەر ئەم هونەرانە نواندوویانە، بە گۆرانییشەوە، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ ئیبن حەزم و غەزالی کرد وەك نموونە.

هەندێك زانای پایەبەرزی تەفسیر و زانای فیقهی _بەتایبەت لە مەزهەبی مالیکیدا_ وێنەکێشان و پەیکەرسازییان بە حەڵاڵ داناوە ئەگەر زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی هەبێت.

بۆ نموونە:

ـ زانای تەفسیر (أحمد بن محمد بن أسماعیل المرادي (٣٣٨ك ـ ، ٩٥٠ز) دەڵێت کە کۆمەڵێك لە زانایانی تەفسیر و فیقه وتوویانە: دروستکردنی وێنە دروستە، ئەو دوو ئایەتەشیان کردۆتە بەڵگە کە پیشەی پەیکەرسازی وەك ڕۆزییەکی خودا بەخشرابوو بە سولەیمان پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)، هەروەها دروستکردنی پەیکەری باڵندە لەلایەن عیسا پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) وەك پێشتریش باسی هەردوو ئایەتەکەمان کرد کە لەو کاتانەدا گومان و ترسی بتپەرستیی تێدا نەبووە.

ـ زانای تەفسیری ئەندەلووسی، مەککی کوڕی حیموش (٣٥٥ ـ ٤٣٧ك، ٩٦٦ـ ١٠٤٥).لە پەرتووکی (الهدایة الی بلوغ النهایة) _کە لە حەفتا بەرگدا واتا و تەفسیری

قورئانی کردووه_ دەڵێت: کۆمەڵێك ئەم ئایەتانەیان کردۆتە بەڵگەی ڕەوایەتیی وێنەدروستکردن.[1]

ـ قورتوبی( قرطبي)، ابو عبدالله بن أحمد الانصاري(٦٧١ك ، ١٢٧٣ز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لای زانایانی فیقهی مەزهەبی مالیکی دروستە پەیکەر دروست بکرێت کاتێك پێویست بێت بۆ پەروەردە، وەك پەروەردەی کچان، کە ڕایاندەهێنێت لەسەر یاریکردن بە بووکەڵە و شتی تر، قورتوبی دەڵێت: یاریکردنی کچان هەڵاوێردراوە (...لەم بابە _واتە بابی ڕاجیایی لەسەر حەرامکردن، واتە ئەم هەڵاواردنە کۆدەنگی لەسەرە_)، لەبەر ئەو فەرموودە صەحیحەی کە خاتوو عائیشە گێڕاویەتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) کە مارەی کردم تەمەنم حەوت ساڵ بوو، لە نۆ ساڵیمدا گواستمیەوە، ئەو کات بووکەڵەکانم لەگەڵ خۆم بردبوو، وە دەڵێت: یاریم بە بووکەڵەکانم دەکرد لای پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێت)، هەندێك هاوڕێی کچم هەبوو کە دەهاتن بۆ یاریکردن لەگەڵم، بەڵام هەرکات پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەهاتەوە بۆ ماڵ، ئەوان لە پشتی پەردەیەکەوە خۆیان دەشاردەوە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) دەیهێنانەوە بۆ لام و ئەوانیش یارییان دەکرد لەگەڵم.[2]

دیارە کە ئەو بووکەڵانەش پەیکەری مرۆڤ بوون، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) دەیبینی و ڕازییش دەبوو بە یارییپێکردنی و تەنانەت هاوڕێکانی خاتوو عائیشەی بانگ دەکردەوە بۆ لای کاتێك لە شەرمدا خۆیان دەشاردەوە!

لە پەرتووکی (*طبقات ابن سعد*)دا باس لە جۆربەجۆریی بووکەڵەکان دەکات، پەیکەری ئەسپی تێدا بوو _کە وێنەی زیندەوەرە_ خاتوو عائیشە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان لە کاتی یاریکردنم بەو بووکەڵانە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)

---

[1] (الجامع لأحكام القرآن)ج٤، ص٢٧٢.

[2] رواه مسلم والبخاري وابن ماجة(دیاریکردنی قورتوبی بۆ تەمەنی خاتوو عائیشە_ بۆچوونێکی مەجوح).

هاتە ژوورەوە و پرسیاری کرد: ئەمانە چین ئەی عائیشە؟ منیش وتم: ئەسپی سولەیمانن، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت)پێکەنی.[1]

قورتوبی دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت کە زانایان ڕێگایان داوە بەم یاریکردنەی کچان، بەهۆی ڕۆڵی لە پەروەردەیاندا، بەتایبەتی کچ لەم ڕێگەیەوە فێری بەخێوکردنی منداڵ[2] دەبێت، کەواتە هەرکات سوودێکی ماددی یان سوودی جوانی یان هەردووکیان هەبوون ئەوا ئیجتیهادی ئیسلامی هونەری شێوەکاری حەڵاڵ دەکات.

ـ یەکێك لە موجتەهیدەکانی مەزهەبی مالیکی لە پلەی حەڵاڵکردنی وێنە و پەیکەرسازی پتر ڕۆشتووە کاتێك بەرژەوەندی کردەیی و گەشەی زانینە زانستییەکان و پەروەردەی هەستی هونەری و پاکژکردنی سروشت و ئاکارەکان پێویستی پێی دەبێت، ئەویش (ابوالعباس أحمد بن أدريس ـ ٦٨٤ك ، ١٢٨٥ز) کە پێشەوا قەرافییە، زانایەکی فیقە و بنەماکانی فیقهە و نەك هەر فتوای حەلاڵیی پەیکەرسازی و وێنەکێشانی داوە، بەڵکو باسی دروستکردنی بووکەڵە و پەیکەری کردووە، لە پەرتووکی (شرح المحصول)دا دەڵێت: "هەواڵم پێ گەشت کە (الملك الكامل ـ ٥٧٦ ـ ٦٣٥ك، ١١٨٠ ـ ١٢٣٨ز) شەمعدانێکی بۆ دروست کرابوو _کە ستوونێکی مسی و چەند جێگەشەمعێکی بچووکی لەسەر دادەنرێت_ هەرکات ماوەیەکی دیاریکراوی شەو دەڕۆشت دەرگایەك لە شەمعدانەدا دەکرایەوە و پەیکەری کەسێکی لێوە دەهاتە دەرەوە و لە خزمەتی پاشادا دەوەستا، پاش دە

---

[1] (طبقات ابن سعد)ج٨، ص٤٢، دار التحرير، القاهرة.

[2] (الجامع لأحكام القرآن)ج١٤، ص٢٧٤ـ٢٧٥، (دەکرێت بپرسین ئایا ئەم یارییانە لە ژیانی دایکی موسوڵمانانداـ ـ خاتو عائیشە ـ کە منداڵ نەبووە، ڕۆڵی تێرکردنی حەزی منداڵی هەبوو بێت، کە دەبێتە هۆکارێکی تری حەڵاڵکردن؟ !...پرسیارێکی مەاقووڵە و جێگەی خۆیەتی بیر لە وەڵامەکەی بکرێتەوە !)

سەعات کە کاتی بەربەیان بوو، پەیکەرێکی مرۆڤ لە سەرووی شەمعدانەکەوە دەهاتە دەرەوە و دەستی لە بناگوێیدا بوو دەیگوت: خودا بەیانیی سوڵتان بە خۆشی بگێڕێت، ئیتر پاشا دەیزانی کە بەربەیانە."

لێرەدا پێشەوا قەرافی باس لە شەمعدانێك دەکات کە پەیکەری مرۆڤی تێدا بەکار هێنراوە و جووڵە و دەنگیشی هەیە! پاشان باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لە دروستکردنی شەمعدانێك کە هەموو ماوەیەك ڕەنگەکەی گۆڕاوە و پەیکەری شێرێکی هەبووە لە تەنیشت پەیکەری مرۆڤەکە، چاوی شێرەکەش هەر ماوەیەك لە ڕەشی تۆخەوە دەگۆڕا بۆ سپی و پاشان بۆ سووری تۆخ، لە کاتی بەربەیانیشدا مرۆڤەکەی سەر شەمعدانەکە دەستی لەوێدا بوو و ئاماژەی بۆ بانگ دەکرد، پێشەوا قەرافی دەڵێت: نەمتوانی دەنگ دروست بکەم.[1]

کەواتە زانایەکی موجتەهید لە بواری هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازیدا بەکردەیی بەرهەمی هەیە و پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ دروست دەکات بە چەندین ڕەنگەوە، هەم جوانیبەخشە و هەم سوودی ماددییشی هەیە!

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە لە کەلەپووری فیقهیماندا وەك چۆن زانامان هەیە وێنەکێشان و پەیکەری بە حەرام زانیوە، بە هەمان شێوەش زاناشمان هەیە کە لە کاتی نەبوونی ترسی هاوتاپەیداکردن بۆ خودا و بتپەرستیدا ئەو کارەیان بە ڕەوا زانیوە و تەنانەت هەندێکیشیان دروستیان کردووە، کەواتە زانای فیقە و موجتەهید و هونەرمەند بوون.

---

[1] مقدمة تحقيق(الأحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام))ص١٥.

## لە سەردەمی نوێدا

**کاتێك** قوتابخانەی نوێگەری و ڕێنیسانسی ئایینی دەستی کرد بە تەکاندنی تەپوتۆزی چاخەکانی چەقبەستوویی و دواکەوتنی شارستانی _سەردەمی مەملووکی و عوسمانی_ یەکێك لە دیارترین ئەندازیارانی ئەو نوێگەرییە پێشەوا موحەممەد عەبدە (١٢٦٦ـ١٣٢٣ك، ١٨٤٩ـ١٩٠٥ز) بە ئیجتیهاد و نوێگەرییەکەی لەم دەرگایەی داوە و ڕایگەیاندووە کە ئیسلام ڕێزی لە هونەرە جوانەکان گرتووە، باسی ڕۆڵی بە سوود و پێویستی هونەرەکانی شێوەکاری کردووە لە تۆمارکردن و پاراستنی ژیان و بەرزکردنەوەی زەوق و هەستی هونەری مرۆڤ و نزیککردنەوەی مرۆڤ بەرەو پلەی کەماڵ!

پێشەوا موحەممەد عەبدە لە کاتی گەشتێکیدا لە ١٩٠٣ز بۆ دوورگەی سیشیلیا (صقلیە) باسی لە هونەرە جوانەکان کردووە، لەوێ سەردانی مۆزەخانە و گۆڕستان و شوێنەوارەکانی کردووە، کە بە وێنە و پەیکەر شوێنەواری گەلانی ڕابوردوو باس دەکات و وەك دۆسیەی مێژووی ئەو شوێنە وەهایە، لەوێوە چەند وتارێکی ناردووە بۆ گۆڤاری (المنار) و باسی بینینەکانی خۆی دەکات و باسیشی لە هونەرەکان و ڕای ئیسلام لەسەر وێنەکێشان و وێنە و دروستکردنی پەیکەر کردووە.

بە سەرنجدان لە نووسینەکانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خاوەنی زەوقێکی بەرز بووە و عاشقی داهێنانی هونەری بووە، پەیوەندیی نێوان خۆی و هونەری ئاسایی نێو خەڵکی بەوردی دۆزیوەتەوە، هەبوونی ئەو جۆرە هونەرەش ڕۆڵێکی تری نوێگەری موحەممەد عەبدەیە لە بواری ئایینی و ئەدەب و زمان و شێوازی داڕشتندا و ئامانجیشی نوێکردنەوەی ژیانی ئوممەتی ئیسلامییە بە هۆکاری جیاواز، یەکێکیش لەو هۆکارانە هونەرە! نووسینەکانی شێوازێکی بەرزی شاعیرانە قسەی لەسەر وێنە کردووە وەك هونەرێکی هاوشانی شیعر _کە هەر لە کۆنەوە دیوانی

گەلی عەرەبە_ بەڵام وێنە: شیعرێکی بێدەنگە، دەبینرێت و نابیسترێت، شیعریش، وێنەیەکە دەبیسترێت و نابینرێت![1]

پاشان باس لە سوودەکانی ئەم هونەرانە و ڕۆڵی لە پاراستنی کەلەپووری ئەممەتی ئیسلامیدا دەکات، کە پارستنی زانست و حەقیقەت و مێژووە، تا ببێتە شایەتێکی کاریگەر بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوەتا دەڵێت: "پاراستنی شوێنەوارەکان وەك وێنە و پەیکەر، پاراستنی زانست و حەقیقەتە، سوپاسکردنی خاوەن کارە هونەرییەکانە کە داهێنانی لەو جۆرەی کردووە!"[2]

هەر وەك پێشتریش ڕوونمان کردەوە، بە هەمان شێوەش پێشەوا موحەممەد عەبدە قسەی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەم بابەتە دەکات و پێی وایە هەرکات ئەم هونەرانە بپەرسترێن یان لانی کەم لە ڕووی ئایینییەوە بە گەورە تەماشا بکرێن، ئەوا هەر وەك سەرەتای هاتنی ئیسلام لەبەر هەمان هۆکار حەرام دەکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەو مەبەستە بەکار ناهێنرێن، بەڵکو ئەو سوودانەشی هەیە کە پێشتر باسمان کرد، لێرەوە ئیسلامیش پێی ڕازی دەبێت و ڕێزی لێ دەکرێت.

پێشەو ئەم ئیجتیهاد و نوێگەرییانەی لە ڕێگەی شێخ (محمد رشید رضا، ١٢٨٢ـ١٣٥٤ك، ١٨٦٥ـ١٩٣٥ز)وە بە خەڵکی دەگەیاند کە خاوەنی گۆڤاری (المنار)بوو، ئەو نووسراوانەش لە گۆڤارەکەدا بەبێ ناو بڵاو دەکرایەوە، لەو کاتەشدا موفتیی وڵاتی میسر بوو، کە گەورەترین پلەی پێشەوایەتی و ئیجتیهاد بوو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا!

---

[1](الأعمال الكاملة للأمام محمد عبدة)ج٢، ص٢٠٤.

[2]سەرچاوەی پێشوو، د٢، ص٢٠٥.

شێخ موحەممەد عەبدە پاش بینینی وێنە و پەیکەرەکانی مۆزەخانە و چلەخانە و کەنیسە و گۆڕستان و گۆڕەپان و شارەکانی (سیشیلیا) و پاش باسکردنی ڕۆڵی گرنگی ئەو وێنە و پەیکەرانە لە پاراستنی بەردەوامی زانست، دەڵێت:

"ڕەنگە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم قسانەدا بپرسیت: حوکمی ئەم وێنانە لە شەریعەتی ئیسلامیدا چییە ئەگەر بە مەبەستی وێنەکێشانی شێوەی مرۆڤ بێت لە کاتی هەژان و هەستجووڵان و دۆخی جەستەیدا؟ ئایا حەرامە؟ مەکرووهە؟ سوننەتە؟ واجبە؟ ئەوا دەڵێم:

وێنەکێش وێنەی کێشاوە و سوودەکەشی بێگومانە، واتای پەرستن و بەگەورەگرتنی پەیکەر و وێنە لە مێشکی خەڵکیشدا نەماوە، ئیتر یان خۆت حوکمەکەی دەزانیت، یان پرسیارێك لە موفتی دەکەیت و ئەویش هەر بە دەم وەڵامت دەداتەوە (تێبینیی ئەوە بکە کە موفتی خودی قسەکەرە، ئەمەش وەڵامەکەیەتی؟) ئەگەر ئەم فەرموودەشی لە وەڵامدا هەبوو (سەختترین سزای دواڕۆژ بۆ وێنەکێشانە[1]) یان هەر فەرموودەیەکی تری صەحیح کە هەمان واتای هەبێت، ئەوا بڕوام وایە لە وەڵامدا پێت دەڵێت:

ئەو فەرموودەیە بۆ کاتی بتپەرستی هاتووە کە وێنەکان بۆ دوو مەبەست بەکار دەهات: یەکەم: لەهو، دووەم: بەپیرۆزدانانی وێنەی پیاوچاکان، دیارە کە ئیسلام ڕقیەتی لە یەکەمیان و بۆ سڕینەوەی دووەمیشیان هاتووە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وێنەکێش یان خەڵك سەرقاڵ دەکات تا خودایان بیر نەبێت، یان ڕێگا بۆ هاوتاپەیداکردن خۆش دەکات، جا ئەگەر ئەم دوو بەربەستە نەما و مەبەستی

---

[1] ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەی دەفەرمێت: (فریشتە ناچێتە ماڵێکەوە لەشپیس و وێنە و سەگی تێدا بێت). رواه ابوداود والنسائي والدارمي والإمام أحمد.

سوودگەیاندن بوو، ئەوا وێنەكێشانی مرۆڤەكانیش هەر وەك وێنەكێشانی ڕووەك و درەختە، ئەوەش لە پەراوێزی موصحەفەكان و سەرەتای سوورەتەكاندا كراوە و هیچ زانایەكیش بە حەرامی نەزانیوە، سەرەڕای ئەوەی سوودی نەخشاندنی موصحەفەكان جێگەی مشتومڕە، بەڵام سوودی وێنەكان بەو شێوەی باس كرا ڕاجیایی لەسەر نییە.

خۆ ئەگەر بتەوێت گوناهێك بكەیت لەو شوێنەدا كە وێنەی تێدایە بەو بیانووەی فریشتە یان فریشتەی نووسەری كردارەكان لانی كەم ناچێتە ئەو شوێنەی وێنەی تێدایە، وەك گێڕدراوەتەوە، ئەوا هەرگیز بیر لەوە نەكەیتەوە كە كردارە خراپەكەت نانووسرێت، چونكە خودا ئاگای لە هەموو شتێكت و لەوماڵەشدا دەتبینێت كە وێنەی تێدایە، باوەڕیشم وا نییە فریشتەی كردارنووسینیش لەگەڵت نەیەن بۆ شوێنێك كە وێنەی تێدا بێت!

ناشتوانیت بە موفتی بڵێیت: هەرچۆن بێت، وێنە گومانی ئەوەی لەسەرە كاتێك بێت بپەرسترێت! پێم وایە موفتی لە وەڵامدا دەڵێت: زمانیشت وەك چۆن ڕاستی دەڵێت، گومانی ئەوەشی لێ دەكرێت تووشی درۆ ببێت، ئایا دەیبەستیتەوە؟

بەگشتی پێم وایە كە شەریعەتی ئیسلام باشترین هۆكاری فێركردن حەرام ناكات، كاتێك دڵنیا بێت لەوەی مەترسییەكی بۆ سەر ئیسلام نییە، چ لە ڕووی عەقیدەوە چ لە ڕووی كردارەوە، هیچ بەربەستێك نییە لەنێوان عەقیدەی تەوحید و كێشانی وێنەی مرۆڤ و زیندەوەران بە مەبەستی بەدیهێنانی واتاكردارییەكان و نواندنی وێنە زیهنییەكان.[1]

---

[1] (الأعمال الكاملة للأمام محمد عبدة)ج٢،ص٣٠٥-٣٠٦.

بەم شێوەیە پێشەوا محمد عەبدە وەك شێوە فەتوایەكی شەرعی دەربارەی هونەر شێوەكاری قسەی كردووە و ڕای وایە كە دەكرێت وەك كەرەستەیەكی پاراستنی حەقیقەتی زانستی و مێژوویی سەیر بكرێت، بەڵكو وەك یەكێك لە باشترین ڕێكارەكانی فێركردن سەیر بكرێت، هونەرگەلێكی بەرزن و زەوقی مرۆڤ بەرز دەكاتەوە بە هەمان شێوەی هونەری شیعر و ئەو هونەرانەی تریش كە ئیسلام هیچ ڕێگرییەكی نەكردووە لە داهێنان تێیاندا! بەم كارەشی لاپەڕەیەكی پەرتووكی مێژووی نوێكردنەوەی ئیسلامی تۆمار كرد، نوێكردنەوەی ژیانی ئوممەتی ئیسلامی بە نوێكردنەوەی ئەو هزرەی ژیان بەڕێوە دەبات.

# له كۆتاییدا...

پاش ئەوەی هەڵوێستی میتۆدی ئیسلاممان لەسەر نیشانە و ئایەتەکانی جوانی لە داهێنانی خوداییدا و پاشان لە هونەرە جوانەکاندا خستە ڕوو _کە زەوقی مرۆڤ بەرەو باڵا دەبات تا پەی بەو نیشانە و ئایەتانەی جوانی ببات و بەردەوام سوپاسی بەدیهێنەری ئەو جوانییانە بکان، ئایا ئێستا هیچ گومانێك هەیە کە هەڵوێستی میتۆدی ئیسلامی لەسەر ئەم هونەرانە، لە چەشتن و جێبەجێکردنیدا، هەڵوێستی خۆشەویستی و هاوسۆزی و پاکژکردن و پشتیوانیکردنە، گەرچی وا بڵاو کراوەتەوە کە ئیسلام دژی ئەم هونەرانەیە.

ئیسلام دژایەتیی جوانی و هونەرەکانی جوانی ناکات، موسوڵمانی نموونەییش ئەو مرۆڤە زبر و وشکە نییە کە ڕازیبوونی ئیسلام لە جوانییەکانی ژیان جیا بکاتەوە! موسوڵمان پێویستە تەنها پێوەرە ئیسلامییە عەقیدەیی و ئاکارییەکان بەکار بێنێت لەگەڵ ئەم هونەرانەدا، تا وەك سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی چاکە و جوانی لە ژیانی مرۆڤدا بمێننەوە.

- کەواتە ئیسلام داوای هاوسەنگی لە بەکارهێنانی ئەم هونەرانە و ڕەواجپێدانیان دەکات، تا ئەرکی گرنگپێدانی ئوممەتی ئیسلامی ناهاوسەنگ نەبێت و هەموو لایەنەکانی چالاکییە پێویستەکان لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا هەبێت، وزە و توانا و ژیانی مرۆڤەکان بەردەوام گەشە بکات و بەرەو کەماڵ بڕوات.

میانڕەوی پێوەری ئیسلامە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و قورئانیش فەرمانمان پێ دەکات: ﴿ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (٣١) ﴾ الأعراف٣١. واتە: "بۆ نوێژکردن و لە شوێنی نوێژکردندا خۆتان بڕازێننەوە و زیادەڕەوی مەکەن، چونکە خودا کەسانی زیادەڕۆکاری خۆش ناوێت." وە دەفەرمێت: ﴿ وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾

القصص٧٧. واته: "لەو بەشەی خودا پێی داوی سەرکەوتنی دواڕۆژی پێ بەدەست بهێنە و بەشی دونیاشت لەبیر نەچێت." پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) لە پەیامەکانیدا داکۆکی لەسەر هەمان پەیامی قورئاندا دەکات و دەفەرمێت: "بخۆن و بخۆنەوە و صەدەقە بکەن و جلوبەرگ بپۆشن بە ویستی خۆتان، بەو مەرجەی زیادەڕەوی و لووتبەرزی تێدا نەبێت."[1] بەو کەسەی زیادەڕەوی لە خواپەرستی و دونیانەویستیدا دەکات و ڕۆژ بەڕۆژوو و شەویش شەونوێژ دەکات و هاوسەرەکەی و دونیای پشتگوێ خستووە دەڵێت: "من هەندێ ڕۆژ بەرۆژوو دەبم و هەندێ ڕۆژیش بەرۆژوو نابم، شەونوێژیش دەکەم و دەشخەوم و لە هاوسەرانیشم نزیك دەبمەوە، هەرکەسیش لەم ڕێبازەی من لا بدات ئەوە لە من نییە."[2] وە دەفەرمێت: "هاوسەرەکەت ماف لەسەرتە، هەروەها میوان و جەستەت."[3]

ـ هەژان و بزووتنی دەروونی مرۆڤ بەهۆی جوانییەکانی ژیانەوە بەشێکە لە سروشتی دەروونی جوانی مرۆڤ کە خودا پێی بەخشیوە، ئیسلامیش دەیەوێت هەموو هونەرەکان بەراستی ببنە بەشێك لە جوانییەکانی ئەم ژیانە بێت و دژایەتیی سروشت و فیترەتی مرۆڤ نەکەن و بەڵکو ببنە هاوکارێك بۆ بەرزکردنەوە و پاکژکردنی، دەیەوێت بیکاتە هۆکارێك بۆ پاکژکردنی دەروون و بەرزکردنەوەی توانا و وزەکانی مرۆڤ و غەریزەکانی، ئیسلام نایەوێت هونەر ببێتە هۆکاری هەڵوەشێنەر و تێکدەر، یان ببێتە و وروژێنەری غەریزەی توندوتیژی و تووڕەیی و شەهوەت و چێژی ماددی مرۆڤ، دەیەوێت ببێتە هونەری جوان و ڕازاوە بە ڕەوشتەکانی ئیسلام.

ـ ئەگەر هەر گەلێك کولتووری هونەری تایبەت بە خۆی هەبێت کە لە گەلانی تر جیای دەکاتەوە، ئەوا دەمانەوێت هونەرەکانیان ملکەچ بکەن بۆ ئەو بۆماوە

---

[1] رواه البخاري وابن ماجة.

[2] رواه البخاري ومسلم وابوداود والنسائي والدارمي وأحمد ـ من حديث عبدالله بن عمرو بن العاص.

[3] رواه البخاري ومسلم.

کولتوورییەی ئەم گەلانە هەیانە لە کاتی موسوڵمانبوونیان و ئاوێتەبونیان بە ئوممەتی ئیسلامی، دەمانەوێت ئەم هونەرانە بەپێی پێوەرەکانی عەقیدەی ئیسلامی و زەوقی جوانی و ئەخلاقییاتی ئیسلامی بژین و پەرەبسێنن، نامانەوێت شوێنکەوتەیەکی کوێرانەی شارستانێتییە نائیسلامییەکان بن و ببنە کۆپییەکی سەقەتی هونەری ئەو شارستانێتییانە!

ـ ئەگەر ئەرکی یەکەمی هونەرە جوانەکان لە ژیانی مرۆڤدا بەرزکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤ بێت لە بوارەکانی ناسین و چێژوەرگرتنی لە نیشانە و ئایەتە خوداییەکانی جوانی لەم گەردوونەدا، ئەوا ئیسلام هەنگاوی فراوانتر دەنێت، تا لە ڕێی ئەم هونەرانەوە مرۆڤێکی ڕەببانی پێك بهێنێت، کە لەوە تێدەگات خودا جوانە و ڕەببانیبوونی مرۆڤیش پەیوەستە بە حەز و پەیوەستبوون و هەوڵی مرۆڤ بە پابەندبوونی بە ڕەوشتە جوانەکانەوە، هەست بەو جوانییە بکات کە خودا لەم گەردوونەدا پەخشی کردووە، چێژیش لەو جوانییە وەرگرێت.

سەرەڕای ئەم ئەرکە ئیسلامییەی پەروەردەی جوانپەروەری و هونەرە جوانەکان لە ژیانی مرۆڤی موسوڵماندا، ئەوا میتۆدی ئیسلامی داوا لەم هونەرانە دەکات بە ئەرکی خۆیان هەستن، ئەرکی پاراستنی هزر و بڵاوکردنەی بانگی ئیسلام لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە.

ئەم هونەرانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لە تێگەیاندنی خەڵك و دەکرێت _بەڵکو پێویستیشە_ وەك هونەری قسەکردن ئەمیش بەکار بهێنرێت بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلام.

***

# جیهاد( تێکۆشان ) لە ڕێی خوادا

## جیهاد ڕێگەی پیادەکردنی میتۆدی ئیسلامە

تێگەشتین کە سەرچاوەی میتۆدی ئیسلام لە خوداوەیە، بەڵام مرۆڤ هەوڵی داوە لێی تێبگات و حوکمی لێ وەربگرێت و بابەتەکانیشی پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە، سەرنج و هەمەلایەنی و پیادەکردنیشی هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەژموونی بەسەر کاروانی ژیانی مرۆڤدا هەیە و وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە، ڕێنوێنییەکانی چاوی سەر و دڵی مرۆڤە، مرۆڤیش تەنها وەك تاكێك ئەركی تایبەتی خۆی لەسەر نییە، بەڵكو لەو لایەنەوەش كە (مەدەنی ـ كۆمەلایەتییە) ئیسلام ئەركی كۆمەلایەتیی لەسەر فەرز كردووە، ئیسلامیش ئاراستەی گوتاری ڕووی لە ئوممەتی ئیسلامی كردووە. لە كوێوە هاتووە؟ بۆچی؟ لە كوێ دەژی؟ پلەوپایەی بەگوێرەی كەسانی تر؟ چۆن دەژی؟ چارەنووسی بۆ كوێیە؟ بە چ شێوەیەك؟

بەهۆی ئەم گشتگیری و كۆمەڵایەتیبوونەوە، كە تاك و ئوممەتی ئیسلامی پێكەوە بەستووە و فەرزی عەین و فەرزی كیفایەی تێدا گرێ دراوە و یەكدی تەواو دەكەن _میتۆدی ئیسلامی تەنها وەك سیستمێكی هزری_ تیۆری نامێنێتەوە، بەڵكو ئەو میتۆدەیە كە تەنها لە پیادەكردندا بەدی دێت، چونكە ئیسلام گرووپێكی هزری یان تەنها ڕێچكەیەكی تیۆری نییە، بەڵكو ئایینێكە (ئینتیمای كاریگەر) و (كرداری ـ خاوەن هەڵوێستی بنەمادار) بە مرۆڤ دەبەخشێت، عەقیدە و شەریعەتە، كاتێك دەگۆڕێت بۆ ژیانێكی ڕاستەقینە و بونیادێكی بەهێز و شارستانێتییەكی بێوێنە لە پیادەكردندا.

پێم وایە ئەم حەقیقەتەش یەکێك لەو ڕاستییانەی ئـەم ئایەتـە پـیرۆزە ئامـاژەی پـێ دەکـات و دەفـەرمێت: ﴿ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ المائـدة٣. واتە: "وا ئەمڕۆ بێباوەڕان بێئومێـد بـوون لـەوەی ئایینەکـەتان لـەناو بـەرن، لێیـان مەترسن و لە من بترسن، ئەمڕۆ ئایینەکەتانم گەیاندە پلەی کەماڵ و نیعمەتی خۆمم بەتەواوی بەسەردا ڕشـتن و ڕازی بـووم کـە ئیسـلام بکەمـە ئـاییی ئێـوە، بـەڵێ... ئیسلام لەگەڵ هاتنیدا یاسای مەدەنی و ژیانپەروەریی زۆری تێدایە، ئـەم ئایەتـەش لە عەرەفە هاتە خوارەوە ڕۆژی گەورەترین حەج _لە حەججەتولوەداع_ وتارەکەی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) لەو ڕۆژەدا، سەرەڕای ئـەو یاساسـازییە مەدنییانەی تێیدا بوو، بوویە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی یاسازی، کە بڕیار لەسەر مافە مەدەنییەکانی ئوممەتی ئیسلامی دەدات، ئەگەر لەم ئایەتەدا باس لە کـەماڵی ئایین کرابێـت، مەبەسـتی ئـەوە نـەبووە دوائایـەتی قورئـان بێـت یـان دوائـەحکامی وەحی بێت، چونکە پاش ئەو ئایەتە زۆر ئایەت هاتۆتـە خـوارەوە و ئایـەتی ڕیبـا و ئایەتی کەلالە [1]و ...هتد، وەك زانایانی تەفسیر دەڵێن، بەڵکو مەبەستی ئەوە بـووە _خواش زاناترە_ کە پیادە بووە و جێبەجێ کراوە، ئەوەتا لە پاش فەتحی مەککە و پێکهێنانی تەواوی دەوڵەت و بەرجەستەبوونی شەریعەت لە ژیانی نوێی ئوممـەتی ئیسلامیدا، بانگەواز لـە چوارچـێوەی (هـزر) دەرچـووە کـە بەسـەر (واقیـع)دا سـەر دەکەوێت و ئیسلام دەبێتە ئەو ئایینەی واقیع دەگرێتە دەست و خەڵکیش ژیانێکی ئیسلامییانە دەبێت، کەواتە کامڵبوونی ئایین و میتۆدی ئیسلامی بەهۆی سروشت و مەبەسـتەکانیەوە، تـەنها لـە ڕێگـەی ئامادەبوونیـەتی لەسـەر زەمینـەی واقیـع و

[1] القرطبي(الجامع لأحكام القرآن)ج٦، ص٦١-٦٢.

بەرجەستبوونی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، ئەمەش بەستراوەتەوە بەو ساتەوە کە تەنها لە قۆناغی خوێندنەوەی قورئاندا نەوەستین و لە ڕێگەی جیهادیشەوە ئیسلام دەبێتە ژیانی موسوڵمانان.

یەکێك لە یاران بە ناوی (سعد بن هشام بن عامر) _رەزای خوای لەسەر_ پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) ڕۆشت بۆ لای خاتوو عائیشە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) و لێی پرسی:

- (باسی ڕەوشتی پێغەمبەرم بۆ بکە (دروودی خودای لەسەر بێت).

خاتوو عائیشە وتی: ئایا قورئان ناخوێنیت؟

وتی: بەڵێ.

خاتوو عائیشە وتی: ڕەوشتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت)بریتی بوو لە قورئان.[1]

لێرەوە قورئان بەهۆی جیهادەوە و لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە لێی تێگەشتوون گۆڕا بۆ وزەیەکی زیندوو، بونیادێکی شارستانیی دروست کرد کە دەوڵەت یەکێك بوو لە خشتەکانی و ڕۆحی قورئانی تێدا بەرجەستە بوو، مەسەلەکەش تەنها لە سنووری هزردا نەمایەوە و تەنها لەبەرکردن و خوێندنەوەی ئایەتەکان و تێگەشتنی مەبەست و ئامانجەکانی نەبوو!

کەواتە جیهاد و تێکۆشان بۆ بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی ئیسلام بەشێکە لەم میتۆدە و ئەستەمە بەبێ ئەویش تەواو ببێت، بێ هۆش نییە کە ڕەگی فەرمانی هەردوو وشەی (الاجتهاد) و (الجهاد) یەك وشەیە، ئەویش وشەی (الجهد)ە، بە واتای هەوڵی زۆر و تێکۆشان، بەکارهێنانی ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشان لە بوارەکانی

---

[1] رواه مسلم.

مەعریفـەدا بریتییـە لـە (ئیجتیهـاد) هـەمان پرۆسـە بـە ئامـانجی پیـادەکردن و جێبـەجێکردنی ئـەو ئیجتیهـادە هزرییـە بـە هـەر ڕێگەیـەکی مـومکین و لـە بـوارە جیاوازەکانـدا پێـی دەوترێـت (جیهـاد) و ئامانجـە ڕاسـتەقینەکانی ئیجتیهـاد بـەدی دەهێنێت، کەواتە هەردووکیان دوو ڕووی دراوێکن لە میتۆدی ئیسلامیدا.

ئەگەر جیهـاد لـە نـەریت(عورف)ی ئیسـلامیدا بـە واتـای بـانگخوازی بـۆ ئـایینی ڕاستەقینە و بەکارهێنانی ئەوپەڕی وزە و توانای گوفتاری و کرداری لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا بۆ سەرخستنی ئـەم ئایینـە ڕاسـتەقینە،[1] هـەر لـە یەکـەم سـەرنجەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی (جهاد) لە جەنگ و شەڕکردن فراوانتر و گشتگیرترە، فەرزێکی کۆمەڵایەتییە و خـودای گـەورە فـەرزی کـردووە لەسـەر پێشـەنگانی ئـەم ئوممەتە و پێویستە بەپێی پێویست کۆمەڵێك جێبەجێی بکەن و هەوڵ و تێکۆشانی هـزری بکەنـە بناغەیـەك بـۆ بەدەسـتهێنانی میـوەی کـردار و بەرجەسـتەبوونی (ئیجتیهاد) لە (جیهاد)دا.

هەر لەبەر ئەم حیکمەتەیە کە پلـەی جیهـاد لـە پـەیامی ئیسـلام و ئەرکـەکانی ئوممـەت و ڕێنوێنییـەکانی میتـۆدی ئیسـلامیدا زۆر بـەرزە، بێگومـان لووتکـەی ئیسـلامە، هـەر وەك پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) فێـری کـردووین و دەفەرمێت: "سەری کارەکە: ئیسلامە، پایەکەی: نوێژە، لووتکەکەشی: جیهادە."[2] گەشتی ئوممـەتی ئیسـلامییە لـە هـەموو بوارەکـانی ژیـان، پێغەمبـەریش (دروودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی: "گەشتوگوزاری ئوممەتی من بریتییە لە جیهاد لە

[1] الجرجاني(التعريفات) الجهاد.

[2] رواه الترمذي وابن ماجة والإمام أحمد.

ڕێگەی خودادا."[1] ئەگەر هەندێك ئوممەتی خاوەن پەیامیش ڕەهبانییەتی کردبێتە ئەو چالاکییە کردارییەی خۆی، کە ئایینی پێ بەرجەستە کردبێت و ئیدی ئایینەکەی لە دەیر و ئەشکەوتەکان و ڕەهبانیەتدا کورت دەکاتەوە و جگە لەوەش بە هەڵە دەزانێت، یان دونیا بە دابڕاو لە ئایین دەزانێت، بەڵام پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) فێری کردووین کە چالاکیی زانستیی ئوممەتی ئیسلام کە ئایینەکەی بەدی دەهێنێت، ئەو ڕەهبانییەتە نییە کە ئایین لە ژیان دادەبڕێت بە واتا فراوانەکەی، بەڵکو ئەو چالاکییە جیهانییە بریتییە لە تێکۆشانی ئیسلامی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، بەڵکو لە بری ڕەهبانیەتی دابڕان لە دونیا جیهاد دانراوە، وەك فەرموودەکەمان پێشتریش باس کرد،

خودای گەورەش ڕاستی فەرمووە لەم ئایەتەدا: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۩ (٧٧) وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ النَّصِيرُ (٧٨)﴾ **الحج٧٧ـ٧٨**. واتە: "ئەی باوەڕداران: کڕنۆش و سوژدە بۆ خودای خۆتان بەرن و بیپەرستن و کاری چاکە بکەن، تا ڕزگارتان بێت. لە ڕێی خوداشدا جیهادی ڕاستەقینە بکەن، ئەوە خودایە کە ئێوەی هەڵبژاردووە و ئەرکی قورس و کەمەرشکێنی لە ئایینەکەتاندا دانەناوە، ئێوە هەمان ئایینی ئیبراهیمی باوکتان هەیە و ئەو پێشتر ناوی ناون موسوڵمان و لەمەشدا بۆ ئەوەی پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە و ئێوەش ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە، ئێوەش نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن و دەست بە

---

[1] رواه ابو داود.

ئاییني خـوداوه بگـرن، تـەنها ئـەو گـەوره و خـاوەنی ئێوەیـە و باشـترین گـەوره و باشترین پشتیوانە."

وه دەفەرمێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (١٠) تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (١١) يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٢)وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ(١٣)﴾ الصف١٠ـ ١٣. واته: "ئەی باوەڕداران: ئایا ئەو بازرگانییـەتان نیشان بدەم کە لە سزای قورس ڕزگارتـان دەکـات، ئـەو بازرگانییـەش ئەوەیـە کـە باوەڕتان بە خودا و پێغەمبەر هەبێت و بە گیانی خۆتان و بـە سـامانتان جیهـاد لـە ڕێگەی خودادا بکەن، چـونکە ئـەوە باشـترە بۆتـان گـەر بـزانن، ئـەوکات خـودا لـە گوناهتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە ئەو باخانـەی بەهەشـت کـە ڕووبـار بـە ژێریـدا دەڕوات، هەروەها نشینگەی خۆشی نێو باخەکانی عەدەن، ئەمەش سـەرکەوتنێکی گەورەیە، پاداشتی تریشمان لایـە کـە ئێـوە حـەزی لـێ دەکـەن کـە سـەرکەوتنێکە لەلایەن خوداوه پێتان دەبەخشێت و کردنەوەی دڵـی مرۆڤـەکان و شـوێنەکانە بـەم نزیکانە و موژدەش بە موسوڵمانان بدە."

بێگومـان ئـەرکی سەرشـانی پێشـەنگانی ئـەم ئوممەتـە ئەوەیـە ئەوپـەڕی هـەوڵی خۆیـان بـدەن بـۆ پاڵفتـە و دەرهێنـانی ڕێنوێنییـەکانی میتـۆدی ئیسـلامی لـە ڕێگـەی ئیجتیهادی هزرییەوە و هەوڵی تەواویش بـدرێت بـۆ ئـەوەی جیهـادی بەگەڕخسـتنی ئـەو میتۆده بهێننە ئارا، کەواتە پێویستە ئەو پێشەنگانە تـەنها سـەرقاڵی شـارەزایی بابەتـە تیۆرییەکان نـەبن، بـەڵکو بـە کـردار جیهـاد بکـەن و گەلەکـەیان بـە کـردار فێـری ئـایین بکـەن، قورئـان دەفـەرمێت: ﴿ وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ

طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ(١٢٢)﴾ التوبـة١٢٢.
واتـە: "نابێـت بـاوەڕداران هـەموویان سـەرقاڵی جیهـاد بـن، دەبـا هەنـدێکیان خـەریکی شارەزابوون بن لـە ئایینەکـەیان و کـاتی گەڕانـەوەیان ئاگاداریـان بکەنـەوە تـا ئاگایـان لەخۆیان بێت."

پێغەمبەریش (دروودی خـودای لەسـەر بێـت) ڕاسـتی فـەرمووە کـە دەفـەرمێت: "هـەموو پێغەمبـەرێك کـە لەلایـەن خـوداوە پـێش مـن نێـردراوە، هـاوڕێ و یـاری دڵسۆزیان هەبووە کـە ڕێبـازی ئـەویان گرتـووە و گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانیان بـوون، بەڵام پاش ئەو یار و هاوڕێیانە نەوەیەك بەشوێنیاندا هاتووە کە قسـەی بێکرداریـان هەبووە و ئەوەی بە خەڵکی دەڵێن خۆیان کاری پێ ناکەن، هەرکەسێك بە دەست و زمان دژ بەوان جیهاد بکات باوەڕدارە، لەدوای ئەمەش ئـیتر بـە قـەد دەنکـە تـۆوی خەرتەلەیەك بـاوەڕ نییـە."[1] یاوەرەکـانی دڵسـۆزی پێغەمبـەریش (دروودی خـودای لەسەر بێت) لەگەڵ یارانی، بریتی بوون لە پێشەنگانی ئوممەتی ئیسلامی بـوون کـە موجاهیدی ڕێگەی پیادەکردن و جێبەجێکردنی میتۆدی ئیسلام بوون.

***

---

[1] رواه مسلم.

**ئەوە بوو دیارترین ڕێنوێنییەکانی میتۆدی ئیسلامی.**

**میتۆدی** بایسگەرایی - ئایندار (العلیة - المتدینة) و هۆکارگەرایی - خوداوەندی (السببیة - الألِهیة) دیارترین ڕێنوێنی میتۆدی ئیسلامین، چونکە ئەم گەردوونە کە لەژێر هەژموونی هۆکارەکاندایە، شایەتە لەسەر ئەوەی دروستکراوی خودای تاك و تەنهایە کە تەنها خۆی پەروەردگاری ڕاستەقینەیە و توانای بەڕێوەبردنی ئەم جیهانەی هەیە، هەر ئەم خودایەی کە لە شتە دروستکراوەکان ناچێت، مرۆڤی کردووەتە جێنشینی خۆی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم زەوییە و بەدیهێنانی بەندەکانی پەیمانی جێنشینی لەسەر زەوی، هەر خوداش ڕێگاکانی هۆشیاری و کەرەستەکانی کرداری پێ بەخشیوە تا ئەو پەیامە بەدی بێنێت و ڕۆزیی ئیسلامی پێ بەخشیوە کە پەیامێکی نەمرە، ئەو میتۆدەی پێ دەدات لە ڕێگەی میانڕەوییەکی گشتگیرەوە ئینتیما و هاوسەنگی بەدی بێنێت لەگەڵ هەموو دیاردە و هێزەکانی گەردووندا، جیهادیشی لەسەر فەرز کردووە تا بوونی - کاریگەر (الوجود - الفاعل) ببەخشێتە ئەم میتۆدە و هێرش و گۆڕانکارییە نوێکانی زەمانە نەیفەوتێنێت، وەك بەسەر پەیامی ئوممەتەکانی پێش ئیسلامدا هاتووە، خودای گەورەش ڕاستی فەرمووە لەم ئایەتەدا: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ(٩)﴾ الحجر ٩. واتە: "ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە و بێگومان دەیشیپارێزین."

# سەرچاوەکان


**ـ القرآن الكريم.**

**ـ السنة النبوية:**

١ـ صحيح البخاري، دار الشعب، القاهرة.

٢ـ صحيح مسلم، القاهرة، ١٩٥٥م.

٣ـ سنن الترمذي، القاهرة، ١٩٥٥م.

٤ـ سنن النسائي، القاهرة، ١٩٦٤م.

٥ـ سنن ابي داود، القاهرة، ١٩٥٢م.

٦ـ سنن ابن ماجة، القاهرة، ١٩٧٢م.

٧ـ سنن الدارمي،القاهرة، ١٩٦٦م.

٨ـ مسند الأمام أحمد، القاهرة ١٣١٣هـ.

٩ـ الموطأ ـ للأمام مالك، دار الشعب، القاهرة.

**ـ معاجم القرآن والسنة:**

١ـ المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، محمد فؤاد عبدالباقي، دار الشعب، القاهرة.

٢ـ معجم ألفاظ القرآن الكريم، مجمع اللغة العربية، مصر، القاهرة، ١٩٧٠م.

٣ـ المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي الشريف، وينسنك (أ. ي) وآخرين، ليدن ١٩٣٦ـ١٩٦٩م.

٤ـ مفتاح كنوز السنة، وينسنك (أ. ي)، ترجمة: محمد فؤاد عبدالباقي، لاهور،١٣٩١ ، ١٩٧١م.

## ـ الكتب الأخرى:

١. أبن ابي الحديد: شرح نهج البلاغة، ابوالفضل ابراهيم، القاهرة، ١٩٥٩م.
٢. أبن الأثير: أسد الغابة في معرفة الصحابة، دار الشعب، القاهرة.
٣. أبن تيمية: منهاج السنة النبوية، القاهرة، ١٩٦٢م.
٤. الفتاوى الكبرى، القاهرة،١٩٦٥م.
٥. مجموعة الرسائل الكبرى، القاهرة،١٤٠٠هـ.
٦. أبن حزم الأندلسي: رسالة في الغناء والملهى، أمباح أم محظور؟ مطبوعة ضمن(رسائل
٧. ابن حزم)ج١، تحقيق: د. أحسان عباس، بيروت، ١٤٠١هـ ، ١٩٨٠م.
٨. أبن خلدون: المقدمة، القاهرة، ١٣٢٢هـ.
٩. أبن رشد(ابوالوليد): تهافت التهافت، القاهرة، ١٩٠٣م.
١٠. فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعة من الأتصال، دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة، القاهرة، ١٩٨٣م.
١١. أبن سعد: الطبقات الكبرى، دار التحرير، القاهرة.
١٢. ابن عبدالبر: الدرر في اختصار المغازي والسير، القاهرة، ١٩٦٦م.
١٣. ابن عساكر: تهذيب تاريخ ابن عساكر، دمشق.
١٤. أبن قتيبة: الأمامة والسياسة، القاهرة، ١٣٣١م.
١٥. ابن قيم الجوزية: اعلام الموقعين، بيروت، ١٩٧٣م.
١٦. ابن منظور: لسان العرب، دار المعارف، القاهرة.
١٧. أبو يوسف: كتاب الخراج، القاهرة، ١٣٥٢هـ.
١٨. أفرام البستاني(أشراف): دائرة المعارف، بيروت،١٩٥٦م.
١٩. الأفغاني (جمال الدين): الأعمال الكاملة، دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة، بيروت، ١٩٨١م.
٢٠. الأيجي (العضد)ـ والجرجاني: شرح المواقف، القاهرة، ١٣١١هـ.
٢١. البيهقي: مناقب الشافعي، تحقيق: السيد أحمد صقر، القاهرة ١٩٧١م.
٢٢. الجاحظ: كتاب الحيوان، تحقيق: الأستاذ عبدالسلام هارون، القاهرة.

٢٣. الجرجاني: التعريفات، القاهرة، ١٩٣٨م.
٢٤. جلال محمد عبدالحميد(دكتور): مناهج البحث العلمي عند العرب في مجال العلوم الطبيعية والكونية، بيروت، ١٩٧٢م.
٢٥. الجويني(أمام الحرمين): الأرشاد، القاهرة، ١٩٥٠م.
٢٦. الدهلوي أحمد بن عبدالرحيم الفاروقي: حجة الله البالغة، طبعة القاهرة، ١٣٥٢هـ.
٢٧. الزركلي(خير الدين): الأعلام، يروت ـ ط الثالثة.
٢٨. الشهرستاني: نهاية الأقدام في علم الكلام، تحقيق: الفريد جيوم، طبعة مصورة، بدون تاريخ ومكان الطبع.
٢٩. الطبري: تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، دار المعارف، القاهرة.
٣٠. الطهطاوي (رفاعة رافع): الاعمال الكاملة، دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة، بيروت، ١٩٧٧م.
٣١. الطوسي(ابو جعفر): تلخيص الشافي، تحقيق: السيد حسين بحر العلوم، النجف، ١٣٨٣ ـ ١٣٨٤هـ.
٣٢. عبدالجبار بن أحمد: تثبيت دلائل النبوة، تحقيق: د. عبدالكريم عثمان، بيروت، ١٩٦٦م.
٣٣. علي بن ابي طالب(الأمام): نهج البلاغة، جمع: الشريف الرضي، دار الشعب، القاهرة.
٣٤. عمر بن الخطاب (أمير المؤمنين): فتاوى وأقضية عمر بن الخطاب)، جمع وتحقيق: محمد عبدالعزيز الهلاوي، القاهرة، ١٩٨٥م.
٣٥. الغزالي (أبوحامد): تهافت الفلاسفة، القاهرة، ١٩٠٣م.
٣٦. الأقتصاد في الأعتقاد، القاهرة، صبيح ـ ضمن مجموعة ـ بدون تأريخ.
٣٧. فيصل التفرقة بين الأسلام والزندقة، القاهرة، ١٩٠٧م.
٣٨. المقصد الأسنى في شرح أسماء الله الحسنى، القاهرة، ١٩٦١م.
٣٩. احياء علوم الدين، دار الشعب، مصورة، القاهرة.
٤٠. فاتن فلوتن: السيادة العربية والشيعة والأسرائيليات في عهد بني أمية، ترجمة: د. حسن أبراهيم حسن، محمد زكي أبراهيم، القاهرة، ١٩٦٥م.
٤١. الفيروزآبادي: القاموس المحيط، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤٠٧هـ ـ١٩٨٧م.
٤٢. قاسم أمين(بك): الأعمال الكاملة، دراسة وتحقيق: د.محمد عمارة، طبعة الشروق، ١٩٨٩م.
٤٣. القاسم بن سلام(أبو عبيد): كتاب الأموال، القاهرة، دار الشروق، ١٣٥٢هـ ـ ١٩٨٩م.

٤٤. القاشاني: اصطلاحات الصوفية، تحقيق: د. محمد كمال جعفر، القاهرة، ١٩٨١م.
٤٥. القرافي (ابوالعباس أحمد بن أدريس): الاِحكام في التمييز بين الفتاوى والأحكام
٤٦. وتصرفات القاضي والأمام، تحقيق و دراسة: الشيخ عبدالفتاح ابو غدة، حلب، ١٩٦٧م.
٤٧. القرطبي: الجامع لأحكام القرآن، دار الكتب المصرية، القاهرة.
٤٨. الماوردي: ادب الدنيا والدين، تحقيق: مصطفى السقا، القاهرة، ١٩٧٣م.
٤٩. مجمع اللغة العربية ـ مصر ـ : المعجم الفلسفي، القاهرة، ١٩٧٩م.
٥٠. محمد حميد الحيدرآبادي(دكتور): مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة، القاهرة، ١٩٥٦م.
٥١. محمد عبدة (الأستاذ الأمام): الأعمال الكاملة، دراسة وتحقيق، د. محمد عمارة، بيروت، ١٩٧٢م.
٥٢. محمد عمارة: الاسلام والمستقبل،دار الشروق، ١٩٨٦م.
٥٣. والأسلام وفلسفة الحكم، دار الشروق، ١٩٨٩م.
٥٤. معركة الأسلام وأصول الحكم، القاهرة، ١٩٨٩م.
٥٥. الدولة الأسلامية بين العلمانية والسلطة الدينية، القاهرة، ١٩٨٩م.
٥٦. العلمانية ونهضتنا الحديثة، القاهرة، ١٩٨٧م.
٥٧. المعتزلة ومشكلة الحرية الأنسانية، دار الشروق، ١٩٨٨م.
٥٨. الغزو الفكري ـ وهم أم حقيقة؟، دار الشروق، ١٩٨٨م.
٥٩. المخزومي(محمد باشا): خاطرات جمال الدين الأفغاني، بيروت، ١٩٣١م.
٦٠. النسفي ابوالبركات عبدالله بن أحمد): تفسير النسفي ـ مدارك التنزيل وحقائق التأويل، القاهرة ١٣٤٤هـ.
٦١. النفري: المواقف والمخاطبات، تحقيق: آرثر اربري، تقديم: د. عبدالقادر محمود، طبعة القاهرة، ١٩٨٥.
٦٢. النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب المصرية، القاهرة.
٦٣. هيكل(محمد حسين ـ دكتور ـ باشا): الفاروق عمر، دار المعارف، القاهرة.
٦٤. يحيى بن آدم: الخراج، القاهرة، ١٣٧٤م.
٦٥. يوسف سركيس: معجم المطبوعات العربية والمعربة، القاهرة، ١٩٢٨م.